# مووسا
# شازادەی میسر

# مووسا
# شازادەی میسر

## هاوارد فاست

بەرگی یەکەم

وەرگێڕانی
**ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **مووسا شازادەی میسر**
- **نووسینی:** هاوارد فاست
- **وەرگێڕانی بۆ فارسی:** زەبیحوڵڵای مەنسووری
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی:** ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** عەبدولسەمەد رواندزی
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **چاپ:** یەکەم – بەرگی یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ١٠١٥
- **نرخی هەردوو بەرگ:** ٨٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٤٩)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێڕست


پێشەکی ..................... ٧
پووختەیەك لە ژیانی هاوارد فاست ..................... ٩
پەپڤێك بۆ چاپی كوردی ..................... ١٢
١. سەرەتای نەوجەوانی ..................... ١٥
٢. لای رامسیسی دووەم ..................... ٢٩
٣. لەسەر روانینگە ..................... ٤٧
٤. چوونە دەرەوە لە كۆشكی پاشایەتی ..................... ٦٣
٥. لەگەڵ سەرۆكی تەلارسازانی پاشایەتی ..................... ٧٨
٦. لە دوكانی سەرتاشیدا ..................... ١٠٩
٧. نهێنی لە دایكبوون ..................... ١٣٧
٨. رقی فیرعەون ..................... ١٧٣
٩. لە شاری تانیس ..................... ١٩٥
١٠. بازاڕی كۆیلە فرۆشان ..................... ٢٢٣
١١. بەرەو باشوور ..................... ٢٤٦
١٢. لە ماڵی پزیشكێكی گۆشەنشیندا ..................... ٢٨١
١٣. رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سوپای قەومی كۆش ..................... ٣٢٣
١٤. جەنگی گەورەی سوپای میسر ..................... ٣٤٥
١٥. لە رێگا ..................... ٣٧١
١٦. شاری زێڕین ..................... ٤١٢

## پێشەکی:

ناوی ئەسڵیی ((مووسا))، لە زمانی میسریدا ((موشێ)) بوو کە مانای دەقاو دەقی وشەکە دەبێتە ((منداڵی پێدراو)). عیبرییە کۆنەکانیش ناوی مووسایان هەر بە (موشێ) دەخوێندەوە و گۆ دەکرد و پاشان ئەم وشەیە بەشێوەی (مۆسس)ی لێهات و هەر بەو شێوەیەش هاتە ناو زمانی ئێمە (زمانی ئینگلیزی) وە.

خەتی کۆنی میسرییەکان، خەتی نیگارین (وێنەیی) بوو، ئەمڕۆ ژمارەیەك لە زانا میسرناسەکان، ئەم خەتە دەخوێننەوە و بەباشی پەی بەماناکانی دەبەن، بەڵام لە بارەی شێوەی گۆکردنی وشەکانەوە، گۆشە نیگای جیاوازیان هەیە. ئەمەش لەسەرینی ئەوە ڕایە کە هیچ کەسێك نازانێ ئاخۆ میسرییە کۆنەکان وشەکان چۆن چۆنی گۆکردووە.

حاڵی ئێمە، لەبەرامبەر خەتی نیگارینی کۆنی میسر، هەروەکو حاڵی ئەو کەسە وایە کە ئەمڕۆ دەیەوێ لەڕووی کتێبەوە فێری زمانی ئینگلیزی ببێ (بێ ئەوەی گوێی لە شێوەی گۆکردنی وشە ئینگلیزییەکان بێ). کەسێکی ئاوا لەوانەیە بتوانێ لەڕووی کتێبەوە بەباشی فێری زمانی ئینگلیزی ببێ و مانای هەموو وشەکان تێبگا، بەڵام ناتوانێ دەنگی وشەکان بەڕاست و دروستی گۆ بکا، چونکە شێوەی گۆکردنی دەنگەکان بەگوێی ئەو کەسە نائاشنایە.

زانایانی میسر ناسی ئێمەش دەتوانن خەتی نیگارینی کۆنی میسر بخوێننەوە، بەڵام نازانن تەرزی راستەقینەی گۆکردنی دەنگەکانی وشەکان چۆناوچۆنی بووە، هەر لەبەر ئەم هۆیە تەنانەت لەبارەی تەرزی گۆکردنی ناوی ناسراوترین پاشاکانی میسر جیاوازییان لە نێواندا هەیە. ئەگەر لەم بەسەرهاتەدا تووشی هێندێك ناوی میسری هاتی کە کەسانیتر، هەمان ئەو ناوانەیان بەجۆرێکی دیکە نووسیوە، ئەوە بزانە کەلە بێئاگایی نووسەرەوە نییە، بەڵکو لەوەڕایە هێندێك لە زانا میسرناسەکان، ئەم جۆرە گۆکردنەیان بۆ ئەم وشانە بە پەسەندتر زانیوە.

هەروەها ناونیشانی (فیرعەون) تا زەمانی (رامسیسی دووەم) مانای تا زەمانی موسس (مووسا) لە میسر بوونی نەبووە. میسرییەکان، پاشاکانی خۆیان بەدوو جۆر ناو دەهێنا: یەکەمیان ئەوە بوو کە ناوی (خوا) یان لە پێشەوەی ناوی تایبەتی پاشا دادەنا هەر بۆ نموونە



دەیانگوت (خوا رامسیس)، یان ناوی (خوا) یان دەخستە پێش ناوی گشتی پاشا و دەیانگوت (خوا پاشا).

ناونیشانی فیرعەون، پاش ئەوە هاتە ئارا کە رامسیسی دووەم تەلارێکی گەورەی بنیات نا و پاش رامسیسی دووەم بوو بە ناونیشانی پاشاکانی میسر. فیرعەون لە زمانی میسریدا مانای ((ماڵی گەورە)) دەگەیەنێ، سەرەڕای ئەوە کە تا زەمانی رامسیسی دووەم، ناونیشانی فیرعەونیان لە پاشاکان نەدەنا، ئێمە بۆ ئەوەی کە خوێنەران نا ڕەحەتی نەبینن، ناونیشانی پاشای میسر، هەر بەفیرعەون دادەنێین.

خاڵی سێیەم ئەوەیە کە لەم بەسەرهاتەدا وەرزەکان و مانگەکان، هەروەکو وەرزەکان و مانگەکانی ئەمڕۆی میللەتانی ئەمریکا و ئەوروپا ناویان هاتووە تا خوێنەر ناڕەحەتی نە چێژێ. ئەوانەی کە لەمێژوو شارەزان دەزانن کەلە میسری کۆن لەسێ وەرز زیاتر نەبووە و ئەوان حسابی رۆژەکانیان بەجۆرێکی دیکە رادەگرت.

## پووختەیەک لە ژیانی هاوارد فاست

هاوارد ملڤین فاست[1] لـە ١١ی نۆڤەمبـەری ١٩١٤ لـە شـاری نیویـورك چـاوی بـە ژیـان هەلێناوە.

هاوارد لە خێزانێکی کرێکاری و کەم دەرامەت بوو. دایکی، ئادانی، کۆچیارێکی ئینگلیزی و باوکیشی، بارنی هاوارد، لە رەچەڵەکێکی ئوکراینی بوو کـە بـۆ کـار و بـە بەدەسـت هێنـانی ژیانێکی باشتر بۆ ئەمریکا کۆچی کردبوو و لەوێ لەگەڵ ئادانی ئاشنایەتی پەیـدادەکا و پاشـان زەماوەند دەکەن. ئەم دووانە لە شـەو رۆژێکـدا دوازدە کاتـژمێر لـە کارگەیـەکی دروسـتکردنی کاغەزدا کار دەکەن تابتوانن خەرجییەکانی خانوو، خۆراك و پۆشـاکی خێزانەکـەیان بـە دەسـت بێنن.

ئەم ژن و پیاوە سێ کوڕیان هەبوو کە جولیوس، جروم و هـاوراد بـوون. بەهاتنـەدنیای ئـەم سێ مندالە ژیـانی خێزانەکـە بەڕادەیـەك گـرانتر و پـڕ ئـەرك تـر دەبـێ کـە دایکیـان لـە تـینی شەکەتی، ماندوویی زۆر و بەد خۆراکیی، لە جێگادا دەکەوێ. ساڵی **١٩٢٣**، کـە لـەو دەمـەدا هاوارد تەمەنی نۆ ساڵان دەبێ، ماڵئاوایی لە ژیان دەکا و خێزانەکەی بەجێ دەهێڵێ.بە مردنـی ئادانی، چاودێریی کوڕەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی باوکیان. هەربەم هۆیەوە نەیدەتوانی لە ساتی خۆیدا بچێتە سەرکارەکەی و جاری واهـەبوو لـە ئـەنجامی شـەکەتبوونی زۆر لـە پـشت دەزگـای کاغەز دروستکردنەوە خەو دەیبردەوە.

لە ئەنجامـدا خاوەنکـار، بـارنی، بـە نائومێدییـەوە بـە شـەقامەکانی نیوریـوك دا بێهـوودە پیاسەی دەکرد، ئەو کـارێکی دەسـت نەکـەوت. دواجـار ناچـار بـوو کـوڕە بـچووکەکەی خـۆی، جولیوس، بباتە ماڵی یەکێك لە خزمە نزیکەکانی کە منالّیان نـە دەبـوو، تـاکو خەرجییـەکانی ژیانی یەکێك لە منداڵەکانی لەسـەر شـانی سـووك بـبێ. ئینجـا هـاوادری تەمـەن نـۆ سـاڵە و براگەورکەی کە تەمەنی یازدە ساڵ بوو، بۆ بە دەست هێنانی داهاتێك بەکاری رۆژنامـەفرۆشی و پێڵاو بۆیاغ کردنەوە سەرقاڵ بوون.

ئەم دووبرایە رۆژانە لە شەقام و کوچە و کۆڵانەکان کاریان دەکرد و شەوانەش دەیانخوێند. هەردووکیشیان کتێبی ماڵە دراوسێیەکەیان وەردەگرت و دەرسیان تێیدا دەخوێند.

---

1- I. Howrd Melvin fast



هاوارد، هەرلەتەمەنی منداڵییەوە هۆگریی بە نووسینەوە هەبوو. رۆژنامە کۆنەکانی بۆخۆی هەڵدەگرت و شەوانە لە تاریکیدا دەیخوێندەوە.

هاوارد، لە کتێبخانەی گشتی نیوریۆرك بـە ناونیـشانی خزمـەتگوزار بـە جـۆرێکی کـاتیی کاری دەست دەکەوێ. هاوارد لەوێ بەسەر پاك کردنـەوە و سڕینەوەی کتێبـەکان رادەگەیـشت. لەو دەرفەتـەدا هـاوارد کـەڵکی لەهـەر سـاتەوەختێکی بێکـاری خـۆی وەردەگـرت و کتێبێکـی هەڵدەگرت و لە گۆشەیەکدا دادەنیشت و سەرقاڵی خوێندنەوەی دەبوو.

هاوارد، هێشتا تەمەنی دوازدەسـاڵان بـوو کـە کورتـە داسـتانی (هێڵـی ئاسـن)ی نووسـی، گەرچی ئەو داستانە شیاوی چاپ نەبوو بەڵام هەر ئەو داستانە چاوەکانی هاواردی بـۆ نووسـینی رۆمان کردەوە.

یەکەمین رۆمانی درێژی خۆی بەناوی (دووشیو) لە مەنی هەژدەساڵیدا نووسی و لە رێگـەی یەکێك لە دۆستەکانی خۆیەوە کە لە کتێبخانەدا ئانایەتی لەگەڵ دا پەیداکردبوو، بڵاوکردەوە.

هاوارد فاست لە جیاتی درێژەدان بە خوێندن سەودای سەفەری دەریاکان کەوتە سەری، بەڵام بـەهۆی کـەم تەمەنییـەوە لـە هێـزی دەریـایی قبولّیـان نـەکرد. بـەڵام ئـەو دەسـتبەرداری ئـەم ئارەزووەی نەبوو و بەکەشتییەکی بچووکەوە لە چەندین شاری کـەنار دەریـای ئـەمریکا دەسـتی بەگەڕان و گەشت کرد. هاوارد بۆ دابین کردنی خەرجی سەفەرەکانی دەچووە هەر شارێك دەستی بەکارکردن دەکرد، هەر لەکاری داربڕینەوەوە بیگرە تا دەگاتە خزمەتگوزار لـە فەرمانگـەکان و دەزگاکان دا کاری دەکرد. ماوەیەکیش لـە فەرهەنگـستانی میللـی کـاری نەخـشەسازیی دەکـا تاکو خەرجیی خۆی و پارەیەکیش بۆ باوکی پاشەکەوت بکا.

هاوارد فاست ماوەیەکیش لە رادیۆی ئەمریکا کاری نووسەریی دەکرد. لـە سـاڵی **١٩٤٥**دا بوو بەهەواڵنێری گۆڤاری (کورونت) و (ئسکوایر) لە ئەوروپا و رۆژهەڵاتی دوور.

ئەو بەهۆی ئەو بیروباوەڕانەی خۆیـەوە و لەسـەرینی ئـەوەوە کـە بەربـەرەکانیی کۆنگریـسی ئەمریکای دەکرد لە ساڵی ١٩٥٠ کەوتە گرتووخانەوە. هاوارد لە درێژەی ئەوماوەیـەدا کـە لـە گرتووخانـە بـوو، ناسـراوترینی کتـێبی ژیـانی خـۆی بـەناوی (سـپارتاکۆس) نووسـی. رۆمـانی سپارتاکۆس لە پاشاندا بووە شاکارێکی گەورەی هونەری سینەمایی جیهانی.

بۆ هەڵبژاردنی کۆنگریس.

دوای ئازاد بوونی لـە گرتووخانـە، لـە سـاڵی **١٩٥٢** بـوو بـە کاندیـدی حیزبـی کرێکـار لـە نیوریورك.

هاوارد، یەکێك بوو لە پشتیوانانی جوولانەوەی ئاشتی جیهانی و لەم ڕێگایەدا کۆششێکی زۆری خستەکار و توانیی ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی بالای ئەو جوولانەوەیە. ئەم نووسەرە بەناوبانگە لەگەڵ پۆل روبسون، تاکە کەسێکی ئەمریکایی بوو کە لە ساڵی ١٩٥٣خەڵاتی ئاشتیی جیهانیی ستالینی وەرگرت.

ساڵی ١٩٤٧ لە زانکۆی ئیندیانا دەرسی دەگوتەوە.

هاوارد فاست لە داستان و ڕۆمانەکانیدا هەوڵیدەدا قارەمانانی شۆڕشگێر و کە سانێك کە لە پێناوی ئازادی و بەختیاریی مرۆڤ و سەربەزریی نیشتیمانەکەیان فیداکارییان کردووە، بخولقێنێ. ئەو، باوەڕی وابوو کە بە داستانی کردنی بیوگرافیی کە سێك هەر تەنیا نابێتە هۆکاری باشتر ناسینی خاوەنەکەی بەڵکو، کار، قارەمانیی، گیانبازیی و ئامانجەکانی کە بە خەیاڵیی نووسەر رازاونەتەوە، دەبێتە سەرمەشقی کەسانیتر بە تایبەتی لاوان. نووسەر پتر لە ٨٠ ڕۆمانی مێژوویی، دراما و بیوگرافیی نووسیوە. زۆربەی نووسینەکانی کراون بە فلیمی سینەمایی و نووسینەکانی هاوارد فاست بە زۆری ئیلهامیان لە مێژوو و ژیانی خەڵکی ئەمریکا بە تایبەتی لە سەردەمی شۆڕش و جەنگەکانی سەربەخۆیی وەرگرتووە. نووسینەکانی هاوارد، لە سۆنگایی ئەوەی کە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و ڕەوانیان هەیە، خۆشەویستییەکی زۆریان لەلای خوێنەران هەیە.

هاوارد فاست لە ١٢ی مارتی ساڵی ٢٠٠٣ لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان دەکا.

لە ڕیزی شاکارەکانی هاوارد فاست دەکرێ ئاماژە بۆ ئەم ناونیشانانەی خوارەوە بکەین:

دووشیو ١٩٣٣، دوێنێی بێگانە ١٩٣٤، دووایین سنوور ١٩٤١، نەبەز ١٩٤٢، هاووڵاتی تام بین ١٩٤٣، ڕێگای ئازادی ١٩٤٤، پاتریك هاری ١٩٤٥، سپارتاکۆس ١٩٥١، خواوەندی پەریان ١٩٥٧، مووسا ١٩٥٨، چیرۆکی ونیستون ١٩٥٩، سێدەی نیسان ١٩٦١، کچی ئاگریا ١٩٦٤، پەڕینەوە لە دووکەڵ ١٩٧١، کۆچیاران ١٩٧٧، نەوەی دووەم ١٩٧٨.

ئامادەکردنی وەرگێڕ

سەرچاوە: ئەنتەرنێت

## پەیڤێک بۆ چاپی کوردی

خوێنەری بەڕێز: کاری وەرگێڕان پردێکی رۆشنبیرییە، بەڵام چۆن پردێك، پردێکی گیانلەبەر کە بە شێوەیەکی زیندوو پەیامی ئەوبەر بگوازێتەوە بۆ ئەمبەر، مانای ئەوەی لای ئەوانە بهێنێتەلای خۆمان. کاری وەرگێڕیش بریتییە لە کردارێکی دووانەیی زانستی و هونەری .... بەهرەمەند بوون لە زانست بە هەموو ئەو ماناو بەڵگانەوە کە پەیوەندییان بە وەرگێڕان، زمان و بابەتی هەڵبژێردرا و بۆ وەرگێڕانەکە هەیە، هونەریش لە چۆنیەتی گەیاندن و خۆماڵی کردنی بابەتەکە بە جۆرێك، کە لەگەڵ تێگەیشتن و سەلیقەی گشتی بێتەوە و شیاوی پەسندکردنی هەمووان بێت.

بابەتی هەڵبژێردراویش بۆ وەرگێڕان، زۆرجار مایەی نانەوەی گوت و بێژە لە نێوخوێنەراندا. رەنگە زۆرجار هێندێك لەو رایانە کۆدەنگییەکی لە سەر بێ و هێندێك جاریش لەوانەیە حاڵەکە بە جۆرێکی دیکە بێ. ئەوەی گرنگ بێت تەئکیدی لێ بکەمەوە ئەرکی وەرگێڕ و ئەو پەیامەیە کە لە ناوەڕۆکی کاری وەرگێڕانەوە هەڵدەقوڵێ. هێندێك جار وەرگێڕ بابەتێك هەڵدەبژێرێ کە بە تەواوی لەگەڵ قەناعەتی هزری خۆیدا دێتەوە، جاری واش بە پێچەوانەوە ناچێتە خانەی قەناعەتی هزرییەوە و وەرگێڕ تەنیا وەك پێداویستییەك بۆ کایەی کولتووریی کوردی چاوی لێدەکا، یان لەوانەیە بابەتی هەڵبژێردراو لەکایەی خۆیدا شاکارێکی گەورەی جیهانیی هزری مرۆڤ بێ و بۆ زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی جیهان وەرگێڕدرابێ.

کاری وەرگێڕان لەم قوناغەی ئێستاماندا، تا ئەوپەڕی پێویستییەقی خۆیەتی کە پێویستە پانتاییەکی گەورە لەکایەی کولتووریی کوردیماندا بگرێ.

نەتەوەکەمان، لەم بەشەی باشووردا، چەندساڵێکی کەمە خوێنی جەستەی خۆی سڕیوەتەوە، بەڵام هێشتا شوێنەوار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو پژانە دوورودرێژە لەسەر روح و هزر و یادەوەرییەکانی هەرماوە. ئێستا لە قۆناغێکداین کە تازەبەتازە دوای سەدەیەك لە تراژیدیاکانی شەڕی گشتگیری تواندنەوە و ململانێی مانەوە، لە تەقەللای ئەوەداین، ناسنامەی خود — یّتی خۆمان جێگیر بکەن. ئەمە پرۆسەیەکە پێویستی بە بەرنامەیەکی جیدی و بەرفراوانی بنیاتنانی کولتووریی ئینتیما بۆ ناسنامە هەیە. قۆناغی ئێستا پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کولتووریی گشتگیر هەیە بۆ بنیاتنانی تاکی نەتەوەیی. ئەم شۆڕشە



کولتوورییە تەنیا بە قسەی رووت و نووسینی بەدەر لەهزری بنیاتنەر ناکرێ. ئەمە پرۆسەیەکی فرەکایەی دووبارە بێدارکردنەوەی هەستەکان، بیرەوەرییە ژیوارییەکانی نەتەوە و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییە لای تاکی کورد.

خوێنەری ئازیز:

ئەم کتێبەش کە ئێستا لەبەردەستت دایە، بریتییە لە دووبەرگ؛ وەرگێڕدراوی فارسی کتێبی ((فرزند نیل)ی وەرگێڕی ناسراوی ئێرانی زبیحوڵڵای مەنسورییە. ناونیشانی کتێبەکە بەزمانی ئینگلیزی (مووسا شازادەی میسر) نووسینی رۆمان نووسی گەورەی ئەمریکی هاوارد فاستە.

ئەم کتێبە رۆمانێکی مێژوویی ژیانی مووسایە بەر لەوەی بگاتە قۆناغی پێغەمبەرایەتی.

بەلێڕوانینی من ئەرکی وەرگێڕ ئەوەنییە پێشەکییەك لەبارەی وردودرشتی ناوەڕۆکی کتێبەکە پێشکەش بە خوێنەر بکا و رای خۆی پێش خوێنەربخا. من لەلای خۆمەوە بەناهەقیی دادەنێم ئەگەر خوێنەر وای لێك بداتەوە کەوەرگێڕ ویستوویەتی دەستی خوێنەر بگرێ بۆ ناو بابەتەکە و بەو جۆرەی کە وەرگێڕ مەبەستییەتی کاری هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمەکە بکا. کاری وەرگێڕ پێشکەشکردنی بەرهەمە، نەك داوەریی کردن.

هەربۆیە بەوەندە کۆتایی بەم پێشەکییە کورتە دێنم کە بڵێم:

(ئەو مەبەستەی هانی دام ئەم دوو بەرگە بکەمە کوردی، لەوەدا چڕبۆتەوە کە پێیم وایە ئەمە داستانی یەکەمین مرۆڤێکی نەمرە کە هیچ دەسەڵاتێکی دنیایی، ئینجا موڵك و سامانی بێبڕانەوە، چێژەکانی دەسەڵات و پاشایەتی، نەیانتوانیی هەستەکانی ئینتیما بۆ هاونەژادانی خۆی تێداخامۆش بکەنەوە).

بە هەقیقەت شاکارێکی مێژوویی مەزنی هەستی مرۆڤە لە ئینتیما بۆ ناسنامەی نەژادیی خۆی.

ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل

## -١-

## سەرەتای نەوجەوانی

رۆژێك کە مووسا تەمەنی بوو بە دە ساڵان، لە رۆژی دە ساڵەی ئەودا، فیرعەونی میسر، ناسراو بە ((رامسیسی دووەم)) داوای ئامادەبوونی ئەو منداڵەی کرد.

مووسا کوڕێکی جوان بوو، قژێکی رەشی هەبوو، و لەپێشەوەڕا، واتە بەسەر نێو چاوانییەوە قژیان کورت کرد بۆوە، بەڵام بە هەر دوو لای سەریدا قژی دەگەیشتە سەر هەردوو شانی و لە پاشەوەڕا دەکەوتە سەر پشتی.

هەر کەسێك ئەو کوڕەی دەدی تێدەگەیشت کە ئەو مەزن زادەیە و لە بنەماڵەی پاشایەتییە، چونکە رێك رادەوەستا و سەری بەرز رادەگرت و پەروەردەکاران، شازادەکانی میسریان وا فێر دەکرد کە دەبێ راست رابووەستن و سەریان رێك و بەرز رابگرن.

تەنیا شتێکی کە مووسای لە میسریانی نیلی باشوور جیا دەکردەوە ئەوە بوو کە لووتێکی گەورەی هەبوو، و لووتی ئەو بە لووتی میسریانی نیلی سەروو دەچوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی مووسا لە دە ساڵ تێپەڕی نەدەکرد، هەر کەسێك کە ئەوی دەدی دەیگوت ئەو نەوجەوانێکی تەمەن سێزدە ساڵ یا رەنگە چواردە ساڵە بێ و لە هەمان رۆژی لە دایکبوونی ئەو کوڕەدا کاتێك کە فیرعەونی میسر چاوی پێکەوت، پێی گوت مووسا، دەبینم کە گەورە بووی، پاشان لە خۆی نزیك خستەوە و دەستی بە سەریدا هێناو قژە رەشەکەی لاواندەوە و گوتی: دایکت غەمبارە، بڕۆ بۆ لای بابتبینێ و بە بینینی ئەو گەورە بوونەی تۆوە دڵشاد ببێ.

دایکی مووسا هاوسەری رامسیسی دووەمی، فیرعەونی میسر بوو، لەبەر ئەوە فیرعەون بە باوکی ئەو کوڕە دادەنرا.

دایکی مووسا لە هەمان رۆژدا کە کوڕەکەی چووە لای فیرعەون، تا بە بۆنەی تەمەنی دە ساڵەی خۆیەوە بکەوێتە ژێر خۆشەویستی وییەوە، پزیشکی خۆی کە بە ناوی (ستی)یەوە دەناسرا، بانگ کردە لای خۆی.



ماوەیەك پێش ئەو مێژووە، دایکی مووسا، هاوسەری فیرعەونی میسر، هەر سێ رۆژ جارێك و هەندێك جار هەردوو رۆژ جارێك، پزیشکی خۆی داوا دەکرد. ئامادەبوونی پزیشك بە رواڵەت بە هۆی سەریەشە یا ئازاری قاچ یا ژانی گەدە بوو. بەڵام ستی، پزیشکی هاوسەری فیرعەون، پێش ئەوەی بچێتە ناو ماڵی ئەو ژنەوە، دەیزانی کە ئازاری ئەو خانمە شتێکی دیکەیە.

هەر کە دایکی مووسا، چاوی بە پزیشك کەوت، زمانی سەر کۆنە کردنی لێکردەوە و گوتی: تۆ بۆ لە من غافڵی و بە هۆی چییەوە هەڵناستی بە چارەسەرکردنی من؟

پزیشك گوتی: من چ غافڵ بوونێکم هەیە؟

شازادەخانم گوتی: ئاخر تۆ پزیشکی و دەبێ چارەسەری  من بکەی!

ستی گوتی: پێم بڵێ شاژن چ جێیەکی ئازاری هەیە تا من چارەسەری بکەم؟

هاوسەری فیرعەون گوتی: چ ئازارێك هەیە لەوە خراپتر کە من هەموو رۆژێك لە رۆژی پێشوو پیرتر دەبم و دەورو پشتی دەم و چاوم لۆچ دەبن و چاوەکانم لە رۆژی پێشوو زیاتر بە قووڵدا دەچن، ئەگەر تۆ پزیشکی، دەبێ چارەسەری من بکەی و نەهێڵی نەخۆشی و دەردی پیری بەو خێراییە من لە بەین بەرێ، لە حاڵێکدا  کە تەمەنم لە سی و پێنج یا سی و شەش ساڵ تێناپەڕێ.

دایکی مووسا خۆی لەوە بە گەنج تر پیشان دەدا کە هەبوو، و ئەو لەو کاتە دا چل و دوو ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕی و دەیزانی کە فیرعەونی میسر یەك ساڵ لەو گەورەترە.

ستی، پزیشکی شاژنی میسر، پیاوێکی کورتە باڵاو قەڵەو و قاچی چەماوە بوون و هەر کەسێك کە کە چاوی پێدەکەوت دەیزانی کە لە رەچەڵەکێکی لادێییانەیە.

ستی کە ناوەکەی لەگەڵ رەچەڵەکیدا رێك نەدەهاتەوە (چونکە ستی لە میسری کۆندا ناوێکی گەورە بوو لادێییەکان ئەم ناوەیان لە خۆیان نەدەنا) نە دەبووایە پزیشك بووایە، چونکە لادێییان لە میسر، داراییان نەبوو تابخوێنن و بە پلەی پزیشکی بگەن. هۆکاری ئەوەی کە ستی توانی بخوێنێ و ببێتە پزیشك ئەوە بوو  کە یەکێك لە کاهینەکانی میسر خوازیاری دایکی ئەو بوو. ئەو ژنە لە کاهینی ناوبراو سکی پڕبوو و پاشان کە منداڵەکەی بوو، ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

تەرمی دایکی ستی بێ ئەوەی کە مۆمیا بکرێ لە گۆڕدا نێژرا. بەڵام ئەو کاهینە کە منداڵی لەو ژنە پەیدا ببوو، ئامادە بوو کە منداڵەکە بە دایەنێك بسپێرێ و پاش ئەوە کە منداڵەکە گەورەبوو، ناردییە قوتابخانە و ئیدی ستی خوێندنی تەواو کرد.

ستی لەبەر ئەوەی کە زانستی پزیشکی خوێندبوو دەیزانی تەواوی تاکەکانی مرۆڤ، جا فیرعەون بن یا هاوسەری فیرعەون، یا هەژارێك بن کە پاش مردنیان بێ مۆمیا کردن دەنێژرێن، هەر دەمرن. ستی، وەك پزیشکەکان، ئەو ژن و پیاوانەی کە بۆ چارەسەر سەردانیان دەکرد بە شێوەی مردوو دەبینی، بەڵام هەرگیز ئەو واقیعییەتەی بەوان نەدەگوت و لە کاتی قسە کردن لەگەڵ نەخۆشان باسی لە درەوشانەوەی چاو و روخساری ئەوان دەکرد و ئەوانی دڵگەرم دەکرد.

لەو رۆژەشدا، پاش ئەوە کە گوێی لە ئاخاوتنی هاوسەری فیرعەون بوو گوتی: ئەی ئیلاهە، من ئەمرۆ لە هەموو کاتێك زیاتر تۆ بە گەنج دەبینم و کەسانیتر رۆژ بە رۆژ پیرتر دەبن بەڵام تۆ، رۆژ بە رۆژ گەنج تر دەبییەوە و بەوپێیە کە تۆ بەرەو گەنجی دەڕۆی من یەقینم کە هەرگیز پیری و تێکشکان بە لای تۆدا نایە.

هاوسەری فیرعەون گوتی: ئەی ستی، پزیشکانیش، هەر وەکو ئەوانەی کە ددانی نەخۆشان دەکێشن درۆزنن.!

کەسانێك کە ددان دەکێشن دەڵێن کە بە شێوەیەك ددانی نەخۆش دەکێشین کە ئەو کەسە هەست ناکا چ کاتێك ددانەکەی لە پووکی هاتۆتە دەرێ، و پزیشکانیش هەر ئاوا سەرەڕای ئەوە کە دەبینن نەخۆش رۆژ لە دوای رۆژ لاوازتر و بێ توانا تر دەبێ، دەڵێن کە هەر رۆژ ئەو بە قەڵەوتر و بە هێزتر لە رۆژی پێشوو دەبینن، ئایا تۆ منت بە منداڵێك وێنا کردووە تا وا گومان بکەی من فریوی قسەکانی تۆ دەخۆم؟

ئەم ئاوێنەیە کە لە پەنای منەو من هەر رۆژێك کە لە دەجار زیاتر خۆم لەم ئاوێنەیەدا سەیر دەکەم، حاڵیم دەکا کە من، هەموو رۆژێك لە رۆژی پێشوتر، پیرتر دەبم و تۆش بەمن دەڵێی کە بەرەو گەنجی دەڕۆم و ئەوەندە بێ دیقەتی کە لە بارەی لاوی هەتا هەتایی و خەسڵەتەکانییەوە قسەم بۆ دەکەی لە حاڵێکدا کە خۆت دەزانی هەرچی بەسەر زمانت داهات درۆیە.

ستی گوتی: ئەی ئیلاهە، ئەگەر من لە رووی بێ ئاگاییەوە بێ ئەدەبیم کردووە لێم ببوورە، چونکە بە راستی من مەرامێکی ئاوام نەبوو.

هاوسەری فیرعەون گوتی: ئەگەر دەتەوێ لە بێ ئەدەبی تۆ ببوورم ئەو چرچی و لۆچانەی روخسارم لابەرەو دەرمانێکم بدەیە روخسارم کە ئێستا رەش داگەڕاوە، وەك سەردەمانێك کە پازدە ساڵە بووم ساف و درەوشاوە بێتەوە.



ستی گوتی: رەش هەڵگەڕانی روخساری ئیلاهە، هی زەرداو و سەفرایە و تۆ دەبێ شل کەرەوە بخۆی تا ئەو زەرداو و سەفرایە لە بەین بچێ و پێش خواردنی شلکەرەوە مانای هەر لە ئێستاوە، و پاش ئەویش، دەبێ ترێ بخۆی و ترێ بۆ گەشانەوەی روخسار باشترین دەرمانە.

هاوسەری فیرعەون پرسی: تۆ بۆ لەبەین بردنی چرچی و لۆچەکانی روخسارم چ دەرمانێکم دەدەیەی؟

پزیشك دەیزانی هاوسەری فیرعەون، بۆ ئەوەی کە بتوانێ لۆچەکانی سەر روخساری لە بەین ببا جۆرەها گیراوە و دەرمان بە نرخی مفت دەکڕێ بێ ئەوەی کە ئەنجامێکی لێ وەگیر بکەوێ.

پزیشکی ئیلاهە دەیزانی کە لۆچەکانی سەر روخساری ئەو ژنە لە بەین ناچێ، لەبەر ئەوەی کە لە ئاکامی بەساڵداچوونی تەمەنییەوەیەو هەر چەندە بۆ لە بەین بردنیان زەحمەت بکێشێ، ئەنجامێکی بەدەست ناکەوێ، بەڵام نەیدەتوانی ئەو قسەیە بەژنی فیرعەون بڵێ، چونکە ئەگەر بەوی بگوتبایە کە زەحمەتەکانی تۆ بۆ لە بەین بردنی ئەو لۆچانەی سەر روخسار بێ ئەنجام دەمێنێتەوە، کاری خۆی لای ئەو خانمە، مانای باشترین نەخۆشی خۆی لە دەس دەدا. ستی کە لە گژبیرانەوە راچوو بوو دەیویست کارێك بکا پێگەو متمانەی خۆی لای فیرعەون لە دەس نەداو لە دڵی خۆیدا گوتی: مادام ئیلاهە گیراوەو هەتوانی خەڵکانی دیکە بە نرخی مفت دەکڕێ بۆچی خۆم گیراوەو هەتوانی بۆ ئامادە نەکەم و سودی لێ وەرنەگرم؟ هەر بۆیە گوتی: بۆ لە بەین بردنی لۆچەکانی سەر روخساری ئیلاهە من هەتوانێکی تایبەتی ئامادە دەکەم و دەیهێنم.

هاوسەری فیرعەون پرسی: چ کاتێك هەتوانەکە دەهێنی؟

ستی وەڵامیدایەوە: هەر ئێستا بۆ هێنانی هەتوانەکە دەڕۆم تا دەرمانەکانی ئامادە دەکەم و دەیانکەم بە گیراوەو سبەینێ ئەم وەختانە دەیهێنم و هەموو شەوێك، کاتی خەوتن دەبێ بەو هەتوانە روخساری خۆت چەوربکەی و بەیانیان دوای ئەوەی لە خەو هەڵدەستی روخسارت پاك دەکەیتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا لۆچەکانی روخسارت لەبەین دەچن.

لەبەر ئەوەی ئیدی ستی کارێکی نەبوو، ئەوی مەرەخەس کردو ئەو پیاوە کورتە باڵاو قەڵەوە رۆیشت و خانم بە خزمەتچیانی گوت تا ئەوکاتەی دەرمانی شل کەرەوە ئامادە دەبێ ترێی بۆ بێنن تا بیخوا.

لە حاڵێکدا کە شاژنی میسر خەریکی ترێ خواردن بوو، مووسا چووە لای دایکی و کاتێك هاوسەری فیرعەون چاوی بەو کوڕە کەوت، بەخۆی گوت: کوڕەکەم چەند گەورە بووە. پاشان زمانی سکاڵای کردەوە و گوتی: مووسا بۆچی منت لە چاوەڕوانیدا راگرت و بۆ نەهاتییە لای

من، مەگەر تۆ نەتدەزانی دایکت نەخۆشە؟ کوڕەکانی دیکە، ئەگەر بزانن دایکیان نەخۆشە ساتێك لە دایکیان جیا نابنەوە، بەڵام تۆ نایە لای من و وەك ئەوەی تۆ منت لە بیر چۆتەوە.

مووسا، ئەو ڕۆژە ماوەیەك بە نێو باخەکانی پاشایەتیدا گەڕابوو، نەچووبووە لای دایکی، بەڵام دەیزانی چۆن قسە بکا تا ڕقی دایکی ئارام بکاتەوە و گوتی: ئەی دایکە من هەر بۆ ئەوەی بێمە لای تۆ کەوتمە ڕێ و داوات لێ دەکەم لێم تووڕە مەبەو هەر وەکو پێشان منت خۆش بووێ و ئەگەر  دواکەوتم بە هۆی ئەوە بوو کە تۆ دەتەوێ من ببینی و هەر کە زانیم بۆ لای تۆ هاتم.

ئاخاوتنی نەرم و نیانی مووسا، تووڕەیی دایکی هێور کردەوە، دایکی مووسا گوتی: من لێت توڕە نەبووم و تەنیا تاوێك لێت ڕەنجام و مرۆڤ کاتێك کە نەخۆش دەکەوێ دڵی ناسك دەبێ و تۆ کە لە تافی لاوی دای ناتوانی تێبگەی دایکی نەخۆش و پیرو ناشیرینی تۆ لە چ حاڵێك دایە.

مووسا گوتی: تۆ پیرنی بەڵکو گەنجی، ناشیرین نی بەڵکو جوانی  و من ژنێك نابینم لە تۆ جوان تر.

کوڕی دە ساڵە ئەوەی دەیگوت دروست لەگەڵ باوەڕی ویدا یەکبوو، چونکە هەر منداڵێکی بچووك تا ئەو زەمانەی  لە قۆناغی منداڵیدایە، دایکی خۆی لە هەموو ژنانی تر بە جوانتر دەبینێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە قسەکەی مووسا منداڵانە بوو و ئەو کوڕە، ئیلهامی لە گیانی منداڵیی خۆیەوە وەردەگرت، بەڵام دایکی دڵشاد کرد و پێی گوت: وەرە پێشەوەو ماچم بکە تا منیش تۆ ماچ بکەم. بەڵام مووسا شەرمی کرد بچێتە پێشەوە و دایکی ماچ بکا. لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەمین جار نیشانی دا کە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا دادەنێ.

دایکی لە دڕدۆنگیی ئەم کوڕە ڕقی هەستا و گوتی:

بۆچی نایە پێشەوەو ماچم بکەی؟ ئەی من دایکی تۆ نیم؟

مووسا لە ترسان بەرەو دایکی چوو و ماچی کرد و دایکیشی کە ناوی ((ئەنخاس ئاموون)) بوو ماچێکی لە روخساری ئەو کوڕە کرد.

هۆکاری ئەوەی کە مووسا بەترسەوە چووە لای دایکی و ماچی کرد، ئەوە بوو کە ئەو لە دانیشتوانی ئەوێی بیستبوو کە ئەو کوڕی ڕامسیسی دووەم نییە و شازادەخانمێکی کە ئەو بە کوڕی خۆی دەزانێ دایکی ئەو نییە، ڕامسیسی دووەم، پاشای میسر، بە ژنێك و دوو ژن وازی نەهێنا بوو و ئەو ژنی زۆری هێنابوون و لە هەموو ژنە کانیش منداڵی پەیدا بوو بوو.



میسرییەکان دەیانگوت وەك چۆن لە شارە مۆرانەیەکدا هەموو مۆرانەکان لە وەچەی یەك مۆرانە مێیەن، ڕامسیسی دووەمیش دەیەوێ نەوەی ئایندەی وڵاتی میسر لە کوڕەکانی خۆی بن.

ڕامسیسی دووەم لە کۆشکی پاشایەتیدا ئەوەندەی کوڕ هەبوون کە نە ناوەکانی دەزانین و نە دەیتوانی قەڵافەتی  ئەوانی لە بیر بمێنێ، و بە جۆرێکی پەیتا پەیتاش ژمارەی کوڕەکانی زیاد دەبوون.

هەموو کوڕان و کچانی کە لە نێو کۆشکی پاشایەتیدا دەژیان بە ڕواڵەت خووشك و برای مووسا بوون، بەڵام مووسا ئەوانی بە خووشك و برای خۆی نەدەزانی.

پاش ئەوەی کە دایکی مووسا کوڕەکەی خۆی ماچ کرد، چەند بۆڵە ترێیەکی لە ناو زاری هاویشت و جوونی و ئاوی ترێیەکانی قووت داو توێکڵ و دەنکەکانیشی دەرهێنا و خستنییە ناو قاپێکەوە کە لە پەنا خۆی بوو و گوتی: ئایا ئەمڕۆ فیرعەون هیچی بە تۆ گوت؟

مووسا گوتی: ئەمرۆ کاتێك کە چوومە لای فیرعەون دەستی بەسەرم دا هێناو پێی گوتم بڕۆ بۆ لای دایکت.

هاوسەری فیرعەون گوتی: ئایا ئەرکی کوڕ لە بەرامبەر دایکی ئاوایە لەگەڵ ئەوەشدا کە فیرعەون بە تۆی گوتووە بێیە لای من دواکەوتی و منت لەچاوەڕوانیدا ڕاگرت؟

کوڕە گوتی: من دوا نەکەوتم و تۆم لە چاوەڕوانیدا ڕانەگرت و دوای ئەوەی لای فیرعەون هاتمە دەرەوە هاتم بۆ ئێرە.

شازادەخانم گوتی: لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ، فیرعەون هیچی بە تۆ نەگوت ئەوا چەند بابەتێك کە دەبێ پێت بڵێ، سبەی پێت ڕا دەگەیەنێ.

مووسا نەفرەتی لە ڕامسیسی دووەم دەهاتەوەو ئەو ڕۆژەش کە بە بۆنەی ئەوەی پێی نابووە تەمەنی دە ساڵییەوە چووبووە لای فیرعەون، لە رووی ناچاری و زۆرییەوە بوو. ئەگەر ئەو سەربەست بووایە ئەو ڕۆژە نەدەچوە لای فیرعەون و ڕازی نەدەبوو کە ئەو دەستی بەسەریدا بهێنێ.

نەفرەتی مووسا لە ڕامسیسی دووەم لە ترسەوە سەرچاوەی نەدەگرت و ئەو، لەو پیاوە نە دەترسا، بەڵکو ئەو لە ڕەفتاری خۆ بەمەزن زانی و توندوتیژی بێ سنووری وی نەفرەتی دەهاتەوە، لە حاڵێکدا کە هەموو میسرییەکان لە ڕامسیسی دووەم دەترسان.

له میسر، هەر منداڵێك كه له دایك دەبوو، باوك و دایكی منداڵەكه ناوی رامسیسیان لەو منداڵه دەنا، بەڵام نەك له رووی خۆشەویستی بۆ فیرعەونی میسر، بەڵكو له ترسی ئەو.

هەر میسرییەك كاتێك كه دەیویست ناوی ئەو بهێنێ دەیگوت ((خوا پاشا)) و له دڵەوه دەری دەبڕی كه ئەو خوایەكی خراپه!

مووسا ناوی خوا پاشای بەسەر زماندا نەدەهات. مووسا ئاماده نەبوو رامسیسی دووەم كه به باوكی ئەو دادەنرا به خوا بزانێ. به ئەگەرێكی به هێزەوه نكوڵی ئەو كوڕە، له نەفرەت هاتنەوەی بەرامبەر رامسیسی دووەم سەرچاوەی دەگرت.

هەر بەو جۆرەی كه مووسا ئاماده نەبوو رامسیسی دووەم به خوا بزانێ، نەشیدەویست دایكیشی به ئیلاهه بزانێ.

چەند هەفتەیەك پێش ئەوه كه مووسا بچێته لای دایكی، لەگەڵ سێ كەس له شازادەكان كه كوڕی رامسیسی دووەم بوون و لەبەر ئەوەی كه به برای ئەو دەژمێردران سەرگەرمی یاری كردن بوو.

منداڵەكان له یەكێك له ڕاڕەوەكانی كۆشكی پاشایەتی سەرگەرمی یاریكردن بوون. لەو ڕاڕەوەدا چەند ستوونێكی بەردین هەبوو كه بەرزاییان دەگەیشته چل فووت (زیاتر له سێزده مەتر) له سەرەوەی هەركام لەو ستوونانەوه كوتاڵی جوان و گران تا دەگاته سەر زەوی، هەڵواسرابوون و یەكێك له شازادەكان كه كوڕێكی یازده ساڵه بوو پێشنیاری كرد كه به یەكێك لەو ستوونانەدا بچێته سەرەوه و گوتی: من دەمەوێ بزانم كێ له ئێمه دەتوانێ زووتر خۆی بگەیەنێته سەری سەرەوەی ستوونەكه.

مووسا كه تەماشای دەكرد ئەو ستوونه زۆر بەرزه، ئارەزوویەكی له خۆیدا نەدەدی بەشداری لەو پێشبڕكێیەدا بكا. یەكێكی دیكه له شازادەكان هەروەك مووسا له بەشداریكردن لەو پێشبڕكێیه خۆی بووارد. بەڵام ئەو كوڕە یازده ساڵه و یەكێكی دیكەش كه هاوتەمەنی مووسا بوو بڕیاریاندا بچنه سەرەوەی ستوونەكه، ئەوان، له دوو لای ستوونەكەڕا، ئەو كوتاڵەی كه له سەرەوەڕا تا خوارێ بەردرابۆوه، گرت و چوونه سەرەوه.

مووسا له دڵی خۆیدا دەیگوت ئەو كوڕە كه یازده ساڵ تەمەنیەتی و بەستوونەكەدا دەچێته سەرێ، خوای ئایندەیه، چونكه پاش ئەوەی كه رامسیسی دووەم ڕۆیشته دنیای ئەولا (مانای ماڵئاوایی له ژیان كرد) دەبێ كوڕی گەوره جێگای بگرێتەوه و ئەو كوره، له هەموو كوڕەكانی رامسیسی دووەم گەورەتره.



برای مووسا، مانای هەمان ئەو كوڕە یازده ساڵەكه خۆی گەیانده سەرەوەی ستوونەكه، له ناكاو ئەو كوتاڵه كه ئەو دەستی پێ گرتبوو و پێیدا دەچوه سەرێ، له دەستی ترازاو كوڕە كەوته خوارێ.

لەو ساتەی كه كوتاڵەكه له دەستی كوڕەكه ترازا تا ئەو كاته كه كوڕە یازده ساڵەكه كەوته سەرزەوی بەرد ڕێژكراوی ڕاڕەوەكه له تراوكەیەك زیاتری نەخایاند، بەڵام لەبەر چاوی مووسا ئەو ساته درێژ دەهاته بەرچاو.

كوڕە پاش كەوتنه خوارەوەی، به سەر مێشكیدا كەوته سەر بەردرێژەكه و سەری تەقی و خوێن فیچقەی كردو ئیدی جووڵەی نەكرد.

مووسا به حەپەسان و وەحشەتەوه له لاشەی كوڕەكەی دەڕوانی و له دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەمه بوو خوای ئاینده و ئەو كەسەی كه دەبووایه جێگای رامسیسی دووەم بگرێ و له جێی ئەو ببێته خوا؟

مووسا لەگەڵ ئەوەشدا كه تەمەنی له ده ساڵ زیاتر تێنەدەپەڕی، به شێوەیەكی تەمومژاوی تێدەگەیشت كه خوای ئایندەی میسر نابێ ئاوا بێ و له ئاكامی كەوتنه خوارەوەی له بەرزایی ستوونێكەوه گیانی له دەسبدا.

مردنی جێنیشینی میسر، ئەویش بەو وەزعییەتەوه، مانای له ئەنجامی ئارەزوویەكی منداڵانەوه، بووه مایەی غەمباری هەندێك له دانیشتوانی كۆشكی پاشایەتی، بەڵام كاریگەری زۆری لەسەر رامسیسی دووەم دانەنا و تەرمەكەیان مۆمیا كرد و له ڕۆژئاوای ڕووباری نیل لەسەر زەوینێك كه تایبەت به گۆرستانی سوڵتانەكان و شازادەكان بوو، به خاكیان سپارد و پاشان كەسانێك كه له كۆشكی پاشایەتی بوون ئەم ڕووداوەیان لەبیر چۆوه.

بەڵام مووسا له بیری نەچوو، چونكه ئەو خۆی كەوتنه خوارەوەی كوڕەكه و تەقینی سەری و مەرگی ئەوی دیبوو. ئەو هەر جارێك كه له حاڵی تەنیاییدا ئەو دیمەنەی دەهاتەوه یاد، دەلەرزی.

هۆیەكی دیكه كه بەربەستی لەوه دەكرد كه مووسا ئەو ڕووداوه فەرامۆش بكا، ئەوه بوو كه بیری دەكردەوه كوڕێك كه خوای ئایندەیه نابێ بەو شێوەیه بمرێ و خوای ئاینده لەبەرامبەر مەرگدا دەبێ پایەداری هەبێ.

مووسا تەنیا منداڵێك بوو و هێشتا هێزی ئەقڵ لەودا ئەوەنده گەشەی نەكرد بوو كه بتوانێ به بەڵگەی ئەقڵانییەوه تێبگا كه خوای ئاینده نابێ ئاوا بەو شێوەیه بێ و به جۆرێكی تەمومژاوی بیری دەكردەوه كوڕێك كه له ئایندەدا ببێ بەخوا نابێ بەو سانایيه گیانی له دەسبدا.

دایکی مووسا وێرا بە قسەکردن لەگەڵ کوڕەکەی تریێشی دەخوارد و دوای ئەوە کە چەند بۆڵێك تریێی خوارد، گوتی: مووسا، تۆ، سبەی لەگەڵ من، لای پاشا ئامادە دەبی و من سبەی بەیانی ئارایشگەری خۆم دەنێرم تا قژی تۆ ئارایش بکا و بەسەر قژتەوە گەردی هاڕاوەی زێڕ پەخش بکا تا قژت بریسکە بداتەوە و گەردانەی خۆشم دەنێرم تا بەملتەوە هەڵیبواسن، لەبەر ئەوەی تۆ ئێستا گەورەبووی و دەتوانی گەردانەی من بە ملتەوە هەڵبواسی و سەرەڕای ئەوەش کە تۆ لە دە ساڵ زیاتر نی گەشەی تۆ لە کوڕانی دە ساڵە زیاترە. سەرەڕای گەردانە، من دەستبەندی پیرۆزی ((ئاموون))یش دەنێرم و ئەو دەستبەندە لە دایکمەوە گەیشتۆتە دەستی من.

پاش ئەوە کە تۆیان ڕازاندەوە و گەردانەیان بە ملتەوە هەڵواسی و دەستبەندیان لەدەستت بەست، پێڵاوی زیوینیش کە هەتە دەکەنە پێت و تۆ دەهێنن بۆ ئێرە و من و تۆ پێکەوە دەچینە لای پاشا.

مووسا گوتی: ئەمڕۆ من لای ((پاشا)) بووم و پێویست ناکا سبەی بچمەوە لای.

شازادەخانمی میسری گوتی: ئەم قسەیە مەکەو هەموو شازادەکان حەز دەکەن بچنە لای ((خوا پاشا)) و تۆ کە ئەم بەختەوەرییەت لەدەسدایە ناتەوێ سوودی لێ وەربگری؟

مووسا پرسی: ئایا چوونی من بۆ لای ((خوا پاشا)) بە بۆنەی گەیشتنی تەمەنم بە دە ساڵی بەس نییە تابەیانیش دووبارە بچمەوە بۆ لای؟

شازادەخانم گوتی: تۆ ئەمڕۆ بە بێ ئارایشکردنی قژی سەر و بێ گەردانە و دەستبەند و بێ پێڵاوی زیوین چوویە لای پاشا و ئەویش ئەو شتەی کە دەبووایە پێت بڵێ نەیگوتووە و ئەم مەسەلەیەش ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ سبەینێش دەبێ بچیەوە بۆ لای ئەو.

مووسا بێدەنگ بوو و دیاربوو کە کوڕەکە، دەیەوێ شتێك بڵێ، بەڵام دوودڵە و نازانێ ئەوەی کە دەیەوێ بیڵێ دەری ببڕێ یا نا. دواجار گوتی: من لەو ڕووەوە لە خوا پاشا دەترسم کە ((دووبارە من بخاتەوە ناو ئاو)).

کاتێك شازادەخانم ئەم قسەیەی لە دەمی کوڕەکەوە گوێ لێ بوو بە جۆرێك حاڵەتی تێك ڕا بوو کە مووسا لەم گۆڕانە لە ناکاوە بە سەختی تووشی وەحشەت هات. مووسا سەرەڕای کەم تەمەنیشی شوێنەواری وەحشەت و نائومێدی لە قەڵافەتی دایکیدا بینی و سەری خۆی داگرتە خوارێ.

ئەنخاس ئاموون گوتی: مووسا کێ ئەم قسەیەی بە تۆ گوت؟



مووسا هەر ئاوا سەری بۆ خوارەوە داگرتبوو و وەڵامی نەدایەوە.

ئەنخاس ئاموون گوتی: ئایا کاهینی کۆشکی پاشایەتی ئەم قسەیەی پێ گوتی؟ ئەگەر ئەو، ئەم قسەیەی بە تۆ گوتبێ من بە هەر دوو دەستی خۆم سەری لە لەشی جیا دەکەمەوە.

مووسا گوتی: نا دایە. نادایە، ئەو ئەم قسەیەی بە من نەگوتووە.

ئەنخاس ئاموون گوتی: من دەزانم کاهینی کۆشکی پاشایەتی پیاویکی ڕاڕا و قسە کۆکەرەوە و بەردەوام بۆ فیتنەگێڕی لە بۆسەدایە و من دەبێ پێی بسەلمێنم لە نێوان من کە یەك ئیلاهەم و لە نێوان ئەودا جیاوازییەکی زۆر هەیە و ئەو ناتوانێ دژی من پیلانگێڕی بکاو بە کامی سەرکەوتن بگا.

مووسا بەوەحشەتەوە گوتی: دایە... من دڵنیات دەکەم کە ئەم قسەیەم لە کاهینی کۆشکی پاشایەتی نەبیستووە.

شازادەخانم گوتی: کەوا بوو لەو حاڵەدا یەکێك لە ژنانی بێ نرخ کە شەوانە هاونشینی براکەمن لە تینی ئیرەیی خۆیاندا ئەم قسەیەیان بە تۆ گوتووە، چونکە چاویان بەرایی نادا کە من کوڕێکی وەك تۆم هەبێ.

مووسا گوتی: نا دایە هیچ کام لەوانە ئەم قسەیەیان بە من نە گوتووە.

ئەنخاس ئاموون گوتی: ئایا نابێ من تێبگەم تۆ ئەم قسەیەت لە کێ بیستووە؟

مووسا بە دوو دەست چاوەکانی گرت و گوتی: من ناتوانم پێت بڵێم ئەم قسەیەم لەکێ بیستووە؟

ئەنخاس ئاموون لە تینی تووڕەییدا لە جێی خۆی دەرپەڕی و بە شێوەیەك هورژمی بەرەو مووسا برد کە کوڕە لە ترسا هاواری کرد.

هاواری مووسا بووە هۆی ئەوەی کە لە نێو دڵی شازادەخانمدا بەزەیی بەسەر تووڕەییدا زاڵببێ و لە جیاتی ئەوەی مووسا بەزەوی دابدا و بەپێلاقە بکەوێتە سەری، دەستی گرت و بە توندی ڕایوەشاند و گوتی: تۆ ئەمڕۆ ئیدی منداڵ نی، بەڵکو کوڕێکی دە ساڵەی و هەندێك لە پاشاکانی پێشوی میسر پێش ئەوەی تەمەنیان بگاتە دە ساڵی لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشتوون.

تۆ کە تەمەنت بۆتە دە ساڵ دەبێ خەسڵەتی منداڵی لە خۆت دووربخەیەوە و خەسڵەتی پیاوانە لە خۆتدا بنیات بنێی و بزانی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جیهان درۆزنن و هەندێك لەوانە بۆ فیتنە هەڵایساندن درۆ دەکەن. هەندێکی دیکە درۆ دەکەن تا ئازاری خەڵك بدەن.

هەندێکی تر بۆ ئەوەی لەبەر چاوی کەسانیتر خۆیان بە گەورە پیشان بدەن درۆ دەکەن. ئەم قسەیە کەبەتۆیان گوتووە درۆیە، درۆیە، و تۆیان لە ئاو نەگرتۆتەوە تا هاوسەرم تۆ بخاتەوە ناو ئاوەوە!

من تا ئەمڕۆ بە تۆم نەگوتووە باوکی تۆ کێیە و من وام پیشان داوە کە باوکی تۆ رامسیسی دووەمە و ئەمرۆش هەرپێت نالێم کە باوکت کێیە و بۆ بێدەنگیی خۆشم بەڵگەی تایبەتم هەیە، بەڵام تۆ نابێ لە خواپاشا بترسی و وا خەیاڵ بکەی کە ئەو تۆ بە ئاو دادەدا. گەرچی ئەو فەرمانڕەوای ئەم وڵاتەیە، بەڵام کاتێك لەگەڵ ئەودا قسە دەکەی تێدەگەی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا جیاوازی نییە و ئایا ئەمڕۆ کە لەگەڵ تۆدا قسەی کرد ئازاری پێ‌گەیاندی و تۆی ئەشکەنجە دا؟

مووسا گوتی: نا! شازادەخانمی میسری گوتی: ئەو سبەینێش هەر ئاوا دەبێ و ئازاری تۆ نادا. من فیرعەون چاك دەناسم و دەزانم کە دەربارەی تۆ رق و تووڕەیی پیشان نادا. لەگەڵ ئەوەشدا کە باوك مەقامی خوایی هەیە من بچووکترین ترسم لەو نییە، بەڵام دەزانم کە ئەو چاوی لە منەوەیەو تەنانەت دەتوانم بڵێم کە ئەو لێشم دەترسێ. بە هەر حاڵ، من لە لایەنی فیرعەونەوە تۆ ئاسوودە خەیاڵ دەکەم و دووبارە پێت دەڵێم کە ترست لەو نەبێ و ئێستا من بەتەنیا بەجێ بێڵەو بڕۆ بۆ خۆت یاری بکە.

بەڵام مووسا لە جێی خۆی نەجووڵاو بە چاوە گەورەو رەشەکانی خۆیەوە لە شازادەخانمی دەڕوانی.

ئەنخاس ئاموون پرسی: بۆچی نارۆی یاری بکەی؟

منداڵەکە بە کەمێك دوودڵییەوە گوتی: دەمەوێ بپرسم ئایا پاشا خوا کە هاوسەری تۆیە، باوکی منە یان نا؟

ئەنخاس ئاموون کاتێك ئەم قسەیەی گوێ لێ بوو بە توندی لە روخساری کوڕەکەی روانی و گوتی: تەنیا شت کە من دەتوانم لە وەڵامی تۆدا، ئەی کوڕەکە کە بیڵێم ئەوەیە لێرە بە دواوە هەرگیز ئەو پرسیارە لە من مەکە.

لەو مەسەلەیەدا گومانێك نییە کە من دایکی تۆم و منیش هەروەکو فیرعەون مەقامی خواییم هەیە و هیچ کەسێك نابێ پرسیارێك لە من بکا کە مایەی بێ تاقەتیی من بێ هەر چەندە پرسیارکەر کوڕی منیش بێ و ئێستا ئەی کوڕە لاپرسەنەکە، من بەتەنیا بەجێ بێڵە.

مووسا هەنگاوێکی بۆ دواوە ناو ئینجا پشتی کردە شازادەخانم و رۆیشت.



پاش رۆیشتنی کوڕەکە، ئەنخاس ئاموون کە لە قسەکانی مووسا لە گژ بیرانەوە را چوو بوو، پەنای بۆ سەر تەختەکەی بردو لەوەحشەتی ئەوە کە رۆژێك کوڕەکەی، مووسا، لە دەسبدا کەوتە گریان.

مووسا دوای ئەوەی لە دایکی جیابۆوە بە نارەحەتییەوە چووە ناو باخی پاشایەتی و بە هەنگاوی خێرا، بێ ئامانج، لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە دەچوو و لە ناکاو دەنگێکی گوێ لێ بوو کە گوتی: مووسا، بۆ ئەوەندە تووڕەی و لەبەرچی سەیرێکی پاشەوەی خۆت ناکەی؟

مووسا ئاوڕی دایەوە و کاهینی کۆشکی پاشایەتی دی. کاهینی کۆشکی پاشایەتی، لە سەرەوەی پلیکانەکانی یەکێك لە کۆشکەکان کە دە پلەی هەبوو، لە بەر سێبەر دانیشتبوو و سەیری ناو باخی دەکرد و مووسا بینی کە ئەو کاهینە شتێکی لە ناو دەست دایە و یاری پێ دەکا و ئەو زانی کە ئەو شتە ((مور)) ە.

((مور)) کە ئەمڕۆ شتێکی نایابە، لەو سەردەمەدا زۆر بوو و لە دەوەنەکانی بیابان بە تایبەتی لە نیمچە دورگەی سینا و رۆژهەڵاتی میسر بە دەست دەهات و دەیانگواستەوە بۆ میسر و بەکاهینانیان دەفرۆشت و ئەوان بۆ بۆنخۆشکردنی پەرستگاکان و خۆیان، کەڵکیان لە مور وەردەگرت.

کاتێك مووسا رووی وەرگێرا، کاهینی پاشایەتی بە پێکەنینەوە گوتی: بۆچی نارەحەتی و خۆت دەخۆیەوە ئایا پێت خۆشە کە من ناوی تۆ بە شازادەی خۆخۆری میسر ناوبنێم؟

مووسا کە بە هەنگاوی لە سەرخۆ لەو پلیکانانە نزیك دەبۆوە کە کاهین لەسەری دانیشتبوو، گوتی: نا ئەی پیرۆز ئەم ناوە لە من مەنێ.

کاهینی کۆشکی پاشایەتی پێکەنی و گوتی: تۆش من بە ناوی پیرۆز بانگ مەکە، چونکە پیرۆز کەسێکە کە مردوو بێ و ئەویش بەومەرجەی کە لاشەکەی مۆمیا بکەن تا بمێنێتەوە ئەگەر نا پیرۆز نابێ و ناوی من بەوشێوەیە کە خۆت دەزانی ((ئاموون تپ))ە.

لەو دەمەدا، مووسا، گەیشتە سەر ئەو پلیکانەیەی کە کاهین لەسەری دانیشتبوو و کاهین، کەمێك موری کە لە نێو دەستیدا بوو، بەسەر پێی مووسادا پرژاند و پێی گوت: وەرە سەرەوە.

منداڵەکە، دە پلیکانی تەی کرد تا گەیشتە لای کاهین. ئەم پیاوە روحانییە بۆنی گوڵاوی لێ دەهات و کاهین گوتی: ئایا دەزانی پێش ئەوەی تۆ لە دایك ببی، من، دایکی تۆ ئیلاهە ئەنخاس ئاموونم دەناسی و سەرەڕای ئەوە کە ئیلاهە بوو منیش کاهین بووم، چونکە بە پیاوێکی لاو دادەنرام جارەها سەیری ئەوم دەکرد.

مووسا وەڵامێکی کاهینی نەدایەوە و پیاوەکە گوتی: باشە ئەی شازادەی میسری، ئێستا پێم بڵێ هۆی تووڕەیی تۆ چییە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من تووڕە نیم.

کاهینی کۆشکی پاشایەتی: لە وانەیە تووڕە نەبی، بەڵام بە شێوەیەکی حەتمی ناڕەحەتی و ئەم ناڕەحەتییە. هۆیەکی هەیە.

مووسا گوتی: من ناڕەحەت نیم!

کاهین گوتی: ئەم نکوڵیکردنەی تۆ درۆیە و درۆیەکی شاخداریشە، چونکە من شوێنەواری ناڕەحەتی لە قەڵافەتتدا بە باشی دەبینم و ئەگەر تۆ، ئەقڵت هەبووایە دەتزانی کە لە دۆستایەتی ئاموون تپ دەتوانی کەڵك وەربگری. لەبەر ئەوە هۆی ناڕەحەتی خۆت بە من بڵێ تامن هۆکاری ئەو ناڕەحەتییە نەهێڵم.

مووسا گوتی: ئەی ئاموون تپ تۆ گوتت کە لە رابردوودا دایکمت دەناسی، ئایا وایە؟

کاهین وەڵامیدایەوە: وایە.

مووسا پرسی: ئێستا دەمەوێ لە دۆستایەتی تۆ کەڵك وەربگرم و لەبارەی دایکمەوە پرسیارێکت لێ بکەم.

کاهین گوتی: بپرسە.

مووسا گوتی: ئەی ئاموون تپ، ئایا تۆ دەزانی من لە چ کاتێکدا لە دایك بووم؟

هەر کە کاهین ئەم قسەیەی لە دەمی مووسا وە گوێ بوو قەڵافەتی گۆڕاو برۆکانی لێك کێشانەوەو گوتی: ئەی مووسا، بۆ من ژنێکی مامانم تا بزانم هەر ژنە لە چ کاتێکدا منداڵی بووە و ئایا کاهینێك دەتوانێ لە بارەی ئەم جۆرە رووداوانە زانیارییەك رابگەیەنێ؟ برۆ و بۆ خۆت یاری بکە.

کوڕەکە کە بۆ گوتوبێژ لەگەڵ کاهین سەرکەوتبووە سەر پلیکانەکان، گەڕایەوە و پاش ئەوە کە چەند پلەیەك هاتە خوارێ، کاهین سەرنجی دا کە مووسای رەنجاندووە و لە ئاکامی رەنجاندنی ئەو ترسی رێ نیشت، چونکە مووسا شازادەیەکی میسری بوو و ناونیشانی رەسمی شازادەی میسری هەبوو.

ئاموون تپ نەیدەتوانی پێشبینی بکا کە لەئایندەدا چ دەبێ و بە خۆی گوت: لە وانەیە رۆژێك دابێ ئەو کوڕە کە هێشتا منداڵێکە، لە میسر ببێتە خاوەن دەسەڵات و لەو رۆژەدا،



هەر کاتێك کینەی دەرهەق بەمن لە دڵ دابێ، لەسەر من گران تەواو دەبێ. ئەوە بوو کە بەرێز و ئاوازێکی خۆشەویستی ئامێزەوە گوتی: ئەی شازادەی میسری، کەمێك راوەستە.

مووسا راوەستاو رووی کردە کاهینی کۆشکی پاشایەتی.

ئاموون تپ گوتی: ئەی شازادەی میسری، تۆ چ کاتێك دەگەیە تەمەنی باڵق بوون و دەبی بە پیاو؟

مووسا گوتی: هەر ئێستا من پیاوم و گەیشتوومەتە تەمەنی باڵق بوون.

کاهین گوتی: هەر کاتێك من یەقینم بۆ پەیدا بوو کە تۆ پێت ناوەتە ناو قۆناغی پیاوەتییەوە، لە بارەی ئەو مەسەلەیە کە ئێستا پرسیارت کرد، زانیاریت دەدەمێ.

مووسا گوتی: ئایا ئەو زانیاریانە ئێستا بە من ناڵێی؟

کاهین گوتی: نا!

مووسا پرسی: ئایا هێشتا من بە شایانی ئەوە نازانی ئەو پرسانە بە من بڵێی؟

کاهین گوتی: من تۆ بە شایان دەزانم و چۆن دەکرێ من شازادەیەکی میسری بەشایان نەزانم.

مووسا پرسی: ئەی بۆچی پێم ناڵێی؟

کاهین گوتی: ئەی شازادەی میسری، لەبەر ئەوە ئێستا پێت ناڵێم کە تۆ هێمان منداڵی و ناتوانی شتێك کە لە یەکێکی دیکەوە بیستوتە بپارێزی و وەکو هەموو منداڵانی دیکە خۆت بەناچار دەبینی ئەوەی کە لە منت بیستووە بە کەسانی تری بڵێی. ئەم پرسەش لە ئاستی لێوەشاوەیی تۆ کەم ناکاتەوە و خواکانیش کە یەك بە دوای یەکدا لە میسر پاشایەتیان کردووە تا کاتێك کە منداڵ بوون نەیاندەتوانی زمانی خۆیان رابگرن و ئەوەی لە کەسێکی دیکەوە گوێیان لێ دەبوو بە وانی تریان دەگوت. ئەم مەسەلەیە جاری وابووە کە بۆتە مایەی ئەوەی بۆ خودی ئەوانیش رووداوی نا هەموار بێنێتە پێشەوە.

مووسا تێگەیشت هێشتا ئەو پیاوە ئامادەنییە زانیارییەك کە لەبارەی لە دایکبوونی ئەو هەیەتی بەسەر زمانیدا بێ پێداگری نەکردو لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە.

-٢-

## لای رامسیسی دووەم

لەو بەروارەی، کە دەبووایە مووسا و دایکی بە جۆریکی رەسمی لەلایەن رامسیسی دووەم فیرعەونی میسرەوە دیدەنی بکرێن، چل و سێ ساڵ لە تەمەنی فیرعەون تێدەپەری و بیست و شەش ساڵیش بوو پاشایەتی دەکرد.

دێهاتیانی میسر دەیانگوت هەرگیز پاشایەك وەك رامسیسی دووەم لە سەر تەختی پاشایەتی میسر دانەنیشتووە. گوتەکەشیان لە چەندین رووەوە راست بوو: یەکەمیان ئەوە بوو کە فیرعەونەکانی میسر هەموو باریك و لاواز بوون، لە حاڵێکدا کە رامسیسی دووەم پیاوێکی باڵابەرز و چوارشانە و بە هێز بوو.

دووەم ئەوە بوو کە فیرعەونەکانی میسر لە خواردن و خواردنەوەدا لە رووی ناچارییەوە ریجیمیان لە خواردن دەکردو بە هۆی لاوازی بەدەنیانەوە نەیاندەتوانی خواردن زۆر بخۆن، بەڵام رامسیسی دووەم بەردەوام بە ئیشتیای تەواوەوە خواردنی دەخوارد.

سێیەم ئەوەبوو کە فیرعەونەکانی میسر، کە لە وانەیە بە هۆی لاوازی لەش و لاریانەوە بووبێ، لە بەرامبەر ژناندا بێ ئارەزوو بوون، بەڵام رامسیسی دووەم، هەر بەهەمان شێوە کە بەردەوام بۆ خواردن، ئیشتیایەکی باشی هەبوو، ئاواش بۆ هاونشینی لەگەڵ ژناندا هەمیشە ئامادە بوو.

فیرعەونی میسر، باوەڕی وابوو کەسێك کە دەیەوێ ناوی خۆی بهێڵێتەوە دەبێ ناوی خۆی، بە بەرد، نەمر بکا. چونکە جگە لە بەرد، هەموو شتێکی دیکە لە بەین دەچێ و هەر بەو هۆیەوە لە میسر تەلارێکی لەبەرد بنیات نا کە بە گوتەی میسرییان ئەگەر کەسێك ماوەی دە ساڵی لەو تەلارەدا بەسەر بردبا نەیدەتوانی هەموو جێگایەکی تەلارەکە ببینێ و یەکێك لە تەلارە بەردینەکانی ئەو پەرستگایە ئەمڕۆ بەناوی ((ئەبو سمبل)) دەناسرێ.[1]

(١) لە بەر ئەوەی لە میسر لە سەر شەتی نیل بەنداوێکیان دروست کرد و ئاوی ئەو بەنداوە پاش ماوەیەك (( ئەبوو سمبل )) ی وەژێر خۆی دەدا، رێکخراوی ( یونسکۆ ) هاتە پێشەوە و بە بودجەیەکی نزیك بە چل



دەبێ ئەوە بسەلمێنرێ کە تیۆری رامسیسی دووەم تایبەت بەوە کە دەبێ مرۆڤ ناوی خۆی بە بەرد نەمر بکا، راست بووە، چونکە ئەمڕۆ، کەمتر فیرعەونێك هەیە کە بە ئەندازەی رامسیسی دووەم ناسراوبێ و بینا بەردینەکانی ئەو، ناوی وییان بۆ هەتاهەتایە لە مێژوودا تۆمار کردووە.

رۆژی پاشتر کە دەبووایە مووسا بە هاوڕێییەتی دایکی بچێتە لای فیرعەون، دایك و کوڕ پێ یان نایە ناو بە شێك لە کۆشکی پاشایەتی کە تا ئەو رۆژە مووسا نەی دیبوو.

مووسا کە لەگەڵ دایکی دەڕۆیشت، پاش چوونە ژوورەوەی ئەو بەشەی کۆشك، چووە ناو تەلارێکەوە کە لەبەر فراوانییەکەی تووشی وەحشەت هات. درێژی ئەو تەلارە بەپێوەری ئەمڕۆ پەنجا مەتر و پانییەکەی چل مەتر و زەوی تەلارەکە بە بەردی رەش کە بە تایبەتی لە میسری سەروو (باشووری میسر) وە دەیانهێنا فەرش کرا بوو. مووسا چەندین جار ئەو کەشتییانە کە بەردی رەشیان هەڵگرتبوو، و لە نیلی سەرووەوە دەهاتن و بە بەرامبەر وی دا تێدەپەڕین و دەڕۆیشتن، دیتبوو.

تەختی فیرعەونی میسر، لە پێشەوەی ئەو تەلارە فراوانە بوو و لە دوو لای تەختەکە دوو ستوونی بەزر و ئەستوور بەرچاو دەکەوتن و راڤەی جەنگەکانی رامسیسی دووەم بەخەتی نیگارین لەسەر رووی ئەو ستوونانە نووسرا بوون.

خودی تەخت، لە رووی دروست کردنەوە، لە تەختی سوڵتانە کۆنەکانی میسر دەچوو و بریسکەی ئەو گەوهەرانەی کە لە تەختەکە درابوون چاوی کەم حوکمیان ماندوو دەکرد.

لە پشتەوەی تەخت، بەسەر رووی دیواری تەلارەکەوە، جۆریك تابلۆی نەخشکراو بە زێڕی بەرجەستە دروستکرابوو کە رامسیسی دووەمی لە ناو گالیسکەیەکی جەنگیدا پیشان دەدا. ئەو تابلۆ بەرجەستەیە دیمەنێك بوو لە جەنگی رامسیسی دووەم لەگەڵ قەومی (هاتی) و لەو جەنگەدا فیرعەونی میسر، سواری گالیسکەیەکی جەنگیی بووەو بەشداری لە شەڕدا دەکا.[2] کاتێك مووسا بە هاوڕێییەتی دایکی چووە ناو تەلارێکەوە کە تەختی پاشایەتی لێبوو، بینی رامسیسی دووەم لە سەرتەخت دانیشتووە و تەلار، پڕە لە ژنان و پیاوانی کە بەپێی پلەی خۆیان

ملیۆن دۆلار، پەرستگای (ئەبوو سمبل) یان، کە کۆتەڵە بیست و حەوت مەترییەکانی رامسیسی دووەم دەکەوێتە بەرامبەری، پارچە پارچە کردو بۆ نوختەیەکی بەرزیان گواستەوە تا لە بن ئاوی نیلدا ((لە پشتی بەنداوەکەوە)) نقووم نەبێ (و.ف)

(٢) میللەتی هاتی، لە وڵاتی تورکیای ئێستادا دەژیان و دەڵێن یەکەمین قەومێك کە ئاسنی بەکارهێنا، میللەتی هاتی بوو. (و.ف)

مۆڵەتیان هەبوو لە تەلاری دیداری گشتی پاشایەتیدا پێکەوە ئامادە بن. مووسا لە نێوان ئەواندا، ژمارەیەك بیانیشی دیتن و بە دیتنی بەرگ و پۆشاك و ئارایشی قژی سەریان سەرسام بوو.

لە نێو ئەو تەلارەدا هەموو ئەوانەی کە ئامادەبوون، لەوانە خودی مووسا، خاوەنی کەرەسەی جوانکاری بوون جگە لە خودی فیرعەون.

ئەو نەگەردانەی لە ملدا بوو نەدەستبەندی لە دەستی بوو، تەنیا یەك تاجی سادەی زێڕین بەسەرییەوە دەبینراو بەپێی نەریت داسێکی زێڕین کە بەنیشانی پاشایەتی دادەنرا لە نێو دەستیدا بوو.

کاتێك مووسا چووە ناو ئەو تەلارەوە، تێگەیشت کە بۆچی دایکی بەوی گوت کە دەبێ ئەو ڕۆژە لای فیرعەون ئامادە بێ، چونکە ئەو ڕۆژە، دیداری گشتی بوو و فیرعەونی میسر دەیتوانی مووسا و دایکی بە جورێکی رەسمیی ببینێ.

جل و بەرگی فیرعەون لەو ڕۆژەشدا لە جل و بەرگی تەواوی ئەوانەی کە لە تەلار ئامادە بوون سادەتر بوو و جلێکی لە کەتان چنراو لەبەرویدا دەبینراو مووسا بە هۆی کەم تەمەنییەوە نەیتوانی تێبگا کە جل و بەرگی فیرعەون لە دەسەڵاتی وییەوە سەرچاوەی گرتووە و تەنیا ئەو کەسەی کە خاوەنی دەسەڵاتی مووتڵەق بێ ئەو دەتوانێ ئاوا سادە جل و بەرگ بپۆشێ.

ڕەنگە درەوشاوەو جۆربەجۆرەکانی ئەو تەلارەو جلوبەرگی کەسانێك کە لەوێ ئامادە بوون و بۆنی گوڵاو و تابلۆی بەرجەستەو زێڕین کە لە پشت تەختی پاشایەتییەوە دەکەوتنە بەرچاو بە جۆرێك مووسایان سەرقاڵکردبوو کە بۆ چەند ساتێك لە دیتنی فیرعەون دواکەوت. بەڵام دیسانەوە چاوەکانی خۆی لە روخساری رامسیسی  دووەم بڕی و ئینجا لە دایکی روانی و بە خۆی گوت: بێ دوودڵی، دایکی من لە رەچەڵەکی رامسیسی  دووەمە و لێکچوونی چاوو برۆ و لووتیان، کەهی هەردووکیان بچووکن، گومانێك لەبارەی هاوبنجی بنەماڵەیی ئەوان ناهێڵێتەوە.

لە حالێکدا کە مووسا لە فیرعەونی دەڕوانی، رامسیسی دووەم چاوی بە هاوسەرەکەی خۆی ئەنخاس ئاموون، و کوڕەکەی کەوت.

مووسا وای پێشبینی دەکرد لەبەر ئەوەی کە رامسیسی دووەم بە خوا دەزانن و ئەو، لەو ڕۆژەدا بە جۆرێکی رەسمیی دیدەنیی لەگەڵ بەندەکانی خۆیدا ئەنجام دەدا بەمەزنییەوە رەفتار دەکا و لە بەرامبەر ئەواندا گرنگییەك نیشان نادا، بەڵام رامسیسی دووەم کە هاوسەر و کوڕەکەی خۆی دی زەردەخەنەیەکی نیشان دا و بەدەست ئاماژەیەکی کرد تا لەو نزیك ببنەوە.

پاش ئەوە کە فیرعەون ئاماژەی بۆ هاوسەرەکەی و کوڕەکەی کرد کە لەو نزیك ببنەوە، کاهینێك کە لەگەڵ فیرعەون سەرگەرمی ئاخاوتن بوو، فیرعەون ئیزنی دا و کاهینی ناوبراو لە



تەختی پاشایەتی دوورکەوتەوە و چووە جێگایەك کە کەسانیتریش لەوێ راوەستابوون و مووسا تێگەیشت هیچ کام لەوانەی کە لەو تەلارەدا ئامادەن لە مەودای شەش مەتر (بە پێوەری ئەمڕۆ) دوور لە فیرعەون، بەولاوەتر ناچن، مەگەر رامسیسی دووەم خۆی بانگیان بکاو قسەیان لەگەڵدا بکا و هەر کەسێکیش کە قسەکانی لەگەڵ فیرعەون تەواو دەبوو لە تەختی پاشایەتی دوور دەکەوتەوە و دەگەڕایەوە شوێنی یەکەمجاری خۆی.

کاتێك فیرعەون ئەو دایك و کوڕەی بانگ کرد، شازادەخانم بە ئەسپایی بە کوڕەکەی گوت: کاتێك گەیشتینە ئەو جێگایە کە سەرەتای حەرەمی تەختی پاشایەتییە، تۆ دەبێ بەئەنجامدانی تەشریفاتی تەواوەوە لە تەختی پاشایەتی نزیك ببییەوە و کاتێکیش گەیشتینە جێگایەك کە تەختی ئەوی لێیە، تا سنگت بچەمێوە و تەعزیمی بۆ بکە.

مووسا حەزی نەدەکرد لەبەرامبەر فیرعەونی میسر، تەشریفاتی رەسمیی بە جێهێنێ و رقی لە تەعزیم کردن بۆ ئەو پیاوە دەبۆوە. بەڵام خۆی بە ناچار دەبینی کە فەرمانی دایکی بە جێبهێنێ.

ئەگەر شازادەخانم ئەنخاس ئاموون، مووسای ناچار نەکردبایە، ئەو کوڕە بەو شێوەیە لە تەختی پاشایەتی نزیك نەدەکەوتەوە، بەڵام لەوکاتەدا نەیدەتوانی سەرپێچی لە گوێرایەڵی دایکی ((هاوسەری  فیرعەون)) بکا.

مووسا چونکە سەری بۆ خوارەوە داگرتبوو، کاتێك لە تەختی فیرعەون نزیك کەوتەوە نەیدەتوانی روخساری فیرعەون ببینێ، بەڵام قاچی دایکی کە بەتەنیشت وییەوە هەنگاوی دەنا تا لەتەختی فیرعەون نزیك ببێتەوە دەدی و گوێی لێبوو کە فیرعەون بە دایکی گوت: ئەی شاژن، دەبینم هەروا گەنج و سەرحاڵ و جوانی.

شازادەخانم وەڵامیدایەوە: ئەی پاشا تۆ دەزانی کە وانییە و من نە گەنجم و نە سەرحاڵ و نە جوان. لە گۆشەیەکی ناو ئەو باخە بە نەخۆشی و کەسەرەوە ژیان دەبەمەسەرو وەك ژنێك کە لاویی و جوانیی و ئومێدەکانی لە دەسداوە بەتەواوی لە بیرکراوم.

فیرعەون گوتی: من نەمدەزانی تۆ نەخۆشی ئەگەر نا...شازادەخانم ئەنخاس ئاموون قسەکەی فیرعەونی بڕی و گوتی: ئەی پاشا، تۆ ئەگەر لە نەخۆشییەکەی منیش ئاگادار بووبای دیسان هەر بەسۆراخمەوە نە دەهاتی چونکە ساغی ونەخۆشی و ژیان و مردنی من، لای تۆ وەکو یەك وایە، بەڵام من ئەمڕۆ نەهاتووم دەمەقاڵێت لەگەڵدا بکەم، بەتایبەتیش کە دەزانم دەمەقاڵێی من لەگەڵ تۆدا بێ سوودە، چونکە لە رابردوودا دەمەقاڵێی زۆرمان کردووە و بێ ئەنجام بووە.

من ئەمرۆ هاتووم کە بە بۆنەی دە ساڵەی کوڕەکەمەوە، ئەو بە تۆ نیشان بدەم تا پاشا بەرەکەتی خۆی بەسەر کوڕەکەمدا بدا.

لەو کاتەدا مووسا، لەبن تەختی فیرعەون، سەری بۆ خوارەوە داگرتبوو و سەیری زەوی دەکردو نەیدەتوانی روخساری فیرعەون ببینێ و فیرعەونیش روخساری ئەوی نەدەدی.

رامسیسی دووەم بە جۆرێك لە مووسای روانی وەك بڵێی ئەوە جاری یەکەمە ئەو کوڕە دەبینێ و گوتی: ئەی کوڕەکە، سەرت بەرزبکەوە تا من روخسارت ببینم.

مووسا سەری بەرزکردەوە و بە قەڵافەتێکی رێك لە بەرامبەر فیرعەونی میسر راوەستا و گوتی: بەڵێ ئەی پاشا!

فیرعەون رووی کردە هاوسەرەکەی و پێی گوت: ئەو کوڕە ناوی چییە؟

شازادەخانم گوتی: تۆ دەزانی کە ناوی مووسایە.

فیرعەون گوتی: ئەوە نەبوو بەناو.

مووسا هاتە قسەو گوتی: ئەی پاشا، لە بەرچی مووسا ناو نییە؟

فیرعەون چاوێکی لە مووسا و چاوێکی دیکەی لە دایکی بڕی و بەو ژنەی گوت: دەبیستم ئەم کوڕە زمانی هەیە و دەتوانێ قسە بکا!

پاشان روو بە مووسا گوتی: لەو رووەوە مووسا ناونییە کە نیوەی ناوێکە نەك تەواوی ناوەکە. مووسا مانای ((پێدراو))، بەڵام نازانرێ کە تۆ لە لایەن کێوە پێدراوی. ئەگەر ناوی تۆ ((ئاموون مووسا)) بووایە هەمووان دەیانزانی کە تۆ لە لایەن ئاموونەوە دراوی و ئەگەر ناوت (( توت مووسا )) بووایە هەمووان تێدەگەیشتن کە توت تۆی داوە.[3] بەڵام مووسا بەتەنیا، یەك ناونییە.

دایکی مووسا گوتی: ئەی پاشا، ئایا تۆ دەتەوێ ناوی وی بگۆڕی؟

فیرعەون گوتی: من ئەو مەبەستەم نییە و گوڕینی ناوی وی، لەم کاتەدا لە تواناد نییە، تۆ دەزانی لە میسر، ناو، لە دوو کاتدا دەگۆڕێ: یەکێکیان کاتێك کە شازادە لەسەر تەخت دادەنیشێ، دووەم کاتێك کە شازادەیەك یان پاشایەك بۆ دنیای رۆژئاوا دەچێ.[4]

(٣) ئامون و توت ناوی خوایانی میسری بوون. (و.ف)

(٤) لە پایتەختەکانی میسر، کە هەمویان لە لێواری رووباری نیل بوون، گۆڕستان لە رۆژئاوای ئەو رووبارە بوو و هەر بۆیە کاتێك کە دەیانویست بڵێن کەسیك ماڵئاوایی لە ژیان کردوە، دەیانگوت چووە دنیای رۆژئاوا. (و.ف)



دایکی مووسا گوتی: ئەی پاشا تۆ خۆت دەڵێی کە ناتوانرێ ناوی ئەو کوڕە بگۆڕدرێ و تۆ ئەگەر بتەوێ بەرەکەت بەو ببەخشی دەبێ بە هەمان ناو ئەو پیرۆز بکەی ئەگەر لە حاڵێکدا قسەکەی خۆت بخۆیەوە.

فیرعەون گوتی: من قسەی خۆم ناخۆمەوە و من بەڵێنم داوە کە ئەو کوڕە لە دە ساڵیدا پیرۆز بکەم و ئێستاش بەرەکەت بەو دەبەخشم.

فیرعەون بە لە سەرخۆیی قسەی دەکرد بە جۆریك کە جگە لە مووسا و دایکی کەسی دیکە دەنگی ئەوی گوێ لێ نەدەبوو، چونکە بەو شێوەیە کە گوتمان لە نێوان تەختی پاشایەتی و ئەوانەی کە لە دیدار ئامادەبوون بە پێوەری ئەمڕۆ شەش مەتر مەودا هەبوو.

پاشان فیرعەون گوتی: ئەی مووسا، وەرە پێشەوە تا دەستم بخەمە سەر سەرت.

مووسا لە فیرعەون نزیك کەوتەوە و لەبەر ئەوەی کە تەختی پاشایەتی بەرز و مووسا بچووك بوو، فیرعەون بۆ ئەوەی دەستی بخاتە سەر سەری منداڵەکە کەمێك چەمایەوە و گوتی: ئەی مووسا، من لە مڕۆوە بەرەکەت بە تۆ دەبەخشم و لەبەر ئەوەی کە پیرۆز بووی، پاش ئەوە ئیدی ئەگەر نێزەیەك ئاراستەی ملت بکەن، ئەو نێزەیە ناچێتە ملی تۆوە، و هەر کاتێك تیغێك بەرەو سنگت بهاوێژن، ئەو تیغە لە سنگت ناچەقێ و هەر کاتێك لە سەر رێگای تۆ، لە لایەن دێهاتیانەوە چاڵێك هەڵکەنرابێ تاکو مەزرای خۆیان بە ئاوی چاڵەکە ئاو بدەن، تۆ ناکەویە ناو ئەو چاڵەوە و هەر کاتێك لە ماوەی پیادەڕەویت لە بیاباندا، مارێك لەسەر رێگات بێ ئەو گیانلەبەرە بە پاژنەی پێتەوە نادا، هەر کاتێك لە ناکاو، بکەوییە ناوەڕاستی تیمساحەکانی رووباری نیلەوە، ئەوان تۆ هەڵنادڕن و من کە پاشام بەو هێزەی کە هەمە تۆ لە بەرامبەر هەموو ئەو رووداوانە دەپارێزم و بەرەکەتت دەدەمێ!

پاش ئەوەی مووسا بەرەکەتی لە دەستی فیرعەون بە دەس هێنا، لەگەڵ دایکی لە تەلاری دیداری گشتی گەڕایەوە و هەر کە پێی لە دەرەوەی تەلار دانا، شکۆی فیرعەون لە بەرچاوی تێکشکاو دایکی پێی گوت: مووسا باوەڕ دەکەی کە فیرعەون سەرەڕای ئەوە کە گەورەیە، بەڵام بوونەوەرێکی وەحشەت هێنەر نییە و مرۆڤ ناخوا؟ چونکە مووسا وەڵامی نەدایەوە پێی گوت: ئێستا برۆ یاری بکە لەبەر ئەوەی رۆژێکی ئاوا، لە ژیانی تۆدا یەکێك دەبێ لە گەورەترین رۆژەکان تۆ دەتوانی وەختی خۆت بە یاری بەسەر بەری.

مووسا لە دایکی جیابۆوە و ئامادەی یاری کردن بوو، چونکە منداڵێك تەنانەت ئەگەر شازادەی میسریش بێ، و لە کۆشکی میسریشدا بژی، هەر منداڵە و پێویستی بە یاری کردن هەیە.

جارەهای جار وا رێکەوتووە کە مووسا لە پەنا باخی پاشایەتی، و لە و جێیەدا کە بەسەر شەقامی گشتیدا دەیڕوانی، رادەوەستا و تەماشای منداڵانی رووت و پێخواسی دەکرد کە لە نێو خاك و خۆڵ دا یارییان دەکرد و ئارەزووی دەکرد ئەی خۆزگە ئەو یەکێك لەو منداڵانە دەبوو و دەیتوانی لە نێو خاك و خۆڵدا یاری بکا و لەسەر خۆڵ بخەوێ. بەڵام، سەرباری ئەوە کە ئارەزووی خۆڵە پەتێنە و خەوتن لەسەر خاك و خۆڵ لەو منداڵەدا هەبوو، تێدەگەیشت کە ئەو یەکێك نییە لەو منداڵانە و، لە وان بەرزترە و وەزیفەگەلێك بە عۆدەی ئەو سپێردراوە کە منداڵانی رووت و پێخواس لەوە بەخشراون.

منداڵانی رووت کە لە نێو خاك و خۆڵدا یارییان دەکرد و پاش ئەوە کە ماندوو دەبوون، لە هەمان جێ، لەسەر خۆڵەکە دەخەوتن. ئەوان وەزیفەیان نەبوو لای مامۆستا دەرس بخوێنن و قەڵەم بە دەستەوە بگرن و لەسەر تابلۆ، شێوەکانی خەتی نیگارینی میسری رەسم بکەن. بەڵام ئەو ئەم وەزیفەیەی هەبوو و لەو کاتەدا، کە دە ساڵ لە تەمەنی وی تێدەپەڕی، تەنیا دەیتوانی لەسەر کاغەزی میسری کە بە ((پاپیرۆس)) دەناسرا، کاری نوسین بکا.

منداڵانی رووت کە لە نێو خاك و خۆڵدا غاریان دەدا و لە نێو خاك و خۆڵدا دەخەوتن، بەرکار نەبوون ئەستێرەکانی ئاسمان بناسن، بەڵام مووسا، هەر شەو، بە یاریدەی مامۆستا، لە ئەستێرەکانی ئاسمانی دەڕوانی و مامۆستا ناوی هەرکام لەوانی بە قوتابییە بچووکەکانی خۆی دەگوت و مووسا ئەو ناوانەی بە بیرەوەری خۆی دەسپارد و تێدەگەیشت کە جێگەی ئەو ئەستێرانە لە ئاسمان جێگیرنییە و لە هەر وەرزێکی ساڵدا لە جێگایەکی جیاواز لە جێگای وەرزەکانی دیکە دەبینرێن و لە نێوان ئەو ئەستێرانە هەن کە تەنیا لە وەرزێکدا دەبینرێن و لە وەرزەکانی دیکەدا لەبەرچاو ون دەبن.

مووسا دەیزانی ئەو منداڵانەی لە کۆڵان یاری دەکەن، یا لە لێواری رووباری نیل بۆق دەگرن، یا کە سانی ئازا لەوان کلکی ماری ئاوی دەگرن و لە ئاو دەیانهێننە دەرەوە، ناچارنین زانستی ئەندازە (هەندەسە) فێربن، بەڵام ئەو کە شازادەیەکی میسرییە دەبێ بە شێوەیەکی حەتمی زانستی ئەندازە بزانێ، چونکە شازادەیەك ئەگەر زانستی ئەندازە نەزانێ وەك کاهینێك وایە کە لە ((کتێبی مردووان)) مانای گەورەترین کتێبی مەزهەبی میسر، بێ ئاگابێ. هەروەها چونکە لە



میسر کێڵگەکان بە زانستی ئەندازە سنووریان دیاری دەکرێ، ئەگەر شازادەیەك زانستی ئەندازە نەزانێ و ببێتە فەرمانڕەوا، ناتوانێ پەی بەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە مەزراکانی میسر، ببا کە لە وڵاتێکی جوتیاری وەك ئەوێ روویەکی ژیانداری هەیە.

مووسا تێدەگەیشت کە منداڵانی کۆڵان بەرکار نین تا گوتنی شیعر فێر بن، بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی کە شازادەیە دەبێ بتوانێ کە شیعر بڵێ ئەویش بە شێوازی کۆن نەك وەك هەندێك لە شیعرەکانی نوێخوازان کە لاساییکردنەوەیەکی کلاسیکی شیعری شاعیرەکانی ((هاتی)) و ((میتانی)) بوو و چەشەی تەندروستی میسرییەکان ئەوەی قبووڵ نەدەکرد.

یەك لە ئەرکەکانی شازادەیەکی میسری ئەوە بوو کە دەبووایە چەند بە شێك لە ((کتێبی مردووان)) بە لەبەر لەبەر بکاو لە کاتی پێویستدا لە روی ئەو کتێبەوە بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆی، یا بۆ ئەوەی باڵایی خۆی بە گوێی گوێدێراندا بگەیەنێ، بەڵگە بهێنێتەوە بەڵام منداڵانی کۆڵان بەرکار نەبوون چەند بە شێك لە کتێبی مردووان بزانن.

لەوەش بەولاوە مووسا، جیاواز، لەو منداڵانەی کە لە کۆڵان یارییان دەکرد، راسپێردراو بوو کە شێوازی بەکارهێنانی چەکی جەنگی فێرببێ، چونکە شازادەیەك کە نەتوانێ چەکی شەڕ بەکاربهێنێ، وەك شازادەیەك نەدەناسرا. هێشتا زانستی دیکە کە رووبەکی نهێنییان هەبوو فێری مووسایان نەکردبوو چونکە دەترسان بە هۆی بچووکی تەمەنییەوە، نهێنییەکانی ئەو زانستە ئاشکرا بکا.

لەسەر دەروازەی پێشگەی قوتابخانەی ((ئامون)) کە لە ناو پەرستگای ئامووندا بوو، بە خەتێکی نیگارین ئەم گوزارەیەیان نووسی بوو ((ئەگەر زانست، بە هۆی مردنی تۆوە لە ناو بچێ، باشترە وەك لەوەی بکەوێتە دەستی ناشایانانەوە)).

مووسا لە بارەی زانستە نهێنییەکانەوە، لە قۆناغی منداڵیدا زۆر شتی بیستبوو. لە وانە لە یەکێك لە چیرۆکەکاندا بەویان گوتبوو کە لە میسر کاهینێك ژیاوە کە بەکەڵك وەرگرتن لە زانستە نهێنییەکان، مردوویەکی مۆمیاکراو، کە هەزار ساڵ لە ناو گۆڕدا بووە، زیندوو کردۆتەوە و مردوو لە ناو گۆر راست بۆتەوە و دەستی کردوە بە قسەکردن. یا لە چیرۆکێکی دیکە بەویان گوتبوو کە کاهینێك بە کەڵك وەرگرتن لە زانستە نهێنییەکان، هەرەمی گەورەی میسری لەجێی خۆی بەرزکردۆتەوە و بردویەتییە ئاسمان و ماوەیەك لەوێ رایگرتووە و ئینجا لەجێی خۆی دایناوەتەوە!

بەڵام پاش ئەوە کە مووسا کەمێك گەورە بوو، لە مامۆستای خۆی گوێی لێبوو کە گومان، لە بوونی زانستە نهێینییەکان دانییە و زانستگەلی ئەو تۆ هەن کە تەنیا بە قوتابیانێك دەگوترێ کە خاوەن توانان و دەتوانن نهێنی زانستە نهێینییەکان بپارێزن، و کەڵکی نا مەشروعی لێ وەرناگرن، فێربکرێ. بەڵام مەسەلەی زیندووکردنەوەی مردوویەك کە هەزار ساڵ بە لاشەیەکی مۆمیاکراوەوە لە ناو گۆڕدا بووە و هەروەها بەرزکردنەوەی هەڕەمی گەورە و لە هەوادا ڕاگرتنی، ئەفسانەیە.

مامۆستا بە مووسای گوت: ئەوەی کە واقیعیەتی هەیە ئەوەیە کە خاوەنانی زانستە نهێنییەکان دەتوانن لە ڕێگای دوورەوە لەگەڵ یەکتر دا پەیوەندییان هەبێ بێ ئەوەی یەکێك لە بەینی ئەواندا لە هات و چۆدابێ و هەروەها دەتوانن چرایەك بێ ئەوەی کە ڕۆنی تێدا بێ دابگرسێنن. ڕۆژێك کە تۆ گەورە بووی، مامۆستایانی قوتابخانەی ئاموون لەوانەیە ئەم زانستانە فێری تۆ بکەن.

مووسا پرسی: بۆچی دەڵێی لەوانەیە، ئەی بۆ ناڵێی حەتمەن فێری منی دەکەن؟

مامۆستا گوتی: چونکە مامۆستایانی قوتابخانەی ئاموون تا کەسێك نەخەنە ژێر ئەزموونەوە و لە نهێنی پارێزیی ئەو دڵنیانەبن و نەزانن کە ئەو لە زانستە نهێنییەکان کەڵکی نامەشروع وەرناگرێ، زانستە نهێنییەکان فێری وی ناکەن.

یەکێك لەو شتانەی کە مووسا بیری نەچۆوە سەفەری وی بۆ باکوری میسر بوو. ڕۆژێك، کەشتییەکی گەورەی پاشایەتی میسر، مووسا و چەند کەسێك لە براکانی وی سوارکرد و بەرەو باکوور کەوتە ڕێ و پاش چەندین ڕۆژ لە سەفەرکردن گەیشتە ناوچەیەك کە ئەمڕۆ بە " جیزە " ناسراوە و لەوێ چاوی بە هەڕەمەکانی میسر، کە وەسفی ئەوانی بیستبوو، بەڵام خۆیانی نەدیتبوو، کەوت.

هەریەك لەو هەڕەمانە لە بەر تیشکی خۆر بەڕەنگی جۆراو جۆر دەدرەوشانەوە و ئەوەندە دەدرەوشانەوە کە لە هەندێك گۆشەوە، ئەوان نەیاندەتوانی چاویان لە هەڕەم ببڕن. چونکە هەروەکو چاوتێبڕینی ڕاستەوخۆ لە خۆر، چاو موشە دەکا و ئاوی لێ دێنێ و بۆ ماوەیەکی کاتی نابینا دەبێ، بینینی هەرەمەکانیش لە هەندێك گۆشەکانییەوە، بە هۆی ڕووکاری لووس و ڕەنگاو ڕەنگییەوە چاو تووشی موشە دەکا.



مووسا بەو منداڵییەی خۆیەوە لە بینینی ئەو بنیاتنراوە مەزنانە دووچاری سەرسوڕمان هات چونکە نەیدەتوانی تێبگا کە ئەو بینایانەیان، کە هەر یەکێکیان وەك کێوێك دەبێ، بۆچی دروست کردووە.

مامۆستا، بە مووسای گوت: خەڵك واوێنا دەکەن کە پاشایانی کۆنی میسر ئەو هەڕەمانەیان بۆ ئەوە دروستکردووە کە گۆڕستانی ئەوان بێ، لە حاڵێکدا کە ئەگەر مەرامیان گۆڕ بووایە دەیانتوانی بیناگەلی بچووکتر دروست بکەن کە هەرگیز وێران نەبێ.

مووسا پرسی: ئەی کەوا بوو ئەم بنیاتنراوانەیان بۆ دروستکردووە؟

مامۆستا گوتی: پاشایانی کۆنی میسر ئەم تەلارانەیان بۆ خواکان دروستکردووە و هەرکام لەو بنیاتنراوانە ماڵی یەکێك لە خواکانی میسرەو ئەو هەڕەمە گەورە کە دەبینی لە هەرەمەکانی دیکە بەرزترو گەورەترە، ماڵی خوای ((ئاموون))ە و لە بەر ئەوەی کە خوای ئاموون لە هەموو خواکانی دیکەی میسر گەورەترە، ماڵەکەشیان لە ماڵی خواکانی دیکە گەورەتر دروستکردووە.

پاشان مامۆستا گوتی: ئاموون و خواکانی دیکەی میسر پەرستگاشیان هەیە. بەڵام ئەو پەرستگایانە بۆ ئەوە دروستکراون تا خەڵك بچنە ئەوێ و ئاموون و هەموو خوایانی میسری بپەرستن، بەڵام ئەم هەرەمانە ماڵی خودی خواکانی میسرە و ئەوان لەو ماڵانەدا، بە ئاسوودەیی ژیان دەبەنە سەر و حاڵی ئەوان هەر وەك حاڵی ئەو مامەڵە چیانە وایە کە بەیانیان دووکانی خۆیان دەکەنەوە تا خەڵك بچنە لایان و تا دەگاتە ئێوارە خەڵك دەچێتە لایان، بەڵام کە شەو هات دووکانیان دادەخەن و دەچنە ناو ماڵەکانیانەوە کە پشتی بە دووکانەکانیانەوەیە و تا بەیانی ڕۆژی داهاتوو لە ماڵی خۆیاندا ئاسوودەن و کەس ناچێت بە لایاندا.

خواکانی میسریش لە ناو ئەو ماڵانەدا ئاسوودەن و هیچ کەسێك ناچێتە لای ئەوان، لە پەرستگاکاندا، خەڵك سەردانی خواکانیان دەکەن.

هەلومەرجی ژیانی کچان و کوڕانی فیرعەونی میسر، لە یەکتری جودا بوو. هەر کوڕ و کچە، بە گوێرەی مەقامی دایکی ژیانێکی تایبەتی هەبوو.

کاتێك کەنیزەیەك سکی لە فیرعەون پڕ دەبوو و منداڵێکی لێ دەبوو، ئیدی ئەویان لە کۆشکی پاشایەتی دەرنەدەکردە دەرەوە. مانای بەکەسانی دیکەیان نەدەفرۆشت و کەنیزەی ناوبراو لەگەڵ منداڵەکەیدا ژیانی لە کۆشکی پاشایەتیدا دەبردە سەر، بەڵام خەوتنگەی هەموو کەنیزەکانی کە  لە فیرعەونی میسر منداڵیان دەبوو، لە یەك جێ بوو و شەوان لە یەك تەلاری فراواندا لە کۆشکی پاشایەتیدا دەنوستن.

منالّی کەنیز ئەگەر کوڕ بووایە، تا حەوت سالّی لای دایکی دەژیاو پاش ئەوە ئەویان بە یەکێك لە کاهینەکان دەسپارد تا پەروەردەی بکاو گەورە ببێ. ئەگەر کچ بووایە لە دایکیان وەردەگرت و بەسەرپەرشتی ژنێك کە چاودێری کچانی کەنیزەکانی بە ئەستۆوە بوو قۆناغەکانی ژیانی تێدەپەڕاند.

بەهەر حالّ، کوڕ و کچانی کەنیزان کە منداڵی فیرعەون بوون، لە دایکیانیان جیادەکردنەوە. بەڵام دایکەکانیان نەدەفرۆشتن و ئەوان لە کۆشکی پاشایەتیدا ژیانیان دەبردە سەر تا قۆناغی تەمەنیان کۆتایی دەهات.

ژنانی فیرعەون خاوەنی مالّی جیابوون و منداڵەکانیان کە لەگەلّ ئەواندا دەژیان، بە ڕۆژ لە دایکیان جودادەبوونەوە، بە تایبەتی کوڕان بۆ ئەوەی کە بخوێنن و هونەری بەکاربردنی جۆرەها چەك فێر بن، و شەوانیش دەچونەوە لای دایکی خۆیان دەخەوتن.

بەڵام هیچ کام لە ژنانی فیرعەون خاوەن کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیانی شکۆمەندانەی دایکی مووسایان نەبوو. شازادەخانم ئەنخاس ئامون، بە بۆنەی ئەوەی کە شازادەیەك بوو و لە ڕەچەڵەکی نزیکی فیرعەون بوو، بەهەمان مەزنیی و شکۆمەندیی شاژنێکی واقیعی دەژیاو هەر بەو بۆنەیەشەوە کوڕەکەشی، مووسا، بەسەر هەموو کوڕەکانی دیکە باڵایی هەبوو. ئەو چاودێریی و ئاگادارییەی کە لە رووی پەروەردەو فێرکردنەوە لە مووسا دەکرا، دەرهەقی هیچ کام لە کوڕەکانی دیکەی فیرعەون نەدەکرا.

بەڵام مووسا لە قسەکانی دایکییەوە تێگەیشتبوو کە لە دایکبوونی ئەو، نهێنییەکی تێدایەو بە هۆی کەم تەمەنی خۆیەوە نهێنی ناوبراوی بە وەحشەتئامێز دەزانی، چونکە هێزی خەیاڵاندنی منداڵ، هەر شتێك بە نهێنی بزانێ، بە شێوەیەکی وەحشەت ئامێز وێنای دەکا.

لەگەلّ ئەوەشدا کە مووسا بیری دەکردەوە کە لەدایکبوونی ئەو، نهێنییەکی وەحشەت ئامێزی وێرایە، دەستی لە یاری کردن هەڵنەدەگرت. چونکە سەردەمی منداڵی سەردەمێکە کە چالاکی ئەو سەردەمە، هەر جۆرە بیرکردنەوەیەك دەخاتە ژێر تیشکی یاری کردنەوە و غەمی منداڵ نابێتە بەربەست لە یاری کردنی ئەو.

هەر ئەندازە کە ڕۆژان تێدەپەڕین، مووسا باڵا بەرزتر و بە هێزتر دەبوو. لە منداڵیدا لوتی گەورە بوو و بە جۆرێکی هەستپێکراو وەدەردەکەوت کە خاوەنی ئەو لوتە لە خەڵکانی میسری



باکوورە کە شارە گەورەکانی ((تبس)) و ((کەرنەك)) لەوێ هەڵکەوتوون.[٥] بەڵام پاشان لوتی بچووك بۆوە، لەگەلّ ئەوەشدا لە تەمەنی دە سالّیدا، هێشتا لوتی هەر وەك هی خەڵکی میسری سەروو دەچوو پاش گەیشتنی تەمەنی بە یازدە و دوازدە سالّی، لێکچوونی زۆری مووسا بە میسری باکوور وردە وردە لە بەین چوو.

لە کۆشکی پاشایەتیدا حەوشەیەك هەبوو بە ناوی حەوشەی جەنگی و لە ڕۆژانی دیاریکراودا، مووسا و هەموو کوڕەکانی فیرعەون لەو حەوشەدا مەشقی جەنگییان دەکرد و خوشکەکانیان لە باڵکۆنێکەوە کە بەسەر حەوشەکەیدا دەڕوانی بەسەیرکردنی مەشقی جەنگیی براکانیان سەرگەرم دەبوون.

لەو ڕۆژانەی کە مووسا و براکانی سەرقالّی راهێنانی جەنگیی بوون، مەشقی جەنگیی ئەوان تا دەمی نیوەڕۆ درێژەی دەکێشا و ئەو کاتە مەشقی جەنگیی کۆتایی دەهات و بە فەرمانی راهێنەران، کوڕانی فیرعەون دەچوونە ناو ئەستێرەوە خۆیان دەشووشت و ئەو کاتە نیوەرۆژەیان دەخوارد و ژەمی نیوەرۆژەشیان بریتی بوو لە هەنجیر و ترێ و نارگیلی تازەو، لە کاتی تینوێتی ئاویان دەخواردەوە مانای بیرە کە خواردنەوەی ئاسایی میسریان بوو، بەوان نەدەدرا.

راهێنەری مەشقی جەنگی، یەکێك بوو لە سەردارانی سوپای میسری کە بە یاریدەی چەند کەسێك لە ئەفسەران، کوڕانی فیرعەونی بۆ جەنگ پەروەردە دەکرد و بێ بەزەییانە ئەوانی بۆ کار رادەکێشاو جارێك دەیگوت: من بەو هۆیەوە لە کاتی پەروەردە کردنی ئێوە سەختگیرم کە لە مەیدانی شەڕدا نووکی نێزە لە نێوان سنگی سەربازێکی ئاسایی و کوڕێکی فیرعەوندا جیاوازی ناکاو هەردووکیان کون دەکاو تەنانەت باوکی ئێوە، کە خوایە ئەگەر بچێتە مەیدانی شەڕەوە و خۆپارێزی لە بەرامبەر زەڕبەی نێزە یا شمشێر یا تەور نەکا، دەکوژرێ.

سەرداری جەنگی، کوڕانی فیرعەونی بۆ چەند دەستەیەك دابەش دەکرد و ئەو دەستانەی کە هاوتەمەنی یەکتر بوون، وادار دەکرد کە بە چەکی جۆراو جۆری وەك نێزە و شمشێر و خەنجەر بەیەکەوە بجەنگن و پاش ئەوە کە کوڕانی فیرعەون گەشەیان دەکرد و گەورەتر دەبوون، کەوانیان دەدایە دەستیان.

رامسیسی دووەم، فیرعەونی میسر، کەوانی بەسەر چەکەکانی دیکەدا پەسن دەدا و دەیگوت دەبێ کوڕەکانی ئەو بتوانن تیرهاوێژی بکەن.

---

(٥) میسری سەروو  لە باشووری ئەو وڵاتەو نزیك سەرچاوەکانی رووباری نیلەو میسری خواروو، لە باکوور لە نزیك دەریای ڕۆم هەڵکەوتووە. (و.ف)

لە رابردوودا، مانای ماوەیەك پێش قۆناغی پاشایەتی رامسیسی  دووەم، لە میسر، جۆرە کەوانێك رمێنی هەبوو کە تەنانەت پیرەژنێکیش دەیتوانی ژێی ئەو کەوانە رابکێشێ و ئەوان بەو کەوانانە، میسریان لە هێرش و پەلاماری قەومە رەشپێستەکان کە لە باشووری میسر دەژیان و هەروەها لە هێرش و پەلاماری قەومە وەحشییەکانی کە لە رۆژئاوای میسر، لەسەر زەوینی لیبیا دەژیان، دەپاراست.

دوو سەد ساڵ پێش پاشایەتی رامسیسی دووەم، قەومی هاتی پەلاماری میسریان دا.

لەو دەمەدا میسرییەکان جۆرە کەوانێکیان لە دەستی سەربازانی هاتیدا بینی کە درێژییەکەی، نزیکی دوو گەز بوو و تیرێك کە لەو کەوانانەوە دەردەچوو، قەڵغانێکی دارینی کون دەکرد و ئەو تیرە، کاتێك مرۆڤێکی دەنگاوت، لە لایەکی بەدەنییەوە دەچووە ژوورێ و لە لایەکەی دیکەوە سەری دێنایە دەرێ.

قەومی هاتی بەو کەوان و گالیسکە جەنگییە سامناکانەی خۆیانەوە، سەرزەوینی میسریان، کە میسرییەکان باوەڕیان وابوو سەرزەوینێکی پیرۆزە و موڵکی خوایانە و کەس ناتوانێ بیگرێ، داگیرکرد. تا ئەو رۆژە کە میسرییان نەیانتوانی کەوانی گەورەو گالیسکەی جەنگی دروست بکەن، میسر لە ژێر دەستی قەومی هاتیدا مایەوە. بەڵام پاش ئەوە کە سەنعەت کارانی میسری فێری دروستکردنی گالیسکەی جەنگی و کەوانی گەورە بوون، توانیان قەومی هاتی لە میسر بکەنە دەرەوە.

لەوەوپاش گالیسکەی جەنگی وەك شوورەی وڵاتی میسری لێهات و ئیدی قەومی هاتی نەیتوانی میسر بخاتە ژێر هێرش و پەلامار دانەوە.

لە بەر ئەوەی راهێنەری جەنگیی کوڕانی فیرعەون ((ستی هۆپ)) دەیزانی رامسیسی دووەم پێی خۆشە کە کوڕەکانی تیرهاوێژیی فێر بن، ئەو بۆ ماوەی چەندین سەعات ئەوانی ناچار بە تیرهاوێژیی دەکردو تیرهاوێژیی بە کەوان، بۆ کوڕانی فیرعەون لە وانەش مووسا، کارێك بوو دژوار و بێ بڕانەوە.

((ستی هۆپ)) کوڕانی فیرعەونی لە حەوشی راهێنانەکانی جەنگیدا، لەیەك ریزدا رادەگرت و لە بەرامبەر ئەواندا چەندین نیشانەی لە ریشاڵ چنراویان بە دیواردا دەچەقاند، هەر یەك لە کوڕەکانی فیرعەون خاوەنی نیشانەیەکی خۆی بوو و دەبووایە تیرەکەی لەو نیشانە بدابایە.

لە پەنا مووسا، کوڕێك تیرهاوێژی دەکرد بە ناوی ((رامسیس ستی)) کە ئەویش لە کوڕەکانی فیرعەون بوو و لە تەمەنی مووسا دا بوو. ئەو دەیتوانی لە مووسا باشتر تیرهاوێژیی بکا و هەر



جارێك کە تیری مووسا نیشانی نەدەنگاوت ئەو کوڕە  لە رووی  تانووتەوە قسەیەکی بەسەر زماندا دەهات، بەڵام مووسا تەحەمولی تانوتەکانی ئەو کوڕەی دەکرد و وەڵامی ئەوی نەدەدایەوە.

((ستی هۆپ)) بە کوڕانی فیرعەونی دەگوت: من تەنیا شێوازی گرتنی کەوان و راکێشانی ژێی کەوانەکەتان فێر دەکەم، شتەکانی دیکە دەبێ خۆتان فێری بن. چونکە من ناتوانم بە ئێوە بڵێم چی بکەن تا تیری ئێوە ئامانجی خۆی بپێکێ پێویستە لەسەر ئێوە کە بزانن چۆن تیرهاوێژی دەکەن تا تیرەکانتان ئامانج بپێکێ.

مووسا، وردە وردە فێر بوو کە تیر، پاش ئەوەی کە لە کەوان دەردەچێ، لەسەر هێڵێکی راست بەرەو ئامانج ناروا، بەڵکو لە هەوادا کەوانێك تەی دەکات تا دەگاتە ئامانج و لە کاتی تیرهاوێژیدا دەبێ تێبینی هێڵی رۆیشتنەکەی بکرێ تا بە ئامانجی خۆی دەگا.

((رامسیس ستی)) لە کاتی تیرهاوێژیدا پەلەی دەکرد، بەڵام مووسا پەلەی نەدەکرد و بە ئەسپایی ژێی کەوانی رادەکێشا.

راهێنەری ئەوان دەیگوت  لە کاتی تیرهاوێژیدا خێرایی کارێکی پێویستە و لە مەیدانی جەنگدا، سەرکەوتن بۆ تیرهاوێژێکە کە خێرایی هەیە. بەڵام یەکەمجار دەبێ شێوەی راستی تیرهاوێژی فێربن و پاشان خێرایی تیرهاوێژی زیاد بکەن، مووسا دەیویست شێوەی راستی تیر هاوێژی فێر ببێ و پاشان، خێراییەکەی زیاد بکا.

لەو رۆژەدا، پێشهاتێك روویدا کە لە پاشاندا رووداوەکانی دێنە پێشەوە، مووسا تیرێکی لە نیشانەکەی گرت بێ ئەوەی ئامانجەکەی خۆی بپێکی و کەوانەکەی داگرتە خوارەوە. لەوکاتەدا براکەی، رامسیس ستی، ژێی کەوانەکەی راکێشا کە تیر بهاوێ.

لە هەمانکات کە رامسیس ستی، ئامادەی تیرهاوێژیی بوو، لەو دیوی ئەو دیوارە، کە ئامانجەکانیان پێدا چەقاند بوو سەرو روخساری منداڵێك بەدیارکەوت.

ئەو دیوی دیوارەکە درەختۆکەیەکی لێبوو کە هەندێك جار منداڵانی غولامان و کەنیزان سەردەکەوتنە سەر لقەکانی تا تەماشای دیمەنی تیرهاوێژی شازادەکان بکەن

ئەگەر غولامان و کە نیزان خۆیان لە پەنای دیوارەکەوەبان نەیاندەهێشت ئەو منداڵانە بچنە سەرەوە و ئەوانیان تەمبێ دەکرد و دووریان دەخستنەوە. بەڵام کاتێك منداڵێك کەڵکی لە ئامادەنەبوونی باوك و دایکی وەردەگرت سەردەکەوتە سەر درەختەکە تا ئەم دیوی دیمەنێك کە بۆ غولام زادەیەکی بچووك باشترین دیمەنی تەماشاکردن بوو، ببینێ.

غولامان و کەنیزان، بە دوو هۆ، منداڵەکانیان لە درەختۆکەکە دووردەخستەوە: یەکێکیان سەرکەوتنە سەرەوەی ئەو منداڵانە بۆ سەر درەختۆکەکە، بۆ سەیرکردنی تیرهاوێژیی، بەکارێکی ترسناك دەژمێردراو دەرەتانی هەبوو تیری شازادەکان بەر منداڵەکان بکەوێ و بیانکوژێ، دووەمیان لە بەر ئەوە بوو کە غولامان و کەنیزان تێدەگەیشتن کە غولام زادەکان شایانی ئەوەنین تەماشای تیرهاوێژیی فیرعەون زادەکان بکەن!

بەهەر حاڵ، لە هەمانساتدا کە رامسیس ستی، ژێی کەوانی خۆی راکێشا، غولام زادەیەکی بچووك، لە پشت دیوارەکەوە سەری هێنایە دەرەوە. مووسا بینی کە ئەو منداڵە راستە و راست، لە بەرامبەر تیری براکەی راوەستاوە.

مووسا لە بەرامبەر گیانی ئەو منداڵە، کە جگە لە ئارەزووی منداڵیی گوناهێکی دیکەی نەبوو ترسی لێ نیشت و لەوە دەترسا کە تیری براکەی سەر بکاو بەر ئەو منداڵە بکەوێ و بیکوژێ. بۆیە ویستی بەیەك جووڵانەوەی خێرا، کەوانی براکەی دابگرێتە خوارێ.

هەموو هێزی رامسیس ستی لە هەر دوو بازوو و دوو مەچەکی دەستیدا، چڕ ببوونەوە و لەو ساتەدا قاچەکانی هێزیان نەبوو و کاتێك مووسا بەیەك جووڵانەوەی خێراو لە ناکاو کەوانی براکەی داگرتە خوارێ، رامسیس ستی بەروودا کەوتە سەر زەوی.

هەمووان بەربوونەوەی شازادەیان چاولێ بوو و تێگەیشتن کە بە هۆی لێدانی مووساوە کەوتە سەر زەوی. ستی هۆپ، سەرداری قشونی میسرو راهێنەری تیرهاوێژی شازادەکان، ئەویش چاوی لێ بوو و سەری سوڕما.

رامسیس ستی لە سەر زەوی هەستایەوە و بە تووڕەییەوە رووی کردە مووسا و گوتی: ئەمە چ بێباکییەك بوو بەرامبەر منت کرد؟

مووسا گوتی: من نەمدەویست تۆ بەزەویدا بدەم و تەنیا دەمویست کەوانەکەت دابگرمە خوارێ، چونکە دەترسام تیرەکەت هەڵە بکاو بەر ئەو منداڵە بکەوێ کە بە سەر درەختەکەوەیە.

هەر بەو جۆرە کە هەمووان چاویان لێ بوو کە رامسیس ستی لە ئاکامی ئەو لێدانە کەوتە سەر زەوی، هەرواش هەمووان وەڵامی مووسایان گوێ لێ بوو و لەو وەڵامە سەرسام بوون. چونکە بە زەوی دادانی فیرعەون زادەیەك، سووکایەتییەکی گەورە بوو و لەو سووکایەتی پێکردنەشدا مووسا دەس پێشکەربوو، تەنیاش بۆ خاتری ئەوە کە نەهێڵێ غولام زادەیەك بکوژرێ. منداڵێکی غولام زادە و تەنانەت هەزار منداڵی غولام زادەش لەوە بێبایەخ تر بوو کە بۆ پاراستنی گیانی



ئەوان فیرعەون زادەیەك بە زەویدا بدرێ، تەنانەت ئەگەر قەرار بێ کە هەموو غولامان و کەنیزانی میسر بکوژن لەوە باشتر بوو سووکایەتی بە فیرعەون زادەیەك بکرێ و بە زەویدا بدرێ.

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرسامیی شازادەکان ئەوە بوو کە چۆن مووسا ئەو هەقیقەتە بەڵگە نەویستە تێنەگەیشتووە و بۆ پاراستنی گیانی غولام زادەیەك، فیرعەون زادەیەکی بە زەوی داداوە!

رەنگ لە روخساری لاوەکە پەڕی، لەبەر ئەوەی تازە ئاگادار دەبوو کە گوناهێکی بێ لێبووردنی ئەنجام داوە، چونکە هەر بەو جۆرە کە بوونی فیرعەون ئەوەندە پیرۆزە کە شایان بەوەیە بۆ پاراستنی بوونی وی، هەموو تیرەی بنیادەم بە قوربانی بکرێ، بوونی کوڕانی ئەویش دیسانەوە یەکجار پیرۆزە و هەر چەشنێك لە سووکایەتیکردن بەوان پێویستی بە توندترین سزا هەیە!

ئەگەر مووسا لە تاکە ئاساییەکان بووایە، لە هەمان جێدا دەکوژرا. بەڵام ئەویش هەروەکو براکەی فیرعەون زادە بوو و تەنانەت لە براکەشی بە باڵاتر دەژمێردرا، چونکە ئەو بە منداڵی ((ئەنخاس ئاموون)) ی شاژنی میسر دەژمێردرا.

کەس نەیدەتوانی بە تاوانی سووکایەتیکردن بە رامسیس، لێپرسینەوە لەگەڵ مووسادا بکاو ئەو بخاتە ژێر سزادانەوە. رامسیس ستی ئەویش ئەمەی دەزانی و تێدەگەیشت سووکایەتییەك کە مووسا دەرهەقی ئەو کردوویەتی ناتوانێ مایەی سزادانی ئەوبێ و بۆیە هاتە سەر باری ئەوە کە بۆ خۆی، مووسا تەمبێ بکا.

رامسیس ستی لە مووسا نزیك کەوتەوە، مووسا کەوانی خۆی بەدەستەوە بوو خورجینی پڕ لە تیریش بە بەر کەمەرییەوە هەڵواسرا بوو.

رامسیس ستی گەیشتە رووبەڕووی مووسا و دەستی بەرزکردەوە و یەك شەقازلەی لە روومەتی کوڕەکەی شازادەخانم ئەنخاس ئاموون دا.

کاتێ مووسا شەقازلەی بەرکەوت یەکپارچە ئاگری قین لە ناو دڵیدا هەڵڕژاو روخساری وی لە تینی تووڕەییدا شین و مۆر هەڵگەڕا. لەیەك ساتدا بە بیریدا هات تیرێك لە خورجینی تیرەکانی بێنێیتە دەرێ و لە ژێی کەوانەکەی باوێ و نیشان لە سنگی رامسیس ستی بگرێ.

عەزیمەتی کوشتنی رامسیس ستی بە جۆریك لە ناخی مووسادا هێزی گرتبوو ئەگەر لەبەر دایکی نەبووایە، هەر لەو ساتەدا ئەوی دەکوشت. بەڵام قەڵافەتی غەمباری دایکی هێنایەوە بەرچاوی و سەرنجی دا ئەگەر ئەو کوڕە بکوژێ، لەوانەیە دایکی لە غەم و نائومێدیدا گیانی لە دەستبدا. چونکە کوشتنی رامسیس ستی، تاوانێکە شیاوی لێ خۆش بوون نییە و ئۆباڵەکەی هەر

تەنیا داوێنی نەوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پێشینانیش کە سەدەها ساڵە مردوون دووچاری ئۆباڵی تاوانەکە دەبنەوە و بنەماڵەی فیرعەون بە نەفرەت دەکرێن.

مووسا بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بپارێزێ چاوەکانی لێك نان. ماوەیەك چاوەکانی مووسا بەستران و کاتێ چاوەکانی کردەوە سەرنجی دا لە حەوشەی تیرهاوێژیدا جگە لە ستی هۆپ راهێنەری شازادەکان، کەسی تری لێ نییە و بۆ ئەوەی راهێنەری تیرهاوێژیی فرمێسکی چاوەکانی نەبینێ، رووی وەرگێڕا.

ستی هۆپ لە مووسا نزیك بۆوە و گوتی: ئەی شازادە، ئومێدەوارم کە ئەم ڕووداوە لە بیر بکەی و یادی ئەم ڕووداوە لە ئایندەدا دڵت نەڕەنجێنێ. من ئەمڕۆ بینیم کە تۆ، پاش سووکایەتیکردنی براکەت، توانیت دان بە خۆتدا بگری و جڵەوی ئارام گیری لە دەست نەدەی و من ئەمڕۆ تێگەیشتم کە تۆ دەتوانی فەرمانڕەوایی بە سەر خۆتدا بکەی و کەسێك کە بتوانێ فەرمانڕەوایی بە سەر خۆیدا بکا، دەتوانێ فەرمانڕەوایی کەسانیتریش بکا. تەنیا خاڵێك لای من نادیار ماوەتەوە ئەویش ئەوەیە کە چۆن تۆ، بۆ پاراستنی گیانی منداڵی غولام زادەیەك، شازادەیەکت بەزەویدا دا؟

مووسا گوتی: من نەمدەویست ئەو بە زەویدا بدەم، من تەنیا دەمویست کەوانەکەی دابگرمە خوارێ تا تیرەکەی بەر ئەو منداڵە نەکەوێ.

راهێنەری تیرهاوێژیی، نەیتوانی پەی بە تەرزی بیرکردنەوەی ئەو نەوجەوانە ببا. ئەو تەرزە بیرەی ئەگەر بە شێتی نەزانیبا، ئەوا لە بۆچوونی ئەودا نائاسایی خۆی نیشان دەدا.

ئەو رۆژە تێپەڕی و مووسا هەولێدا رووداوی ئەو رۆژە لە بیربکا، بەڵام شەقازلە خواردنی بە دەستی رامسیس ستی لە بیر نەدەچۆوە.

چەند مانگێك تێپەڕی و مووسا هەروا لە خوێندنی زانست و راهێنانی جەنگیی بەردەوام بوو.

راهێنەری تیرهاوێژی بۆ ئەوەی کە کێشەی نێوان مووسا و رامسیس ستی نوێ نەبێتەوە بەرنامەی تیرهاوێژی دیاریکردوو لە رۆژانێکدا کە مووسا مەشقی دەکرد رامسیس ستی لە حەوشەی تیرهاوێژیدا ئامادە نەدەبوو و لە رۆژانی مەشقی رامسیس ستیدا، مووسا ئامادە نەدەبوو.

مووسا کە بە ئارامییەوە تیرهاوێژی دەکرد، وردە وردە پێش کەوت و دەیتوانی ئامانج بپێکێ.



جێگای دانیشتنی مووسا، لەو کاتەدا، پایتەختی رامسیسی دووەم بوو کە بەشاری ((رامسیس)) ناسرا بوو و لە باکووری میسر هەڵکەوتبوو، لە نزیك دەلتای شەتی نیل و تا رادەیەك نزیکی قاهیرەی ئێستا بوو.

ئەمڕۆ، شوێنەوارێك لەو شارە، کە تەلاری بەردینی هەبوو، نەماوە. لە بەر ئەوەی هەموو بەردەکانی کە لە وێرانەکانی شاری رامسیس بوون لەو شارە هەڵیان گرت و لە تەلارەکانی قاهیرە یان باقی شارە نوێکانی میسر، لە ناوچەی دەلتای رووباری نیل، بەکاریان هێنا.

کۆشکی پاشایەتی شاری رامسیس لە تەلارە مەزنەکانی پایتەختی میسر بوو و یەکێك لە دڵ گوشادییەکانی مووسا ئەوە بوو کە لە کاتی ئاوابوونی خۆردا کاتێك کە خۆر لە سوێی رۆژئاوادا لە بەرچاو ون دەبوو، لە نێو ئەو کۆشکەدا بگەڕێ. چونکە کاتێك کە رووناکی ئاخرین تیشکی خۆر بەسەر ستونە بەردینەکان و سەر دەرگاکان و هەیوانە بەردینەکانی ئەو کۆشکە دەکەوت، دیمەنێکی ئەفسووناوی دەهێنایە ئاراو هەر چەند رووناکی رۆژ، لاواز تر دەبوو دیمەنەکان دەگۆڕان تا ئەو دەمە کە رەنگی ئاسمان بەرەنگێکی نیلی لێ دەهات.

مووسا لەو سەردەمەدا، هەرگیز لەسەیرکردنی دیمەنی رۆژئاوا بوون لە کۆشکی پاشایەتی شاری رامسیس تێر نەدەبوو و هەموو رۆژێ کە لەو دیمەنەی دەڕوانی، وەك ئەوە وابوو کە دیمەنێکی نوێ دەبینێ.

ئەمڕۆ شاری رامسیس و کۆشکی پاشایەتی هێندەی ئەودەم مەزن نییە، بەڵام ناوچەی دەلتای رووباری نیل هەیە.[6]

ئەمڕۆکەش لە ناوچەی دەلتای رووباری نیل، ئاوابوونی خۆر، خاوەنی دیمەنێکی تەماشا ئامێزە. مانای درەوشانەوەی دواین تیشکی خۆر بەسەر رووباری نیل، و درەختان و تەلاران و بە لەمی چارۆگەدار کە بەسەر رووی شەتی نیلەوە دەجولێن، دیمەنێکی ئەوەندە تەماشا ئامێز دەهێنێتە ئاراو لە تایبەتمەندییەکانی ناوچەی دەلتای نیل ئەوەیە کە کەمتر وا رێك دەکەوێ دیمەنی ئاوابوونی خۆر لەوێدا لەگەڵ دیمەنی رۆژی پێشو لە یەك بچن و کەسێك کە لەو ناوچەیە دادەنیشێ، هەر رۆژ، دیمەنی دەوروبەر لە کاتی خۆرئاوا بووندا بە شێوەیەك دەبینێ.

(٦) دەلتا یەکێکە لە پیتەکانی ئەلف و بێی یۆنانی کە لە پیتی دالی فینیقییەوە وەرگیراوە و لە ئەلف و بێی یۆنانیدا بە شێوەی سێگۆشەیە و چونکە رووباری نیل کاتێك کە دەچێتە ناو دەریای رۆمەوە بۆ حەوت لق دابەش دەبێ و ئاورێژگەی رووبارەکە وەك سێگۆشە دەردەچێ، بۆیە یۆنانییەکان ئەم ناوچەیەیان بە دەلتای نیل ناو دەبرد و ئەمڕۆش رووباری نیل لە کاتێکدا کە دەرژێتە ناو دەریای رۆمەوە بۆ دوو لق دابەش دەبێ. (و.ف)

-٣-

## لەسەر روانینگە

جارێکیان، رۆژێك، مووسا لە دەمی ئاوابوونی خۆردا، لە نێو کۆشکی پاشایەتیدا گەڕانی دەکرد و بەتام و چێژەوە لە دیمەنەکانی دەورووبەری دەڕوانی تا گەیشتە بەرهەیوانێك کە ستوونی بەردینی ئەستوور و بەرزی هەبوو و پاڵی بە یەکێك لە ستونەکانەوە دا و ئەو وەکو جاران بە تەماشاکردنی دیمەنی جوانی ئاوابوونی رۆژەوە سەرگەرمبوو.

قەڵافەتی مووسا لەو زەمانە کە ئێمە بۆ یەکەم جار تاریفمان کرد بوو بەرزتر ببوو و هەروەها شانەکانیشی پان تر ببوون.

سەرزەوینی میسر، وڵاتێك بوو (ئێستاش هەروا) کە لاوان لەوێدا بە خێرایی گەشەیان دەکرد و کوڕانی میسری لە دوازدە ساڵییەوە دەچوونە قۆناغی باڵق بوونەوەو بە ئاوایەکی گشتی لە وڵاتانی گەرمێندا، لاوان خێراتر وەك لە وڵاتانی کوێستانیدا گەشە دەکەن و دەچنە قۆناغی باڵق بوونەوە.

لە ئاکامی ئەوە کە مووسا گەشەی کرد بوو، جوان تر دەهاتە بەرچاو و لوتیشی بچووکتر ببۆوە. لە حالێکدا کە کوڕەلاو سەرگەرمی تەماشاکردن بوو لە ناکاو دەنگێکی گوێ لێبوو کە گوتی: ئەی شازادە، روانینی تۆ لە بارەی ئەم جوانییەوە چییە؟

مووسا بە ئاقاری دەنگەکەدا رووی وەرگێڕاو ئاموون تپی، کە کاهینەکانی دیکەی ئەو کۆشکە ملکەچی ئەو بوون، ناسی و وەڵامیدایەوە: روانینی من ئەوەیە کە ئەو دیمەنە یەکجار جوانە.

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی گوتی: بەڵام روانینی من ئەوەیە کە ئەو دیمەنەیان هێناوەتە بوون تا ئێمە فریو بدەن و هەرکات ئێمە، زۆر تەماشای ئەم دیمەنە بکەین نەخۆش بکەوین.

مووسا ئیدی منداڵێك نەبوو گۆشەنیگایەك کە لە کەسێکی دیکەوە گوێی لێ دەبێ، بەندە ئاسا قبووڵی بکاو نەتوانێ لە بارەی ئەو گۆشەنیگایەوە، بیرورا دەربڕێ.

ئەو کوڕێك بوو نەوجەوان و لە خوێندن ڕەخساو و بە ئەندازەی تەمەنی خۆشی خاوەن ئەزموون بوو و دەیتوانی لە بارەی شتانەوە ڕوانینی خۆی دەرببڕێ و گوتی: ئاموون تپ، من وا خەیاڵ ناکەم تەماشاکردنی جوانی، کەسێك نەخۆش بخا، من بیستومە کە جوانی یەکێکە لەو حەوت بەهرانەی کە بەتیرەی بەشەر دراوەو ئەو بەهرانەی کە بە تیرەی ئادەمیزاد دراوە مایەی بەختەوەری ئەوەو ئەو شادمان دەکا و مایەی نەخۆشی نابێ. لەو دەمەدا خۆر بەتەواوی ئاوا ببوو و هەوا بوولێڵ ببوو، بە جۆریك کە مووسا روخساری کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی نەدەبینی، بەڵام دەنگی ئەوی گوێ لێ دەبوو.

بە هۆی ئەوە کە هەوا بوولێڵ ببوو مووسا چاوی لێ نەبوو کە کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی زەردەخەنە گرتویەتی.

لەواقیعدا مەبەستی کاهین تاقیکردنەوەی مووسا بوو، و دەیویست پەی بە ئاستی گەشەکردنی فیکریی ئەو بباو بزانێ کە ئایا بیری ئەو لە پێشان بەر بلاوتر بووە یا نا، و بۆ ئەوەی ئەو کوڕەلاوە تاقی بکاتەوە گوتی: ئەی شازادە ئایا تۆ دەڵێی هەر شتێك کە مرۆڤ تام و چێژی لێ بکا باشە؟

مووسا گوتی: نا ئەی ئاموون تپ من نەمگووت کە هەرچی مایەی تام و چێژی مرۆڤ بێت باشە، بەڵکو گوتم جوانیی، مرۆڤ نەخۆش ناخا، چونکە جوانیی یەکێك لە حەوت بەهرەکانە کە بە تیرەی بەشەر دراوە و بەهرەکان هۆکاری بەختەوەری و چاکی دەبن نەك نەخۆشی.

ئاموون تپ کە لە بن یەکێك لە ستوونەکان دانیشتبوو هەستایە پێ و لە تاریکیدا لە کوڕەلاو نزیك بۆوە و دەستی گرت و گوتی: وەرە با لەم بەرهەیوانە بچینە دەرێ و بڕۆینە ناو باخ.

مووسا دەستی لە دەستی کاهینی گەورە دەرنەهێنا و پێکەوە لە پلیکانەکانەوە هاتنە خوارێ. سەرەڕای ئەوەش کە هەوا تاریك ببوو چاوەکانی کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی پلیکانەکانی بە باشی دەدی تا گەیشتنە ناو باخەکە.

ئەوباخە ناوێکی تایبەتی نەبوو، بەڵام ئەو کۆشکە کە بەبەرد دروستیان کرد بوو بە ناوی((فیرعەون)) ناویان دێنا، مانای ((ماڵی گەورە)) و لەو زەمانەدا، فیرعەون- هەر وەکو گوتمان — بووە ناونیشانی پاشای میسر و پێش ئەو مێژووە ناونیشانی هیچ یەکێك لە پاشایانی میسر، فیرعەون نەبوو.



پاش ئەوە کە چەند هەنگاوێك بە نێو باخەکەدا ڕۆیشتن، ئاموون تپ گوتی: ئەی شازادە، ماوەیەکە دەمەوێ پرسیارێك لە تۆ بکەم، بەڵام هەلێك نەهاتۆتە پێش تا لێت بپرسم.

مووسا گوتی: ئێستا کە هەل هاتۆتە پێشەوە بپرسە.

ئاموون تپ گوتی: من دەوێ ئەوەت لێ بپرسم ئەو ڕووداوەی لە نێوان تۆ و ڕامسیس ستی دا ڕوویداوە چی بووەو بۆچی تۆ ئەو شازادەیەت بە زەوی داداوە تا وای لێ بکەی شەقازلەیەکت لێبدا؟

مووسا گوتی: ئەی ئاموون تپ من دەمویست ئەو ڕووداوە لە بیر خۆم بەرمەوە و گوتەکەی تۆ دووبارە وەبیر هێنامەوە. من بەو شێوەیە کە هەمان ڕۆژ بە ڕاهێنەری تیرهاوێژیم گوت نەمدەویست ڕامسیس ستی بە زەویدا بدەم، بەڵکو دەمویست کەوانی ئەو دابگرمە خوارەوە، ئەوبە ڕێکەوت کەوتە سەر زەوی.

ئاموون تپ گوتی: وەك من بیستومە تۆ گوتووتە نەتویستووە منداڵی غولام زادەیەك بکەوێتە بەر نیشانی تیر.

مووسا گوتی: وایە.

ئاموون تپ گوتی: من لە حاڵ و وەزعی حەوشەی تیرهاوێژیی ئاگاداریم هەیە و دەزانم کە نیشانەکان بە دیواردا دادەکوتن و هەروەها دەزانم کە لە پشت ئەو دیوارە درەختۆکەیەك هەیە کە منداڵانی غولام زادەکان دەچنە سەری تا تەماشای تیرهاوێژی شازادەکان بکەن و لەو جێیەی دیوارەکە، کە منداڵانی غولام زادە سەریانی لێ وەدەر دەنێن مەودایەکی زۆریان هەیە و بە دوور دەزانرێ کە تیرهاوێژێك ئەوەندە ناشارەزابێ کە نیشانەکە لەگەڵ سەرەوەی دیوارەکە، تێکەڵ بکا.

مووسا گوتی: ئاموون تپ قسەی تۆ ڕاستەو تیرهاوێژ هەر چەندە نا شارەزابێ، نیشانەیەك کە بە کەمەری دیواردا داکوتراوە لەگەڵ سەری دیواردا تێکەڵ ناکا لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەزانی کە منداڵانی سەر دیوارەکە، کەوتوونەتە بەر نیشانی تیر و کوژراون.

ئاموون تپ گوتی: کەوا بوو دەبێ بڵێین هەندێك لە تیرهاوێژان ئەوەندە ناشارەزان کە ئامانجی کەمەری دیوارەکە لەگەڵ سەرەوەی دیوارەکە تێکەڵ دەکەن.

مووسا گوتی: نا ئەی ئاموون تپ، تیرهاوێژ هەر چەندێك ناشارەزا بێ تا ئەو ڕادەیە هەڵە ناکا و من دیقەتمدا کە هەندێك لە شازادەکان لە ڕووی ئەنقەستەوە منالانی غولام زادەکان لەسەر دیوار دەکەنە بەرنیشانی تیرهاوێژی خۆیان.

ئاموون تپ بە بیستنی ئەو قسەیە زۆر سەری سووڕنەما، چونکە  نیشان گرتن لە منداڵێکی غولام زادە، ئەوەندە بایەخەی نەبوو کە پیاوێکی وەك کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی دووچاری سەرسووڕمانێکی زۆر  بکاو گوتی: گریمان ئەوەش قبووڵ بکەین کە هەندێك لە شازادەکان، بە ئەنقەست، کوڕانی غولام زادە دەکەنە نیشانی تیرهاوێژی، لەو ڕۆژەدا غولام زادەیەك نەببووە نیشانی تیرهاوێژی تا تۆ براکەی خۆت بەو گوناهەوە بخەیە ژێر باری سووکایەتییەوە.

مووسا گوتی: ئەگەر من کەوانی ئەوم دانەگرتبایە خوارێ لەوانە بوو کە منداڵە غولام زادەکە ببێتە نیشانەی تیرهاوێژی.

ئاموون تپ پرسی: ئەی مووسا، تۆ بە چی را درکت بەو مەسەلەیە کرد؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من لە درێژبوونەوەی کەوانی رامسیس ستییەوە درکم بەو مەسەلەیە کرد و هەر کەسێك ماوەیەك تیرهاوێژی کردبێ لە درێژبوونەوەی کەوانی تیرهاوێژەوە تێدەگا، تیری ئەو، بۆ کوێ دەچێ.

ئاموون تپ گوتی: تۆ لەو قەرارەوە وا دەڵێی کە براکەت بە ئەنقەست دەیویست منداڵی غولام زادەیەك بکاتە ئامانجی تیرهاوێژی.

مووسا گوتی: من وا وێنادەکەم کە ئەو بە ئەنقەست خەریك بوو سەری دیوارەکەی دەکردە نیشانە، چونکە لەو دەمەدا رامسیس ستی تیرهاوێژێکی کارامە بوو و لە من باشتر تیرهاوێژی دەکرد و من نەمدەتوانی قبووڵی بکەم تیرهاوێژێکی وەك ئەو، نیشانێك کە بەکەمەری دیوارەوەیە لەگەڵ سەرەوەی دیوار، ئاڵ و گۆڕ بکا.

ئاموون تپ گوتی: دەتەویست رێگا نەدەی ئەو، سەری دیوارەکە بکا بە نیشانەو بەو گریمانەی کە منداڵی غولام زادەکە  نەبێتە ئامانجی تیرهاوێژی و ڕووداوێکی گەورە نەیەتە پێشەوە.

مووسا گوتی: من نەمدەتوانی تەحەمولی ئەوە بکەم کە منداڵە غولام زادەکە ببێتە نیشانی تیرهاوێژی.

ئاموون تپ گوتی: تۆ شازادەیەکی دانای، بەڵام ئەم جۆرە بیرەی تۆ وەکو کوفر وایە و مرۆڤ نابێ سووکایەتی بە فیرعەون زادەیەك بکا بە شیمانەی ئەوەی نەوەکو منداڵێکی غولام زادە بکەوێتە بەر نیشانی تیرهاوێژی، ئەگەر وابێ چ جیاوازییێك لە نێوان فیرعەون زادەیەك و غولام زادەیەکدا هەیە و لەوەش هەورازتر، چ جیاوازییەك لە نێوان فیرعەونێك و غولامێکدا هەیە و



من یەقینم ئێستا کە دایکت لەو بەرهەیوانە، کە بە سەر رووباری نیلدا دەڕوانێ، دانیشتووە، بە بیستنی ئەم کارەی تۆ و لەوەی کە بۆ پشتیوانی لە یەك غولام زادە سووکایەتیت بە فیرعەون زادەیەك کردووە یەکجار نیگەران بووە.

مووسا بێدەنگی لێکرد و بۆ ئەوەی کە بابەتی قسەکردنیان بگۆڕێ، پرسی: ئایا گوتت کە ئێستاکە دایکم لەو بەر هەیوانە دانیشتووە کە بە سەر رووباری نیلدا دەڕوانێ؟

ئاموون تپ گوتی: بەڵێ و ئەو چاوەڕێی هەڵهاتنی مانگ دەکا تا وێنەی مانگ لە روخساری دایکی بە ساڵدا چوومان، نیلدا ببینێ[٧].

مووسا گوتی: دایکم پێی خۆشە وێنەی مانگ لە نێو ئاوی نیلدا تەماشا بکا و جوان مانگ ببینێ.

ئاموون تپ گوتی: لە رابردوودا دایکت لە وێنەی مانگی ناو ئاوی نیل جوانتر بوو. من  لە بیرمە کە ژمارەیەك لە پیاوانی گەورە لە کۆندا دایکتیان خۆش دەویست و دایکی خەسڵەت چاکی تۆ ئەوەندە جوان بوو کاتێك کە بە جێگایەکدا تێدەپەڕی، خەڵك، هەردوو ئەژنۆیان دادەدا سەر زەوی و سەریان لەو جێیە دادەنا کە دایکت پێی پێدا نابوو و لەوانەیە هەرگیز لە جیهاندا ئافرەتێك بە جوانی دایکت نەیەتەوە بوون.

مووسا پرسی: ئەی ئاموون تپ ئایا تۆش لە رابردوو یەکێك لەوانە بووی کە سەریان لەو جێیە دادەنا کە دایکم پێی پێدا نا بوو؟

ئاموون تپ گوتی: من ئێستا پیاوێکی بە ساڵدا چووم و بیرەوەری پیران لاواز دەبێ لەبەر ئەوە ناتوانم وەڵامی پرسیاری تۆ بدەمەوە ئایا دێی تا بچینە سەر روانینگە و ئایا دەزانی کە روانینگە لە کوێوەی ئەم باخەوەیە؟

مووسا گوتی: بەڵێ دەزانم روانینگە لە کوێی باخەوەیە.

ئاموون تپ گوتی: چوون بۆ روانینگە لە کاتی شەودا زۆر شادی بەخشە، چونکە لە سەرەوەی روانینگەوە دەتوانی دیمەنگەلێك ببینی کە لە جێگای دیکەڕا نا توانی بیانبینی.

مووسا وێرا بەوەش کە لاوێك بوو، و تاقیکردنەوەی زۆر نەبوو، لە وەڵامی ئاموون تپ تێگەیشت کە ئەو پیاوە نەیویست وەڵامی بداتەوە ئەگەر نا نەیدەگوت لە ئەنجامی

---

(٧) شەتی نیل لە میسری کۆندا زۆر ناونیشانی هەبووە لەوانە پیرەدایەن، دایەپیرە و چونکە ژیانی میللەتی میسر بە ئاوی نیل پەیوەست بووە و ئەمڕۆش ئەگەر ئاوی نیل نەبێ وڵاتی میسر دەبێتە بیابانێکی وشك و بەیار.(و.ف)

بەساڵداچوون بیرەوەری لە دەسداوە. پیاوێك بیرەوەری رابردووی لە دەسدابێ هیچ رووداێکی رابردووی نایەتەوە یاد، لە حاڵێکدا ئاموون تپ رووداوەکانی پەیوەست بە دایکی ئەوی لە بیرمابوو و ئەی چۆنە کە دەڵێ ناتوانێ وەڵامی پرسیارەکەی ئەو بداتەوە.

روانینگەی کۆشکی پاشایەتی پایتەختی میسر، تاوەرێکی بەرزی هەبوو و کاتێك بە پلیکانەکانی تاوەردا سەردەکەوتنە سەرەوە، ئاموون تپ، پشووی سوار بوو، بەڵام مووسا بێ ئەوەی هەست بە بچووکترین نارەحەتی بکا بە چاپوکییەوە بە پلیکانەکاندا دەچووە سەرێ.

پێش ئەوەی بگەنە سەرەوەی تاوەرەکە، دوو کۆتەڵ لە دوو لای پشتی سەرەوەی تاوەرەکە کەوتنە بەر چاوی مووسا، کورەلاو دەیزانی یەکێك لەو دوانە، کۆتەڵی ((ئیزیس))ە کە یەکێکە لە ئیلاهەکانی میسری و ئەوی دی کۆتەڵی ((ئوزیریس))ی مێردی ئەوە.

مووسا زانیاری هەبوو کە ((ئوزیریس)) مێردی ((ئیزیس)) خوای مەرگ و سەر زەوینی رۆژئاوا ((مانای گۆرستان))ە. سەرباری ئەوەی کە ئەو دوو کۆتەڵە، دوو پارچە بەردی بێ گیان بوون، دەتگوت لەو کاتەی شەودا، گیانیان لە بەردایەو دەیانتوانی قسە بکەن.

چەند پلیکانێکی بۆ سەرەوە مابوو ئاموون تپ دەستی لە سەر شانی مووسا داناو گوتی: راوەستە.

مووسا راوەستاو ئاموون تپ گوتی: وەك گوێت لێیە کاهینان لە سەر تاوەری روانینگە سەرگەرمی خوێندنی ((زەبوور))ن چونکە خوایانی شەو، ئەم ئاهەنگەیان پێ خۆشەو ئەگەر ئێمە لەو دەمەدا بچینە سەرەوە، ئەو کاهینانەی کە سەرگەرمی خوێندنی ئاوازن دەنگی خۆیان رادەگرن و ئێمە لە بیستنی پاشماوەی ئاهەنگەکە بێبەش دەبین.

مووسا، ئاهەنگی ((زەبووری شەو)) کە کاهینەکان هەموو شەوێك، لە سەرەوەی تاوەری روانینگە دەیانخوێند، دەناسی و لە ئاهەنگی ئەوان کە جۆرێك لە رینگ ((مانای گۆرانی خاوەن کێش و هەست خرۆشێن)) بوو، چێژی وەردەگرت.

هەموو دانیشتوانی کۆشکی پاشایەتی ئەو ئاهەنگەیان گوێ لێ نەدەبوو، چونکە ئەو کاهینانەی کە هەر شەو لە سەرەوەی تاوەری روانینگە دەیانخوێند، بە دەنگێکی زۆر بەرز ((زبوور))یان نەدەخوێندەوە نەوا ببێتە مایەی نارەحەتی فیرعەون. بۆیە ئەو بەشەی دانیشتوانی کۆشکی پاشایەتی کە لە روانینگە دوور بوون دەنگی ئەوانیان گوێ لێ نەدەبوو.

بەڵام ئەوانەی کەماڵیان لە نزیکی روانینگەوە بوو، دەیانتوانی ئاهەنگی خۆش و هەست خرۆشێنی کاهینانی میسری ببیستن و ئاهەنگە مەزهەبییەکانی میسرییەکان هەموویان



هەژێنەر و هەست خرۆشێن بوون و بە شێك لەو ئاهەنگانە، پاش ئەوەی کە فیرعەونەکان لە ناوچوون، لە میسر مایەوە و گەیشتە نەوەکانی داهاتوو و تا ئەو کاتەی عەرەبەکان میسرییان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە ئینجا ئەو ئاهەنگە خاوەن کێش و هەژێنەرانە لە لایەن عەرەبانەوە وەرگیران و لە وڵاتانی دیکە، خەڵك ئەم ئاهەنگانەیان بە مۆسیقای عەرەبی زانی و قەومی عەرەب ئەو ئاهەنگانەیان نەبوو کە ئەمرۆ بە ناوی رینگ دەیخوێنینەوە ( بە زمانی ئینگلیزی ریسم ) و ئاهەنگگەلی خاوەن کێش و هەژێنەری عەرەبی، لە میسری کۆنەوە چووە ناو مۆسیقای عەرەبەوە.

مووسا و ئاموون تپ راوەستان تا ئاهەنگی کاهینان تەواو بوو، ئینجا ئەو پلیکانەیان بڕی کە مابوویان و گەیشتنە سەرەوەی تاوەرەکە.

سەرەوەی روانینگەی کۆشکی پاشایەتی، پانتاییەك بوو بە پێوەری ئەمڕۆ، بە فراوانی شازدە مەتر دووجا و مووسا بینی چوار کاهینی سپی پۆش، لەسەر زەوی دانیشتوون و هەمان ئەوانە بوون کە زبووری شەویان دەخوێندەوە.

کاهینەکان هەر لە نیگای هەوەڵەوە سەرۆکی خۆیان ئاموون تپیان ناسی، بەڵام نەیانتوانی مووسا بناسن و بە جۆرێکی پرسیار ئامێز لەویان روانی و بە زمانی حاڵ لە سەرۆکی خۆیان پرسی ئەم لاوەکێیە؟

ئاموون تپ گوتی: چۆن ئێوە ئەم لاوە مەزن زادەیە ناناسن ئەو کوڕی پاشا و منداڵی شازادەخانم ئەنخاس ئاموونە.

کاهینان کاتێك کورەلاویان ناسی بە خێرهاتنیان کرد و یەکێکیان کە پیاوێکی کورتە باڵا بوو گوتی: ئەی مووسا ئێرە جێگایەکە تێیدا فێری زانست دەبن.

مووسا گوتی: دەزانم لێرە فێرکردنی زانستی ئەستێرەناسی ئەنجام دەدرێ.

چوار کاهین کە لەوێ بوون وەك ئەوەی کە نەیانەوێ کەش و هەوای مووسا و ئاموون تپ بشێوێنن، لە جێی خۆیان هەستان و بەرەو لایەکی ئەو جێگایە چوون و مووسا لە بانێژەی چوار دەوری تاوەرەکە نزیك کەوتەوە و پاڵی پێوە داو بە تەماشاکردنی دیمەنەکانی دەورو بەرو ئاسمان خەریك بوو.

لەوێوە هەموو کۆشکی پاشایەتی دەبینراو هەروەها لقەکانی رووباری نیل کە بەرەو باکوور دەچوو، بەرچاو دەکەوت. پاشان مانگ هەڵهات و تیشکی ئەو لە سەرەتادا کەمێك ئەرخەوانی بوو ئینجا سپی بوو.

سەرەوەی روانینگە نوای نەبوو. چونکە ئەگەر نوای هەبووایە، نەیاندەتوانی لەوێوە ئەستێرەکانی ئاسمان بە چاکی ببینن و پاش ئەوەی کە مانگ ماوەیەك بەرز بۆوە، مووسا مانگی ئەوەندە بە نزیکی دەدی کە وای وێنا دەکرد ئەگەر دەستی خۆی درێژ بکا دەتوانێ دەستی لێ بدا و تەنانەت دەستی خۆشی درێژ کرد و ئاموون تپ پێکەنی و گوتی: ئەی شازادە، دەستی تۆ بە ئیزیس[٨] راناگا !

ئاموون تپ لە مووسا نزیك بۆوەو دەستی لەسەر شانی دانا.

چوار کاهینەکە کە لە سەرەوەی تاوەرەکە بوون لە مووسا و ئاموون تپ دوورکەوتنەوە و بە لەسەرەخۆییەوە لەگەڵ یەکتریدا قسەیان دەکرد.

پاش چەند ساتێك کە دەستی ئاموون تپ لەسەر شانی کوڕەلاو بوو، دەستی لەسەر شانی لابرد و بەهەمان دەست بەرەو مانگ دەستی رادا شت و گوتی: دەزانی ئەمە ناوی چییە؟

مووسا گوتی: ئەمە ناوی مانگەو ئیزیسە. کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی پرسی: ناوی خۆر چییە؟

مووسا گوتی: ناوی خۆر، خۆرە.

ئاموون تپ گوتی: ئایا ناوێکی دیکەی نییە؟

مووسا گوتی: ناوی خۆر، خۆرە.

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی گوتی: ئاوانییە و ناوی خۆر ((ئاتوون))ە.

کاتێك مووسا ناوی ئاتوونی هاتە بەرگوێ بە جۆرێك راچەنی دەتگوت جارێکی دیکە براکەی شەقازلەی لێداوە و رەنگ لە روخساریدا نەماو پاشان گوتی: ((نەفرەت لەم ناوە بێ)).

کاهینی گەورە پرسی: ئەی مووسا بۆ نەفرەتت لە ئاتوون کرد؟

کوڕەلاو وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی ئاتوون تاوانبارێك بوو کە هەموو خواکانی میسری کوشت.

کاهینی گەورە گوتی: تۆ ئەم قسەیەت لە کێ بیستووە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من لە مامۆستایانی خۆم بیستووە؟

کاهینی گەورە گوتی: مامۆستایانی تۆ درۆیان لەگەڵ تۆدا کردووە و لەوانەشە خۆشیان ئاوا وێنایان کردبێ کە پێویستە ئاتوون بە نەفرەت بکرێ، لەبەر ئەوەی هەموو خوایانی میسری کوشتووە.

مووسا گوتی: ئایا تۆ دەڵێی کە ئاتوون شایانی نەفرەت نییەو خوایانی میسری نەکوشتووە.

(٨) میسریانی کۆن مانگیان بە ئیزیس ناو دەبردو ئەویان بەژن دەزانی. (و.ف)



ئاموون تپ گوتی: یەکەمیان کوشتنی خوایان کارێکی ئاسان نییە کە ئاتوون بە ئاسانی بتوانێ بیانکوژێ. دووەمیان ئەو خوێن رێژ نەبوو کەسی نەدەکوشت. جا خوا بێ یا بەندە.

مووسا گوتی: من چۆن واز لە باوەڕێك بێنم کە مامۆستایانم بەمنیان گوتووە و چۆن قسەکەی تۆ قبووڵ بکەم.

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی گوتی: ئەوەی کە مامۆستاکانت لە بارەی ئاتوونەوە بە تۆیان گوتووە باوەڕی رەسمی رامسیسی دووەم، پاشای میسرەو وەکو گوتم ئەوان ئەگەر ئاتوون بە باشیش بناسن دیسانەوە ناچارن بە تۆ بڵێن کە ئەو هەموو خواکانی کوشتوە و کاتێك کە ناوی دەهێنرێت دەبێ بە نەفرەت بکرێ.

مووسا گوتی: من لە مامۆستاکانم گوێ لێ بووە کە ئاتوون لە سەردەمانی کۆندا ژیاوە.

ئاموون تپ گوتی: یەکەمیان (( ئاتوون )) هەمیشە لە ژیان دایەو تا رۆژێك جیهان مابێ ئەویش دەژی و دووەمیان کاتێك ئایینی ئاتوون لە میسر برەوی ستاند، من لاوێکی چواردە یا پازدە ساڵە بووم، بۆیە ئەو سەردەمەم بە باشی لە بیرە و دەزانم کە چۆن فیرعەونی میسر دەرهەقی ئاتوون دڵسۆزی خۆی دەردەخست و بۆ پەرستنی ئەو شیعری دادەناو چۆن خەڵکی بۆ قبووڵ کردنی ئایینی ئاتوون پێشبڕکێیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد.

مووسا گوتی: ئایا تۆ ئاموونت دی؟

ئاموون تپ گوتی: ئاتوون هی بینین نەبوو و نییەو ناشبێ تاکو کەسێك بتوانێ ئەو ببینێ.

مووسا لەو قسەیە سەرسامی نیشاندا و پرسی: ئەگەر ئاتوون هی بینین نەبوو تۆ چۆن دەڵێی فیرعەونی میسر ئەوی دەپەرست و خەڵکیش ئایینی ئەویان قبووڵ کرد؟

من ئێستا ئوزیریس لەبەرامبەر خۆمدا دەبینم، لە وردەکارییەکانی قەڵافەتی ئەو دەڕوانم، هەروەها مێردەکەشی ئیزیس دەبینم و دەتوانم نیگای قەڵافەتی بکەم و هەرکاتێکیش یادێك لە ئیزیس و ئوزیریس بکەم، قەڵافەتی ئەوان لەبەر چاوم بەرجەستە دەبێ، بەڵام چۆن دەتوانرێ ئاتوون کە هیچ کەسێك نەیدیوە و نایبینێ و لە داهاتووشدا نایبینێ، بپەرسترێ؟

ئاموون تپ گوتی: ئەی مووسا لە جیهاندا، ئەوەی کە بنەڕەت بێ و واقیعیەتی هەیە شتێکە کە نا بینرێ و ئەو شتانەی کە دەبینرێت ئەوە لقەکانن.

مووسا گوتی: من تێناگەم تۆ دەڵێی چی؟

ئاموون تپ گوتی: تۆ بەو هۆیەوە تێناگەی من چ دەڵێم کە هێشتا کەم تەمەنی، گەرچی پێت ناوەتە قۆناغی لاوییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنت بچووکە و لەوەش بەو لاوە، لەو

ڕۆژەوە کە چاوت کردۆتەوە، تا ئەمڕۆ هەر کۆتەڵی خوایانی میسرت دیوە. هەر خوایەك کە بە بەر گوێت کەوتووە، خاوەنی کۆتەڵێکەو تۆ خووت پێوە گرتوە کە خوایانی میسر بە شێوەی کۆتەڵ ببینی و ناتوانی ئەوە قبووڵ بکەی کە خوایەك هەیە و ناتوانی بیبینی، بەڵام دەتوانرێ پەی بە بوونی ببرێ، هەر بەو شێوەیە کاتێك کە تۆ لە نێو باخ پیاسە دەکەی بۆنی گوڵان دەکەی، بەڵام ناتوانی ئەو بۆنە ببینی. ئاتوون، ئەو خوایەی کە نابینرێ، وەکو ئەو گوڵاوە وایە کە تۆ بۆنی دەکەی و پەی بە بوونی دەبەی، بەڵام نایبینی.

مووسا گوتی: من گوڵاو نابینم، بەڵام بە هەستی بۆن کردنی خۆم پەی بە بوونی ئەو دەبەم بەڵام بە هۆی هەستی بۆن کردنەوە ناتوانرێ پەی بە بوونی ئاتوون ببرێ.

ئاموون تپ گوتی: بەڵام دەتوانی بە هۆی ئەقڵەوە تێبگەی کە ئاتوون هەیە.

مووسا پرسی: تۆ بە هۆی ئەقڵەوە تێگەیشتی کە ئاتوون بوونی هەیە؟

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی گوتی: بەڵێ ئەی شازادە.

مووسا گوتی: بەو پێوودانگە بێ تۆ ئاتوونپەرستی و ئەی ناوی تۆ بۆ ئاموون تپەو ئەمە وانیشان دەدا کە تۆ ئاموون دەپەرستی نەك ئاتوون.

ئاموون تپ گوتی: ئەم ناوە باوك و دایکم بۆ یان هەڵبژاردووم، بەڵام تۆ کە لاوێکی خوێندنت تەواوکردووە تێدەگەی ئەگەر باوك و دایکی من ناوی (( ئاتوون تپ )) یان بۆ من هەڵبژاردبا من ئەمڕۆ نەمدەتوانی ئەم ناوە بۆ خۆم دابنێم و ئەم ناوە بە جۆرێك بەر نەفرەت بووە کە کاتێك من ناوی ئەوم هێنا تۆ لە جێی خۆت ڕاچەنی.

مووسا گوتی: من لە ڕق و تووڕەییدا ڕاچەنیم و جارەهای جار لە دایکم و ئەو مامۆستایانەی کە دەرسیان بە من دەگوت بیستووە کە ئاتوون خوایەکی خوێن ڕێژو درۆزن بوو و فیرعەون ئاموون هوتپی چوارەم، پاش ئەوە کە گەیشتە پاشایەتی، بووە لایەنگری ئەو خوا درۆزن و خوێنرێژەو ناوی خوای گەورەی میسری لە سەر خۆی هەڵگرت و لە جێگای ئەو دا خوای درۆزن، ئاتوونی داناو نازناوی ((ئاخن ئاتوون)) یان ((ئەخناتوون))ی بۆ خۆی دانا.[٩]

---

(٩) فیرعەون ((ئاخن ئاتوون)) یا ((ئەخنا توون)) هەمان ئەو فیرعەونەیە کە لە کتێبی ناسراوی ((سینۆهە پزیشکی تایبەتی فیرعەون)) دانانی ((میکاڤالتاری)) نووسەری ناسراوی فنلاندییە، ئاموون خوای خوایانی میسری بوو و کاتێك کە ئەخناتوون بووە پاشای میسر، خوای نەبینراو، ناسراو بە ئاتوونی بە خوای خوایانی میسر ناساند و بۆیە ئەخناتوون، فیرعەونی میسر یەکەمین کەسە کە لەم وڵاتەدا ولە وانەیە لە جیهاندا کە باوەڕی بە یەکتاگەری و نەبینراوی خوای گەورە  هێنا و هەڵبەتە بە پێی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و



ئاموون تپ گوتی: من ئەوە بەڕاست دەزانم کە ئەو باوەڕەی لە کاتی منداڵییەوە لە ویژدانی کەسێکدا جێگای گرتبێ، ناگۆڕێ مەگەر بە شێوەیەك کە خاوەنی ئەو باوەڕە بگاتە قۆناغی گەشەی ئەقڵی و بتوانێ بە هێزی ئەقڵ پەی بە هەقیقەت ببا.

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی گوتی: پاشای میسر  کە ئایینی ئاتوونپەرستی هێنایە ئاراو پەرەی پێدا، شاژنێکی هەبوو کە چاوی ڕۆژگار ژنێکی لەو جوان تری نەدیبوو و ئەوی بە ناوی((نفرتی تی)) ناو دەبردو ((نفر)) مانای ((جوان)) و ((تیتی)) مانای ((روخسار)) و ناوی ئەو شاژنە ((جوان روخسار)) بوو.

مووسا پرسی: ئایا ئەو ژنە لە سەردەمانی لاوی دایکیشم جوان تر بوو؟

ئاموون تپ گوتی: لەو ڕۆژەوە کە ژن لە جیهاندا خوڵقاوە ژنێك کە لە نفرتی تی جوان تر بێ نەهاتۆتە دنیاوە.

مووسا پرسی: ئەو شاژنە چی لێهات؟

ئاموون تپ وەڵامیدایەوە: وەکو هەموو شاژنەکانی میسر بەرەو دنیای ڕۆژئاوا چوو (مانای مرد). ئایا دەزانی ئەم ئاخاوتنەی کە ئەمشەو لەگەڵ تۆدا کردم لەوەڕا هاتووە کە من ئیدی تۆ بە منداڵێك نازانم، و گەرچی هێشتا نەگەیشتوویە قۆناغی کامڵبوون، بەڵام ئیدی تۆ منداڵ نی و سەرباری ئەوەش خاوەنی کەسایەتی و گەوهەری و هەر بۆیە من ئەمشەو لە بارەی ئاتوونەوە قسەم لەگەڵدا کردی، چونکە دەمزانی کە من دەتوانم متمانە بە نهێنی پارێزی تۆ بکەم.

مووسا گوتی: ئاموون تپ متمانەت بە نهێنی پارێزی من هەبێ و من دەزانم ئەوی کە بە منت گوت ئەگەر بەر گوێی  فیرعەون بکەوێتەوە تۆ دەکوژێ.

ئاموون تپ دەستی مووسای ماچ کرد و گوتی: ئێستا بڕۆ بۆ لای دایکت، چونکە بە تەنیایە و ئەگەر تۆ ببینێ خۆشحاڵ دەبێ و لە وەزعی تەنیایی دێتە دەرێ.

* * *

---

ریوایەتەکانی تەورات، پێش ئەخناتوون لە ڕۆژهەڵاتی نزیك، پێغەمبەرانێك هاتوون کە هەموویان بە خوای تاك و نەبینراو باوەڕیان هەبووە، بەڵام قەباڵەیەکی مێژوویی بە شێوەی قەباڵەیەکی دنیا پەسندکردووی ڕۆژگاری ئێستا لە وان  نەماوەتەوە، لە حاڵێکدا  کە قەباڵەگەلی بێ چەندو چوون لە بارەی ئەخناتوون و سەردەمی ئەوەوە هەیە و بەڵگە نەویستە کە ئێمە بەم گوتەیە پەنا بە خوا نامانەوێ شتێکی جیاواز بە ئایەتە پیرۆزەکانی کتێبی ئاسمانی خۆمان بڵێین. (و.ف)

یەکێك لەو شتانەی کە فێری شازادەکان و شازادەخانمەکانی میسر دەکرا، هونەری مەلەکردن بوو. هیچ میسرییەك نەبوو کە مەلە نەزانێ، چونکە هیچ کەسێکی میسری نەبوو لە لێواری شەتی نیل نەژیا.

شەتی نیل شادەماری ژیانی میسر لەوساش و ئێستاشە. لەو ولاّتەدا، هەر کەسێك کە دەیویست بژی ناچار بوو لە لێواری شەتی نیلدا بژی. بەو هۆیەوە هەر لە سەرەتای هاتنە ئارای شارستانێتی لە میسر، هەموو شارەکان، جا چ شارە ئاساییەکان بێ یا پایتەخت، لە لێواری شەتی نیل بنیات نرابوون و هەموو شارۆکەو گوندەکان لە لێواری ئەو شەتەدا هاتنە ئاوا بوون.

شازادەو شازادەخانمەکان بۆ دوو ئامانج فێری مەلەکردن دەکران: یەکێکیان بۆ ئەوەی لە کاتی هەستانی رووباری نیل و لە کاتی ئاساییدا بتوانن لەو شەتەدا مەلە بکەن و ئەوی دیکەش بۆ ئەوەی بچنە ناو ئاوەوە تا فێنك ببنەوە.

لە کاتی رۆژدا مەلەکردن لە شەتی نیلدا بێ مەترسی نەبوو، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو تیمساح هێرش بکاتە سەر مەلەوان، بەلاّم پاش داهاتنی تاریکان، تیمساحەکان، لە ئاو دەهاتنە دەرەوە و لە لێواری شەت (لە وشکانیدا) پشوویان دەدا و مەلەکردن لە شەتی نیل لە دەمی شەودا مەترسی نەبوو.

شەوانێك کە شازادە و شازادەخانمەکان، مانای منداڵانی رامسیسی دووەم، دەبووایە مەلە بکەن، ئەوانیان سواری کەشتییەکی پاشایەتی دەکرد و بەرەو جێگایەکی رووبارەکەیان دەبردن کەلە جێگاکانی دیکە پانتر بووایە و لەوێ کوڕان و کچان جلەکانیان دادەنا و دەچوونە ناو ئاو و خۆیان نقوم دەکردو مەلەیان دەکرد.

تەمەنی مووسا لە سێزدە ساڵ تێپەڕی کردبوو، بەلاّم لە کوڕێکی کە تەمەنی لە چواردە بەهاری ژیانی تێپەڕبووبێ، زیاتر بەغیرەت و بە هێز دەهاتە بەرچاو.

شەوێك کە مووسا و براکانی و خوشکەکانی و هەموو منداڵانی بنەماڵەی پاشایەتی لە نێو رووباردا مەلەیان دەکرد. مووسا دیقەتیدا کچێکی جوان بە ناوی ((نفروئیزوس)) بە ئەنقەست لە پەنای ئەودا مەلە دەکا.

مووسا دەیزانی نفروئیزوس تەمەنی لە چواردە ساڵ زیاترە و ماوەی پێنج مانگ لە چواردە ساڵی ئەو تێدەپەڕێ.



تەمەنی چواردە ساڵی لە میسر ئاستی دیاریکراوی شووکردنی کچان بوو و هەندێك لە کچانیان لە سێزدە ساڵیدا بە شوو دەدا.

نفروئیزوس وەك ماسی لە ئاو دا مەلەی دەکرد و بە مووسای دەگوت: تۆ لە من باشتر مەلە دەکەی و هیچ کام لە شازادەکان ناتوانن وەکو تۆ مەلە بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە نفروئیزوس لە مووسا گەورەتر بوو و هونەری مەلەکردن لە مووسا زووتر فێر ببوو، لە نێو دۆستاندا بە مەلەوانی شارەزا ناسرا بوو، بەلاّم نەیدەتوانی وەك مووسا بە خێرایی مەلە بکا. مووسا لاوێکی بەهێز بوو هەمیشە لە مەلەکردندا پێشی لەوانی دیکە دەگرتەوە.

شەوێك پاش خۆشووشتن و مەلەکردن، کاتێك لە ئاو هاتنە دەرێ، لە بەر ئەوەی هەوا کەمێك سارد بوو، هەستیان بە سەرما کرد و مووسا بۆ ئەوەی کچەکە گەرم بکاتەوە، پەشتەماڵێکی زیادەی کە پێی بوو دابەکچەکە تا شانەکانی خۆی پێ داپۆشێ، و نفروئیزوس، وێرای سوپاس کردن لە مووسا پێی گوت: تۆ لاوێکی میهرەبان و یەکجار ئازای.

مووسا کاتێك ئەو قسەیەی لەو کچە گوێ لێبوو شادمان بوو و بەخۆیەوە نازی و ئەوشەوە پاش ئەوەی کە بۆ کۆشکی پاشایەتی گەڕایەوە بەخۆی گوت: نفروئیزوس کچێکە بۆ هاوسەری من باش دەبێ. من جگە لەو، کچێکی دیکە بۆ هاوسەری خۆم قبووڵ ناکەم.

لەوەو بە دوا مووسا کەڵکی لە هەر هەلێك وەردەگرت کە لەگەڵ نفروئیزوس رووبەڕوو بێ و قسەی لەگەڵدا بکا، بەلاّم لە شەرمی زۆر نەیدەتوانی بە کچە لاوەکە بڵێ کە لە بەرامبەر ئەودا چ هەستێکی هەیە.

مووسا لە هەموو شازادە لاوەکانی کە لە نێو کۆشکی پاشایەتی میسر دەژیان، شەرمن تر بوو، بە پێچەوانەی هەموو شازادە لاوەکان ئەو لەگەڵ کچاندا تێکەلاّوی نەدەکرد.

کچەکان تێدەگەیشتن کە مووسا خاوەنی شەرم و ئابڕووە، و ئەوان حەزیان دەکرد ئەو بەلای خۆیاندا رابکێشن. بەلاّم مووسا بۆ لای هیچ ژنێك راکێش نەدەبوو و تەنیا نفروئیزوس توانی ماوەیەك ئەو بۆ لای خۆی رابکێشێ.

ماوەیەك تێپەڕی و مووسا نەیتوانی بە کچە لاوەکە بڵێ کە بەتەمایە لە ئایندەدا ئەو بە هاوسەری خۆی بگرێ و رۆژێك کە لەگەڵ یەکێك لە شازادەکان قسەی دەکرد بیستی کە نفروئیزوس دەزگیرانی یەکێك لە سوڵتانەکانی دەوروبەرەو بەزوویی لە میسر دەڕوات تا بە دەزگیرانییەوە پەیوەست بێ.

کاتێك مووسا تێگەیشت ئەو کچەی کە دڵپەسندی ئەو بوو و دەیویست بیکا بە ژنی خۆی، مێردی هەیە و بەم زووانە لە میسر دەردەچێ تا بە مێردی خۆی بگا، زۆر دڵتەنگ بوو و لە خەماندا تا چەند رۆژ دوورەپەرێزی لە کەسانیتر گرت و لە گۆشەیەکدا لە نێو باخی فراوانی کۆشکی فیرعەون دادەنیشت و لە گژ بیرانەوە دەچوو تا نفروئیزوس لە میسر چووە دەرێ. پاش رۆیشتنی ئەو دووبارە کچان لە مووسا نزیك دەبوونەوە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە کوڕەلاو بۆ لای خۆیان رابکێشن، بەڵام مووسا بایەخی بە هیچ کام لەوانە نەدەدا.

ئاموون تپ کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی میسر، کە مووسای وەك لاوێکی لێوەشاوەو بە هێز دەبینی، کەوتە سەرباری ئەوە کە زیاتر ئەو لەگەڵ مەزهەبی ئاتوون پەرستیدا ئاشنا بکا و بەوی گوت: ئەی مووسا بزانە کە ئاتوون خوایەکە نەبینراوە و هیچ چاوێك ناتوانێ ئەو ببینێ و دیمەنێکی هەیە کە هەروەکو خۆر وایە هەر بۆیە لە رابردوودا خۆریان بە ئاتوون ناو دەبرد، بەڵام ئاگاداربە کە خۆر خودی ئاتوون نییە.

ئاتوون هەزارەها ساڵ بەدڵتەنگییەوە لە سەر زەوینی میسری دەروانی و بەزەیی بە حاڵی خەڵکی ئەو وڵاتەدا دەهاتەوە کە بۆچی دەبێ خوایانی بچووك بپەرستن و ئاموون کە خوایەکی درۆزنانەیە، بە خوای گەورەی بزانن.

فیرعەونەکانی میسر، لە جیاتی ئەوەی ئاتوون، کە خوای لە دیتن نەهاتووە بپەرستن، ئاموونیان دەپەرست و هەرەم گەلی گەورەیان بۆ ئەو دروست دەکرد.

دەبێ بە تۆ بڵێم کە ئاتوون، خوای نەبینراو خاوەنی یەك کوڕە کە ناوی ((شای)) بەمانای ((چارەنووس))ە و ئەم کوڕە، وەکو کوڕانی تر ئاسایی نییە، بەڵکو هەر بەو جۆرە کە ئاتوون خوای نەبینراوە، کوڕەکەشی لە بینین بە دەرە.

کاتێك لە میسر پاشایەتی کەوتە دەستی ئاموون هۆتپی چوارەم، ئاتوون سەرنجی دا ئەو پاشایە ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە ئەو بپەرستێ بۆیە کوڕەکەی خۆی، شای راسپارد کە لە نێو بەدەنی فیرعەنی میسردا بتوێتەوە و ئاتوون خوای تاك و تەنیا بەو بناسێنێ.

فیرعەونی میسر، پاش ئەوە کە کوڕی خوا لە نێو بەدەنیدا توایەوە، ئاتوونی ناسی و ئەوی پەرست و برەوی بە ئایینی ئاتوون پەرستیدا و بۆ ئەوەی کە پیشانی بدا کە ئەو ئاتوون دەپەرستێ ناوی خۆی گۆڕی و ناوی ((ئاخن ئاتوون)) مانای ((دۆستی ئاتوون))ی لە خۆی ناو جا لەبەر ئەوەی ئەم ناوە یان بە خێرایی دەگوتەوە شێوەی ((ئەخناتوون))ی بە خۆیەوە گرت.



ئەخناتوون فیرعەونی میسر، بۆ فراوانکردنی ئایینی ئاتوونپەرستی، لە هیچ دەس پێشکەرییەك خۆی نەدەبووارد و شەو تا بەیانی دەمایەوە و شیعری بۆ ئاتوون دەسروت و ئەوی بە پەرستراو و خۆشەویستی خۆی دەزانی، بەڵام سەردەمی پاشایەتی ئەخناتوون درێژەی نەخایاند و ئەو ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

لە زەمانی فیرعەون ئەخناتوون، هەموو پەرستگا و دێرەکانی کە لە وێدا، کاهینەکان ئایینی ئاموونیان هەبوو، لە وان وەرگیرانەوە و بەو کاهینانە سپێردران کە ئایینی ئاتوونیان دەپەرست.

کاهینانی ئایینی ئاموون کاتێك لە پەرستگا و دێرەکان دەرکرانە دەرەوە، چاوەرێ بوون هەلێك بەدەس بهێنن تا ئەو پەرستگاو دێرانە کە لە دەستیان داوە بەدەست بهێننەوە و تۆ دەزانی کە داهاتی پەرستگاو دێرەکان لە رێگای ماڵی تەرخانکراوی ئاموونەوە کە پاشان بوون بە تەرخانی ئاتوون زۆر بوو.

هەر کە ئەخناتوون ماڵئاوایی لە ژیان کرد، ئەو کاهینانەی کە پەرستگاو دێرەکانی خۆیان لە دەسدا بوو، خەڵکیان بۆ شۆڕش کردن دنە داو یەك جەنگی نێو خۆیی ترسناك لەسەرتاسەری میسر لە نێوان داژدارانی ئاموون و لایەنگرانی ئاتوون هەڵگیرسا.

ئەی مووسا، دەبێ پێت بڵێم کە داژدارانی ئاتوون چینی رووناکبیران بوون، چونکە خەڵکی عەوام لە سۆنگایی نەزانییەوە نەیاندەتوانی خوایەك کە دەرەتانی بینینی نییە و شێوەی نییە، بپەرستن. لەو رۆژەوە کە قەومی میسر هاتە بوون، لەم وڵاتەدا، خەڵك خوایانێکیان دەپەرست کە هەموویان شێوەیەکیان هەبوو و شێوەی ئەوان لە رێگەی کۆتەڵەوە دەکەوتە بەرچاوی خەڵك. بەڵام ئاتوون خوایەکە کە نابینرێ و شێوەی نییە. خەڵکی عەوام و بێ دەرەتان نەیاندەتوانی تێبگەن کە دەتوانن خوایەك کە شێوەی نییە و لە بینین بە دەرە، بپەرستن.

ئەوەبوو کاتێك کە کاهینانی ئاموون پاش مەرگی ئەخناتوون خەڵکیان بۆ شۆڕش هاندا، هەموو کەسانی خەڵکی عەوام راپەڕین و داژدارانی ئاتوون کە رووناکبیران بوون لە بەرامبەر داژدارانی ئاموونда، کەمینە بوون هەموویان کوژران.

لە نێو داژدارانی ئاتوون تەنیا ئەوانە گیانیان دەرباز بوو کە توانیان لە شارەکان هەڵبێن یا لە کاتی جەنگی نێوخۆیدا لە دەرەوەی میسر بوون.

ئاموون پەرستان نە تەنیا هەر ئەو ژن و پیاوانەیان دەکوشت کە ئاتوون پەرست بوون، بەڵکو منداڵەکانیشیان، ئەوانەی کە شیرەخۆرەش بوون، دەکوشت و دەیانگوت ئەوانە، چونکە

منداڵی ئاتوون پەرستانن ئەوا نەفرەت لێکراون و دەبێ وڵاتی میسر لە بوونی منداڵەکانی نەفرەت لێکراواندا، پاك بکرێتەوە !

من ئەگەر بۆت بگێڕمەوە کە ئاموون پەرستان لە کاتی جەنگدا چ کارەساتیان نایەوە، لەرز داتدەگرێ، کەسانێك بە چاوی خۆیان دیبوویان کە لایەنگرانی ئاموون، سکی ژنانی سکپڕیان هەڵدەدڕی کە داژداری ئاتوون بوون و ساوای زیندوویان لە نێو سکی دایکیدا هێناوەتە دەرو سەریان بڕیوە و سکیان پارچە پارچە کردووە.

هەموو کاهینەکانی ئاتوون کە لە نێو پەرستگاو دێرەکان بوون کوژران و کاهینانی ئاموون، پەرستگاو دێرەکان و موڵکی تەرخان بووی ئەوانیان زەوت کرد.

بە جۆرێك داژدارانی ئاتوونیان لە وڵاتی میسر دا پاك کردەوە کە تاکو ئێستاش کەس نەیتوانیوە بەدەنگی بەرز ناوی ئاتوونی بەسەر زماندا بێتەوە، تەنیا هەندێك کەس بە شێوەی نهێنی لەلای کەسانێك کە لێیان دڵنیان ناوی ئاتوون بە سەر زمانیاندا دێ و من دەزانم تا ڕۆژێك کە رامسیسی دووەم پاشای میسرە، ناتوانرێ ناوی ئاتوون لەم وڵاتەدا بەسەر زارو زماناندا بێتەوە.

من ئەگەر تا پاش رامسیسی دووەم بە زیندوویی بمێنم ئایینی ((ئاتوون)) خوای نەبینراو زیندوو دەکەمەوەو ئەگەر زیندوو نەمێنم ئومێدەوارم کە تۆ ئەو ئایینە زیندوو بکەیەوە.

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی هەر گا لە بارەی ئاتوونەوە لەگەڵ مووسادا قسەی دەکرد بەوی دەگوت کە دەبێ تۆ بۆ زیندوو کردنەوەی ئایینی پەرستنی خوای نەبینراو ڕاپەڕین بەرپابکەی.



-٤-

## چوونە دەرەوە لە کۆشکی پاشایەتی

کاتێك ماوەی شەش مانگ لە قۆناغی سێزدە ساڵی مووسا تێپەڕی و گەیشتە نیوەی تەمەنی چواردە ساڵیی، مووسا لەو بەشەی کۆشکی پاشایەتی کە کوڕانی کەم تەمەنی فیرعەون تێیدا دەژیان، چووە دەرەوە.

لە هەمانکاتدا، قۆناغی خوێندنیشی کۆتایی هات و ئیدی ناچار نەبوو کە لای مامۆستایان دەرس بخوێنێ و مەلەکردن و تیرهاوێژیی فێر ببێ. لەوە بەدواوە ئەگەر مووسا تیرهاوێژیی دەکرد یا شمشێر وەشێنی دەکرد یا مەلەی دەکرد، ئەوا بۆ ئارەزووی خۆی بوو نە لە رووی ناچارییەوە، مانای بەپێی بەرنامەی دیارکراو نەبوو، چونکە مووسا گەیشتبووە قۆناغێك لە تەمەن کە شازادەکان قۆناغی منداڵیان بە جێدەهێشت و دەچوونە قۆناغی پیاوەتییەوە.

لەو ڕۆژە بە دواوە، مووسا، دەیتوانی غولام و کەنیز بکڕێ و بشیان فرۆشێ. تا ئەو ڕۆژە ئەگەر مووسا بیویستبایە ژن بهێنێ دەبووایە بە ڕەزامەندی باوك و دایك بووایە، بەڵام لەوەو پاش مۆڵەت پێدراو بوو، بێ ڕەزامەندی باوك و دایك زەماوەند بکا.

مووسا چونکە پێی نابووە قۆناغی پیاوەتی، دەیتوانی هەرکاتێك کە ئارەزوو بکا، لە کۆشکی پاشایەتی بچێتە دەرەوەو هەر کاتێك حەزی کرد بگەڕێتەوە کۆشك.

ئەو دەیتوانی بۆ ڕاوی گیانلەبەران ڕێگای بیابان بگرێتە بەر یان بۆ ڕاوی مراوی بچێتە ناو گۆلاوەکان کەلە هەر دوو بەری ڕووباری نیل دەکەوتنە بەرچاو.

تەنانەت دەیتوانی بە ڕەزامەندی فیرعەون بە فەرماندەیی سوپایەك بچێتە مەیدانی جەنگەوە و میللەتانی نیوەکێوی کە هەندێك جار هێرشیان دەکردە سەر میسر، و سنووری ئەم وڵاتەیان دەبەزاند، بگەڕێنێتەوە ئەو جێیەی لێیەوە هاتوون

لەو ڕۆژە بە دواوە مووسا مافی ئەوەی هەبوو لە حاڵێکدا، کە خۆی حەزی لێ بوو، بەردەوام چەکدار بێ و بە خەنجەرو شمشێر و کەوان و تیر و قەڵغان و بجوڵێتەوە، بەڵام لە هەموو

ئەم ئیمتیازانە باڵاتر، ئیمتیازی لە پەنجەکردنی ئەنگوستیلەی تایبەتی خوایی بوو، کە تەنیا فیرعەون و جێنشینی ئەو (پاش گەیشتنی بە قۆناغی کامڵبوون) لە پەنجەیان دەکرد.

هەر کەسێك ئەنگوستیلەی تایبەتی خوایی لە پەنجە دەکرد، دەبووە خاوەن دەسەڵات و ئیمتیازی خوایی و ئەنگوستیلەی ناوبراو، بریتی بوو لە ئەنگوستیلەیەك کە لەسەر رووەکەی وشەی ((هو)) یان نەخش کردبوو.

رۆژێك کە مووسا گەیشتە قۆناغی کامڵبوون، لە بەر ئەوەی دەبووایە لە بەشێك لە کۆشکی پاشایەتی، کە جێی دانیشتنی منداڵان بوو، بچێتە دەرەوە و بچێتە بەشێکی دیکەی کۆشکی تایبەت بە ژیانی پیاوانەوە، پێویست بوو خواحافیزی لە دایکی خۆی ئەنخاس ئاموون بکا، چونکە ئیدی بە شێوەیەکی رەسمی لە پەنای دایکی نەدەژیا، بەڵکو سەربەخۆ ژیانی بەسەر دەبرد.

هەڵبەتە مووسا لەوەو بەدواش، هەر کاتێك بیویستبایە، دەیتوانی بچێتە لای دایکی و بیبینێ و کەس دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو رێگری لە چوونی ئەو بۆ لای دایکی بکا. بەڵام قۆناغێك کە تێیدا دایکی، بەخێوکەر و ئاگاداری کەری وی بوو، ئیدی تەواو ببوو بە پێی رێ و رەسمی دەرباریی میسر، کوڕەلاو، دەبووایە خواحافیزی لە دایکی بکاو بگوازێتەوە بە شێکی دیکەی کۆشکی پاشایەتی.

لەو رۆژەدا، مووسا لە سەر تاپێ، خۆی چەکدار کرد. خەنجەری بە بەر کەمەرییەوە بەست و شمشێری بە خۆیدا هەڵواسی و خورجینی پڕ لە تیری، بە بەرکەمەرییەوە هەڵواسیی، و کەوانی بە شانێکەوە هەڵواسی و قەڵغانیشی بەپشتی خۆیەوە هەڵگرت.

قورسایی چەکەکانی ئەو زۆر بوون، بەڵام کوڕەلاو بە جۆرێك هەنگاوی دەنا کە هەر کەس ئەوی دەدی بە خۆی دەگوت قورسایی چەکەکانی تەئسیری لەسەر ئەو شازادەیە نییە.

ئەنخاس ئاموون دایکی مووسا، هەرگیز لەو بەشەی کۆشکی پاشایەتی، کە ماڵی ئەو بوو، نەدەچووە دەرێ نەوەکو خەڵکی روخساری ببینن، و تێبینی بکەن کە روخساری چرچ و لۆچ بووە و بەهەمان بەڵگە لە جەژنەکانی پاشایەتیدا هەرگیز هاوبەشی نەدەکرد. تەنیا ئەو ژنانەی لە دەوروبەری دەبینران کە خزمەتکاری بوون و لە پیاوان، جگە لە کوڕەکەی خۆی مووسا، و پزیشکی تایبەتی خۆی، ستی، و کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، ئاموون تپ، پێشوازی کەسی دیکەی نەدەکرد.



ئەو بەو هۆیەوە پێشوازی لە کوڕەکەی خۆی دەکرد کە خۆشی دەویست و پزیشکی تایبەتی خۆشی لە رووی پێویستییەوە بۆ گێڕانەوەی لاویی و لەش ساخیی، پێشوازی دەکرد و هەروەها رێگەی هاتنی ئاموون تپیشی بۆ ماڵەکەی خۆی بە مەبەستی شادی وەرگرتن لە ئاخاوتنەکانی دەدا. چونکە ئاموون تپ بە جۆرێك قسەی دەکرد کە بیسەر بە قسەکانی بەختەوەر دەبوو. ئەو خانمە بە پێچەوانەی شازادەخانمەکانی دیکەی دەربار بوو لە قسەی تڕوهات بێزار بوو. ئەو لە قسە حیکمەت ئامێزەکانی کاهینی گەورە خۆشی وەردەگرت.

لەو رۆژانەدا، دایکی مووسا، زیاتر لە رابردوو، دووچاری سەرئێشە دەبوو هەر جارێکیش ژانە سەرەکەی زیاتر لە پێشان درێژەی دەکێشا. هەر گا سەیری ئاوێنەی دەکرد، دەیبیبنی کە لە رابردوو زیاتر پیرو تێکشکاو بووەو ئەمە لە خەمی ئەوی زیاد دەکرد کە بەڕاستی نەخۆشەو لەو خەیاڵەوە بێ ئیختیار لە بەر خۆیەوە دەلەرزی.

کاتێك مووسا چووە لای دایکی تاکو خواحافیزی لێبکا و لە واقیعدا ماڵئاوایی لە قۆناغی منداڵیی خۆی بکا، ئەنخاس ئاموون پاڵ کەوتبوو و هەر کە کوڕەکەی خۆی بینی نیوە رابوون راست بۆوە و پاشان هەستا و دانیشت.

لاویی و بە هێزیی مووسا بە رادەیەك کاری لەو خانمە کرد کە دوای دانیشتن هەستایە سەر پێ.

مووسا لە دایکی نزیك بۆوە و ئەنخاس ئاموون گوتی: ئەهاهـ ! تۆ چەند گەورە و جوان بووی و هەر کەسێك کە تۆ دەبینێ وابیر دەکاتەوە کە تۆ پیاوێکی لە حاڵێکدا کە هێشتا چواردە ساڵ لە تەمەنت تێنا پەڕێ !

کاتێك مووسا گەیشتە لای دایکی، لە پەنا ئەو راوەستا، باڵای ئەو ئەوەندە بەرز بوو کە سەری دایکی دەگەیشتە ئاستی سنگی و مووسا، دایکی ماچ کرد و شازادەخانم لە دیتنی ئەو کوڕەلاو و چاونەترسە بە جۆرێك سەرسام بوو دوو دڵۆپ فرمێسکی شادی لە چاوەکانییەوە رژانە سەر گۆناکانی.

مووسا پرسی: دایکی من، بۆ دەگریەی ؟

شازادەخانم گوتی: گریانی من لە رووی خەمەوە نییە، من بۆیە دەگریم کە تۆ لاو و باڵابەرزو بە هێز دەبینم. پاشان دایکی پێی گوت کە لێی دوور بکەوێتەوە و بڕواتە ئەو لاوە.

مووسا پرسی: بۆچی لێت دوور بکەومەوە و بڕۆمە ئەو لاوە ؟

شازادەخانم گوتی: لەبەر ئەوەی دەمەوێ سەرتاپای تۆ لەدوورەوە ببینم، چونکە  لە نزیکەوە ناتوانم پەی بە بە هێزیی و لەش و لاری جوانت ببەم.

مووسا لە دایکی دوورکەوتەوە و شازادەخانم بە دیقەتەوە لێی روانی و لە دڵی خۆیدا گوتی: بەڕاستی زۆر جوان و بە هێز بووە و ئینجا بە کوڕەکەی گوت لێی نزیك بکەوێتەوە.

مووسا لە دایکی نزیك بۆوە و گوتی: ئارەزووی من ئەوە بوو کە کوڕێکی وەك تۆم هەبێ و ئێستا دەبینم کە لەو بارەیەوە بە ئارەزووی خۆم گەیشتووم و هەموو شتێکی تۆ تەواو و باشە و تەنیا یەك کەمایەتیت هەیە!

مووسا پرسی: ئەو کەمایەتییە چییە؟

دایکی گوتی: کەمایەتی تۆ ئەوەیە کە ئەنگوستیلەی ((هو)) لە پەنجەتدا نابینرێ.

مووسا گوتی: ئەی دایکە، کەسێك کە ئەم ئەنگوستیلەیە لەدەست بکا، پیاوێکە کە ئومێدەوار بێ بە پاشایەتی میسر بگاو من کەسێك نیم کە ئەو ئومێدەم هەبێ !

ئەنخاس ئاموون بەسەرسامییەوە پرسی: بۆچی؟ و کێ لە تۆ زیاتر بۆ پاشایەتی میسر، لێهاتوویی هەیە ؟

مووسا گوتی: ئەی دایکە، پاشا زیاتر لە سەد کوڕ و کچی هەیە.

شازادەخانم گوتی: بەڵام تۆ لە هەموو ئەو کوڕ و کچانە باڵاتری، لەبەر ئەوەی کە کوڕی منی !

مووسا گوتی: ئاخر.... بەڵام قسەکەی بە نیوەچڵی بە جێهێشت؟

دایکی پرسی: بۆچی قسەکەت تەواو نەکرد؟

مووسا گوتی: ئاخر من دڵنیانیم کە کوڕی فیرعەون بم.

شازادەخانم لەو قسەیە زۆر نیگەران بوو و بە ناڕەزایی و توندییەوە گوتی: لەبەرچی تۆ دڵنیانی کە کوڕی پاشای ئایا من ئەو مەسەلەیەم بە تۆ گوتووە؟

مووسا گوتی: نا دایکە، بەڵام من ئەو مەسەلەیەم بەڕێگەی پرۆپاگەندەی خەڵکییەوە بیستووە.

دایکی پرسیاری کرد: ئایا تۆ باوەڕ بە پرۆپاگەندەی خەڵکی دەکەی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ئایا دەکرێ کەسێك لەو کۆشکەدا بژیاو باوەڕ بە پرۆپاگەندەی خەڵکی نەکا؟



ئەنخاس ئاموون لە شێوەی قسەکردنی مووساوە تێگەیشت کوڕەکەی نەهەر تەنیا لە بارەی بەدەنییەوە گەشەی کردووە، بەڵکو لە باری ئەقڵیشەوە گەشەی کردووە و شێوازی قسەکانی ئەو لەگەڵ رابردوو گۆڕاوەو پیشانی دەدا کە لە رووی مەعریفەوە قسە دەکا.

ئەنخاس ئاموون کە تا ئەو کاتە بە پێوە راوەستا بوو، دانیشت و ئینجا پاڵ کەوت و گوتی: رۆڵە، من وا هەست دەکەم گفتوگۆ لەگەڵ تۆ دا بێهوودەیەو تۆ گەورە بووی و شتگەلێك بە ئەقڵت دادێ کە لە رابردوودا نە دەهات، پاش ئەوە چەند ساتێك بێدەنگی کرد و ئینجا گوتی: راستە پاشا باوکی تۆ نییە.

مووسا پاش بیستنی ئەم قسەیە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکیشا  ئینجا گوتی: دایکە، پێم بڵێ باوکم کێیە ؟

ئەنخاس ئاموون گوتی: رۆڵە، من هێشتا ناتوانم ئەو مەسەلەیە بۆ تۆ ئاشکرا بکەم.

مووسا پرسی: لەبەر چی دایکە؟

شازادەخانم وەڵامیدایەوە: لە بەر ئەوەی تۆ هێشتا چواردە ساڵیش نابی.

مووسا گوتی: ئایا ئەوە رێگری لەوە دەکا کە تۆ پێم بڵێی باوکم کێیە؟

دایکی گوتی: گەرچی تۆ لاوێکی باڵا بەرز و چوار شانە و چاو نەترسی، بەڵام هێمان تەمەنت بە قۆناغێك نەگەیشتووە کە بتوانرێ نهێنییەکی گەورە لەگەڵ تۆدا باس بکرێ و لە وانەیە تۆ ئەو نهێنییە بە کەسانی دیکە بڵێی.

مووسا پرسی: ئایا تۆ هێشتا ئەوەندە من بە پیاو نازانی کە بتوانم نهێنییەك بپارێزم ؟

ئەنخاس ئاموون گوتی: هەندێك نهێنی هەن وەك ئاگر وان کە بەبەدەنی بنیادەمەوە نووساون و مرۆڤ پەلەیەتی ئەو ئاگرە لە خۆی دوور  بخاتەوە.

مووسا پرسی: ئایا رۆژێك تۆ پێم دەڵێی باوکم کێیە؟

ئەنخاس ئاموون گوتی: ئا، من ئەو نهێنییەت پێ دەڵێم.

مووسا لە گژ بیرانەوە چوو، دایکی پرسی: بیر لە چی دەکەیەوە؟

مووسا گوتی: من لەمبارەیەوە بیر دەکەمەوە کە لەبەر ئەوەی من کوڕی فیرعەون نیم، دانیشتنی من لەو کۆشکەدا بێ جێیە و من وابیر دەکەمەوە کە من و تۆ لەو کۆشکە بڕۆین و لە یەکێك لە شارەکانی میسری سەروو بژین.

من بیستوومە کە شارەکانی میسری سەروو بۆ دانیشتن زۆر باشەو ئەگەر لێرە بڕۆین و لە یەکێك لەو شارانە ژیان بەرینە سەر ئاسوودە دەژین و فیرعەونیش ئێمە لە بیر دەکا.

ئەنخاس ئاموون گوتی: یەکەمیان پاشا ڕێگا نادا ئێمە لێرە بڕۆین و دووەمیان ئەگەر ڕێگا بدا بۆ میسری سەروو بگوازینەوە ئێمە فەرامۆش ناکا، مانای من فەرامۆش ناکا. بەڵام ئەوەی کە تۆ کوڕی پاشا نی و ئەوا نابێ لێرە بژی، جێگای دڕدۆنگی منە، چونکە تۆ کوڕی منی و من ئیلاهەیەکم کە لەو کۆشکەدا دەژیم و کوڕی من هەقی هەیە کە لەو کۆشکەدا بژی و تۆ لە رووی سامانەوە، یەکێك لەبەرجەستەترین پیاوانی میسری.

مووسا گوتی: من هیچ سامانم نییە.

ئەنخاس ئاموون گوتی: لەبەر ئەوەی کە تۆ کوڕی منی، هەموو سامانی منماڵی تۆ دەبێ و من ئەوەندە دەوڵەمەندم کە حیسابی نازانم و نازانم پانتایی زەوی و زاری داچێنراوی من چەندە و چەندم گا هەیە و چەند زێڕ و مسم هەیە و ژمارەی کەشتییەکانی من کە لە دەریای گەورە دێن و دەچن چەندە.

من کە لە بیری ڕاگرتنی حسابی سامانی خۆمدا نیم بە هۆی ئەوەوە نییە کە دەزانم سامان ناتوانێ جوانیی و تەندروستی من بگێڕێتەوە، بەڵکو ئاموون تپ حسابی سامانی منی ڕاگرتووە و تۆ دەتوانی لەو بپرسی کە سامانی من چەندە و هەموو ئەو سامانە، بە تۆ دەگا.

بە هەر حاڵ من لێرە ناگوازمەوە بۆ جێگایەکی دیکە، چونکە نەخۆشم و ناتوانم بچمە شارێکی تر و هەر لێرە دەمێنمەوە تا دەمرم و دەزانم کە بە زوویی دەمرم و بۆ مەرگی خۆشم غەمبار نیم. ئەگەر لاو و جوان بوومایە غەمبار دەبووم، بەڵام چونکە پیر و ناشیرین بووم، هەرچی زووتر بمرم باشترە، چونکە ئەگەر زوو بمرم لە بینینی شێوەی خۆم کە هەر ڕۆژ دە جار من دەمرێنێ، ئاسوودە دەبم و لە کاتی مردندا بۆ بەجێهێشتنی هیچ شتێك غەمبار نیم مەگەر بۆ بە جێهێشتنی تۆ.

مووسا بە بیستنی ئەو قسانەی دایکی زۆر نیگەران بوو و گوتی: دایکە، بەو شێوەیە قسە مەکە، چونکە شێوەی قسەکردنی تۆ من یەکجار غەمبار دەکا لە بەر ئەوەی وا تێدەگەم کە قسەکانی من ئاوا تۆی نیگەران کردووە.

ئەنخاس ئاموون گوتی: نا ڕۆڵە، من لە قسەکانی تۆ نیگەران و بێتاقەت نەبووم. هۆکاری بێتاقەتی من، خۆمم و ئەوەی من بێتاقەت دەکا بە پلەی یەکەم نەخۆشی خۆمەو بە پلەی دووەم ئەوەیە کە من ڕۆژ بە ڕۆژ خراپ تر و تێکشکاو دەبم و ئەمڕۆ بەیانی، ستی، پزیشکی تایبەتی من دەیگوت بۆ ئەوەی کە سەرئێشەکەم باشتر بێت چاکتر وایە کەللەسەری من کون بکا.[١٠]

---

(١٠) مەبەست لە کون کردنی کەللەسەر، نەشتەرگەرییەکە کە ئەمڕۆ نەشتەرکاران دەیکەن و بەزمانی ئینگلیزی (هەڵبەتە بە زاراوەی پزیشکی) بەناوی ((تری پانینك)) و بە زمانی فەڕەنسی ((ترە پانسیوون))ی پێدەگوترێ و بریتییە لە شکاندنی ئێسکی سەر بۆ کاری نەشتەرگەری ناو کەللە سەر. (و.ف)



کاتێك مووسا ئەو قسەیەی دایکی کەوتە بەر گوێ ڕەنگ لە روخساریدا نەما و بەزەحمەت لە پەنای دایکی، لەسەر زەوی دانیشت (چونکە هەروەکو گوتمان چەکدار بوو) و دەستی شازادەخانمی گرت و گوتی: دایکە ئەو کارە نەکەی و مەهێڵە کەللەسەرت کون بکەن.

ئەو خانمە گوتی: ستی دەڵێ پاش ئەوە کە کەللەسەری من کون بوو هەڵمێك کە لە ناو سەرم دا کۆبۆتەوە و هۆکاری سەرئێشەی منە دێتە دەرەوە و من ئیدی تووشی سەرئێشە نابمەوە.

مووسا هەروا بە پەشۆکاوییەوە گوتی: دایکە، ئەو قسانە مەکە، ئاموون تپ کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی بە منی گوت کەمتر وا ڕێك دەکەوێ سەرێك کون بکرێ و خاوەن سەر، زیندوو بمێنێ، لە وەش بترازێ، ئاموون تپ بە منی گوت کە ستی پزیشك نییە، بەڵکو جادووگەرە و زانیاری پزیشکی نییە و جادووگەرێك ناتوانێ کەللەسەر کون بکا و تەنیا پزیشکانی هەڵکەوتوو، کە زانستی پزیشکیان خوێندووە و تاقیکردنەوەیان هەیە، دەتوانن کەللەسەر کون بکەن.

شازادەخانم لە قسەکانی کوڕەکەی بێتاقەت نەدەبوو و بە پێچەوانەوە خۆشی لێوەردەگرت. چونکە دەی بیبینی کە کوڕەکەی گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتوویی ئەقڵی و لەوەش بەولاوە بە چاکی هەستی دەکرد ئەوی کە مووسا دەیڵێ لە رووی خەمخۆریی و دڵسۆزییەوەیە و ترسی لەوە هەیە کە دایکی بەدەستی ستی بکوژرێ.

ئەنخاس ئاموون قژی کوڕەلاوەی نەوازش دا و گوتی: نیگەران مەبە، چونکە من ناهێڵم ستی کەللەسەری من کون بکا. ئەگەر هەر قەرار بێ کە کەللەسەری من کون بکەن تا هەڵمی ناوسەرم بێتە دەرەوە، من یەکێك لە پزیشکانی شارەزاو هەڵکەوتووی میسر بەو کارە ڕادەسپێرم.

مووسا بە جۆرێك لە ئەگەری مردنی دایکی پەرێشان ببوو کە دەستی کرد بە گریان و دایکی دەستی بە روومەتی دا هێناو گوتی:

کوڕم، پیاو نابێ بگری.

مووسا فرمێسکی چاوەکانی پاککردەوە و دایکی گوتی: من و ئاموون تپ زۆر لە بارەی تۆوە قسە دەکەین و من ئومێدەوارم کە کاهینی گەورە شتگەلێك فێری تۆ بکا کە بۆ تۆ بە کەڵك بێ.

مووسا بە سەرسوڕمانەوە پرسی: ئەی دایکە ئایا تۆ دەزانی کە ئاموون تپ لە بارەی چییەوە لەگەڵ مندا قسە دەکا؟

ئەنخاس ئاموون گوتی: نا ڕۆڵە، من لە بارەی بابەتەکانی ئەو ئاگاداریم نییە، بەڵام بە دووری نازانم لە بارەی خوایانەوە لەگەڵ تۆدا قسە بکا، چونکە ئەو کاهینە و لە بارەی خوایانەوە زانیاری زۆری هەیە، بەڵام من لە بارەی خوایانەوە زانیاری پێویستم نییە لە باتی ئەوە لە بارەی سیاسەتەوە

ئاگاداریم هەیە و چاوەڕێم کە تۆ دوو ساڵ یا لانی کەم یەك ساڵ، لەوە گەورەتر ببی تا بتوانم نهێینی لە دایکبوونی تۆ بدرکێنم و پێت بڵێم کە بۆچی ناوی تۆم نا ((مووسا)).

ئەمڕۆ لە میسر، هەندێك کەس بە بیستنی ناوی مووسا پێکەنینیان دێ و پاشاش هەر کاتێك ناوی مووسا دەبیستێ زەردەخەنە دەیگرێ چونکە مووسا ناوێکی تەواو نییە، بەڵام هەر ئەوانەی کە ئەمڕۆ بەبیستنی ناوی تۆ پێدەکەنن یا زەردەخەنە دەیان گرێ، لەوانەیە ڕۆژێك دابێ کە ڕێزێکی لە رادەبەدەر بۆ خاوەنی ئەو ناوە دادەنێن.

ڕۆڵە، ئێستا کە ڕۆژانی منداڵیت بە جێهێشتووە و چوویتە ناو قۆناغی پیاوەتییەوە، بە جۆرێك ڕەفتار بکە کە هەر کەسێك تۆ ببینێ دان بەوەدا بنێ کە تۆ یەك خوازادە و خوای داهاتووی. تۆ دەبێ لە هەموو شازادەکان خۆت بە باڵاتر بزانی، چونکە تۆ منداڵی منی.

ئەنخاس ئامۆون لە ئاکامی ئاخاوتنی درێژ، ماندوو بوو و لە قسەکردن راوەستا. پاشان چاوەکانی لێك نا. مووسا سەرنجیدا دایکی خەوی لێکەوتووە، بە ئەسپایی لە جێی خۆی هەستاو لە دایکی دوورکەوتەوە تا ئارامی وی نەشێوێنێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دایکی مووسا بە کوڕی نەوجەوانی گوتبوو جۆرێك بەڕێگادا بڕۆ و ڕەفتار بکە کە خەڵك تۆ بە خوای ئایندە و خوازادەی ئێستا بزانن، لە ویژدانی مووسادا، شتێك هەبوو کە نەیدەهێشت ئەو، بە شێوەیەکی تەواو، بەپێی راسپاردەی دایکی ڕەفتار بکاو وەك خوازادەکان و خوای ئایندە هەڵسوکەوت بکا.

مووسا تا ئەو کاتە ژیانی لە کۆشکی پاشایەتیدا بە سەربردبوو و خەڵکی ئاسایی نەدەبینی مەگەر لەو دیوی باخی پاشایەتییەوە. ئەو هەر جارێك کە بۆ گەڕان یا سەفەر لە کۆشکی پاشایەتی پایتەخت دەچووە دەرێ، لەگەڵ شازادەکان و شازادەخانمەکاندا بوو و چەندێکیش لە مامۆستایان و راهێنەران لەگەڵیاندا دەڕۆیشتن.

هەر جارێکیش کە لە کاتی شەودا بۆ مەلەکردن لە کۆشکی پاشایەتی دەچووە دەرێ دیسان هەر لەگەڵ شازادە و شازادەخانمەکاندا بوو، و لە کاتێکی دیاریکراودا، لەو کۆشکە دەچووە دەرو لە کاتێکی دیاریکراویشدا، پاش کۆتایی مەلەکردن و خۆشۆردن لەگەڵ مامۆستایان و راهێنەرانی خۆیدا دەگەڕایەوە کۆشك.

هەرگیز رووی نەدابوو مووسا بە تەنیایی لە کۆشکی پاشایەتی بێتەدەرێ و بچێتە جێگایەك. هیچ کات وا نەهاتبووە پێش کە ئەو لە ڕێگاو گوزەرەکانی پایتەختدا لەگەڵ خەڵکیدا قسە بکا.



مامۆستایان و راهێنەران نەیاندەهێشت کە لە نێوان مووسا و باقی خوازادەکان و خەڵکدا پەیوەندییەك دروست ببێ، و هەموو کات لە ژێر چاودێری راهێنەران و چاودێراندا بوون و تەنیا لە ناو کۆشکی پاشایەتیدا دەیانتوانی بە ئازادی بگەڕێن. بەڵام مووسا پاش ئەوەی بە شێوەیەکی رەسمی چووە ناو قۆناغی پێگەیشتوویییەوە، ئازاد بوو هەر کاتێك حەزی کرد لە کۆشکی پاشایەتی بچێتە دەرێ و هەر زەمانێك کە ئارەزووی کرد بگەڕێتەوە و بۆ هەر جێیەك کە حەزی کرد بڕوا.

ئەو ڕۆژە، پاش ئەوەی لای دایکی هەستا، لەبەر ئەوەی ئیدی بەربەرستێك بۆ چوونە دەرەوەی وی لە کۆشکی پاشایەتی نەبوو، هاتەسەر ئەوە کە لەو کۆشکە بچێتە دەرەوە و بە پێچەوانەی رەوشی خوا زادەکان کە نەدەچوونە ناو خەڵك، ئەو بچێتە ناو خەڵکەوە.

ئەو ڕۆژە، کاتێك کە مووسا، لە کۆشکی پاشایەتی پایتەختی میسر چووە دەرەوە، هەر وەکو بەندی یەك کە ساڵانێکی لەبەندیخانەدا بەسەر بردبێ و ئەو ڕۆژە ئازاد بووبێ، وابوو.

کوڕەلاو لەوەی کە دەیتوانی بە تەنیایی و بێ خزمەتکار، لە ناو شاردا گەڕان بکا خۆشی وەردەگرت و هەموو شتێك لەبەر چاوی تازەو شایان بەتەماشا خۆی دەنواند تاگەیشتە بازاڕی گەورەی پایتەخت کە لە لێواری رووباری نیل هەڵکەتبوو.

رامسیسی دووەم، فیرعەونی میسر، لە لێواری رووباری نیل سەکۆیەکی درێژی دروست کردبوو تا کەشتییەکان بتوانن پاڵ بەو سەکۆیەوە بدەن و باری خۆیان بەتاڵ بکەن و هەروەها باج گیریی تێدا بکەن و لە لێواری سەکۆ، بازاڕی گەورەی پایتەخت، کە دەکرێ بگوترێ بازاڕێکی نێو نەتەوەیی بوو، بەرچاو دەکەوت.

لە نێو ئەو بازاڕەدا هەر کاڵایەکی کە لە جیهانی کۆندا هەبوو، بەرچاو دەکەوت، وەك کوتاڵی ئاوریشمی ناسك کە مامەڵەچیانی رەنگ ئەسمەری هیندی دەیان هێنایە بازاڕو کوتاڵی ڕەشی خوری کە لە لایەن بازرگانانی ((تەروا)) وە دەفرۆشرا [١١]

لەو بازاڕەدا کوتاڵی ئەرخەوانی و کوتاڵی کەتانی دەکەوتە بەرچاو، کە مامەمڵە چیانی فینیقییە دەیانفرۆشتن، قاپ و قاچاغی زیوینی قەڵەمکارکراو کە لە لایەن بازرگانانی فەلەستینییەوە دەفرۆشرا، کەلوپەلی تەختە کە لە داری ((سید)) بوو و بازرگانانی لوبنانی دەیان هێنا، بیبەر و دارچینی و زەنجەبیل و مێخەك کە بازرگانانی ((گنگ)) پیشانی خەڵکیان دەدا، و کەس نەیدەزانی کە ئەوان ئەو دەرمانانە لە کوێڕا دێنن، دەکەوتە بەرچاو[١٢].

---

(١١) تەروا: شارێك بوو لە وڵاتی تورکیای ئێستا کە داستانی ((هۆمەر)) شاعیری ناسراوی یۆنانی بە ناوی ((ئیلیاد)) ئەوی بە جیهان ناساندووە. (و.ف)

(١٢) لە کۆندا بەشی ڕۆژهەڵاتی هیندستان بە ((گنگ)) و بەشی ڕۆژئاوای بە هیند دەناسرا. (و.ف)

لەو بازاڕەدا سەرەڕای کاڵای جۆربەجۆر، جۆرەها دانەوێڵەش دەفرۆشرا، لە خواردەمەنی و میوەکانی میسرەوە بیگرە تا دەگاتە ماسی رەنگ خۆڵەمێشی فەلەستین و دانەوێڵەی بابل و خورمای وشکی عەرەبستان. هەروەها لەو بازاڕەدا گیانلەبەرانی گەورەی زیندووی وەك شێر و بەور کە لە سەر زەوینەکانی باشووری ((کۆش)) بەدەس دەکەوتن، دەفرۆشران.[13]

مووسا تەنیا لە تەماشاکردنی کاڵا جۆربەجۆرەکان خۆشی وەرنەدەگرت، بەڵکو بینینی میللەتانی جۆربەجۆر، کوڕەلاویان وە خرۆش دەهێنا. جاری وابوو چاوی بە پیاوانێك دەکەوت کە باڵابەرز و چوار شانە و خاوەن قژ و سمێڵی زەرد بوون و کڵاوی گەورەی بەسەرەوە بوو و خەنجەریان دەفرۆشتن کە لە ئاسن دروست دەکراو تازە، میسرییەکان ئاسنیان ناسی بوو، بەڵام هێشتا مێتاڵی ناوبراو بە مێتاڵە جوانەکان دەژمێردراو شمشێری ئەفسەران و سەربازانی میسر، لە برۆنز بوو.

مووسا گوێی لێبوو دەیانگوت ئەو پیاوە باڵا بەرز و قژ زەردانە کە کڵاوی پەشمیان بەسەرەوەیە بازرگانانی قەوقازین.

جاری وا هەبوو چاوی بە بازرگانانێك دەکەوت کە جلی درێژی سپییان لەبەر دا بوو و ریشی درێژی ئەوان تا سەر سنگیان دەهات و خەڵك دەیانگوت ئەوانە خەڵکی وڵاتی بابلن و لەوان دەڵەمەندتر، لە ناو بازرگانانی بازاڕدا، بوونی نییە.

کاتی وا بوو مووسا پیاوانێکی دەدی کە نێزەی درێژیان بە دەستەوە بوو و قەڵغانی خڕی گەورەیان بە پشتەوە بوو و قژی رەنگ زێڕینی ئەوان کە بە لای سپیدا دەچۆوە، لە پشتەوەڕا تا سەر کەمەریان دەهات.

میسرییەکان نەیاندەزانی ئەوانە خەڵکی کوێن، و ئەوان ئەو خەڵکەیان بە خەڵکی (( سەوڵ لێدەران )) دەناسی، چونکە شەو و رۆژ، کەشتییە درێژ و بەر تەسکەکانیان بە هۆی سەوڵ لێدانەوە لێدەخوڕی و دەیانگوت کە ئەوان لە وڵاتانی باکووری دنیاوە دێن و وڵاتەکەیان بە ئەندازەیەك دوورە کە جگە لە خۆیان کەسی دیکە نازانێ لە کوێیە [14]

مووسا لە کاتی گەڕانی خۆی بە نێو بازاڕدا گەیشتە جێگایەك کە بازاڕی فرۆشتنی کۆیلان بوو. کوڕەلاو لەو بازاڕەدا چاوی بە ژمارەیەکی زۆر لە غولامان و کەنیزان کەوت، کە هەندێکیان منداڵ و هەندێکیان لاو و ژمارەیەکیشیان پیر بوون. لە نێویاندا کۆیلەی کەچەڵ و کۆیلەگەلێك کە چاوێکیان

(١٣) لە زەمانی کۆندا ((کۆش)) بە وڵاتی ئێستای سودان دەناسرا. (و.ف)

(١٤) ئەوانە خەڵکی ئەسکەندنافیای باکووری ئەوروپا بوون. (و.ف)



کوێر بوو، بەرچاو دەکەوتن و کەنیزانێك دەکەوتنە بەرچاوی مووسا کە پێیان بە زنجیر بەسترابوونەوەو ساوای شیرە خۆرەی خۆیان بە باوەشەوە بوو شیریان دەدانێ.

بە مووسایان گوتبوو بە پێی قانوون، لە میسری خواروو، مانای ئەو جێیە کە پایتەختی (هەڵبەتە لەو سەردەمەدا ) لێیە، هەموو فرۆشیارانی غولامان و کەنیزان دەبێ میسری بن و هەر مامەڵە چییەك ئەگەر بە غولام و کەنیزەوە لە هەر گۆشەیەکی دنیاوە دێ، دەبێ غولام وکەنیزەکانی خۆی بە مامەڵەچیانی میسری بفرۆشێ و ئەوان لە بازاڕی پایتەخت کۆیلەکان بفرۆشن.

ئەم مەسەلەیە بەشێك لە ئیمتیازی میراتی و دێرینەی بازرگانی کۆیلەفرۆشی میسری خواروو بوو، و مووسا کە زانیاری لە سەر ئەو بنەمایە هەبوو، لە ناو ئەو بازاڕە لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکەی بازاڕەکە دەڕۆیشت و تەماشای فرۆشتنی کۆیلەکانی دەکرد.

مووسا، لە کۆیلەفرۆشی سەری سووڕنەما، چونکە کڕین و فرۆشتنی کۆیلە، لە میسر، وەکو رووباری نیل و لمی بیابان و تیمساحەکانی رووباری نیل بە بەشێك لە ژیانی ئاسایی خەڵك دەژمێردرا.

مووسا، ماوەیەك لە نێو ئەو بازاڕەدا گەڕا و لە ناکاو بینی پیاوێکی لاو، کە کێردەکەی خۆی بە بەر کەمەرییەوە هەڵواسیبوو، لە کالانەکەی هێنایە دەرو بەیەك داهێنان گەرووی غولامێکی پیرو کەچەڵ، کە دیار بوو نەخۆش بوو، سەرتاسەر هەڵدڕی و خوێن لە دەمارەکانییەوە فیچقەی کرد.

مووسا، بە جۆرێك لەو کوشتنە لە ناکاوە سەری سوڕما کە ویستی لەو پیاوە نزیك بێتەوەو لێی بپرسێ کە بۆچی ئەو غولامەی کوشت، بەڵام پێش ئەوەی کە لەولاوە نزیك بێتەوە، ئەو پیاوە، کەنیزێکی پیری، کە چاوێکی کوێر بوو، بەهەمان شێوە کۆشت.

مووسا، نەیتوانی دان بە خۆیدا بگرێ و بەرەو ئەو پیاوە چوو و دەستی گرت تا کابرا سەرنجی بەلای ئەودا وەربگێڕێ و بیبینێ.

ئەو پیاوە مووسای دی و مووسا لەو پیاوەی پرسی: بۆچی ئەو دوو نەفەرەت کوشت ؟

پیاوەکە پێش ئەوەی وەڵامبداتەوە بەسەر تا پێی مووسایدا روانی و دەیویست لە وەزعی ئەوڕا تێبگا کە کێیە.

مووسا هەروا لەسەر تا پێوە چەکداربوو. پیاوە لاوەکە دیقەتیدا ئەو کوڕە بێ دوودڵی لە گەورانەو گەرچی کەس لە خزمەتکاران لەگەڵ ئەودا نین، بەڵام باڵای بەرزو و جوانی و جلوبەرگی گرانبەهاو چەکی بەنرخی وی، پیشانی دەدا کە لە لاوانی هەڵکەوتووی میسرەو بە ڕێزو ملکەچییەوە گوتی:

ئەو دوو نەفەرە دەبووایە بکوژرابان.

مووسا پرسی: بۆچی ؟

پیاوە لاوەکە گوتی: ئەوە پێنج ڕۆژە ئەوانە دەهێنینە بازاڕ لە بەر پیری و نەخۆشی و هەروەها کەچەڵی و کوێرییانەوە، هیچ کەس ئەم دوانەی نەکڕی.

مووسا گوتی: ئایا غولام و کەنیزێك کە نەفرۆشێن دەبێ بکوژرێن ؟

پیاوە لاوەکە گوتی: نەفرۆشتن تا نەفرۆشتن جیاوازی هەیە! جاری وا هەیە نەفرۆشرانی غولام و کەنیز لەوەوە هاتووە کە نرخی ئەوان گرانە و ئێمە دەزانین ئەگەر ڕۆژی پاشتر نرخی ئەوان هەرزان بکەین دەفرۆشرێن، بەڵام ئەمجۆرە غولام و کەنیزە پیر و نەخۆشانە، ئەگەر پێنج ڕۆژ لەسەر یەك نەفرۆشرێن دەبێ بکوژرێن بۆ ئەوەی ناچار نەبین لە ڕۆژانی داهاتوودا، خەرجی خواردەمەنی ئەوان هەڵبگرین.

مووسا گوتی: نرخی ئەوان هەرزان بکەن تا کڕیاران ئەوان بکڕن.

پیاوە لاوەکە گوتی: ئەی مەزنزادە ئەگەر ئەمانە بەخۆڕایش بدەینە خەڵك، کەس نایانباتەوە ماڵی خۆی.

مووسا گوتی: ئەگەر نافرۆشرێن ئەی بۆ دەیانکوژن ؟

پیاوە لاوەکە جورێك نیگای سەرسوورمانی لە مووسا بڕی وەك بڵێی مووسا قسەیەکی لە قبووڵ کردن نەهاتووی کردووە، وەڵامیدایەوە: ئەگەر ئێمە ئەوانە نەکوژین ئەی چ بکەین ؟

مووسا گوتی: ئەوانە بەرەڵا بکەن و بۆ هەر جێ کە دەیانەوێ بچن با بچن. ئایا تۆ خاوەنی ئەو کۆیلانەی ؟

پیاوە لاوەکە گوتی: نا، من شاگردم و ئەوە خاوەنی کۆیلەکانە. ئینجا ئەو پیاوە بە پەنجە، کەسێکی بە مووسا نیشاندا.

ئەو کەسە چاوی لە ئاماژەی شاگردەکەی خۆی بوو و بە بینینی مووسا کە زۆر لاو و جوان بوو، ماوەیەك سەری سوڕما. چونکە وای وێنا دەکرد کە مووسا دەیەوێ غولام یا کەنیزە بکڕێ و لە میسر لاوانی کەمتەمەن بە دەگمەن وایە کە غولام و کەنیز بکڕن.

بازرگانی کۆیلەفرۆش لە مووسا نزیك کەوتەوە. ئەویش هەوەکو شاگردەکەی بەسەر تا پێی مووسایدا ڕوانی و تێگەیشت ئەو لاوە لە مەزن زادەکانەو گوتی: ئەی مەزن زادە چت دەوێ ؟

مووسا گوتی: من کڕیاری غولام و کەنیز نیم و تەنیا لەگەڵ شاگردەکەی تۆدا قسەم دەکردو پێم گوت بۆچی غولامان و کەنیزانی پیر و نەخۆش کە نافرۆشرێن دەکوژی ؟



بازرگانی کۆیلەفرۆش گوتی: من بە شاگردەکەم ڕادەگەیەنم کە ئەوانە بکوژێ؟

مووسا گوتی: تۆ کە دەزانی ئەوانە ئیدی سوودێکیان بۆ تۆ نییە بۆچی بەرەڵایان ناکەی بۆ خۆیان بڕۆن ؟

بازرگان گوتی: من ناتوانم غولام و کەنیزێك کە نافرۆشرێن بەرەڵا بکەم تا بۆ هەر جێیەك کە بیانەوێ بڕۆن، چونکە دووبارە ئەوانە بە خۆم دەفرۆشنەوە.

مووسا گوتی: من مانای قسەکەی تۆ تێناگەم و چۆن دووبارە ئەوان بە تۆ دەفرۆشنەوە ؟

مامەڵەچی وەڵامیدایەوە: کاتێك فرۆشیارانی بیانی بە کۆیلەکانیانەوە دێن، غولامان و کەنیزان بە سەریەکەوە بە من و هاوکارانم دەفرۆشن و ئێمە دەبێ کۆیلەی پیر و لاو، ساغ و نەخۆش پێکەوە بکڕین، و ئاکام هەندێك لە کۆیلەکانم کە پیر و نەخۆش و کەم ئەندامن نافرۆشرێن و بەسەر مندا دەمێننەوە. ئەگەر من ئەوانە بەڕەڵا بکەم، دووبارە دەکەونەوە دەستی هەمان بازرگانانی بیانی کە ئەوانەیان بە من فرۆشتووە و ئەوان، جارێکی دیکەش ئەو کۆیلانە کە نافرۆشرێن، لەگەڵ کۆیلەی لاو و ساغ تێکەڵاو دەکەنەوە و دیسانەوە من ناچار دەبم ئەوانە بکڕمەوە. لەبەر ئەوەیە کە من و هاوکارانم ئەم جۆرە غولام و کەنیزانە کەنافرۆشرێن، دەکوژین تا ناچار نەبین خواردەمەنی ئەوانە بخەینە سەرشانی خۆمان یا خود جارێکی دیکە لە بازرگانی بیانی بیانکڕینەوە.

مووسا، لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان چووە دەرەوە و درێژەی بە گەڕانی خۆی بە ناو باقی بەشەکانی دیکەی بازاڕدا.

ئەو ڕۆژە، مووسا بۆ یەکەمین جار سەرنجیدا ئەو وێناکردنەی کە ئەو لە خەڵکی میسری کردبوو لەوە جیاواز بوو کە هەبوو. ئەو، تا ئەو ڕۆژە وای وێنا دەکرد کە ژن و مێردی میسری هەروەك ئەو ژن و پیاوانە وان کە لە کۆشکی پاشایەتیدا دەژین و وەك ئەوان باڵابەرز و قەڵەون و جل و بەرگی باشیان لەبەر دایەو بۆنی گوڵاویان لێدێ.

مووسا، ئەو ڕۆژە سەرنجیدا زۆربەی پیاوان و ژنانی میسری کورت و لاوازن. هەندێکیان یەك یا هەردوو چاویان کوێر، و کەچەڵن و ژمارەیەك لە خەڵك، جلی کۆنەو دڕاویان لەبەردایەو کاتێ بەتەنیشت مووسا دا تێپەڕین بۆنی بۆگەن بەبن لووتی ئەو پیاوە دا دەهات.

مووسا، بینی زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لە بازاڕی گەورەی پایتەخت دەبینرێن، ڕووت و قوتن و هەندێکیان لە نێو سەرە نوێلکەدا دەگەڕێن تا شتێك کە شایانی خواردن بێ وەگیربخەن و بیخۆن. هیچ کام لە منداڵەکان دەرۆزەیان لە مووسا نەکرد، چونکە دەیانزانی کە ئەو مەزنزادەیەو منداڵانی

میسری لە مەزنزادەکان دەترسان. بەڵام لە کەسانی دیکە و بە تایبەتیش لە بیانییان دەرۆزەیان دەکرد.

لەبەر ئەوەی ئەو رۆژە یەکەمین رۆژی چوونە دەرەوە و ئازادی مووسا بوو لە کۆشکی پاشایەتی و یەکەمین رۆژی قۆناغی پیاوەتی ئەو بوو، بڕیاری دا لە بازاڕی گەورەی پایتەخت، شت بکڕێ و چەند داوێنێکی چینداری بۆ خۆی کڕی، چونکە پۆشینی داوینی چیندار، لە میسر، لە نیشانەکانی رەسەنایەتی بوو.

مووسا پێویستی بەو داوێنانە نەبوو، و تەنیا بۆ ئەوەی کە شتێکی کڕی بێ، هاتە سەر ئەوەی کە بیانکڕێ و پاشانیش ملوانکەیەکی زێڕی کڕی.

پاش ئەوەی لە کڕینی داوێنەکان و ملوانکە دەستی بە تاڵ بوو، لە گوڵفرۆش نزیك بۆوە تا گوڵ بۆ دایکی بکڕێ و کاری گوڵفرۆشی لە میسر، بە تایبەتی لە باکووری ئەوێ، مانای لە ناوچەی دەلتا بە کارێکی باش دەژمێردراو ژمارەیەك لە جووتیاران، گوڵیان دەچاند تا بتوانن بەرهەمەکەی لە بازاڕی گەورەی پایتەخت بفرۆشن.

ئەو گوڵانەی لە بازاڕ دەفرۆشران، بریتی بوون لە گوڵی رەنگا و رەنگی خەشخاش و گوڵی سوور و گوڵی یاس، مووسا دەستەیەك گوڵی جۆراو جۆری بۆ دایکی هەڵبژارد. پاش ئەوە کە لە گوڵ کڕینیش تەواو بوو هاتە سەر ئەوە کە میوە بۆ دایکی بکڕێ.

لە کۆشکی پاشایەتیدا، میوە شتێکی دەگمەن نەبوو، بەڵام مووسا بیری دەکردەوە ئەو میوەیەی کە ئەو بۆ دایکی دەکڕێ، لە بەر چاوی ئەنخاس ئاموون دیمەنێکی دیکەی هەیە.

کوڕەلاو دەیزانی دایکی، پتر لە هەموو میوەکانی دیکە هۆگری دوو میوەیە: یەکێکیان کاڵەك و ئەوەی دیکەیان هەنار، و لە ناو چەپەکی دەلتای باکووری میسر، باشترین جۆری هەنار و کاڵەك بە دەستدەکەوت و ئەو کاتەش وەرزی کاڵەك و هەنار بوو.

ئەو، چەند دانەیەك کاڵەك و بڕێك هەناری بۆ دایکی کڕی و لەبەر ئەوەی خۆی نەیدەتوانی ئەو شمەکانە هەڵبگرێ و لەوەش بەولاوە، هەڵگرتنی ئەو شمەکانە لەگەڵ ویقاڕ و مەزنیی مەقامی ئەودا نەدەهاتەوە، فەرمانی دا بارهەڵگران، ئەو شتانەی کە کڕیبوونی تا دەروازەی کۆشکی پاشایەتی بهێنن و کاتێ گەیشتە ئەوێ خزمەتکارانی کۆشکی بانگ کرد تا شمەکەکان لە بار هەڵگرەکان وەربگرن و بیانبەنە ناو کۆشك.



کاتێك مووسا چووە ناو کۆشکەوە، ژمارەیەك لە شازادە و شازادەخانمەکان لە نێو باخەکەدا گەڕانیان دەکرد و ژمارەیەك لە شازادەخانمەکان خوشك یا کچە مامی مووسا بوون و هەندێکیان نیگای دورو درێژیان لە مووسا بڕی، بەڵام ئەو لاوە سەرنجی تایبەتی لە هیچ کامیان نەدا.

سەرەڕای ئەوەش کە تەمەنی مووسا، هێشتا لە چواردە ساڵی تەواو تێپەڕی نەکرد بوو، بەرزی باڵای تا یەك مەتر و هەشتا سانتیمەتر دەبوو و ئەوەندەجوان و ئەندام رێك بوو کە هەندێك لە رێبواران کاتێك کە بە بەرامبەریدا دەرۆیشتن نەیاندەتوانی خۆیان ببوێرن و دەگەڕانەوە و قەڵافەتی مووسایان لە پشتەوە ڕا تەماشا دەکرد.

ئەو رۆژە دایکی مووسا بە وەرگرتنی گوڵ و میوەکان، کە کوڕەکەی بۆی کڕی بوو، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. دایکی مووسا ژنێکی زۆرخۆر نەبوو و پاش ئەوەی کە دەردەداری درێژخایەن لەودا سەری هەڵدابوو، خواردنی کەم دەخوارد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رۆژە بۆ ئەوەی رەزامەندی خۆی لە مندالەکەی ئاشکرا بکا بە کەنیزەکانی گوت کە یەکێك لە کاڵەکەکان بشکێنن و بیهێنن و کەمێکی لەو میوەیە خوارد و ستایشی شیرینی و ناسکی کاڵەکەکەی کرد.

-٥-

# لەگەڵ سەرۆکی
# تەلارسازانی پاشایەتی

ڕۆژی پاشتر، کە دووەمین ڕۆژی قۆناغی پیاوەتی مووسا بوو، کوڕەلاو بڕیاری دا بچێتە ناو بەشێك لە کۆشکی پاشایەتی کە تا ئەو ڕۆژە نەچوو بووە ئەوێ.

لە نێو کۆشکی پاشایەتیدا، کۆمەڵە بەشێکی تێدا بوو کە شازادەکان و شازادەخانمەکان هەرگیز نەیاندەتوانی بچنە ئەوێوە، مەگەر بە مۆڵەتی تایبەتی بووایە. بۆ نموونە بەشێك لە کۆشکی پاشایەتی کە ماڵی فیرعەون رامسیسی دووەم بوو بە خاڵە قەدەغەکراوەکان دەژمێردرا و هیچ کام لە شازادە و شازادەخانمەکان نەیاندەتوانی بچنە ناوییەوە، مەگەر کاتێك کە دەگەیشتنە قۆناغی پێگەیشتوویی و لەبەر ئەوەی مووسا بە قۆناغی پیاوەتی گەیشتبوو، لە ڕۆژی دووەمی گەیشتنی بە قۆناغی پێگەیشتوویی خۆی ئامادە کرد بوو کە بچێتە ئەوێ.

لە سەردەمی منداڵیدا، مووسا بەردەوام بیری لەو بەشەی کۆشکی پاشایەتی کە چوونە ناوەوەی بۆ منداڵان قەدەغە بوو، دەکردەوە و بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ چ شتگەلێکی شایان بە تەماشاکردنی تێدا بێ کە منداڵان مۆڵەتی ئەوەیان نەبێ تەماشای ئەوێ بکەن.

لە سەردەمی منداڵیدا هەرکاتێك مووسا لە دوورەوە ئەو بەشەی کۆشکی پاشایەتی دەدی، دڵی بە حەسرەتی بینینی ئەوێ لێی دەدا. ئەو ڕۆژە بڕیاریدا کە ئارەزووی سەردەمی منداڵی خۆی بە کردەوە بێنێتە دی و بڕواتە ئەوێ تا شتگەلی شایان بە تەماشای ئەوێ، ببینێ.

ئەو بەشە کە چوونە ژوورەوەی منداڵانی لێ قەدەغەکرا بوو، بە کۆشکێك دەژمێردرا و مووسا ئەو ڕۆژە، بێ ترس پێی نایە ناو ئەو کۆشکەوەو لە پلیکانەکانەوە چووە سەرێ و لە ڕاڕەوێکەوە تێپەڕی و لە ژوورێکەوە کە دەرگای کرابۆوە و پەنجەرەکانی بەرە و ڕووی ڕووباری نیل کرابوونەوە، چووە ژوورەوە.



لەو ژوورەدا مووسا چاوی بە چەند سەبەتەی دارین کەوت، کە لە نێو هەر کامیاندا لولەیەکی کاغەزی (( پاپیرۆس )) دەبینرا.(١٥)

لەو ژوورە لە نزیك ئەو پەنجەرانەوە کە بەرەو ڕووی ڕووباری نیل دەکرانەوە، پیاوێك پشتی لە مووسا بوو، لە بەردەم مێزێکی درێژو پان، کە لە تەختەی درەختی سیدر بوو، دانیشتبوو و قەڵەمێکی لە مس دروستکراوی لە نێو دەستدا بوو و لە قەڵەمدانێکی پڕ لە مەرەکەب کە بە گۆشەیەکی مێزەکەدا هەڵواسرابوو، هەڵدەکێشا و لە سەر ((پاپیرۆس)) دەینووسی. لە لایەکی مێزەکەش جۆرەها کەرەسەی ئەندازەیی وەکو هێڵ کێش و بازنە و سێگۆشە (کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن گۆنیا) بەرچاو دەکەوت.

پاش ئەوەی مووسا چووە ژوورەکەوە ساتێك ڕاوەستا. پیاوێك کە سەرقاڵی نووسین بوو بێ ئەوەی کە ڕووی خۆی وەربگێڕێ و چاوێك لە مووسا بکا، گوتی: ئەی  شازادەی میسری، واباشترە کە لێرە بڕۆی، چونکە ئێرە جێگای تۆ نییە.

مووسا لە قسەی ئەم پیاوە سەرسام بوو گوتی: تۆ کە ڕووی خۆت وەرنەگێڕاوە و نیگایەکت لە من نەکردووە بە چیڕا زانیت من کێم؟

نووسەرەکە گوتی: تەنیا شازادەیەکی میسری دەتوانێ بە بێ ئاگاداری پێش وەخت بێتە ئێرە و ڕابووەستێ، مەبەستم ئەوەیە کە جگە لە شازادەی میسری، کەسی دیکە جورئەتی نییە ئەو کارە بکا.

مووسا گوتی: لەو پێشهاتە من بەداخەوەم و نەمدەزانی کە تۆ لێرە سەرگەرمی نووسینی ئەگەرنا نەدەهاتمە ژوورەوە تا نەبمە مایەی پەرت و بڵاوکردنی بیری تۆ. من بینیم کە دەرگا کراوەیە، یەکەمجار چاوم بە لولەکانی ((پاپیرۆس))  کەوت و هەستی لاپرسەنی منی ناچار کرد کە بێمە ژوورەوە.

پیاوە نووسەرەکە بێ ئەوەی ڕووی خۆی وەربگێڕێ گوتی: هەوەڵ  جارە کە دەبیستم شازادەیەکی میسری بە ئەدەبەوە قسە بکاو تا ئەمڕۆ، هەر جارێك کە ژمارەیەك لە شازادەکان دەهاتنە ئەم ژوورەوە و من بەوانم دەگوت کە ڕاوەستانی ئەوان لێرە مانایەکی نییە، بەدگۆییان بەرامبەرم دەکردو هەڕەشەیان دەکرد کە من دەخەنە بەردەمی تیمساحانەوە. بەڵام تۆ خراپت

---

(١٥) پاپیرۆس: گیایەکە لە میسر و لێوارەکانی شەتی نیلدا دەڕوێ و لە کۆندا میسرییەکان کاغەزیان لێ دروست دەکرد بۆیە کاغەزی ئەوان لە یۆنان بە "پاپیرۆس" ناودەبرا (و.ف)

به من نەگوت و هەڕەشەت لە من نەکرد. من حەز دەکەم کە بزانم تۆ ئەی شازادەی میسری کێی و ناوت چییە؟

کوڕەلاو وەڵامیدایییەوە: ناوی من مووسایە.

نووسەر گوتی: مووسا ناوێکی تەواو نییە بەڵکو نیوەی ناوێکە.

کوڕەلاو گوتی: وەك گوتم ناوم مووسایە و کوڕی ئەنخاس ئاموونم.

نووسەر گوتی: من ئەم ناوەم بیستبوو و لە بیرم چووبۆوە، ئێستا کە گوتت کوڕی ئەنخاس ئاموونی، هاتەوە بیرم کە ئەو لەو کۆشکەدا بە ناوی شازادەی خاوەن نهێنی ناسراو بوو و من زۆر حەزم دەکرد ئەم شازادە خاوەن نهێنی و بە ئەدەبە ببینم. پاش ئەم قسەیە پیاوەکە رووی خۆی وەرگێڕاو مووسا چاوی بە پیاوێکی چل یا چل و پێنج ساڵی و خاوەن قژێکی ماش و برنجی و دوو چاوی رەشی بچووك، بەڵام درەوشاوە، کەوت.

مووسا بە بینینی ئەم پیاوە سەری سووڕنەما، بەڵام پیاوەکە بە بینینی باڵای بەرزو شانی پان و جوانی مووسا سەری سوڕما و گوتی: ئەی مووسا، ئەگەر ناوەکەت تەواو نییە و نیوەی ناوێکە، ئەوا خۆت تەواوی و نیوەنی و بە ئەدەب بوونی لاوێك، کە خاوەنی ئەم باڵاو شان و جوانییە بێ، لەبەرچاوترە و ئایا رێگام دەدەی من واز لە ناوی مووسا بهێنم و تۆ بە ناوێکی دیکەوە بانگ بکەم.

مووسا گوتی: نا، تۆ هەر بە  هەمان ناوی مووساوە قسەم لەگەڵ بکەو ئێستا پێم بڵێ تۆ کێ و لێرە چی دەکەی؟

پیاوەکە گوتی: من سەرۆکی ئەو تەلارسازانەم کە شارو کۆشك و پەرستگا بۆ پاشا دروست دەکەن و هەموو تەلارسازان گوێڕایەڵی من دەکەن. بەڵام خۆم جگە لە پاشا، سەرۆکێکی دیکەم نییە و جگە لەو، گوێڕایەڵی هیچ کەسێکی دیکە ناکەم و چونکە من خاوەن هونەرم، پاشا پێویستی بە من هەیە بۆیە من لە پاشاوە نزیکم.

ئەی مووسا، بزانە لەو رۆژەوەی کە میسر بۆتە خاوەن پاشا، تا ئەمڕۆ هیچ پاشایەك نەهاتووە کە بە ئەندازەی رامسیسی دووەم هۆگریی بە بنیاتنانەوە بووبێ و من بۆ ئەوەی کە بتوانم بە شێوەیەکی تەرخان سەرقاڵی کارکردن بم، فەرمانی داوە هیچ کەسێك لێرە سەرقاڵی بۆ من پێك نەهێنێ و بەو هۆیەوە من دەتوانم بەو شازادانەی کە دێنە ناو ئەم ژوورەوە بڵێم راوەستانی ئەوان لێرە بێ مانایەو دەبێ لێرە بچنە دەرەوە.

مووسا گوتی: تۆ ناوت چییە؟



سەرۆکی تەلارسازان گوتی: من ناوم ((نف))ە ئەمە ناوێکە کە باوك و دایکی خاوەن منداڵی زۆر و هەژار، کاتێك کە ژمارەی منداڵەکانیان لە سنوور تێدەپەڕێ، ئەم ناوە لە یەکێك لەوان دەنێن، چونکە سەلیقەی ئەوەیان نییە کە بگەڕێن و ناوێکی شاعیرانە بۆ منداڵەکەی خۆیان هەڵبژێرن و سەختی ژیان، سەرچاوەی زەوقی شاعیرانە لەواندا وشك دەکا. ئینجا سەرۆکی تەلارسازان گوتی: باوك و دایکی من جووتیار بوون و یازدە منداڵیان هەبوو کە من یازدەیەمین منداڵی ئەوان بووم و جگە لە من، هەموو منداڵەکانیان مردوون.

نازانم ئایا تۆ ناوی (( ستی کاف )) زەوی خۆری بە ناوبانگی میسرت بیستووە یانا؟ ئەو پیاوێك بوو زەوی جووتیارانی بە بارمتە وەردەگرت و هەر کاتێك جووتیاران، لە سەروادەی خۆیدا، قەرزی ئەویان نەدابایەوە، دەبووە خاوەنی زەوییەکەی ئەوان و جووتیارەکانی لەسەر ئەو زەوییە دەردەکرد، و چونکە کارەکەشی بە پێی قانوون بوو، هیچ کەسێك نەیدەتوانی نارەزایەتی بکا.

باوك و دایکی منیش قەرزێکیان لەو وەرگرتبوو کە تا ساڵی پاشتر لە کاتی هەڵگرتنەوەی بەروبووم قەرزەکەی بدەنەوە. بەڵام ئەو ساڵە، بە هۆی خراپی بەروبوومەوە نەیانتوانی قەرزەکەی خۆیان بدەنەوە و (( ستی کاف )) زەوی ئەوانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە و هەر دووکیانی لەسەر زەوییەکە دەرکرد و ئەوان مردن و دایەنەکەی من، منی دایە یەکێك لە تەلارسازان کە خەریکی دروستکردنی فیرعەون (مانای ماڵی گەورە) بوو. من ساڵانێك لە ژێر دەستی ئەودا کارم دەکرد و کەرەسەی وەستایی ئەوم لە گڵ و خۆڵ پاك دەکردەوە. کارو گوێڕایەڵی من بە جۆرێك بووە جێگای رەزامەندی ئەو پیاوە کە هێشتا ئەم ماڵە گەورە، کەئێستاکە من تێیدا سەرگەرمی کارکردنم، تەواو نەبوو بوو کە دەمتوانی نەخشە بکێشم.

مووسا گوتی: ئایا مۆڵەتم دەدەی من ماوەیەك لێرە رابووەستم؟

نف گوتی: نابێ من مۆڵەت بە تۆ بدەم، بەڵکو ئەوە تۆی کە مۆڵەت بە من دەدەی.

مووسا گوتی: من حەز دەکەم ماوەیەك لەو ژوورەدا رابووەستم و تەماشای کاری تۆ بکەم.

نف گوتی: زۆر باشە، بەڵام کاتێك کە من کار دەکەم لەگەڵ مندا قسە مەکە، چونکە من حەز ناکەم کاتی کارکردن کەس قسەم لەگەڵ دا بکا.

مووسا گوتی: من قسەت لەگەڵدا ناکەم.

نف دەستی کردەوە بەکارو مووسا لە پشتی وییەوە راوەستا، بەڵام لە مەودایەکی نزیکەوە نا، بەڵکو کەمێك دوور، بەجۆرێك کە سەرقاڵی بۆ سەرۆکی تەلارسازان دروست نەکا.

نف قەڵەمی مسی خۆی لە نێو مەرەکەب هەڵکێشا، و پاشان کە دەری هێنا بە پارچە پەڕۆیەك قەڵەمەکەی وشك کردووە.

مووسا سەری سوڕما ئەو پیاوە چۆن دەتوانێ پاش وشککردنەوەی قەڵەمەکەی، شت بنووسێ. بەڵام ساتێك پاشتر تێگەیشت کە ئەو قەڵەمە مسییە جۆرە قەڵەمێکە دوو لکەو بەینی دوو لکەکە، مەودایەکیان هەیە و مەرەکەبەکە، لە نێوان دوو لکەکەدا رادەوەستێ و نف بۆیە قەڵەمەکەی وشك دەکاتەوە کە لە دەرەوەی ئەو مەودایەی، کە لە نێوان دوو لکەکە دایە، لە جێگایەکی دیکە، مەرەکەبی پێوە نەبێ.

کاتێك مووسا چووە ناو ئەو ژوورەوە، چونکە لە نزیکەوە کاری ئەم پیاوەی نەدی بوو، وای وێنا دەکرد کە ئەو سەرگەرمی نووسینە، بەڵام پاش ئەوەی کە لە نزیکەوە کاری نفی بینی تێبینی کرد کە سەرۆکی تەلارسازان نەخشە دەکێشێ و هەندێك جار بۆ وێنە کێشانی نەخشە کەڵك لە هێڵ کێش و بازنەو سێگۆشە وەدەگرێ.

گوتمان مووسا لە قۆناغی فێربووندا زانستی ئەندازە فێر ببوو و شێوە ئەندازەییەکانی دەناسی. بەڵام تا ئەو کاتە نەخشەگەلی وەکو ئەو نەخشەیەی کەنف کێشا بووی، نەدی بوو، و تێدەگەیشت کەنف لە کاتی وێنەکێشانی ئەو نەخشەیە، لەئەندازەگیریدا زۆر دیقەت بەکاردەهێنێ.

لەبەر ئەوەی نف بە مووسای گوتبوو کە قسەی لەگەڵدا نەکا و تەنیا تەماشا بکا، کوڕەلاو روونکردنەوەی نەدەویست و تەنیا شێوازی کارکردنی ئەو پیاوەی سەیر دەکردو بینی کەنف بۆ حسابکردن کەڵك لە چۆرت[١٦] وەرناگرێ و چۆرتەکەی، بە دیواری ژوورەکە لە پەنا مێزێکەوە کە ((پاپیرۆس))ی لەسەر بڵاوکرابۆوە، هەڵواسیبوو. تا ئەو رۆژە، مووسا هەر کاتێك ناچار دەبوو حسابێك بکا، کەڵکی لە چۆرت وەردەگرت. بەڵام نف، بۆ حساب کردن شێوازێکی بەکار دەبرد کە بە لای مووساوە بەتەواوی تازە بوو.

سەرۆکی تەلارسازان کاتێك دەیویست ژمارەی یەك حساب بکا یەك (١)ی دەنووسی و کاتێك دەیویست (٢) حساب بکا، خەتێکی دیکەی لە پەنا (١)ەوە دەنووسی بە شێوەیەك کە (١) دەگۆڕا بۆ یەك گۆشەو ئەگەر ئەو خەتە بە شێوەی چوارگۆشە دەرچووبایە ئەوا مانای

(١٦) چۆرت: ئامێری ژمێریاری کۆن: ئەم ئامێرە پێکهاتووە لە چوارچێوەیەکی تەختەکە چەند ریز تەلی تێدایە و هەر تەلێك چەند تەختەی بچووکی بازنەیی وەکو سەرە خولخولەی تێدایە و دوو ریزیان چوار خولخولەی پێوەیەو ئەوانی تر دەدانەی تێدایە، کۆکردنەوە و دابەشکردن و حساباتی تری پێکراوە. ((و.ك))



چوار، و هەر کاتێك لەو چوار گۆشەیەدا، نف خەتێکی لە نێوان دوو گۆشەی بەرامبەر بەیەك بە شێوەی ( تیرە ) بەیەکەوە بگەیەندبایە، لەو حاڵەدا چوارگۆشەی ناوبراو مانای پێنجی دەدا.

ماوەیەك تێپەڕی و نف سەرگەرمی کارکردن بوو. مووسا لە شێوازی کارکردنی ئەوی دەڕوانی بێ ئەوە کە یەك قسە بکا. لەگەڵ ئەوەشدا کە مووسا ئەندازەی دەزانی تا ئەو رۆژە، ئەم جۆرە نەخشەیەی نەدیبوو و نەیدەزانی بەکاری چی دێ، هەر چەندە بە هۆی کاری تەلارسازی نفەوە، هەستی دەکرد کە نەخشەی ناوبراو بەکارەکەی ئەوەوە پەیوەستە.

نف بۆ ئەوەی کەمێك پشوو بدا، دەستی لە کار هەڵگرت و رووی وەرگێڕاو شوێنەواری سەرسوڕمان و حەپەسانی لە روخساری کوڕەلاوەدا بە دی کرد.

سەرۆکی تەلارسازانی فیرعەون، ئەو رۆژە لە ئەدەب و نەزاکەتی مووسا خۆشی لێهاتبوو و حەزی دەکرد لەگەڵ ئەو کوڕەلاوەدا ببێتە دۆست و ئەو، وەك شاگرد قبووڵ بکاو ئەگەر ئارەزووشی لێبوو هونەری نەخشەکێشان فێری ئەو بکا.

ئەگەر مووسا لەسەردەمی منداڵیدا بووایە، نف دەیتوانی ئەو بە قوتابی قبووڵ بکا مانای ببێتە مامۆستای ئەو، بەڵام مووسا چوو بووە قۆناغی لاوییەوە و لەو قۆناغەدا شازادەکانی میسر ئیدی نەیاندەخوێند.

مووسا لەبەر ئەوەی بینی کە نف دەستی لە کار هەڵگرتووەو رووی وەرگێڕاوە، تێبینی کرد کە دەتوانێ لەگەڵیدا قسە بکا، پرسی: ئەوەی کە لەسەر ((پاپیرۆس)) وێنەی دەکێشی چ سوودێکی هەیە؟

نف گوتی: ئەمە نەخشەی تەلارێکە.

مووسا پرسی: نەخشەی کام تەلار؟

نف گوتی: نەخشەی تەلارێکە کە فیرعەون دەیەوێ دروستی بکا.

مووسا گوتی: بەڵام من نەخشەکەی تۆ وەك هاوشێوەی هیچ تەلارێك نابینم.

نف وەڵامیداییەوە: نەخشەی تەلار هاوشێوەی ئەو نییە، بەڵام نەخشە نەبێ ناتوانرێ تەلار دروست بکرێ.

مووسا بە سەرسامییەوە پرسی: ئەگەر ئەو نەخشەیە نەبێ فیرعەون ناتوانێ تەلار دروست بکا؟

نف گوتی: نا، چونکە نازانرێ تەلارەکە چۆن دروست بکرێ و نازانرێ کە بۆ دروست کردنی ئەو تەلارە چەند کەرەسە فەراهەم بکرێ و چەند کرێکار بەکرێ بگیرێ.

مووسا پرسی: ئایا هەموو ئەو تەلارانەی کە دروست دەکرێن دەبێ نەخشەیان هەبێ؟

نف وەڵامیداییەوە: تەواوی ئەو تەلارانەی کە دروست دەکرێن، دەبێ نەخشەیان هەبێ. بەڵام کۆڵێتی خەڵکانێکی بێ دارایی پێویستی بە نەخشە نییە، چونکە درێژی و پانی و بەرزی و بڕی کەرەسەکەی دیارە. لە زەمانێکەوە کە لە میسر، تەلاریان دروست کردووە، مانای لە زەمانێك پێش مێژووی دروستکردنی هەرەمەکان، بۆ بنیات نانی تەلار نەخشەیان دەکێشا.

مووسا گوتی: من وێنام نەدەکرد بۆ دروستکردنی تەلار نەخشەی ئاوا پێویست بێ. من بیرم دەکردەوە کە بەردەکان لەسەر یەکدا دەنێن و دیوار و ئینجا ژوورەکان دروست دەکەن و لە ئەنجامدا تەلارێك راست دەبێتەوە.

نف گوتی: بە پێی ئەو نەخشەیەش بەردەکان لە سەریەك دادەنێن و دیوار و ژوورەکان دروست دەکەن تا تەلارەکە راست دەبێتەوە. بەڵام حاڵەتی بەردەکان و بڕی کەرەسەکان ئەم نەخشەیە دیاری دەکا و ئەگەر ئەم نەخشەیە نەبێ ئەوانەی کە تەلار دروست دەکەن نازانن یەکەمجار بەردەکان لە کوێ دابنێن و نێوانی دیوارێك و دیوارێکی دیکە چەند دەبێ و بەرزی دیوارەکە تا چەند بەرز بکەنەوە، و چونکە ئەم شتانە نازانن، ناتوانن تێبگەن کەرەسە چەند پێویستە و کرێکارانی پێویست ژمارەیان دەبێ چەند بێ.

مووسا پرسی: ئایا بۆ بنیاتنانی هەرەمەکانیش نەخشەیان کێشاوە؟

نف گوتی: بنیاتنانی هەر تەلارێکی گەورە، جا هەرەم بێ یا کۆشك یا ئارامگا یا پەرستگا، پێویستی بە کێشانی نەخشە هەیە یەکەمجار دەبێ ئەو نەخشەیە بەوردەکارییەکی هەرچی زۆرترەوە، پێوانەکاری هەموو شتێك دیاری بکرێ و پاشان دەس بە بنیاتنانی تەلارەکە بکرێ. ئەگەر پێوانەکان بەوردەکارییەوە دیاری نەکرێ تەلارەکە وێران دەبێ، چونکە بناغەکانی ناتوانن تەحەمولی کێشی پایەکان و نواکانی بکەن، بەڵام ئەگەر پێوانەکان بەوردی دیاری بکرێن، لەبەر ئەوەی کە لە میسر، بۆ بنیاتنانی تەلاری گەورە، جگە لە بەرد شتێکی تر کەڵکی لێ وەرناگیرێ، هەر تەلارێك لە وانەیە هەزاران ساڵ تەمەنی بێ.

مووسا پرسیاری کرد: ئەم نەخشەیەی ئێستا دەیکێشی هی کام تەلارەیە؟

نف وەڵامیداییەوە: ئەم نەخشەیە بۆ ئەمبارێکی دانەوێڵەیە.

مووسا گوتی: دەبێ ئەمە جاری یەکەم بێ کە نەخشەی ئەمبارێك دەکێشی؟

نف گوتی: ئەی مووسا، من تا ئێستا نەخشەی دە ئەمبارم کێشاوە، بەڵام هەموو ئەمبارەکان لە بیابانی رۆژئاوا بنیاتنراون، لەبەر ئەوەی لەوانەیە میسر لە لای رۆژئاواوە



بکەوێتە بەر هێرش و ئەو ئەمبارانەی دانەوێڵە بکەونە بەر دەستی هێرشهێنەرانەوە، فیرعەون فەرمانی بەمن داوە کە لێرە، مانای لە ناوچەی دەلتای نیل، ئەمبارێکی گەورەی دانەوێڵە دروست بکەم.

مووسا گوتی: من بیستوومە کە ئەمباری دانەوێڵە لە جێگایەك دروست دەکەن کە وشك بێ بۆ ئەوەی ئەو دانەوێڵەیە، لە ناو ئەمباردا، لە ئاکامی شێ، لە کەڵك نەکەوێ و ئێرەش هەوای شێدارە و بە شێك لە زەوییەکەشی زۆنگە.

نف گوتی: خودی فیرعەون لەو مەسەلەیە ئاگادارە و دەزانێ کە ئەمباری دانەوێڵە نابێ لە جێگایەك دروست بکرێ هەوای شێداربێ و زەوییەکەی زۆنگاو بێ. بەڵام دەڵێ ئەمبارێك کە لێرە دروست دەکرێ بە پارێزراوی دەمێنێتەوە و ناکەوێتە بەردەستی هێرشهێنەرانەوە و لەبەر ئەوە لە کاتی جەنگدا، هەر کاتێك دوژمن بیابانەکانی رۆژئاوای میسری داگیرکرد خەڵك دووچاوی برسێتی نابنەوە.

مووسا گوتی: من وا وێنا ناکەم ئەمبارێك کە لەو ناوچەیەدا دروست دەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ.

نف گوتی: فیرعەون فەرمانی داوە کە لە ناوچەی دەلتا ئەمبارێکی گەورەی دانەوێڵە دروست بکرێ و فەرمانی ئەویش دەبێ لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکەین.

مووسا پرسی: چ کاتێك دەست بە دروستکرنی ئەو ئەمباری دانەوێڵەیە دەکەن؟ نف گوتی: سبەی!

مووسا بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ئایا هەر سبەی دەست دەکەن بە دروستکردنی ئەمباری دانەوێڵە.

نف گوتی: بەڵێ!

کوڕەلاو گوتی: من وام وێنا نەدەکرد کە بەو خێراییە دەست دەکەن بە دروستکردنی ئەمبارێکی نوێ بۆ دانەوێڵە.

نف گوتی: ئەی شازادە ئایا دەتەوێ کە سەرەتای بنیاتنانی ئەمباری دانەوێڵە ببینی؟

مووسا گوتی: بەڵێ زۆر حەز دەکەم ببینم کە چۆن دروستی دەکەن.

نف گوتی: سبەی لەو سەرسەکۆیە کە دەکەوێتە بەرامبەر کۆشك، ئامادەی سەفەر بە، بەڵام بزانە کە ئێمە دەبێ بەیانی زوو، پێش رۆژهەڵات حەرەکەت بکەین و ئەگەر شازادە دوا بکەوێ ئێمە رۆیشتووین.

مووسا وەڵامیدایەوە: من سبەی پێش خۆرهەڵات لەسەر سەکۆی بەرامبەر کۆشك، ئامادە دەبم.

نف گوتی: لەبەر ئەوەی تۆ بە ئەندازەیەکی پێویست کارکردنی منت بەرچاوکەوت، داوات لێدەکەم بە تەنیا بە جێم بهێڵە، چونکە ئەم نەخشەیە کە خەریکی کێشانیم هەر ئەمڕۆ دەبێ تەواو ببێ.

مووسا لە ژووری سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی چووە دەرەوە و گەڕایەوە ماڵی خۆی.

کوڕەلاو، کەمێك لە پاش نیوەی ئەو شەوە، بە پەرێشانییەوە لە خەو هەستا و وایزانی کە هەتاو هەڵاتووە و ئەو بەجێماوە و نف و هاوڕێکانی سەفەریان کردووە. بەڵام کاتێك سەیری ئاسمانی کرد بینی دنیا تاریکە و هەستاو بە پەلە جلەکانی لەبەر کردو پێڵاوەکانی لە پێ کرد.

مووسا لە ڕۆژانی دیکەدا، پاش هەستان لە خەو خۆی دەشووشت و پاش خۆشۆردن جلەکانی لەبەر دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژە، لە ترسی ئەوەی کە بەجێ بمێنێ بێ خۆشۆرین جلەکانی لەبەر کرد و بەڕێ کەوت.

ڕێڕەوەکانی کۆشکی پاشایەتی لەو کاتەی شەودا تاریك بوون، بەڵام کوڕەلاو هەمموو جێیەك شارەزا بوو و لە ڕێرەوەکان تێپەڕی و چووە ناو باخ و بەرەو دەروازەی کۆشکی پاشایەتی کە بەرەو لای سەکۆی شەتی نیل دەکرایەوە ڕۆیشت.

لەوێ پاسەوانێك، کە مەشخەڵدانێك لە پەنایەوە دەسووتا، چاوی بە مووسا کەوت و ناسی و لەوەی کە لەو دەمەی شەودا دەیەوێ لە کۆشك بچێتە دەرێ حەپەسابوو.

مووسا لێی پرسی: چ کاتێك بەرەبەیان دادێ؟

پاسەوان وەڵامیداییەوە: ئەی شازادە، لێرە لە کاتی شەودا، چوار جار پاسەوان دەگۆڕێ و من پاسەوانی سێیەمم و بەو زووانە دەگۆڕێم ئەو کاتە دوو سەعات تا ئەنگوتنی بەیان وەختی دەمێنێ.

مووسا لە پاسەوانەکە جیا بۆوە و لە دەروازەی کۆشکەوە ڕۆیشتە دەرێ و ڕێگای سەکۆی گرتە پێش.

بە درێژایی سەکۆ، کەشتییەکان لە پەناییەکەوە ڕاوەستابوون و کەشتیوانەکانیان لە نێو گۆڕایی کەشتییەکاندا خەویان لێکەوتبوو.

مووسا هەرچی چاوی گێڕا یەك کەسی بێدار و بە پێوەی نەبینی.



مانگ بەسەر ڕووباری نیلدا تیشکی دەدایەوەو سپیایی ئاوی ڕووبار، ڕووناکی شەوی زیاتر دەکرد و هەوا ئارام و سروەیەکی نەدەهات.

مووسا تا ئەو شەوە، لەو سەعاتەدا، لە کۆشکی پاشایەتی نەهاتبووە دەرەوە و نەیدەزانی کە شار لەو دەمەدا چ وەزعێکی هەیە.

سەرەڕای ئەوەش کە بەردەوام سەکۆی بەرامبەر کۆشکی پاشایەتی و کەشتییەکانی دیبوو، لەو شەوەدا، هەمموو شتێك لە بەرچاوی ئەو بە تازەیی خۆی دەنواندو وەك ئەوەی چوو بێتە ناو دنیایەکی تازەوە، وابوو.

کوڕەلاو دەستی بەسەر قەبزەی شمشێرەکەی خۆیەوە بوو. بەدرێژایی سەکۆ پیاسەی دەکرد. ئەگەر مەشخەڵدانی پاسەوانی کۆشکی پاشایەتی لە دوورەوە بەدی نەکردبایە، مووسا بە شێوەیەکی تەم و مژاوی وای وێنا دەکرد کە جگە لەو، گیاندارێك لە دنیادا بوونی نییە.

کاتێك کە کوڕەلاو، بە پیاسە، لە پەنای کەشتییەکاندا تێپەڕی، جۆرەها بۆن بە بن لوتیدا دەهات. جارێك بۆنی زیرەو زەمانێك بۆنی پێستەو کاتێك بۆنی زەنجەبیل دەهاتە بن لوتی و لە ڕووی بۆنەکانەوە تێدەگەیشت کە باری هەر کەشتییە چییە.

کاتێك کە کوڕەلاو پیاسەی دەکرد مانگ ئاوا بوو. درەشانەوەی سەر ڕووباری نیل نەمابوو بەڵام ئاسمان بە ئەستێرەی گەورە و بچووك داڕژا بوو و هەندێکیان بە جۆرێك دەدرەوشانەوە کە مووسا لە تەماشاکردنی ئەوان تێر نەدەبوو.

دەمێك کە تیرە ئەستێرەیەکی درەوشاوە ڕادەکشاو لە لایەکی ئاسمانەوە، بەرەو نوختەیەکی دیکە دەرۆیشت و لە دەوروبەری خۆیدا خەتگەڵێك تیشکی درەوشاوەی دەکێشا، میسرییەکان دەیانگوت ئەوە یەکێك لە خوایانە کە گیرۆدەی غەزەبی ئاموون، خوای گەورە بووەو ئاموون خستویەتە خوارێ. بەڵام ئاموون تپ کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی دەیگوت ئەو ئەستێرانەی ئاسمان خوانین و لەیەك خوا زیاتر بوونی نییە کە ئەویش ئاتوونە و ئەو خوای تاك و تەنیایە و ناتوانرێ ببینرێ.

مووسا ئارەزووی وابوو کە گوتەی ئاموون تپ لە بارەی خوای تاك و تەنیا کە ناتوانرێ ببینرێ قبووڵ بکا. بەڵام ئەگەر گوتەی ئەوی قبووڵ دەکرد پێویستی بەوە بوو کە هاوسەری دایکی خۆی، فیرعەونی میسر ڕامسیسی دووەم، بە خوا نەزانێ و هەر گا فیرعەونی میسری بە خوا نەزانی، خودی خۆی، لەو پلە بەرزەوە دەهاتە خوارێ و دەبوو بە تاکێك لە تاکە ئاساییەکانی میسر.

پاش ماوەیەك پیاسەکردن و بیرکردنەوە، لەسەر سەکۆی لێواری رووباری نیل دانیشت و پاشان خەو بردییەوە.

ئانێك گوێی لە دەنگێك بوو کە گوتی: ئەی مووسا لە خەو هەستە.

مووسا چاوەکانی کردەوە و بینی کە هەوا رووناك بووە و نف لە بەرامبەری راوەستاوە و بالآپۆشی بەسەر شانییەوەیە.

مووسا بێ بالآپۆش لە کۆشکی پاشایەتی هاتبووە دەرێ و سەرمای هەوای سپێدەی بەیانی تەئسیری لێکردبوو، و نف کە سەیری کرد مووسا لە سەرمان نارەحەتە، بالآپۆشی خۆی بە سەر شانی ئەو دادا.

مووسا نەیویست بالآپۆشی ئەو پیاوەی بەسەر شانەوە بێ و ویستی بیداتەوە. بەلآم نف گوتی: ئەی مووسا، هەوای ئەم دەمانە ساردە و من چونکە گەرم خۆم داپۆشیوە پێویستیم بە بالآپۆش نییە. ئەم جلە تۆ گەرم دەکاتەوە و ناهێڵێ نەخۆش بکەوی و ئەگەر نا نەخۆش دەکەوی و من دەبێ نەخۆشێك بۆ ئێرە بهێنمەوە. پاشان نف پرسیاری لە مووسا کرد: چ کاتێك هاتییە ئێرە؟

مووسا گوتی: من ماوەیەك پاش نیوە شەو هاتمە ئێرە و لەو کاتەوە تا ئێستا لێرەم و چونکە ماندووبووم لەسەر زەوییەکە دانیشتم و خەوم لێکەوت.

نف بە حەپەساوییەوە گوتی: بۆچی ئەوەندە زوو هاتی؟

مووسا گوتی: ترسام خەوی بەیانی بەسەرمدا زاڵ ببێ و کاتێك بگەمە ئێرە کە تۆ رۆیشتبی.

نف وەك ئەوە کە لەگەڵ خۆیدا قسە بکا بە خۆی گوت: من شازادەیەکم نەدیوە ئەوەندە لەخۆبوردووبێ. ئەو بیری لەوە نەکردۆتەوە من، لەبەر ئەوەی کە بەڵێنم بە شازادەیەکی میسری دابوو کە لەگەڵ خۆمی بەرم، نەمدەتوانی بەبێ ئەو لێرە برۆم. ئینجا داوای لە کوڕەلاو کرد کە سواری کەشتی ببێ.

کەشتییەکی درێژ و جوان لە سەکۆ نزیك کەوتەوە. دوو نەفەر لە سەوڵ لێدەرانی کەشتی هاتنە دەرێ و پێیان نایە سەر سەکۆ تا کەشتی بە گوریسێك بە ستوونێکی کورتی سەکۆکەوە ببەستنەوە تا بە هۆی رێژەنی ئاوەکەوە دوور نەکەوێتەوە.

مووسا چووە ناو کەشتی و بینی کە ئەو کەشتییە لە هەر لایەکەوە، هەشت سەوڵ لێدەری هەیە و چاوێکی لە پێی سەوڵ لێدەران کردو بینی کە پێی ئەوان بەزنجیر بەکەشتییەوە



نەبەستراوەتەوە لە حاڵێکیدا لە کەشتییەکانی دەوڵەت پێی سەوڵ لێدەران کە هەموویان کۆیلە بوون، بەزنجیر بەکەشتییەوە دەبەستەوە.

لە بەشی پاشەوەی کەشتی، لە نزیکی سوکاندار (سوکان لەو زەمەنەدا بریتی بوو لە یەك سەوڵی زۆر بەرز کە لە پاشەوە کەشتی دەخستە جووڵانەوە)، نوایەك هەبوو کە دەیانتوانی لەوێ دابنیشن، و لە خۆر و باران خۆیان بپارێزن. مووسا کاتێك بەرەو ئەوێ چوو سێ کەسی لەوێ بینی و دوو نەفەریان، لولە کاغەز لە ژێر دەستیان بوو، و سێیەمیش شتێکی وەك سێپا و چەند سێگۆشەی گەورە (کە ئەمڕۆ بە گۆنیا دەناسرێ) و شتی تری بە دەستەوە بوو و هەموویانی بە داوێکەوە پێکەوە بەستبوو.

ئەو سێ کەسە هەموویان پیاوانی بەتەمەن کامڵبوون و پێکەوە قسەیان دەکرد مووسا نزیکی سوکاندار راوەستا تا گوێی لە ئاخاوتنی ئەوان بێ.

مووسا لە لولەکاغەزو کەرەسەکانەوە تێگەیشت کە ئەو سێ کەسە تەلارسازن، بەلآم هەرچی گوێی لێیان راگرت نەیتوانی تێبگا ئەوانە باسی چی دەکەن. قسەکانی ئەوان هونەری بوو، و بە بەکاربردنی زاراوەی تەلارسازی، کە مووسا شتێکی لێ تێ نەدەگەیشت، گوت و بێژیان دەکرد.

زۆری نەخایاند کە گوریسی کەشتییان لە سەکۆ کردەوەو هەڵیاندایە ناو کەشتییەکەو سەوڵەکان دەستیان بە لێدان کرد و کەشتی بەرێ کەوت.

سەوڵ لێدەران بەجووڵانەوەیەکی یەك ئاهەنگ و رێکوپێك سەوڵیان لێدەدا. سوکانداریش وریایی بە کاردێنا کە کەشتی لە لای راستی رووبار بجوڵێتەوەو لە هەمانکاتدا، بە جۆرێك بجوڵێتەوە کە لەگەڵ لێواردا پێکدا نەدا. ئەگەر کەشتی بهاتبایە لای چەپی رووبار، لەوانەبوو لەگەڵ کەشتییەکدا کە لە لای بەرامبەرەوە دەهات، پێکیدا داداباو تێك بشکابایە، و هەر کاتێکیش خۆی بە لێواردا بدابایە تێك دەشکا.

چەند ساتێك پاش ئەوەی کەشتی کەوتەرێ خۆر لە رۆژهەڵاتەوە سەری وەدەرنا. کوڕەلاو بە تامو چێژەوە لە تیشکدانەوەی روناکی بەسەر شەتی نیل و درەختەکانی دەوروبەری رووباری نیلی روانی.

ئەمە، جاری یەکەم نەبوو کە مووسا دەرکەوتنی خۆر، لە کاتی جووڵانەوە بەسەر ئاوی نیلدا ببینێ. بەلآم یەکەم جار بوو کە لە کاتی دەرکەوتنی خۆردا، لە شەتی نیل بۆ خۆی بە ئازادانە تەماشا بکا، و ناچار نەبوو گوێڕایەڵی فەرمانی راهێنەر یا مامۆستا ببێ.

کەشتییەکی ماسی گرتن لە پێشەوە هات. ئەو کەشتییە بەهاواری خۆشییەوە سڵاویان لە سەرنشینانی کەشتی مووسا کرد. ئینجا کەشتی چووە ناو لقێك لە دەلتای نیلەوە کە کۆمەڵە دورگەیەکی هەبوو.

لە نێو ئەو لقە پانەدا ئەوەندە دورگە هاتنە بەرچاوی مووسا کە نەیتوانی ژماردنی دورگەکان رابگرێ، و کەشتییەکە ناچار بوو کە بەنێو شینایییەکانی نێوان دورگەکاندا تێبپەڕێ.

مووسا تا ئەو رۆژە ئەو لقەی دەلتای رووباری نیلی نەدی بوو و لە لێوارەکانی دورگەکاندا ئەوەندە گیای ((پاپیرۆس)) و نیلوپەڕی کەوتە بەرچاو، کە سەرسام ببوو، لە خۆی پرسی: ئەم هەموو (( پاپیرۆس)) و نیلوپەڕە چۆن هاتۆتە کایەوە؟

جگە لەوە تەماشای کرد دوورگەکان ئاوەدان نین و لەوێدا دەنگی مرۆڤ ناکەوێتەبەر گوێ و باڵای مرۆڤ ناکەوێتە بەر چاو و دووکەڵێك بەرەو ئاسمان بەرز نابێتەوە تا بگوترێ کە مرۆڤ لەوێدا بوونی هەیە.

مووسا بەنفی گوت: تا ئەمڕۆ من ئێرەم نەدیبوو و وێنام نەدەکرد کە لە میسر، دورگەگەلی ئاوا بوونیان هەبێ. وەکو ئەوەیە کە زۆر لە پایتەخت دورکەوتوینەتەوە. ئایا مەبەستی ئێمە ئەو جێیە یە؟

نف وەڵامیدایەوە: نا، ئێمە دەبێ سێ سەعاتی دیکە رێگا ببڕین. پاش ئەوە بە ئاراستەی رۆژهەڵات (نف دەستی بەرە و رۆژهەڵات درێژ کرد) دەگەینە جێگایەك کە نزیك سەرزەوینی ((کۆش))ە. بیگومان دەزانی کە لەو سەرزەوینە قەومێك دەژین کە کۆیلەن؟

مووسا کە لەم قسەیە سەری سوڕما بوو، بە حەپەساوییەوە لە نفی پرسی: ئایا بە ڕاستی لە سەر زەوینی کۆش قەومێك دەژین کە کۆیلەن؟

نف لە حەپەسانی مووسا سەری سوڕما و گوتی: دەڵێی ئەم بابەتە تا ئەمڕۆ بە تۆ نەگەیشتووە. من سەرم سوڕماوە ئەو مامۆستایانەی کە دەرسی تۆیان داوە تا تۆ زانابی، چۆن ئەم بابەتەیان بە تۆ نەگوتووە!

پاش ئەوە نف لە گوتەکەی خۆی ترسا و ترسی لێنیشت نەوا مووسا ئەو گوتەیە وەك سووکایەتییەك بەخۆی بزانێ، و سووکایەتی کردن بە منداڵی ئەنخاس ئاموون (هاوسەری فیرعەون) تەنانەت بۆ پیاوێکی وەك نفیش لەوانەیە بەگران تەواو ببێ. ئەوە بوو هاتە سەر باری ئەوە کە داوای لێبووردن بکا و گوتی: لە قسەکەم مەڕەنجێ، من نەمویست کە سووکایەتی بە تۆ بکەم، بەڵکو لە مامۆستایانت تووڕە بووم کە بۆچی ئەو مەسەلەیەیان بە تۆ نەگوتووە!



مووسا بازووی نفی گرت و گوتی: من لە قسەکەی تۆ تووڕە نەبووم و حەز دەکەم پێکەوە دۆست بین.

نف گوتی: منیش وێرای ئەوە کە لە رووی تەمەنەوە وەکو باوکی تۆم، حەز دەکەم لەگەڵ تۆدا دۆست بم.

مووسا پرسی: سەرزەوینی کۆش لە کوێیەو بۆچی کۆیلەکان لەوێ دەژین؟

نف گوتی: سەرزەوینی کۆش لە رۆژهەڵاتی دەلتای نیلە. بەڵام زۆر فراوان نییە و لەو رووەوە کراوە بە ماڵی کۆیلەکان کە میسرییەکان، مانای ئازادەکان نایانەوێ لەوێ ئاکنجی بن و هۆکاری ئاکنجی نەبوونی میسرییەکان لەوێ ئەوەیە کە سەرزەوینی کۆش، وەك جێگاکانی دیکەی میسر لە لێواری شەتی نیل نییە و جار هەیە وا رێك دەکەوێ ماوەی پێنج ساڵ رادەبوورێ و ئاوی رووباری نیل، سەرزەوینی کۆش، داناپۆشێ و تۆ حەتمەن دەزانی کە ئەگەر رووباری نیل هەڵنەستێ و ئاوی وی، لە وەرزی پایز کە وەرزی هەستانی رووباری نیلە، زەوی و زاری هەردوو بەری رووباری نیل دانەپۆشێ، کشتیارانی میسری ناتوانن لە دوو بەری رووباری نیل کشتوکاڵ بکەن. هەستانی رووباری نیل، مایەی بەردەوامی ژیانی قەومی میسرە.

بەڵام لەسەر زەوینی کۆش، سەرباری ئەوەش کە لەسەر لێواری لقێکی نیل هەڵکەوتووە، جاری وا هەیە پێنج ساڵ تێدەپەڕێ بێئەوەی لەوجێیە رووباری نیل هەڵبستێ، چونکە ئاو، لە هەموو لقەکانی نیل تێدەپەرێ و بەرەو دەریا دەڕوا بێ ئەوەی کە برژێتە ناو ئەو لقەوە. بەو حاڵەوە کشتیاری میسری چۆن دەتوانێ لەوێ ئاکنجی ببێ؟

جگە لەمەش سەرزەوینی کۆش، کە لە رۆژهەڵاتی دەلتاوە هەڵکەوتووە، رێگای پەڕینەوەی قەومی هاتییە و هەر جارێك کە هاتییەکان پەلاماری وڵاتی میسر بدەن، بۆ گەیشتن بەم وڵاتە، دەبێ لەسەر زەوینی کۆشەوە تێپەڕ بن و لەوێ، هەر کەسێك ببینن دەیکوژن و هەرچی کە بتوانن بە تاڵانی دەبەن. بۆیە میسرییەکان لەوێ ئاکنجی نابن تا لەکاتی هێرشی هاتییەکاندا قەڵاچۆ نەبن.

مووسا لەو دەمەدا لە نفی پرسی: ئەو کۆیلانەی لەو سەرزەوینەدا دەژین کێن و لە کوێوە هاتوون؟

نف وەڵامیدایەوە: ئەوانە خەڵکێکن کێوی و خوڕافە پەرست. زمانیان هەروەك زمانی فینیقییەکان وایە و ماوەیەکی درێژ پێش ئەوە، لە سنووری میسر نزیك کەوتنەوە و گوتیان وشکە ساڵی تەواوی لەوەڕگاکانی سەرزەوینی ئێمەی وشك کردووە و بە شێك لە مەڕەکانمان لە

برسان مردوون و ئەوانەی ماون، هێناومانن بۆ ئێرە تاکو لە نێو لەوەڕگاکانی سەرزەوینی کۆش بیانلەوەڕێنین. ئەگەر مۆڵەتمان نەدەن کە مەڕەکانمان لە لەوەڕگاکاندا بەرەڵا بکەین، خۆمان و مەڕەکانمان دەمرین.

ئێشکگرانی میسر، نەیانتوانی ڕێگای ئەوانە بۆ سەرزەوینی کۆش واڵا بکەن، مەگەر بە جۆرێك کە لەلایەن پاشای میسرەوە، ڕێگای هاتنە ژوورەوەیان پێ بدرێ. وابوو پەیکێکیان بۆ لای پاشای میسر، هەمان ئەو پاشا نەفرەت لێکراوەی کە ناوی لە کۆڕی پاشایانی میسر سڕاوەتەوە، بەڕێ کرد تا....

مووسا قسەکەی نفی بڕی و گوتی: بۆچی ئەو بە پاشای نەفرەت لێکراو ناو دەبەی. لەبەرچی ناوی ئەویان لە کۆڕی پاشایانی میسر سڕییەوە؟ ئەو قسەی خراپی نەدەکردو کاری خراپی ئەنجام نەدەداو جگە لە دادپەروەری هیچی دیکە لەو نەبینرا. بە پێچەوانەی وێنا کردنی تۆ، ناوی ئەو نەسڕاوەتەوە، بەڵکو ناوی وی ماوەتەوە بە بەڵگەی ئەوە کە من دەزانم ناوی ئەو پاشایە ((ئەخناتوون)) بووە.

بە بیستنی ئەم قسەیە، ڕوخساری نف بە جۆرێك گۆڕا کە بووە مایەی سەرسوڕمانی مووسا.

لەیەك ساتدا شوێنەواری وەحشەت و سەرسوڕمان و لاپرسەنی، لە روخساری سەرۆکی تەلارسازاندا دیاری داو قۆڵی مووسای گرت و لە ترسان رایگوشی و پاشان بە لاپرسەنی چاوێکی لە سێ تەلارسازەکە کرد تا بزانێ ئاخۆ ئەوان قسەکەی مووسایان گوێ لێ بووە یا نا، بەڵام ئەو سێ کەسە سەرگەرمی گوتوبێژی پیشەیی خۆیان بوون، و لە رواڵەتی ئەواندا شوێنەوارێك کە نیشانەی ئەوە بێ قسەکەی مووسایان گوێ لێبووبێ نەدەبینرا.

کاتێك نف تێگەیشت ئەو سێ کەسە قسەکەی مووسایان گوێ لێ نەبووە، ئارام بۆوە و بازووی مووسای بەرەڵا کرد و گوتی: ئەی مووسا، لێم ببوورە کە بازووی تۆم راگوشی، بەڵام کارەکەی من لە ئیرادەی خۆم بەدەربوو و من نەمدەویست بەرامبەر بە تۆ توندوتیژیی بنوێنم.

مووسا گوتی: ئەم مەسەلەیە بایەخێکی نییە، و ئێمە لەگەڵ یەکتریدا دۆستین و لە نێوان دۆستاندا، ئەم ڕووداوانە، بایەخێکیان نییە.

نف بە دەنگێکی لەسەرخۆ، بە جۆرێك کە سێ نەفەرەکەی دیکە گوێیان لێ نەبێ، گوتی: ئەی مووسا، بۆچی ئەم قسەیەت بەسەر زماندا هات؟ ئایا تۆ نازانی قسەیەکی ئاوا دەبێتە مایەی ئەوەی دوژمنانت تۆ لە ناو بەرن؟



مووسا گوتی: نف، ئایا تۆش دەزانی کە من خاوەن دوژمنم.

نف گوتی: لە میسر کەس نییە ئەم مەسەلەیە نەزانێ و هەمووان دەزانن کە تۆ، لەم وڵاتەدا، شازادەیەکی بە تەنیای.

ئەمجارەیان مووسا قۆڵی نفی راگوشی و گوتی: ئایا گوتت کە من بە تەنیام؟ پێم بڵێ بۆچی من بەتەنیام؟

نف وەڵامیداییەوە: من هۆکاری دوایی ئەمە نازانم، بەڵام لە هۆکاری بەرایی ئاگاداریم هەیە.

مووسا گوتی: هۆکاری بەرایی ئەمە چییە؟

نف گوتی: بە روانینی من، هۆکاری بەرایی ئەوەیە کە رامسیس پاشای میسر رقی لە تۆ دەبێتەوە. لەوەش خراپ تر، بەرامبەر تۆ غەرەزی هەیە و بەو هۆیەوە تۆ بە تەنیای. چونکە کەسێك کە پاشا، رقی لێ بێتەوە و غەرەزی بەرامبەر هەبێ، تەنیایەو هیچ کەسێك لەو نزیك نابێتەوە.

ئەگەر پاشای میسر لە تۆ نەترسابایە، ئەگەرێکی بە هێز بوو تۆی لە ناوبردبوو. بەڵام لە تۆ دەترسێ و رق و غەرەزی ئەو لەیەك تای ترازوودا و ترسیشی لە تۆ، لە تاکەی تردا راوەستاوە. ئەم دوانە یەکترییان سفر کرۆتەوە و بەو هۆیەشە کە تۆ تا ئەمڕۆ بە زیندوویی ماوی. بەڵام ئەم قسەیە کینەی پاشا بەرامبەر بە تۆ قورستر دەکاو رێ و شوێن و دەرفەتی بۆ دەرەخسێنێ کە تۆ لە ناو بەرێ.

مووسا گوتی: من ئەم قسەیە بۆ هەموو کەس ناکەم تەنیا بەتۆم گوتووە.

نف گوتی: بۆچی ئەم قسەیەت بە من گوت و بەکام بەڵگە، متمانەت بە من هەیە و ئاوا بیر ناکەیەوە کە لەوانەیە من بە پاشا بڵێم کە تۆ ئەم قسەیەت کردووە؟

مووسا گوتی: من ناتوانم بە تۆ بڵێم بە چ بەڵگەیەك متمانەم بە تۆ پەیداکردووە، بەڵام وام هەست کرد کە تۆ پیاوێکی ئەو قسەیە بە کەسانی دیکە ناڵێی.

نف گوتی: ئەی مووسا، تۆ لاوی و جاری وا هەیە بە بۆنەی لاویتەوە لە رووی هەستی خۆتەوە، داوەری دەکەی و هەر کە لە ناو دڵی خۆتدا هەستت کرد کەسێکت خۆش دەوێ، وا وێنا دەکەی ئەو کەسە کەسێکی دەروون پاکە و لە لایەنی ئەوەوە ئازارێك بە تۆ ناگا. بەڵام ئای کە کەسانی زۆر هەن کە بەرواڵەت دەروون پاکن، بەڵام ناخیان لە تیمساحەکانی رووباری نیل مەترسیدارترە. دوای ئەمەش متمانە تەنیا بە رواڵەت مەکە و تاکەسێك تاقی نەکەیەوە

قسەی نهێنی خۆتی لەلا مەدرکێنە. جگە لەوەش هەرکاتێك من چیرۆكێك بۆ تۆ دەگێڕمەوە بەربەستی بەیان کردنی من مەبەو لە تەرزی ئاخاوتنی من مەگرەو بهێڵە من چیرۆکی خۆم بە شێوازێك کە خووم پێوە گرتووە بەیان بکەم.

من گوتم کە ئێشکگرانی میسر مۆڵەتیان پێ نەدرابوو ڕێگا بەو قەومە نیوە کێوی و برسییە  بدەن بێنە ناو سەرزەوینی کۆشەوە. دەبووایە ئەوان مۆڵەت لە پاشای میسر وەربگرن و ئەم پاشا نەفرەتبارە کە ناوی  لە ناو کۆڕی سوڵتانانی میسر سڕاوەتەوە، بەزەیی جولاو ڕێگایدا ئەو قەومە، مەڕ و بزنەکانی خۆیان لەسەر زەوینی کۆشدا بلەوەڕێنن. ئەوانیش پاش دەرچوونی مۆڵەت هاتنە ناو سەرزەوینی کۆش و لەوێ ماڵیان دا مەزراند.

دەبێ بڵێم کە ئەو قەومە نیوە کێوییە سەنعەتیان نەبوو، و لە دروستکردنی مێتاڵ بێئاگابوون. تەنیا دەیانتوانی لەبەرد شتێك وەك کێرد دروست بکەن. پیشەسازی ئەوان لەو سنوورە تێپەڕ نەدەبوو، بەڵام پاش ئەوەی لەسەر زەوینی کۆش دایانکوتا، ئارەزووی فێربوونی کێردەکانی ئێمە لە نێو دڵیاندا سەریهەڵدا و هەروەها ویستیان لە گشت کەل و پەلی میتاڵی ئێمە کەڵك وەربگرن. ئەوان خوری و پەنیریان دەدایە میسرییەکان و لە بەرامبەردا کەل و پەلی میتاڵیان وەردەگرت.

بۆیە ئاکنجی بوونی ئەو قەومە لەو سەرزەوینە، بە قازانجی ئێمە گەڕا. ئەوان هەر ساڵ بڕێکی زۆریان پەنیر و خوری دەداینێ تا بتوانن کەرەسەی میتاڵ لە ئێمە وەربگرن. ئەوان بە نەریتی خۆیان دەژیان و خواکانی خۆیان دەپەرست و ئەم وەزعە درێژەی هەبوو تا کاتێك فیرعەون رامسیسی دووەم، گەیشتە پاشایەتی و ئەو وای بە بەرژەوەند زانی کە قەومی ناو براو بە کۆیلە بکا.

مووسا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: رامسیسی دووەم چۆن ئەو قەومەی، کە تا ئەو رۆژە ئازاد دەژیان و لەواقیعدا بوونە پەنابەر لە میسر، بۆ کۆیلە گۆڕی، لە حاڵێکدا گوناهێکیان ئەنجام نەدابوو؟

نف گوتی: لە ژیاندا، کاتی وا هەیە دەبێ دەستپێشەکەریگەلی ئەوتۆ بکەی کە ئەوەی تۆ لەلای مامۆستایانی خۆت، لە قوتابخانە فێری بووی ڕێگا بەو جۆرە دەستپێشکەرییانە نادا !

مووسا گوتی: من ناتوانم تێبگەم کە چۆن دەتوانرێ قەومێکی ئازاد، ئەویش چی، پەنابەر بن، بکرێتە کۆیلە.



نف گوتی: لە کۆندا هەلومەرجی میسر و خەڵکەکەی جیا لەوەی ئەمڕۆ بوو. لە میسر، خەڵکی زاناو خاوەن غیرەت دەژیان و سوڵتانانی وەك (( خۆفۆ))[١٧] و ((کفرن)) و ((می سری نئوس)) لەم وڵاتەدا، لە پازدە سەدە لەوەوپێش، هەرەمەکانیان دروستکرد، کە تۆ ئەمڕۆ دەیبینی ومن وا وێنا ناکەم کەتا دنیا دەبڕێتەوە تیرەی بەشەر بتوانێ تەلاری لەوان گەورەتر و شکۆمەند تر دروست بکا.

ڕۆژێك کە سوڵتانەکانی میسر، بە دەستی قەومی میسر، ئەو هەڕەمانەیان دروستکرد، میسرییەکان قەومێکی دانا و خاوەن باوەڕ بوون. بەڵام ئەمڕۆ زانا نین و زانستی دروستکردنی تەلار گەلی ئاوا مەزنیان لە دەست داوە و باوەڕی ئەوان بۆ خوڕافەپەرستی گۆڕاوە و ئەگەر گوێ لە ئاخاوتنی عەوام بگری، ئەوا گوێت لێ دەبێ کە ئەوان دەڵێن ئوزیریس (خوای میسر) هەڕەمەکانی دروست کردووە، لەوانەشە لە قوتابخانە بە تۆیان گوتبێ کە سوڵتانە کۆنەکانی میسر هەڕەمەکانیان بە دەستی کۆیلەکان دروست کردووە. بەڵام باوەڕ بەو قسەیە مەکەو ئەم بنیاتنراوە مەزنانە ئیمانی کەسانێك هێناویە ئاراوە کە ئەوانیان دروست دەکرد،  و ئەگەر ئەوانە کۆیلە بوونایە نەیاندەتوانی ئەم بنیاتنراوە مەزنانە بێننە ئاراوە.

کاتێك قەومێك زانایی خۆی لە دەست دەدا، خوڕافەپەرست دەردەچێ. هەر ئاوا وەك ئەمڕۆ کە میسرییەکان خوڕافە پەرست دەرچوون و دەڵێن، کە هەڕەمەکان خواکان دروستیان کردوون. بەڵام من و هاوکارانم کە تەلارسازین دەزانین کە ئەم هەڕەمانە بەدەستی کۆمەڵێك بەشەر دروست کراوە. ئەوانەی کە تەلارساز و نەخشەکێشانی ئەم هەڕەمانەیان بەئەستۆوە بوو، لە زانایانی گەورەی ڕۆژگار بوون و لە هەڕەمی گەورەی ((خۆفۆ)) دوو ملیۆن و نیو بەردی کرافیتیان داناوە تا توانیویانە ئەو هەڕەمە دروست بکەن. لەو سەردەمەدا کە ئەو هەرەمانە دروست کران، لە میسر کۆیلەی میسری بوونی نەبوو. ژمارەی کۆیلەکان زۆر کەم بوو، چونکە تەنیا ئەو سەربازانەی کە هێرشیان بۆ سەر میسر دەکرد و بە دیل دەگیران ئەوانە بە کۆیلە دەکران.

لەو قۆناغەدا، جووتیاری میسری، خاوەنی زەوی خۆی بوو. هەرچی کە لەو زەوییەوە بە دەستی دەکەوت، بۆ خۆی و خێزانی خۆی خەرج دەکرد. بەڵام ئەمڕۆ جووتیاری میسری زەوی خۆی نییە، و هەر ساڵ دەبێ نیوەی بەروبوومی خۆی بە خاوەن موڵك بدا.

پاشان نف لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: من بۆیە ئەو قسانە بە تۆ دەڵێم کە تۆ نیشانتدا متمانەت بە من هەیە، و هەندێك قسەت بۆ کردم، کە بێگومان لە بەرامبەر بێگاناندا

(١٧) خۆفۆ: یۆنانییەکان بەناوی کوپس (خویس) ناویان دەبرد. (و.ف)

بەسەر زمانتدا نایە. ئەوە کە منیش ئەو قسانەت پێ دەڵێم و دەڵێم لە هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش ئەمە، کاتێك رووباری نیل هەڵدەستا، فیرعەونی ئەو سەردەمە، داوای لە خەڵك دەکرد کە بۆ تۆوکردن هاوکاری بدەنە جووتیاران و بێگاری بدەن.

هەر کە فیرعەون داوای لە خەڵك دەکرد، لە سەرتاسەری میسر، هەزارەها نەفەر کەرەسەی کار و توێشوی نانی خۆی هەڵدەگرت و بەشادمانییەوە دەکەوتنە رێ. بەسەر شانێکی ئەوانەوە کەرەسەی کار و بەسەر شانەکانی دیکەی ئەوانەوە توێشوی نان بوو.

ئەوان لە هەموو ماوەی کارکردندا پێدەکەنین و گۆرانییان دەگوت. چونکە دەیانزانی کارێکی کە دەیکەن بۆ بەرژەوەندی گشتییە و قازانجیشی بۆ هەمووان، (لەوانەش کە خۆیان بوون)، دەبێ. پاش کۆتایی هاتنی کار، هەر ئاوا بەخۆشییەوە دەگەڕانەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر فیرعەون، لەکاتی هەستانی رووباری نیل، داوا لە خەڵك بکا کە بەشداری لە بێگاری بکەن، کێ هەیە بانگێشتی ئەو قبووڵ بکا یا بتوانێ قبووڵی بکا؟ ئایا جووتیاری میسری کە لە برساندا، جگە لە پێست و ئێسقان شتێکی دیکە نییە، دەتوانێ بێگاری قبووڵ بکا؟

هێشتا لە میسر، هەڵبەت پیاوانی بە هێزو قەڵەو بوونیان هەیە. بەڵام هەموویان لە ناو سوپادا خزمەت دەکەن و ئەوانیش کارکردەنین و ئەوەندە تەمبەڵ و تەوەزەلن کە ئامادەن بمرن، بەڵام کار نەکەن. ئەوەیە کە ئەمڕۆ فیرعەون چارەیەکی نییە جگە لەوەی کە بۆ کاروباری گەورە، لەوانەش دروستکردنی تەلارەکان، کەڵك لە کۆیلەکان وەربگرێ و ئەوان ناچار بکا کار بکەن.

لە دوو ساڵی دوایدا فیرعەون، لە ئاکامی جەنگ لەگەڵ قەومی لیبی {کەوتۆتە رۆژئاوای میسر} دە هەزار نەفەر ئەسیر و کۆیلەی گرت و لە میسر لە ژێر کاردا داینان. پاش ئەوە پێنج هەزار کۆیلەی لە سەرزەوینی کۆشەوە هێنا، کە ئێستا لە میسر، سەرگەرمی کارکردنن.[18]

سەرباری ئەوەش، هەر ساڵێك، ژمارەیەك لە میسریانی ئازاد کە قەرزارن و ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە، لە لایەن خاوەن قەرزەوە، دەفرۆشرێن و بە ریزی کۆیلانەوە پەیوەست دەبن و سەرقاڵی کاردەبن. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی فیرعەون لە رووی کرێکارەوە، دابین نابێ و بەوهۆیەشەوە ماوەیەك پێش، سوپایەك، لە میسرەوە رۆیشتە سەرزەوینی کۆش.

(١٨) نابێ خوێنەرانی بەرێز سەرزەوینی کۆش کە لە باشووری میسر (و سودانی ئێستا) بوو، لەگەڵ سەرزەوینی کۆش (گوشین) کە لە باکووری میسر هەڵکەوتووە. تێکەڵاو نەکەن. (و.ف)



فەرماندەی سوپا بەدانیشتوانی ئەوێی گوت کە پاشای میسر، مۆڵەتی ئێوەیدا لەو سەرزەوینە ئاکنجی بن و ماوەیەکە کە ئێوە لێرە دەژین و ئێستا فیرعەون بڕیاری داوە کە ئێوە کار بۆ ئەو بکەن!

دانیشتوانی کۆش سەرەتا بەرهەڵستییان کرد. بەڵام سەربازانی فیرعەون ژمارەیەکیان لێ کوشتن و ژمارەیەکیان دارکاری کرد و گەرچی هەندێکیان هەڵاتن و رێگەی ئەو بیابانەیان گرتە بەر کە لێوەی هاتبوون، بەڵام ئەوانی دیکە سەری ملکەچییان دانەواند و رازی بوون ببنە کۆیلە و کار بۆ فیرعەون بکەن. چونکە بە کاریگەری ئاکنجی بوونی دووروودرێژیان لەسەر زەوینی کۆش، لە بیابانی بەیار دەترسان و نەریت و خووی دانیشتنیان لەو بیابانە لەدەسدا بوو، و بیریان کردەوە کە بەکۆیلە بوونیان باشترە لەوەی کە بگەڕێنەوە ئەو بیابانەو وەك پێشان تووشی برسێتی و تینوێتی ببنەوە.

مووسا گوتی: من سەرم سوڕدەمێنێ چۆن قەومێکی بیانی، کە پەنایان بۆ میسر هێناوە بە کۆیلە کران. من وا بیر دەکەمەوە کە خواکان، کە فیرعەون زۆر باوەڕی پێیانە، هەرگیز لەوکارە خۆش نابن.

نف گوتی: من بە تاقیکردنەوە تێگەیشتم کە خواکان لە زۆر شت دەبوورن. چونکە خواکان دەزانن کە دەبێ فیرعەون، تەلاران بنیات بنێ و من کە سەرۆکی تەلارسازانی ئەوم، بۆ دروستکردنی تەلاری گەورە پێویستیم بە کرێکار هەیە. ئاخاوتنی نف کە گەیشتە ئێرە زەردەیەکی بۆ کرد و گوتی: ئەی مووسا، لە بارەی ئەو بابەتەوە ئەوەندە بیرمەکەوە.

مووسا گوتی: من ناتوانم لە بیری ئەو کارە نارەوایە و زوڵمێکی کە لە دانیشتوانی سەرزەوینی کۆش کراوە، بچمە دەرێ.

نف گوتی: هەر کەسێك لە بارەی دادپەروەری و زوڵم، راستی و ناڕاستی کاروباری دنیا، زۆر بیر بکاتەوە، سەرەداوی کارەکەی خۆی لەدەس دەدا. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کە کارەکەم پێش بکەوێ.

مووسا بێدەنگی لێکرد و ئیدی لە بارەی دانیشتوانی کۆشەوە شتێکی لەو نەپرسی.

لەو رۆژەدا مووسا بۆ جاری دووەم دیقەتیدا کە وەزعی واقعی میسر، لەوە جیا بوو کە ئەو لە نێو کۆشکی پاشایەتیدا وێنای دەکرد. جاری یەکەم کوڕەلاو، لە بازاڕی گەورەی پایتەخت، پەی بەو مەسەلەیە بردبوو.

ئەو پێش ئەوەی کە بچێتە ناو بازاڕی گەورە، بیری دەکردەوە کە خەڵکی میسر، وەکو کەسانێك کە لە کۆشکی پاشایەتیدا دەژین قەڵەو و خاوەن جل و بەرگی باشن. بەڵام لەو ڕۆژەدا، کاتێك کە میسرییەکانی دی، دیقەتیدا کە زۆربەی ئەمانە لاوازو بێ دەرامەت یاخود کەم ئەندامن.

جاری دووەم: گوتنەکانی سەرۆکی تەلارسازان لەو کەشتییەدا، ئەوی لە هەڵەهێنابووە دەرێ. ئەو دیقەتیدا کە فیرعەون، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە کۆشکی پاشایەتیدا دەگوترا، هێمای دادپەروەری نییە. بەڵکو زوڵم دەکاو قەومێکی بیانی و پەنابەر، بەکۆیلە دەکات بۆ ئەوەی سەرۆکی تەلارسازانی ئەو، بۆ دروستکردنی تەلارگەلی گەورەی بەردین کرێکاری هەبێ.

پاش ئەوەی ئاخاوتنەکانی نف بۆ مووسا تەواو بوو، ئەو پیاوە بەو سێ تەلارسازەی دیکە کە لە نێو کە شتییەکەدا بوون، پەیوەست بوو. ئەوان نەخشەکانی خۆیان لە ناو گۆڕاییی کەشتییەکەدا لێکبلاوکرد و سەرگەرمی گوتوبێژی هونەری خۆیان بوون. نف جۆرێك سەرگەرمی گوتوبێژی هونەری بوو کە هیچ سەرنجی بەلای مووساوە نەبوو و وەك بڵێی کوڕەلاو هەر لە ناو کەشتییەکەشدا نییە.

سەوڵ لێدەران، هەروا بەحاڵی خۆیانەوە سەوڵیان لێدەدا و کەشتی، درێژەی بە جووڵانی خۆی دەدا و سوکاندار لە پشت کەشتی، بەسەوڵە بەرزەکەی خۆی، کەشتییەکەی ئاراستە دەکرد.

مووسا خۆی گەیاندە نزیك سوکاندار و جارێك مانۆڕی ئەوی لەبەرچاوی خۆی رادەگرت و جارێك سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، و ئەوەندە دورگەی بچووك و قامیشەڵانی پاپیروس و دەربەندی دەدی، کە لە رادەی هەژمارکردن بەدەر بوو.

کوڕەلاو، زۆر جاران بیستبووی کە لە ڕۆژهەڵاتی رووباری نیل، ناوچەیەك هەیە کە ئەوەندە دورگەو دەربەند و قامیشەڵان و زۆنگی لێیە، کە هەر کەشتییەك بچێتە ئەوێ ون دەبێ و سەرەنجام، بە تەئسیری سەرگەردانی دەگاتە زۆنگاوێك و نقوم دەبێتە خوارەوە. کوڕەلاو لە هەمان ناوچەی ترسناکدا خۆی دەدی و لە خۆی پرسی ئەم پیاوە سوکاندارە، لە رووی چ نیشانە و هێمایەکەوە، کەشتی ئاراستە دەکاو لە نێوان ڕێگای دەرچوون و عاسێ بووندا جیاوازی دادەنێ.



مووسا دەیزانی لە کەشتیرانیدا سەوڵ لێدان، گرفت نییە، چونکە سەوڵ لێدەر، جگە لەوە کە بە جووڵانەوەی رێك، و پێك سەوڵ بباتە ناو ئاو و بیهێنێتە دەرەوە تاکو کەشتی بۆ پێشەوە بڕوا، کارێکی دیکەی نییە و ئەوەی لە کەشتیرانیدا بایەخی هەبێ ئاراستەکردنی کەشتییە بە هۆی سوکانەوە، مانای ئەرکی سوکاندارە.

مووسا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەم پیاوە سوکاندارە، ئەگەر چی جارەهای جاریش لەم ناوچەیەدا سەفەری کردووە، و هەزارەها نیشانەو هێمای لە بیری خۆیدا گرداوە، دیسانەوە لە وانەیە ڕێگا ون بکا. چونکە لێرە ئەوەندە دورگەو دەربەندو قامیشەڵانی وێکچووی لێیە کە هیچ یادگەیەك ناتوانێ هەموو ئەمانە لە یادی خۆیدا هەڵبگرێ.

کوڕەلاو، بە دیقەتەوە سەیری پیاوە سوکاندارەکەی دەکردو دەیویست بزانێ ئایا پاش گەیشتن بە ناوچەیەك، کە تێیدا چەندین ڕێگا لەبەرامبەر کەشتی وەدەردەکەوێ، ئەو پیاوە دووچاری دوودڵی دەبێ یا نا. بەڵام هەر کاتێك کە کەشتییەکە دەگەیشتە یەکێك لەو ناوچانە، سوکاندار بێ دوودڵی، کەشتی دەخستە ناو ئەو ڕێگایەوە کە دەبووایە بۆی بڕوا.

مووسا تێبینی کرد، کە ئەگەر لەو ناوچەیە، ئاراستەکردنی کەشتی بەو بسپێرن و ئەو لە جیاتی دوو چاو، چوار چاویشی هەبێ، دیسانەوە هەر ون دەبوو و نەیدەتوانی لە ناوەڕاستی هەزارەها دورگەی بچووك و قامیشەڵاندا و ئەو کەشتییە بە ئاراستەیەکدا ببات کە بە منزڵێ خۆی بگا.

لەو دەمەدا مووسا سەرنجیدا، کە باڵادەستی تەنیا بەوە نییە کە مرۆڤ بخوێنێ و خوێندەواری خوێندن و نووسینی هەبێ، و ژمێرە و ئەندازە و مێژوو و جوگرافیا فێرببێ، و بتوانێ چەند بەشێك لە ((کتێبی مردووان)) لەبەر بکا و لە کاتی خوێندنەوەو ئاخاوتندا لە بارەی ناوەڕۆکەکانی ئەم کتێبەوە بەڵگە بهێنێتەوە، بەڵکو کەسانێك هەن کە بێ ئەوەی کە خوێندەوارییان هەبێ یان لە بارەی ژمێرە و ئەندازە و مێژوو و جوگرافیا زانیارییان هەبێ، لە باڵادەستی، بەهرەمەندن و دەتوانن کاروباری ئەو تۆ ئەنجام بدەن کە ئەو، سەرباری ئەوەش کە فیرعەون زادەیە و خوێندەواری خوێندن و نووسینی هەیە و ژمێرەو ئەندازە و مێژوو و جوگرافیا باش دەزانێ، لە عۆدەی ئەنجامدانی کاروباری لەم بابەتە نایە.

لە پڕێکدا مووسا دەنگی نفی هاتە بەرگوێ کە دەیگوت: ئەی مووسا وەرەو نیوەڕۆژە بخۆ.

مووسا بەرەو نف ڕۆیشت. بینی ئەو و سێ تەلارسازی دیکە، برێك نان و هەنجیریان لەبەردەم خۆیان داناوە و چاوەڕێی ئەو دەکەن تا دەس بە نان خواردن بکەن.

نان و هەنجیر، خواردنێکی تەواو نەبوو و چینی هەبووی میسر، وەك خواردەمەنی بەیانیان دەیانخوارد یا کاتێك کە دەیانزانی خواردنی نیوەڕۆژە، وەدوادەکەوێ، بڕێك نان و هەنجیریان دەخوارد، و برسێتی خۆیان پێ دادەمرکاندەوە تا ئەو دەمەی کە ژەمی خواردنی ئەسڵی دەهات.

مووسا کە برسی بوو، بە ئیشتیای لاوییەوە دەستی بە خواردن کرد. نف و تەلارسازانی دیکە کە ئیشتیای کوڕەلاوەیان دی، زەردەیان دەهاتێ و هەر کە نان خورا، منزڵی ڕێبوواران کە دورگەیەك بوو بە فراوانی دوو جەریبی[١٩] میسری کەوتە بەرچاو.

یەکەمین شتی کە لەو دورگەیە سەرنجی مووسای بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بریتی بوو لە دیوارێکی درێژ، کە داربەستێکی پێوە بوو و لەسەر ئەو داربەستەوە ژمارەیەك لەوەستایان سەرگەرمی کارکردن بوون.

مووسا لە یەکەمین نیگادا. سەرنجیدا، کە وەستاکان خەڵکی میسرن و هەموو شتێکی ئەوان نیشانی دەدا کە میسری بن. بەڵام کرێکارانی خانووبەرە میسری نەبوون. قەڵافەت و جلوبەرگی ئەوان جیا لەوەی میسریان بوو. مووسا بینی کە هەمووان ریشی درێژیان هەیە و ئەو وای پێشبینی کرد، کە ئەوانە قەومێکن کە لە دەرەوەی میسرەوە هاتبن و بەو جۆرە کە سەرۆکی تەلارسازانی فیرعەون گوتی، فیرعەونی میسر، ئەوانەی، کە پێشان خەڵکێکی ئازادبوون، بە کۆیلە کردووە.

سەرباری ریش و جل و بەرگی کرێکاران، بەڵگەیەکی دیکەش هەبوو کە نیشانی دەدا ئەوانە کۆیلەبن. چونکە ژمارەیەك لەسەربازانی میسری، کە بە شمشێر چەکداربوون و لە حاڵێکدا کەقامچییان بەدەستەوە بوو، چاودێرییان دەکرد کە کرێکارانی ریشن لە کارکردن بەردەوام بن و بەدەست بەتاڵی کات نەبەنە سەر.

سەرۆکی تەلارسازان و سوکاندار، کەشتییەکەی، کە مووسا و تەلارسازانی هەڵگرتبوو، بەرەو سەکۆی بچووکی ئەو دورگەیە نزیك کردەوە کە قەرار بوو ئەمباری دانەویڵە لە وێدا دروست بکرێ.

(١٩) جەریب: یەکەیەکی پێوانەی بڕی زەوییە، لە جێگایەك تا جێگایەکی دیکە جیاوازە و لە نێوان ١٠٠٠ تا ٣٦٠٠ مەتر دووجایە . (و.ك)



پاش ئەوەی کە کەشتی مووسا بەسەکۆوە نووسا، کوڕەلاو بینی چەند کەشتی دیکە لەوێن. ژمارەیەك لە کرێکارانی ریشن، مانای کۆیلەکان، بارەکانی ئەو کەشتییانەیان کە بریتی بوو لە بەردو خەرواری کەرپووچ، بۆ وشکانی دەگوازتەوە.

هەرکام لە کۆیلانی ریشن، کە دەبووایە بەردوو کەرپووچ لە کەشتییەکانەوە بۆ وشکانی بگوازنەوە، پشتەوانەیەکی هەبوو کە وەك سندوقێکی تەختەی سەرئاوەڵا، کە لە سەرەوەڕا بە هۆی دوو دەسکەوە، بە شانیانەوە هەڵدەگیراو کۆیلەکانی دیکە، بەرد یا خەرواری کەرپووچیان دەخستە ناو پشتەوانەکەوە و کابرای بارهەڵگر دەکەوتە ڕێ تا ئەوەی بەسەر پشتییەوە بیگوازێتەوە بۆ دورگەکە.

مووسا دەیبینی کە بارهەڵگران، بەتەئسیری گوشاری بارەکەیان زۆر لە زەحمەتدان و لە کاتی جووڵانیاندا، ماسوولکەکانی قاچ و بازووەکانیان ڕەپ دەبێ و دەبووایە بەسەر پردێکی تەختەی تەسکەوە، کە لە نێوان کەشتی و لێواری دورگەکە بوو، بپەڕنەوە و ئەگەر لە کاتی پەڕینەوە بەسەر ئەو پردە تەختەیەدا هەڵبخلیسکێن، یا بکەونە خوارێ، دەکەونە ناو رووبار و چونکە بارێکی قورسیان بەسەر پشتەوەیە، تا بنی رووبار دەچنە خوارێ و لەوانەیە بە لیتاوی بنی رووبارەکەدا بنووسێن و نەتوانن سەربکەونەوە سەرەوە.

مووسا، لەگەڵ نف و تەلارسازەکانی دیکە چووە ناو دورگەکە. ئەو چوار کەسە، پاش چوونە ناو دورگەکە، بە کاری خۆیانەوە سەرگەرم بوون، و لەگەڵ وەستاکان و کەسانی دیکەی کە بەرپرسی چاودێری کۆیلەکان بوون دەستیان بە قسەکرد، و سەریان لە کارگاکان دا تا بزانن کارەکان تا چ رادەیەك پێشکەوتوون.

مووسا، کە لە ئاخاوتنی هونەریی تەلارسازان و وەستاکان، هیچ تێنەدەگەیشت بەرەو کۆیلەکان ڕۆیشت.

تا ئەو ڕۆژە مووسا، لە بارەی بوونی کۆیلانی ناوبراو، ئاگاداریی نەبوو. نەیدەزانی ئەو قەومە کە بە ناوی ((کۆش))ەوە هەیە و لە دەرەوەی میسر را هاتووە و فیرعەونی میسر ئەو کۆمەڵەی کردۆتە کۆیلەی خۆی.

مووسا، لە ناو ئەو دورگەیەدا بە هێواشی پیاسەی دەکرد و سەری سوڕما کە ئەو پیاوە رووتانە، کە جل و بەرگیان نییە، چۆن دەتوانن لەو هەوا گەرمەدا بەردی گران و خەرواری کەرپووچ لە نوختەیەکەوە بۆ نوختەیەکی دیکە هەڵبگرن بێ ئەوەی تاوێك پشووبدەن.

ئەو دەیزانی ئەگەر یەك سەعات لەو هەوا گەرمەدا، بەرد بکێشێ و کەرپووچ بگوازێتەوە لە گەرمان و لە برساندا گیانی لە دەس دەدا یا لە پەل و پۆ دەکەوێ.

کۆیلەکان سەرنجیان لە کوڕەلاو نەدەدا یا دیار نەبوو کە مووسا دەبینن یا نا.

مووسا هەرچی زیاتر لەو کۆیلە ریشنانەی دەڕوانی، زیاتر مەیلی بەلایاندا دەشکایەوە. ئەو خۆشی نەیدەزانی بۆچی هۆگری ئەو پیاوانەبووە، بەلاّم هەستی دەکرد یەك رایەڵی نەبینراو، ئەو بەوانەوە گرێ دەدا.

کۆیلانی ریشن —بەو شێوەیە کە گوترا — جل و بەرگیان نەبوو. قاچی ئەوان تا ئەژنۆ قوڕی وشك بوو. چونکە ئەوان لە ناوچەیەکی زۆنگدا کاریان دەکرد. پێ کانی ئەوان بە ناو قوڕدا دەچۆ خوارێ و پاش ئەوەی کە پێیان لە نێو قوڕەکە دەهێنایە دەر، پاش چەند خولەك، بە کاریگەیی هەواو و تیشکی رۆژ وشك دەبۆوە. جل و بەرگی ئەوان تەنیا کەمەربەندێکی گوریس بوو، کە بەکەمەریانەوە هەڵواسراو بوو. نافەك پۆشی خۆیان بەوییەوە هەڵواسی بوو.

هەمووان دیقەتیان بەکاردەهێنا کارێك نەکەن کە جێگای ناڕازی بوونی چاودێران بێ چونکە کاربەدەستانی چاودێر، ئەگەر لە کارەکانیان ناڕازی بوونایە، بەقامچی لە پشتی ئەوانیان دەدا و مووسا شوێنەواری رەش و درێژی لێدانی قەمچیانی بەسەر پشتی کۆیلانی ریشنەوە دەدی. جاری وابوو ئەوان لەگەڵ یەکتردا قسەیان دەکرد، بەلاّم مووسا یەك وشەش لە گوتنەکانی ئەوان تێ نەدەگەیشت.

مووسا، سەرنجی دابوو کە لەرینەوەی دەنگی ئەو کۆیلانە و ئەو پەیڤانە، کە ئەوانە بەکاری دێنن، لەگەڵ لەرینەوەی دەنگی میسریان و پەیڤی میسری، بەتەواوی لەیەك جودان. میسرییەکان زاراوە گوتنێکی نەرمیان هەبوو. وشەکانیان جۆرێك دەگوت کە زەقکرنەوەی تێدا وە دەرنەدەکەوت، لە نێو گوێی بیسەردا، ناقۆڵاّو رەق خۆی نەدەنواند. بەلاّم کۆیلانی ریشن بە جۆرێك وشەکانیان دەگوت، کە لە ناو گوێی مووسادا رەق خۆی دەنواند و وەك ئەوە وابوو کە ئەم وشانە، بە ناو گوێی کوڕەلاودا بچەقن.

کۆیلەکان زمانی میسریشیان دەزانی. کاتێك کە چاودێران بە زمانی میسری لەگەڵ ئەواندا قسەیان دەکرد بە هەمان زمان وەلاّمیان دەدانەوە.

کاتێك کە مووسا سەرگەرمی تەماشاکردنی کۆیلەکان بوو، سێ کەشتی لە رێگاوە گەیشتنە ئەوێ. مووسا دیقەتیدا کە باری کەشتییەکان خشتی تێدایە.



ئەم مەسەلەیە بۆ کوڕلاوەکە شتێکی تازە نەبوو. چونکە ئەو دەیزانی رامسیسی دووەم پاشای میسر حەز دەکا تەلارگەلێك، کە لە سەردەمی پاشایەتی ئەودا دروست دەکرێ بە بەرد بنیات بنرێ، تاکو تێپەڕینی رۆژگار نەتوانێ ئەم تەلارانە وێران بکا. بەلاّم ئەو سێ کەشتییە، خشتیان هێنابوو و لەوەڕا بە دەردەکەوت کە دەیانەوێ خشتەکان بۆ دروستکردنی ئەمباری دانەوێڵە بەکار ببەن.

لە کاتێکدا کە مووسا سەرنجی لە کۆیلەکان دابوو، دەنگی نف سەرۆکی تەلارسازانی فیرعەونی، لە پەنای خۆیەوە گوێ لێبوو و بە سەرۆکی تەلارسازانی گوت: نف، ئەمە چ ژیانێکە ئەمانە هەیانە؟ ئایا مردن لەو ژیانە باشتر نییە؟ من باوەڕم وایە کە ئەگەر مرۆڤ بمرێ لەوە باشترە کە وەك ئەم کۆیلانە، ئەم کوێرەوەرییە تەحەمول بکا و بە دەستی چاودێران، قامچی لێدان بخوا.

نف گوتی: نا، مردن لەو ژیانە باشتر نییە، چونکە هەر جۆرە ژیانێك لە مردن باشترە.

مووسا گوتی: من لەگەڵ ئەو روانینەی تۆدا نیم و ئەگەر من ناچار بم ئاوا بژیم مردنم بەلاوە پەسندترە.

نف گوتی: تۆ هەرگیز ناچار نابی ئاوا بژی. چونکە تۆ فیرعەون زادەی و چارەنووسی تۆ ئاوایە کە هەمیشە بە ئاسوودەیی بژی و هەمووان لە ژێر فەرمانی تۆدا بن و هەر جێیەك، کە تۆ بچی خەڵك لەوێ پێداویستی خۆشی و ئاسوودەیی تۆ فەراهەم بکەن.

مووسا گوتی: ئەی نف، من کاتێك کوێرەوەری ژیانی ئەم کۆیلانە دەبینم، لە فیرعەون زادەیی خۆم ناڕەحەت دەبم و بیر دەکەمەوە بۆچی دەبێ من فیرعەون زادەبم و ئەوانە فیرعەون زادە نەبن؟

نف گوتی: ئیدی ئەو مەسەلەیە لە دەستی من و تۆ دا نییە و لە دەستی خواکان دایە ئێمە ئەگەر لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە توێژینەوە بکەین، مەرامەکە، درێژە دەکێشێ و وا باشترە واز لەو مەسەلەیە بهێنین، و لە بارەی ئەمباری دانەوێڵە ئاخاوتن بکەین، چونکە من تۆم هێنایە ئێرە تا تەرزی دروستکردنی ئەمباری دانەوێڵە ببینی.

سەرۆکی تەلارسازان، کوڕەلاوەکەی لەگەڵ خۆی بۆ جێگایەکی دیکەی دورگەکە برد. کاتێك کە بەڕێگادا دەرۆیشتن، نف پرسی: زەوی ئەم دورگەیە چۆن لە ژێر پێیی خۆتدا هەست پێ دەکەی؟

کوڕەلاو گوتی: ئێرە کە ئێمە بە سەریدا دەڕۆین زەوییەکەی سەختە.

نف روونی کردەوە: لەبەر ئەوەی ئێرە، ئەو پانتاییەیە کە دەکەوێتە ژێر بیناوە و بەشێکی ئەو تەلارە ئەمباری دانەوێڵە دەبێ و بەشێکی دیکەی حەوشەوی فراوانی ئەمبارەکە پێکدەهێنێ، ئێمە ئێرەمان بە هۆی خۆڵ و بەرد، کە لە جێگای دیکەوە هێناوە لە جێگاکانی تری دورگەکە بەرزتر کردووە.

مووسا گوتی: دەبینم کە لە هەموو جێگاکانی تری دورگەکە بەرزترە، بەڵام ئەو خەندەکەتان بۆچی بە چوار دیواری دورگەکەدا لێداوە؟

نف وەڵامیدایەوە: بەو جۆرەی کە دەبینی، بڕێك ئاو لە ناو ئەو خەندەکە دایە و ئەم ئاوە، هەر چەند رۆژ جارێك، لە رێگای جۆگایەکەوە کە بەرەو ناو رووباری نیل کراوەتەوە، بە تاڵ دەبێ و مەرامی ئێمە لە هەڵکەندنی ئەم خەندەکە، ئاو دەرهێنان لە زەوییە.

مووسا گوتی: من ناوی ئاو دەرێنانی زەویم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی ئەمەیە.

نف گوتی: لەهەر نوختەیەکدا کە زەوی زۆنگاو و شێ دار بێ، بۆ وشکردنەوەی زەوی، خەندەکێك بە چوار دەوری ئەوێ، یا یەك لای ئەوێ دا، هەڵدەکەنن و شێی زەوی، بە شێوەی ئاو، لە چینەکانی خوارەوەی خاکدا دێتە ناو ئەو خەندەکەوەو زەوییەکە وردە وردە وشك دەبێتەوە.

مووسا گوتی: نف، تۆ بە هەڵکەندنی ئەم خەندەکە کارێکی سەرنج راکێشت ئەنجام داوە.

نف وەڵامیدایەوە: من داهێنەری ئەمە نیم و باو و باپیرانی ئێمە، دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا، مانای پێنج سەد ساڵ پێش دروستکردنی  هەرەمەکان، لە بارەی ئاو لێدەردانەوە زانیارییان هەبووەو زەوی و زاری زۆر شێدار و زۆنگاوییان بەم رێ و شوێنە وشك کردۆتەوە.

مووسا گوتی: من دەزانم کە فیرعەونی میسر دەیەوێ هەموو تەلارەکانی میسر بەبەرد دروست بکا تاکو بەتێپەڕینی رۆژگار وێران نەبن، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین سێ کەشتی خشتیان بۆ ئێرە هێناوە ئایا تۆ دەتەوێ ئەمباری دانەوێڵە بەخشت دروست بکەی؟

نف وەڵامیدایەوە: تا ئەمڕۆ، هەموو ئەمباری دانەوێڵە، کە لە میسر دروست دەکران، لە بیابان بنیات نراون، مانای دوور لە ناوچەی شێدار یا زۆنگاوی و لەو ناوچانەدا ئێمە هەموو ئەمبارەکانی دانەوێڵەمان بە بەرد دروست دەکرد، چونکە دەمانزانی کە بەرد لە هەوای وشکی بیاباندا ئارەق ناکاتەوە.

مووسا لەوقسەیە سەری سوڕما و پرسی: مەگەر بەرد، وەك مرۆڤ، گیانی لەبەردایە کە ئارەق بکاتەوەو لە کونەکانی لەشییەوە ئارەق بێتە دەرەوە؟



نف گوتی: نا، بەرد گیانی لەبەردانییە، بەڵام لە جێگای شێدار و گەرم، ئەگەر بۆ دروست کردنی تەلار کەڵکی لێ وەربگرن، لە ناو ژوورەکان و ئەمبارەکاندا ئارەق دەکاتەوە.

لە ناوچەگەلی شێدار و گەرمی وەك ئەم دورگەیە، بەشی دەرەوەی ئەو تەلارەی کە بەبەرد دروستکراوە ئارەق ناکاتەوە. هەڵکردنی باو تیشکدانەوەی خۆر رێگریی لەوە دەکا ئارەق بکاتەوە. بەڵام بەشی ناوەوەی تەلار، مانای دیواری ژوورەکان و ئەمبارەکان، ئەگەر بەردین بێ، بە هۆی هەوای گەرم و شێدارەوە ئارەق دەکاتەوەو ئێمە ئەگەر لێرە ژوورەکان و ئەمبارەکان بە بەرد دروست بکەین، ئارەق دەکاتەوە  و دانەوێڵەکە کوێرو لێی دەدا.

مووسا گوتی: من تا ئەمڕۆ نەمبیستبوو کە بەردی بێگیان وەك مرۆڤ ئارەق دەکاتەوە.

نف گوتی: تەنانەت فیرعەون زادەیەکی وەکو تۆش، تا ئەو رۆژە کە لاوێکە، زۆر شت هەیە نەیبیستووە، و هەر چەندێك ساڵانی تەمەنی بەرەو هەورازتر هەڵدەکشێ بیستنەکانی زیاتر دەبن تا رۆژێك کە هەموو شتێك دەزانێ و هەرچی کە شایانی فێربوونە، بە گوێی ئەو دەگا.

مووسا پرسی: کەوایە ئەمباری دانەوێڵەی ئێرە بەچی دروست دەکەن؟

نف روونی کردەوە: وەك دەبینی بڕێك بەرد لەم دورگەیە کۆکراوەتەوە و ئەم بەردانە، بۆ دروستکردنی بناغەی تەلار بەکاردێن، بەڵام بناغەی ژوورەکان و ئەمبارەکان، کە جێگای داکردنی دانەوێڵەیە، بەخشت دروستی دەکەین. چونکە خشت، لە هەوای گەرم و شێداردا لەناو ژوورەکان و ئەمبارەکاندا ئارەق ناکاتەوە و دانەوێڵەکە تووشی کوێرو نابێ [٢٠]

پاش ئەم روونکردنەوەیە نف گوتی: ئەی مووسا، ئەگەر رۆژێك قەرار بێ تۆ لە جێگای رامسیسی دووەم دابنیشی، ئەم رۆژە لە بیرمەکەو ئەو رۆژە، من دەتوانم تەلاری گەورە بە بەرد بۆ تۆش دروست بکەم.

بینینی کۆیلانی سەرزەوینی کۆش، شوێنەوارێکی گەورەی لە سەر روحی مووسا دانا و کوڕەلاو بەخۆی دەگوت ئەو بەخت رەشانە نابێ ئاوا بەزەلیلی و کۆڵەمەرگییەوە ژیان بەرنە سەر، بەڵام کەسی نەدیتەوە کە لەگەڵ ویدا هاوباوەڕ بێ و بتوانێ تێبگا کە بۆچی کوڕەلاوی میسر لە هەلومەرجی ژیانی ئەو کۆیلانە ناڕەحەتە.

---

(٢٠) وەك دەزانین بەرد ئارەق ناکاتەوە، بەڵام لە هەوای گەرم و شێداردا لە ناو ژوورەکان دڵۆپە هەڵمی ئاو کە لە ناو هەوادا هەیە لەسەر بەرد کۆدەبێتەوە و دەبێتە ئاو و تەلارسازی فرعەون ئەمەی بەئارەق کردنەوەی بەرد ناوبردوە (و.ف)

دوای گەڕانەوە لەو دورگەیە، مووسا، ژیانی ئاسایی خۆیی لە ناو کۆشکی پاشایی گرتە بەر و بەنەریتی جاران، شازادەکانی دیکە لەگەڵ ویدا هەڵیان نەدەکردو بەیەکەوە نەدەسازان چونکە دەیانبینی مووسا لەگەڵ ئەواندا هەڵناکاو لەگەڵیاندا ناسازێ.

سێ ڕۆژ دوای ئەوەی مووسا گەڕایەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی. ژمارەیەك لە شازادەکان ویستیان بچنە شاری ((بۆتۆ)). ئەنخاس ئاموون دایکی مووساش بەوی گوت بۆ ئەوەی کە لە کۆشکی پاشایەتی بەتەنیایی وەڕزنەبێ واباشترە لەگەڵ ئەواندا بڕوا.

مووسا نەیدەویست لەگەڵ ئەواندا بچێتە شاری بۆتۆ. بەڵام بۆ ئەوەی ڕاسپاردەی دایکی بەجێ بێنێ، لەگەڵ شازادەکان سواری کەشتی بوو و ڕێگای شاری بۆتۆی، کەلە کۆندا پایتەختی میسری خواروو بوو و لەو قۆناغەدا بەشارێکی بچووك دەژمێردرا، گرتەبەر. شاری ((بۆتۆ)) ئەمڕۆ بە ناوی ((ئەسکەندەرییە)) دەناسرێ و پاش ئەوەی ئەسکەندەر هاتە ناو میسر، شاری ئەسکەندەرییەی لە جێی شاری کۆنی بۆتۆ بنیات نا.

شاری بۆتۆ لەو سەردەمەدا لە سەرتاسەری لێوارە دەریاییەکاندا، کە پاشان بەدەریای ڕۆم ناسرا، بەڵام لەو دەمەدا بە دەریای میسر ناودەبرا، بە هۆی ئەوەوە ناسرا بوو کە خاوەنی یەك خانەی گشتی گەورە بوو و کەسانێك کە کەرەسە و دەرفەتیان هەبوو ڕابووێرن لە وڵاتانی دەوروبەرەوە بە هۆی کەشتییەوە دەهاتنە بۆتۆ و روویان دەکردە ئەو خانەی گشتییە وکاتی خۆیان لەوێ بە کەیف و ڕابواردن دەبردە سەر.

ئەو خانە گشتی و گەورەیە بە هۆی ژمارەیەك لەسەرمایەداران، کە پێکەوە هاوپشك بوون بەڕێوەدەبراو ئەوان لە ڕێگای ژنانی دەڵاڵەوە، ژنانی جوان، کە دەرەتانی کڕینیان هەبوو لە چوارگۆشەی دنیاوە دەکڕی و دەیانهێنانە بۆتۆ و لەوخانە گشتییەدا، کە لەواقیعدا شارێکی بچووك بوو لە ناو شاری بۆتۆدا، دادەمەزراند تا پێشوازی لەو کڕیارانە بکەن کە دەچوونە ئەو خانەیەوە.

شاری بۆتۆ پاش ئەوە کە گۆڕا بۆ ئەسکەندەرییە، دیسانەوە خاوەنی ئەو خانەیەو لە واقیعدا ئەو گەڕەکە بوو ((دینوکرات)) ئەندازیاری ناسراوی دنیای کۆن، کە لەسەردەمی ئەسکەندەردا بە فەرمانی ئەو، شاری ئەسکەندەرییەی بنیات نا گەڕەکێکی ئەوێی بە تایبەتی بۆ خانە گشتییەکان بنیاتنا. هەر بەو شێوەیە کە ئەمڕۆ بوودجەی وڵاتی موناکۆ بەڕێگای داهاتی قومارخانەی مونتی کارلۆوە دابین دەبێ، لە کۆندا، بەشێك لە بوودجەی حکوومەت لە میسری خواروو (لە باکووری میسر) لە ڕێگای داهاتی خانەی گشتی شاری



بۆتۆوە دابین دەبوو و وەزعی ناوبراو درێژەی هەبوو تا پێنج سەد ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح، ئێرانییەکان وڵاتی میسریان داگیرکرد. لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان خەڵکێکی داوێن پاك و خۆپارێزبوون، لەسەردەمی داگیرکردنی میسردا، لە لایەن ئەوانەوە خانەی گشتی و گەورەی شاری بۆتۆ داخرا. بەڵام بەڕۆیشتنی ئێرانیان لەمیسر، ئەو خانەیە کرایەوە تا زەمانێك کە ئەسکەندەر میسری داگیرکرد و شاری ئەسکەندەرییەی ئاوا کرد.

لەوەوپاش، گەڕەکێکی تایبەتی بۆ خانە گشتییەکان لە ئەسکەندەرییە هاتە کایەوە. ئەو گەڕەکە، لە سەردەمی دەسەڵاتی شاژن کلیۆپاترا لە میسر، گەیشتە لوتکەی ڕمێنی خۆی و داهاتی گەڕەکە کە، یەکێك لە ژمارە گەورەکانی داهاتی وڵاتی میسری پێکدەهێنا.

پاش مردنی کلیۆپاترا ((کە بە هۆی ژەهری مارەوە خۆی کوشت))، گەڕەکی ناوبراو هەروا لە ئەسکەندەرییە مابۆوە و داهاتی ئەوێ هەروەك پێشوو، لە ژمارە گەورەکانی داهاتی حکوومەتی میسر بوو تا ئەو زەمانەی کە لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا میسر کەوتە ژێر ڕکێفی سوپاییانی ئیسلام و عەرەبە موسوڵمانەکان گەڕەکی ناوبراویان هەڵگرت.

جارێك، کە مووسا چووە ناو شاری بۆتۆ، زانیاری هەبوو کە لەو شارەدا، خانەیەکی گشتی بە فراوانی شارێکی بچووك هەیە.

شازادەکانی میسر کە لەگەڵ مووسا چووبوونە بۆتۆ، پاش ئەوە کە هاتنە ناو شارەوە، هاتنە سەر ئەوەکە بچنە ناو ئەو خانە گشتییەوەو مووساش لەگەڵ خۆیاندا بەرن.

کاتێك شازادە لاوەکانی میسری، مووسایان لەگەڵ خۆیان برد، دیسانەوە پێیان نەگوت کە بۆ کوێ دەچن و مووسا وای وێنا کرد کە شازادەکان ئەو بۆ گەڕانێکی ئاسایی دەبەن. تا لە یەك دەروازەی گەورەوە تێپەڕی و چووە ناو بەشێکی دیکەی شاری بۆتۆ و پاش ئەوە کە چووە ژوورەوە و لەوێ تەماشای کرد کە وەزعی ژن و پیاو، لەو بەشەدا، لەگەڵ گەڕەکەکانی دیکەی شاردا جیاوازی هەیە.

لەوێ ژنان جل و بەرگی لەش پۆشیان لەبەردا نەبوو، و پیاوەکان، مەست دەهاتنە بەرچاو و شازادەلاوەکان لەگەڵ ژنەکاندا گاڵتەیان دەکرد و بە زوویی ژنەکان، کە تێگەیشتن ئەو لاوانە لە شازادەکانن، دەوریان گرتبوون و هەریەکە لەو ژنانە پێداگرییان دەکرد کە یەکێك لە شازادەکان لەگەڵ خۆیدا ببا.

سەرەڕای ئەوە کە ژنانی ئەوێ لەش فرۆش بوون و ژنانی لەش فرۆش سەرنجێك لە لاوی و پیری کڕیارەکان نادەن و جوانی و ناشیرینی کڕیارەکان بەلایانەوە وەکو یەك بوو تەنیا زێڕ یا

زیو یا لانی کەم مسیان لەوان دەویست، کەچی بالآی بەرزو شانی پان و جوانی مووسا سەرنجی ژنانی راکێشابوو، بەلآم مووسا تەنانەت سەیرێکی ئەوانیشی نەکرد.

کوڕەلاو کاتێك چووە ناو ئەوبەشەی شار، دیقەتی لە ژوورەکانی دەوروبەر نەگرت، بەلآم لە ماوەی گەڕاندا لە ناکاو چاوی بە ناوەوەی ئەو ژوورانە کەوت و کۆمەلە دیمەنێکی دیت کە لە تینی شەرمەزاریدا، ئارەق بەسەر روخساریدا چۆڕایەوە.

مووسا بە جۆرێك لە بینینی ئەو دیمەنە سەرسام بوو، نەفرەتی هاتەوە و هاواری کرد: ئێرە کوێیە و بۆچی منتان هێناوەتە ئێرە؟

یەکێك لە شازادەکان پێی گوت، ئێمە بەو هۆیەوە تۆمان هێناوەتە ئێرە کە کەیف خۆشی بکەی و ماوەیەك بەشادی رابووێری!

مووسا بە توندی پرسی: ئێرە ناوی چییە؟

شازادەی ناوبراو وەلامیدایییەوە: ئێرە خانەی گشتی بۆتۆیە. خەلك لە چوار لای دنیاوە دێنە ئەو شارە تا لە شادییەکانی ئەم خانەیە کەلك وەربگرن. تۆش ئەو دەرفەتە بەهەل بزانە

مووسا بەتوندی دەستی خۆی لەناو دەستی یەکێك لە شازادەکان کە دەیویست ئەو بەرەو ناوەوەی یەکێك لە ژوورەکان رێنوێنی بکا، هێنایە دەرەوەو پشتی لە شازادەکان و ژنەکان کردو کەوتە رێ.

شازادەکان بانگیان کرد: بۆ کوێ دەچی؟ بەلآم کوڕەلاو وەلآمی ئەوانی نەدایەوە و خێرایی رۆیشتنی خۆی زیاتر کرد تا لەو دەروازەیەوە کە ئاماژەمان پێکرد، چووە دەرەوە و خۆی لە بەشێکی دیکەی شاردا بینییەوە.

لەبەر ئەوەی هەوا گەرم بوو، بۆ چوونە دەرەوە لەو شوێنە کە کەشوهەوای ژاراوی ئەوێ روحی پاکی ئەوی ئازار دەدا، بە خێرایی هەنگاوی هەلدەگرت، ئارەقی کردەوەو دلۆپە ئارەق بە نێوان مووەکانی سەرییەوە بەسەر روخساریدا دەرژانە خوارەوە.

مووسا، لەگەل وەزعی ئەم شارە ئاشنا نەبوو. نەیدەزانی کە لە چ رێگایەکەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ مالەکەی خۆی. ئەو لە شەقامێکی بەخۆل داپۆشراودا تێپەڕی، و چوارپێ و گالیسکەکانی کەلەو شەقامەوە تێدەپەڕین، خۆل و تۆزیان لێ بەرز دەبۆوە و بە زوویی توێژالێك خۆل بەسەر سەر و رووی مووساوە نیشتبوو.



## -٦-
## لە دوکانی سەرتاشیدا

شەقامی ناوبراو درێژ بوو. مووسا ناچاربوو هەمموو ئەو شەقامە تەی بکا تا بتوانێ بگاتە شەقامێکی دیکە. کاتێك کە لەو شەقامەوە چووە ناو شەقامێکی دیکەوە، بە بەرامبەر دوکانێکی سەرتاشیدا تێپەڕی.

پیاوێکی بە سالدا چوو، کەوا دەردەکەوت خاوەن دوکانە، لەبەرامبەرییدا دانیشتبوو. چاوی بە سەرو رووی تەپ و تۆزاوی مووسا کەوت و لە جل و بەرگەکانییەوە تێگەیشت کە لە مەزن زادەکانەو پێی گوت: ئەی مەزن زادە، وەرە دوکانەکەی من تا سەرو رووت بشۆم و ئەگەر ریشت هەیە، ریشت بۆ بتاشم.

مووسا کە خۆی نەیدەزانی چەند تەپ و تۆز بەسەر سەر و روویەوە نیشتووە گوتی: بۆچی دەتەوێ سەرو رووی من بشۆی ؟

سەرتاشی بەسالداچوو، ئاوێنەیەکی بچووکی، کە ئەو زەمانە دروستیان دەکردو زاخاویان دەدایەوە تا وێنەی مرۆڤ لەوێدا تیشك بداتەوە، دایە دەس مووسا و گوتی: ئەی مەزن زادە، تەماشاکە سەرو رووی تۆ بەهۆی تەپ و تۆزەوە کەلێی نیشتووە بە چ شێوەیەکی لێهاتووە.

مووسا، روانی کە ئەوەندە تۆز و خۆل لەسەر رووی نیشتووە کە خۆی ناناسێتەوە، و ئاوێنە بچووکەکەی دایەوە دەستی سەرتاش و چووە ناو ژووری دوکان و دانیشت.

سەرتاشی بە سالداچوو، یەکەمجار بە ئاو، سەرو رووی کوڕەلاوی شۆرد. خۆل و خاکی جلەکانی داتەکاند و لەدەمێکدا، کە سەرگەرمی خاوێن کردنەوەی مووسا بوو، لە رووی نیشانەگەلێکەوە کە لە جل و بەرگی ئەو کوڕەلاوەی دەدی و هەروەها لە جوانی ویدا، سەرنجیدا کە دەبێ ئەو یەکێك لە فیرعەون زادەکان بێ کە دەلێن چوونەتە بۆتۆ. پاش شۆردنی سەرو رووی مووسا، لەبەرامبەر کوڕەلاودا کەوتە سەر زەوی و گوتی: ئەی شازادە، کاتێك کە تۆ بە بەرامبەر دوکانەکەمدا تێپەڕ دەبووی روخسارت بە جۆرێك بە خاك و خۆل داپۆشرا بوو کە من نەمتوانی تۆ بناسم و بە خۆمم گوت ئەم لاوە لە مەزن زادەکانە. بەلآم ئێستا تێدەگەم

که تۆ فیرعەون زادەی و بەزەبیت بە منی پیرەمێرددا بێتەوە و ئەگەر بە شێوەیەك کە دەبووایە و لە وانەیە ڕەچاوی ڕێزی تۆم نەکردووە، لێم تووڕە مەبە.

مووسا وەڵامیدایەوە: من لە تۆ تووڕەنیم.

پیرەمێرد بە دەستی خۆی، بە ئەسپایی دەستی بە ڕوخساری کوڕەلاودا هێنا و گوتی: ئەی فیرعەون زادە، ریشت زۆر کەمە و من وا تێدەگەم کە تازە ریش لە روومەتت رواوە. بەڵام ئێستا کە دەس بە روومەتتدا دەهێنم تێدەگەم لە رابردوودا ریشی تۆیان تاشیوە، ئایا حەزدەکەی کە من ئەمڕۆ دووبارە ریشی تۆ بتاشم ؟

پیاوانی میسری، ریش و سمێڵیان دەتاشی و لە ناو خێزانی پاشایەتی میسردا، ریشی شازادە لاوەکان، تا تەمەنی چواردە ساڵی نەدەتاشرا. بەڵام هەر کە شازادەیەك لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پێی دەنایە قۆناغی پیاوەتییەوە، بەپێی ڕەسمی میسرییان ریش و سمێڵیان دەتاشی.

ئەو ڕۆژە کە کوڕەلاو ڕەزامەندیدا کە سەرتاشی بەساڵداچوو ریشی بتاشێ و کاتێك کە ئەو پیاوە، ریشی مووسای دەتاشی، گوتی: ئەی فیرعەون زادە، لەو ڕۆژەوە کە من بوومەتە سەرتاش تاکو ئەمڕۆ رێك نەکەوتووە فیرعەون زادەیەك پێبخاتە ناو دوکانەکەی منەوە و ئەم بەهرەیە، کە ئەمڕۆ بە نسیبی من بووە گەورەترین بەختەوەرییە کە لە هەموو تەمەنی خۆمدا رووی تێکردوم و من ناتوانم لەو بەختەوەرییە و لەم دەرفەتە تاق و تەنیایە کە یەقینم جارێکی دیکە نای بینمەوە کەڵك وەرنەگرم.

مووسا پرسی: دەتەوێ چ کەڵکێك وەربگری؟ پیرەمێرد وەڵامیدایەوە: ئەی فیرعەون زادەی لاو کە لە جوانیدا سەرتۆپی هەموو فیرعەون زادەکانی، من تا ئەمڕۆ، لاوێکم بە جوانی تۆ نەدیوە. تۆ لەم قۆناغەی تەمەنتدا، نازانی کە پیرەمێردێکی وەکو من چەند بە دەس مەرگەوە لە کوێرەوەریی دایە.

مووسا گوتی: ئایا لە مردن دەترسی؟

پیرەمێرد گوتی: نا ئەی فیرعەون زادە، پیرەمێردان و پیرەژنانێك کە دەزانن لە پاش مردن مۆمیا دەکرێن، لە مردن ناترسن. چونکە کەسێك کە پاش مردن مۆمیایی بکرێ، زیندوو و نەمر دەمێنێتەوە و تا خواکان ماون ئەویش دەمێنێ و لە دنیای ڕۆژئاوا (مانای دنیای پاش مردن) بە بەختەوەری ژیان دەباتە سەر. بەڵام کەسێك پاش مردن تەرمەکەی مۆمیایی نەکرێ ئەوا بە جۆرێکی بنەبڕ دەمرێ، چونکە بەزوویی لاشەکەی بۆگەن دەکاو گۆشتی بەدەنی بۆ گەن



دەبێ و لە بەین دەچێ، ئێسقانەکانیشی بە تێپەڕبوونی زەمان دەگۆڕێ بۆ خۆڵ و لەبەر ئەوەی بەدەنی خۆی لەدەس دەدا دەبێتە مردوویەکی هەتا هەتایی.

من لە زەمانی لاویدا بیرم دەکردەوە کە برێك زێڕ و زیو و مس پاشەکەوت بکەم بۆ ئەوەی پاش مردنم، تەرمی من مۆمیا بکرێ و ببم بە زیندووی نەمر. بەڵام نەمتوانی شتێك پاشەکەوت بکەم و داهاتی من بە رادەیەك کەمە کە تەنیا ژیانی ڕۆژانەی خۆم و ژنەکەم دەردەهێنێ و شتێك بۆ مۆمیایی کردنی لاشەکەم نامێنێتەوە. شەو نییە بە وەحشەتەوە لە خەو بێدار نەبمەوە و لە بیری ئەوەدا کە لاشەی من مۆمیایی ناکرێ، لە بەرخۆمەوە نەلەرزم.

من لەسەر دەمانی ژیانی خۆمدا دووچاری کێشەوبەرەو تەنگەتاویی جۆربەجۆر بووم. بەڵام هەموو جۆرە گرفت و تەنگەتاوییەکم بە ئارامییەوە تەحەمول کرد. بەڵام مۆمیا نەکردنی لاشەکەم پاش مردن، بۆ من لە تەحەمول کردن بەدەرە و دەزانم گەورەترین بەدبەختی کە لەوانەیە بێتە ڕێی کەسێك ئەوە دەبێ کەپاش مردن لاشەکەی مۆمیای نەکرێ. هەر لەبەر ئەوە ئەی فیرعەون زادە، تکا لە تۆ دەکەم برێك زێڕو زیوم بدەیە کە من بتوانم لە خانەی مردووواندا پاشەکەوتی بکەم تا پاش مردن، لاشەکەم مۆمیا بکەن[٢١].

مووسا گوتی: ئەی کابرا، ئەگەر تۆ ئاقڵ بای داوات لە من نەدەکرد برێك زێڕو زیوت بدەمێ بۆ ئەوەی کە لە خانەی مردوواندا دایبنێی و پاش مردنت لاشەکەت مۆمیا بکەن.

پیاوی بەساڵداچوو پرسی: ئەی فیرعەون زادە، لە بەرچی ئەگەر ئاقڵ بوومایە ئەم داخوازییەم لە تۆ نەدەکرد ؟

کوڕەلاوەکە گوتی: لەبەر ئەوەی نازانێ کە بەدەسهێنانی تەمەنی نەمریی لە ڕێگای مۆمیا کردنی بەدەنەوە لە پاش مردن، بەدەس دێ.

پیرەمێردی سەرتاش کاتێك ئەم قسەیەی گوێ لێبوو بە جۆرێك تێکرا بوو کە ئەگەر تیغەکەی لەسەر روومەتی مووسا بووایە، روومەتی دەبڕی. بەڵام لەو کاتەدا سەرتاشی

---

(٢١) خانەی مردووان لە پایتەختی میسر و هەموو شارەکانی دیکەدا بریتی بوو لە دامەزراوەیەك کە ژمارەیەك لە شارەزایان، لە وێدا مردووەکانیان مۆمیا دەکرد. زانستی پزیشکی و نەشتەرگەیی میسر کە لە جیهاندا ناسراوە لە خانەی مردووانەوە سەرچاوەی گرت، چونکە میسرییەکان بۆ مۆمیاکردنی مردووەکان، تەرمەکانیان تەشریح دەکرد و بۆیە نهێنییەکانی پێکهاتەی بەدەنی مرۆڤیان ناسی و لەسەر دەمانێکدا کە میللەتانی دیکە زانیارییان لە بارەی حاڵەتی ناوەوەی بەدەنی مرۆڤ نەبوو، نەشتەرگەرانی میسری دەستیان کرد بە کاری نەشتەرگەری تەنانەت لە ناوەوەی بەدەنی مرۆڤ داو کاری کەللەسەر کون کردنی ئەوان بەناوبانگ بوو. (و.ف)

بەساڵداچوو تیغی خۆی لەسەر هەسانێك تیژ دەكرد. ئەو بەحەپەسان و وەحشەتەوە پرسی: ئەی شازادە، مەگەر بۆ بەدەسهێنانی تەمەنی نەمریی جگە لە مۆمیا كردن ڕێگایەكی دیكە بوونی هەیە؟

پەنا بە خواكان ! ئەگەر تۆ شازادەیەكی میسری نەبووایەی من دەمگوت ئەم قسەیەی تۆ هەر لە قسەی ئەو كەسانە دەچێ كە لە رابردوودا هەبوون و بەڵام ئێستاكەنین و ئومێدەوارم كە هەرگیزیش نەیەنەوە بوون!

مووسا گوتی: قسەی من وەك هی كێ دەچێ؟

پیرەمێرد گوتی: ئەی فیرعەون زادە، لە كۆندا، لە میسر پاشایەك هاتە ئارا كە بەیەك جار هەموو بنەماكان و باوەڕەكانی خەڵكی لەبن پێی خۆی دانا و گوتی كە شێوەی خواكان لە هەموو پەرستگاكانی میسر، كە ئەو دەستی بەسەریاندا رادەگەیشت، هەڵبگرن. ئەو پاشایە بە جۆرێك لەگەڵ باوەڕەكانی خەڵكی میسر دوژمنایەتی هەبوو كە هەرگا لە دەستی بهاتبایە، هەرەمەكانی میسریش كە خواكان دروستیان كردووە، وێران دەكرد.

كاتێك ئەم وشانە لەدەمی پیرەمێردی بە ساڵداچوو هاتە دەرێ، مووسا قسەكەی نف سەرۆكی تەلارسازانی رامسیسی دووەمی وەبیرهاتەوە، كە دەیگوت چونكە خەڵكی میسر، زانستیان لە دەسداوە و بوونەتە خورافە پەرست وا وێنا دەكەن كە هەرەمەكان لە لایەن خواكانەوە دروستكراون، لە حاڵێكدا كە بنیات نەری هەرەمەكان، بەپێی نەخشەكانی تەلارسازان، لەلایەن سوڵتانەكان و خەڵكی میسرەوە دروستكراون.

سەرتاشی بەساڵداچوو، درێژەی بەقسەكانی داو گوتی: بەڵام خواكان هەرەمەكانیان ئەوەندە گەورە و مەحكەم بنیات ناوە كە ئەو پاشایە نەیتوانی هەرەمەكان وێران بكاو لە بەینیان ببا. بەڵام لە هەر كام لە پەرستگاكان كە ئەودەستی پێ راگەیشت شێوەی خواكانی هەڵگرت و دووری خستنەوە و هەندێكیانی شكاند و هەندێكیانی لەناو رووباری نیل دا نقوم كرد. لە هەر نوختەیەك لە قەڵەمڕەوی ئەودا، كە پەرستگایەكی لێبوو، ناوی پەرستگاكەی گۆڕی و ناوی خوای خۆی لەسەر دانا.

مووسا پرسی: خوای ئەو ناوی چی بوو؟

سەرتاشی بەساڵداچوو گوتی: ئەی فیرعەون زادە، تۆ ئەگەر فەرمان بدەی بەو تیغە، كەوا بە دەستمەوەیە سەری خۆم ببڕم ئەوا ژێر فەرمانی دەكەم، بەڵام ناتوانم ناوی ئەو خوایە بهێنمە سەر زمانم!



مووسا گوتی: ئەگەر ئەو بە خوایەكی داسەپاو و خوایەكی بە ناهەق بژمێردرێ، بۆچی لە ناو هێنانی دەترسی؟

پیاوە بەساڵداچووەكە گوتی: ئەی فیرعەون زادە ناوی ئەو پاشا میسرییە ئەوەندە گڵاو و نەفرەتبارە، ئەگەر بێتە سەر زمان دەبێتە مایەی بەدفەڕی و بەدبەختی!

مووسا پرسی: ئەو پاشا نەفرەتبارە لە بارەی مۆمیا كردنی لاشەكانەوە چی دەگوت؟

سەرتاشی بەساڵداچوو گوتی: ئەو نەفرەتبارە دەیگوت كە مۆمیاكردنی لاشەكان، نابێتە هۆی ئەوەی كە خەڵك، پاش مردن، بگەنە ژیانی نەمری و ئەوەی كە مایەی ژیانی نەمرییە ئەوەیە كە روح لە دنیای دیكەدا ئازادی هەبێ. لەو رۆژەوە كە وڵاتی میسر هاتۆتە بوون كەسێك قسەیەكی ئاوا بێ بناغەو كوفرهێنی نەبیستبوو.

هەزارەها ساڵە لەم وڵاتەدا خەڵكی پاشەكەوت دەكەن تا پاش مردنی خۆیان لاشەكەیان مۆمیا بكرێ و لە بەین نەچێ، كەچی پاشای ناوبراو گوتی بۆ بەدەسهێنانی ژیانی نەمریی پێویست بە مۆمیاكردن ناكاو فەرمانیدا، كە لە پایتەختی میسر و شارەكانی دیكە خانەی مردووان دابخەن و مردووەكان بێ ئەوەی كە مۆمیا بكرێن، بنێژن.

ئەو پیاوە ئەوەندە هەستی تێدا نەبوو، كە تێبگا كاتێك مردوویەك بەبێ مۆمیاكردن بنێژرێ پاش چەند مانگ و لانی زۆر پاش یەك ساڵ لاشەكەی لە بەین دەچێ، و جگە لە ئێسقانەكانی شتێكی لێنامێنێتەوە، كە ئەویش دیسانەوە هەر ماڵی فەوتانە. ئەو تێ نەدەگەیشت كە كاتێك لاشەی ئێمە لە ناوچوو ئیدی شتێك نامێنێتەوە تا ببێتە خاوەن ژیانی نەمری.

كاتێك خانەی مردووەكانی داخست، مامۆستایانی مۆمیاكار، كە زۆربەی ئەوان، كوڕ بە دوو باوكیدا، لە دوو سێ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، لەو خانانەدا كاریان دەكرد، كاری خۆیان لە دەسدا. هەندێك لە پزیشكانی میسر، بۆ كەڵك وەرگرتن لە پسپۆریی ئەوان هەندێك لە مامۆستایانی مۆمیا كاریان هێنایە ناو كارەكەی خۆیانەوە. بەڵام ئەوانی تر كە نەیاندەتوانی كارێك وەگیربخەن، دووچاری برسێتی بوون و هەندێكیان دەرۆزەیان كرد و هەندێكی تر لەو مامۆستا مۆمیا كارانە كە نەفس بەرز بوون و نەیاندەتوانی دەرۆزە بكەن، خۆیان فڕێ دایە ناو رووباری نیلەوە و تیمساحەكان هەڵیان لووشین.

گەرچی پاش مردنی ئەو پاشا نەفرەتلێكراوەی میسر، خانەكانی مردووان دیسانەوە كرانەوەو دووبارە لاشەیان مۆمیا دەكردنەوە. بەڵام بە هۆی تێ نەگەیشتوویی و سەركێشی ئەو

پیاوه کافرەوە، ژمارەیەك لە بەرچاوترین مامۆستایانی مۆمیا کاری میسر، نابووت بوون و زانست و پسپۆڕی ئەوان لە بەین چوو و بۆ نەوەی نویێ نەگوازرایەوە.

مووسا کاتێك کە ئاخاوتنەکانی پیرەمێردی بەساڵداچووی گوێ لێبوو، رۆژێکی دەهاتەوە بیر کە لەگەڵ ژمارەیەك لە شازادەکان، کاتێك کە هێشتا پێی نەنابووە قۆناغی پیاوەتییەوە، بە پەنای خانەیەکی مردووانەوە تێپەڕی بوو، لەوێ بۆنێکی یەکجار نەفرەت هێن دەهات و مووسا بە جۆرێك لە بۆنکردنی ئەو بۆنە ناپەسندە ئازاری چەشت کەبە سەرپەرشتیارەکەی خۆی گوت بابەزوویی لێرە دەرباز ببین.

سەرپەرشتیار گوتی: ئەی شازادە ئێرە ماڵی مردووانە و هەر کەسێك کە لە میسر دەژی، ئاکام لەم خانەیە یا خانەیەکی وەك ئەمە، مۆمیا دەکرێ و تۆ کە شازادەیەکی میسری لانیکەم دەبێ یەکجار خانەی مردووان ببینی.

شازادەکانی میسر، بەڕێنموونی سەرپەرشتیاران چوونە ناو خانەی مردووانەوە. مووسا بۆ ئەوەی ئەو بۆنە نەگریسەی خانەکە، بۆن نەکا، هەر دوو بێقڵی لووتی خۆی بە پەنجەی گرت. بەڵام یەکێك لە سەرپەرشتیاران پێی گوت کە دەس لە لووتی خۆی بەربدا، چونکە کارگەرانی خانەی مردووان لەم هەڵسوکەتە دڵ رەنجاو دەبن و نابێ ئەمانە بڕەنجێن.

کاتێك کە مووسا چووە ناو خانەی مردووانەوە لەبەر خەستی و توندی بۆنی ناپەسەندی ئەو خانەیە، خەریك بوو لە حاڵی خۆی دەربچێ.

خانەی مردووان ئەوەندە فراوان بوو کە بەدروستی کۆتایی ئەوێ نەدەبینرا. لە ناو ئەو خانەیەدا، ئەستێرکی جۆربەجۆر و ژووری زۆر دەهاتنە بەرچاو. هەرتاوێك یەکێك لە کارگەرانی خانەی مردووان لە ژوورێك دەهاتە دەرێ و بە پەنای شازادەدا تێدەپەڕی تا دەگەیشتە بەشێکی دیکەی ئەو خانەیە. لەو دەمەدا بۆنە نەگریسەکە زیاتر تینی دەستاند، لەبەر ئەوەی لەبەدەنی کارگەرانی خانەی مردووان کە دەتگوت بۆنی لاشەکان لەگەڵ گۆشت و ئێسقانەکانی ئەواندا تێکەڵ بووە، بەردەوام بۆنیکی وایان لێدەهات کە لە تاقەتی تەحەمول کردندا نەبوو. ئەگەر یەکێك لە کارگوزارانی خانەی مردووان بهاتبایە ناو یەکێك لە شەقامەکانی پایتەختی میسر، خەڵك لە بۆنی لەشییەوە حاڵی دەبوون کە ئەو لە خانەی مردووان کار دەکا.

مووسا پاش چوونی بۆ ناو ئەو خانەیە، سەرنجیدا کە لە نێو ئەو دامەزراوەیەدا، ژنی تێدانییەو تەواوی کارگوزارانی خانەی مردووان پیاون، بەڵام تەرمی ژنانیش هەر لە هەمان خانەدا مۆمیا دەکرا.



مووسا لەو دەمەدا بە هۆی منداڵییەوە، نەیدەزانی کە کارگوزارانی خانەی مردووان، کە بە هۆی بۆنی نەفرەتهێنی لەشیانەوە، لە ژن بێبەشن، شەوانە لەو خانەیەدا لەگەڵ لاشەی ژنەکاندا کە بۆ مۆمیا کردن براونەتە خانەی ناوبراو، هەوەسبازی دەکەن.

کوڕەلاو کاتێك گەیشتە یەکەمین ئەستێرکی ئەو خانەیە، بینی وا چەند تەرم، لە ناو ئەو ئەستێرکەدا، وەك ماسی مردوو کە هەندێك کات، لە سەر رووی یەکێك لە ئەستێرکەکانی کۆشکی پاشایەتی دەبینران، دەکەوتە بەرچاو و سەرپەرشتیاران بۆ شازادەیان روون کردەوە کە ئەو ئەستێرکە، پڕ لە ئاوی سوێرە و لاشەی مردووەکان، پاش ئەوەی کە دێنە ناو خانەی مردووانەوە، لە ناو ئەستێرکێکی پڕ لە ئاوی سوێر دادەنێن.

مووسا، لە بینینی ئەو تەرمانە کە لە نێو ئەو ئەستێرکەدا دانرابوون، زۆر نەفرەتی هاتەوە، بەڵام نەفرەتی خۆی دەرنەبڕی، چونکە دەیزانی دەبێتە هۆی رەخنەی سەرپەرشتیاران.

پەروەردەکاران، شازادەکانی میسرییان لە لێواری ئەستێرکی یەکەمەوە بۆ لای ئەستێرکێکی دیکە برد، و مووسا بینی لە نێو ئەو ئەستێرکەیاندا شلەیەکی رەنگ سووری تێدایە و چەند تەرمێك لە نێو ئەو شلە سوورەدا، دەکەونە بەرچاو.

مووسا، لە بینینی تەرمەکان و بۆن کردنی بۆنی نەگریسی خانەی مردووان ئەوەندە جارز ببوو کە روونکردنەوەی لە پەروەردەکاران نەدەویست، بەڵام ئەو شتانەی کە ئەوان بەوانی دیکەیان دەگوت دەبیست و ئاگادار دەبوو کە ئەو لاشانەی کە لە نێو ئەو شلە سوورەدا دەبینرێن لاشەگەلێکن کە پێکهاتەکانی ناو هەناو و سنگ و کەللەسەریان دەرهێناون و پاشان هەناو و سنگ و کەللەسەریان پڕ لە دەرمانی تایبەتی کردوون.

مووسا، لەو کارە ئەوەندە هەستی بە نەفرەت دەکرد کە نەیدەویست بزانێ پێکهاتەکانی هەناو و سنگ و کەللەسەری مردووەکانیان چۆن دەرهێناوە. بەڵام گوێی لێ بوو پەروەردەکاران دەیانگوت کە هەناو و سنگ بە چەقۆ هەڵدەدڕن. پاش ئەوەی کە هەرچی لە ناو دەروونی هەناو و سنگدایە دەردەهێنن ئێنجا پڕی دەکەن لە چەند جۆرێك لە دەرمان و پاشان شوێنی هەڵدڕاوەکە دەدورنەوەو لەسەر شوێنی درزەکە لەسەر سنگ و سکی کە دوراوەتەوە قیڕی لێ دەدەن تاکو تەقەڵەکان هەڵنەوەشێنەوە. چونکە گۆشتی مردوو، وەك گۆشتی زیندوو ناتوانێ پارێزگاریی لە تەقەڵ بکا تا هەردوو سەری درزەکە پێکەوە جووت بن و یەك بگرنەوە.

پەروەردەکاران گوتیان بۆ دەرهێنانی ئەو شتانەی لە نێو کەللەسەر دایە کەڵك لە دوو رێگا وەردەگیرێ: یەکێکیان لە رێگای لووتەوە کە بەرێگەی ئامرازێکی تایبەتەوە مێشکۆڵەی لەو

ڕێگایەوە دێننە دەرەوە و پاشان لە هەمان ڕێگاوە بە هۆی ڕوحی شەڕابەوە ناوەوەی کەللەسەر دەشۆنەوە و ئینجا هەر لە ڕێگای لوتەوە مۆمی تواوە دەخەنە ناو کەللەسەرەوە بۆ ئەوەی بۆشایی ناو کەللەسەر پڕ لە مۆمی تواوە بێ و پاش ئەوە کە مۆمەکە سارد بۆوە هەموو بۆشایی ناوسەر دەگرێتەوە. هێنانە دەرەوەی مێشکۆڵەی ناوسەر، لە ڕێگەی لوتەوە بە هۆی ئامرازێکی تایبەتەوە کارێك بوو درێژخایەن و بردنە ژوورەوەی مۆمی تواوە بە هەمان ڕێگە بۆ ناو کەللەسەر، ئەویش کارێك بوو پڕ لە گرفت دەهاتە بەرچاو.

پەروەردەکاران دەیانگوت کە مامۆستایانی خانەی مردووان، مێشکۆڵەی گەورە پیاوان لە ڕێگەی لوتەوە دەردەهێنن و بۆ هێنانە دەرەوەی مێشکۆڵەی کەسانی تر بڕێك لە ئیسقانی سەر بە هۆی هەرە دەبڕنەوە و مێشکۆڵە دەردەهێنن و کەللەسەر بە مۆمی تواوە پڕ دەکەنەوە و ئەڵقەیەك قوماشی چەسپداری لەسەر دادەنێن تا ئەو دەمەی کە وەختی شریت پێچی لاشەکە دێت.

پەروەردەکان شازادەکانی میسریان لەو ئەستێرکەکەش دوورخستەوە و بەرەو ژوورێکی دیکەیان بردن. مووسا بینی کە لە هەر ژوورێکدا نەفەرێك، کەوا دیارە مامۆستایە و لەگەڵ پیاوێکی لاوتر کە شاگردیەتی بەسەر لاشەیەك یا دوانەوە سەرگەرمی کارکردنن.

پەروەردەکاران بەشازادەکانی میسریان گوتبوو کاتێك چوونە ناو ژوورەکانەوە شتێك مەڵێن کە ببێتە مایەی ناڕەزایی مامۆستای مۆمیاکار، چونکە ئەگەر ئەو نارازی بکەن، قسەیەك دەکا کە دەبێتە هۆی مردنی ئێوە. چونکە زمان و دەروونی مرۆڤی مۆمیار کار ڕەشە.

مووسا بەر لەوەی پێی بخاتە ناو خانەی مردووانەوە بیستبووی کە یەکێك لە فیرعەونەکانی زنجیرەی پێنجەم، پاش مردنی ژنەکەی و گوازتنەوەی لاشەکەی بۆ خانەی مردووان، بەرەو ئەوێ دەچێ تا ببینێ لاشەی هاوسەرەکەی چۆن مۆمیا دەکەن.[٢٢]

کاتێك فیرعەون چووە ناو خانەی مردووانەوە، بینی وا پیاوێکی سەروسیما ناقۆڵا خەریکی مۆمیا کردنی لاشەی ژنەکەیەتی و گوتی: ئایا لەم خانەیەدا کەسێکی سیما جوانتر لە تۆی تێدا نییە کە لاشەی هاوسەری من مۆمیا بکا ؟

(٢٢) لە وڵاتی میسر لە سەرەتای مێژووی ئەو وڵاتەوە تا ئەو کاتەی کە ئێرانیان لە زەمانی هەخامەنشیاندا میسریان داگیرکرد، بیست و چوار زنجیرە لە سوڵتانانی ئەم وڵاتە فەرمانڕەوا بوون و وڵاتی میسر، نزیکەی دووسەد ساڵ، کەوتە ژێر داگیرکردنی ئێران. پاشایانی ئێرانی، ڕێزیان لە مەزهەب و نەریتی ژیانی ئەوان گرت و زانایانی ئێرانی لەو ماوەیەدا کەڵکیان لە زانستی پزیشکی و هونەری نەشتەرگەری میسری وەرگرت. (و.ف)



مامۆستای مۆمیاکار وەڵامیدایەوە: ئەی پاشا لەم خانەیەدا کەسێك نییە لە من شارەزاتر بێ هەر بەو هۆیە مۆمیا کردنی لاشەی شاژنیان بە من سپاردووە.

فیرعەونی میسر، لە خانەی مردووان دەچێتە دەرەوەو دەگەڕێتەوە ناو کۆشکی خۆی و هەر کە پێی نایە کۆشکەوە، ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لاشەکەیان بۆ خانەی مردووان گوازتەوە تا مۆمیا بکرێ.

مووسا، پاش چوونە ژوورەوە سەرنجیدا کە مامۆستای مۆمیاکار و شاگردەکەی لە چوونە ژوورەوەی شازادەکان سەریان سوڕنەماو بەخاتری ڕێزی ئەوان لە جێی خۆیان هەستان تا پاشان سەریان بە زەوییەوە بدەن.

ئەو دوو نەفەرە دەیانزانی کە نە تەنیا لە بەرامبەر شازادەکان، بەڵکو لە بەرامبەر فیرعەونیشدا پارێزراوییان هەیە بۆیە هەموان لەوان دەترسێن و دەزانن کە زمان و دەروونی مامۆستایانی مۆمیاکار ڕەشەو ئەگەر لە شەقامێکەوە تێبپەڕن خەڵك لە هەر دوو لای ئەوانەوە خۆیان لادەدەن و کۆڵانێك دەدۆزنەوە تا کارگوزارانی خانەی مردووان لەوان تێبپەڕن و زووتر لە بۆنی بۆگەنیوی ئەوان ڕزگاریان ببێ و نەوا، لە ڕووی هەڵەوە، لەشیان بەلەشی ئەوان بکەوێ وببنە مایەی تووڕەیی کارگوزارانی خانەی مردووان. چونکە ئەگەر لە یەکێك تووڕە بن زمانی نەفرەتیان دەکەنەوە و کەسێك کە بەر نەفرەتی ئەوان بکەوێ هەمان ڕۆژ یان ڕۆژی دواتر بەرەو خانەی مردووان دەگوازرێتەوە!

کاتێك کە شازادەکان چوونە ناو یەکەمین ژوورەوە، مامۆستای مۆمیاکار، بۆ ساتێك سەری لەسەر کار هەڵگرت و تەماشایەکی ئەوانی کرد و پاشان بە کاری خۆیەوە سەرگەرم بوو و لەوەو پاشیش تەنانەت تاکە جارێکیش سەری بەرز نەکردەوە تا ببینێ ئایا شازادەکان لە ژوورەکە ماون یا ڕۆیشتوون، بەڵام شاگردەکەی جاروبارێك سەری بەرز دەکردەوە و نیگایەکی بە شازادەکاندا دەگێڕا.

مووسا بینی لەو ژوورەدا، پیاوێك و ژنێك کە لەسەر زەوییە بە کەرپووچ ڕێژکراوەکە دانراون و مامۆستای مۆمیاکار و شاگردەکەی خەریکی دەرهێنانی پێکهاتەکانی هەناو و سنگی ئەوانن، و هەرچی کە لە ناو سنگ و سکی ئەوانی دەردەهێنن، دەیخەنە ناو چاڵێکەوە.

مووسا بەخۆی گوت: لە دوو یا سێ هەزار ساڵ لەوەو پێشەوە، کە مۆمیا کردنی لاشە بۆتە ڕەسم و نەریت، پێکهاتەکانی ناو هەناوی مردووان لەو چاڵە داوێن، دەبووایە چاڵی ناوبراو پڕ ببووایە، بەڵام ڕوونکردنەوەی پەروەردەکاران ئەویان حاڵی کرد کە ئەو چاڵە لەواقیعدا کەناڵێکە

و لقێکی ڕووباری نیل لەوێوە تێدەپەڕێ و پێکهاتەکانی هەناو و سنگ و کەللەسەری مردووان پاش ئەوەی کە دەخرێنە ناو ئەو چاڵەوە، بەهۆی ڕێژەویی خێرای ئاوەکەوە، بەرەو ڕووبار دەڕوا و کەمتر وارێك دەکەوێ بگاتە دەریا، و تیمساحەکان هەڵیان دەلووشن.

مووسا دەیدی کە مامۆستای مۆمیاکار و شاگردەکەی بە شێوەیەك سەرگەرمی کارکردنن کەوا وێنا بکەی ئەوەی لە ژێر دەستی ئەوان دایە، لاشەی ژن و پیاوێك نییە کە ڕۆژگارێك زیندوو بوون و گیانیان لە بەردابووەو بەرێگادا دەرۆیشتن و قسەیان دەکرد.

مووسا، تەماشای کرد ئەو ژنەی کە لە ژێر دەستی مامۆستای مۆمیاکار دایە ژنێکی لاو و جوان بووەو بەچاوانی کراوەوە لە مامۆستای مۆمیاکارەوە دەڕوانیێ.

کوڕەلاو دەیویست لەو ژووره بڕواتە دەرەوە، بەڵام لە زمان و نەفەسی ڕەشی مۆمیاکاران دەترساو، بیری کردەوە کە ئەگەر پێش شازادەکان لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە، و ئەوان تێبگەن ئەو بەو هۆیە کە بێزی هاتۆتەوە لە ژوورەکە چۆتە دەرێ، نەفرەتی لێدەکەن و لاشەی ئەو هەمان ڕۆژ یا ڕۆژی پاشتر بۆ خانەی مردووان دەگوازنەوە. مووسا ئەوەندە ئارامی گرت تا شازادەکان لە سەیرکردن تێر بوون یا وەتەنگ هاتبوون و لەو ژووره چوونە دەرەوە.

پەروەردەکاران، دەیانویست شازادەکان بۆ ژوورەکانی دیکە ببەن و باقی قۆناغەکانی تری مۆمیا کردنی لاشەکان، کە لە وێدا شریت بە دەوری لاشەکاندا دەپێچنەوە، پیشانی شازادەکان بدەن. بەڵام مووسا گوتی ئەگەر پەروەردەکاران پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کە هەموو قۆناغەکانی مۆمیا کردن پیشانی شازادەکان بدەن، لە ئامادەبوونی وی لە هەموو ژوورەکانی دیکە لەو ببوورن ئەوا کارێکی باشە و ئەو بتوانیێ لە خانەی مردووان بچێتە دەرەوە و بگەڕێتەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی.

شازادەکانی دیکەش کاتێك کە ئەم قسەیەی مووسایان بیست، ئەوانیش گوتیان کە حەز ناکەن ئیدی لە خانەی مردووان بمێننەوە و لەگەڵ پەروەردەکاراندا لەو خانەیە هاتنە دەرەوە و گەڕانەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی.

مووسا، ئەو ڕۆژە نەفرەتێکی توندی لەبەرامبەر مۆمیاکردنی لاشەدا بۆ دروست ببوو، وێڕای ئەوەش لە کۆشکی پاشایەتی میسردا، بە پێی نەریت و دابی میسر گەروەببوو، بە خۆی گوت: ئەگەر ڕۆژێك من ببمە فیرعەون ئەم نەریتە هەڵدەگرم و خەڵك لە بۆنی نەفرەت هێنی خانەی مردووان و کارگوزارانی ئەوێ ڕزگار دەکەم.



مووسا، کاتێك ئەو قسەیەی بەخۆی دەگوت دیقەتی لەوە نەدا بوو کەسانێك، کە لە دەورو بەری خانەی مردوواندا دەژین، بە جۆرێك لەگەڵ بۆنی نەگریسی وی ڕاهاتوون، کە ئەو بۆنە بۆگەنە هەست پێناکەن و بۆنی تاین، وەك پاژێکی لەجیانەهاتووی ژیانی میسرییانی لێهاتووە.

کاتێك کە پیرەمێردی سەرتاش لەگەڵ مووسادا قسەی دەکرد، کوڕەلاوەکە ئەو دیمەنانەی بە بەرچاودا دەهاتن کە لە خانەی مردوواندا دیتبوونی. تەنانەت بۆنی ئەو خانەیەو بۆنی لەشی ئەو کارگەرانەشی، کە لەوێدا کاریان دەکرد بە بن لوتیدا دەهات. کاتێك سەرتاشی بەساڵدا چوو بۆ ئەوەی پشویەك بدات لە قسەکردن ڕاوەستا کوڕەلاو لێی پرسی: ئایا ئەو جێگایەت دیوە کە تایبەتە بەمۆمیا کردنی لاشەی مردووان؟

سەرتاشی پیر وەڵامیدایەوە: ئایا دەکرێ کەسێك لە تەمەنی مندا، ئەو جێگایەی نەدیتبێ ؟ چونکە کەسێك کە کە گەیشتە تەمەنی من، ژمارەیەك لە خزمانی خۆی لەدەس داوەو پاش مردنی هەر کامیان، ناچار بووە لاشەکەی بۆ خانەی مردووان بگوازنەوە تا مۆمیا بکرێن.

مووسا گوتی: تۆ کە چوویتە خانەی مردووان هەڵبەت دەزانی کە لەوێ چی لە لاشەکان دەکەن و ئاگاداریت هەیە کە بۆنی بۆگەنی خانەی مردووان ئەوەندە توندە کە بە هیچ گوڵاو و بخورێك ناتوانرێ لە بەین ببرێ.

سەرتاشی بەساڵدا چوو گوتی: بەڵێ ئەی شازادەی لاو دەزانم کە لە خانەی مردووان مۆمیا کردن چەند پلەیەکی هەیەو لاشەی کەسانی کەم دەرامەت لە ماوەی پازدە ڕۆژدا مۆمیا دەکەن و ئەوانەش کە دەتوانن زێڕ یا زیو بدەن لاشەیان لە ماوەی سی ڕۆژدا مۆمیا دەکەن و کەسانی تر کە دەتوانن زیاتر سکەی زێڕ یا زیو بدەن ماوەی چل و پێنج ڕۆژ لە خانەی مردوواندا بەسەر دەبەن و بەرزترین مۆمیا کردن ماوەی شەست ڕۆژ درێژە دەکێشێ و مردوویەك کە لاشەکەی بە پلەیەك مۆمیا بکرێ هەرگیز نامرێ و تا ڕۆژێك کە خواکان زیندوو بن ئەویش هەر زیندوو دەبێ.

مووسا گوتی: ئارەزووی تۆ چییە و دەتەوێ بە چ پلەیەك مۆمیا بکرێی؟

پیرەمێردی سەرتاش گوتی: ئەی فیرعەون زادە من ئەگەر بتوانم لاشەی خۆم بە هەرزان ترین پلەی مۆمیا کردن، مۆمیا بکەم، خۆم بەیەکێك لە پیاوانی بەختەوەری میسر دەزانم.

لەوئانەدا چاککردنی سەروقژی کوڕەلاو تەواو بوو و سەرتاشی بە ساڵداچوو بڕێك گوڵاوی بەسەر مووسادا پرژاند و گوتی: ئەی شازادەی لاو، کاری تۆ تەواو بوو و ئەگەر ئارەزوو بکەی دەتوانی بڕۆی.

مووسا گوتی: من تا ئەمڕۆ، نەچوومەتە دوکانی سەرتاشییەوە و نازانم هەقی سەرتاشین چەندە؟

پیرەمێرد گوتی: ئەی شازادەی لاو هەقی من یەك ئەڵقەی مسە[٢٣].

مووسا گوتی: من نەفرەتم لە مۆمیاکردنی لاشان دێتەوە، بەڵام چونکە ئارەزووی تۆ ئەوەیە کە پاش مردن مۆمیا بکرێی، من خەرجی مۆمیاکردن دەدەم بە تۆ. پاش ئەم قسەیە، کوڕەلاو پێنج ئەڵقەی زێڕی لە گیرفانی هێنایە دەرێ و دایە دەستی پیرەمێردی سەرتاش.

کاتێك کە پیاوە سەرتاشەکە ئەلقە زێڕەکانی لە مووسا وەرگرت، پێش ئەوەی کە رەنگی زێڕەکانی ببینێ لە قورسایی ئەوانەوە تێگەیشت کە ئەلقەکان زێڕن و ئەو بەجۆرێك خۆشحاڵ بوو کە بێ ئیختیار گوتی: ئایا دەزانی چەندت زێڕ داوەتە من؟

مووسا وەڵامی دایەوە: دەزانم و پێنج ئەڵقەی زێڕە.

سەرتاش گوتی: ئەی فیرعەون زادە، من بەو پێنج ئەڵقە زێڕە دەتوانم لاشەی خۆم بە شێوەی پلەی دووەم، یا بگرە پلەی سێیەم مۆمیا بکەم!

مووسا گوتی: هەرچی دەتەوێ ئەوەبکە.

پیاوە سەرتاشەکە بە لە خۆبایبوونێکی لە رادەبەرەوە گوتی: ئەگەر لاشەی خۆم بە پلەی سێیەم مۆمیا بکەم تا دەهەزار ساڵ زیندوو دەمێنمەوە.

مووسا کە دەیویست بڕوا، کەوتە رێ و پیرەمێردی سەرتاش گوتی: ئەی فیرعەون زادەی دڵاوا لەو ماوەی دە هەزار ساڵەدا، کە من زیندوو دەمێنمەوە، تەواوی پاشەوارەکانی من دوعا گۆی تۆ دەبن و پاش ئەوەی کە تۆ لێرە رۆیشتی، تا رۆژێك کە من لەو دنیایەدا زیندوو دەمێنمەوە، سەری سوژدە لەسەر رووی ئەو جێ پێیانەی تۆ دادەنێم و نێو چاوانم دەخەمە سەری زەوی. بەڵام کوڕەلاو ئیدی گوێی بە ئاخاوتنی پیرەمێرد نەداو لە دوکانەکە هاتە دەرێ و پاش چەندین هەنگاو گەیشتە لای خاوەن ولاخێك کە ولاخی بەکرێ دەدا. لەو زەمانەدا لە شارەکانی میسر، کەسانێك هەبوون کە لە ناو شاردا چوارپێیان بەکرێ دەدا بە خەڵك. کاری ئەوان وەك کاری کەسانێکی ئەمڕۆ وابوو کە لە شارەکاندا ئۆتۆمبێلی تاکسی لێدەخورن. مووسا، بۆ ئەوەی دووبارە وون نەبێتەوە، بانگی خاوەن ولاخی کرد و سواری ولاخەکەی بوو و پێی گوت کە دەیەوێ بچێتە ئەو کۆشکە کە ماڵی شازادەکانە.

(٢٣) لە کۆندا پارە نەبوو و لە میسر زێڕ و مس بە شێوەی ئەڵقە دروست دەکرا و لە کاتی مامەڵەدا دەگۆڕدرایەوە و بەکار دەهات (و.ف)



لەو شارەدا هەمووان دەیانزانی کە شازادەکانی میسر بۆ کەیف کردن هاتوونەتە ئەو بەندەرەو پاش ئەوە کە مووسا سواری ولاخ بوو، خاوەن ولاخ بە پیادە بە پەنای ویدا کەوتە رێ تا گەیشتە کۆشك و لەوێ مووسا لە ولاخ هاتە خوارەوە و چووە کۆشك و لەوێ بیستی کە شازادەکان چوونەتە کەناری دەریا و حەز دەکەن ژەمی نیوەڕۆیان لەوێ بخۆن.

هەزارەها ساڵ بەر لەوەی خەڵکی ئەم سەردەمە ((پلاژ)) بهێننە ئارا، مانای بەشێك لە لێواری دەریا بۆ جێگەی پشوودان و کەیفکردن تایبەت بکەن، لەبەندەری ((بۆتۆ)) کە پاشان بوو بەئەسکەندەرییە، ((پلاژ)) هەبوو و خەلك دەچوونە کەنار دەریاو لەوێ لەسەر زەوی دادەنیشتن و دەحەسانەوە و جارێك یاری تۆپی دەستی کە بە دار لێدەدرا، دەکردو سەرگەرم دەبوون و لە ولاتی میسر تۆپی ناوبراویان لە خوری دروست دەکرد و برێك خورییان دەپەستاوت و کۆمەڵەیان دەکرد تا وەك گلۆڵەیەکی لێ دەهات و ئینجا لەسەر رووەکەی بەتەرزێکی جوان و رەنگا و رەنگ دەیان چنی تا ریشاڵەکانی خورییەکە پەرت و بلاو نەبن و بە شێوەی تۆپ شێوە بگرێ.

بەشێك لە لێوارەکانی بەندەری بۆتۆ مەیدانی ئالوگۆڕ و مامەڵەش بوو و وەك بازاڕی گەورەی پایتەخت خەڵك لەوێ کڕین و فرۆشتنیان دەکرد.

کاتێك کە مووسا لە لێواری دەریا گەیشتە لای شازادەکان، بینی وا خەریکی خواردنی مراوی و ماسی و نانن. مووسا، ئیشتیبیایەکی باشی هەبوو، و بۆ نانی نیوەڕۆ بەشازادەکانی دیکەوە پەیوەست بوو و بە خواردنی مراوی و ماسی و نانەوە خەریك بوو.

لە ماوەی نان خواردندا بینی لە نزیك شازادەکانی دیکە، ژمارەیەك لە پیاوانی میسری سەروو (باشووری میسر) کە لەسەر و سیمایانەوە دیارە لە ئەشرافانی میسری سەروون، لەوێن. ئەوان بە نیگایەکی دوژمنانەوە سەیری شازادەکانی میسریان دەکرد و خەڵکی باشووری میسر لە هەق بنەماڵەی پاشایەتی میسر، مانای بنەماڵەی رامسیسی دووەم، خۆش بێن نەبوون.

وێڕای ئەوە کە ئەوان، هەر جارێك کە سەیری شازادەکانی میسریان دەکرد، لە نیگای ئەواندا شوێنەواری رق یا نەفرەت دیار بوو، مووسا، بە هۆگرییەوە لە وانی دەڕوانی، چونکە دەیزانی ((ئاتوون)) خوای نەبینراو، کە شێوەی نییە لە باشووری میسر هاتۆتە بوون و ئەشرافانی ناوبراو، دانیشتوانی سەرزەوینێکن کە لە سەرەتادا ئایینی ئاتوون لەوێ سەری هەڵداوە.

ئەشرافانی میسری، سەرو شمشێری ئاسنیان هەبوو، لە ناو دەستیاندا، دەستبەندی ئاسن بەرچاو دەکەوت. شمشێری ئاسن و دەستبەند لە هەمان میتاڵ، نیشانی دەدا کە ئەوانە کەسێکی بە توانان. چونکە هێمان لەو سەردەمەدا ئاسن لەبەرامبەر برۆنزدا بەمیتاڵێکی

گرانبەها دەژمێردرا و کەسانی کەم دەرامەت، نەیاندەتوانی شمشێر و دەستبەندی ئاسنین بۆ خۆیان بکڕن.

کاتێك کە مووسا چەند جارێك بەو پیاوانەیدا روانی، دیقەتیدا کە ئەوان وەك ئەو دەچن، وێرا بەو جیاوازییە کە مووسا، لەبەر ئەوەی لە نێو کۆشکی پاشایەتیدا دەژیاو زۆر هەتاوی پێ نەدەکەوت، سپی بوو و ئەوان ئەسمەر. بەڵام ئێسقانبەندی سەر و رووی پیاوانی میسری سەروو، لە شێوەی مووسا دەچوو. لە حاڵێکدا کە چاوی بەڕەنگی رەشی پیاوانی میسری سەروودا وەرگێڕا، وەبیری هاتەوە کە ئەو قەڵافەتانەی لە جێگایەکی دیکە بینیوە.

کوڕەلاو لە نێو یادگەی خۆیدا دەگەڕا تا بزانێ ئەو قەڵافەتە هاوشێوانەی لە کوێ دیوە لە ناکاو هاتەوە بیری کە ئێسقانبەندی سەرورووی پیاوانی میسری سەروو، هەروەك کۆیلانی ریشنی سەرزەوینی کۆش، کە ئەمباری دانەوێڵەیان بۆ فیرعەون دروست دەکرد، وایە. وێرای ئەو جیاوازییە کە کۆیلانی ناوبراو ریشیان هەیە و پیاوانی سەروو ریش وسمێڵیان دەتاشن.

مووسا تێگەیشت کە لەو رۆژەدا، سەر و سیمای تۆز و خۆڵاوی و ریشی درێژی ئەوان، رێگر بووە لەوەی کە ئەو پەی بە هاوشێوەبوونی خۆی لەگەڵ ئەواندا، ببا.

مووسا نەیدەتوانی تێبگا ئەو لە سۆنگایی چییەوە هاوشێوەی پیاوانی باشووری میسر و هەروەها غولامانی رۆژگار رەشی سەرزەوینی کۆشین بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشت کە لە نێوان پیاوانی باشووری  میسر و غولامانی کۆش (کۆشین) کە ماڵیان لە باکووری میسرە، پەیوەندییەك هەبووە، ئەگەر نا ئەم دوو گروپە هاوشێوەی یەکتر نەدەبوون.

هەمو پیاوانی باشووری میسر لوتیان گەورە بوو. مووسا دەیدی کە بێڤڵەکانی ئەوان هاوشێوەی بێڤڵەکانی ئەون. بێڤڵی غولامانی ریشن، ئەوانیش لەگەڵ بێڤڵی ئەودا هاوشێوەن.

پیاوانی باشووری میسر، ئەسپیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوون. دەیانویست ئەو ئەسپانە لەو شارە لە کەناری دەریا، بفرۆشن. ژمارەیەك لە غولامەکانی ئەوان جڵەوی ئەسپەکانیان گرتبوون و یەکێك لەو ئەسپانە کە رەنگێکی سووری روونی هەبوو، تا رادەیەك بەلای نارنجیدا دەیڕوانی، سەرەنجی مووسای زۆر راکێشا و هاتە سەرباری ئەوە ئەو ئەسپە بکڕێ.

ئەسپی تاین لە نەژادی ئەسپی میسری گەورەتر بوو. کوڕەلاو بینی کە تەواوی ئەو خەسڵەتانەی، کە دەبێ لە ئەسپیکی بەهێز و خۆش رەو و پشوو درێژدا هەبێ، لەو ئەسپەدا هەیە، ئەو ئەسپە سوورە ئاڵە، قاچەکانی بەرز و سنگێکی پانی هەبوو و یاڵی درێژ بوون و کاتێك کە سەری رادەوەشاند یاڵەکانی راست رادەوەستان.



شازادەکانی میسری کاتێك کە دیقەتیاندا مووسا هۆگری ئەو ئەسپە بووە کەوتنە پێکەنین. چونکە ئەو ئەسپەی کە لەبەر چاوی مووسا زۆر خۆی نواند، لەبەر چاوی ئەواندا، ئەوەندە خۆی نەدەنواند، لەبەر ئەوەی کە ئەوان رەنگی ئەسپەکەیان پەسند نەدەکرد، لە تایبەتمەندییەکانی ئەو گیانلەبەرە بێ ئاگابوون. بەڵام مووسا ئەسپ  ناس بوو و دەیزانی کە ئەو ئەسپە، ئەگەرچی لە رووی رەنگەوە سەرنج راکێش نییە و لە وانەیە لەبەر چاوی هەندێك کەس، رەنگێك کە بەلای نارنجیدا بڕوانێ نەفرەت هێن بێ. بەڵام لە رووی نەژاد و رێك و راستی و توانای ماندووێتی و پشوو درێژییەوە، ئەسپێکی سەرتۆپ دەبێ.

ئەوکەسەی خاوەنی ئەسپەکە بوو کاتێك بینی کە مووسا هۆگری ئەسپی تاین بووە، لێی نزیك کەوتەوە و بە زمانی خەڵکی میسری خواروو گوتی: من وام وێنا نەدەکرد ئەم ئەسپە مایەی سەرنجی یەکێك لە شازادەکان بێ. ئەوە ماوەیەکە ئەم ئەسپە لەو بازاڕەیە هیچ کام لە شازادەکان، سەرنجی لەو ئەسپە نەداوە و چۆن بوو تۆ هۆگری کڕینی ئەو ئەسپە بووی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی هەر لە نیگای یەکەمەوە تێگەیشتم کە دەبێ ئەو ئەسپە لە نەژادی ئەسپانی دورگەی ((کریت)) بێ.

خاوەن ئەسپ گوتی: ئەی ئافەرین بۆ تۆ. ئینجا لە مووسای پرسی. ئایا دەزانی تەمەنی ئەو ئەسپە چەندە؟

مووسا گوتی: دەمی ئەسپەکە بکەوە تا پێت بڵێم چەند ساڵە؟

کابرای مامەڵەچی دەمی ئەسپەکەی کردەوە، مووسا تەماشایەکی ددانەکانی وڵاخەکەی کردو گوتی: تەمەنی ئەو ئەسپە لە سێ ساڵ تێپەڕیووە.

کابرای خاوەن ماڵ گوتی: ئافەرین بۆ تۆ ئەی فیرعەون زادەی لاو، لەم مەیدانەدا کەسانێك هەن کە جیاوازی نێوان ئەسپ و وڵاخ ناکەن، بەڵام تۆ لەبەر ئەوەی ئەسپ ناسی، تەمەنی ئەسپەکەشت گوت.

مووسا لە خاوەن ئەسپی پرسی: نرخی ئەسپەکەت چەندە؟

خاوەن ئەسپ لەوەڵامدا گوتی: ئەی فیرعەون زادە ئەگەر من پیاوێکی خاوەن سامان بوومایە، ئەم ئەسپەم بە خۆڕایی دەدا بە تۆ بۆ ئەوەی کە تۆ لێم رازی ببی، بەڵام من پیاوێکی بێ سامانم و بەهای هەرچی کە دەیفرۆشم دەبێ بۆ خەرجی کڕینی پێداویستییەکانی خۆم بێ و پێداویستییەکانی من بە هۆی ئەوەی کە خاوەن منداڵیکی زۆر و زەوەندەم، زۆرن.

مووسا گوتی: پاش ئەم پێشەکییە نرخی ئەم ئەسپە چەندە؟

خاوەن ئەسپەکە دەیزانی مووسا خوازیاری ئەو ئەسپە بووە و ناتوانێ دڵی لێ بەربدا گوتی: ئەی فیرعەون زادە نرخی ئەم ئەسپە دە ئەڵقەیە.

مووسا پرسی: دە ئەڵقەی چی؟

خاوەن ئەسپ گوتی: دە ئەڵقەی زێڕ.

مووسا لە نرخی هەوەنتەگۆی خاوەن ئەسپ حەپەسانی نیشاندا و گوتی: من وام وێنا نەدەکرد نرخی ئەو ئەسپە ئەوەندە بەرزبێ، بەڵام لەگەڵ تۆدا درێژەی نادەمێ و ئەو زێڕەی داوات کرد دەتدەمێ پاش ئەو قسەیە، مووسا دە ئەڵقەی لە گیرفانی هێنایە دەرێ و لەبەر ئەوەی کە دیقەتی دابوو ئەم پیاوە نرخی ئەسپەکەی زۆر لەوە زیاتر دیاری کرد کە دەی هێنا، بە نەفرەتەوە ئەڵقە زێڕەکانی بۆ ئەو پیاوە دانا، پاشان جڵەوی ئەسپەکەی گرت و کەوتەڕێ بۆ ئەوەی لە لێواری دەریا، دوور بکەوێتەوە.

لەو دەمەدا، ژمارەیەك لە گەورەکانی میسری سەرەوە کە لە لێواری دەریا بوون بەرەو مووسا رۆیشتن. کاتێك گەیشتنە لای ئەو راوەستان و قسەو باسیان دەسپێکرد. یەکێك لەوان گوتی: ئەی شازادە، کاتێك کە تۆ دەتویست ئەو ئەسپە بکڕی ئێمە بینیمان شازادەکانی دیکە، هەڵبژادنەکەی تۆ پەسند ناکەن و پێدەکەنن. ئێستا کە ئێمە لە نزیکەوە ئەم ئەسپە دەبینین و سەرنج دەدەین کە هەڵبژاردنەکەت لە جێی خۆی دایە و ئەم ئەسپە، لە باشترین ئەو ئەسپانەیە کە تا ئەمڕۆ دیتومانە.

یەکێکی دیکە گوتی: ئێمە لێرە لاوێکی وەکو تۆمان نەدیوە و تۆ لە ناو هەموو شازادەکانی میسر و لاوانی میسری خوارووا بێ هاوتای.

مووسا پرسی: لە چ روویەکەوە من بێ هاوتام؟

ئەو پیاوە گوتی: تۆ لە رووی قەڵافەت و قیافە و جوانی، بێ هاوتای و هەر کەسێك تۆ دەبینێ بیر دەکاتەوە کە تۆ لە خەڵکی میسری خواروو بی و کوڕی فیرعەون ((رامسیسی دووەم)) بی.

مووسا هیچی نەگوت و یەکێکی دیکە لە گەورەکانی میسر گوتی: ئەی شازادەی لێهاتوو و جوان، دایکت کێیە؟

مووسا گوتی: دایکی من شازادەخانم، ئەنخاس ئامونە.

گەورەکانی میسری سەروو، نیگاگەلێکی هێمادارای بەسەر سوڕمانەوەیان لە یەکتری کرد و یەکێك لەوان گوتی: دایکی ئەم شازادەیەش هەر خەڵکی میسری خوارووە.



مووسا گوتی: حەتمەن ئێوە واتان وێنا دەکرد دایکی من خەڵکی وڵاتێکی ترە.

یەکێك لە گەورەکانی میسری سەروو گوتی: ئا، ئێمە وامان وێنا دەکرد کە دایکت خەڵکی میسری سەروو بێ و تۆ باڵاو سنگ و شان و جوانیت لە دایکتەوە بۆ مابێتەوە.

پیاوێکی دیکە گوتی: ئەی شازادەی جوان، من ناوم ((مووسا ئامون))ە و ئایا دەکرێ تۆش ناوی خۆتمان پێ بڵێی؟

کوڕەلاو گوتی: ناوی من "مووسا" یە.

ئەم پیاوە گوتی: مووسا مانای "منداڵی پێدراو"ە بەڵام لەلایەن کام لە خواکانەوە؟

مووسا گوتی: ناوی من هەر ئەوەیە کە گوێت لێبوو.

پیاوەکە گوتی: ئاخر، ئەمە ناوێکی ناتەواوە مانای نیوەی ناوێك پێکدەهێنێ و پاش مووسا، دەبێ ناوی یەکێك لە خواکانیش بهێنرێ، تا بزانرێ ئەو منداڵەی کە دراوە لەلایەن کام لە خواکانەوە دراوە.

مووسا، کە لە لاپرسەنی ئەو پیاوە ناڕەحەت ببوو گوتی: ناوی من ((مووسا)) یە، جا تۆ ئەم ناوە بە ناوێکی تەواو دەزانی یاخود بە نیوەی ناوێك، و لەوەش زیاتر ئامادە نیم لەگەڵ تۆ و هاونیشتمانەکانت لە مبارەیەوە قسە بکەم.

پیاوەکە گوتی: ئەی لاوی لێوەشاوە، من وا هەست دەکەم کە تۆ تووڕە بووی و وات وێنا کرد کە پرسیارەکانی ئێمە لە رووی نیاز خراپییەوە بوو و مەبەستمان بێ ئەدەبی بووبێ؟ لە حاڵێکدا کە ئێمە لە رووی رێز و خۆشەویستییەوە ئەو پرسیارانەمان کرد و دەمانویست لاوێکی جوانی وەك تۆ کە لە رووی باڵاو قەڵافەتەوە لە ناو هەموو دانیشتوانی میسری خوارووادا سەرتۆپە بناسین. پاش ئەم قسەیە ئەو پیاوە و هەموو گەورەکانی میسری سەروو داوای مۆڵەتیان لە مووسا کرد کە بڕۆن و ئەوان بە رێزەوە کەوتنە رێ و دوورکەوتنەوە.

مووسا پاش رۆیشتنی ئەوان، لە حاڵێکدا کە جڵەوی ئەسپی خۆی گرتبوو، وەڕێ کەوت و بەجێیەکدا تێپەڕی کە شازادەکانی میسر لەوێ بوون. ئەوان کاتێك کە مووسایان بەو ئەسپە رەنگ نارنجییەوە دی، دەستیان بەگاڵتە پێکردن کردو هەر یەکێك لەوان چەند قسەیەکی کە بە گومانی خۆی مزرو پێکەنین هێنەر بوو، گوت.

یەکێك گوتی: خواکان دەزانن کام مرۆڤە بۆ کام ئەسپە دەهێننە بوون و کوڕێکی باڵا بەرزی وەك مووسایان بۆ ئەم ئەسپە بەرزە هێناوەتە بوون.

یەکێکی تر گوتی: ئەگەر مووسا بەو ئەسپەوە بە شەقامەکانی پایتەختدا بڕوا خەڵك لەبەر پێکەنین دەبووڕێنەوە.

سێیەمین گوتی: ئەی مووسا، مەگەر ئەسپ لە دنیادا بڕا بوو کە تۆ یەك ئەسپی ڕەنگ زەرد بکڕی؟

ئەوی دیکە گوتی: کەسێك ناوی ((مووسا)) بێ، نابێ چاوەڕوانی کاری ئاسایی لێ بکرێ، هەموو شتێکی مووسا وەك ناوەکەی سەیرە.

کوڕەلاو ڕاوەستا و ڕوو بە شازادە لاوەکان گوتی: بۆچی ئەوەندە قسەی پڕوپوچ دەکەن؟ من ئارەزووم نەدەکرد لەگەڵ ئێوەدا بێمە ئێرە، چونکە دەمزانی لە قسە ناپەسندەکانی ئێوە ناڕەحەت دەبم. من لەسەر ڕاسپاردەی دایکم هاتم بۆ ئێرە. ((ڕامسیس ستی))، کە گوتمان لە ڕابردوودا شەقازلەیەکی لە مووسا دابوو و کوڕی ڕامسیسی دووەم و بە ڕواڵەت برای مووسا بوو، هەنگاوێك هاتە پێشەوە و گوتی: ئەی پیاوی بێ ناو، ئەگەر دەتەوێ بە زیندوویی بمێنی بە خۆت و ئەو ئەسپە ناشیرینەوە ڕێگای خۆت بگرە پێش و بڕۆ ئەگەر نا ئێمە خوێنت دەڕێژین.

مووسا، بەسەرسوڕمانەوە لەو کوڕەلاوە و هەموو شازادەکانی دیکەی ڕوانی و سەرسوڕمانی وی لەوەڕا سەرچاوەی گرتبوو کە نەیدەتوانی حاڵی ببێ دوژمنایەتی ئەوان لەگەڵ ویدا لە سۆنگایی چییەوەیە؟ مووسا هەرگیز دوژمنایەتی لەگەڵ ئەواندا نەکردبوو و ئەگەر دوژمنایەتی ئەوانی بکردبایە، ئەوا دوژمنایەتی ئەوان، لە ڕوانینی ئەودا ئاسایی و مەنتیقی دەهاتە بەرچاو.

ڕامسیس ستی هاواری کرد: بۆچی ڕاوەستاوی و بۆ نا ڕۆی؟

مووسا کەوتە ڕێ، بەڵام نەك لە ترسان، بەڵکو لەو ڕووەوە کە دەیزانی ئەگەر ڕقی ئەو بکرێتەوە لە وانەیە چەند کەس لە شازادەکان بکوژێ و بۆ ئەوەی غەزەب و ڕقی نەیەتە جۆش کەوتە ڕێ و هەروا بیری دەکردەوە هۆکاری دوژمنایەتی شازادەکان لەگەڵ ویدا چییە.

هێمان مووسا ئەوەندە تاقیکردنەوەی نەبوو کە تێبگا هۆکاری دوژمنایەتی شازادەکان بەرامبەر ئەو ئێرەییە و لەبەر ئەوەی ئەو، لە خۆیان بەباڵاتر دەبینن، ناتوانن بوونی ئەو تەحەمول بکەن.

ئەگەر مووسا، تاقیکردنەوەی زیاتری هەبووایە، سەری سوڕنەدەما، بەڵکو لەویژدانی خۆیدا، هەستی بە ڕەزامەندی و خۆشحاڵیش دەکرد. چونکە تێدەگەیشت کە هیچ ستایش و پەسن و قەدرناسینێك لەوە باڵاتر نییە کە کەسێك بکەوێتە بەر ئێرەیی پێبردنی کەسانی



دیکەوە. کەسێك کە ئێرەیی بە کەسێکی دیکەدەبا، یا دوژمنایەتییەکی کە هۆکارگەلێکی منداڵانەی هەیە ئاشکرا دەکا، لە ناخی دڵەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئێرەیی پێبراو، باڵاتر و لێهاتووترە.

مووسا ئەگەر زۆر تاقیکردنەوەی هەبووایە، تێدەگەیشت کە ڕاستگۆترین قەدرناسی تیرەی بەشەر، بۆ کەسانی دیکە، ئێرەیی بردن بەوانە و کاتێك کە ئێمە ئێرەیی بە کەسێکی دیکە دەبەین، لەویژدانی خۆماندا دانی پێدا دەنێین کە ئەو لە ئێمە باڵاترە.

مووسا دوورکەوتەوە و زانی ئیدی ناتوانێ لە بەندەری بۆتۆ بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر لە بەندەری بۆتۆ گیر ببووایە، ناچار دەبوو کە بۆ کۆشکێك بگەڕێتەوە کە ماڵی شازادەکان بوو و لەوێ بە جۆرێکی حەتمی، لە نێوان ئەو و شازادەکاندا ناڵێکی سەری هەڵدەداو لەبەر ئەوەی کە مووسا لە یەکە یەکەی شازادەکان بەهێزتر بوو، لەوانە بوو چەند کەس لەوان بکوژێ، بۆیە بڕیاریدا بەتەنیایی لە بەندەری بۆتۆوە بۆ پایتەخت بگەڕێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەسپی مووسا، زینی نەبوو، کوڕەلاو زینێکی بۆ ئەسپەکەی کڕی و پاشان کوندەیەك ئاوی کڕی و ئینجا بە ئەڵقەی زینەکەیەوە هەڵواسی. لە گوندێك چەند دانەیەك نانی کڕی تا بۆ ڕێگا خۆراکی ئەوبێ و بە تەنیایی ڕێی پایتەختی گرتە پێش و لە ڕێگایەکی وشکەوە خۆی گەیاندە ئەوێ. لەبەرامبەر کۆشکی پاشایەتی، لە ئەسپ پیادە بوو بە خزمەتکارانی گوت ئەسپەکە بەرنە تەویلەو بیخەنە ژێر چاودێرییەوە.

مووسا، بە هۆی ئەو ڕووداوەی کە لە بەندەری بۆتۆ، لە نێوان ئەو و شازادەکاندا ڕوویدا بوو پاش گەڕانەوە لەوبەندەرەوە، ئیدی لە کۆشکی پاشایەتی تێکەڵاوی شازادەکانی میسر نەدەبوو. گەرچی جاروبار کە یەکێك لەوانی لە ناو باخی بەرینی ئەو کۆشکەدا دەدی، سڵاوی دەکرد و وەڵامیشی دەبیست. بەڵام لە گەڕانی شازادەکاندا بەشداری نەدەکرد و لەگەڵ ئەواندا نانی نەدەخوارد و بەشێك لە کاتەکانی خۆی، لەگەڵ ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی یا لەگەڵ نف سەرۆکی تەلارسازاندا بەسەر دەبرد.

هەر کاتێك کە مووسا لەگەڵ ئاموون تپدا قسەی دەکرد، قسەو باسیان لە بارەی ئاتوون خوای نەبینراوەوە بوو کە خۆر، بەڕواڵەتی ئەو دەژمێردرا. مووسا جارێکیش لەگەڵ نفی تەلارساز، لە بارەی ئاتوون خوای نەبینراوەوەقسەی کرد.

گوتمان نفی تەلارساز، جاری یەکەم کە لە ناو کەشتیدا ناوی ئاتوونی لە مووسا گوێ لێ بوو وەحشەت دایگرت و سەیری دەوروبەری خۆی کرد نەوا تەلارسازەکانی دیکە ئەم ناوەیان گوێ لێبووبێ. بەڵام پاش ئەوە کە مووسا لە کۆشکی پاشایەتیدا، چەندین جار دیدەنی ئەوی کرد و ئاخاوتنی لە بارەی ئاتوونەوە هێنابووە پێشەوە، دیقەتیدا کەنفی تەلارساز، نەفرەتی لە ئاتوون خوای نەبینراو نییە، و بەپێچەوانەوە، هەندێك كات حەز دەکا قسەکردن لە بارەی ئاتوونەوە بێتە پێشەوە.

رۆژێك کە مووسا لەگەڵ نفی تەلارساز، لە بارەی ئاتوونەوە قسەی دەکرد و دەیگوت کە رواڵەتی ئەم خوای نەبینراوە بێ شێوەیە خۆر بوو، ئەو لە کوڕەلاوی پرسی: ئایا دەزانی کە خۆر لە کاتی شەودا چی لێ دێ؟

مووسا، ئەوەی کە بە منداڵی لە پەروەردەکاری خۆی لە بارەی ئەم بابەتەوە گوێی لێببوو هاتە سەر زمانی و گوتی: ئیلاهەیەك هەیە پێی دەگوترێ ((نوت)) کە سەری لە سوێگەی رۆژئاوا و سکی لە ئاسۆی رۆژهەڵاتە. هەموو شەوێك، کاتی رۆژئاوا بوون، ئیلاهەی ناوبراو، دەمی خۆی لە سوێگەی رۆژاوا دەکاتەوە و خۆر قوت دەدا و بەیانی رۆژی دواتر، خۆر لە سکی دێتەوە دەرێ. لەبەر ئەوە هەر رۆژێك کاتی رۆژئاوا بوون، خۆر قوت دەدرێ و دەمرێ و رۆژی دواتر بۆ دەرکەوتن، لە سکی ((نوت)) لە دایك دەبێتەوە.

نفی تەلارساز لە کوڕەلاوی پرسی: ئایا تۆ باوەڕ بەم ئەفسانەیە دەکەی؟

مووسا گوتی: بەڵێ، چونکە کاتێك کە منداڵ بووم پەروەردەکارم ئەم بابەتەی بە من گوت، لەوەش بترازێ، چاوەکانی من لە کاتی خۆرئاوا بووندا خۆر دەبینێ و دیقەت دەدا کە نابووت دەبێ و هەمان ئەو چاوانە رۆژی پاشتر خۆر لە کاتێکدا دێتەوە بوون، دەبیننەوە.

نف گوتی: تۆ ئەمرۆ نابێ ئەفسانەی ئیلاهە نوت و قووت دانی خۆر، لە کاتی خۆرئاوا بووندا باوەڕبکەی. خۆر لە کاتی ئاوا بووندا قوت نادرێ و لە کاتی هەڵاتنیدا لە سکی ئیلاهە نوت نایەتە دەرێ. بەڵکو لە کاتی رۆژئاوابووندا خۆر دەکەوێتە پاش سوێگە و هەر بۆیەش ئێمە ئەو نابینین.

مووسا گوتی: ئەی نف، من تێناگەم تۆ دەڵێی چی؟

نف گوتی: ئایا لە کەناری دەریا، دوورکەوتنەوەی کەشتیت دیوە؟



مووسا گوتی: چەندەها جار ئەوەم دیوە.

نف گوتی: ئایا دیقەتت داوە کاتێك کە کەشتی لە کەنار دووردەکەوێتەوە، پاش ئەوەی کە مەودایەك تەی دەکا، هەوەڵجار بەشی خوارەوەی بەدەنەکەی لەبەر چاو ون دەبێ و پاشان، بەشی سەرەوەی کەشتی لەبەر چاو ون دەبێ، بەڵام ریکەکان[٢٤] و چارۆگەکان هەروا بە دیارەوەن.

کوڕەلاو گوتی: نازانم مەبەستت چییە؟

سەرۆکی تەلارسازانی پاشای میسر وەڵامیدایەوە: من لەو قسەیە، دوو مەبەستم هەیە مەبەستی یەکەم ئەوەیە کە ئەگەر بە قسەی تۆ، نووت ئەو ئیلاهەیەی کە هەموو شەوێك خۆر قووت دەدا و لە ناو سکی خۆیدا هەڵیدەگرێ و هەموو بەیانان ئەو دەزێتەوە، سەری لە سوێگەی رۆژئاوا بێ و دوو قاچی لە ئاسۆی رۆژهەڵات، ئەوا دەبێ هەزاران نوت هەبێ.

مووسا پرسی: بۆچی دەبێ هەزاران نوت هەبێ؟

نف گوتی: لەبەر ئەوەی هەزاران ئاسۆ هەیە.

مووسا گوتی: چۆن؟

نف گوتی: تۆ بۆ دەرەوەی وڵاتی میسر سەفەرت نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو میسر، سەفەرت کردووەو من دەزانم کە لەو ماوەیەدا سەفەرت بۆ بۆتۆ کردووە، ئایا ئەو ئاسۆیەی کە لە پایتەخت دیتوتە هەمان ئەو ئاسۆیەیە کە لە بۆتۆ دیتت ؟

مووسا گوتی: نا ئەی نف.

نف گوتی: تۆ لێرە، تەنانەت پاش ئەوەی کە بۆ سەر تاوەری روانینگەی کۆشکی پاشایەتی سەر دەکەوییە سەرەوە، ئەو ئاسۆیەی کە لە دەوروبەری خۆت دەیبینی، دوو یا لانی کەم سێ فرسەخ مەودا لە تۆ دوورە، لە حاڵێکدا کە لێرەوە تا بەندەری بۆتۆ بیست قۆناغ رێیە و ئاسۆی بەندەری بۆتۆ تائێرە لانی کەم بیست قۆناغ رێ ماوەی هەیە.

مووسا ئەم مەسەلەیەی سەلماند. سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: من چوومەتە وڵاتانی دەرەوەو سەفەرم بۆ وڵاتی هاتی و هەروەها وڵاتی کەنعان و وڵاتی میتانی کردووەو هەر چەندە کە دەچوومە پێش، دەمدی کە ئاسۆ

(٢٤) ریك: ئەو ئەستوندە گەورەیەی کە لە ناوەڕاستی کەشتیدایە، چارۆگەکان و گوریسەکانی پێوەبەستراوە و هاوسەنگی کەشتییەکە رادەگرێ. (وەرگێڕ).

لە من دوور دەکەوێتەوە و هەرگیز نەمتوانی بگەمە جێگایەك کە لەوێ دەستم بە ئاسۆ بگا. بەوپێیە، یەك ئاسۆ و دوو ئاسۆ و دە ئاسۆ و سەد ئاسۆ لە ئارادانییە، بەڵکو هەژماری ئاسۆکان بە ڕادەی هەژماری مرۆڤەکانە.

مووسا پرسی: چۆن هەژماری ئاسۆکان بە ڕادەی هەژماری مرۆڤەکانە؟

نف گوتی: هەر کەسێك لە هەر نوختەیەکی جیهان کە ڕاوەستاوە، لە دەوروبەری خۆی ئاسۆیەك دەبینێ کە لە ڕووی شوێنەوە، لەگەڵ ئاسۆیەکی تردا کە یەکێکی دیکە لە دەوروبەری خۆیدا دەیبینێ، دووری هەیە. هەڵبەت ئەگەر دوو کەس یا دەکەس یا سەد کەس، لە یەك نوختەدا ڕابووەستن، یەك ئاسۆ دەبینن، بەڵام ئەگەر شوێنی ڕاوەستانی ئەوان دووری لە یەك هەبێ، ئاسۆی هەر کامیان لەگەڵ ئاسۆی ئەوی دیکەدا ماوەی دەبێ. هەر بە هەمان بەڵگە لە جیاتی یەك نووت، دەبێ هەزارەها نووت هەبێ کە بتوانێ لە هەموو ئاسۆکاندا ئامادەیی هەبێ و لە کاتی ڕۆژئاوابووندا خۆر قووت بدا.

بەو پێیە، گومان نییە کە پرسی ئیلاهە نووت، کە هەر دەمەو ئێوارانێك خۆر قووت دەدا و هەر بەرە بەیانانێك دووبارە خۆر دەداتەوە، جگە لە ئەفسانە شتێکی تر نییە.

مەسەلەی دووەم کە دەمویست بیڵێم پەیوەستە بە نزیکبوونەوەی کەشتی لە دەریاوە بۆ لێوار و دوورکەوتنەوەی کەشتی لە لێوار بۆ دەریایە.

نف، کە درکی کرد مووسا بە دیقەت و سەرنجێکی زۆرەوە گوێ لە قسەکانی ئەو ڕادەگرێ، گوتی: تۆ دەزانی کەشتی، کاتێك لە لێوار دووردەکەوێتەوە، پلە بە پلە بەشی خوارەوەی لە بەر چاو ون دەبێ تا وای لێ دێ چارۆگەکانی سەرەوە و بەشی سەرەوەی ریکەکان لەبەر چاو ون دەبێ. کاتێکیش کە کەشتی لە دەریاوە بۆ لێوار نزیك دەبێتەوە، ئێمە هەوەڵ جار سەری ریکەکانی دەبینین و پاشان چارۆگەکانی سەرەوەی کەشتی دەبینین و ئینجا چاومان بە چارۆگەکانی خوارەوەی دەکەوێ و سەرەنجام کەلەشی کەشتییەکە دەبینین و ئێمە بە یەکجار هەمووی نابینین؟

مووسا بیرێکی کردەوە و گوتی: ئایا جیهان تەخت نییە؟

نف گوتی: ئافەرم بۆ هۆشی تۆ، و جیهان هەر بەو شێوە کە تێگەیشتی تەختانی نییە، بەڵکو خڕە.

مووسا گوتی: ئەی نف، ئایا دەتەوێ بڵێی ئەم دنیایە کە ئێمە تێیدا دەژین و لە خاك و ئاو پێکهاتووە شێوەکەی خڕە؟



نف گوتی: بەڵێ!

مووسا پرسی: لە کەیەوە ئەم باوەڕە پەیدا بووە کە جیهان خڕە؟

نف وەڵامیدایەوە: ئەم باوەڕە لە زەمانی کۆنەوە هەبووە. تەنانەت کاتێك کە خەریکی بنیاتنانی هەڕەمەکان بوون دەیانزانی ئەو جیهانەی ئێمە کە تێیدا دەژین خڕە، بەڵام زانایان بوون کە ئەم واقیعەتەیان دەزانی نەك کاهینانی میسری.

مووسا گوتی: من ناتوانم ئەم باوەڕە قبووڵ بکەم، چونکە ئەگەر ئەم زەوییە خڕ بێ، دەریاکان و ڕووبارەکان دەرژێنە خوارەوە و مرۆڤەکانیش بەر دەبنەوە.

نف گوتی: ئایا وا ڕێك کەوتووە کە جووڵانەوەی مێروویەك بەسەر شوتی یەکەوە ببینی ؟

مووسا گوتی: ئەگەر نەشم دیبێ وێنا کردنی بەلامەوە گرفت نییە.

نف گوتی: مێرووولەیەك، بەسەر شوتییەکی گەورەوە دەجولێتەوە، بەڵام ناکەوێتە خوارەوە و ئێمە لە بەرامبەر ئەم جیهانەدا هەزارەها هەزار جار لەو مێرووولەیە لە بەرامبەر شوتییەکە بچووکترین و هەر بۆیە ناکەوینە خوارێ.

مووسا گوتی: گریمان ئەمەیان وابێ، ئەقڵ قبووڵی ناکا کە ئاوی دەریاکان و ڕووبارەکان نەڕژێن.

نف گوتی: ئاوی دەریاکان و ڕووبارەکان بە تەئسیری هەناسەی ئاتوونەوە ناڕژێن.

مووسا گوتی: هەناسەی ئاتوون چۆن بەربەستی ئەوە دەکا کە ئاوی دەریاکان و ڕووبارەکان نەڕژێن.

نف گوتی: بزانە ئەو جیهانەی ئێمە، ئاتوون، کە خۆری سیمای ئەو، هێناویەتە بوون و هەرچی تۆ لەم جیهانەدا دەیبینیی لە لایەن خۆرەوە جیهانی ئێمەیدروست کردووە و ئێمەش هەر بە هۆی خۆرەوە هاتووینە بوون و ئەوە خۆرە کە جیهانی ئێمەی خڕ کردووە تا بتوانێ بەردەوام بە دەوری جیهانی ئێمەدا بسوڕێتەوە و هەمیشە چاودێری ئەم جیهانە بێ.

مووسا پرسی: بۆ خۆر بە دەوری دنیای ئێمەدا دەسوڕێتەوە؟

نف گوتی: بەڵێ، خۆر، لەو ڕۆژەوە کە ئەم جیهانە هاتۆتە بوون، بێ ئەوەی ساتێك ڕابووەستێ، بە دەوری دنیای ئێمەدا دەسوڕێتەوە تا ئاگاداری ئەم جیهانە بێ و ئەوە کە

بە هەناسەی خۆی کە هەڵی دەمژێ، رووبارەکان و دەریاکانی راگرتووە و ناهێڵێ ئاوی رووبارەکان و دەریاکان بڕژێ.

مووسا گوتی: ئەگەر خۆر بە دەوری ئەم جیهانەدا دەسوڕێتەوە، بۆچی شەو دادێ و رووناکی نامێنێ؟

نف گوتی: لەبەرئەوەی کە ئەم جیهانەی ئێمە خڕە، خۆر، کە بە دەوری ئێمەدا دەسوڕێتەوە کاتێك دەکەوێتە پشتی ئەم جیهانەو لە ئەنجام دا لای ئێمە، دەبێتە شەو و بە هۆی ئەم سوڕانەوەیەیە کە بەرەبەیانیان خۆر لە ئاسۆی رۆژهەڵاتەوە دێتە دەر و هەموو دەمە ئێوارانێکیش لە سوێگەی رۆژئاواوە لە چاو ون دەبێ [٢٥]

مووسا پرسی: ئایا دەکرێ تێبگەین کە چۆن جیهانی ئێمە خڕە؟

نف گوتی: لە هەر جێیەکی ئەم دنیایەوە کە بەرەو رۆژهەڵات یا رۆژئاوا بڕۆی، بەومەرجەی کە درێژە بە رۆیشتنی خۆت بدەی، ئاکام دەگەیەوە نوختەی سەرەتایی خۆت. ئەم بابەتە راڕایی هەڵناگرێ. ئەگەر ئەم جیهانە خڕ نەبووایە، دەرەتانی ئەوە نەدەبوو کە بتوانی بگەیەوە هەمان جێ کە لێیەوە دەستت پێکردووە.

مووسا گوتی: کە وابوو تۆ دڵنیێی هەموو شتێکی ئەم جیهانە خۆر هێناویەتە بوون.

نف گوتی: لە مبارەیەوە دوودڵییەکەم نییە و دەزانم کە هەرچی لەم جیهانەدا هەیە دروست کراوی خۆرە و خوای واقیعی ئاتوونە، کە خۆر، رواڵەت و ئامرازی کاری ئەوەو جگە لە ئاتوون هیچ خوایەکی تر نابێ بپەرسترێ و هەر خوایەك، کە تۆ لە وڵاتی میسر دەیبینیی، ساختەیە و تەنیا ئاتوون خوای راستگۆیە، ئەوە کە ئەم جیهانەی هێنناوەتە بوون و رۆژ و شەو بێ پسانەوە، بە دەوری ئێمەدا دەسوڕێتەوە و چاودێری ئێمە دەکا و بە هەناسەی خۆی کە دەیخواتەوە ناهێڵێ ئاوی دەریاکان و رووبارەکان بڕژێن. ئەگەر ئاتوون چاودێریی لەم جیهانە نەکا، باران ناباریّ و رووباری نیل، هەڵناستێ و ئێمە ناتوانین لە هەر دوو لێواری رووباری نیل، کشتوکاڵ بکەین و بەرهەمی فراوان

(٢٥) خەڵکی کلدۆ و بابلیش لە کۆندا وەکو میسرییەکان دەیانزانی کە زەوی خڕە و باوەڕیان وابوو کە خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەك میسرییەکان، حساب راگرتنی گەردوونی ئەوان راست بووە، چونکە خەڵك چ باوەڕیان وابێ کە خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە چ زەوی بە دەوری خۆردا بسوڕێتەوە، حسابەکانی مانگ و ساڵ و خۆرگیران و مانگگیران جیاوازی ناکا، بە هەمان بەڵگە حسابەکانی گەردوونی زانایانی کلدان و بابل و میسر، ئەمڕۆش جیگای متمانەیە. (ز.م)



هەڵبگرین. هەرچی لەم دنیایەدا هەیە، لە گیانلەبەر و بێ گیان، دروستکراوی خۆرەو هەر بۆیە، ئێمە وەك منداڵی خۆر واین و ئەو وەك منداڵی خۆی چاودێریی ئێمە دەکا.

مووسا گوتی: ئەی نف، بەو قەرارە بێ، تۆ ئاتوون پەرستی و باوەڕت بە خوایانی میسرنییە؟

نف وەڵامیدایەوە: هەموو خوایانی میسری خەیاڵی و زادەی خوڕافەکاری کاهینەکان یا تەماعکاریی ئەوانن. هەر کاهینێك، بۆ ئەوەی بتوانێ کەڵك لە خەڵکی وەربگرێ، خوایەك کە بوونی نییە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە و شێوەیەك لە شێوەی گیانلەبەران یان یەکێك لە مرۆڤەکانیان بۆ دیاریکردووە. بەڵام خوای واقیعی، کە هەموو شتێکی دروست کردووە، ئاتوونە کە بە هۆی خۆرەوە جیهانی ئێمەی دروست کردوە و ئێمەش هەر بەهۆی خۆرەوە هاتووینە بوون[٢٦].

مووسا گوتی: ئایا کەسانی تریش دەزانن کە تۆ ئاتوونپەرستی؟

نف گوتی: نا، تەنیا کەسێك کە دەزانێ من ئاتوونپەرستم، تۆی!

مووسا پرسی: ئایا ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی ئاگادارە کە تۆ ئاتوونپەرستی؟

نف گوتی: نا، ئەویش لەم مەسەلەیە ئاگادارنییە.

مووسا پرسیاری کرد: نف، ئەم نهێنییە کە تۆ لە هەمووانت شاردبۆوە، چۆن لە لای من درکاندت؟

نف وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی من وا هەستم کرد کە دەتوانم متمانە بە تۆ بکەم و تۆ نهێنی من لە لای کەسانی دیکە نادرکێنی. ئەگەر ئەم رازە لە لایەن تۆوە بڵاو ببێتەوە، فیرعەون من دەکوژێ!

مووسا گوتی: فیرعەون پێویستی بە زانستی تۆ هەیە. تۆ تەلاری گەورەی بەردین و ئەمباری دانەوێڵە بۆ ئەو دروست دەکەی و ئەگەر ئەو تۆ بکوژێ، چ کەسێك، تەلاری گەورە، بۆ ئەو دروست دەکا؟

نف گوتی: فیرعەون بە جۆرێك نەفرەتی لە بەرامبەر ئاتوون هەیە، کە ئەگەر بزانێ منداڵەکانی خۆشی پەیڕەوی لە ئاتوون دەکەن، هەموو منداڵەکانی خۆی دەکوژێ تا بە

(٢٦) ئەمڕۆش زانایانێك پێیانوایە زەوی لە خۆر جیابۆتەوە، هەموو شتێکی زەوی، لە گیاندار و بێ گیان، لە خۆرەوە دەزانن. (ز.م)

من رادەگا کە من تەلارسازی ئەوم. تۆ گوتت ئەگەر فیرعەون من بکوژێ، کەسی دیکە نییە تەلاری بەردین بۆ ئەو دروست بکا. بەلاّم تەلارسازانی دیکە هەن و ئەوان نەخشە بۆ پاشای میسر دەکێشن و تەلاری بەردین دروست دەکەن و بە هەر حالّ فیرعەون لە بارەی تەلارسازەوە هەرگیز ناکەوێتە تەنگە تاوییەوە.

مووسا گوتی: ئەی نف، تۆ دەلّێی کە خۆر روالّەتی ئاتوونەو خودی ئەو نییە، پێم بلّێ شێوەی ئاتوون چۆنە؟

نف وەلاّمیدایەوە: ئەو شێوەی نییە تا کەسێك ئەو ببینێ. تەنانەت بینینی روالّەت و ئامرازی کاری ئەو، کە خۆرە، زۆر زەحمەتەو ئەگەر تۆ سەیرێکی خۆر بکەی کە بتەوێ بە باشی ببینی، چاوەکانت پڕ لە فرمێسك دەبن و هەرگا سووربی لەسەر ئەوە خۆر بە چاکی ببینی، چاوەکانت کوێر دەبن.

نف لەدرێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: ئێمە ئاتوون تەنیا بە هۆی خۆرەوە دەناسین و خودی ئەو نابینین و هەرگیزیش چاومان پێی ناکەوێ. باوەڕبکە هیچ کام لە خواکانی میسر، شێوەیەکیان بە شکۆمەندی و جوانی خۆر نییە.

مووسا گوتی: ئەمە دەسەلمێنم کە شێوەی خۆر زۆر درەوشاوەو بە شکۆ و جوانە.

نف گوتی: سەرەڕای ئەوەش کە متمانەم بە تۆ پەیداکردووە، دووبارە پێت دەلّێم ئەوەی لە بارەی ئاتوون بە تۆم گوتووە لای هیچ کەسێك باسی مەکەو بە تایبەتی، ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی. چونکە ئەو، هەر ئەوەندە تێگەیشت کە من باوەڕم بە ئاتوون هەیە و ئەو بە خوای واقیعی دەزانم، دەچێتە لای فیرعەون و ڕێ و شوێنی کوشتنی من پێکدەهێنێ چونکە کەسێك کە ناوی ((ئاموون تپ))ە و خوای ئاموون دەپەرستێ، ناتوانێ تەحەمولی ئەوە بکا لە کۆشکی پاشایەتی پیاوێکی وەك من هەبێ و خوای ((ئاتوون)) بپەرستێ.

مووسا گوتی: ئارخەیان بە. چونکە ئەوەی بە منت گوت بە گوێی هیچ کەسێك ناگاتەوەو تەنانەت، من لەگەلّ خۆشمدا، ئەم بابەتەم بەسەر زماندا نایە نەوا کەسێك لە نزیکی منەوە بێ و گوێی لێ بێ.

مووسا، پاش ئەوەی ئەسپی نارنجی خۆی کڕی، هۆگریی بە سواری ئەسپەوە پەیدا کرد و ناوی لە ئەسپەکەی خۆی نا ((کاری)) کە لە زمانی میسریدا ناوی ولاّتی ((چین)) بوو.



کوڕەلاو بەو هۆیەوە ناوی ((کاری)) بۆ ئەسپەکەی خۆی هەلّبژارد کە رەنگی ئەو ئەسپە وەك رەنگی ئەو کوتالّە ناسکانە بوو کە بارزگانانی چین لە ولاّتی چینەوە دەیانهێنایە میسر و دەیانگوت ئەو کوتالاّنە بەڕیشالّێك چنراون کە کرمێکی تایبەتی ریشالّەکانی دەچنێ.

مووسا، بە سواری ئەسپ جارێك بەرەو باکوور دەڕۆیشت و جارێك بەرەو باشوور. ئەو، لەوەی کە دەتوانێ بێ تەشریفات و کۆت و بەند، لەگەلّ خەلّکی میسردا پەیوەندی پێك بهێنێ، چێژی وەردەگرت.

کورەلاو، جارێك لە لێواری رووباری نیل لەگەلّ ماسی گران، یان بەلەمەوانانندا قسەی دەکردو زەمانێك لە کاتێکدا، کە بە ناو گوندێکدا دەڕۆیشت، لە ئەسپەکەی دادەبەزی و لەگەلّ دێهاتییەکاندا قسە و باسی دەکردەوە و زانیاریگەلی ئەوتۆی لەوانەوە بە دەس دێنا کە لە کاتی خوێندندا هیچ کام لە ئامۆژگاران و مامۆستایان پێیان نەگوتبوو.

مووسا، هەر چەندە لەگەلّ چینەکانی خوارەوەی کۆمەلّگای میسریدا تێکەلاّو دەبوو، تێدەگەیشت کەسانێك کە لە کاتی خوێندن و بەر لە گەیشتن بە سالّی پێگەیشتوویی قانوونی، لەبەر چاوی ئەو، بە کەمبایەخ دەهاتنە بەرچاو، پیاوان و ژنانی ئاقلّ و تێگەیشتوون و شتگەلی ئەو تۆ دەزانن، کە ئەو، نەتەنیا هەر ئاگای لێ نییە، بەلّکو ئامۆژگاران و مامۆستایانی ئەویش ئەوشتانەیان نەدەزانی، چونکە ئەگەر بیان زانیبایە بەویان دەگوت.

مووسا، لە ماوەی سەفەرە گچکەکانیدا، کە لە نێو میسر دەیکرد و لەگەلّ خەلّکیدا تیکەلاّو دەبوو، لە رووی بەدەنیشەوە گەشەی دەکرد. کاتێك تەمەنی گەیشتە حەڤدە سالّی، بە جۆرێك بالاّ بەرز و چوارشانە و جوان بوو، کە هەر کەسێك بە پەنا ئەودا تێدەپەری، رادەوەستا و ماوەیەك لە دواوەڕا سەیری دەکرد و تا قەدەرێك چاوی لەو لاوە هەلّنە دەگرت.

مووسا پاش گەیشتن بە حەڤدە سالّی، تێگەیشت کە جوانی چییە و پەی بەوە برد کە بۆچی دایکی، بەردەوام بە هۆی لە دەسدانی جوانی و لاوی غەم دەخوا.

مووسا، ئێستا پەی بەوە دەبرد کە تەنانەت خانمێکی وەکو دایکی، بە هۆی ئەوەی کە لاوی و جوانی خۆی لەدەس داوە، لە کۆشکی پاشایەتیدا جێگای سەرنج نییە و تا رادەیەك لە ریزی فەرامۆش کراواندا دەژمێردرێ. بەو هۆیەوە کوڕەلاو، پتر لە رابردوو

دەچووە لای دایکی و قسەی لەگەڵدا دەکرد تا لەو غەمەی دایکی کەم بکاتەوەو. وەختی وا هەبوو دەستی دایکی دەگرت و وایلێدەکرد کە لە جێی خۆی هەڵبستێ و دایکی دەبردە یەکێك لە باڵکۆنەکانی کۆشکی پاشایەتی کە بەسەر رووباری نیلدا دەیڕوانی و لەوێ دایکی دادە نیشاند و ماوەیەك لە گەڵیدا قسەی دەکرد.

دایك، چاوی لە مووسا هەڵنە دەگرت، چونکە دەیبیینیی ئەو لە رووی بەرزیی باڵاو پانیی ناوشان و سنگ و جوانیی روخسارییەوە لە تەواوی شازادەکانی میسر بەرجەستە ترەو لە ناو دانیشتوانی میسردا، لاوێك کە بەژن و جوانی مووسای هەبێ، بوونی نییە.



## -٧-
## نهێنی لە دایکبوون

رۆژێك، پاش ئەوەی مووسا دایکی بۆ ماڵەکەی خۆی بردەوە، لە ناو باخی کۆشکی پاشایەتی، تووشی ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بوو.

بە هەمان ئەندازە کە مووسا بە تێپەڕینی رۆژگار بە هێزترو جوانتر دەبوو، بە پێچەوانەوە ئاموون تپ، لاوازتر و بە ساڵداچووتر دەبوو، ئەو رۆژە مووسا بینی کە پێستی مل و دەستەکانی ئەو پیاوە چرچ و لۆچی پەیداکردووە.

ئاموون تپ گوتی: ئەی مووسا، ئایا دایکت پێی گوتی کە نیازی وایە سەری خۆی نەشتەرگەری بکا؟

مووسا بە سەرسامییەوە پرسی: من هەر ئێستا دایکم بردەوە بۆ ماڵی خۆی و ئەو لەمبارەیەوە لەگەڵ من قسەی نەکرد.

سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی گوتی: دایکت نەیویستووە ئەو مەسەلەیە بە تۆ بڵێ نەوا تۆ شپرزەو پەشۆکاوببی. مووسا گوتی: ئەگەر دایکم، بەو بەڵگەیە مەرامی خۆی بەمن نەگوتووە ئەوا بەڵگەکەی ئەو لە جێی خۆیدایە چونکە من بە بیستنی ئەو قسەیە پەشۆکاوم. پاشان، مووسا قسەکانی گۆڕی و گوتی: ئەی ئاموون تپ، نەخشەی تۆچی لێهات؟ ئایا تۆ لە بیرت چوو کە بەمنت گوت دەبێ ئایینی خوای نەبینراو منای ئاتوون رمێنی پێ بدرێ؟

ئاموون تپ تەماشایەکی دەوروبەری کرد تا کەس گوێی لە دەنگی نەبێ و گوتی: هێشتا کاتی ئەنجامدانی نەخشەی ئێمە نەهاتووە.

مووسا گوتی: ئەی باشە چ کاتێك وەختی ئەنجامدانی نەخشەکە دێت؟

ئاموون تپ وەڵامیدایەوە: بەرقەرارکردنی ئاییینی خوای نەبینراو کارێکە وا بچووك نییە ئێمە ئەگەر بێ وردەکاری و دووربینی دەست بە کاربکەین، دەکوژرێین.

مووسا گوتی: تۆ ئەی ئاموون تپ بە جۆرێك لەگەڵ مندا قسەت کرد کە من وام وێنا دەکرد زۆربەی خەڵکی میسر، لایەنگری خوای نە بینراون.

ئاموون تپ گوتی: من بەتۆم نەگوتووە کە نیوەی خەڵکی میسر لایەنگری خوای نەبینراون، بەڵکو گووتم کە نیوەی کەسانی بەساڵداچوو، لە دەرباری ڕامسیسی دووەم، لایەنگری ئاییینی ئاتوونن.

مووسا گوتی: من وا وێنا دەکەم کە ئەگەر دەرباری میسر، ئاییینی خوای نەبینراو قبووڵ بکا قەومی میسریش قبووڵی دەکا، چونکە قەومی میسر بەردەوام پاشکۆی ئاییینی پاشا بووە.

ئاموون تپ گوتی: ئەگەر دەرباری میسر، ئاییینی خوای نەبینراو قبووڵ بکا، هەروەکو تۆ گوتت قەومی میسریش ئەو ئاییینە قبووڵ دەکا. بەڵام دەرباری میسر ئەو ئاییینە قبووڵ ناکا. بەو بەڵگەیەی کە ڕامسیسی دووەم دوژمنی سەرسەختی ئاتوونە، ئێمە تا ئەمڕۆ توانیومانە نهێنی خۆمان بپارێزین و نەهێڵین کە فیرعەون تێبگا کە ئێمە لایەنگری ئاتوونین. سەرباری ئەوە، من و دایکت توانیومانە تۆ لە ئاگری ڕقی فیرعەون بە دوور بگرین.

مووسا گوتی: من هەرچی بیردەکەمەوە ناتوانم تێبگەم ڕقی فیرعەون لە بەرامبەر من لە سۆنگایی چییەوەیە!

ئاموون تپ گوتی: تۆ لە کاتی پێویستدا لە هۆکاری ڕقی فیرعەون بەرامبەر بە خۆت ئاگادار دەبی. دوای ئەوەی سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بابەتی ئاخاوتنەکەی گۆڕی، گوتی: ئایا دایکت پێی گوتی کە چەند ڕۆژێك پێش، فیرعەون داوای دایکتی کردبوو؟

مووسا گوتی: نا، دایکم لەمبارەیەوە قسەی لەگەڵدا نەکردووم.

ئاموون تپ گوتی: فیرعەون چەند ڕۆژێك پێشتر داوای دایکتی کردبوو و پێی گوتبوو بیستومە کە ئەو، بەدەست سەرئێشەوە زۆر ناڕەحەتەو بەردەوام دووچاری سەرئێشەیە.

دایکت قسەکەی سەلماندبوو. فیرعەون گوتبووی سەرئێشەی ئەو لە ئەنجامی غەمخواردنەوەیەو کەسانێك کە زۆر غەم دەخۆن دووچاری سەرئێشەی درێژخایەن و هەمیشەیی دەبن. لە بەرەنجامی سەرئێشەکەش کە لە ئاکامی غەمێکی هەمیشەییە، لە ناو کەللەی سەردا هەڵمێکی ئازاردەر پەیدا دەبێ و پێویستە کەللەی سەر کون بکرێ تا ئەو هەڵمە ئازاردەرە لەناو کەللەی سەر بێتە دەر و سەرئێشەکە نەمێنێ.

دایکت گوتی کە ئاگاداری ئەو مەسەلەیەیەو دەزانێ کە دەبێ کەللەسەر کون بکرێ تا ئەو هەڵمە نالەبارو ئازاردەرە بچێتە دەرەوەو سەرئێشەکە نەمێنێ.بەڵام چارەسەری سەرئێشە،



بەڕێگای کون کردنی کەللەسەر، کارێکی نەشتەرگەرییە و ئەگەری هەیە ببێتە هۆی لە ناو چوون.

فیرعەون گوتی، بەڵام ئومێدی چاکبوونەوەش هەیە.

ئەنخاس ئاموون گوتی ئەگەر کاری نەشتەرگەری کەللەسەر بۆ دەرهێنانی هەڵمی ئازار دەر لەگەڵ ئەگەری مردنی نەخۆش، لەیەك تای ترازوو دانێین و لە تایەکەی دیکەدا، ئەگەری چارەسەرکردنی نەخۆش دابنێین، هەردوو تاکە بەرامبەر دەبن، بەجۆرێك کە ناتوانرێ پێشبینی بکرێ ئەو نەخۆشەی کە نەشتەرگەری کەللەسەری بۆ دەکرێ چاك دەبێتەوە یان دەمرێ.

فیرعەون پرسی ئایا دەتوانی تا دوایی تەمەنت سەرئێشەی درێژخایەن تەحەمول بکەی و بەردەوام بە دەس نەخۆشییەوە بناڵێنی و هەرگیز نەتوانی ژەمێك خواردن بە ئیشتیاوە بخۆی و هیچ کاتێك نەتوانی شەوێك بە ئاسوودەیی بخەوی.

دایکت گوتی کە هەڵبەت ناتوانێ، و من تا دواین ڕۆژانی ژیانم ناتوانم تەحەمولی سەرئێشە بکەم.

فیرعەون گوتی لەو حاڵەدا دەبێ خۆت بۆ کاری نەشتەرگەری کەللەسەر ئامادە بکەی. ئێمە پزیشکی ئەوتۆمان هەن کە لە نەشتەرگەریدا کارامەییان هەیە و دەتوانن بەسەرکەوتوویی کەللەسەری تۆ کون بکەن تا هەڵمی ئازاردەر لە ناو سەری تۆدا بێتە دەرێ.

ئەی لاو، دایکت لەبەردەم فیرعەون ڕەزامەندی پیشاندا کە کاری نەشتەرگەری بۆ بکەن. پاشان فیرعەون بە درکە و هێماوە دایکتی حاڵی کرد کە لەبەر ئەوەی کاری نەشتەرگەری کەللەی سەر، بێ مەترسی نییە، ئەگەر وەسیەتێکی هەیە بابیکا.

دایکت گوتی من بۆ خۆم هیچم ناوێ، بەڵام داخوازییەکەم هەیە کە پەیوەندی بە مووساوە هەیە.

فیرعەون پرسی داخوازی تۆ چییە؟

دایکت گوتی من داوا دەکەم کە پاش مردنی من هەرگیز هەوڵی کوشتنی مووسا نەدەی و ئازاری پێ نەگەیەنی.

فیرعەون گوتی بەڵێنت پێ دەدەم کە ئەگەر تۆ ماڵئاوایت لە ژیان کرد، من هەرگیز مووسا ناکوژم و ئازاری نادەم، بەڵام بەومەرجەی کە ئەویش هیچ دەس پێشکەرییەك دژی من نەکا، چونکە ئەگەر ((مووسا)) دژی من دەس پێشکەریی بکا، ئەوا مۆڵەتی کۆشتنی خۆی دەداتە دەس من.

ئاخاوتنی سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی کاتێك گەیشتە ئێرە گوتی: ئایا تێگەیشتی کە فیرعەون چی بە دایکت گوت؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵێ!

ئاموون تپ گوتی: گوتەی فیرعەون، بەو مەرجەی کە مووسا دژی من دەس پێشکەری نەکا، گوتەیەکی ئاوکێشە و زۆر شتان دەگرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر تۆ بکەویە سەرباری ئەوەی کە رمێن بە ئایینی خوای نەبینراو بدەی، کاری تۆ، وەك دەس پێشکەری دژ بە فیرعەون وایە و ئەو، هەق بەخۆی دەدا کەبتکوژێ.

مووسا پاش چەند ساتێك بێدەنگی گوتی: ئەی ئاموون تپ، ئایا حەز دەکەی ئێمە لێرە برۆین؟

سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی پرسی: بۆچی لێرە برۆین؟

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی کە گیانی تۆ لێرە لەبەرامبەر مەترسی لەناو چوون دایە و هەروەها گیانی منیش هەروەکو گیانی تۆ دەکەوێتە بەر مەترسییەوە. ئەگەر فیرعەون، بەهانەیەکی دەسکەوێ، ئەوا ئێمە دەکوژێ. من دەزانم کە سواربوونی ئەسپ بۆ پیاوێکی وەکو تۆ ئەستەمە هەر بۆیە من گالیسکەیەك دەکرِم و من و تۆ، سواری گالیسکەکە دەبین و لێرە دەرِۆین و رێگای میسری سەروو دەگرینە بەر.

ئاموون تپ گوتی: رۆیشتنی ئێمە بۆ میسری سەروو بێ کەڵکە و ئێمە دەبێ لێرە بمێنینەوە و ئەگەر نەخشەی ئێمە شیانی جێبەجێکردنی هەبێ، دەبێ ئەلێرە بچینە ناو واری جێبەجێ کردنەوە.

لەوەش بترازێ، تۆ لەم کاتەدا نابێ لێرە دوور بکەوییەوە، چونکە دایکت دەیەوێ سەری خۆی نەشتەرگەری بکا و لەم کاتەدا ئامادە بوونی تۆ لێرە زۆر پێویستە. تۆ دەبێ لەم شارە بمێنی و پێش کاری نەشتەرگەری و پاش ئەویش، دڵخۆشی دایکت بدەیەوە.

ئەی مووسا، دایکت مافێکی زۆری بەسەر ملی تۆوە هەیە، یانی لە زەمانێکەوە کە هاتوویە دنیاوە تا ئەمرِۆ، دایکت تەنیا بەرگریکاری تۆ بووە. ئەگەر تۆ پارێزەرو داکۆکیکارێکی گەورەی وەك دایکتت نەبوایە، تۆ بە زیندوویی نەدەمای و لە ساڵانی هەوەڵی تەمەنتدا، ماڵاوایت لە ژیان دەکرد، مانای دەکوژرای.

من دەتوانم بڵێم پاش ئەوەی کە دایکت لاویی و جوانیی و لە شساغیی خۆی لە دەسدا، جگە لە تۆ، ئومێدێکی دیکەی نەبوو و ئەمرِۆش تۆ تاکە سەرچاوەی ئومێدی دایکتی.



ئاموون تپ ساتێك بێدەنگ بوو. پاشان بە ئاوازێکی کاریگەر و ئارام، بە کورِەلاوەکەی گوت: دایکت حەزی دەکرد تۆ بەلاوی و بە هێزی ببینێ و لە ئاخرین رۆژانی تەمەنیدا، پاڵپشتی ئەو بی و دەستی بگری. خۆشبەختانە، تۆ ئەمرِۆ لاو و بە هێز و جوانی و دەتوانی بە ئامادەبوونی خۆت لەم شارەدا دڵنەوایی دایکت بکەی و تێی بگەیەنی کە ئەو لە یاد ناکەی.

کاتێك سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی قسەی دەکرد، مووسا توشی دڵ پڕبوون هات و دەستی بەگریان کرد ئاموون تپ گوتی: ئاه، ئەی مووسا ئەوە تۆ دەگریەی؟

پاشان بە گۆشەیەکی داوێنی کراسەکەی فرمێسکی چاوەکانی لاوەکەی سرِی و گوتی: گریان نەریتی منداڵانە نەك شازادەیەکی گەورەی وەك تۆ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گریانەی تۆ پیشانیدا کە وێرای ئەوە لاوێکی بەرچاو و بە هێزی، هەروەها خاوەنی ((کا)) یەکی شایان بە ستایش کردنی و بێگومان دەزانی کە ((کا)) تاکە شتێکە کە پاش مردنی مرۆڤ لەو دادەمێنێتەوە[٢٧].

ئەمە تاقیکراوەتەوە تا مرۆڤ خاوەنی کایەکی بە نرخ و شایان بە نەمریی نەبێ، فرمێسك بە چاوەکانیدا نایەتە خوارێ. کەسانێك کە خاوەنی کای باش بن، پاش ئەوە کە ماڵاواییان لە ژیان کرد، پاداشێکی گەورە وەردەگرن.

دایکیشت، هەروەکو تۆ خاوەنی کایەکی پەسندکراوە و من گومانم نییە کە ئەویش پاش ئەوەی بەرەو دنیای رۆژئاوا دەرِوا ( مانای کۆچی دوایی کرد ) خاوەنی پاداشتێکی باش دەبێ و تۆ دەزانی کە ئێمە پەیرِەوانی ئاتوون و پەرستکاری ئەو خوا نەبینراوە، باوەرِمان بە مۆمیاکردنی لاشان نییە، بەڵام باوەرِمان وایە کە کا (( روح )) پاش مردنیش دەمێنێتەوە و پاداش وەردەگرێ یا خود سزا دەچێژێ.

من وا وێنا دەکەم کە دایکی تۆ، تاکە ژنێکە کە فیرعەون بە راستی ئەوی خۆش دەویست و ئێستاش هەر خۆشی دەوێ و بەو جۆرەی کە دەزانی، لەم رۆژە سەختانەی نەخۆشیدا زۆر جار دەچێتە لای ئەو و هەوڵ دەدا دڵنەوایی بکات. منیش وەك دۆستێك لە پەنای دایکتەوەم و تا ئەو جێیە کە بتوانم هەوڵ دەدەم دڵخۆشی بدەمەوە. بەڵام دڵخۆشی دانەوەی تۆ، کە تاکە منداڵی ئەوی، لە دڵخۆشی دانەوەی من زیاتر پێویستە و تۆ دەبێ بەردەوام لای دایکت بی و دڵنەوایی وی بکەی. ئومێدیش هەیە کە کاری نەشتەرگەریی کەللەسەری ئەو بەسەرکەوتوویی تەواو ببێ و دایکت چاك ببێتەوە.

(٢٧) لە زمانی میسری کۆندا روح بە ((کا)) ناودەبرا. (و.ف)

مووسا لە سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی پرسی: چ کاتێك کاری نەشتەری بۆ دایکم ئەنجام دەدەن؟

ئاموون تپ وەڵامیدایەوە: پێموایە چوار یا پێنج رۆژی دیکە کاری نەشتەرییەکەی بۆ دەکەن.

کوڕەلاو بە بیستنی ئەم هەواڵە بە جۆریك دڵتەنگ بوو کە نەیتوانی ئیتر درێژە بە ئاخاوتن بدا و خواحافیزیی لە ئاموون تپ کرد و رۆیشت. هۆکاری دڵتەنگی مووسا ئەوە بوو کە دەیزانی چوار یا پێنج رۆژی دیکە، لەوانەیە دایکی لەدەس بدا.

دیمەنی تەلاری نەشتەرگەری کۆشکی پاشایەتی کە خاوەنی ستوونی جۆربەجۆر بوو و کەسانێك کە لەو تەلارەدا ئامادەبوون و ئەوەی کە لەوێ، روویدا لەو دیمەنانە بوو کە مووسا تا ئاخرین رۆژی ژیانی لە بیری نەچۆوە.

لەو سەردەمەدا لە میسر، جگە لە چرای پڕ لە رووناکی، هەموو ئامرازێکی حەسانەوە هەبوو. گەرچی دەیانگوت کە هەندێك لە پەرستگاکانی میسر چرای وایان تێدا بوون بەبێ رۆن دەسوتان و رووناکی زۆریان دەدا، بەڵام کەس ئەم چرایانەی نەدی بوون و خەڵك بۆ ئەوەی کە ماڵەکانی خۆیان لە کاتی شەودا رووناك بکەنەوە، کەڵکیان لە رۆن وەردەگرت و پڵیتەیەکیان لە نێو رۆن دادەنا و دایاندەگیرساند و لەبەر رووناکییەکەی، کارەکانی خۆیان لە کاتی شەودا ئەنجام دەدا.

لە ماڵی کەسانی خاوەن دەرامەت، چرای جۆر بەجۆر، لەو چەشنە دەسووتا. بەڵام لە ماڵی خەڵکی بێ دەرامەت، کاتی شەو، لەیەك چرا زیاتر نەدەسووتاو لەبەر رۆشنایی ئەو چرایە نەیاندەتوانی هیچ کارێکی ورد ئەنجام بدەن. هەر بۆیە هەموو کارێکی ورد، لەوانەش نەشتەرگەری، لە کاتی رۆژدا ئەنجام دەدرا و تەنانەت چراکانی کۆشکی پاشایەتی، کە بەئەندازەی رووناکی رۆژ بوو، بۆ کاری نەشتەرگەری بەکەڵك نەبوو. چونکە لە کاتی نیوەڕۆدا، رووناکی رۆژ لە کاتەکانی دیکە پترە، کاتی نیوەڕۆیان بۆ کاری نەشتەرگەری دیاری کردبوو.

ماوەیەکی بۆ نیوەڕۆ مابوو کە ئەنخاس ئاموون هاوسەری فیرعەون لەگەڵ کوڕەکەی خۆی مووسا و هەروەها ئاموون تپ سەرۆکی کاهینی کۆشکی پاشایەتی، پێیان نایە ناو تەلاری نەشتەرگەرییەوە.

لەو تەلارە بەرفراوانەدا، نزیکەی پێنج سەد کەس ئامادەییان هەبوو. ژمارەیەك لە وان کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بوون کە پاش هاتنە ژوورەوەی ئەنخاس ئاموون، بە ئارامی



دەستیان بە خوێندنی زبوور کردبوو تا لە خوایان داوا بکەن کە کاری نەشتەرگەریی کەللەسەری هاوسەری فیرعەون، بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام بگا و ئەو زیندوو بمێنێتەوە و ساغ بێتەوە.

دەستەیەکی دیکە، پزیشکەکان بوون کە وەك نەشتەرگەر حسێب دەکران و هەر پزیشکێك دەیتوانی کاری نەشتەری بکا. هێشتا، نەشتەری و پزیشکی لەیەك جودا نەببۆوە و پزیشکانی میسر بە کاری نەشتەری هەڵدەستان، مەگەر پاش گەیشتن بە قۆناغی بە ساڵدا چوویی و لەو کاتەدا بە پێی فەرمانی ((دار ئەلحەیات)) مانای دانیشگای ناسراوی پزیشکی میسر، دەستیان لە کاری نەشتەری هەڵ دەگرت. چونکە، ئەو کاتە دەیانزانی کە نەشتەرگەر، لە ئەنجامی بەساڵدا چوون، دووچاری دەست لەرزۆکی دەبێ و هەر کە دەستی نەشتەرگەر، بە هۆی پیری، کەوتە لەرزین، دەبێ دەست لە کاری نەشتەرگەری هەڵبگرێ.

سەرەڕای کاهینان و پزیشکان، ژمارەیەك لە خزمەتکارانی پلە بەرزی کۆشکی پاشایەتی کە بەهۆی پلەکانییەوە لەوتەلارە بوون، چونکە پلەکانی ئەوان وای دەخوازی کە لەکاتی نەشتەریکردنی کەسایەتییەکی وەك ئەنخاس ئاموون لەوێ ئامادەییان هەبێ.

ئەنخاس ئاموون لەو رۆژەدا، بەجۆرێك خۆی رازاندبۆوە و جل و بەرگی پۆشیبوو، کە کاتێك هاتە ناو تەلارەوە، ئەوانەی کە سەردەمی لاوی ئەویان وەبیر بوو، وایان وێنا کرد کە لاوێتی ئەنخاس ئاموون دووبارە گەڕاوەتەوە.

ئەو بەسەرێکی بەرز و هەنگاوی کورت، بەڵام رێکوپێك هەنگاوی دەنا، و پاش هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو تەلار، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد تانیشانی بدا کە لە کاری نەشتەرییەکە ترسی نییە. لە حاڵێکدا کە هەمووان دەیانزانی هەلی سەرکەوتنی کاری نەشتەرییەکە، پەنجا لەسەدەو بەو رێژەی پەنجا لە سەدەش ئەگەری مردنی ئەنخاس ئاموون هەیە.

پەنجەرەکانی ئەو تەلارەی کە جێگەی کاری نەشتەرییەکە بوو بەرەو باخ دەکرایەوە. لە پەنجەرەکانەوە روناکی زۆر بۆ ناو تەلار دەدرەوشایەوە.

لەوتەلارەدا مێزێکی بەردین، کە رووەکەی لێکولووس و سافکراو بوو، دەهاتە بەرچاو و ئەو بەردەیان بەجۆرێك هەڵ کۆڵیبوو، کە خوێنی کاتی نەشتەرییەکە بەرەو چاڵێکی تایبەت دەڕۆیشت و دەیان توانی رێڕەوی ژێرەوەی ئەو چاڵە بکەنەوە و لە ژێرەوە خوێن بە تاڵ بکرێ.

لە پەنای ئەو مێزە، مێزێکی دیکە، کە ئەویش هەر لە بەرد لێك و لووس و ساف کراو بوو، هەبوو. لەسەر ئەو مێزە نزیکەی بیست جۆر کەرەسەی نەشتەرگەری لە چەقۆوە بیگرە تا پنس (( گیرە )) کە هەموویان لە برونز دروست دەکرد، دەهاتە بەرچاو. ئەم کەرەسانەی

نەشتەرگەری ئەوەندە بە ناسکی دروست کرابوون و ساف کرابوون، کە لەوسەردەمەدا دەتگوت پارچەیەك گەوهەرن کە بەدەستی زێڕنگەران و گەوهەر سازان دروستکراون.

کەسێك کە دەهاتە ناو ئەم تەلارەوە، چەند مێزێکی لووس و سافکراوی، کە نزیکەی بیست ئامراز و ئامێری نەشتەرگەری باریك و درەوشاوە و سەدەها شووشە و گۆزەی بچووکی پڕ لە دەرمانی لەسەر بوو دەدی، کە بە شێوازێکی ڕێکوپێك لە یەك لای تەلار لە پەنای یەکەوە دانرابوون، ئەوێی بە جێگایەکی جوان دادەنا. بەڵام لەبەرچاوی مووسا ئەو تەلارە غەم هێنەر بوو. چونکە دەیزانی لەوانەیە دایکی لەو تەلارەدا بکوژرێ.

کوڕەلاو بیری دەکردەوە ئەگەر دایکی ماڵئاوایی لە ژیان بکا، ئەو ناتوانێ خۆی ڕابگرێ و فرمێسك بە چاوەکانیدا دێنە خوارێ، و هەموو ئەو کەسانەش کەلەو تەلارەدا ئامادەن، گریانی ئەو دەبینن.

کاتێك کە ئەنخاس ئاموون چووە ناو تەلار، ((ستی)) بە بۆنەی ئەوەی کە پزیشکی تایبەتی ئەو بوو، هەنگاوی هەڵێنا تا لە نەخۆش نزیك بێتەوە. بەڵام مووسا کە دەیزانی چارەسەرکردنەکانی ئەو پزیشکە کاریگەرییان نەبووە و ئەو نەیتوانیوە چارەسەری دایکی بکا، تەماشایەکی گرژی ستی کرد و ئەو پیاوە تێگەیشت کە کوڕەلاو تووڕەیە، گەڕایەوە دواوە. ئینجا ((رکوفار)) کە پیاوێکی باڵا بەرز و سەرۆکایەتی هەموو پزیشکانی کۆشکی پاشایەتی لە عۆدەی ویدا بوو، لە شاژنی میسر نزیك کەوتەوە و گوتی: ئەی ئیلاهەی گەورە و هاوسەری پاشا، هەموو کەرەسەیەك بۆ کاری نەشتەری ئامادەکراوەو هەر ئێستا بەرجەستەترین پزیشك لە پزیشکانی نەشتەرگەری میسر دێنە ناو ئەم تەلارەوەو دەس بە کاردەبن. تۆ ئەی ئیلاهەی گەورە نابێ پەشۆکاو ببی. چونکە کەسێك کە کاری نەشتەری بۆ تۆ دەکا، لە هونەری خۆیدا بێ هاوتایە و خۆشم بێ ئەوەی ساتێك غافڵ ببم، چاودێری کارەکانی دەکەم.

شاژن بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: من پەشۆکاویم نییە و هەروەکو دەبینی دڵشادم. بەڵام هاوسەری فیرعەون دڵشاد نەبوو. سەرباری سەرئێشە، ترس لە نەشتەرگەری، نەیدەهێشت ساتێك ئەو ئارام بگرێ. بەڵام نەیدەویست لە بەردەم حەشیمەتێکدا کە لەو تەلارەدا بوون، خۆی بە ترسنۆك پیشان بدا.

((رکوفار)) سەرۆکی پزیشکانی کۆشکی پاشایەتی گوتی: ئەی ئیلاهەی گەورە، کاتی ئەوەیە خۆت بۆ تاشینی قژی سەرت ئامادەبکەی، چونکە هەوەڵ جار دەبێ قژی سەری ئیلاهە بتاشرێ ئینجا دەس بەکاری نەشتەری بکرێ.



ئەنخاس ئاموون، بە هەر دوو دەستی خۆی قژی رووتی کە بەسەرسەرییەوە داینا بوو هەڵگرت و دایە دەستی یەکێك لە خزمەت چییان. لەو کاتەدا مووسا بە جۆریك بە شۆکا رەنگ لە روخساریدا نەما.

ئەنخاس ئاموون، کە بینی کوڕەکەی زۆر پەرێشانە لێی نزیك کەوتەوە و لەبەر ئەوەش کە مووسا لاوێکی باڵا بەرز بوو، بەسەر نووکی پەنجەی پێکانییەوە خۆی بەرزکردەوە تا نێو چاوانی ماچ بکاو پاشان گوتی: ڕۆڵە، ڕەنگە ئەم ماچە نیشانەی خواحافیزیی بێ و ئیدی تۆ، من بە زیندوویی نەبینییەوە، بەڵام پاش من غەم مەخۆ و هەوڵ بدە کە بەردەوام لە غەم و ناخۆشی بە دوور بی.

مووسا، بە جۆریك شپرزە ببوو کە ئاموون تپ دیقەتیدا ئەگەر ئەو لە ئەنخاس ئاموون دوور نەخاتەوە، لەوانەیە دەست بە گریان بکا. ئەو دەستی مووسای گرت و لە دایکی دوورخستەوە، لە هەمان کاتدا، ئەو نەشتەرگەرەی کە دەبووایە ئەنخاس ئاموون نەشتەری بکا گەیشتە ئەوێ. لەو ساتە بەدواوە، پەردەیەك، کەلە نێوان بەشی نەشتەرگەری تەلار و بەشەکانی دیکەی تەلاردا هەبوو، ڕاکێشراو بەشی نەشتەرگەری کەوتە پشتی پەردەوەو مووسا، کە لەو بەشەوە دوور بوو ئیدی دایکی نەدی.

ئەویش هەروەك ئەوانی دیکە لە تەلار بەجێما.پاشان لە ئاموون تپی پرسی: ئایا تۆ لە کاتی کاری نەشتەرگەریدا لێرە دەمێنی؟

ئاموون تپ گوتی: ئایا دەکرێ کە من لە کاتێکی ئاوادا دایکت بەجێ بێڵم و ئەو بەتەنیایی بەجێ بێڵم. هەڵبەتە من لێرە دەمێنمەوە تا ئەو کاتەی کاری نەشتەرگەری کۆتایی دێ.

مووسا پرسی: ئایا کاتێك کە دایکم دەکەوێتە ژێر کاری نەشتەری ئەو دووچاری ئازار دەبێ؟

ئاموون تپ وەڵامیدایەوە: پێش ئەوەی دەست بکەن بە تاشینی قژی سەری دەرمانێکی دەدەنێ کە خەوی لێ بکەوێ.

مووسا پرسی: ئایا لە حاڵی خەوتندا هەست بە ئازاری نەشتەری دەکا یان نا؟ ئاموون تپ گوتی: من بە یەقینی ناتوانم بڵێم کە پاش خەوتن ئایا هەست بە ئازار دەکا یان نا، بەڵام بە جۆرێك کە بەردەوام تاقییان کردۆتەوە، کاتێك کە نەخۆش لە خەو خەبەری دەبێتەوە لە بیری نایە کاتی خەوتن دووچاری ئازار بوو بێ؟

مووسا پرسی: ئەو دەرمانە چییە کە کارێکی وا سەیر لە نەخۆش دەکا کە ئازار لە بەین دەبا، یان بیرەوەری ئازار چەشتن ناهێڵێ؟

ئاموون تپ گوتی: ئەم دەرمانە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهێنن و لە گیایەك وەریدەگرن کە لە سەرەتادا گیایەکی کێوی بوو. بەڵام پاش ئەوەی خەسڵەتەکانیان ناسی، ئەو گیایەیان چاند و کردیان بە گیایەکی رام بوو. ئەو گیایە کە دەوەنێکە و لە ساڵێك زیاتر تەمەنی نییە میوەیەکی هەیە کە دەرمانی ئەفسوونی لەو بەرەیەوە وەردەگرن.

مووسا پرسی: ناوی ئەو گیایە چییە؟

ئاموون تپ گوتی: ناوی ئەو گیایە خاشخاشەو خۆشاوی میوەی ئەو گیایە چەند ناوێکی هەیە و لە ڕۆژهەڵات ئەفیونەو لێرە بە تریاك ناسراوە.

مووسا گوتی: من ناوی ئەو دەرمانەم بیستووە.

ئاموون تپ گوتی: ئەم دەرمانە، دەرمانی لەبەین بردنی ئازارەو هیچ کام لە دەرمانەکان، وەك ئەمە ئازار لە بەین نابا. هۆکاریشی ئەمەیە کە دەمارەکان سر دەکا و بەربەستی لەوە دەکا کە هەست بە ئازار بکەن.

مووسا گوتی: ئەگەر من گوێم لە ناڵەی دایکم بێ نازانم چم بەسەر دێ.

ئاموون تپ گوتی: تۆ گوێت لە ناڵەی دایکت نابێ، چونکە پاش خواردنی دەرمانەکە، خەوی لێ دەکەوێ.

مووسا و ئاموون تپ لە پەنای یەکەوە راوەستان و بێدەنگ بوون.

ئاموون تپ، بە هۆی ئەوە کە سەرۆکی کاهینانی کۆشك بوو، دەیتوانی لە کاتی نەشتەرگەریدا لەسەر سەرینی ئەنخاس ئامادەبێ. بەڵام نەیدەویست مووسا بە تەنیا بەجێ بهێڵێ. چونکە دەیزانی ئەگەر مووسا بە تەنیا بمێنێتەوە، لەوانەیە لە تین و تاوی بێ تەحەمولیدا، بێتە سەر سەرینی دایکی و چاوی بە دیمەنی نەشتەرییەکە بکەوێ و لە غەماندا بقیژێنێ. ئەوە بوو ئاموون تپ لە پەنای مووسا مایەوە تا ئەو کاتەی کاری نەشتەرییەکە کۆتای هات. (٢٨)

(٢٨) ئەم کاری نەشتەریکردنی کەللەی سەر کە لە میسر داهێنراوە ئەمڕۆ لە زمانی ئینگلیزیدا بە ناوی ((ترپ نینگ)) و لە زمانی فەرەنسی دا ((ترە پانا سیو )) دەخوێندرێتەوەو وشە ئینگلیزییەکە، وەك زۆربەی زاراوە پزیشکییەکانی ئینگلیزی، لە وشەیەکی فەرەنسی وەرگیراوە و بەوجۆرە کە ئاماژەمان بۆکرد پزیشکانی کۆنی میسر، نەتەنیا هەر کەللەسەریان نەشتەری دەکرد، بەڵکو دەیانتوانی خۆ لە کاری ئاپاندیست بدەن و



دواجار کاری نەشتەری کۆتایی هات و ئەنخاس ئاموون لەو بەشەی تەلار کە جێگەی نەشتەرگەری بوو هێنرایە دەرەوە.

مووسا دیتی کە دایکیان لەسەر رووی یەك تەختی دەستی داناوە و سەری بە برێك شریت لەو شریتانەی کە لە مردووە مۆمیا کراوەکانی دەپێچن، بە ستراوە. سەرەڕای ئەوەش کە هەزارەها ساڵ لەو مێژووە تێدەپەڕێ، هێمان ئێمە بۆ برین پێچان لەو شریتانە کەڵك وەردەگرین کە میسرییەکان دایانهێناوە.

شەش غولام، تەختی ئەنخاس ئامونیان بەرزکردەوە و بۆ ئەو بەشەی کۆشکیان گواستەوە کە ماڵی ئەوی لێ بوو.

مووسا و ئاموون تپ لە پشتی ئەو تەختەوە کە شاژنی میسری بەسەرەوە بوو کەوتنە رێ و سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی گوتی: ئێستا دایکت پێویستی بە پشوودانەو تۆ نابێ قسەی لەگەڵدا بکەی.

مووسا گوتی: من قسەی لەگەڵدا ناکەم، بەڵام دەمەوێ لە پەنای ئەو بم.

ئەو غولامانەی کە تەختەکەیان هەڵگرتبوو، تەختەکەیان لەسەر زەوی دانا و چەند کەس لە کەنیزەکان شاژنیان لەسەر تەختی دەستییەوە بۆ سەر ئەو نوێنگەیە گواستەوە کە بۆیان ئامادە کردبوو.

مووسا، تەماشای کرد چاوەکانی دایکی بەستراونەتەوە، لە ئاموون تپی پرسی: بۆچی دایکم لە خەو خەبەری نابێتەوە؟

ئاموون تپ بەئەسپایی گوتی: دایکت هێشتا لە ژێر کاریگەریی ئەو تریاکەدایە کە داویانەتێ و تریاك کە دەرمانی سڕکردنە، خەو لە مرۆڤ دەخا.

مووسا پرسی: خەوی ئەو تاکەی درێژە دەکێشێ؟

ئاموون تپ گوتی: وای دەبینم تاکو رۆژئاوا درێژە بکێشێ، بەڵام ئەو باشتر کە دایکت بەردەوام بخەوێ، چونکە پاش ئەوەی خەبەری بۆوە، ماوەیەك هەست بە ئازار دەکا.

مووسا گوتی: مەگەر سەریان کون نەکردو هەڵمێکی کە لە ناو کەللەسەری دابوو نەهاتە دەرەوە؟

دەمارەکانیان دەناسی و دەیانزانی کە دەرمانی سڕکردن بەو هۆیەوە کە تەئسیر لە دەمارەکان دەکا، ئازار لە بەین دەبا.(و.ف)

ئاموون تپ گوتی: بۆچی، بەڵام برینی نەشتەرییەکە ماوە و ئەو برینە ماوەیەك ئازاری هەیە و ئێستا کە دایکت خەوتووە، ئازاری ئەو برینە هەست پێ ناکا. بەڵام پاش ئەوەی کە خەبەری بۆوە ماوەیەك هەست بە ئازار دەکا و ناڕەحەت دەبێ.

مووسا پرسی: ئەو کاتە بۆ دەرمانی ئازارەکەی ئەو چی دەکەن؟

ئاموون تپ گوتی: لەوانەیە جارێکی دیکە تریاکی بدەنێ، بەڵام ئەو تریاکەی پاش بێدار بوونەوەی دایکت، دەیدرێتێ، لەو تریاکە کەمترە کە پێش کاری نەشتەرییەکە داویانەتێ.

کاتێك کە ئەنخاس ئاموونیان لەسەر جێگاکەی دانا تا بحەسێتەوە، دوو کاتژمێر و نیو لە نیوەڕۆ تێپەڕیبوو. مووسا بەکەنیزانی گوت کە لەبەر ئەوەی کەس کارێکی بەوان نییە بڕۆن و ئێمە (ئاموون تپ و مووسا) بە تەنیا بەجێ بێڵن.

کەنیزەکان ڕۆیشتن و ئاموون تپ گوتی: دایکت خەوتووەو بەو جۆرە کە گوتم واباشترە بخەوێ تاکو بحەسێتەوە و تۆ دەتوانی بۆ نان خواردن بڕۆی.

مووسا گوتی: من ئارەزووی خواردنم نییەو لێرە دەمێنمەوە

ئامن تپ گوتی: حەز دەکەی بڵێم خواردنی تۆ بێنن بۆ ئێرە؟

مووسا گوتی: من ناتوانم نان بخۆم.

ئاموون تپ کە برسی بوو و بە ئەندازەی مووساش خەمی نەبوو کە تا ئەو ڕادەیە بەربەستی لە نان خواردنی ئەو بکا، گوتی: من ئەمرۆ بەیانی هیچم نەخواردوە و وەکو تۆش لاونیم تا هێزم لە بەردابێ و ئێمەی پیرەمێرد، پێویستیمان بە خواردنەو ئەگەر ماوەیەك خواردن نەخۆین، لەبەر بێ تاقەتی لە پەل و پۆ دەکەوین.

مووسا گوتی: تۆ بڕۆ نان بخۆ و من لێرەم و چاودێری دایکم دەکەم.

سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بۆ نان خواردن لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەو ژوورەی کە ئەنخاس ئاموونیان لێ خەواند بوو بە ماڵی هەمیشەیی هاوسەری فیرعەون دەژمێردرا. مووسا قۆناغی منداڵی خۆی لەگەڵ دایکی، لەو ژوورەدا بەسەر برد بوو و وردەکارییەکانی ئەو ژوورەی دەناسی.

پەنجەرەکانی ئەو ژوورە بەرەو ڕووباری نیل دەکرانەوە و مووسا لە حاڵێکدا کە لەو ژوورەدا دانیشتبوو دەیتوانی هەموو بەلەمەکان و ئەو کەشتییانەی کە لە شەتی نیلەوە بەرەو سەرەوە دەڕۆیشتن (مانای بەرەو باشوور) یان کە ڕێگەی خوارەوەی شەتی نیل دەگرتە بەر، ببینێ و دەنگی گۆرانی کەشتیوانانیشی دەکەوتە بەرگوێ.



ئەو ڕۆژە مووسا دەمێك لە شەتی نیلی دەڕوانی، و زەمانێك چاوی لەسەر شەتی نیل هەڵدەگرت و سەیری روخساری دایکی دەکرد، و دەیبینی کە روخساری ئەو خانمە میهرەبانە، کە ڕۆژانێك ئایەتی لوتف و میهرەبانی بوو، تێکشکاوە و ڕەنگی بەتەواوی زەرد بووە.

ڕۆیشتنی ئاموون تپ کە بۆ نان خواردن چووبوو، نزیکەی دووکات ژمێری درێژە کێشا. پاش ئەوەی کە گەڕایەوە خۆر بەرەو خوار لار ببۆوە و دەمی ((عەسرێکی درەنگ)) داهاتبوو.

مووسا بە هێواشی بە ئاموون تپی گوت: هێشتا دایکم لە خەو خەبەری نەبۆتەوە.

ئاموون تپ گوتی: هەر چەندێك بخەوێ بۆ ئەو باشترە.

مووسا پرسی: ئایا وێنا ناکەی ئەم خەوە درێژە، نا ئاسایی بێ؟

ئاموون تپ گوتی: نا، جاری وا بووە کە هەندێك لە نەخۆشان پاش ئەوەی کاری نەشتەری کەللەسەریان بۆ کراوە، تا دوو شەو دوو ڕۆژ بە هۆش خۆیان نەهاتوونەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بە کوڕەلاوی گوت کە خەوی دایکی ئاساییە و نابێتە جێگەی نیگەرانی، بەڵام لاوەکە چاوی لەسەر روخساری دایکی هەڵنە دەگرت و پەی بەوە دەبرد کە ڕەنگی وەکو ئەوە وایە کە زەردتر دادەگەڕێ.

بە ئەسپایی لە ئاموون تپی پرسی: لە بەر چی ڕەنگی دایکم ئاوا زەرد بووە؟

ئاموون تپ گوتی: هەر کەسێك کاری نەشتەری کەللەسەری بۆ دەکەن، پاش کۆتایی هاتنی نەشتەرییەکە، ماوەیەك ڕەنگی زەرد دەبێ. هۆیەکی تری ڕەنگ زەردیی دایکت ئەوەیە کە خۆر هاتۆتە خوارەوە و لە سوێگەی ئاوا بوون نزیك بۆتەوە و تیشکی خۆر ئەرخەوانی بووە و تیشکدانەوەی ڕووناکی خۆر، روخساری دایکت بە زەرد نیشان دەدا.

پاشان، ئەو ماسی گرانەی کە بە بەلەم بۆ ڕاوە ماسی ڕۆیشتبوون، گەڕانەوە، و مووسا، بەلەمەکانی ماسیگریی، کە لە بەشی خوارەوەی شەتی نیل دەهاتن و بەرەو بەشی سەرەوەی شەت دەڕۆیشتن، بینی.

تیشکی خۆر کە لە سوێگەی ڕۆژئاوا نزیك ببۆوە، لە یەکێك لە پەنجەرەکانی ڕۆژئاوای ژوورەکەوە کەوتە سەر روخساری ئەنخاس ئاموون، و مووسا هەستا تا پەردەکە بخاتە بەرامبەر ئەو پەنجەرەیە وتیشکی خۆر ئازاری دایکی نەدا.

پاش ئەوەی پەردەکەی لە بەرامبەر پەنجەرەکە دانا و گەڕایەوە، بینی کە سنگی دایکی وەك ئەوە وایە کە ناجوڵێتەوە و بەوەحشەتەوە دەستی ئاموون تپی گرت و گوتی: تەماشاکە، سنگی دایکم بێ جووڵە بووە.

ئاموون تپ که دانیشتبوو، هەستاو ترپەی ئەنخاس ئاموونی گرت و پتر لە پێنج خولەك بێ ئەوەی قسەیەك بكا، ترپەی ئەوی لە نیو دەستدا بوو و ئینجا بە هێواشی دەستی ئەنخاس ئاموونی لە پەنای خۆیەوە دانایەوەو بە گوێی مووسایدا چرپاند:

دڵی دایکت لێ نادا.

مووسا، بە هەڵەداوان لە ژوورەکە رایکرد و چووە دەرەوە بۆ ژوورێکی دیکە و لەوێ ئاوێنەیەکی برۆنزی هێناو لە بەرامبەر لووت و دەمی دایکی رایگرت و بە دیقەتەوە لە ئاوێنەکەی دەڕوانی. بەڵام نیشانەی هەناسەدانی نەخۆش، لەسەر ئاوێنە وەدیارنەکەوت. لە هەمانکاتدا کە مووسا ئاوێنەی لە بەرامبەر لووت و دەمی ئەنخاس ئاموون راگرتبوو، چاوە داخراوەکانی ئەو ژنە، دووبارە هەڵگەڕانەوەو بێ ئەوەی کە پێڵوی چاوەکانی بجوولێن لە مووسا راما بوون.

مۆلەق بوونی پێڵوی چاوەکان و لە لێدان کەوتنی ترپە و وەستانی هەناسە، بۆ ئاموون تپی سەلماند کە هاوسەری فیرعەون، ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. ئاوێنەکەی لە دەستی مووسا وەرگرت و ئەو لاوەی لە تەرمی دایکی دوورخستەوەو گوتی: ئەی کوڕی گەورە، دایکت بۆ دنیای رۆژئاوا رۆیشت (مانای ماڵاوایی لە ژیان کرد)[(٢٩)]

کوڕەلاو هاوارێکی لێ هەستا و خۆی هەڵدایە سەر تەرمی دایکی و گوتی: ئەی تەنیا کەسێکی کە لەو جیهانەدا منت خۆشدەویست، بۆچی بە تەنیا بەجێتهێشتم و رێگای دنیای رۆژئاوات گرتە بەر؟ مەگەر نەتدەزانی کە من جگە لە تۆ دۆستێکی میهرەبانم نەبوو و تەنیا تۆ بووی کە لە ناخی دڵەوە منت خۆش دەویست؟

(٢٩) ئەگەرێکی زۆر هەیە رووداوێکی ئاوا لەو سەردەمەدا رووی دابێت و یەکێك لە هاوسەرانی فیرعەونیان بۆ نەشتەری کەللەی سەر بە پزیشکان سپاردووەو نەخۆش دوای چەند کاتژمێرێکی پاشتر لە نەشتەرییەکە مردبێ. بەڵام بێ دوو دڵی ئەم شازادەخانمە کەسێکی دیکە بوە. (لەوانەیە) لێکچوونی ناو یا شتێکی دیکە بۆتە هۆکاری ئەو تیکەڵ کردنە. چونکە شاژنی میسر، کە بە دایکی مووسا (س.خ) حسێب دەکرا، هەمان ئەو خانمە ئازادەیە کە پاشان، دوای ئەوەی کە مووسا (س.خ) بو بە پێغەمبەر، ئیمانی بە خوای ئەو هێناو سەرەڕای گوشار و هەڕەشەکانی هاوسەرەکەی، لەسەر ئیمانی خۆی مایەوە. بە فەرمانی فیرعەون ئەویان بەسەختی خستە ژێر ئەشکەنجە دانەوە، بەڵام توانای ئیرادەو باوەڕی ئەو ژنە لە توانای جەللادان بە هێز تر و زیاتر بوو، بۆیە بە فەرمانی فیرعەون ئەویان کوشت(ز.م).



ئاموون تپ، مووسای لەسەر تەرمی دایکی دوورخستەوە و گوتی: ئەی مووسا دایکت بە حاڵی خۆیەوە بە جێ بیلەو ئازاری مەدە. دایکت کە چووەتە دنیای رۆژئاوا لەوێ زۆر کاری هەن و تۆنابێ باری ئەو قورس بکەی و نەهێڵی بجولێتەوە و لە دنیای رۆژئاوا بە کارەکانی خۆی رابگا.

مووسا لە ترسی ئەوەی کە لە دنیای رۆژئاوا ببێتە مایەی ئازاردانی دایکی لە تەرمەکە دوورکەوتەوە و ڕووی لە خۆر، کە کەوتبووە پشت سوێگە و تەنیا تیشکێکی باریکی بەشی سەرەوەی دەبینرا، کرد و گوتی: ئەی ئاموون، بۆچی دایکمت هێنایە بوون کە پاشان ئەو بمرێنی و ئایا ئاگات لە حاڵی من هەیە و دەزانی بە مردنی دایکم چی بەسەر من دێ؟

ئاموون تپ، دەیزانی ئەگەر مووسا لەو ژوورە بمێنێتەوە کە دایکی تێدا مردووە، دیسانەوە تەحەمولی نامێنێ و خۆی دەخاتەوە سەر تەرمی دایکی و دەستی گرت و ئەوی لە ژووری مردووەکە بردە دەرێ، و ژمارەیەك لە خزمەتچیانی ئامادەکرد و پێی گوتن کە بچنە ژورەوە و لە پەنا تەرمی ئەنخاس ئاموون بمێننەوەتا پاشان فیرعەون لە بارەی تەرمەکەوە فەرمان دەربکا.

شەو باڵی دادابوو، ئەستێرەکان لە ئاسمان دەبینران. ئاموون تپ لە حاڵێکدا کە هەروا دەستی مووسای گرتبوو ئەوی لە تەلارەکە بردە دەرێ و بردیە ناو باخ و لەوێ تالێواری باخ رۆیشتن تا لەوێوە بتوانن رووباری نیل ببینن.

لەوێ پاڵیان بە پلیکانەیەکی بەردینەوەدا کە بە دەوری باخ دا دروستکرا بوو. ئاموون تپ گوتی: ئەی مووسا من هەقت دەدەمێ کە بۆ مەرگی دایکت یەکجار غەمبار و دڵتەنگ بی. چونکە هەر وەکو خۆت گوتت دڵسۆزترین دۆستی تۆ بوو. ئەو بەردەوام داکۆکی لە تۆ دەکرد و ئەگەر دایکت بەرگریکاری تۆ نەبووایە، تۆ ئەمڕۆ بوونت نەدەبوو. بەڵام بەربەرەکانی لەگەڵ مردندا ناکرێ و هەموو تاکەکان دەمرن و هیچ کەسێك بەزیندوویی نامێنێ. تۆ کە زانستی مێژووت خوێندوە دەزانی کە تا ئەمڕۆ بیست زنجیرە لە پاشایان لەم وڵاتەدا پاشایەتیان کردووە و هەموو ئەمانە لە سەردەمی ژیانی فیرعەوندا بوون، بەڵام تەنانەت یەك تاکە کەسیش لەوانە نەماوە و هەموویان، ماڵئاواییان لە ژیان کردووە. هەندێکیان لە تافی لاویدا بارگەیان لەم دنیایە پێچاوەتەوە و بەرەو دنیای رۆژئاوا گواستویانەتەوە.

ئاموون تپ درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: ئەگەر ئەو خزمەی ئێمە ماڵئاوایی لە ژیان بکردبایەو ئێمە زیندوو مابایەنەوە، شایانی ئەوە بوو کە بۆ مەرگی ئەو تەحەمولمان لەدەس بدەین چونکە دەمانزانی کە ئەو رۆیشتووە و، بەڵام ئێمە دەمێنین و تەمەنی نەمریمان هەیە.

بەڵام ئێمەش هەروەکو ئەو خزمەی خۆمان لەم جیهانە دەردەچین و بۆ دنیای ڕۆژئاوا دەگوازینەوە.

ئێمە وەکو بەلەمەکان واین کە یەك بە دوای ئەوی دیکەدا، لە کاتی ڕۆژ جارێك و لە کاتی شەودا جارێکی تر، لەم شەتە گەورەیەدا تێدەپەڕن. هەندێکیان لە پێش هەندێکی ترەوەن، بەڵام ئاکام، هەمووان، لەو شەتەدا تێدەپەڕن و هیچ بەلەمێك، بۆ هەتا هەتایە، لەو شەتەدا نامێنێتەوە.

مووسا گوتی: ئەی ئاموون تپ، تۆ دەڵێی فیرعەون دایکی منی زۆر خۆشدەویست ئەی بۆ بە دایکمی گوت کە ڕەزامەندیی لەسەرکاری نەشتەریی قبووڵ بکا تا لە ئاکامی نەشتەریی گیانی لە دەسدا. ئەگەر فیرعەون بە دایکمی نەگوتبایە خۆت نەشتەریی بکە لەوانە بوو دایکم دە بەڵکو تا بیستساڵی دیکە زیندوو بمابایە.

ئاموون تپ گوتی: هۆکاری ئەوەی کە فیرعەون بە دایکتی گوت کە سەری خۆی نەشتەریی بکا ئەوە بوو کە ئەوی خۆشدەویست. بەڵام دەیدی کە دایکت بەردەوام لە ئازار دایە و بۆ ئەوەی ئەو لەو ئازارە هەمیشەییە ڕزگاری ببێ، پێیگوت کە خۆی نەشتەریی بکا. چۆنیەتی کاری نەشتەرگەریش لە کەللەسەردا ئەوەیە کە نیوەی ئەوانەی کە ئەم جۆرە نەشتەرگەرییەیان بۆ دەکرێ دەمرن و نیوەی تریان زیندوو دەمێنن. ناشتوانری پێش کاری نەشتەرگەرییەکە درك بەوە بکرێ کە کامیان زیندوو دەمێنێ و کامیان دەمرێ.

لەو دەمەدا مانگ هەڵهات و مووسا و ئاموون تپ چاویان لە مانگ بڕی و بێدەنگ بوون.

پاش ماوەیەك ئاموون تپ هاتە قسەو لە مووسای پرسی: ئەی مووسا بۆچی قسە ناکەی و هیچم لێ ناپرسی؟

مووسا گوتی: ئەی ئاموون تپ تا ڕۆژێك کە دایکم زیندوو بوو، نهێنی منی دەرنەخست ئایا ئێستا کە دایکم مردووە نابێ من لە نهێنییەکانی ژیانی خۆم ئاگادار بم؟

ئاموون تپ گوتی: من ئەمە دەسەلمێنم کە تۆ دەبێ لە بارەی نهێنییەکانی ژیانی خۆت زانیاری وەربگری، بە تایبەتی دوای ئەوە کە پاش مردنی دایکت لەوانەیە منیش بمرم و ئەو کاتە کەس نییە کە دەربارەی نهێنییەکانی پەیوەست بە ژیانی تۆ وە، ئاگادارت بکا.

مووسا گوتی: من لە تۆ دەپرسم بۆچی منیان ناونا مووسا مانای ((منداڵی پێدراو)) و ئەم ناوە ناوێکی نیوە چڵەو لە میسر، ناوی ئاوا لە منداڵ نانێن؟



ئاموون تپ گوتی: منیش ئێستا ئەو نهێنییە بۆ تۆ ئاشکرا دەکەم. هۆی ئەوەی کە تۆیان بە مووسا ناونا نەك بە ((ئاموون مووسا)) بۆ ئەوە بوو کە دایکت نەیدەویست ناوی ئاموون لەسەر ناوی تۆ هەبێ. بەڵکو ئارەزووی وابوو کە تۆ ڕۆژێك بتوانی ناوی ئاتوون بخەیە سەر ناوی خۆت و بە تۆ بڵێن ((ئاتوون مووسا)).

مووسا گوتی: مەگەر دایکم نەیدەزانی تا ڕۆژێك ڕامسیسی دووەم پاشا بێ، مەحاڵە لەم وڵاتەدا کەسێك بتوانێ ناوی ئاتوون لە خۆی بنێ و هەر کەسێك ئەم کارە بکا دەکوژرێ؟

ئاموون تپ گوتی: دایکت ئارەزووی ئەوە بوو کە تۆ ببیە پاشای میسر و پاش ئەوەی بوویە پاشای میسر، کەس نەیدەتوانی بە هۆی ئەوەوە کە خاوەنی ناوی ((ئاتوون مووسا)) ی تۆ بکوژێ.

مووسا گوتی: ئەگەر بەوپێیە بێ دایکیشم لەسەر ئایینی ((ئاتوون)) بوو؟

ئاموون تپ گوتی: بەڵێ، دایکت لە ناخدا ئایینی ئاتوونی هەبوو. تەنانەت یەکەمین ناوی ئەو ئەنخاس ئاتوون بوو و پاشان گۆڕییان بۆ ئەنخاس ئاموون.

مووسا گوتی: منیش هەستم بەوە دەکرد کە دایکم ئارەزووی مەقامێکی یەکجار گەورەی بۆ من دەکرد. بەڵام من چۆن دەمتوانی ببمە پاشای میسر لە حاڵێکدا کەسوورەوەبوو نییە من میسری بم. بە ڕاستی ئایا من میسریم یا نا؟

ئاموون تپ گوتی: نا، ئەی شازادە، تۆ میسری نی. بەڵام میسری نەبوونی تۆ نەدەبووە بەڵگە بۆ ئەوەی بە پاشایەتی نەگەی، لەبەر ئەوەی کە ئاتوون ((خۆر)) تەنیا میسر گەرم ناکاتەوە، بەڵکو هەموو زەوی و دەریاکان گەرم دەکاتەوە و کەسێك کە پەیڕەوی ئایینی ئاتوونە، دەتوانێ لە میسر بە پاشایەتی بگا و ئەو ئایینە پەرە پێبدا.

مووسا گوتی: ماوەیەك بوو درکم بەوە کرد بوو کە نابێ من میسری بم. چونکە لە رووی باڵاو شان و قەڵافەتەوە بە میسریان ناچم، بەڵکو بەدانیشتوانی کۆش و میسری سەروو دەچم هەر چەندە کۆش، سەر زەوینێکە لە میسری خواروو مانای لە باکوور و لە ڕۆژهەڵاتی ئاوڕێژگەی ڕووباری نیل هەڵکەوتوە و میسری سەروو لای باشوورە. من دەمزانی میسری نیم، بەڵام کەس بەمنی نەدەگوت خەڵکی کوێم و ئێستا بە من بڵێ لە کام سەرزەوین هاتوومەتە بوون.

ئاموون تپ گوتی: من دەزانم کە تۆ ئاگاداری مێژووی میسری و دەزانی کە پاش مردنی ئەخناتوون، کە ئایینی ئاتوونی لە میسر پەرەپێدا، کاهینانی پەرستگاکانی میسر لە

سەردەمی پاشایەتی ئەخناتوون کە لە ئیمتیازەکانی خۆیان بێبەش ببوون، هۆکاری جەنگێکی نێو خۆیی گەورەیان هێنایە ئاراوە.

لە ئاکامی جەنگی نێو خۆیی میسر، پاشایەك بە ناوی ((ستی)) هاتە سەرکار، کە داژداری ئاموون بوو. ئەو بێ بەزەییانە تەواوی پەیڕەوانی ئاتوونی لە نێو بردو پەرستگاکانی بەکاهینانی پێشوو سپاردەوە تا وەکو جاران کەڵك لە تەرخانەکانی[٣٠] وەربگرنەوە. ناوی ژنەکەی ((ستی)) ئەنخاس ئاتوون بوو، بەڵام ستی ژنەکەی خۆی ناچارکرد کە ناوی ئاتوون لەسەر ناوەکەی خۆی هەڵبگرێ و ناوی ئاموون بخاتە سەر ناوەکەی خۆی.

ئەنخاس ئاتوونیش ناچار ناوی خۆی گۆڕی و ناوی ئەنخاس ئاموونی لە خۆی نا. ئەو ژنە کە دایە گەورەی تۆ بوو، بە حوکمی مێردەکەی ناوی خۆی لەسەر ناوی کچەکەی خۆی (دایکی تۆ) دانا و دایکت ناونرا ئەنخاس ئاموون. بەڵام دایە گەورەی تۆ کە پەیڕەوی ئایینی ئاتوون بوو کچەکەی خۆی بە جۆرێك پەروەردە کرد کە باوەڕی بە ئاتوون هەبێ. دایکت تا ئەمڕۆش و تا دواین ساتی پێش ئەوەی کاری نەشتەربی بۆ بکرێ، داژداری ئاتوون بوو. بەکورتی لە ترسی هاوسەرەکەی زاتی نەدەکرد ئایینی خۆی ئاشکرا بکا.

مووسا گوتی: قەرار بوو تۆ بڵێی کە من خەڵکی کام سەرزەوینم و نهێنیی هاتنە بوونی من ئاشکرا بکەی؟

ئاموون تپ گوتی: کەمێك ئارام بگرە بەزوویی دەگەینە ئەو جێیەش.

فیرعەون و ئەنخاس ئاموون کە زەماوەندیان گرت یەکجار لاو بوون، بەڵام بەزوویی دەرکەوت کە ئەنخاس ئاموون دایکی تۆ نەزۆکەو ناتوانێ منداڵی ببێ. کەسانی ئاسایی ئەگەر منداڵیان نەبێ خەفەتی بۆ ناخۆن. بەڵام پاشایەك ناتوانێ بێ منداڵ، و بە تایبەتی کوڕ کە پاش ئەو جێگای بگرێتەوە، بژیاو بۆ هەر پاشایەك، بوونی جێنشین پێویستییە.

پاش ئەوە، رامسیسی دووەم ناچار بوو کە ژنانی دیکە هەڵبژێرێ تا لەوان منداڵی پەیدابێ.

کاتێك من لەگەڵ ئەنخاس ئاموونداا بوومە ئاشنا، کاتێك بوو کە ئەو لەبێمنداڵی رەنجی دەکێشاو خەمێکی، کە لە ئاکامدا، ئەمڕۆ ئەوی بۆ دنیای رۆژئاوا بەڕێ کرد، بۆ دروست ببوو و بە ئومێدی ئەوەی کە بتوانێ خەمی خۆی فەرامۆش بکا، لە میسر دەگەڕاو بە تایبەتی بە سواری کەشتی، لە ناوچەی ئاوڕێژگەی رووباری نیل، کە دەزانی خاوەنی لقی جۆر بە جۆرە، دەگەڕا.

(٣٠) تەرخان: ماڵ و پارە و زەوی لە قەبەڵ کراو بۆ پەرستگاکان (وەرگێڕ).



ئەنخاس ئاموون رێگەی بە مندا کە لە سەفەرەکاندا لەگەڵیدا بم، لە یەکێك لەو سەفەرانەدا، ئێمە لە لقێکی رووباری نیل، کە سەرزەوینی کۆش لە لای رۆژهەڵاتی ئەوێ هەڵکەوتووە، تێدەپەڕین.

لقی رووباری نیل بەرتەسك بۆوە و پانی رووبار بە جۆرێك کەم بۆوە کە کاتێك سەوڵ لێدەران، سەوڵەکانی خۆیان دەخستەوە ناو ئاو دەبووایە ئاگادار بن کە سەوڵەکانیان لە دوو لاوە بە دەوەنەکانی لێوارەکان نەکەون و جووڵانەوەی کەشتییەکە ناڕیك و پێك نەکا یاخود لە ئاکامی پێکدادان لەگەڵ دەوەنە ئەستوورەکاندا تێك نەشکێ. لە حاڵێکدا کە سەوڵ لێدەران بە پارێزەوە سەوڵیان لێدەداو کەشتی بەرەوپێش دەچوو، ئەنخاس ئاموون لە ناو کەشتیدا پاڵ کەوتبوو و گوێی لە گۆرانی یەکێك لە کەنیزەکان راگرتبوو، چونکە هێشتا لاو بوو و تاقەتی گوێگرتنی لە مۆسیقا هەبوو و خەمی ژیان، زەوقی ئەوی لە بەین نەبرد بوو. من لە پەنای دایکت راوەستا بووم و گوێم لە گۆرانی دەگرت و چێژم لە گۆرانی وەردەگرت و لە ناکاو لە ناو ئاوەکە، دایکت چاوی بە شتێك کەوت و سەرنجی منیشی بەرەو ئەو شتە راکێشا. دەبێ ئەوەش بڵێم کە دایکت و من لە پێشەوەی کەشتی بووین و سەوڵ لێدەران لە دوو لای چەپ و راست، لە پشتی ئێمەوە بوون و نێوانی ئێمە و ئەوان، لە کەشتیدا تاڕادەیەك ماوەیەکی زۆری هەبوو و لە پشت سەوڵ لێدەرانەوە، سوکانداری کەشتی بوو.

سەوڵ لێدەران ئەو شتەیان نەدی. بەڵام من و دایکت ئەومان بە باشی دی و کاتێك کەشتی لەو شتە نزیك بۆوە، ئێمە بینیمان کە سەبەتەیەکە، بەڵام سەبەتەیەك کە بە هۆی گەچ و برێك قوماش کونەکانی سەبەتەکەیان قەپات کرد بوو و لە ناو سەبەتەکەدا کورپە ساوایەکی تازەبوو، دەهاتە بەرچاو. هەر لە نیگای هەوەڵێرا، مرۆڤ تێدەگەیشت کە تەمەنی ئەو ساوایە بەلانی زۆرەوە دوو هەفتەی تێپەڕ نەکردووە.

ئەنخاس ئاموون خۆی دەستی درێژ کرد و ئەو ساوایەی لە ناو سەبەتەکە هێنایە دەرێ. لەو دەمەدا ئێمە دیقەتماندا کە ئاو دزەی کردۆتە ناو سەبەتەکەوە و ئاوی تێدا گەڕاوەو ئەگەر کەشتی پاشایەتی نەگەیشبایەو ئەو سەبەتەیەی نەدیتبایەوە، ئەو ساوایە بە سەبەتەوە نقوم دەبوو.

ئاموون تپ ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: ئەی مووسا ئەو کۆرپە تازە بووە، کە ئەو رۆژە ئەنخاس ئاموون لە نێو سەبەتەکەدا هێنایە دەرێ و لە ناو کەشتییەکەدا دایناو ئینجا سەبەتەکە نقوم بوو، تۆی.

ئاموون تپ، بە شێوەیەکی کاتی لە قسەکردن وەستاو مووسا گوتی: من چەند جارێك بیستبووم کە خەڵك لە بارەی منەوە، لە مەڕ ئاو قسەدەکەن و من نەمدەزانی کە مەبەستیان لە ئاو چییە. ئێستا کە تۆ ئەی ئاموون تپ ئەم بابەتەت باسکرد، قورساییەکی گرانت لەسەر سنگم هێنایە خوارێ، چونکە تێدەگەم کە ئاماژەکانی خەڵك بێ هۆکار نەبووە. ئەوان دەیانزانی کە من لە ئاوی نیل گیراومەوە. ئێستا پێم بڵێ من لە کوێ هاتوومە دنیاوەو بۆچی منیان بە ئاوی نیل داداوە؟

ئاموون تپ گوتی: کاتێك ئەنخاس ئاموون تۆی لە ئاوی نیل گرتەوە و تۆی هێنایە ناو کەشتی، ڕەنگی روخسارت بە هۆی تیشکی خۆرەوە سور هەڵگەڕا بوو و هەر کە هاتییە ناو کەشتییەکەوە شیوەنت دەسپێکرد.

ئەنخاس ئاموون بە منی گوت ئەم ساوایە برسییەتی و شیوەنی ئەو بە تەئسیری برسێتی ئەوە و ئەو دەبێ تێر بکرێ.

پرسیم بە چ شێوەیەك دەتوانرێ تێر بکرێ؟

ئەو گوتی ئەمەیان لە من مەپرسە و تۆ دەبێ هەوڵ بدەی ژنێك پەیدا بکەی ئەم کۆرپەیە تێر بکا یاخود شیرێکی تری بدەنێ تا لە برسان نەمرێ.

گوتم خانمی من، ئێرە سەرزەوینێکی چۆڵە، چۆن دەتوانرێ ژنێك پەیدابکرێ کەشیر بداتە ئەم کۆرپەیە یاخود شیرێك لە مانگایەك بدۆشن و بیخەنە ناو گەرووی ئەم کۆرپەیە؟

شازادەخانم گوتی: ئەی ئاموون تپ، لەو کاتەوە کە ئەم ساوایەیان بە ئاو داداوە وەختێکی زۆر تێنا پەڕێ، چونکە ئەگەر ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبا، ئەم کۆرپەیە لە برساندا دەمرد. لە بەر ئەوەی ئەم ساوایە زیندووە، من وای دەبینم کە هەر ئەمڕۆ بە ئاویان داداوە و لە بەر ئەوە هەر لەو دەوروبەرە لە لایەن دایکییەوە، یان یەکێکی دیکە فڕێ دراوەتە ناو ئاو و تۆ ئەگەر لە کەشتییەکە بچێتە خوارێ و لە ناو وشکاییدا بگەڕێی لە وانەیە ژنانێك بدۆزییەوە کە شیریان هەبێ و بتوانن ئەم کۆرپەیە تێر بکەن تا پاشان بۆ تێرکردنی ئەم ساوایە بیریکی لێ دەکەمەوە.

ئەی مووسا، من تۆم لە باوەش گرت و لە کەشتی چوومە دەرەوە و هەوەڵ جار پێم نایە ناو یەك ناوچەی زۆنگاوی و وام وێنا کرد، کە لە ناو زۆنگەکە ڕۆدەچمە خوارێ. بەڵام پاش چل یا پەنجا هەنگاو گەیشتمە سەر زەوییەکی سەخت.



هۆکاری ئەوەی کە من گەیشتمە سەر زەوییەکی سەخت ئەوە بوو کە زەوییەکە بڕێك بەرز بۆوە و پاش ئەوەی کە لەسەر زەوییە بەرزەکە ماوەیەك ڕۆیشتم بینیم کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوان، کە لەوانەیە سێ سەد یا چوارسەد نەفەر دەبوون، لە دەوری ئاگرێك کۆببوونەوە.

ئەوان هەر کە منیان دی، هەڵاتن و من خۆم لەو ئاگرە نزیك کردەوە کە ئەوان بە دەوریدا گرد ببوونەوە و تەماشام کرد توورەگەیەکیان لێبەجێماوە وەك بڵێی تورەگەی ناوبراو گرنگییەکی بۆ ئەوان هەبوو، چونکە پاش هەڵاتن راوەستان و بینیم کە چاویان لەسەر تورەگەکەیە.

من هاوارم کرد بۆچی راتان کرد و لە من ترسان؟ من کاهینێکم لە کاهینەکانی میسر و لەگەڵ ئێوەدا دوژمنایەتیم نییە و نەهاتووم ئازاری ئێوە بدەم. بگەڕێنەوە و توورەگەی خۆتان هەڵبگرن.

کاتێك ئەوان دیقەتیاندا کە من کاهینم و تەماشای سەری تاشراوییان کردم، گەڕانەوە و بەرەو توورەگەکە ڕۆیشتن و ئەو کاتە بینیم کە لە ناو ئەو توورەگەیەدا مارێکی ڕەشی ئاوی تێدایەو زانیم کە ئەوان ئەوماره ڕەشە دەپەرستن یاخود بە پێی لێڕوانینی ئەوان ماری ڕەشی ئاوی بەڕێزە.

کاتێك دیقەتمدا ئەوانە ماری ڕەشی ئاوی دەپەرستن، یاخود ڕێزی بۆ دادەنێن، بەلامەوە سەیر نەبوو. چونکە ئێمەی میسریش هەر لە دوو هەزار ساڵ لەوەو پێشەوە، ڕێزی زۆری مارمان لا هەبووە و تۆ دەزانی لە بەر پێی کۆتەڵی ئیزیس یەکێك لە خوایانی میسری، مارێکی لوول خواردوو هەیە.

کاتێك قسەکانی ئاموون تپ گەیشتە ئێرە مووسا لێی پرسی: ئایا تێگەیشتی ئەو خەڵکە کێ بوون؟

ئاموون تپ گوتی: بەڵێ، ئەوان خەڵکی سەرزەوینی کۆش بوون کە پێش ئەوەی بێنە ئێرە لە کەنعان و سەرزەوینی سینا دەژیان و قاتی و قڕیی ئەوانی ناچار کرد لە زێدگای خۆیان بێنە دەرەوە و ڕێگەی میسر بگرنە بەر و لە سەرزەوینی کۆش بژین. چەندێك پاش، رامسیسی دووەم، هەموو ئەمانەی بە کۆیلە کرد و بۆ کارکردن، بە تایبەتی کاری بنیاتنانی تەلارانی راپێچ کردن.

خەڵکی سەرزەوینی کۆش کە بوونە کۆیلە، بە جۆرێك کە خۆیان دەیانگوت، بەیەکێك لە تیرەکانی ئیسرائیل دەژمێردران. ئەوان دەیانگوت لە کوڕانی (لوی) ین و لوی کوڕی ئیسرائیل

بوو و لەو ڕۆژەدا لەوێ کۆببوونەوە تاقوربانی بۆ ماری ڕەشی ئاوی بکەن تا بەڵکو لە بەدبەختییەکی تازە کەیەخەی گرتبوون ڕزگایان ببێ.

چونکە لەو زەمانەدا، فیرعەون ڕقی لە خەڵکی کۆش داگرتبوو و ئەوانی دەخستە ژێر ئازارەوە و منداڵەکانی لە خێزانەکانیان جیا دەکردەوە، من دڵنیا بووم باوك و دایکی ساواکە دەبێ لە ناو ئەوانەدا بێ، چونکە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە باوك و دایکی کۆرپەکە بۆ ڕزگاربوون لە چنگی کاربەدەستانی فیرعەون، کۆرپەکەی خۆیان خستۆتە ناو سەبەتەوە و بە ڕووباری نیلیان داداوە و ئەم ساوایەش تۆ بووی ![٣١]

مووسا گوتی: ئاهـ، بەو قەرارە بێ من منداڵی کۆیلەکانم.

ئاموون تپ گوتی: ئەم جۆرە وێناکردنە، مەکەو تۆ شازادەیەکی میسری، بەو بەڵگەیەی کە وەکو شازادەیەکی میسری پەروەردە بووی و گەورە بووی. ئەگەر منداڵی پاشای میسر کاتێك کە شیرەخۆرەیە لە کۆشکی پاشایەتی بەرنە دەرەوە و بە قەومێکی وەك قەومی کۆش کە کۆیلەن بسپێرن، و ئەو کۆرپەیە لە ناو کۆیلاندا گەورە ببێ، پاش ئەوەی کە دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی دەبێـتە کۆیلە، چونکە ئاسۆی بیری ئەو لە ئاسۆی بیری کۆیلەکان زیاتر تێناپەڕێ.

(٣١) گومان لەوەدا نییە کە خوێنەرانی ئەم کتێبە دەزانن کە بە سەرهاتی دروستی داستانی لە دایکبوونی مووسا (س.خ) بەو جۆرەیە کە لە قۆرئانی پیرۆزدا لە (سورەتی قصص) و لە ئایەتی (چوار تا دوایی) دا هاتووە و دەفەرمووێ: [بێگومان فیرعەون زاڵ و دڕندە بوو لە وڵاتەکەیدا، خەڵکەکەی پارچە پارچە دەکرد (جیاوازی خستە نێوانیانەوە) دەستەیەکیانی دەچەوساندەوەو لاوازی دەکردن. منداڵە نێرینەکانی سەردەبڕین و کچان و ئافرەتانی بە زەلیلی دەهێشتەوە بە ڕاستی ئەو ستەمکارە یەکێك بوو لەوانەی تۆوی خراپەی دەچاند)
ئێمەش دەمانەوێ دەروو بکەینەوە لە چەوساوەکان و منەتی خێر بکەین بەسەر لاوازکراوەکاندا لە وڵاتدا و دەمانەوێ بیانکەینە پێشەواو و بیانکەینە میراتگری سامان و دەسەڵاتی ستەمکاران)
هەروەها دەمانەوێ پایەداریان بکەین و دەسەڵاتیان بچەسپێنین لە وڵاتداو، ئەوە پێش بهێنین بۆ فیرعەون و هامان و سەربازانیان کە لێی دەترسان (ئەم بەڵێنە خواییە و بە ویستی پەروەردگاری  باڵا دەست دووبارە دەبێتەوە بۆ ئیمانداران لە بارودۆخی تایبەت و گونجاودا.
ئێمە دایکی مووسامان ئاگادارکرد کە شیری بداتێ و (پێمان وت) جا کاتێك مەترسیت پەیدا کرد لەوەی پێی بزانرێت فڕێی بدەرە ڕووباری (نیلە) ەوە نە بترسە (لەوەی تووشی بەڵا ببیت و نە خەفەتیشی بۆ بخۆ، چونکە ئێمە بە ڕاستی دەیگێڕینەوە بۆ لات و لە ئاییندەشدا دەیکەین بە یەکێك لە پێغەمبەرە پەیامدەرەکان.
ئەوسا ئیتر دار و دەستەی فیرعەون هەڵیان گرتەوە تا سەرەنجام ببێتە دوژمن و خەفەت بۆیان. بە ڕاستی فیرعەون و هامان و سەربازەکانیان گوناهبار و تاوانبار و هەڵە بوون(ز.م).



بەڵام ئەگەر ساوایەکی شیرەخۆرە کە لە کۆیلان هاتبێتە بوون، لە کۆیلان جیا بکرێتەوە و بیبەنە کۆشکی پاشایەتی و لەوێ، بیخەنە ژێر سەرپەرشتی و پەروەردەکردنەوە، پاش ئەوە کە زمانی دەکرێتەوە ئەو لە زانستەکان بەهرەمەند بکرێ و ئەدەبی فێر بکرێ. دەبێتە شازادە. چونکە لەسەر شێواز و پەروەردەی شازادەیی، پەروەردە بووە. ئەوەی کە بایەخی هەیە ڕاهێنان و پەروەردەی منداڵە نەك باوك و دایکی ئەو.

مووسا گوتی: باشە ئەی پاشان چی بوو؟

ئاموون تپ گوتی: کاتێك کە من بەو خەڵکەم گوت کە ئەوان ساوایەکی شیرەخۆرەیان بەشەتی نیل داداوە، نکوڵییان کرد و گوتیان ئەو منداڵە، کە من بە باوەشمەوە گرتبوو، مانای تۆ، هی ئەوان نییە.

گوتم بێگومان ئەم منداڵە دایکی هەیە و دایکی لە ناو ئێوە دایە و ناسینەوەشی کێشە نییە و بە یاریدەی ژنێك دەتوانرێ دایکێك کە ساوای شیرەخۆرەی هەبێ، بناسرێتەوە. لە بەر ئەوە پێش ئەوەی ناچار ببم کە فەرمان بدەم یەك بە یەکی ژنەکان بخەنە ژێر پشکنینەوە، وا باشترە کە دایکی ئەم ساوایە بە من نیشان بدەن.

خەڵکی سەرزەوینی کۆش لەبەر ئەوەی کە ماوەیەك ژیانیان لە میسر بەسەر برد بوو، زمانی میسرییان دەزانی و تێدەگەیشتن کە من دەڵێم چی و دەیانتوانی وەڵامی من بدەنەوە و یەکێك لە پیاوانی کۆش پرسی تۆ بۆچی دەتەوێ بڵێی ژنەکانی ئێمە بخەنە ژێر پشکنینەوە تا بزانی ئایا شیر لە مەمکی یەکێك لەوانە کە منداڵی نییە، هەیە یان نا؟

گوتم لەبەر ئەوەی ئەو منداڵە شیرەخۆرەیە برسییە ئەگەر شیری پێ ڕانەگا لە برسان دەمرێ.

سەرباری ئەوەش کە هەمووان گوێیان لێبوو کە من چم پێ گوتوون دیسانەوە نەیانوویست کە دایکی ئەو منداڵە بە من نیشان بدەن. من  پێم گوتن چەند کەشتی لە کەشتییەکانی پاشایەتی میسر، هەر ئێستا، لە ناو ڕووبار لەنگەریان گرتووە و سەرنشینانی کەشتییەکان کە ژمارەیەك سەربازیان تێدایە چاوەڕێی گەڕانەوەی من دەکەن و هەر کاتێك ئێوە یارمەتی من نەدەن و ژنێکم نیشان نەدەن کە شیر بداتە ئەم کۆرپەیە، من دەگەڕێمەوەو سەربازان ئێوە دەدەنە بەر قامچی و ئەوەندەتان لێدەدەن تاکو دەڵێن دایکی ئەم منداڵە کێیە!

مووسا گوتی: بەم پێیە حەتمەن دایکی منت دۆزییەوە.

ئاموون تپ گوتی: مەسەلەکە بەو سادەییە نییە. ئەو ڕۆژە کاتێك سەرنجمدا ئەو خەڵکە نایانەوێ یا ناتوانن لە ناسینی دایکی تۆدا یاریدەی  من بدەن، پێم گوتن بە هەر حاڵ دەبێ

ئێوە یاریدەم بدەن و لە ناو ئەو ژنانەدا یەکێك بتوانێ کە شیرت بداتێ بە من بناسێنن. من گەڕامەوە و دڵنیابووم کە ئەنجامێکم لە کارەکەی خۆم بە دەست کەوتووەو هەر بەو شێوەیەش دەرچوو.

خەڵکی سەرزەوینی کۆش کاتێك ئاگاداربوون کە کەشتییەکانی پاشایەتی میسر، لەو نزیکانەیەو ژمارەیەك سەرباز لە نێو کەشتییەکاندان، ترسان و هەمان شەو ژنێکی لاویان بە من نیشاندا و گوتیان ئەو ژنە تازە منداڵی خۆی لە دەس داوە و ئامادەیە شیر بە تۆ بدا و من گومانم نەبوو کە ئەو ژنە دایکی تۆ بوو، بەڵام ئەم پرسەم لای کەس ئاشکرا نەکرد.[٣٢]

کاتێك قسەکانی ئاموون تپ گەیشتنە ئێرە مووسا هاواری لێ هەستا: ئاهـ، کەوابوو تۆ دایکمت دی؟

ئاموون تپ گوتی: ئەی  مووسا، دایکی تۆ شازادەخانم ئەنخاس ئاموون بوو.

مووسا گوتی: مەبەستی من دایکی راستەقینەم بوو مانای هەمان ئەو ژنەی کە لە نەژادی ئیسرائیل بوو و لە سەرزەوینی کۆش دەژیا.

ئاموون تپ گوتی: لە بارەی ئەو قسە مەکە و دایکێك کە تۆ نەتدیوە و قەڵافەتیت نایەتەوە بیر، دایکێکە کە لە بەرامبەر تۆ دا بوونی نییە.

مووسا گوتی: راستە کە من دایکی خۆم نەدیوە و قەڵافەتی ئەوم نایەتەوە بیر، بەڵام بێ دوودڵی ئەو دایکی ئەسڵیی منەو من دەمەوێ بزانم کە ئەو شێوەی چۆن بوو و لەو کاتەدا کە تۆ ئەوت دیوە چەند ساڵ لە تەمەنی ئەو تێدەپەڕی.

---

(٣٢) پاشماوەی ئەم داستانە هەست هەژێن و پەند ئامێزە، بۆ هەموو نەوەکان و هەموو سەردەمەکان، بەڕیوایەتی قورئانی پیرۆز ئاوایە:

ئەوسا دایکی مووسا هەستی بە بێتاقەتی و بۆشاییەکی زۆر دەکرد لە دڵ و دەروونی خۆیدا، بە راستی خەریك بوو رازەکە ئاشکرا بکات ئەگەر ئێمە دڵیمان دامەزراو نەکردایە تا لەو کەسانە بێت کە بڕوایان بە بەڵێنی خوا هەیە.

پاشان بە خوشکەکەی مووسای وت بڕۆ بە شوێنیدا. دوای تاوێك لە کەنارێکەوە مووسای بە باوەشی ئافرەتێکەوە بینی، ئەوان هەستیان بەوە نەدەکرد (کە خوشکەکەی چاودێری دەکات)

ئێمە پێشتر هەرچی ئافرەتی شیردەرە لەومان حەرامکرد، خووشکەکەی ( بەمەی زانی، حەکیمانە لە کۆشك نزیك بۆوە) وتی: ئایا ناونیشانیماڵێکتان پێ بڵێم کە ئەو منداڵەتان بۆ بەخێو بکەن دڵسۆز و میهرەبانیش بن بۆی. بەو شێوەیە گێڕامانەوە بۆ لای دایکی تا دڵنیاو ئارام بێت و چاوی بە دیتنی ئاسوودە بێت و ئیتر خەفەت نەخوات و لای روون بێت کە بەڵێنی خوا هەق و راستە، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە نازانن و هەستی پێ ناکەن.

سورەتی (قصص) ئایەتی ١٠-١٣.  لە تەفسیری ئاسان، بورهان محەمەدئەمین، وەرگیراوە.



ئاموون تپ گوتی: ئەو کاتە کە من دایکتم بینی تەمەنی شازادە یا حەڤدە ساڵ بوو و سەرباری ئەوەش کە ژن و پیاوی سەرزەوینی کۆش بە کوێرەوەری دەژیان و خۆڵاوی یا قوڕاوی بوون، هەر کەسێك کە دایکی تۆی دەبینی دەیگوت ئەو ژنە ژنێکی جوان و بەڕێزە. بەڵام دووبارە پێت دەڵێم ئەو دایکەی کە تۆ نەتدیوە و روخساریت لە بیر نییە، بۆ تۆ بوونی نییە و دایکی تۆ شازادەخانم ئەنخاس ئاموون بوو کە تۆی گەورە کردووە.

مووسا پرسی: پاشان چیبوو؟

ئاموون تپ گوتی: من ئەو ژنەم لەگەڵ خۆمدا بردە ناو کەشتی و پیشانی شازادەخانم ئەنخاس ئاموونمدا.

دەبێ بڵێم کە لەو سەفەرەدا، ئێمە لەیەك کەشتی زیاترمان لەگەڵدا نەبوو. من تەنیا بۆ ئەوەی کە ئیسرائیلیان بترسێنم گوتم چەند کەشتی پاشایەتی لە ناو رووبار لە نگەریان گرتووە.

کەشتی کە نەیدەتوانی لە ناو رێرەوی تەسکی رووباردا پێچ بکاتەوە، شازادەخانم ئەنخاس ئاموون فەرمانیدا کە لە کەشتی بە گەڕانەوەیەکی پاشەوپاش لەو رێڕەوە تەسکە بێتە دەر. سەوڵ لێدەران، کە لە حاڵی ئاسایدا، سەوڵەکانیان لە پشتەوەڕا بەرەو پێشەوە لێدەدا، لە پێشەوەڕا، بەرەو پاشەوە لێداو، کەشتییەکەمان بە جووڵانێکی پاشەو پاش دەستی بە جووڵان کرد تا لەو رێرەوە تەسکە هاتەدەر و لە پەنا لقێکی بەربەرینی رووباری نیل، لە سەر فەرمانی دایکت راوەستا.

لەوێ بە فەرمانی شازادەخانم خێوەتیان هەڵداو تۆ و ئەو ژنە ئیسرائیلییەیان لە ناو خێوەتەکە دانا، دوو غولام بۆ خزمەتی ئەو ژنە دیاریکران و شازادەخانم بە منی گوت بە کەشتییەکی کرێ بڕۆم و ژنێکی دایەن کە جێگەی متمانە بێ پەیدا بکەم و لەگەڵ خۆمدا بیهێنم تا ئەو ژنە دایەنە شیرت بداتێ و گەورەت بکا.

مووسا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: ئایا شازادەخانم نەیدەویست کە دایکم شیر بداتە من و گەورەم بکا؟

ئاموون تپ گوتی: نا.

مووسا پرسی: بۆچی؟

ئاموون تپ گوتی: ئەگەر ئەو ژنە ئیسرائیلییە شیری بە تۆ بدابایە و تۆی گەورە کردبایە خەڵك تێدەگەیشتن کە تۆ منداڵی ئەو ژنەی، لە حاڵێکدا کە شازادەخانم ئەنخاس ئاموون کە

منداڵی نەبوو، چونکە نەزۆك بوو، دەیویست بە هەمووان بڵێ کە بۆتە خاوەنی منداڵ و تۆ کوڕی ئەوی.

مووسا پرسی: پاشان چ بوو؟

ئاموون تپ وەڵامیدایەوە: هەموو دایەنێك نەیتوانی شیرت بداتێ، و تۆ، تەنانەت ئەو کاتەی لە حاڵی برسێتی یا لە حاڵی مردندا بووی، ئامادە نەبووی شیری هیچ دایەنێك، جگە لە شیری دایکت، بخۆی، لەبەر ئەوە شازادەخانم ناچار بوو ئەو ژنە لە خزمەتی خۆیدا بهێڵێتەوە.

کوڕەلاو پرسی: پاشان چ بوو؟

ئاموون تپ گوتی: کاتێك شازادەخانم لە بارەی مەسەلەی خۆراکی تۆ ئارخەیان بوو، فەرمانێکی بە مندا کە لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکەم.

مووسا پرسی: ئەو فەرمانە چ بوو؟

ئاموون تپ گوتی: شازادەخانم پارچەیەك پاپیروس (کاغەزی میسری) کە بە دەستی خۆی نووسی بووی دایە دەستی من و من بردمە پایتەخت و تەسلیمی فیرعەونم کرد و پاشای میسر پاش خوێندنەوەی ئەو کاغەزە، سێ کەشتی بۆ ئەنخاس ئاموون رەوانە کرد کە دوو لە وانە پڕ لە سەرباز بوون و کەشتی سێیەم ژمارەیەك سەوڵ لێدەر و کەشتیوان و غولام و کەنیزی تێدا بوو.

مووسا پرسی: ئەنخاس ئاموون دەیویست چ بکا؟

ئاموون تپ گوتی: ئەو بڕیاری وا بوو کە هەموو سەوڵ لێدەران و کە شتیوانانی کەشتی خۆی بۆ وڵاتی هاتی بگوازێتەوە تا لەوێ بفرۆشرێن و ئیدی نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ میسر.

مووسا بە سەرسوڕماوی پرسی: بۆچی دەیوست ئەو کارە بکا؟

ئاموون تپ گوتی: دایکت مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە تۆ بە کوڕی خۆی بناسێنێ و هەمووان یەقین پەیدا بکەن کە تۆ منداڵی ئەوی. بەڵام سەوڵ لێدەران و کەشتیوانان دیتبوویان کە تۆیان لە ئاو گرتۆتەوەو بە هەموو کەسێکیان دەگوت کە تۆ منداڵی ئەو نی. هەر بەو هۆیە، شازادەخانم بڕیاریدا هەموو سەوڵ لێدەران و کەشتیوانانی کەشتی خۆی لە وڵاتی هاتی بفرۆشێ و سەوڵ لێدەران و کەشتیوانانی، کە لە پایتەختەوە هێنابوویان، لە جێگای ئەوانیان دانان.



مووسا پرسی: دایکی من چی لێهات؟

ئاموون تپ وەڵامیدایەوە: ئەو ژنە تا ئەو رۆژە کە تۆ شیرت دەخوارد، لە خزمەتی شازادەخانم دا بوو و پاشان سەربازانی پاشای میسر، ئەو ژنەشیان وەکو ئەوانی دیکە، بۆ نوختەیەکی دوور بەرێ کرد. نازانم، لە وانەیە ئەویش گەڕابێتەوە ناو قەومی خۆی!

مووسا گوتی: بۆچی پاش ئەوەی کە دایکمیان ناچار کرد کە شیرم بداتێ ئەویان بە حاڵی خۆیەوە بەرەڵا کرد؟ ئایا شازادەخانم ئەوەندە بەزەیی تێدا نەبوو کە ژنێکی بەختڕەش لە منداڵەکەی جیا نەکاتەوە؟

ئاموون تپ گوتی: ئەی مووسا، قسەکەی تۆ لە وەڕا سەرچاوەی گرتووە کە تۆ مەسەلەکە بە پێی بیری خۆت دەدەیە بەر داوەریی، ئەگەر لە بەرزییەکی زیاترەوە لەم مەسەلەیە بڕوانی و ئاسۆیەکی بەرینتر لە بەرچاو دابنێی، سەرنج دەدەی کە کەنیزێکی ئیسرائیلی لەوە بچووکتر بوو کە بتوانێ بەربەستی لە پیادەکردنی نەخشەی شازادەخانمێکی وەك ئەنخاس ئاموون بکا. ئەو شازادەخانمە نەزۆك بوو و نەیدەتوانی منداڵی ببێ، تۆ دەزانی نەزۆك بوونی ژن، بە تایبەت ژنێك کە شازادە بێ، تا چ رادەیەك بۆ ئەو ژنە، جێگای غەمبارییە.

شازادەخانم ئەنخاس ئاموون، دەیویست ئەو عەیبە گەورەیە لە ناو ببات و بە هەمووان بڵێ کە ئەو بۆتە خاوەنی کوڕێك و ئەگەر دایکی تۆی دوور نەخستبایەوە، دایکت دەیگوت کە ئەو منداڵە، منداڵی ئەوە و، من کاری شازادەخانم لە بارەی دایکی تۆوە، بە کارێکی ئاقڵانە و پێویست دەزانی و دەزانم.

مووسا گوتی: ژنێك کە بانگەشەی ئەوە بکا کە کوڕێکی بووە، دەبێ سکی پڕ بووبێ و ئەنخاس ئاموون کە سکی پڕ نەبوو بوو چۆن دەیتوانی بڵێ کە کوڕێکی بووە؟

ئاموون تپ گوتی: لە مانگەکانی هەوەڵی سك پڕیی دا، سکی ئافرەتی سك پڕ گەورە دیار نییە و کەسانی تر ناتوانن تێبگەن کە ئەو ئافرەتە ئاوس بووە و لە مانگەکانی دوایی سك پڕی دا کە سکی ئەنخاس ئاموون دەبوایە بەرز بووبایەوە، ئەو لەسەفەرو دوور لە پایتەخت بوو و هەروەها، چونکە سەوڵ لێدەر و کەشتیوانانی ئەو لە وڵاتی هاتی فرۆشران، هیچ کەسێك نەیتوانی بڵێ کە ئەو هەرگیز سك پڕ نەبووە.

مووسا گوتی: ئایا نەخشەی ئەنخاس ئاموون بەسەرکەوتن گەیشت یا نا؟

سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی گوتی: هەر منداڵێکی کە دێتە دنیاوە دەبێ باوکی هەبێ و شازادەخانم ئەنخاس ئاموونیش دوو باوکی بۆ تۆ لە بەر چاو گرت.

مووسا بە سەرسامییەوە گوتی: ئاموون تپ، گوتت کە شازادەخانم، دوو باوکی بۆ من لە بەرچاو گرت، ئایا دەکرێ منداڵێك دوو باوکی هەبێ؟

ئاموون تپ گوتی: شازادەخانم بیری کردەوە کە باوکی تۆ، ئاتوون خوای نەبینراوەو ئەو ویستی کە تۆ لە وەچەی خوای گەورەو نەبینراو بێ.

مووسا گوتی: بەڵام ئەو دەیزانی کە من لەوەچەی خوای گەورەو نەبینراو نیم، بەڵکو لەوەچەی ئیسرائیلیانم کە لە سەرزەوینی کۆش نیشتەجێبوون و فیرعەون ئەوانی بەکۆیلە کردووە.

ئاموون تپ گوتی: ئێمەی بنیادەم کاتێك ویستمان باوەڕ بە شتێك بکەین، ئەوا باوەڕمان پێ دەبێ. ئەنخاس ئاموونیش دەیویست تۆ کوڕی ئاتوون بی و باوەڕیشی پێ پەیدا کرد، بەڵام ئەو نەیدەتوانی ئەم مەسەلەیە ئاشکرا بکا، چونکە ئەگەر بیگوتبایە کە تۆ کوڕی ئاتوونی، فیرعەون کە دوژمنایەتی سەرختی لەگەڵ ئاتوون و ئایینی ئەو دا هەیە، شازادەخانم و تۆشی دەکوشت و ئەگەر لە کوشتنی ئەویش خۆی ببوواردبایە ئەوا حەتمەن تۆی هەر دەکوشت. ئەوە بوو کە باوکێکی دیکەی بۆ تۆ لەبەر چاوگرت کە لەم جیهانەدا هاوتای نەبوو و ئەویش فیرعەون بوو گوتی کە تۆ کوڕی رامسیسی دووەم پاشای میسری.

ئینجا سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی گوتی: دایکت لەم جیهانەدا لە پێناوی تۆدا دەژیاو باوەڕی وابوو کە تۆ لەسەر تەختی پاشایەتی میسر ببینێ. ئەو بە چاکترین شێوە تۆی خستە ژێر باری فێر بوون و پەروەردەوە و کاتێك دەیدی کە بە خێرایی گەشە دەکەی و لاوێکی باڵابەرز و چوارشانەو بە هێز دەرچووی، دڵشاد دەبوو.

ئێستا کە ئەو شازادەخانمە رۆیشتووە، من، تۆ وەکو کوڕی خۆم دەبینم و وەکو ئەو پێت دەڵێم تێبکۆشە کە بەردەوام بە هێز ببی و بە جۆرێك بژی کە لەگەڵ شانی تۆدا، مانای لەگەڵ رۆڵەی ئاتوون خوای گەورەو نەبینراودا بگونجێ تا رۆژێك ئێمە بتوانین پەرستنی خوای گەورە و نەبینراو دەکەینە داب و لەو رۆژەدا، تۆ لە ئێمە هەموومان باڵاتر دەبی. من گومانم نییە کە لەو کاتەدا تۆ دەبی بە بەرجەستەترین پێشەوای ئایینی ئاتوون.



سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی پاش ئەم گوتەیە مووسای ماچ کرد و رۆیشت.

مووسا بە تەنیا مایەوەو لە گژ بیرانەوە راچوو. تا ئەو شەوە، مووسا لە بارەی ناسنامەی باوکی خۆیەوە دوودڵ بوو. بەڵام لە بارەی دایکییەوە گومانی نەبوو، چونکە لە ئەنخاس ئاموونی بیستبوو کە ئەو دایکییەتی. لەو شەوەدا پاش بیستنی گوتەکانی ئاموون تپ بۆ ئەو لاوە ساخ بۆوە کە نە شازادەخانم ئەنخاس ئاموون دایکی ئەو بووە و نە باوکیشی پاشای میسر. سەرباری ئەوەش کە مووسا دایکی خۆی نەدی بوو، دڵی بۆ حاڵی ئەو ژنە کە دەیزانی پاش قۆناغی شیرەخۆری ناچار لەو جیا بۆتەوە، دەسووتا.

پاش ئەوە کە مووسا ماوەیەك بیری لە دایکی ئەسڵیی خۆی کردەوە، کەوتە بیری شازادەخانم ئەنخاس ئاموون، دایکی شیردەری خۆی، و سەرنجیدا کە لەو شازادە خانمەوە جگە لە خۆشەویستی و بەزەیی (دەربارەی ئەو) شتێکی دیکە بە دیاری نەداوە و بێگومان هاوسەری پاشای میسر ئەوی خۆشدەویست. هەر بەو هۆیەوە بە چاوی خۆشەویستییەوە تەماشای دەکرد و لەکاتی مردنیدا، بە راستی بۆی داخدار بوو.

تەنانەت لەو دەمەدا کە ئاگاداربوو ئەنخاس ئاموون دایکی نەبووە و ئەو لە نەتەوەی ئیسرائیل و منداڵی کۆیلەکانە، دیسانەوە هەستی دەکرد کە دایکی شیردەری خۆی خۆشدەویست. لە حاڵێکدا کە مووسا بیری لە دایکی شیردەری خۆی دەکرەوە سەرنجی لەسەر نوختەیەك گیر بوو کە تا ئەو ساتە لە حزووری ئاموون تپدا بە بیریدا نەهاتبوو. نوختەی ناوبراو پەیوەست بوو بە دوژمنایەتی فیرعەون لەگەڵ ئەودا.

کوڕەلاو دەیزانی کە تا ئەو رۆژەی دایکی شیردەری زیندوو بوو، ئەوی لە بەرامبەر رقی فیرعەوندا پەنا دەدا و پێش ئەوەی بڕیار بدا کە خۆی بۆ کاری نەشتەری ئامادە بکا بەڵێنی لە فیرعەون وەرگرت کە مووسا نەکوژێ.

کوڕەلاو لە خۆی پرسی کە ئەگەر ئەو منی بە کوڕی خۆی بزانیبایە، بۆچی دەیویست من بکوژێ؟ چونکە هیچ باوکێك، کوڕی خۆی ناکوژێ. ئایا فیرعەون بۆی دیارکەوتووە کە من لە وەچەی ئەو نیم و هەر بۆیە دەیویست من لە بەین ببا؟ یا دیسانەوە لە هاتنە بوونی مندا نهێنییەك هەیە کە ئاموون تپ بە منی نەگوتووە و لە وانەیە خودی ئاموون تپیش ئاگای لەو نهێنییە نەبێ.

بە هەر حاڵ، مووسا لەم مەسەلەیە حەپەسا بوو، بڕیاریدا لە مبارەیەوە زانیاری لە ئاموون تپ وەربگرێ. ئینجا وەبیری هاتەوە کە دەبێ دایکی شیردەری خۆی بۆ دنیای

رۆژئاوا (( مانای بیباتە گۆرستان )) بگوازێتەوە و گواستنەوەی شازادەخانمێکی وەك ئەنخاس ئاموونیش بۆ دنیای رۆژئاوا، کارێکی گەورەیە و درێژ خایەنە، چونکە لە میسر، بەو ئەندازە کە پلەی کەسەکە گەورەتر بێ، بە هەمان ئەندازە مۆمیا کردنی تەرمەکەی و ناشتنی دژوار تر و درێژە کێش تر دەبێ.

ئەوشەوە مووسا تا بەیانی تەنانەت تاوێك نەیتوانی بخەوێ. جارێك دەچووە ئەو ژوورەوە کە تەرمی بە روالّەت دایکی وی، ئەنخاس ئاموونی لێبوو، و لە رووی بەزەییەوە نیگایەکی لە تەرمی ئەو ژنە دەکرد، چونکە سەرباری ئەوەش، کە ئەنخاس ئەوی لە دایکی ئەسلّیی خۆی جیا کردبۆوە، هەقی بەسەر ئەوەوە هەبوو.

ئەگەر ئەو شازادەخانمە مووسای لە ئاوی نیل نەگرتبایەوەو ئەوی لە ژێر پەروەردەو فێرکردندا دانەنایە، ئەو لە شەتی نیلدا نقووم دەبوو یا بە نێو گەرووی تیمساحەکانی ئەو شەتەدا دەچووە خوارێ.

ئەگەر ئەو زیندووش بمابایە، مانای ئەگەر دایکی لە ترسان ئەوی بە رووباری نیلیشدا نەدابایە، دووبارە ئەو پاش ئەوەی کە دەگەیشتە تەمەنی پێگەیشتوویی، دەبووە غولامێك و دەبووایە بەرد و خشت بۆ فیرعەون بکێشێتەوە و قوڕکاری بکا.

شازادەخانم ئەگەرچی ئەوی لە دایکی ئەسلّی خۆی جیاکردەوە، بەلّام لە قەرەبووی ئەوەدا، ئەوی لە نێو قوڕدا دەرهێنا و بە پایەیەکی بەرزی گەیاند.

مووسا، تێدەگەیشت کە دایکی روالّەتیی وی، تا ئەو جێگایە کە دەرەتان هەبوو، هەولّیدا نهێنی هاتنە بوونی ئەو بە گوێی هیچ کەسێك نەگاو هیچ کەسێك لەوەتێ نەگا کە مووسایان لە رووباری نیل گرتۆتەوە. بەلّام ئەو نهێنییە، بە تەواوی بە پەنهانی نەمایەوەو کەسانێك تێگەیشتن کە ئەویان لە ئاو گرتۆتەوە و جاری وا هەبوو بە شێوەی درکە ئامێز بە جوێن، ئەو مەسەلەیەیان بە بناگوێی ویدا دەدا. مووسا بە خۆی گوت کە لەوانەیە ئەو مەسەلەیە بە شێوەی درکە بە گوێی شازادەخانمیش دەگەیشتەوە و ئەو دەشیبیستەوە، بەلّام بە سەر خۆی نەدەهێنا.

کوڕەلاو، تێدەگەیشت کە شازادەخانم ئەنخاس ئاموون، رۆژی یەکەم کە بڕیاریدا ئەو لە مردن رزگار بکا و لە کۆشکی پاشایەتیدا چاودێریی بکا، مەبەستی بەزەیی هاتنەوە بەو دا نەبووە. بەلّکو ئەو خانمە رەوشت پاکە، بە هۆکاری ژن بوونەوە، دەیویست پیشانی کەسانیتری بدا کە ئەویش دەتوانێ منداڵێکی هەبێ. بەلّام پاش ئەوەی کە ئەوی لە ژێر



پەروەردە و راهێناندا دانا، بە تاییەتی کاتێك کە گەورە بوو، بە هەق لە بەرامبەر ئەودا خۆشەویستی هەبوو.

مووسا، کە لەو کاتەدا لاو بوو و حەڤدە سالّ و نیو لە تەمەنی تێدەپەڕی، دەیتوانی خۆشەویستی واقیعی و دۆستایەتی رووکەشانە لە یەکتری جیا بکاتەوە و دوو شت بە مووسای سەلماند کە دایکی روالّەتیی ئەو، لە رووی راستییەوە ئەوی خۆش ویستووە، یەکەمیان ئەوەی کە بەردەوام، لە بەرامبەر فیرعەوندا بەرگریکاری ئەو بووەو نەیدەهێشت لە لایەن پاشای میسرەوە ئازارێکی پێ بگاو ئەگەر شازادەخانم ئەنخاس ئاموون ئەوی خۆش نەویستبایە لە ژێر دالّدەی خۆیدا داینەدەنا و بەربەستی لەوە نەدەکرد کە فیرعەون بیکوژێ.

شازادەخانم، بەتاییبەت کاتێك کە ئەو منداڵ بوو، ترسی لەوە نەبوو تا ئەوەی کە ئەو لە ترسان، مووسا بخاتە ژێر دالّدەی خۆیەوە، بەلّکو خۆشەویستی ناو دلّی وی بوو دەبووە هۆکاری ئەوە کە ئەو ژنە خۆی بکاتە قەلّغانی بەلّای ئەو، و نەهێلّێ کە فیرعەون ئەو لە ناو بەرێ.

بەلّگەیەکی دیکە ئەوە بوو هەستێك کە پڕاو پڕ لە میهرەبانی و سۆزی دایکانە بوو، بۆ نموونە لە کاتی منداڵیدا، هەر کاتێك کە ئەو لە شتێك یا کەسێك نارەحەت دەبوو، ئەوی لە ئامێزی خۆی دەگرت و وەکو دایکێکی میهرەبان، خۆشەویشتی و پشتیوانی بێ درێغی خۆی بە سەردا دەباراند، و مووسا هاتەوە بیری کە ئەو ژنە، بە راستی بەردەوام ئەوی وەکو منداڵێکی راستەقینەی خۆی خۆشدەویست. هەر جارێك کە ئەو چاوی بە شازادەخانم دەکەوت، تێدەگەیشت کە ئەگەر دایکی روالّەتیی ئەو، وەکو دایکێکی واقیعی، ئەوی خۆش نەویستبایە مەحالّ بوو کە ئەوەندە شادمان ببێ.

بەو پێیە دەبێ ئەو، ئەنخاس ئاموون وەکو دایکی واقیعی خۆی بزانێ و ئاگادار بێ کە هەرچی هەیەتی جگە لە هاتنە بوونی لە سکی دایکی، هی ئەو ژنەیە.

ئەو شەوە کە مووسا نەیتوانی خەوی لێ بکەوێ، تێپەڕی، و هەتاو لە رۆژهەلّاتی رووباری نیلەوە هەلّهات. هەر کە خۆر هەلّهات بە فەرمانی فیرعەون لە پایتەخت کەڕەناکان و زەنگەکان دەستیان بە لێدان کرد تا بە خەلّکی پایتەخت رابگەیەنن کە رۆژانی ماتەمینی دەستیپێکرد.

بە تێپەڕبوونی دوایین ڕۆژەکانی بەهار، وەرزی هاوین، دەستپێیکرد و هەوا ڕووی لە گەرمی کرد.

هەر ساڵێك، هەر کە هاوین دەستی پێ دەکرد و هەوای پایتەختی میسر گەرم دەبوو، فیرعەون، ڕامسیسی دووەم، لە شار وەدەردەکەوت و بەرەو باشوور دەڕۆیشت و لە ناوچەیەکی کوێستانی و بەرز نیشتەجێ دەبوو تا وەرزی هاوین تێپەڕ دەبوو ئینجا بۆ پایتەخت دەگەڕایەوە.

ده ڕۆژ دوای ئەوە کە فیرعەون لە پایتەختی میسر وەدەرکەوت و بەرەو باشووری وڵات بەڕێ کەوت، مووساش بەرەو میسری سەروو کەوتە ڕێ تا لە ماوەی گەڕانیدا، لەو بنیاتنانە کەنف، تەلارسازی پاشایەتی، سەرگەرمی دروست کردنی بوو، سەردان بکا.

کەشتی شەتگەڕی مووسا، سەرەنجام گەیشتە ناوچەی ((کەرنەك)). لەوێ مووسا بینی کە کرێکاران سەرگەرمی دروستکردنی ئەو تەلارانەن کە فیرعەون مەبەستی بوو دروستیان بکا و ئەو لەوێ تا دوایی هاوین مایەوە تا ئەوەی بەشێك لە تەلار دروستکراو لەو ماوەیەدا ئەو توانی تا ڕادەیەك بە شێوەی کاری تەلارسازیی ئاشنا ببێ. کاتێك کە هاوین دوایی هات، لەسەر فەرمانی فیرعەون دەستەیەك سەرباز ڕاسپێردران تا چاودێری تەلارەکە بکەن.

فیرعەون، پاش تێپەڕبوونی هاوین لە میسری سەروو بەرەو باکوور گواستییەوە. بەڵام مووسا تا پازدە ڕۆژی دیکە لە باشووری میسر مایەوە و پاش ئەوەی کە دڵنیا بوو کە سەربازان شەو و ڕۆژ چاودێری کار دەکەن و دروستکردنی تەلار بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو پێش دەچێ ڕێگەی باکووری گرتەوە بەرو گەیشتەوە ناو پایتەخت.

کاتێك کە مووسا چووە ناو کۆشکی پاشایەتی و گەیشتەوە ناو ماڵەکەی خۆی، هەر کە پێی نایە ناو ژوورەکەی خۆی و دانیشت، غولامێك کە زەمبیلێکی لە نێو دەستدا بوو هاتە ژوورەکەی مووسا، ئەو غولامەکەی ناسی و زانی کە غولامی سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتییە.

غولام، زەمبیلەکەی لە بەرامبەر مووسا لەسەر زەوی دانا و مەنجەڵێکی مسی بە سەرقاپ، کە لە ناو زەمبیلەکەدا بوو کەوتە بەر چاوی مووسا. غولام سەرقاپی لابرد و چاوی مووسا کەوتە سەر سەرێکی بڕاو و ئەو بە حەپەساوییەوە لە غولامی پرسی: ئەم سەرە سەری کێیە؟



غولام گوتی: ئایا ئاموون تپ ناناسی؟

مووسا بە حەپەساوی و وەحشەتەوە گوتی: ئایا ئەمە سەری بڕاوی ئاموون تپ نییە؟

مووسا، سەری بڕاوی سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی لە ناو مەنجەڵە مسەکە هێنایە دەرێ و لەبەرامبەر خۆی ڕاگرت. پاش ئەوەی کە سەری ئاموون تپیان بڕی بوو کەس چاوەکانی ئەوی دانەخستبوو و سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بە چاوی کراوەوە و وەکو ئەوە وابوو کە بەزمانی حاڵ بەوی دەگوت لە چارەنوسی منەوە پەند وەربگرە و بزانە کە وەفاداری بۆ خوای نەبینراو، ئاتوون، هۆکاری ئەوە بووە کە سەرم لە لەشم جیا بکەنەوە.

مووسا، هەر کە سەری بڕاوی ئاموون تپی دی و ناسییەوە، زانی کە ئەو بۆتە قوربانی دڵسۆزانەی باوەڕی خۆی لە بەرامبەر خوای نەبینراو و بێشێوەی ئاتوون و بە پێی حوکمی فیرعەون سەریان لە لەشیان جیا کردۆتەوە.

فیرعەون لە بەرامبەر باوەڕداران بە خوای نەبینراو لە دوژمنایەتییەکدا بوو کە تەنانەت لە کوشتنی ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتیشدا سێ و دووی نەکرد. کاری سەرۆکایەتی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی میسر، لە کاروبارە گەورەکانی ئەو وڵاتە دەهاتە ژماردن و سەرەڕای ئەوەش لایەنێکی ڕوحانی هەبوو، چونکە کاهینەکان، ڕوحانییانی میسر بوون.

مووسا، سەرەڕای ئەوەش کە لاو بوو، و تاقیکردنەوەی پیاوانی بە نێوکەوتووی نەبوو، تێگەیشت کە نەیان توانیووە ئاموون تپ بە شێوەیەکی ئاسایی بکوژن و بە ئەگەرێکی زۆر ژمارەیەك لە کاهینانی میسر، کە هەموویان ئاموونیان دەپەرست، شایەتییان لە دژی ئەو داوەو گوتویانە کە ئەو ئاتوون پەرستە و لە بەر ئەوە دەبێ بکوژرێ.

کاهینانی میسر کە ئاموون پەرست بوون، لە پەرستنی ئاتوون و یادگاری یەکجار تاڵیان وەبیر بوو. ئەوان لە بیریان نەچوو بوو کە لە سەردەمی ئاتوون پەرستیدا تەرخانەکانی پەرستگاکانی میسر، لە دەستی ئەوان هاتبووە دەرێ. هەندێك لەوان لە تینی دەسکورتیدا دووچاری گەدایی ببوون. ئەوان نەیاندەویست کە ناوی ئاتوونیش بکەوێتە بەرگوێیان تا بەوە ڕادەگا کە ببینن یەکێك لە کاهینان، بە ڕواڵەت خۆی بە ئاموون پەرست پیشان بدا، بەڵام لە ناخدا ئاتوون خوای نەبینراو و بێ شێوە دەپەرستێ.

ئەوە بوو لە دژی ئاموون تپ شایەتییان دا و ئەویان بە ((موستەهەق بە کوشتن)) زانی و فیرعەونیش کە تەحەمولی بیستنی ناوی ئاتوونی نەبوو، حوکمی کوشتنی سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی دەرکرد.

مووسا، ئەمانەی لە رووی مەزندەکارییەوە هەڵدەهێنجاو پاشان ویستی کە لە غولامەکەی ئاموون تپ بپرسێ کە ئەو پیاوەیان چۆن کوشتووە، بەڵام غولامەکە لە ژوورەکە وەدەرکەوتبوو. ئینجا لە حاڵێکدا کە مووسا سەری براوی ئاموون تپی بە دوو دەستی لە بەرامبەر خۆی راگرتبوو، لە قوڵپی گریانیدا و ماوەیەك لەسەر دۆستەکەی خۆی گریا.

مووسا، پاش دایکی، ئاموون تپی بە دڵسۆزترین دۆستی خۆی دەزانی و دەیتوانی هەرچی لە ناو دڵیدا بوو بەو پیاوەی بڵێ و راوێژی لەگەڵدا بکاو رێنموونی لێ داوا بکا. گەرچی نف سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی فیرعەونیش لەگەڵ ئەودا دۆست بوو، بەڵام ئەو وەك ئاموون تپ دەرهەق بە مووسا دڵسۆزی تێدا نەبوو و مووسا وای هەست دەکرد کە سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی ئەوی وەکو کوڕی خۆی خۆش دەوێ و بە ختیاری ئەوی دەوێ.

پاش ماوەیەك گریان، مووسا سەرەکەی لە ناو مەنجەڵە مسەکە دانایەوەو سەرقاپەکەی خستەوە سەری و لە ژوورەکەی خۆی رۆیشتە دەرەوە و غولامی ئاموون تپی دیتەوە و بە ئاماژە حاڵی کرد کە بێتەوە ژوورەکەی ئەو.

غولامەکە هات و مووسا لێی پرسی: بۆچی تۆ سەری براوی ئاموون تپت هێناوەتە لای من؟

غولامەکە گوتی: ئەو خۆی پێش مردن بە منی گوت پاش ئەوەی سەریان لە لەشم جیاکردەوە من ئاگام لە سەرەکەی بێ و بیهێنم بۆ لای تۆ.

مووسا پرسی: ئایا بە تۆی نەگوت بۆچی سەرەکەی بدەیە من؟

غولام گوتی: ئەو لە مبارەیەوە روونکردنەوەیەکی نەداوەتە من و حەتمەن بیری کردۆتەوە کە تۆ دەزانی بۆچی سەرەکەی بدەمە تۆ.

مووسا گوتی: راستە و من دەزانم کە ئەو بۆچی بە تۆی گوتووە سەرەکەی بدەیە من. پاشان لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەو بەو هۆیەوە ویستویەتی سەرە براوەکەی بێتەوە لای من



کە من پەند وەربگرم و بزانم کە منیش لە بەر مەترسیدام و سەری منیش لە لەشم جیا دەکەنەوە. ئینجا مووسا لە غولامەکەی پرسی: لاشەی ئاموون تپ لە کوێیە؟

غولام گوتی: لە هەمان ئەو جێیەیە کە سەریان لە لەشی جیاکردۆتەوە مانای لە شوێنی سێدارەیە.

مووسا گوتی: تۆ سەرەکەیت هێناو لای خۆت هەڵت گرت، بەڵام لاشەی بێ سەریت لە شوێنی سێدارە بەجێ هێشت؟

غولام گوتی: ئاموون تپ بە منی نەگوتبوو کە لاشەکەشی تەسیلم بە تۆ بکەم و ئەگەر ئاواشی بگوتبایە من کەرەسەی چاودێری کردنی لاشەکەی ئەوم لە بەردەسدا نەبوو و چۆن دەمتوانی لاشەکەی بێنمە ناو کۆشکی پاشایەتی؟

مووسا قسەی غولامەکەی بە راست دانا. ئەو کۆیلەیە دەیتوانی سەری خاوەنەکەی خۆی لە ناو مەنجەڵێك دابنێ و بیهێنێتە ناو کۆشکی پاشایەتی، بەڵام نەیدەتوانی لاشەی بێ سەر بۆ ناو کۆشکی پاشایەتی بگوازێتەوە. دوای ئەمە مووسا غولامی ئاموون تپی مەرەخەس کرد و بڕیاریدا کە سەرو لاشەی ئاموون تپ مۆمیا بکا.

لە میسر پاش ئەوەی کە تاوانبارێك سزا دەدرا کاریان بەسەر لاشەکەیەوە نەبوو و کەس و کاری حوکمدراو، دەیانتوانی لاشەکەی مۆمیا بکەن. هەر بەو هۆیە مووسا کەوتە سەروکاری ئەوەی کە لاشەی دۆستی دڵسۆزی خۆی مۆمیا بکا.

کاتێك کە شەو داهات کوڕەلاو لە حاڵێکدا زەمبیلێك کە سەرە براوەکەی تێدا بوو، بە دەستەوەو لە کۆشکی پاشایەتی هاتە دەرەوە و بەرەو خانەی مردووان وەڕێکەوت.ڕۆیشتن بۆ نێوخانەی مردووان بە ڕۆژ قێزەون بوو و تا بە شەو رادەگا، بەڵام مووسا نەیدەویست لە کاتی رۆژدا، چوونە ژوورەوەی ئەو بۆ نێو خانەی مردووان بە زەمبیلەوە ببینن.

مووسا لە دەرگای داو کەس دەرگای لێ نەکردەوەو ئەو ناچار بوو چەند جارێك بە توندی دەرگاکە بکوتێ و سەرەنجام، دەنگێکی نا قۆڵا کەوا دەردەکەوت سەرخۆشیی، دەنگی ئەوی ناسازتر کردووە، بانگی کرد: کێیە؟

مووسا گوتی: دەرگاکە بکەوە من هاتووم لەگەڵ ئێوەدا سەروکارێکم هەیە.

خاوەنی دەنگە ناسازەکە گوتی: بەم ناوەختی شەوە کاتی سەروکار نییە.

مووسا گوتی: من وەختم نییە بەیانی بێمەوە دەرگاکە بکەوە ئەڵقەیەکی زیوت دەدەمێ.

ئەو زەلامەی کە لە پشت دەرگاکە بوو، کاتێك کە گوێی لە دەنگی پارە بوو دەرگای کردەوە و مووسا ویستی بچێتە ژوورەوە، بەڵام ئەو پیاوە کە مەست دەهاتە بەرچاو گوتی: یەکەمجار ئەڵقەی زیوەکەت دابنێ پاشان وەرە ژوورەوە.

مووسا یەك ئەڵقەی زیوی لە چنگی ئەو پیاوە نا و چووە ناو خانەی مردووانەوە. هەر هەمان پیاو، دەرگای لە پشتەوە را داخست و مووسا ناوی ئەو وەستایەی برد کە سەرپەرشتی مۆمیاکاران بوو، دەرکەوان ئەوی بەرەو یەکێك لە ژوورەکان رێنوێنی کرد و مووسا بینی کە وەستای ناوبراو لەگەڵ چەند کەس لە کارگەرانی خانەی مردووان سەرگەرمی خواردنەوەی بیرەن و لە سەرو سیمایانەوە دیارە کە هەموویان سەر خۆشن.

سەر وەستا کاتێك چاوی بە مووسا کەوت گوتی: ئەی مەزن زادە، چ بووە کە بەم وەختی شەوە هاتوویە ئێرە؟

مووسا، زەمبیلێکی کە بەدەستییەوە بوو لە سەر زەوییەکە دانا و سەرقاپی لەسەر مەنجەڵە مسەکە لاداو گوتی: من دەمەوێ ئەم سەرەم بۆ مۆمیا بکەی.

سەر وەستا گوتی: ئایا ئەم سەرە لاشەی نییە؟

مووسا گوتی: لاشەکەی لە شوێنی لە سێدارەدانە و سبەی بەیانی دوو نەفەر لە شاگردەکانی خۆت بنێرە کە ئەو لاشەیە لە شوێنی لە سێدارەدانەوە بهێننە ئێرە و پاش ئەمە، مووسا چەند ئەڵقەیەکی زیوی لە گیرفانی هێنایە دەرەوە و بە سەر وەستای گوت: ئەمە خەرجی هەڵگرتنی لاشەکە بۆ ئێرە و خەرجی پێشەکی مۆمیا کردنەکە.

مووسا، لە ژوورەکە چەند لاشەیەکی ژنانی بینی و سەرنجیدا کە ئەو لاشانە نەدەبووایە لەو ژوورانە بوونایە و پاش بینینی لاشەکان درکی کرد کە هەندێك لەو پرۆپاگەندانە، لە بارەی هەندێك کاری یەکجار ناشیرین و لەرزهێن، لە بارەی لاشەی ژنانی گەنجەوە، نابێ بێ بناغە بن. پاش نەفرەت و بێزهاتنەوەیەکی بێ سنوور، گوتوبێژی خۆی لەگەڵ سەر وەستای مۆمیاکار دوایی پێ هێناو لەو ژوورەوەو پاشان لە خانەی مردووان چووە دەرەوە و بەرەو کۆشکی پاشایەتی گەڕایەوە.



## -٨-

# رقی فیرعەون

ژیانی دەرباری و سیاسی لە میسر، لە سەرەتای وەرزی پاییز، پاش ئەوەی کە فیرعەون لە کوێستانەوە بۆ پایتەخت دەگەڕایەوە، دەستی پێ دەکرد. لە وەرزی هاوین هەر تەنیا فیرعەون و کەسانی دەرباری ئەو لە پایتەخت وەدەرنەدەکەوتن، بەڵکو دەسترۆیشتوانیش شاریان چۆڵ دەکرد و بۆ جێگایەك دەچوون کە هەوای فێنك بێ و گەرمای هاوین نارەحەتیان نەکا.

لە وەرزی هاوین هیچ سەفەرکەرێکی خاوەن ناو و خاوەن پلەی بیانی نەدەهاتە ناو پایتەختی میسر. شازادەکان و سەرانی هۆزەکان کە لە وڵاتانی دیکەی وەك هاتی و مەملەکەتی فینیقییە و سەرزەوینی بابل، کە دەیانویست بڕۆنە میسر و بچنە لای فیرعەون، ئارامیان دەگرت تا وەرزی هاوین دوایی دەهات و لە سەرەتای پاییزدا پێیان دەنایە ناو میسرەوە.

لە وەرزی هاوین، کۆشکی پاشایەتی پایتەختیان نۆژەن دەکردەوە و رەنگیان لێ دەدایەوە و کەشتییەکانی پاشایەتی، کە لە لێواری کۆشك لە ناو رووباری نیلدا لەنگەریانگرتبوو سەخبێر دەکردنەوە و رەنگیان لێ دەدانەوە.

لە سەرتاسەری هاوین لە کۆشکی پاشایەتی میسر، لە پایتەخت، دەنگێك وەبەرگوێ نەدەهات. بەڵام هەر کە پایز دەهات دەنگی تەپڵ و نەی و قیسارە لەو کۆشکەوە دەهات و جارێکی دیکە ئێشکگرانی چەکدار، بە جل و بەرگی تایبەت و جوانەوە لە دەوروبەری کۆشك دەبینران. نوێنەرانێك کە لە لایەن سوڵتانەکانی دیکەوە دەهاتن، بە جل و بەرگی رەنگاورەنگ و دیارییەکانی کە هێنابوویانن پێیان دەنایە ناو کۆشکی پاشایەتی میسر و ناوەندگەرایی ئەو رۆژگارەی پایتەختی میسر، لە دنیای شارستانێتی کۆن، لە ناوەندگەرایی ئەمڕۆی شارە گەورەکانی دنیا زیاتر بوو. ئەمڕۆ، هیچ شارێك لە جیهاندا نییە کە بە تەنیایی بە ئەندازەی پایتەختی میسر لە رابردوودا، بە ناوەندی دنیای شارستانێتی بژمێردرێ.

هەر دەستەیەك كە دەهاتن بە جلوبەرگ و قەڵافەتیانەوە دەناسران. میران و سەرۆكەكانی دورگەی كریت كاسكێتیان بە سەرەوە بوو و جلوبەرگی درێژی ئەرخەوانییان لە بەر دابوو.

لە سەر زەوینی كۆش، كە لە باشووری میسر هەڵكەوتووە، سەرۆكانێك دەهاتن كە جل و بەرگی چەرمینیان لە چەرمی بەور، لە بەردا بووە. لە وڵاتی هاتی، پیاوانێك پێیان دەنایە ناو كۆشكی پاشایەتی میسر كە كڵاوی رەش و كڵاوی خوری (كڵاولباد) یان بە سەرەوە بوو. دانیشتوانی بابل، كڵاوی وەكو قوچەكیان بەسەرەوە بوو و دانیشتوانی فەلەستین بە كراسی درێژی خەت خەتی سوور و سپییە و دەبینران.

هەر شازادەیەك و میرێكی بیانی، كە پێی دەنایە ناو كۆشكی پاشایەتی و بە رێكەوت مووسای لە ناو باخ یا تەلاردا دەدی، لە بینینی باڵای بەرز و ناوشانی پان و جوانیی ئەو لاوە سەری سوڕدەما.

سەرەڕای ئەوە كە كۆشكی پاشایەتی میسر، ناوەندی دانسقەی پیاوان و ژنانی جوانی میسر بوو، هیچ كام لە پیاوان لە رووی بەرزی باڵا و پانی سنگ وشان، و جوانی روخسار نەدەگەیشتنەوە مووسا، هەر شازادە و میرێك و سەرۆك هۆزێكی بیانی كاتێك مووسای دەدی لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەم لاوە لە نەژاد و رەچەڵەكێكی جیاواز لە نەژادی شازادەكانی میسرە. بەڵام كەس لە مووسای نە دەپرسی كە ئەو لە چ نەژادێكە و بۆچی لە رووی باڵاو ئەندام و قەڵافەتەوە لەگەڵ هەموو شازادەكانی میسر جیاوازی هەیە. چونكە ئەم پرسیارە لە ئەدەبەوە دووربوو و دەچووە ئەو خانەیەوە كە ئەوان لە بارەی رەچەڵەكی مووساوە گومان بكەن و بڵێن كە ئەو منداڵی فیرعەون نییە.

مووسا هەر بەوشێوەیە كە سەرنجی خەڵكی میسری بۆ خۆی رادەكێشا، سەرنجی هەموو پیاوانی بیانی كە بۆ كۆشكی پاشایەتی دەهاتن، رادەكێشا. كاتێك مووسا لە جێگایەك ئامادە دەبوو كە هەموو شازادەكانی دیكەی میسر لەوێ بوون، ئیدی كەس تەماشای شازادەكانی دیكەی نەدەكرد و هەر بەو ئاوایەی كە رووناكی چرا لەكاتی شەودا، پەپوولەكان بۆ لای خۆی رادەكیشێ، باڵا و قەڵافەت و ئەندام جوانی مووساش هەموو چاوەكانی بۆ لای خۆی رادەكێشا.

شازادەكانی میسر كاتێك دەیاندی كە مووسا جێگای سەرنجی هەموانە و كەس سەرنجی بەلای ئەواندا نییە، دووچاری ئێرەیی دەبوون، مانای لە ناخیاندا دانیان بە باڵاتریی مووسا بە سەر خۆیاندا، دەنا. چونكە هەر كەس ئێرەیی بە كەسێكی دیكە ببات، لە ناخی خۆیدا دان بەوەدا دەنێ كە ئەو كەسە لەو باڵاترە.



یەكێك لە كوڕەكانی فیرعەون، كە لە هەمووان زیاتر ئێرەیی بە مووسا دەبرد، رامسیس ستی بوو، كە لەم بەسەر هاتەدا ناویمان هێناو گوتمان جارێك لە كاتێكدا كە شازادەكان سەرگەرمی مەشقی تیرهاوێژیی بوون، سووكایەتی بە مووسا كرد.

رامسیس ستی نەیدەتوانی مووسا ببینێ. كاتێك لە دوورەوە مووسای دەدی و تەماشای دەكرد كە هەمووان سەیری مووسا دەكەن، لە حەشمەتی رق و كینەدا، قەبزەی شمشێرەكەی خۆی رادەگوشی و دەیگوت، ئایا رۆژێك دادێ كە من ئەم شمشێرەی خۆم بە ناو سكی ئەو پیاوەدا ببمەخوارێ، و سكی لە سەرێ وە تا خوارێ هەڵ بدڕم و بە هەمان شێوەی كە لە خانەی مردووان، ریخۆڵەی ئەو مردووانەی كە دەبێ مۆمیا بكرێن، لە سكی بێنمە دەرەوە؟

شازادەی لاو، لە بەرامبەر مووسا ئەوەندە رق و كینەی لە ناخیدا دەجوی و پەروەردە دەكرد، كە رۆژێك پێش نیوەڕۆ، كاتێك مووسا لە ناو باخی پاشایەتیدا بوو، رامسیس ستی و دوو براشی لە نێو ئەو باخەدا بوون، ئەو لاوە نەیتوانی دان بە خۆیدا بگرێ و كاتێك مووسا بەنزیك ئەو و دوو براكەیدا تێپەڕی، بە سووكایەتی و نەفرەتەوە گوتی: سەیركەن ئەو پیاوە بێ ناوە چۆن بەرێگادا دەڕوا و هەر دەڵێی پێیوایە كە ئەویش شازادەیەكە.[٣٣]

براكەی تری گوتی: لەبەر ئەوەی بە منداڵی پێیان گوتووە كە شازادەیە باوەڕی هاتووە كە وەكو ئێمە لە وەچەی فیرعەونە.

رامسیس ستی گوتی: دەبێ مرۆڤ كوێرایی دابێ تا ئەو پیاوە لە نەژادی ئێمە بزانێ، و ئەگەرنا ئەوانەی چاویان هەیە تێدەگەن كە ئەو لە نەژادێكی دیكەیە.

مووسا ئەو جنێوەی گوێ لێبوو و رەنگ لە روخساریدا نەما، بەڵام نەك لە ترسان، بەڵكو لە رقاندا.

رامسیس ستی گوتی: هەموان دایكی ئەویان دەناسی و كەس نازانێ ئەم منداڵەی لە كوێ هێناوە و وەك كوڕی فیرعەون ناساندویەتی!

سەرەڕای ئەوە كە مووسا لە جنێوی یەكەمی رامسیس ستی رەنگی تێدا نەما، ویستی جارێكی دیكەش رقی خۆی بخواتەوە، بەڵام پاش ئەوەی كە رامسیس ستی جنێوی بە دایكی،

(٣٣) گوتمان كە وشەی مووسا مانای (منداڵی پێدراو)، بەڵام دیار نەبوو لەلایەن كێوە دراوە و هەر بۆیە ئەو شازادانەی لە ناو كۆشكی پاشایەتیدا ئێرەییان بە مووسا دەبرد، ئەویان بە پیاوی بێ ناو ناو دەبرد، لە بەر ئەوەی وشەی مووسا بەپێی نەریتی ناولێنانی میسریی (نیوەناو) یا ناوی نیوەچڵ بوو. (و.ف)

ماناى ئەنخاس ئاموون، دايكى رواڵەتيى مووسا گوت، ئەو لاوە نەيتوانى خۆى لابدا و لە رامسيس ستى و دوو شازادەكەى ديكە نزيك بۆوە.

رامسيس ستى كاتێك بينى كە مووسا لەوان نزيك دەبێتەوە، دەستى لەسەر قەبزەى شمشێرەكەى دانا.

مووسا بە رامسيس ستى گوت: بۆچى قسەت بە دايكم گوت؟

رامسيس ستى كە ئامادەبوو شمشێر لەكالانەكەى رابكێشێ، گوتى: بۆيە لە بارەى دايكتەوە قسەم كرد كە ئەو، ئێمەى دووچارى تۆ كرد، و ئەگەر ئەو تۆى بە كوڕى خۆى دانەنابايە ئێمە تووشى تۆ نەدەبووين.

مووسا گوتى: ئەى رامسيس ستى، ئايا تۆ ئەوەندە پيسى كە رێز تەنانەت بۆ كەسانێكيش لەبەر چاوناگرى كە بۆ دنياى رۆژئاوا كۆچيان كردووە (ماناى مردوون)؟

رامسيس ستى گوتى: كەسێك دايكى تۆ بێ شايانى رێز لێگرتن نييە.

يەكێك لە دوو براكانى ئەو، كە لاوێك بوو كورتە باڵا و رەنگ ئەسمەر و دايكى لە كەنيزان حسێب دەكرا و ئەو ژنەيان لە ليبياوە بۆ ميسر هێنابوو و هەوەسێكى كاتى فيرعەون ئەو كەنيزەى كردبووە دايكى ئەو لاوە، گوتى: من هەرگيز رەچاوى رێز بۆ دايكى تۆ ناكەم.

مووسا تا ئەو كاتە ئەو لاوە كورتە باڵا و رەنگ ئەسمەرە، كە تا رادەيەك نيوەڕەش بوو بە ديقەتەوە نەدى بوو، گوتەكەى بووە هۆى ئەوە كە نيگايەكى وردى پێدا بڕوانێ و بينى ئەو سەرەڕاى ئەوە كە لەشێكى بچووكى هەيە، زۆر ناشيرينە.

مووسا دەيزانى كە خەسڵەتى رەشيى، ناشيرينى نييە و هەندێك لە رەشپێستان كە لە باشوورى سەرزەوينى كۆش دەژين، و كوڕەلاو، لەو جۆرانەى لە ميسرى سەروو زۆر دى بوون، جوانن و باڵاى بەرزو باريك و چاوى جوان و دەمى رێكوپێكى ئەوان مايەى جوانييە. بەڵام ئەم لاوە ئەندام بچووكە كە لە براكانى رامسيس ستى بوو بە هۆى بێ رادە ناشيرينييەوە، نەفرەتى هەڵدەستاند.

مووسا كاتێك لە دەمى ئەو كەنيززادەيەوە، ئەو قسەيەى كە لەگەڵ بەژن و قەڵافەت و رەچەڵەكى دايكى ئەودا نەدەهاتەوە، گوێ لێبوو، لە بەر حەپەسانى بێ رادەو سنوور، دەستى بە پێكەنين كرد.

رامسيس ستى گوتى: بۆچى پێدەكەنى؟ لێرە كەس قسەيەكى پێكەنين هێنەرى نەكردوە تا تۆ دەست بە پێكەنين بكەى.



مووسا گوتى: من لە حەپەساويدا پێدەكەنم و بەلامەوە سەيرە كە بۆچى هەندێك كەس، ديقەت لەوە ناگرن قسەيەك كە لەگەڵ بەژن و قەڵافەتى ئەواندا نايەتەوە، دەردەبڕن.

رامسيس ستى گوتى: ئەى پياوى بێ ناو، من پێكەنينەكەت دەكەمە گريان.

مووسا كە پاش ئەو پێكەنينە لە ناكاوە، رقى نيشتبووەوە، و مەعنەويانى گۆڕابوو، بە جۆرێكى لێبڕاوانەوە پرسى: تۆ كەى پێكەنينى من دەكەى بە گريان ؟

رامسيس ستى وەڵاميدايەوە: ئەمشەو.

مووسا پرسى: لە كوێ ؟

رامسيس ستى گوتى: لە ناو باخى خورماكان كە لە خوارووى هەرەمى گەورەيە.

مووسا پرسى: چ كاتێك ؟

لاوەكە گوتى: ئانێك مانگ وەدەركەوت لەوێ چاوەڕێت دەكەم.

لاوە بچووكە كەنيززادەكە گوتى: ئەمشەو كە مانگ وەدەركەوت لە ناو باخى خورماكان چاوەڕێى تۆ دەبين و هەر چەكێك كە حەزت لێيە، بۆ نەبەرد هەڵيبژێرە جا دەبينين ئايا ئازايەتى ئەوەت تێدايە بێيە ئەوێ يا نا؟

پاش ئەو گوتەيە، رامسيس و دوو براكەى پشتيان كردە مووسا و كەوتنە رێ و دوور كەوتنەوە.

مووسا كەوتەرێ و لە دار هەنجيرێكى پيرەساڵ كە لە ژێر سێبەرەكەيدا، لاكەرەوێتەيەكيان بۆ دانيشتن دانابوو، نزيك كەوتەوە.

هەتاو بەشێكى لاكەرەوێتەكەى داگرتبوو، بەڵام سێبەرى درەختەكە، بەشەكەى ديكەى لە تيشكى خۆر پەنا دابوو و مووسا، كاتێك لە كەرەوێتەكە نزيك بۆوە و توانى لە بەشى سێبەرەكەى دابنيشێ، بينى پياوێك لەبەر هەتاوەكە لەسەر كەرەوێتەكە دانيشتووە و كە تەماشاى كرد تێگەيشت كە ئەو (ستى هوپ) مامۆستاى پێشووى تيرهاوێژى هەموو شازادەكانە.

لە رۆژێكى كە مووسا هاتبووە ناو قۆناغى پياوەتى و ژيانى سەربەخۆى پەيدا كرد بوو، مامۆستاى تيرهاوێژى خۆى كە گوتمان لە ئەفسەرانى ديارى سوپاى ميسر بوو نەدى بوو. كاتێك ئەوى ناسى سەرنجيدا كە تێپەڕينى رۆژگار، قەڵافەت و ئەندامى ستى هوپى گۆڕيوە.

رۆژێك كە مووسا منداڵ بوو و لاى ستى هوپ هونەرى تيرهاوێژيى فێر دەبوو، ئەوى بە پياوێكى گەورە دەدى و لە شان و شكۆى ئەو پياوە كاتێك كە كاسكێتى جەنگى لەسەر دەكرد،

دەترسا. بەڵام لە ئاکامی تێپەڕینی رۆژگار، مووسا گەشەی کرد و باڵابەرز دەرچوو و بووە خاوەن سنگ و شانی پان و ماسوولکەکانی قاچ و بازووەکانی هێزیان پەیدا کرد و لەو رۆژەدا، کاتێك مامۆستای پێشووی تیرهاوێژیی خۆی ناسی، ئەو پیاوە لە بەر چاوی بچووك و بە ساڵ داچوو خۆی نواند.

وێرای ئەوە کە مووسا دەیزانی ئەو پیاوە، مافی مامۆستایەتی بەسەر وییەوە هەیە و رەچاوکردنی رێزگرتنی ئەو، وەزیفەیە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئایا ئەمە بوو ئەو پیاوەی کە من بە یەکێك لەبەرجەستەترین جەنگاوەرانی میسرم دەزانی و وام وێنا دەکرد تیرهاوێژێکی لەو شارەزاتر بوونی نییە و هیچ کەس ناتوانێ ژێی کەوان وەکو ئەو بە توندی رابکێشێ؟ ئایا هەمان ئەو پیاوەیە کە کاتێك کاسکێتی جەنگی لە سەر دەنا من ئەوم بە یەکێك لە خواکان دەهاتە بەرچاو؟

ستی هوپ کاتێك کە لە دوورەوە مووسای دی لە یەکەمین نیگادا قوتابی پێشووی خۆی ناسی و هەستیکرد کە ئیدی مووسا ئەو منداڵە ئارام و ملکەچە نییە کە هەرچی ئەو دەیگوت جێبەجێی دەکرد.

ستی هوپ وەکو هەموو بە ساڵدا چووان، کە خۆیان لەبەرامبەر قوتابیە کۆنەکانی خۆیاندا دەبینن و سەیر دەکەن، کە ئەوان لاو و باڵابەرز و بە هێز و جوانن، لەبەرامبەر مووسا، هەستی بە سووکایەتی کرد و دیسانەوە وەکو بە ساڵداچووان هاتە سەر ئەوە ئەو هەستە، بە دەربڕینی خۆشەویستی لە بەین ببات و بە ئاوازێکی شادمانەوە گوتی:

ئەی مووسا، بە دیدەنی تۆ زۆر شادمانم و دەبینم کە لاوێکی بە هێزت لێدەرچووە و یاسای رۆژگاریش وایە کە منداڵان دەبێ ببنە لاو و بە هێز ببن و پیاوانی بە هێز، ببینە بە ساڵداچووانی پەککەوتوو. پاش ئەم قسەیە، ستی هوپ ویستی لە بەر خاتری مووسا لە جێگای خۆی هەڵبستێ، بەڵام مووسا دەستی لە ملی مامۆستای پێشووی خۆی کرد و ئەوی ماچ کرد و نەیهێشت لە جێگای خۆی هەڵبستێ و گوتی: ئەی پیاوی چاکە کار، گوڵاوی باش هەر چەندە زیاتر بە ساڵدا بچێ، گرانبەهاتر دەبێ.

ستی هوپ گوتی: بەڵام پیاوی جەنگاوەر پاش ئەوەی بە ساڵداچوو، بە های خۆی لە دەس دەدا.

مووسا پرسی: بۆچی لەبەر هەتاو دانیشتووی، ئایا بە گەرمای خۆر نارەحەت نابی؟



ستی هوپ گوتی: بۆیە لەبەر ئەو گەرمییە دانیشتووم تا ئازاری جومگەکانم سووك ببێ و یەکێك لە بەدبەختییەکانی پیاوی جەنگاوەر کە پێ دەنێتە قۆناغی پیرییەوە، هەوکردنی جومگەیە. ئەم ئازارە بە تایبەتی لە کۆتایی هاویندا کە هەوافێنك دەبێ، روو لە زیادی دەکا، بەڵام گەرمی هەتاو لە تینی ئازارەکەی کەم دەکاتەوە.

مووسا جارێکی دیکە دەستی لە ملی مامۆستای پێشووی کرد و ئەوی ماچ کرد و پیاوە بەساڵداچووەکە گوتی: من چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد لە بەرامبەر مندا خۆشەویستیت هەبێ و من وام وێنا دەکرد وەکو باقی شازادەکانی دیکە کە لە رابردوو قوتابی من بوون، لە بەرامبەر مندا بێ منەتی دەنوێنن و تەنانەت هەر تەماشاشم ناکەی.

مووسا گوتی: ئەی ستی هوپ، من کەسێك نیم دەرهەقی مامۆستای پێشووی خۆم بێ منەتی بکەم. من، تۆ، بە یەکێك لە دۆستانی خۆم دەزانم و هەر بۆیە پێت دەڵێم کە ئەمشەو لەگەڵ رامسیس ستی نەبەرد، دەکەم.

ستی هوپ پرسی: لە کوێ لەگەڵ ئەو نەبەرد دەکەی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: لای ئەو باخی دارخورمایانە کە لە لای هەرەمی گەورە هەڵکەوتووە.

سەرداری بە ساڵداچووی جەنگی پرسی: بۆچی دەتەوێ نەبەردی لەگەڵدا بکەی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: لە بەر ئەوەی جنێوی بە خۆم و دایکمدا و دوو براشی لەگەڵدا بوو کاتێك کە جنێویدا.

سەرداری پیر گوتی: من لەبەر ئەوەی لەوەچەی فیرعەون نیم، وەکو تۆ بایەخێکی زۆر بە جنێودان نادەم، بەڵام دەزانم کە ئەو مەسەلەیە لای شازادەکان خاوەن ئەهمییەتێکی زۆرە.

مووسا گوتی: ئەو هەر تەنیا جنێوی بە من نەگوت، بەڵکو داوای لێکردم نەبەردی لەگەڵدا بکەم و منیش داواکەیم قبووڵ کرد و قەرارە ئەمشەو دوای ئەوەی کە مانگ هەڵ دێ، لە پەنا باخی خورماکان، کە لای هەرەمی گەورەیە نەبەرد بکەین.

ستی هوپ پرسیاری کرد: مووسا، ئایا ناتوانی چاوپۆشی لەو جەنگە بکەی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من ئەگەر چاوپۆشی لەو جەنگە بکەم، ئیدی ناتوانم لەم وڵاتەدا بژیم، چونکە رامسیس ستی بەوە ئازا دەبێ و وا وێنا دەکا کە من لێی دەترسم و هەمیشە لە بەردەم خەڵکانی دیکە جنێو بە من و دایکم دەدا.

ستی هوپ گوتی: بەڵام لە ئاکامی ئەو جەنگەدا خوێنی شازادەکانی میسری دەرژێ.

مووسا گوتی: من نامەوێ خوێنی رامسیس ستی بڕێژم.

سەرداری بەساڵداچووی جەنگی گوتی: بەڵام ئەو خوێنی تۆ دەڕێژێ.

مووسا گوتی: من وا وێنا ناکام رامسیس ستی بتوانێ خوێنی من بڕێژێ، بەڵام ئەگەر دڵنیاش بم کە دەکوژرێم، دیسانەوە دەبێ ئەمشەو نەبەردی لەگەڵدا بکەم.

سەرداری بەساڵدا چوو پرسی: چەکی نەبەرد چ دەبێ؟

مووسا گوتی: هەڵبژاردنی چەك ئارەزوومەندایە و هەر کەس دەتوانێ هەر چەکێکی کە حەزی لێ بێ بەکاری بهێنێ.

ستی هوپ پرسی: چەکی براکەت چ دەبێ؟

مووسا گوتی: من وا وێنا دەکەم ئەو بە شمشێری ئاسنین دەجەنگێ.

سەرداری بە ساڵداچوو پرسی: تۆ بەچی دەجەنگی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من بە دار دەجەنگم. مەبەستم ئەوەیە کە رامسیس ستی تەمبێ بکەم بێ ئەوەی ئەم تەمبێ کردنە بە کوشتنی ئەو دوایی بێ.

سەرداری بە ساڵداچوو پرسی: حەتمەن شمشێری ئاسنینی براکەت لەو شمشێرانەیە کە لە هاتی دروست دەکرێن.

مووسا گوتی: پێموایە ئاوابێ.

ستی هوپ رایسپارد: کەوابێ لە هەڵبژاردنی دار دیقەت بگرە، چونکە شمشێری هاتی زۆر بڕندەیەو براکەت دەتوانێ بەیەك زەربە شمشێر، دارەکەی تۆ بشکێنێ و لەوەو پاش تۆ لە بەرامبەر براکەت، بێ چەك دەمێنییەوە. پاشان سەرداری بەساڵداچوو گوتی: من دارێکت بۆ دەهێنم کە ئەبەنۆسەو ئەستوورە و زەربەی شمشێری براکەت ناتوانێ ئەو دارە بشکێنێ.

مووسا گوتی: رەنگە دار ئەبەنۆسی تۆ بشکێ و لە کەڵك بکەوێ.

ستی هوپ وەڵامیدایەوە: دار ئەبەنۆسێکی کە من دەیدەم بەتۆ نەبەتەئسیری زەربەی شمشێر دوو لەت دەبێ و نەدەشکێ، بەڵام ئەگەر دوو لەت بوو یا شکا، تۆ کە پیاوێکی دەوڵەمەندی دارێکی دیکە لە ئەبەنۆس بۆ من ئامادە دەکەی.

مووسا گوتی: ئەگەر بە تەئسیری زەربەری شمشێر دوو لەت بوو یاشکا من چەند قات نرخی ئەو دارەت دەدەمێ. پاشان مووسا لەسەرداری بە ساڵداچوو جیا بۆوەو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و پێش جیابوونەوە، رێکەوتن کە سەرەتای شەو بەیەك بگەنەوە تا بەیەکەوە بەرەو جێگای وادەکە بڕۆن.



کاتێك کە مووسا و ستی هوپ بە سواری ئەسپ گەیشتنە بن هەرەمی گەورە، وەزعێکیان دی دەتگوت لەوێ کۆڕێکی میوانداریی گەورە بەرپاکراوە. سەرەڕای ئەوە کە تریفەی مانگە شەو، زەوی رووناك دەکردەوە ژمارەیەك لە غولامان کە مەشخەڵدانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، مەشخەڵیان داگیرساند تا ئەو ناوچەیە رووناك تر بێتەوە.

مووسا بینی کە هەموو شازادەکان و شازادەخانمەکان، مانای کوڕان و کچانی فیرعەون لەگەڵ غولامەکان و کەنیزانی خۆیان لەوێ ئامادەن.

غولامان، لەوێ، لەسەر زەوی، کەتانیان راخستبوو و شازادەکان و شازادەخانمەکان لەسەر کەتان دانیشتبوون سەرگەرمی خواردنی سەفەری بوون تا کاتی خواردنی ئەسڵی شەو دادێ. بڕێکی زۆر خواردن لە ناو زەمبیلەکاندا دەبینرا تا لە کاتی خواردنی ئەسڵی شەودا، بخورێ. دیار بوو کە شازادە و شازادەخانمەکان، خۆیان بۆ کەیفخۆشییەکی گەورە ئامادە کردووە و وایان بیرکردۆتەوە کە دیمەنی جەنگیی براکەیان لەگەڵ پیاوی بێ ناو (مانای مووسا) دیمەنێکی زۆر سەیران و سەفاییە.

مووسا دارێکی درێژ و ئەستووری ئەبەنۆس، کە لە ستی هوپی وەرگرتبوو لە ناو دەستیدا بوو و کاتێك کە پێی نایە سەر زەوی ئەو دارە لە نێو دەستیدا دەبینرا. پاش ئەو، ستی هوپ لە ئەسپەکەی دابەزی و جڵەوی ئەسپی مووسای لە دەستی وەرگرت و ئەم دوو ئەسپەی بەیەکێك لە درەختی خورماکانەوە بەستەوە.

کاتێك مووسا گەیشتە مەیدانی جەنگ، شازادەو شازادەخانمەکان بە شێوەیەك لەویان دەڕوانی کە دیار بوو زۆر نەفرەتیان لەو لاوە هەیە و حەزدەکەن ئەوشەوە لەوێ بکوژرێ.

رامسیس ستی کاسکێتی لەسەر نابوو و زرێی لەبەر کردبوو، بەڵام هەر دوو دەستی لە لەشانییەوە تا مەچەك سوپەری لەبەر نەبوو و شمشێرێکی درێژی ئاسنین کە تیغەکەی لەبەر رووناکی مەشخەڵەکان بریسکەی دەدایەوە لە دەستیدا دەبینرا. مووسا نەکاسکێتی بەسەرەوە بوو و نەزرێی لەبەردابوو و دەیزانی لە کاتی جەنگدا، ئەو لە رامسیس ستی چالاکتر دەبێ، چونکە کاسکێت و زرێ هەردووکیان لە برۆنز بوون، و مرۆڤ قورس دەکا و لە چالاکی وی کەم دەکاتەوە

ستی هوپ پاش ئەوە کە ئەسپەکانی بە درەختەکەوە بەستەوە، لە شازادەکان و شازادەخانمەکان نزیك بۆوە و رووناکی مەشخەڵەکان روخساری وی رووناك دەکردەوە.

تا ئەو کاتە کوڕان و کچانی فیرعەون، وایان وێنا دەکرد کە ئەو پیاوە لە یاوەرانی مووسایە، بەڵام پاش ئەوەی کە روخساریان لەبەر رووناکی مەشخەڵەکاندا دی، ناسییان کە سەرداری بە ساڵداچوو و ناسراوی جەنگیی، ستی هوپە. سەربازی پیر، بە دەنگێکی بەرز ئاوای گوت: ئەی شازادەکان و شازادەخانمەکانی میسر، هەموتان من دەناسن و دەزانن من کەسێکم کە ساڵانێك پێش ئەوەی ئێوە بێنە دنیاوە، شمشێرم لە دەستی فیرعەونی میسر، باوکی ئێوە نا و هونەری شمشێر وەشاندنم فێری ئەو کرد. هەوەڵین جار پاشا، لە رێگەی منەوە سواری گالیسکەی جەنگیی بوو و هونەری لێخوڕینی گالیسکە و جەنگ بە گالیسکە فێر بوو.

پاش ئەم پێشەکییە، ستی هوپ گوتی: ئەمشەوە لێرە، دوو کەس لە شازادەکانی میسری، جەنگی دەستەویەخە دەکەن و لە وانەیە خوێنی ئەوان برژێتە سەر زەوی. ئەم جەنگە، زۆرانبازییەکی نەخوازراو و ناپیرۆزەو نابێ دوو شازادە، کە منداڵی فیرعەونن، بێنە سەر باری ئەوەی خوێنی یەکتری بڕێژن، بەڵام هۆکاریکی کە بووە هۆی ئەم جەنگە وەك تیرێك وایە کە لە کەوان دەرچووە و هەر بەو شێوەیەی کە ناتوانرێ ئەو تیرە بۆ کەوانی خۆی بگەڕێتەوە، ناتوانرێ هۆکاری ئەوەش لە بەین ببرێ.

من، داوا لە دوو شازادە دەکەم، کە ئەمشەو لێرە لەگەڵ یەکتریدا جەنگ دەکەن، رازی نەبن بەوەی رژانی خوێن بگاتە جێگایەك کە ببێتە هۆی مردنی یەکێك لەم دوانە، یاخود هەر دووکیان و هەر کە خوێنی یەکێك رژایە سەرزەوی یاخود یەکێك لەم دوانە کەوتنە سەر زەوی، کۆتایی بە جەنگ بهێنن. من حەز دەکەم هەر دوو شازادە رازی بن کە جەنگ بە دەنگی فیکەی من دەس پێ بکاو کاتێك فیکەی دووەم لێدەدەم دەس لە جەنگ بکێشنەوە و دووەمین فیکە کاتێك لێدەدەم کە خوێن رژایە سەر زەوی یاخود یەکێك لەم دوو شازادەیە بکەوێتە سەر زەوی. پاشان ستی هوپ روو بە شازادەکانی دیکە زیاتر درێژەی پێداو گوتی: ئەمشەو، من تەنیا بەیەك چەقۆ کە بەکەمەرمەوە بەستراوە هاتوومەتە ئێرە، بەڵام پەنجا ساڵە من ئەم چەقۆیە بەکاردێنم لەبەر ئەوە من دەتوانم بە چاکی بیخەمە کار و بە ئێوەی شازادەکانی میسر دەڵێم کە هەر کاتێك بێنە سەر باری ئەوە کە لە جەنگی نێوان ئەم دوو شازادەیە کە ئەمشەو لێرە نەبەرد دەکەن، خۆتانی تێوەربدەن من چەقۆی خۆم دژی ئێوە بە کاردێنم، و بیر لەوە ناکەمەوە کە ئێوە کوڕی فیرعەونن و نابێ خوێنی ئێوە بڕژێتە سەر زەوی، لێگەڕێن کە ئەم دوو نەفەرە پێکەوە زۆرانبازیی بکەن و لە جەنگی ئەواندا خۆتانی تێوەرمەدەن.



شازادەکان هیچیان نەگوت و پاشان، ستی هوپ، روو بە دوو شازادەکە، کە دەیانویست زۆرانبازیی بکەن گوتی: ئێوە بۆ جەنگ ئامادە بن.

رامسیس ستی لە رووی بالاوە بە مووسا نە دەگەیشت، بەڵام چوار شانەو بە هێز بوو. شمشێری ئاسنینی ئەو کە لە هاتی دروست دەکراو لەوێوە دەیانهێنایە میسر و دەیان فرۆشت، لەو سەردەمەدا بە چەکێکی کاریگەر دەژمێردراو لە شمشێری برۆنز راست و بڕندە تر بوو.

لە میسر کاسکێت و زرێیان لە برۆنز دروست دەکرد، چونکە کاسکێت و زرێی لە ئاسن دروستکراو زۆر گران تەواو دەبوو. لەوەش بترازێ، کاسکێت و زرێی برۆنزی، چونکە وەك رەنگی زێڕ وابوو، درەوشانەوەی هەبوو، لە کاسکێت و زرێی ئاسن جوان تر خۆی دەنواند. ئەو شەوە، نە تەنیا کاسکێت و زرێی برۆنزیی رامسیس ستی لەبەر رووناکی مەشخەڵەکان دەدرەوشانەوە، بەڵکو قەڵغانە برۆنزییەکەشی دەدرەوشایەوە.

ستی هوپ گوتی: چەکی رامسیس ستی شمشێرەو چەکی مووسا دارەو رامسیس ستی کاسکێت و زرێ و قەڵغانی هەیە و مووساش ئەمانەی هەر سێکیانی نییەو لەبەر ئەوەی کە هەڵبژاردنی چەك ئارەزوومەندانەیە، ناتوانرێ نارەزایی لەوە کە یەکێك ئەسپابی خۆپاراستنی هەڵگرتووە و ئەوی دیکەیان ئەمانەی پێ نییە، بگیرێ.

کاتێك ساتی جەنگ هاتە پێش، شازادەکان و شازادەخانمەکان کە لە سەر کەتان دانیشتبوون هەستانە سەرپێ تا زۆرانبازییەکە ببینن، بەڵام ستی هوپ پێی گوتن کە هیچ کام لەوان نابێ پێ بنێتە ناو ئەو مەیدانە کە دوو شازادەکە لەوێ لەگەڵ یەکتری دەجەنگن.

ئینجا لە نێوان هەر دوو خەنیمدا شەش هەنگاو ماوەی دانا و پاشان دوو پەنجەی بە لێوییەوەناو فیکەی کێشا، دەنگی فیکەکەی بە بیاباندا گەڕاو دیواری بەرزی هەرەمی گەورە ئەو دەنگەی شکاندەوەو رامسیس ستی کە قەڵغانی لە نێو دەستی چەپیدا گرتبوو شمشێری بەرزکردەوە و بەرەو مووسا هێرشی برد. شازادەی چەکدار، لەبەر ئەوەی کە دەیدی مووسا کاسکێت و زرێی نییە، پێی وابوو کە بەیەك زەربە شمشێر لە تەوقی سەریدا کەللەسەری دوو لەت دەکا و ئەو لاوە دەکوژرێ ئەگەری شمشێر بەر تەوقی سەری مووسا نەکەوت و هاتە خوارێ و بە یەکێك لە دوو شانی بکەوێ مووسا دەکەوێتە سەر زەوی و پێش ئەوەی کە ستی هوپ بتوانێ دەخالەتی تێدا بکا، شمشێرێکی دیکە بۆ تەوقی سەری یان ملی مووسا دادەوەشێنێ و لە ناوی دەبا.

کاتێك شمشێری شازادەی چەکدار بۆ سەر تەوقی سەری مووسا هاتە خوارەوە، لەگەڵ دار ئەبەنۆسی مووسادا یەکانگیر بوو و زەربەی بە هێزی شمشێری ئەو، بەر دارئەبەنۆسی مووسا

کەوت، مەچەکی راستی رامسیس ستی ئازارێکی پێگەیشت، سەرەڕای ئەوەش شمشێری رامسیس ستی ئاسنین بوو، نەیتوانی دار ئەبەنۆسی مووسا دوو لەت بکاو رامسیس ستی کشایەوە دواوە تا خۆی بۆ زەربەیەکی دیکە ئامادە بکا.

شمشێری رامسیس ستی لە جۆری ئەو شمشێرە بوو کە لەو کاتەدا لە میسر و هاتی کەڵکی لێ وەردەگیرا، ئەو شمشێرانە دوو تیغی هەبوو و دەکرا لە نووکی تیژی شمشێریش کەڵك وەربگیرێ و شمشێرەکانیان راست (نەك چەماوە) دروست دەکرد.

رامسیس ستی، کاتێك تێگەیشت کە مووسا دەتوانێ بە داری خۆی پێش بەزەڕبەی شمشێری ئەو بگرێ، هاتە سەر ئەو نیازەی لە نووکی شمشێرەکەی، بۆ کون کردنی بەدەنی مووسا، کەڵك وەربگرێ. ئەگەر ئەو بە توندی هێرش بباو نووکی تیژی شمشێری خۆی حەواڵەی سکی یا سنگی مووسا بکا، شمشێری نوك تیژو دوو تیغی ئەو لە لایەکی بەدەنی وییەوە دەچووە ژوورێ و لە پشتی مووساوە سەری دەردێناو دەکوژرا. بە گومانی رامسیس ستی، مووسا بۆ پێشگیریی لەو زەڕبەیە، ئامرازێکی پێ نەبوو.

رامسیس ستی پاش ئەوە کە بۆ دواوە خۆی هەڵدا، لە حاڵێکدا کە نووکی شمشێری خۆی بەرە و سکی مووسا راگرتبوو، بەرەو پێشەوە هێرشی هێنا.

سەرەڕای ئەوە کە هێرشی شازادەی میسری خێرا خۆی دەنواند، مووسا بە داری ئەبەنۆس بە جۆرێك لە سەرەوە خۆی داهێنایە خوارێ بۆ سەر شمشێری رامسیس ستی کە نووکی شمشێری ئەو شازادەیە لە زەوی چەقی و خوار بۆوە و پێش ئەوەی کە رامسیس ستی دەرفەتێکی دیکە بە دەس بهێنێ و شمشێری خۆی دووبارە دژی مووسا بەکاربهێنێ، ئەو لاوە، بە دار ئەبەنۆسی درێژ و سەنگینی خۆی، یەك زەڕبەی لە بازووی راستی رامسیس ستی دا و ئەو زەڕبەیە بە شێوەیەك توندو ئازاردەر بوو کە رامسیس ستی نەیتوانی ئاوا رابووەستێ و لەسەر زەوی دانیشت و ناڵاندی. ستی هوپ دوو پەنجەی خۆی بە لێوییەوە ناو فیکەی کێشا مانای زۆرانبازی کۆتایی هات.

لە ناکاو ئەو شازادەیەی کە گوتمان منداڵی یەکێك لە کەنیزەکان بوو و قەڵافەتێکی کورت و روخسارێکی رەنگ ئەسمەری هەبوو و پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژە، لە باخی پاشایەتی، لەگەڵ رامسیس ستی و یەکێکی تر، سووکایەتیان بە مووسا کرد بوو و بە ناوی (رم ئوپیت) ەوە، بانگ دەکرا، هێرشی هێنایە سەر مووسا تا بیکوژێ.



مووسا ئەو کەنیززادەیەی دیت و هەر کە لێی نزیك کەوتەوە، بە دار ئەبەنۆسەکەی بە شێوەیەك لە دەستیدا، شمشێر لە دەستی رم ئوپیت کەوتوو مووسا دارەکەی خۆی فڕێداو گەرووی ئەو لاوە کورتە باڵاو چارەرەشەی گرت و بەرزی کردەوە و وەکو یەك بەرد فڕێ بدا، ئاوا فڕێیدا. رم ئوپیت بە روودا کەوت و ستی هوپ بە چەقۆی درێژ و پانی خۆی که لە کالانەکەی هێنابوویە دەرێ، خۆی گەیاندە ئەو لاوە و بە پشتە چەقۆکەی خۆی چەند زەڕبەیەکی قایمی لە پشتی کوڕەلاوە دا و گوتی: مەگەر بە ئێوەم نەگوت کە هەر کەسێك لە جەنگی نێوان دوو شازادەدا دەخالەت بکا لە لایەن منەوە تەمبێ دەکرێ؟

رم ئوپیت ئەوەندە بە قایم بەزەویدا کەوتبوو کە نەیدەتوانی هەستێتەوە، رامسیس ستیش لەبەر ئازار توانای راست بوونەوەی نەبوو.

ستی هوپ بە مووسای گوت: جەنگ تەواو بوو ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە. ئینجا بەرەو ئەو درەختە کە هەوساری ئەسپەکانیان پێوە بە ستبوونەوە رۆیشتن و سواربوون و رێگای گەڕانەوەیان گرتەبەر.

لە رێگا سەرداری بەساڵداچوو بە مووسای گوت: من نەمدەزانی تۆ ئەوەندە ئازای و پیاوێك بە دار بەو شێوەیە پیاوێکی چەکدار بە شمشێر تەمبێ بکا، دەبێ لێی بترسی.

مووسا گوتی: ئەی ستی هوپ، من ئەگەر بەیەك زەڕبەی دار، دەستی رامسیس ستیم، لە کار نەخستبایە ئەو منی دەکوشت.

ستی هوپ وێرای سەلماندنی قسەکەی مووسا گوتی: ئەو لاوە ئەگەر بیتوانیبایە تۆی دەکوشت، بەڵام من ئەمشەو، بەتایبەتی لەگەڵ تۆ هاتم کە نەهێڵم ئەو لاوە تۆ بکوژێ.

مووسا گوتی: تۆ چۆن دەتتوانی رێگریی لەوە بکەی کە رامسیس ستی من بکوژێ؟

ستی هوپ وەڵامیدایەوە: ئەمرۆ پاش ئەوەی لە تۆ جیابوومەوە، ئاگاداری پاشام کرد کە دەمەوێ بیبنیم.

مووسا پرسی: بۆچی دەتویست کە ئەو ببینی؟

ستی هوپ وەڵامیدایەوە: بۆ ئەوەی کە پێی بڵێم رامسیس ستی داوای جەنگی دەستەویەخەی لەگەڵ تۆدا کردووە.

مووسا بە حەپەسانێکی زۆرەوە گوتی: ئاهـ، ئایا تۆ ئەم مەسەلەیەت بە فیرعەون گوت؟

ستی هوپ گوتی: من ناچاربووم ئەم مەسەلەیە بە پاشا بڵێم و تۆش ئەگەر وەکو من بای، و تەمەنێك لە ناو دەزگای پاشایەتیدا کارت بکردبا، ناچار دەبووی ئەو مەسەلەیە بەو بڵێی.

مووسا گوتی: من وای دەبینم تۆ ناچار نەبووی ئەو مەسەلەیە بە فیرعەون بڵێی.

ستی هوپ گوتی: من ناچاربووم بە فیرعەون بڵێم که یەکیك لە کوڕانی ئەو، مەبەستی ئەوەیە کوڕەکەی دیکەی بکوژێ، چونکە کاتێك کە بینیم رامسیس ستی تۆی بۆ جەنگ داوا کردووە، یەقینم پەیدا کرد کە مەبەستی ئەوەیە تۆ بکوژێ. ئەوە بوو بە فیرعەونم گوت کە رامسیس ستی جنێوی بە مووسا و دایکی داوە، مووسا ناتوانێ خۆی لە جەنگ لەگەڵ رامسیس ستی ببووێرێ. هەروەها گوتم ئەگەر مووسا ئەمشەو لە کاتی خۆیدا نەڕواتە شوێنی بانگهێشتەکەی و لەگەڵ براکەیدا نەبەرد نەکا. ئیتر ناتوانێ لە کۆشکی پاشایەتیدا بژی. چونکە بەردەوام دەبێتە مایەی سووکایەتی و جنێوی رامسیس ستی و هەموو شازادەکانی دیکە.

فیرعەون کاتێك کە سەرنجیدا جەنگ دەرەتانی خۆلێ لادانی نییە، فەرمانیدا بە جۆرێك نەبەرد بکەن کە هیچ یەکێك لەم دوو لایەنە نەیەنە کوشتن و منیش، بەو شێوەیە کە بیستت، ئەو فەرمانەم بەرامسیس ستی و تۆ راگەیاند.

فەرمانی دەخالەت نەکردنی هەموو شازادەکانی دیکە لەو نەبەردەدا، ئەویش هەر لە لایەن فیرعەونەوە دەرچوو ئەگەر نا، من زاتی ئەوەم نەدەکرد بە شازادەکانی دیکە، کە هەموویان منداڵی پاشان بڵێم کە ئەگەر دەخالەت لە جەنگدا بکەن لەلایەن منەوە بە چەقۆ سزا دەدرێن.

فیرعەون دەسەڵاتی پێدام کە ئەگەر شازادەکان لە جەنگی تۆ و رامسیس ستیدا دەخالەتیان کرد، تەنانەت ئەوان بکوژم. من رم ئوپیتم نەکوشت، بەڵام ئەوم بە پشتە چەقۆکەی خۆم تەمبێ کرد و ئەگەر بچێ بۆ لای فیرعەون و شکاتم لێ بکا کە من ئەوم تەمبێ کردووە فیرعەون پێی دەڵێ کە دەبێ لە من رازی بێ کە ئەوم نەکوشتووە. چونکە ئەو دەستەڵاتی تەنانەت کوشتنی شازادەکانیشی بە مندا بوو.

مووسا گوتی: ئەی ستی هوپ، سەرەڕای ئەوە کە تۆ فەرمانی فیرعەونت بە ئێمە راگەیاند کە تەنیا خوێن ڕژان بەسە و جەنگی ئێمە، نابێ ببێتە هۆی کوشتنی یەکێك لە هەردوو لا یا هەر دووکیان، ئەگەر رامسیس ستی بیتوانیبایە من بکوژێ، دەیکوشتم.

ستی هوپ ماوەیەك بیری کردەوەوە گوتی: راستە و من لە چاوەکانی ئەو لاوەدا رق و غەزەبێکی زۆرم دەدی، بەڵام تۆ بە ئەندازەی پێویست ئەوت تەمبێ کرد و زەربەی دارەکەی تۆ، دەستی راستی وی تاماوەیەك لە کار دەخا.

بەو شێوەیە کە سەرداری بە ساڵداچوو بۆ مووسای گێڕایەوە، فیرعەون، هەمان رۆژ، ئاگادار بوو کە رامسیس ستی و مووسا جەنگیان کردووە، بەڵام کەسانی تر، لە نێو دەرباری پاشایەتی



میسر، لەو رووداوە ئاگادارنەبوون. هۆکاری ئەوەش ئەمە بوو کە مووسا ئەو رووداوەی بۆ هیچ کەسێك نەگێڕایەوە، چونکە دۆستی نەبوون تا رووداوی ناوبراویان بۆ بگێڕێتەوە.

مووسا لە ناو دەرباری پایتەختی میسردا، جگە لە ستی هوپ، تەنیا یەك دۆستی هەبوو کە ئەویش نف بوو و بە سەرۆکی تەلارسازانی کۆشك دەژمێردرا و لەو دەمەشدا بۆ کارەکانی خۆی سەفەری کرد بوو، و لە پایتەخت ئامادە نەبوو.

هەر بەو شێوەیە کە مووسا ئەو رووداوەی بۆ کەسانی دیکە نەگێڕایەوە، شازادەکان و شازادەخانمەکانیش کە ئەو شەوە لە پەنا هەرەمی گەورەدا رووداوی ناوبراویان دیتبوو، زمانی خۆیان لێ گرێدا و ئەو رووداوەیان بۆ کەسانی دیکە نە گێڕایەوە. چونکە دەبووە مایەی سەر شکانەوەی رامسیس ستی و خۆشیان، چونکە داژداری ئەو بوون و هەروەها بەو غولامانەشیان، کە ئەو شەوە بۆ هەڵکردنی مەشخەڵەکان و خواردن هێنان و خزمەتگوزاریی دیکە لە لای هەرەمی گەورە بوون، گوت کە ئەگەر ئەم رووداوە بۆ کەسانی تر بگێڕنەوە دەکوژرێن. غولامانیش لە ترسی گیانی خۆیان، لێوی خۆیان لێ گرێدا.

ئەو پزیشکەی کە هاتبوو دەستی رامسیس ستی چارەسەر بکا لێی پرسی: دەستی شازادە بە چی ئازاری پێگەیشتووە ؟ ئەو گوتی: لە سەر ئەسپ کەوتوومەتە خوارێ. پزیشك گوتەی ئەو لاوەی قبووڵ کرد یان وای خۆپیشاندا کە قبووڵی کردووە.

لە رۆژێکی دوای ئەم جەنگەوە، ئیدی رەوشی شازادەکانی میسری لە بارەی مووساوە گۆڕا. و ئیدی ئەوان سووکایەتیان بەونەدەکرد، بەڵام دیقەتیان دەگرت کە نەکەونە سەر رێگەی ئەو. کاتێك کە لەناو باخی پاشایەتیدا پیاسەیان دەکرد، ئەگەر بیان دیبایە کە مووسا لەبەرامبەر ئەوانەوە دێ، ئەو جادەیە کە پیاسەیان لێ دەکرد دەیانگۆڕی تاکو لەگەڵ مووسادا بەرەو رووی یەکتری نەبن، چونکە سەرەڕای ئەوە کە نەفرەتیان لێی هەبوو، لە لاوی بە هێز و جوان دەشترسان.

شازادەکانی میسر بیریان دەکردەوە کە ئەگەر لەگەڵ مووسا یەکانگیر بن ئەوەندەیان کینە لەبەرامبەر ئەو لە دڵدایە، کە ناتوانن لە دەرخستنی نەفرەتی خۆیان خۆ لابدەن و جێوی پێ نەدەن و ئەگەر مووساش ئەو جنێوانەی گوێ لێ بێ، ئەوان بۆ جەنگ داوا دەکاو ئەوان دەکوژێ یان بە جۆرێك لێیان دەدا کە وەکو رامسیس ستی نەتوانن دەست بکەنەوە. بەڵام شازادەخانمەکان لەو رۆژە بەدواوە لە بارەی مووساوە، بە سەرنجدانێکی زیاترەوە لەویان دەڕوانی.

ئەوان، لەو رۆژە بە دواوە، کاتێك دەگەیشتنە مووسا، بە نیگای دوورودرێژەوە لەویان دەڕوانی و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە مووساش نیگایەکیان بکا و بە نیگای خۆی ئاشکرای بکا کە هۆگریی ئەوانە. لەوسەردەمەدا، لە میسر، هاوسەرگریی برا لەگەڵ خوشك رەواو شیاو بوو و کچانی فیرعەون ئارەزوویان دەکرد ببنە هاوسەری مووسا، بەڵام ئەم لاوە جوان و هێزە، سەرنجی لە کچان نەدەدا.

پێنج رۆژ دوای ئەو زۆرانبازییە، لە لایەن فیرعەونەوە ئاگاداری مووسایان کرد کە پاشای میسر داوای ئامادەبوونی ئەو دەکا. ئاخرین جار کە فیرعەون، بە جۆرێکی رەسمی ئەوی دیتبوو — بەو ئاوایە کە گوتمان — کاتێك بوو کە دە ساڵی بە سەردا تێدەپەڕی.

هەشت ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا تێدەپەڕی و لەو ماوەیەدا، پاشای میسر، هەرگیز بە شێوەیەکی رەسمی چاوی بە مووسا نەکەوتبوو. گەرچی مووسا، هەندێك جاران فیرعەونی دیتبوو و جاری وابوو رێکدەکەوت کە فیرعەون چەند قسەیەکیشی لەگەڵدا دەکرد. بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵدا، هەرگیز بە شێوەیەکی رەسمی چاوی بە مووسا نەکەوتبوو.

کاتێك بە مووسایان راگەیاند کە پاشای میسر فەرمانی داوە کە دەبێ بچێتە لای پاشا، کوڕەلاو بە خۆی گوت: حەتمەن، فیرعەون دەیەوێ لە بارەی زۆرانبازی ئەو شەوەوە لێپێچانەوەم لەگەڵدا بکا.

ئەو ماوەی هەشت ساڵە، کە بە شێوەیەکی رەسمی لە لایەن فیرعەونەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا نەکرابوو، بۆ پاشای میسر، لە وانەیە بە ماوەیەکی درێژ نەدەهاتە بەرچاو. بەڵام لەبەر چاوی مووسا، ماوەیەکی درێژ بوو، چونکە لە سەردەمی منداڵی و سەرەتای لاویدا، تێپەڕ بوونی زەمان، لەبەر چاوی منداڵێك یا کوڕێکی کە پێ دەنێتە قۆناغی تافی لاوێتی، بە درێژ خۆی دەنوێنێ. مووسا وای وێنا دەکرد کە ماوەی هەشتا ساڵە بە شێوەیەکی رەسمی ئەوی نەدیوە.

بە مووسایان گوت جێگای دیدەنی تەلاری هۆڵی گشتییە.

مووسا ئەو تەلارەی بە چاکی دەناسی و گوتمان کە لە تەمەنی دە ساڵیدا لەو تەلارەدا، لەگەڵ دایکی، شازادەخانم ئەنخاس ئاموون لای فیرعەون ئامادە ببوو.

وەزعی ئەو تەلارە بە هەمان شێوە بوو کە لە کاتی دە ساڵەی مووسادا باسمانکرد و مووسا پاش ئەوەی کە چووە ناو تەلاری هۆڵی گشتییەوە، بەهەمان داب کە فیرعەون لە کاتی ژیانی دایکیدا، لای فیرعەون ئامادە ببوو، بۆ لای ئەو مۆڵەتی پێدرا.



لەو رۆژەدا مووسا بۆ ئامادەسازیی دیدار، باشترین جلی خۆی لەبەر کرد و جوانترین پۆشاکی ئاڵ و والای خۆی لە سەرو بەدەنی خۆیەوە پۆشیبوو. پاش ئەوەی گەیشتە بەرامبەر تەخت، فیرعەون بە دیقەتەوە تێیڕوانی و نیگای پاشا بە شێوەیەك درێژ بوو کە کوڕەلاو نەیتوانی چاو لە چاوەکانی ببڕێ و نیگای خۆی لە زەوی بڕی.

فیرعەون، پاش ئەوە کە بە باشی بە مووسایدا هەڵڕوانی گوتی: دەبینم گەورە بووی و جوان بووی، چەند ساڵ لە تەمەنت تێدەپەڕێ؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا، هەژدە ساڵ لە تەمەنی من تێدەپەڕێ.

پاشای میسر گوتی: تۆ نابێ بە ناونیشانی پاشا لە گەڵ مندا قسە بکەی!

مووسا سەری داگرتە خوارێ و پاشای میسر گوتی: هەر کاتێك کە دەتەوێ لەگەڵ مندا قسە بکەی بڵێ ئەی باوکە.

مووسا گوتی: گوێڕایەڵی دەکەم و دەڵێم ئەی باوکە...

پاشای میسر گوتی: بەڵام بانگکردنی تۆ وەك بانگکردنی منداڵێك بۆ باوکی نییە و گەرم و گوڕی ئاوازی منداڵیی تێدا نییە. من نازانم تۆ بۆچی بە ئاوازێکی گەرم و دڵسۆزانە بانگی من ناکەی؟ ئایا وا وێنادەکەی کە من لە بارەی دایکتەوە درێغیم کردووە؟

مووسا لە قسەکانی پاشای میسر سەری سوڕما. ئەویش نەك بەو هۆیە کە رامسیسی دووەم لە بارەی دایکییەوە قسەی لەگەڵ ئەودا کرد، بەڵکو لەو رووەوە کە وای هەستکرد، ئاوازی قسەکردنی پاشای میسر لەگەڵ ئەودا، ئاوازی کەسێك نییە کە دەرهەق بەرامبەرەکەی کینەی لە دڵدا بێ.

مووسا وای وێنا دەکرد، بەڵکو یەقینی هەبوو کە فیرعەون لە بەرامبەر ئەودا کینەی هەیە.

کورەلاو، پاش ئەوە کە تێگەیشت کە ئەو لە وەچەی کۆیلانی سەرزەوینی کۆشە، کە ئەوانیش لەوەچەی ئیسرائیلن بە خۆی گوت: ئەوەی من دەیزانم فیرعەونیش دەیزانێ و ئاگادارە کە من منداڵی ئەو نیم و لە پشتی ئەو نەهاتوومەتە بوون و تەنانەت لە سکی شازادەخانم ئەنخاس ئاموونی هاوسەریشی نیم. فیرعەون دەزانێ کە هاوسەرەکەی ئەو منی لە ناو ئاوی نیل گرتۆتەوەو لەبەر ئەوەی منداڵی نەبوو و نەزۆك بوو، و دەیزانی کە ناتوانێ منداڵی ببێ، منی بە منداڵی خۆی قبووڵ کرد و وای نیشاندا کە من لە سکی ئەو و لە پشتی فیرعەونم.

من نازانم لە سەرەتادا فیرعەون ئەم بانگەشەیەی قبووڵ کردووە یا ناو دووریشە کە قبووڵی نەکردبێ، چونکە ئەگەر ئاوا بیری نەکردبایەوە کە من لە پشتی ئەوم، کەسێك نەیدەتوانی ئەو

ناچار بکا ئەم نزیکییە قبووڵ بکا. لە بەر ئەوە دەبێ ئەوە قبووڵ بکرێ کە فیرعەون لە سەرەتادا، بانگەشەی هاوسەرەکەی قبووڵ کردووە و وای وێنا کردووە کە بە راستی من لە پشتی ئەوم، بەڵام پاشان درکی بە هەقیقەت کردو تێگەیشت کە هاوسەرەکەی منی لە ئاوی نیل گرتۆتەوە و من نە لە پشتی ئەوم و نە لە منداڵدانی هاوسەرەکەشی و هەر بۆیەش دەیویست من لە ناو بەرێ. بەڵام دایکە شیردەرەکەم، شازادەخانم ئەنخاس ئاموون هۆگری من بووەو منی خۆشدەویست و پشتیوانی لە من دەکرد و پێش نەشتەرگەری بەڵێنی لە مێردەکەی وەرگرت کە من نەکوژێ، یان بە رێگەیەکی دیکە، ئازارم نەدا.

لە بەر ئەوەی مووسا بەو شێوەیە بیری دەکردەوە، ئەو رۆژە، کە بۆ لای فیرعەون مۆڵەتی پێدرا، لە ئاوازی دۆستانەی قسەکردنی فیرعەون حەپەسابوو، چونکە، چاوەڕوانی ئەوە نەبوو، پاشای میسر، کە دەیویست ئەو بکوژێ، بەو ئاوازە لە گەڵ ئەودا قسە بکا.

پاشان فیرعەون گوتی: من لەو باوەڕەدام کە تۆ وا بیردەکەیەوە من لە بارەی دایکتەوە درێغیم کردووە، مووسا وەڵامی فیرعەونی نەدایەوە.

پاشای میسر گوتی: من لە بارەی دایکتەوە درێغیم نەکردووە و بەو هۆیەوە بەوم گوت کە خۆت نەشتەری بکە کە دەمزانی زۆر لە ئازاردا دەژی. من دەمویست ئەو لە ئازاری هەمیشەیی رزگار بکەم.

مووسا سەری بەرزکردەوە و گوتی: بەڵێ ئەی باوکە!

فیرعەون گوتی: ئەم وەڵامەی تۆ لە رووی دڵسۆزییەوە نەبوو. من حەز دەکەم تۆ بزانی کە من نەمدەویست بەڵایەك بەسەر دایکت دابێ و ئەگەر ئاوا نەبووایە، پێویستی بەوە نەدەکردکە من ئەو ناچار بەکاری نەشتەری بکەم. من دەمدی کە ئەو بەردەوام ئازار دەچێژێ و دەمویست کارێك بکەم کە لە ئازاری هەمیشەیی رزگاری ببێ. هەر بۆیە هەڵکەوتووترین پزیشکانی میسرم لە خزمەتی ئەودا دانا.

دوای ئەوە ئینجا فیرعەون بابەتی قسەکانی گۆڕی و گوتی ئێستا تۆ گەورە بووی و من دیقەتم داوە کە تۆ لە رووی بەژن و باڵاوە وەك پیاوانی میسری سەروو دەچی، چ ئەو پیاوانە کە ئەمڕۆ کۆتەڵیان هەیە و چ ئەو پیاوانەی کە هێشتا لە میسری سەروو دەژین.

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی باوکە!



فیرعەون گوتی: بیستومە چەند رۆژێك پێشتر، کاتی شەو، تۆ لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانی من زۆرانبازیت کردوە و هۆی زۆرانبازییەکەش ئەوە بووە کە ئەو جنێوی بە تۆ گوتووە، ئایا وا نییە؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی باوکە!

فیرعەون گوتی: ئەگەر ئەو جنێوی بە تۆ نەگوتبایەو تۆ ئەوت بۆ زۆرانبازیی داوەت بکردایە ئەوا تەمبێ دەکرای، بەڵام چونکە ئەو جنێوی بە تۆ گوتووەو خۆشی تۆی بۆ زۆرانبازیی بانگ کردووە من تۆ سزا نادەم.

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی باوکە!

لە ناکاو ئاوازی ئاخاوتنی فیرعەون، کە تا ئەو کاتە نەرم نیان بوو، گۆڕاو بە توندو تیژییەوە گوتی: ئامادەبوونی تۆ لێرە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەموو منداڵەکانی من نارەحەت ببن و هەموویان لە تۆ دەترسن و لەو رۆژەوە کە تۆ بە دار، لە دەستی یەکێکیانت داوە ئەو ناتوانێ دەستی خۆی بجولێنێ.

فیرعەون ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ستی هوپ بەمنی گوت کە تۆ پیاوێکی جەربەزەی و لە کاری جەنگدا دەبێ کەڵك لە پیاوێکی ئازای وەك تۆ، وەربگیرێ لەبەر ئەوەی لەم زەمانەدا، من قشونێکی پازدە هەزار نەفەری، بۆ سەرزەوینی کۆش لە باشور، رەوان دەکەم تا رەشپێستان کە یاخیبوون، لە جێی خۆیان دابمرکێننەوە. تۆ بە پلەی فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان، لەگەڵ ئەو قشونە، بۆ سەرزەوینی کۆش رەوان دەکەم و تۆ دەتوانی لە جەنگ لەگەڵ رەشپێستاندا، هەر ئەندازە کە دەتەوێ و دەتوانی ئازایەتی بەکاربهێنی و لێیان بکوژی. ماوەی مانەوەی تۆ لە سەرزەوینی کۆش سێ ساڵ دەبێ و تا ئەو ماوەیە تێنەپەرێ مۆڵەتت نییە بگەڕێیتەوە بۆ ئێرە و من وا وێنا دەکەم تا ئەو کاتە، ئاقڵ ببی و هیچی تر نەبیە مایەی وەحشەتی براکانی خۆت.

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی باوکە!

فیرعەون گوتی: ئیدی قسەیەکم لەگەڵ تۆدا نییە و تۆ دەتوانی بڕۆی. مووسا لە تەلاری دیدەنی گشتی هاتە دەرەوە و تێگەیشت سەرەڕای ئەوە کە ئەو لە رووداوی زۆرانبازی لەگەڵ رامسیس ستیدا گوناهێکی نەبوو و ئەو لاوە جنێوی بەو و بە دایکی گوت و ئەوی بۆ زۆرانبازی بانگکرد، فیرعەون ئەوی خستە ژێر باری سزادانەوە، چونکە ناردنی مووسا بۆ

مەیدانی جەنگ و قەدەغەکردنی گەڕانەوەی ئەو تا ماوەی سێ ساڵ سزادان بوو، و فیرعەون، مووسای لە میسر دووردەخستەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە فیرعەون بەبێ گوناھـ مووسای سزاخواردوو کرد و گوتی ئەو دەبێ ماوەی سێ ساڵ لە پایتەختی میسر دوور بێ، کوڕەلاو، لە خودی کارەکەو بێ گوناھـ سزا خواردن، نیگەران نەبوو. لەبەر ئەوەی کە هیچ شتێك ئەوی بە پایتەختەوە نەدەبەستەوە. لەو شارەدا، جگە لە ستی هوپ و نف، دۆستێکی نەبوو تا لەبەر خاتری دیداری دۆستان لە پایتەختی میسر، کە لە ناوچەی دەلتا (مانای ناوچەیەك کە رووباری نیل لەوێ بۆ چەند لق دابەش دەبێ و پاشان دەرژێتە ناو دەریاوە) هەڵکەوتووە، بمێنێتەوە.

سەرزەوینی کۆش لە باشووری میسر، واری دانیشتنی رەشپێستان بوو.

میسرییەکان، هەزارەها ساڵ پێش مووسا، وایان وێنا دەکرد کە دنیا خاوەنی دوو سەرەو سەرێکیانی ئاوڕێژگەی رووباری نیلە، مانای ئەو جێگایە کە رووباری نیل لە وێڕا دەرژێتە ناو دەریا وە، و سەرەکەی دیکە سەرزەوینی کۆشە.

ئەوان وایان وێنا نەدەکرد کە لە دەرەوەی سەرزەوینی کۆش، کە لە باشووری میسرە و ئاوڕێژگەی رووباری نیل کە لە باکووری وڵاتە، جێگایەکی تر لەو جیهانەدا بوونی هەبێ. پاش ئەوە بە تەئسیری تێپەڕینی زەمان و دروستکردنی کەشتی و گەشت و گەڕان لە نێو دەریایەکدا کە ئەمڕۆ بە دەریای سپی ناوەڕاست ناودەبرێ، و لە کۆندا جارێك بە دەریای میسر دەخوێندرایەوەو زەمانێك بە ناوی دەریای فینیقییەو وەختێك بە ناوی دەریای رۆم، میسرییەکان سەرنجیاندا کە لە دەرەوەی سنووری ئاوڕێژگەی رووباری نیل و سەرزەوینی کۆش، سەرزەوینی دیکەش لەو جیهانەدا بوونی هەیە.

پاش ئەوە بە درێژایی هەزارەها ساڵ لە نێوانی میسریان و ئەو نەتەوانە، جەنگ و شەڕوشۆڕ پێکدەهات و میسرییەکان کەتوانییان سوپا پێك بهێنن (مانای هێزێکی سەربازی دیسپلیندار کە ژێر فەرمانی بۆ یەك فەرماندە بکا) توانییان هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ میسریان دەجەنگان، لە جێگای خۆیاندا دابمرکێننەوە یاخود ئەوان ملکەچی خۆیان بکەن. بەڵام هەرگیز نەیانتوانی کە رەشپێستانی سەرزەوینی کۆش بە جۆرێکی تەواو ملکەچ بکەن، چونکە رەشپێستان لە سەرزەوێنێکدا دەژیان کە میسرییەکان نەیان دەزانی کە کۆتایی ئەوێ لە کوێیە. میسرییان، هەموو جێگایەکی دنیای ئەو سەردەمەیان بەباشی دەناسی جگە لە سەرزەوینی کۆش، و ئەوان نەیان دەزانی کە ئەو سەرزەوینە لە کوێ هەڵکەوتووە و لە چ جێگایەك کۆتایی



دێ. نابێ میسرییانی کۆن سەرکۆنە بکرێن کە بۆچی نەیاندەزانی کۆتایی سەرزەوینی کۆش لە کوێیە، چونکە نەتەوەکانی ئەمڕۆکە، تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی نەیاندەزانی کە سەرزەوینی کۆش بەرەو کوێ کۆتایی دێ و هەلومەرجی ناوخۆیی ئەوێ چۆنییە و ئەگەر پیاوانی وەکو (لیونگستن) جیهانگەڕی ناسراوی ئینگلیزی و (ستانلی) پەیامنێری رۆژنامەی (نیویۆرك هیراڵد) چاپی نیویۆرك، سەفەریان بۆ ناو دڵی ئەفەریقیا نەکردبایە، لە سەدەی نۆزدەیەمی زایینیشدا، خەڵکی جیهان نەیاندەزانی کە سەرزەوینی کۆش لە باشووری میسر، لە کوێ کۆتایی دێ و هەلومەرجی ناوخۆیی ئەوێ چۆنە.

فیرعەونەکانی میسر، کە دەیانتوانی بەردانێك کە بە گەورەیی کێوێك بوون لە جێگای خۆی هەڵبکەنن و تەلارگەلی گەورەی وەکو هەڕەمەکان بنیات بنێن و لە بەرامبەر شەتی نیل، بەنداو، راست بکەنەوە، و لە پاشەوەی ئەو شەتە، دەریایەك بۆ ئەمبارکردنی ئاو بهێننە ئاراوە تا لە حاڵی کەم ئاوی، کەڵك لە ئاوی ئەم دەریایە وەربگرن، نەیاندەتوانی لە عۆدەی رەشپێستانی سەرزەوینی کۆش بێن. چونکە رەشپێستان کاتێك کە دووچاری هەڵمەتی سوپای میسر دەبوون، کۆڵێتەکانی خۆیان کە لە دار و قامیش دروستیان دەکردن و بۆ دروستکردنیان زەحمەتێکی زۆریان نەدەکێشا بەرەڵا دەکرد و رێگای باشووریان دەگرتە پێش و بەرەو جەنگەڵستانەکان دەڕۆیشتن کە هیچ کەس نەیدەزانی کۆتاییەکەی لە کوێیە. تا کاتێك سوپای میسر، لە کۆش بوو، رەشەکان زاتی ئەوەیان نە دەکرد لە جەنگەڵەکان بێنە دەرەوە و پاش ئەوە کە قشونی میسر دەگەڕایەوە، رەشەکان، لە جەنگەڵەکان دەهاتنە دەرەوە و بەرە و کۆش دەگەڕانەوە.

رەشەکان، ئەگەر پاش گەڕانەوەیان بۆ کۆش، دەخالەتیان لە کاری میسرییەکاندا نەکردبایەو نەهاتبانە سەرباری ئەوە دەست بۆ میسر درێژ بکەن، کەس کاری بەکاری ئەواندا نەبوو. بەڵام پاش ئەوەی کە دەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان، بە ئارامی دا نەدەنیشتن و دەهاتنە سەرباری ئەوەی کە دەست درێژی بۆ میسری سەروو بکەن و هەرچی دەستیان پێ ڕابگەیشتبایە و شیاوی بردن بایە، دەیان برد و لە کاتی هێرش بردندا، هەر کەسێکیان دەدی دەیانکوشت. لە سەردەمە کۆنەکاندا کە میسر خاوەنی سوپا نەبوو، رەشپێستان، خۆیان دەگەیاندە باکووری میسرو شارەکانی میسریشیان دەخستە بەر هێرشەوە. بەڵام پاش ئەوەی کە میسر بوو بەخاوەن سوپا، زاتی ئەوەیان نەدەکرد خۆیان بگەیەننە میسری باکوور (کە بە میسری خواروو ناسراوە) چونکە دەیانزانی کە نابووت دەبن.

مووسا، لە میسری خواروو، ڕەشپێستانی زۆر دی بوون. ئەو دەیدی کە ئەوان خاوەنی بازووی بە هێز و لوتی بچووك و دەمی پان و قژی لوولی وەکو خورین، و چاوی جوان و نیگای بەزەیی ئامێزیان هەیە. سەرۆکەکانی ئەوان چەرمی بەور دەپۆشن و شمشێری برۆنز بە کەمەریانەوە دەبەستن. لە نێو ئەواندا کەسێك نییە دەستبەندی نەبێ و هەندێکیان، سەرەڕای شمشێر، نێزەشیان پێیە کە بە بەردەوامی لە نێو دەستیاندایە و وەك بڵێی کە بێ ئەوە، ناتوانن بە ڕێگادا بڕۆن.

سەرەڕای ئەوە کە پیاوانی ڕەشپێستی چەکدار دەبووایە وەحشەتیان لە دڵی ئینساندا دروست بکردبایە، بە پێچەوانەوە، دڵنیاییان پێك دەهێنا. چونکە ئەوەندە سادە و بێ ئازار بوون، کە مرۆڤ وێنای نەدەکرد ئەوانە ئازار بە خەڵکی بگەیەنن و گیانێکی وەکو منداڵی یەك ساڵەیان هەبوو و سادەترین گاڵتە، ئەوانی بە جۆرێك سەرحاڵ دەکرد کە قاقا پێدەکەنین.

هەر وەخت کە مووسا دەیبیست کە ڕەشپێستان لە سەر زەوینی کۆش یاخیبوون، سەرسام دەبوو، چونکە لە ناخیدا نەیدەتوانی قبووڵ بکا ئەو خەڵکە سادەیە کە وەك بڵێی تەنیا بە هۆی پێکەنین و بۆ پێکەنین زیندوون، دەست بدەنە یاخیبوون و کەسانی دیکە لە نێو بەرن و ماڵ و داراییان بە تاڵان بەرن.



## -٩-

# له شاری تانیس

پاش ئەوەی کە فیرعەون، مووسای خستە ژێر فەرمان کە بە پلەی فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بڕواتە کۆش، مووسا، کە خۆشی ئەوەندە ئارەزووی گیربوونی لە پایتەختی میسر نەدەکرد، خۆی بۆ بەڕێکەوتن ئامادەکرد. ئەو دەیزانی کە فەرماندەیی وی لە سەرەوەی گالیسکەکانی جەنگیدا، لە واقیعدا، فەرماندەییەکی فەخرییە، چونکە لە هۆبەی گالیسکە جەنگییەکانی میسردا، ئەفسەرانێك خزمەتیان دەکرد کە پێشینەیەکی درێژیان لە جەنگدا لەگەڵ گالیسکە. هەبوو. مووسا، پێشینە و تاقیکردنەوەی ئەوانی نەبوو و فیرعەون نەیدەتوانی بە لاوێکی وەك مووسا، پلەیەك ببەخشێ کە لە خوار پلەی ئەوادا بێ و فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکان لە دوو ڕووەوە بۆ مووسا لێوەشاوەبوو: یەکێکیان لەو ڕووەوە کە ئەو بە کوڕی فیرعەون دەژمێردراو ئەوی دیکەیان دەیزانی باڵایەکی بەرز و ناوشانێکی پانی هەیە و لاوانی باڵابەرز و چوار شانە، لە گالیسکە جەنگییەکاندا، زیاتر وەدەردەکەون.

مووسا بۆ ئەوەی بە ڕشتەی جەنگیی خۆیەوە، مانای گالیسکە جەنگییەکانەوە پەیوەست بێ، لە پایتەخت هاتە دەرەوە و ڕێگای شاری دێرینەی (تانیس)ی گرتەبەر. تانیس، بارەگای گالیسکە جەنگییەکان بوو و فیرعەون لەو شارەدا ئاخوڕگەیەکی هەبوو کە دە هەزار ئەسپ تێیدا خزمەت دەکرا. مووسا دەیزانی لە بەرامبەر ئەو ئاخوڕگە گەورەیە، مەیدانێکی بەربەرین هەبوو کە لەوێ، گالیسکەڕانی تێدا دەکەن.

مووسا دەیزانی ئەو فەرماندە سوپاییەی کە دەبێ بڕواتە کۆش، ناوی (ستی کف)ە و لەو مەیدانەیە و ئەو بۆ ئەوەی کە بتوانێ بگاتە ئەو مەیدانە بەرینە، دەبێ بە کۆڵانەکانی شاری تانیس دا تێپەڕی.

ئەو رۆژە مووسا، چونکە دەیویست بەرشتەی جەنگیی خۆیەوە پەیوەست بێ، جلی جوان و شکۆمەندی خۆی لەبەر کرد بوو، هەموو ئەو شتانەی کە لە نیشانە تایبەتییەکانی ئەو بوون، بەخۆیەوە کردبوو.

کەسانێك کە مووسایان دەدی، تەنانەت لە دوورەوە دەستنیشانیان دەکرد کە ئەو لە کوڕانی فیرعەونە. ژنان و پیاوان، لە کاتی تێپەڕبوونی ویدا بە هەردوو بەری ڕێگاکەیدا سووژدەیان دەبرد و سەریان بۆ زەوی دادەگرت.

جل و بەرگێکی کە ئەو رۆژە مووسا لەبەری کردبوو، لە بەر تیشکی هەتاو دەبریسکایەوە و منداڵان کە لە تەماشای جل و بەرگ و گەوهەر و درەوشانەوەی کاسکێت و شمشێری مووسا تێر نەدەبوون، لە پشتەوە و بە هەر دوو لای کوڕەڵاوەدا رایان دەکرد تا زیاتر تەماشای بکەن.

مووسا کاتێك گەیشتە مەیدانی بەرین، کە بەرامبەر ئاخوڕگەکە بوو، بینی کە ژمارەیەك لە گالیسکەکان لە مەیدان دەجووڵێنەوە و پاش چەند خولەکێك دەنگی سمی ئەسپەکان و هات و هاواری گالیسکەڕانان و دەنگی چەرخەکانی گالیسکەکان و ئەو تەپ و تۆزەی کە لە جووڵانەوەی ئەوانەوە هەڵدەستا و بۆ ئاسمان بەرز دەبۆوە، وەزعی ئەو مەیدانەی هەروەکو مەیدانی جەنگ لێکردبوو.

مووسا لە حاڵێکدا کە لە جووڵانەوەی گالیسکەکانی دەڕوانی، خولێك بە دەوری مەیدانەکەدا سوڕایەوە و لە جێگایەك نزیك کەوتەوە کە دەیزانی ئەو فەرماندە سوپاییەی کە دەبێ بڕواتە کۆش، لەوێیە.

فەرماندەی ناوبراو، کە گوتمان ناوی ستی کف بوو، پیاوێکی کورتە باڵاو قەڵەو و قژی رووتاوە دەهاتە بەرچاو و جلەکانی بریتی بوون لە یەك بەرنافەك کە بەکەمەرییەوە هەڵواسرا بوو و پارچەیەکی لە هەمان قوماش بە سەرشانەکانیانەوە هەڵواسرا بوو. لە دوو لای ئەو، ئەفسەرەکانی راوەستابوون و ئەوانیش جگە لە بەرنافەك و قوماشێك کە بە سەرشانیانەوە دادابوو، زیاتریان نەبوو. پاشان مووسا سەرنجی لە پێی فەرماندەی سوپا و ئەفسەرەکانی دا و بینی هەموویان پێخواسن. ئەگەر مووسا، ستی کف، فەرماندەی سوپای نەناسیبایە، نەیدەتوانی ئەو پیاوە کورتە باڵاو قەڵەوە کە قژی رووتابۆوە، بە ئەفسەرێکی پلە بەرز بژمێرێ، چونکە هیچ جۆرە نیشانەیەکی فەرماندەیی لەویدا بەدی نەدەکرا.



ستی کف بە جۆرێك چاودێری جووڵانەوەی گالیسکەکان بوو، کە ئاگای لە نزیکبوونەوەی مووسا نەبوو و کوڕەڵاو لە دوورەوە هەستیکرد کە فەرماندەی سوپا لە وەزعی جووڵانەوەی گالیسکەکان رازی نییە.

فەرماندەی سوپا و ئەفسەرەکانی روخساریان تاوەسوت و ئەسمەر بوو. مووسا دەیزانی کە ستی کف لە تەمەنی دە ساڵیدا چۆتە ناو سوپای میسر و لە سەرەتادا چەکی هەڵدەگرت مانای چەکی ئەفسەرێکی هەڵدەگرت، چونکە بە هۆی منداڵییەوە نەیدەتوانی بجەنگێ و ئیتر لەو کاتەوە تا تەمەنی پەنجا ساڵی، بێ پسانەوە، لە جەنگەکاندا بەشداریکردبوو.

لە ناکاو هاواری ستی کف بەرز بۆوە گوتی: ئەی نەفرەتتان لێ بێ گالیسکەڕانان، گالیسکەوانیی ئێوە بە منی نیشاندا کە لە تەواوی میسردا، گالیسکەوانێکی مەیدانیی تێدا نییە و بێ تواناترین گالیسکەوانی هاتی[٣٤] لە ئێوە لێهاتووترە. بەو شێوە گالیسکەوانییە فیرعەون داوا لە من دەکا دوو هەزار گالیسکە بۆ سەرزەوینی کۆش ببەم. من ئەگەر دوو هەزار ولاخ سوار لەگەڵ خۆم بۆ سەرزەوینی کۆش ببەم لەوە باشترە کە بە دوو هەزار گالیسکە بەم گالیسکەوانانەوە، بەرەو کۆش بکەومە رێ.

مووسا کە ئەم دەربڕینانەی گوێ لێبوو، تێدەگەیشت کە بەشێکی زۆری ئەم دەربڕینانە واقیعییەتی نییە و گالیسکەوانانی میسری، بەو شێوەیەی کە فەرماندەی سوپای رەوانەکراو دەیگوت نالێهاتوو و بێ توانا نین. بەڵکو فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، بەو قسانە، دەیەوێ گالیسکەوانان زیاتر ئاگاداری وەزیفەی خۆیان بن و وایان لێ بکا کە زیاتر گوێڕایەڵی دیسپلین بن و لە هەمانکاتدا هیمەتی زۆرتر بەکارببەن.

ستی کف پاش ئەوەی چەند خولەکێك لە گالیسکەوانانی رووانی، رووی کردە ئەو ئەفسەرانەی دەوروبەری و گوتی: بڕۆن و من بە تەنیا بە جێبێڵن. پێش ئەوەی کە ئەفسەرەکان، لە دەورو پشتی فەرماندەی سوپای رەوانەکراو بڵاو بن، ستی کف چاوی بە مووسا کەوت و ئەوەی کە بووە هۆی ئەوەی سەرنجی ئەم پیاوە بەلای مووسادا کێش ببێ درەوشاوەیی جل و بەرگی مووسا بوو.

ستی کف بە بینینی مووسا، لە واقیعدا لە جل و بەرگی جوان و گەوهەرەکانی ئەو حەپەسا و ئەو ئەفسەرانەی کە لە دەوروبەری ئەو بوون، لەو هەموو شکۆ و جوانییە کە لە مووسادا

(٣٤) لەو سەردەمەدا، گالیسکە جەنگییەکانی هاتی و گالیسکەڕانی ئەوێ، لە جیهاندا ناوبانگیان هەبوو. (و.ف).

بوو، سەریان سوڕمابوو. سەرباری ئەوەش کە ستی کف بە وانی گوت کە ئەو بەتەنیا بە جێبێڵن و بڕۆن، نەڕۆیشتن. ستی کف بەرەو کوڕەلاو هات و بە ئاوازێکی وێرا بە ڕێزگرتنەوە، بەڵام ڕەسمی و وشکەوە گوتی: ئەی فەرماندەی میسری، ئایا تۆ دەتویست من ببینی یا یەکێك لە ئەفسەرەکانی دیکە؟

مووسا لە ئاوازی ڕەسمی و وشکی فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو ناڕەحەت بوو. هەروەها لە نیگاکانی ئەو ئەفسەرانەی کە لەگەڵ ئەودا بوون نارەحەت بوو، چونکە ئەفسەرانی ناوبراو گەرچی لە سنووری ڕێزگرتن بە کوڕی فیرعەون سنووریان نەدەشکاند، بەڵام بە نیگایەکی پشکنینانەوە لە جل و بەرگی جوان و گەوهەرەکانی مووسایان دەڕوانی.

مووسا دەیزانی کە حاڵی ڕێزگرتنی ستی کف و ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵیدان، ڕواڵەت نواندنە ئەگەر ئەوان بیان توانیبایە دەرهەق بە مووسا بێ ئەهمییەتی و بێ ڕێزی بکەن، دەیانکرد. بەڵام مووسا کوڕی پاشای میسر بوو و هەر کەسێك بەرامبەر ئەو بێ ڕێزی بکردبایە، بە سەختی سزا دەدرا. لەبەر ئەوە بێ بایەخی خۆیان بە ڕێگەی دەرخستنی ئەدەبی ڕەسمی و وشکەوە، ئاشکرا دەکرد.

مووسا لە وەڵامی فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراودا گوتی: من هاتبووم تۆ ببینم.

ستی کف پرسی: ئایا دەکرێ لە ئێوە بپرسم کە بۆچی دەتانویست من ببینن؟

مووسا گوتی: من لە سەر فەرمانی فیرعەون هاتوومەتە لای تۆ و فیرعەون فەرمانی داوە کە من لەگەڵ سوپایەك کە لە ژێر فەرماندەیی تۆ دایە، بە پلەی فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بەرەو کۆش بەڕێ بکەوم.

ستی کف گوتی: ئەها! ئێستا بیرم هاتەوە کە پاشا ئەم مەسەلەیەی بە من گوتبوو و هاتەوە بیرم کە شازادەیەك کە ناوێکی نیوە چڵی هەیە، دەبێ لەگەڵ ئێمەدا بێتە کۆش و پلەی ئەو فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان دەبێ. کاتێك ستی کف ئەم قسانەی بە سەر زماندا هات، هەروا بە ئەدەب بوو و بەڕواڵەتیش لە گوتەکانی وی ڕا نەدەکرا لێکدانەوەی ئەوە بکرێ کە نەفرەتی لە مووسا هەیە. بەڵام مووسا کە هەستی دەکرد لە هەوەڵین ڕووبەڕوودا لەگەڵ ستی کف جێگەی بێ لوتفی ئەو بووە، تێدەگەیشت کە فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو، پێی خۆش نییە ئەو لە سوپای ویدا خزمەت بکا، بەڵام ناچارە کە ملکەچی فەرمانی فیرعەون بێ.

پاشان ستی کف گوتی: کاتێك کە پاشا فەرمانێك بۆ من دەردەکا، من بەرپرسیارم کە فەرمانی ئەو لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکەم. ئێوە بە فەرمانی پاشا دەبن بە فەرماندەی



گالیسکە جەنگییەکان، بێگومان لە لێخوڕین و بەکاربردن و بە کاربردنی گالیسکەی جەنگیدا زانیاریتان هەیە؟

مووسا گوتی: نا، ئەی ستی کف، من لە لێخوڕین و بەکاربردنی گالیسکەی جەنگیدا، زانیاریم نییە!

سەرەڕای ئەوە کە ستی کف هەوڵیدا سەرسوڕمان و نەفرەتی وی ئاشکرا نەبێ، پاش ئەوەی کە ئەو وەڵامەی لە مووسا بیست گوتی: ئێوە کە دەتانەوێ ببنە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان، چۆن لێخوڕین و جەنگ بە گالیسکە نازانن؟ لە بەر ئەوەی لەو کاتەدا گالیسکەکان بەرەو ئاخوڕگەی گەورە دەگەڕانەوە، ستی کف بە بەڵگەی پێویستیی بەسەر ڕاگەیشتنی گالیسکەکان، خواحافیزی لە مووسا کرد و ڕۆیشت. هەروەها ئەفسەرەکانیش ڕۆیشتن و مووسا بە تەنیا مایەوە.

ئەو ڕۆژە، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان مووسا و ستی کفدا لەیەك نەگەیشتنێك هاتبووە ئاراوە. گەرچی مووسا بەرامبەر ستی کف نەفرەتی نەبوو، بەڵام تێدەگەیشت کە فەرماندەی سوپای یڕەوانەکراو نەفرەتی لەو هەیە و بە خۆی گوت: کاتێك ئەم پیاوە، لێرە، کە دەکرێ بگوترێ وەك پایتەختی میسر وایە، بەو جۆرە نەفرەتی لە من هەبێ، ئەی پاش ئەوە کە گەیشتینە کۆش ڕەفتاری لەگەڵ من چۆن دەبێ؟

لە حاڵێکدا کە مووسا لەو بیرەدا بوو، یەکێك لە ئەفسەران کە لەگەڵ ستی کفدا بەرەو گالیسکەکان ڕۆیشتبوو، گەڕایەوە.

مووسا بینی کە ئەو پیاوێکی ئەندام جوانە، بەڵام لە لای ڕاستی ڕوخساری نیشانەی زامێك، وا پێدەچوو کە زامی شمشێر بوو، دەبینرا. سەرێکی ئەو زامە بە سەرلاجانگی و سەرەکەی دیکەی بە گۆشەی لێوییەوە نووسا بوو. زامی ناوبراو، قەڵافەتی ئەو پیاوەی بە شێوەیەك دەرهێنابوو کە مرۆڤ وای وێنا دەکرد کە ئەو بەردەوام پێدەکەنێ.

ئەو پیاوە لە مووسا نزیك بۆوە و دوو دەستی بە نێو چاوانییەوە ناو سەری داگرتە خوارەوە مانای بەو پەڕی بە جێهێنانی ڕێزەوە، سڵاوی لە مووسا کرد و پاشان گوتی: من ناوم (هتپ ڕە)یەو فەرماندەی گالیسکەکانی جەنگیم، بەڵام لە ژێر فەرماندەیی ستی کف دام و بیستوومە کە بە فەرمانی پاشا، تۆ دەبی بە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان. بەوپێیە هەر لەم ساتەوە من خۆم دەخەمە ژێر فەرمانی تۆوە و ئامادەم کە بۆ ئاسانکردنی کاری فەرماندەیی تۆ، هەموو چەشنە دەسپێشکەرییەك بکەم تا ستی کف ڕازی دەبێ. ستی کف پیاوێکی خراپ

نییه، بەڵام لە پرسە جەنگییەکاندا سەختگیرە. من هاوکاری تۆ دەکەم تا لە مەسەلە جەنگییەکاندا لێککەوتن لە نێوان تۆ و ستی کفدا نەیەتە ئاراوە.

مووسا گوتی: لەو ساتەوە کە من لەگەڵ ستی کف و ئەفسەرانی ئەودا رووبەڕووبووم تێگەیشتم کە هەمووان نەفرەتیان لە بەرامبەر مندا هەیە و پێیان خۆش نییە کە من لەگەڵ ئەودا بم. چۆن بوو کە تۆ ئارەزووت کرد هاوکاری من بکەی تا لە نێوان من و ستی کفدا لێك کەوتن روونەدا؟

هتپ رە وەڵامیدایەوە: من پیاوێکی راستگۆم و باوەڕم وایە باشترین کار، راستگۆییە و لە رووی راستییەوە بە تۆ دەڵێم کە سەرەڕای فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکان، بە ئەفسەرێکی نەدارا دێمە ژماردن

مووسا گوتی: ئەفسەرێکی کە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بێ دەبێ پیاوێکی سامان دار بێ، چونکە سەرەڕای وەرگرتنی مووچە، لە جەنگەکاندا دەسکەوتی وەگیر دەکەوێ.

هتپ رە گوتی مووچەی ئەفسەریی من هەڵبەت لە مووچەی سەربازێك زیاترە، بەڵام ئەگەر ئەو مووچەیە لەگەڵ داهاتی خۆتدا بەراورد بکەی، دیقەت دەدەی کە زۆر ناشایانە و نرخی هەریەك لەو گەوهەرانە کە تۆ بە بەدەنی خۆتەوە کردووە لە مووچەی ساڵانەی من زیاترە.

مەسەلەی دەسکەوتەکانی جەنگیش، دەسکەوتی زۆر بەدەست ناهێنم، چونکە لە هەندێك لە جەنگەکاندا دەسکەوتێك بوونی نابێ تا بە نسیبی من ببێ. لە هەندێك وڵاتاندا، پاش ئەوە کە ئێمە داگیری دەکەین و ژمارەیەك دانیشتووانی لێ دەکوژین و بۆ تاڵانکاری دەچینە ناو ماڵەکانیانەوە، جگە لە چەند گۆزەیەکی گڵێنە هیچی دیکە نابینین. ئایا دەتوانی گۆزە و کاسەی گڵێنە بە ناونیشانی دەسکەوتی جەنگی بژمێری؟ هەڵبەتە نەخێر، چونکە بەهایەکیان نییە تا من بە دەسکەوتی جەنگییان بزانم و بیان هێنم.

بە دەگمەن وارێك دەکەوێ کە ئێمە زێڕ یان زیو لە کاتی تاڵاندا، یان تەنانەت مس بەدەست بهێنین، چونکە دانیشتوانی هەڵاتوو زێڕو زیو لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و شت گەلێك لە پاش خۆیاندا بەجێ دەهێڵن کە شایانی هەڵگرتن نەبێ، ئەوانەش چی، شتانێك کە هەڵناگیرێن و نرخیان هەرزانە و بۆ خۆشیان بە هایەکی نییە.

دووەمیان ئەگەر لە کاتی تاڵاندا، شتگەلێك بە نسیبی ئێمە بێ کە نرخی هەبێ ناچارین کە ئەو شتانە بە دەڵاڵەکان بفرۆشین و بەزێر یا بەزیو بیانگۆڕینەوە و دەڵاڵەکان پاش هەر جەنگێك، ماڵ و شمەکی تاڵانی بە کەمترین نرخ دەکڕنەوە.



سێیەم پاش فرۆشتنی ماڵی تاڵانی و بە دەست هێنانی چەند پارچەیەك زیو یان زێڕ، کەمتر وارێکدەکەوێ کە ئەو پارچانە بگەیەنینە میسر. چونکە پیاوی جەنگاوەر، کە هەموو رۆژێك گیانی لە نێو لەپی دەستی دایە، لە ژن و منداڵ و نیشتمانی خۆی دوورە، خۆی بە ناچار دەبینێ کە هەرگا چەند ئەڵقەیەك زیو و زێری بە دەس بکەوێ کەیفی پێ بکا.

هتپ رە ئاوا درێژەی بەقسەکانی دا: کەوا بوو ئەگەر دەسکەوتێکیش بە نسیب ئێمە بێ، شتێك ناگاتەوە میسر کە ئێمە بۆ ژن و منداڵەکانی خۆمانی خەرج بکەین. هەر بۆیە من کە ئەفسەرێك و فەرماندەی گالیسکەکانی جەنگیم، نەدار دەبم.

لەو کاتەدا، ئەفسەری میسری، بینی کە مووسا هەروا خامۆش ماوە و بۆچوونێکی خۆی دەرنابڕێ، بابەتی ئاخاوتنی گۆڕی و گوتی: بەڵام ئەوەی من دەمویست بیڵێم ئەوەیە کە من دیقەتم داوە پاش ئەوەی کە کوڕی فیرعەون بوو بە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان، بێ دوودڵی، لە نێوان ئەو و ستی کفدا کە لە کاروباری جەنگیدا زۆر وردە و وەسوەسەی هەیە، تێکگیران سەر هەڵ دەدا و تێککگیرانیش لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە شازادەی میسری، لە رشتەی گالیسکەوانی جەنگیدا تازە کارە و لە هونەری گالیسکەشدا بێ زانیارییە. هەر بۆیە من ئارەزوومەندانە و بە حەزی خۆم یەکەمیان پلەکەی خۆم بەشازادە بسپێرم کە من لە مبارەیەوە ناچاربووم، چونکە ئەگەر پلەکەی خۆم بەوی نەدابا ئەوا لێیان وەردەگرتم.

دووەمیان کە ئارەزووم کرد هەرچی کە لە بارەی گالیسکەی جەنگییەوە دەیزانم، فێری شازادەی میسری بکەم و لە جیاتی ئەو، رشتەی گالیسکە جەنگییەکان بەڕێوە ببەم تا ئەو رۆژەی کە شازادە لە کارەکەیدا بەرچاوڕوونی پەیدا دەکا. بەڵام لە بارەی ئەمەی دواییانەوە من ناچارنەبووم و دەمتوانی خۆم لەوکارە ببوێرم و هیچ کەسێکیش نەیدەتوانی من ناچار بکا کە ببمە راهێنەری شازادەی میسری، چونکە کاتێك کە نەفەرێك لەو پلەیەی کە هەیەتی لادەبەن، ناتوانن ئەو ناچار بکەن کە کارەکانی پەیوەست بەو پلەیە ئەنجام بدا. بەلام من خۆم ئارەزوومەندانە بەرکاردەبم کە هەرچی دەیزانم فێری شازادەی میسریی بکەم و تا شازادە، لە کاری خۆی، بەرچاوروونی تەواو پەیدا دەکا.

مووسا گوتی: ئەی هتپ رە، ئایا لە بیرت چووە کە من شازادەی میسریم و لەوانەیە ئەم قسەیە دەرهەقی خۆم بە سووکایەتی بزانم و تۆ بکوژم؟

هتپ رە گوتی: ئەی شازادە، تۆ ئەگەر من بکوژی هەڵەیەکی گەورە ئەنجام دەدەی، چونکە رقی پاشا بەرامبەر تۆ توندتر دەبێ.

مووسا گوتی: تۆ لە کوێ دەزانی کە پاشا بەرامبەر بە من رقی داگرتووە؟

هتپ رە وەڵامیدایەوە: لەوەڕا کە پاشا، تۆ کە شازادەیەکی میسریی، حوکم داوە کە تا ماوەی سێ ساڵ لە پایتەختی میسر دووربکەیەوە و لەکۆش ئەو ماوەیە بەسەر ببەی. دوورخستنەوەی تۆ لە پایتەخت، ئەویش ماوەی سێ ساڵ، نیشانەی ئەوەیە کە پاشا دەرهەقی تۆ رقی داگرتووە و نایەوێ تۆ ببینێ. ئەگەر تۆ من بکوژی زیاتر تووڕە دەبێ و لەوانەیە تۆ بکوژێ.

مووسا گوتی: بۆ دەکرێ شازادەیەکی میسری لەبەر خاتری کوشتنی کەسێکی ئاسایی، بکوژرێتەوە؟

هتپ رە گوتی: نا، بەڵام کوشتنی کەسێکی ئاسایی لە لایەن شازادەی میسرییەوە، لەوانەیە ببێتە دواین دڵۆپ کە کاسەی غەزەبی پاشا پڕاوپڕ بکاو واباشترە کە شازادەی گەورەی میسر هەڕەشە نەکا و پێشنیاری من قبووڵ بکا. چونکە بۆ شازادەی میسر کە دەبێ ببێتە فەرماندەی رشتەی گالیسکە جەنگییەکان زۆر ناشیرینە کە نەتوانێ گالیسکە لێبخوڕێ و لە هونەری لیخوڕینی گالیسکە لە مەیدانی جەنگدا زانیاری نەبێ. من ئامادەم هەموو هونەرەکانی جەنگ بە گالیسکە، فێری شازادە بکەم و تا ئەو کاتەی ئەو لە رووی بەڕێوەبردنی رشتەی گالیسکەی جەنگییەوە بەرچاوروونی پەیدا دەکا و لە لایەن ئەوەوە، گالیسکە جەنگییەکان بەڕێوە ببەم و لە بەرامبەر ئەوکارە، تەنیا بڕێك زێڕم دەوێ.

کوڕەلاو پرسی: چەندت زێڕ دەوێ؟

فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان وەڵامیدایەوە:

بیست ئەڵقەی گەورە لە زێڕ.

مووسا گوتی: زۆر باشە من ئامادەم ئەڵقە زێڕەکانت بدەمێ.

هتپ رە گوتی: ئەی شازادەی میسری، لێرە بە دواوە من خزمەتکاری تۆ دەبم و تۆ بە بیست ئەڵقەی زێڕ پیاوێك دەکڕی کە بەرامبەرت وەفادار دەمێنێتەوە. ئێستا با برۆین و لە جێگایەکی فێنك دانیشین و شتێکی فێنك بخۆینەوە و لە بارەی کارەکانی ئایندەی خۆمان ئاخاوتن بکەین.

لە پشت ئاخوڕگە گەورەکە، کە ئەسپەکانیان لێ دەبەستەوە، میوانخانەیەك هەبوو کە باخێکی فراوانی هەبوو و جۆرەها درەختی گەرمەسێر، لە نێو ئەو باخەدا سێبەریان بڵاوکردبۆوە. ئەفسەران و سەربازان، هەریەك لەگەڵ هاوپلەکانی خۆیان لە ژێر سێبەری



درەختەکان دادەنیشتن و شتێکیان دەخواردەوە و لە بارەی جەنگ و شتی دیکەوە قسەیان دەکرد. هتپ رە مووسای بەرەو ئەو میوانخانەیە برد و مووسا گوتی: من بیرە ناخۆمەوە.

هتپ رە گوتی: تۆ ناچارنی بیرە بخۆیەوە. لەوێ، شەربەتی ساردیش هەیە، تۆ دەتوانی شەربەتی سارد بخۆیەوە.

مووسا کاتێك چووە ناو باخی گەورەی میوانخانەکەوە، لە ئاپۆڕای سەربازان و ئەفسەران لەوێ نارەحەت بوو. هتپ رە سەرنجی دا ئەو لاوە لە بینینی دەوروبەری میوانخانە، نارەحەت بووە، پێی گوت: ئەی شازادە، تۆ لێرە بە دواوە سەربازی و پێت خۆش بێ و پێت ناخۆش بێ دەبێ بەشداری ژیانی ئەفسەران و سەربازان بکەی، ئەگەر بتەوێ لە ژیانی ئەفسەران و سەربازان بەشدار نەبی ناتوانی درێژە بە ژیانی سوپایی خۆت بدەی.

ژیانی ئەفسەر و سەربازی میسری، لە مەیدانی جەنگدا کوشتن و کوژران و تەپ و تۆز خواردنە. پاش گەڕانەوەش لە مەیدانی جەنگ، هەرچی هەیانبێ خەرجی دەکەن و بەرهەمی سەرکەوتنەکانی ئەفسەران و سەربازانی میسری، بەردەوام بە نسیبی مەی فرۆشان دەبێ.

من بە تۆ ناڵێم کاتەکانی بێکاری خۆت بە سەرگەرمی پڕوپووچەوە بگوزەرێنە چونکە وا دەردەکەوێ کە تۆ ئەهلی ئەم جۆرە شتانە نی، بەڵام بە تۆ دەڵێم کە لە دیمەنی کەیف و شادی و سەرگەرمی ئەفسەران و سەربازان نەفرەت مەکە. مانای ئەگەر لە کەیفکردنەکانی ئەواندا بەشدار نابی، بە شێوەیەك رەفتارمەکە کە ئەوان تێبگەن تۆ لە کەیفکردنەکانی ئەوان نەفرەتت هەیە. ئەوە بزانە کە زۆربەی سەربازانی میسری بەو ئومێدەوە دەچنە مەیدانی جەنگ کە بتوانن موچە وەربگرن و دەسکەوتێك وەدەس بهێنن و لە یەکەمین دەرفەتدا لە خواردن و خواردنەوەو رابواردنی دیکەدا خەرجی بکەن. ژیانی ئەوان رۆژانەیە و هیچ سەربازێك نازانێ کە کاتێك بەرەومەیدانی جەنگ دەکەوێتە رێ ئایا دەگەڕێتەوە یان نا. سەربازێك کە ژن و منداڵی نییە و نازانێ ئایا سبەی زیندووە یان نا، نابێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکەی کە داهاتی کەمی خۆی لە خواردن و خواردنەوە و سەرگەرمییەکانی دیکەدا خەرج نەکا.

دوای ئەوەی هتپ رە سێبەری یەکێك لە درەختەکانی هەڵبژارد و مووسای لەوێ دانیشاند و بەیەکێك لە شاگردەکانی کە لە نێو باخدا دەگەڕان تا داواکاری کڕیارەکان جێبەجێ بکەن، گوت کە شەربەت بۆ مووسا بهێنن و بیرەش بۆ وی بهێنن. شاگردی میوانخانەکە شەربەت و بیرەی هێنا و لەبەردەمی ئەم دوانەی دانا و هتپ رە پاش ئەوەی چەند قومێکی خواردەوە گوتی: ئەی شازادەی میسر، سەرزەوینی کۆش کە ئێمە بۆی دەچین گەرمە و خەڵکەکەشی کێوین و

جەنگاوەری ترسناکیان هەیە و من جەنگ لەگەڵ سەربازانی هاتی بە پەسنتر دادەنێم وەك لە جەنگ لەگەڵ سەربازانی سەرزەوینی کۆش. مووسا پرسی: بۆچی جەنگ لەگەڵ سەربازانی سەرزەوینی هاتی بە پەسنتر دادەنێی؟

هتپ رە وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی سەربازانی هاتی خاوەن خەسڵەتی مرۆڤایەتین، لەوانە، لە مردن دەترسن، بەڵام چەکدارانی سەرزەوینی کۆش وەك گیانلەبەرانی دڕندە وان و لە مردن ناترسن و هەر بۆیە جەنگکردن لەگەڵ ئەواندا مەترسیدارترە لە شەڕکردن لەگەڵ سەربازانی هاتی.

مووسا گوتی: من تاکو ئەمڕۆ بەشداریم لە شەڕدا نەکردووە و نازانم پێداویستییەکانی شەڕ چۆنە " هتپ رە پرسی: ئایا دەتوانی بخوێنییەوە و بنووسی؟

مووسا گوتی: من هەر لە منداڵییەوە خراومەتە بەر خوێندن و نووسین و خوێندنەوەیان فێری من کردووە و ماوەیەکە من دەتوانم بخوێنمەوەو بنووسمەوە.

تا ئەو کاتە هتپ رە بەهایەکی بۆ مووسا دانەدەنا و گەرچی بەڕێزەوە قسەی دەکرد و ئەوی بە ناوی شازادەی میسری بانگ دەکرد، بەلام لە دەروونەوە ئەوی بەسووك دەزانی. بەڵام پاش ئەوەی کە بیستی مووسا دەزانێ بخوێنێیتەوە و بنووسێ، بۆ یەکەمین جار بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەوی کرد و گوتی: تۆ گوتت کە تا ئێستا لە شەڕدا بەشداریت نەکردووە و نازانی پێدویستییەکانی جەنگ چییە، بەڵام چونکە دەزانی بخوێنیتەوە و بنووسی لە بەرامبەر مندا کە سەربازێکی کۆنم، باڵا دەستیت هەیە. ئەو کەسەی کە دەتوانێ بخوێنێتەوەو بنووسێ، بۆ دابینکردنی ژیان پێویستی بەوەنییە ببێتە سەرباز و بچێتە مەیدانی جەنگ و تۆ ئەگەر شازادەی میسریش نەبای، لەبەر ئەوەی کە خوێندن و نووسین دەزانی، دەتوانی بە ئاسانی بژی، چونکە هەموو جێیەك پێویستی بە نووسەر هەیە و لە میسر، کاری خوێندن و نووسین باشترین کارە.

کاتێك هتپ رە لەگەڵ مووسادا قسەی دەکرد، ژمارەیەك لە گالیسکە ئاژۆکان کە هاتبوونە ناو باخ، لە مووسا نزیك بوونەوە تا جلی جوان و گەوهەرەکانی تەماشا بکەن.

هتپ رە هەر کە چاوی بە گالیسکە ئاژۆکان کەوت، قیژاندی: بۆچی لێرە کۆبوونەوە و لە ئێمە دوورناکەونەوە

گالیسکە ئاژۆکان دوورکەوتنەوە و هتپ رە گوتی: بزانە کە ئەفسەر، دەبێ توندوتیژیی هەبێ و ئەگەر تۆ، کاتێك کە دەبی بە فەرمانەدەی رشتەی گالیسکە جەنگییەکان توندوتیژیت



نەبێ، ئەو سەربازانەی کە لە ژێر دەستتدان ئەوا دەتخۆن، بەڵام توندوتیژیی تۆ هەرگیز نابێ بە شێوەی زوڵم و هەڵاواردن بێ. ئەگەر زوڵم لە سەربازانی خۆت بکەی و هەندێکیان ببووغزێنێ، بە جۆرێك کە هەندێکیان وا تێبگەن دووچاری بێبەشبوون هاتوون، شیرازەی دیسپلین لەبەر یەك دەترازێ و تۆ فەرماندەیی خۆت لەدەس دەدەی با شازادەیەکی میسریش بی.

مووسا کە دەیویست لە بارەی کۆش، زانیاری لەو پیاوە وەربگرێ گوتی: تۆ لە بارەی پیاوانی جەنگاوەری کۆشەوە قسەت دەکرد و دەتگوت کە شەڕکردن لەگەڵ سەربازانی هاتی، پەسن دەدەی بەسەر شەڕکردن لەگەڵ چەکدارانی کۆشدا ؟

هتپ رە گوتی: بەڵێ، چونکە پیاوانی کۆش ترسیان لە مردن نییە، بەڵام خاڵی لاوازیان هەیە.

مووسا پرسی: ئەو خاڵە لاوازانە چین؟

هتپ رە گوتی: هاتییەکان گالیسکەی جەنگییان هەیە، بەڵام چەکدارانی کۆش گالیسکەی جەنگییان نییە. یەکێکی تر، هاتییەکان ئاسنیان هەیە و پیاوانی کۆش ئاسنیان  نییە و چەکی خۆیان لە مس و برۆنز دروست دەکەن، بەڵام لە باتی ئەوە زێڕیان هەیە و ئێمە زۆر حەز دەکەین زێڕی ئەوان بەدەس بهێنین.

سێیەمین خاڵی لاوازی جەنگاوەرانی کۆش ئەوەیە کە لە مەیدانی جەنگدا هەر جەنگاوەرێکی کۆش بۆ خۆی شەڕ دەکا و شەڕی ئەوان تاکەکەسییە. هەمان مەسەلە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێمە بەسەریاندا زاڵ ببین. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك وەخت هەیە، پەلاماری ئەوان بە جۆرێك توندوتیژ دەبێ کە ریزەکانی ئێمە لێك پەرت و بڵاو دەکەن و لەو کاتەدا ئەگەر تەواوی خواکانی میسری هێزی خۆیان چڕبکەنەوە و بۆ هاوکاری ئێمە بێن ناتوانن جەنگاوەرانی کۆش بگەڕێننەوە.

بەڕاست من لە بیرم چوو بڵێم کە ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو بۆ کۆش، وەکو من، خوێندنەوە و نووسین نازانێ، بەڵام ئەو فەرماندەی سوپای رەوانەکراوە و بە تایبەتی پاش ئەوەی گەیشتین بەکۆش، دەتوانێ فەرمانت بۆ دەربکا و تۆ دەبێ لە کاتی خۆیدا فەرمانی ئەو جێبەجێ بکەی و ئایا تۆ ئامادەی فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکەی؟

مووسا گوتی: هەوڵدەدەم کە فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکەم.

هتپ رە گوتی: تۆ دەبێ دڵنیایت هەبێ کە لە کۆش فەرمانەکانی ئەو لە کاتی خۆیدا جێبەجێ دەکەی، چونکە ئەگەر لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەو لە مەیدانی جەنگدا

سەرپێچی بکەی، بارودۆخێکی نالەبار بۆ تۆ دێتە پێشەوە، چونکە سەرەڕای ئەوە کە تۆ شازادەیەکی میسری، لە کۆش دەبی بە ژێر فەرمانی ستی کف و ئەگەر فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ نەکەی ئەو لەوانەیە بتکوژێ. مووسا گوتی: من فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ دەکەم.

هتپ رە گوتی: ئایا تا ئەمڕۆ گالیسکەت لێخوڕیوە؟

مووسا گوتی: چەند جارێك گالیسکەم لیخوڕیوە، بەڵام لە مەیدانی جەنگدا نا. هتپ رە گوتی: هەرچی بێ باشترە لەوەی کە شازادە، هیچ گالیسکەی لێ نەخوڕیبێ. من شێوازی لێخوڕینی گالیسکە لە مەیدانی جەنگدا فێری تۆ دەکەم. گەرچی ناتوانم بخوێنم و بنووسمەوە بەڵام لەگەڵ هەموو مەسەلەکانی پەیوەست بە گالیسکە لێخوڕین لە مەیدانی جەنگ، شارەزام. پاشان هتپ رە لە مووسای پرسی: ئێستا بڵێ بزانم ئایا گالیسکەی تایبەت بە خۆتت هەیە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نەخێر! هتپ رە پرسی: ئەی ئەسپ، ئایا ئەسپی تایبەتی خۆتت هەیە یا نا؟

مووسا وەڵامیدایەوە: یەك ئەسپم هەیە.

هتپ رە گوتی: یەك ئەسپ، بۆ گالیسکە کەمە و یەك گالیسکە دەبێ چوار ئەسپی هەبێ، یان بە لای کەمەوە سێ ئەسپی هەبێ.

تۆ بۆ سواربوونی خۆت دەبێ یەك گالیسکە دابین بکەی و دوو دەستە ئەسپیش بکڕی.

مووسا گوتی: تێ نەگەیشتم مەبەستت لە دوو دەستە ئەسپ چییە؟

هتپ رە گوتی: دەستە، زاراوەی گالیسکە ئاژۆیانە، هەر چوار ئەسپ کە بە یەك گالیسکە دەبەستنەوە، بە یەك دەستە ناو دەبەن. هەر لەو رووەوە کە دەڵێم تۆ دەبێ دوو دەستە ئەسپت هەبێ، کە چوار ئەسپی ئیحتیات لەگەڵ خۆتدا ببەی بۆ کۆش. بۆ ئەوەی ئەگەر چوار ئەسپی گالیسکەکەت لە مەیدانی جەنگدا مردن، تۆ بتوانی کەڵك لە چوار ئەسپەکەی دیکە وەربگری. ئەگەر بێتوو ئەسپی ئیحتیات لەگەڵ خۆت نەبەی، ئەگەر ئەسپەکانی گالیسکەکەت لە کۆش بمرن، گالیسکەکەت رادەوەستێ، چونکە لەو سەرزەوینە ئەسپ وەدەست ناکەوێ.

مووسا گوتی: ئایا تۆ دەتوانی گالیسکەیەکی باش و هەشت ئەسپ بۆ من بکڕی؟

هتپ رە گوتی: گەرچی تۆ کوڕی فیرعەونی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پێت بڵێم کە یەك گالیسکەی باش و هەشت ئەسپی بە هێز، بەگران تەواو دەبێ.

مووسا گوتی: من بایەخ بۆ گرانی ئەسپ و گالیسکە دانانێم، چونکە دەوڵەمەندم و لەوانەیە بتوانم بڵێم ئەوەندەم سامان هەیە کە بە دروستی حسابی سامانەکەم نازانم.



هتپ رە کاتێك ئەو قسەیەی گوێ لێبوو خۆشحاڵ بوو و پێکەنی و گوتی: من پیاوێکی نەداربووم و ئێستاش هەروا نەدارم، بەڵام سامانم خۆش دەوێ، چونکە دەزانم کە سامان، یەکێك لە فاکتەرەکانی دەسەڵاتە و ئەو کەسەی سامانی هەیە، بە هێزی داراییەکەی فەرمانڕەوایی بەسەر هەمووواندا دەکا و تەمەنی خۆشی، بە چاکی رادەبووێرێ.

مووسا گوتی: سەرۆکی تاپۆی موڵکدارێتی ئەویش هەمان قسەی بە من دەگوت و دەیگوت ئەو کەسەی کە سامانی هەیە، هەموو کەس وا لێدەکا کە حورمەتی بگرن و گوێڕایەڵی بکەن.

هتپ رە پرسی: ئایا راستە کە سامان داران دەرهەق بەسامانی خۆیان بێباکن؟

مووسا گوتی: بەڵێ. ئەو سیمایەی کە سامانی دەوڵەمەندان لەبەر چاوی کەسانیتردا هەیەتی، لەبەر چاوی خۆیان ئەوەی نییە.

هتپ رە گوتی: من رێزم بۆ نووسین و خوێندنەوە و دانایی هەیە و لە حاڵێکدا کە خۆم لە منداڵیدا لە فێربوون بەهرەمەندنەبووم، بەڵام هەر بە غەریزە رێزم بۆ کەسانی زانا هەیە. پاشان هتپ رە گوتی: لەبەر ئەوەی کە سەروەری من بە منی گوت کە دەوڵەمەندە، من باشترین گالیسکە بۆ ئەو دەکڕم و دوو دەستە ئەسپیش لە باشترین ئەو ئەسپانەی کە لە میسر هەیە، دەکڕم بۆ ئەوەی کە بەردەوام دەستەیەك لەو ئەسپانەت وەکو ئیحتیات لەبەردەست دا بێ.

مووسا گوتی: زۆر باشە ئێستا کە من و تۆ، لەگەڵ یەکتریدا بووینە دۆست و دەزانین کە هەردوو لا بە کەڵکی یەکتری دێین، من دەمەوێ پرسیارێك لە تۆ بکەم. بەڵام پرسیارەکەی من ڕوویەکی گشتی هەیە و لەو پرسیارە مەرامێکی تایبەتیم نییە.

پرسیارێك کە مووسا دەیویست لە فەرماندەی پێشووی گالیسکە جەنگییەکانی بکا لەوەڕا سەرچاوەی گرتبوو کە ئەو لەوە تێگەیشت کە توانی بە بیست ئەڵقەی گەورەی زێڕ، پیاوێکی وەك هتپ رە بکا بە هاو دەستی خۆی و بە قەولی خودی هتپ رە، ئەو بکڕێ. کاتێك پیاوێکی وەك خودی هتپ رە بە بیست ئەڵقەی زێڕ بکڕدرێ ئایا ناتوانرێ ئومێدی ئەوە هەبێ کە هەموو ئەفسەرانی دیکەی سوپای ناوبراو، ئەوانیش شیاوی کڕین بن و هەر کاتێك ئەو (مانای مووسا) بتوانێ ئەفسەرانی ئەو سوپایە بکڕێ، ئایا ئامرازیکی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی پەرستنی خوای تاك و تەنیا لە بەر دەستدا نابێ؟ ئەوەبوو لە هتپ رەی پرسی: ئایا هەر بەو شێوەیەی کە من بە پێدانی زێڕ، لەگەڵ تۆدا بوومە دۆست، دەتوانم لەگەڵ تەواوی ئەفسەرانی ئەو سوپایە کە لە میسرەوە بۆ کۆش دەڕۆن ببمە دۆست؟

هتپ رە وەڵامیدایەوە: تۆ دەتوانی هەموو خاوەن پلەکانی کە لەو سوپایەدان وەکو من بیانکڕی جگە لە یەك نەفەر!

مووسا پرسی: ئەو نەفەرە کێیە؟

هتپ رە وەڵامیدایەوە: ستی کفی فەرماندەی سوپایە کە دەبێ بڕواتە کۆش، ئەو پیاوە ناتوانرێ بکڕدرێ.

مووسا لە هتپ رەی نەپرسی کە لە بەرچی ناتوانرێ ئەو پیاوە بکڕدرێ، چونکە لەوانە بوو ئەو پیاوە بکەوێتە بیرکردنەوە لەوەی کە بۆچی مووسا دەیەوێ تەواوی ئەفسەرانی سوپا تەنانەت فەرماندەکەش بکاتە هاودەستی خۆی، بۆیە ئەو رستەیەی لە ئاخاوتنەکەی خۆی دەرهاویشت هتپ رە گوتی: مەسەلەی کڕینی گالیسکەو ئەسپ تەواو بوو، من بۆ تۆ باشترین گالیسکە و ئەسپ دەکڕم، بەڵام تۆ پێویستیت بە ئاژۆیەکیش هەیە!

مووسا گوتی: پێم وانییە پەیداکردنی ئاژۆیەکی گالیسکە کارێکی دژوار بێ.

هتپ رە وەڵامیدایەوە: ئاژۆی کارامە و راهاتوو نییە.

مووسا بە حەپەساوییەوە پرسی: چۆن نییە؟ ئەی ئەو هەموو گالیسکانەی سوپا کێ لێیان دەخوڕێ؟

هتپ رە وەڵامیدایەوە: گالیسکەکانی سوپا ئەو ئاژۆیانە لێیان دەخوڕن کە ناتوانن خزمەتی خۆیان بەجێ بێڵن و گالیسکەکانی سوپا بەجێ بێڵن و گالیسکەی کەسانی دیکە لێبخوڕن.

مووسا گوتی: لەسەر ئەو قەرارە، سوپای میسر هەتا مردن ئەمانەی بۆ کاری ئاژۆتن بەکرێ گرتووە.

هتپ رە گوتی: نا، بەڵام ئەمانە غولامن و ناتوانن گالیسکە بەجێ بێڵن. تۆش دەبێ بۆ لێخوڕینی گالیسکە، خۆت غولامێك بکڕی.

مووسا پرسی: بۆچی دەبێ بۆ لێخوڕینی گالیسکەی خۆم غولامێك بکڕم، ئایا ناتوانم کەسێکی ئاسایی بۆ لێخوڕینی گالیسکە بە کرێ بگرم؟

هتپ رە گوتی: لە هەموو میسردا، تۆ یەك تاکەکەسی ئاسایی، مانای پیاوێکی ئازاد نادۆزییەوە کە ئامادە بێ ببێتە ئاژۆی گالیسکەی جەنگی، هەتا ئەگەر کرێیەکی مفتیشی بدەنێ، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ئاژۆی گالیسکەی جەنگی لەوانەیە لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێ، ئاژۆتنی گالیسکە یەکجار دژوارە، هەر بۆیە غولامان ناچار بەوکارە دەکەن و تۆ



دەبێ پیاوێکی لاو و قەڵافەت بەهێز بکڕی تا من، بۆ ئاژۆتنی گالیسکەکەت پەروەردەی بکەم.

مووسا گوتی: من لە بازاڕ لاوێکی قەڵافەت بە هێز بۆ لێخوڕینی گالیسکەکە دەکڕم.

هپ رە گوتی: ئەی سەروەری من، ئێستا قسەیەك نەماوە تەنیا ئەوە نەبێ کە بە تۆ بڵێم زێرم بدەیە.

مووسا گوتی: ئەمشەو ئەگەر بێیە لای من ئەو زێڕەی کە دەبێ بتدەمێ، ئەوا دەتدەمێ تاکو بۆ کڕینی ئەسپ و گالیسکە خەرجی بکەی.

ئەو شەوە مووسا بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر و ئەوەی کە دەبوو بیدابە هتپ رە، دایە. رۆژی پاشتر، کەمێك پێش خۆرئاوا بوون، دەمێك کە تیشك دانەوەی خۆر لە ناو ئاوی نیلدا ئەرخەوانی ببوو، لە لێواری ئەو رووبارە چاوی بە ناسیاوێك کەوت و بە حەپەساوییەوە دیقەتی گرت کە ئەوە، نفی سەرۆکی تەلارسازانی فیرعەونە.[٣٥] نف بە شێوەیەك لە گژ بیرانەوە چوو بوو کە ئاگای لەوە نەبوو مووسا خەریکە لەو نزیك دەبێتەوە. کوڕەلاو خۆی گەیاندە پەنا تەلارسازی گەورە و گوتی: ئەی نف، ئایا سەرقاڵی دوعا خوێندنی؟

تەلارسازی گەورە کە چاوەڕێی ئەوە نەبوو ناوی خۆی گوێ لێ بێ، راچەنی و رووی وەرگێڕا و مووسای ناسی و گوتی: ئاهـ !

مووسا گوتی: فیرعەون مەئمووریەتێکی بە من داوە و من بە بۆنەی ئەو مەئمووریەتەوە لەم شارەم.

نف گوتی: منیش هەر لە "مەئمووریەت" دێمەوە و دەبێ بڕۆمەوە بۆ پایتەخت. مووسا پرسی: ئایا سەرقاڵی دوعا خوێندن بووی؟

نف گوتی: کەسێك کە دەیەوێ دوعا بخوێنێ دەبێ بخور بسوتێنێ و بەشێك لە بخوری ئەو دەبێ گوڵاو بێ و لە حاڵێکدا کە بخور دەسووتێ ئەو چەند بەشێك لە (( کتێبی مردووان )) دەخوێنێتەوە. بەڵام بەو شێوەیەی کە تۆ دەبینی من لێرە، بخور ناسووتێنم و کەرەسەی سووتاندنی بخورم پێ نییە. گەرچی بە منداڵی چەند بەشێکم لە (( کتێبی مردووەکان )) لەبەر کرد بوو، بەڵام پاش ئەوەی کە گەورە بووم، ئەو بەشانەم لە بیر چۆوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر

(٣٥) لە سەردەمی کۆن هەموو شارەکانی میسر، لە سەر لێواری رووباری نیل بوون و بەدەر لە لێواری ئەو شەتە، نەیاندەتوانی لە جێگاکانی دیکە شار ئاوەدان بکەنەوە، چونکە ئاو نەبوو و شاری تانیس ئەویش وەکو جێگاکانی دیکە لەسەر لێواری نیل بوو (و.ف)

له ناو پەرستگایەکیش بم و بخوریش بسووتێ، ناتوانم دوعا بخوێنم، چونکە شتێکم لە کتێبی مردووان وەبیر نەماوە تا بیخوێنمەوە.

مووسا گوتی: دوعا خوێندن بۆ خوای نەبینراو، پێویستی بە ئامادەبوون لە پەرستگاو سووتاندنی بخور نییە. تۆ لە هەر نوختەیەك بی دەتوانی بیر لە خوا بکەیتەوە. هەر کە بیرت لە خوا کردەوە، بیری تۆ، دوعا خوێندنە و لەبەر ئەوەی کە ئێستا هەتاو ئاوا دەبێ و خۆر سیمای خوای دەبێ، من وام بیرکردەوە کە تۆ لە بیری خوا دای.

نف گوتی: گریمانەکەی تۆ تا رادەیەك راستە، چونکە وەختێك من بینیم خۆر لە سوێگەی ئاوابوون نزیك دەبێتەوە و بە زوویی ئاوا دەبێ، لە دڵی خۆمدا گوتم خۆشی بە حاڵی تۆ ئەی خۆر.

مووسا پرسی: لەبەرچی گوتت خوشی بە حاڵی خۆر؟

نف وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی کە ئاوا دەبێ و ئیدی خەڵکی راڕا و دووڕوو نابینێ.

مووسا گوتی: ئایا رووداوێکی تازە هاتۆتە پێش؟

نف گوتی: هیچ رووداوێکی تازە نەهاتۆتە پێش، بەڵام من دەبینم لە هیچ کەسێکدا، وەفای واقیعی و لێبڕاوانە بەرامبەر باوەڕ، بوونی نییە. ئەوانەی کە بەردی باوەڕ لە سنگیان دەکوتن بۆ مەرامێکی تایبەتە. دوای ئەوە نف دەنگی خۆی نزم کردەوە و چاوێکی بە دەورو بەردا گێڕا تا لەوە دڵنیا بێ ئەگەر کەسێك لەو ناوە بێ نەوەکو گوێی لە قسەکانی بێ، گوتی: تەنانەت فیرعەون کە خۆی واپێشان دەدا باوەڕی هەیە و ئەوەندە دەمارگری پیشان دەدا کە هەر کەسێك ناوی ئاتوون ببا دەیکوژێ، باوەکو سەرۆکی کاهینەکانی کۆشکی پاشایەتیش بێ. هەروەکو چۆن ئەویشی بە تاوانی باوەڕبوون بە ئاتوون کوشت، لە باوەڕی خۆیدا جیدی کار نییە و من بۆم ئیسپات بووە کە باوەڕی ئەو لە بەرامبەر ئاموون ریاییە.

مووسا گوتی: چۆن ئەم مەسەلەیە بۆ تۆ ئیسپات بووە؟

نف وەڵامیدایەوە: گەورەترین تەلار کە لەم وڵاتەدا بە ناوی ئاموون دروستکرا، هەڕەمی گەورەیە.

مووسا گوتی: ئەمە مەسەلەیەکە کە دوودڵی هەڵناگرێ.

نف گوتی: من وای نابینم پاش ئەوە کەسێك بتوانێ لە میسر، تەلارێکی وەکو هەڕەمی گەورە بۆ خوایەك دروست بکا.

مووسا گوتی: ئەمەشیان تیۆرییەکە کە دەتوانرێ قبووڵ بکرێ.



نف گوتی: بەڵام فیرعەون رۆژێك داوای کردم و گوتی نف، من حەز دەکەم کە هەڕەمی گەورە وێران ببێ و لە بەین بچێ!

مووسا بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ئایا خودی فیرعەون بە تۆی گوت کە هەڕەمی گەورە لە بەین بچێ؟!

نف گوتی: بەڵێ!

مووسا پرسی: تۆ چت گوت؟

نف گوتی: من پێم گوت ئەی پاشا، چۆن دەکرێ هەڕەمی گەورە کە بۆ ئاموون دروستکراوە وێران بکرێ. ئەگەر تۆ فەرمان دەربکەی کە ئەو تەلارە وێران بکرێ، جگە لەوەی وێران کردنی بۆ ماوەیەکی دوور درێژدەکێشێ، هیچ وەستا و کارگەرێکی میسر ئامادە نییە کە ئەوێ وێران بکا، چونکە هەموو وەستا و کارگەرانی میسر باوەڕیان بە ئاموون هەیە و ئەو بە گەورەترین خوای خۆیان دەزانن. ئەگەر کرێی وەستاکان و کرێکارە میسرییەکان پێنج بەرامبەر زیاد بکەی دیسانەوە ئەوان ئامادە نین هەرەمی گەورە وێران بکەن.

فیرعەون گوتی: ئەگەر وەستاکان و کرێکارانی میسری ئامادەنەبوون هەڕەمی گەورە وێران بکەن، بۆ وێرانکردنی ئەوێ، وەستا و کرێکاری میللەتانی دیکە دەخەمەکار و لە ئەسیرەکانی جەنگ کە هی میللەتانی بیانین کەڵك وەردەگرم. سەرۆکی تەلارسازان جارێکی دیکەش چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا و گوتی: تۆ دەزانی کە من باوەڕم بە ئاموون نییە و باوەڕم وایە کە یا نابێ ئاینت هەبێ یا ئەوەتا دەبێ تەنیا خوای نەبینراو بپەرستی، لەبەر ئەوە وێران کردنی هەڕەمی گەورە لە باری ئایینییەوە، بۆ من بایەخی نییە، بەڵام لە رووی هونەرییەوە، هۆگریم بە (( هەڕەمی گەورە )) وە هەیە و نامەوێ وێران ببێ و لە بەین بچێ، چونکە دەزانم هەر کاتێك هەڕەمی گەورە وێران ببێ، ئیدی لە میسرو لە وانەیە لە جیهاندا تەلارێك بە مەزنی هەڕەم نەیەتە ئاراوە.

هەڕەمی گەورە تەنیا دەسەڵات و سامانی سوڵتانەکانی میسر نەیهێناوەتە ئاراوە، بەڵکو ئیمانی میسرییان کە باوەڕیان بە ئاموون هەبوو و دەیانزانی ئەو تەلارە کە بۆ ئاموون دروست دەکرێ، ئەو هەڕەمانەی بەرپا کرد. چەندین جار، بەردی گران، کە هەریەکەیان بە ئەندازەی کێوێك بوو، کاتێ کە دەیانویست ئەو بەردە لەسەر تەلارەکە دابمەزرێنن کەوتۆتە خوارێ و سەدەها کەسی لە کرێکارانی میسری کوشتووە، بەڵام ئەو کارەساتانە درزێکی لە بنەماکانی باوەڕی میسرییان پێکنەهێنا.

من لەبەر ئەوەی کە نامەوێ هەرەمی گەورە لە بەین بچێ، بە پاشام گوت تۆ کە باوەڕت بە ئاموون هەیە و ئەو بە خوای خواکان دەزانی بۆچی دەتەوێ هەرەمی گەورە، کە بەناوی ئەوەوە بنیاتنراوە لە بەین ببەی، ئایا پێت وانییە کە ئەم کارە لە لێڕوانینی میسریاندا کە هەموویان ئاموون پەرستن، بە خراپ دەشکێتەوە؟

با ئەوەش بڵێم کاتێك کە فیرعەون بە منی گوت کە هەرەمی گەورە وێران بکەم بە خۆم گوت لەوانەیە بیەوێ من تاقی بکاتەوە و بزانێ کە ئایا باوەڕم بە ئاموون هەیە یا نا، چونکە ئەگەر باوەڕم بە ئاموون نەبێ، بە بیستنی ئەو فەرمانە خۆشحاڵ دەبم و هەرچی زووتر، ئەو فەرمانە جێبەجێ دەکەم و کەرەسەکانی وێرانکردنی هەرەمی گەورە فەراهەم دەکەم.

نف پتر درێژەی پێدا: بەڵام لە ماوەی گوتوبێژ لەگەڵ فیرعەوندا دیقەتم دا کە پاشای میسر نایەوێ من تاقی بکاتەوە و ئەو بە راستی خوازیاری وێرانکردنی هەرەمی گەورەیە. پاش ئەوەی کە من بەوم گوت کە وێرانکردنی هەرەمی گەورە لە رووی ئابیینییەوە خراپەو کاریگەرییەکی ناخۆش لەسەر میسریان دادەنێ، ئەو گوتی ئەی نف، من ئێرەیی بە هەرەمی گەورە دەبەم و ناتوانم ئەو ببینم چونکە نەمتوانیوە بە بەرد، تەلارێك بنیات بنێم کە لە هەرەمی گەورە،گەورەتر یاخود بە ئەندازەی ئەو بێ.

گوتم ئەی پاشا، تۆ ئەگەر بتەوێ تەلارێك دروست بکەی کە لە هەرەمی گەورە، گەورەتر بێ لە عۆدەی ئەو کارە دێی و دەتوانی شتێکی باڵاتر و گەورەتر لە هەرەمی ((قوبە)) بەرپا بکەی، بێ ئەوەی ئەو تەلارە لە بەین ببەی.

فیرعەون گوتی من حەز دەکەم هەرەمی گەورە لە بەین ببەم. تۆ پێم بڵێ کە لە بەین بردنی ئەو هەرەمە لە ماوەی چەندا دەرەتانی هەیە.

گوتم ئەی پاشا، ئایا تۆ دەتەوێ هەرەم وێران بکەی یا لە ناوی ببەی؟ لەبەر ئەوەی کە لە بەین بردنی هەرەم وەختی زیاتری لە وێرانکردنی پێ دەوێ.

وێرانکردن بریتییە لەوەی کە بەردەکانی هەرەم لە بەریەك بترازێنن و بیان خەنە خوارەوە و تەلاری هەرەم لە بەین دەچێ. بەڵام بەردە داتاشراوەکانی دەمێنێتەوە و هەزارەها ساڵی تر کاتێك کە ئەو بەردانە دەبینن تێدەگەن لێرە تەلارێك هەبووە کە وێران بووە. بەڵام لە بەین بردنی هەرەم بریتییە لەوەی کە کاتێك هەرەمی گەورە وێران دەکەن، بەردەکانیشی لە جێی تەلارەکە دووربخەنەوە و بیانبەن لە دەریادا نقوومیان بکەن. جا هەر کاتێك لە ناوشەتی نیلدا نقووم بوون، پێشی ئاوەکە دەگرێ و دەبێتە بەربەست لە بەردەم کەشتیرانیدا.



فیرعەون پرسی ئەگەر بەردەکان لەجێی تەلارەکە دووربخەنەوە و بیانبەنە نوختەیەکی بیابان، چەند درێژە دەکێشێ تا هەموو بەردەکان لەجێی تەلارەکە دوور دەخەنەوە؟

پێم گوت ئەی پاشا هەر کاتێك بەردەکانی هەرەم ببەنە بیابان، پاش هەزاران ساڵی دیکە، دیسانەوە خەڵك تێدەگەن کە ئەو بەردانە هی تەلار بوون و تۆ ئەگەر بتەوێ شوێنەواری هەرەمی گەورە لە بەین ببەی، دەبێ بەردەکانی هەرەم لە ناو دەریادا نقووم بکەی و من هێشتا حسابێکی وردم بۆ ئەو کارە نەکردووە، بەڵام لە رووی مەزندەوە دەڵێم کەوێران کردنی هەرەمی گەورە و نقووم کردنی بەردەکانی لە ناو دەریادا ماوەی پەنجا ساڵ درێژە دەکێشێ. پاشا لە گژ بیرانەوە چوو، ئینجا گوتی لەوانەیە من تا پەنجا ساڵی دیکە زیندوو نەمێنم و پاش من، کەسێك کە لە میسر پاشایەتی دەکا، نەیەوێ درێژە بە وێرانکردنی هەرەم بدات. تۆ سەرسام دەبی ئەگەر ببیستی هەمان پاشاکە بە منی گوت هەرەمی گەورە وێران بکەم، لە رابردوودا فەرمانی بۆ من دەرکرد هەمان هەرەم نۆژەن بکەمەوە بۆ ئەوەی کە نمودی هەرەم، وەکو پێشان جوان بێ.

مووسا پرسی: ئایا فیرعەون چاو پۆشی لە وێرانکردنی هەرەمی گەورە کردووە؟

نف گوتی: هێشتا بەتەواوی وازی نەهێناوە و من پێموایە دیسانەوە پێم دەڵێتەوە کە ئەوێ وێران بکەم.

مووسا پرسی: ئەو بۆچی دەیەوێ ئەو هەرەمە وێران ببێ لە حاڵێکدا کە بەرواڵەت بۆ پەرستنی ئاموون دەمارگیریشی هەیە؟

نف گوتی: ئەو لەو رووەوە دەیەوێ ئەوێ وێران بکا کە ئێرەیی پێ دەبا.

مووسا گوتی: ئایا ئێرەیی بە تەلارێکی بێ گیان دەبا؟

نف گوتی: بەڵێ، لەبەر ئەوەی فیرعەون خۆی بە گەورەترین بنیاتنەری تەلارە بەردیینەکان دەزانێ چاوی بەوە هەڵنایە کە ببینێ تەلارێکی گەورەی وەك هەرەمی گەورە، مەزنتر و باڵاتر بێ لەو تەلارە بەردییەی کە ئەو هەیبێ ئەگەرچی ئەو تەلارە بۆ ئاموون خوای خوایانی میسری (( بە باوەڕی فیرعەون )) دروست کرابێ.

مووسا گوتی: کەوابوو دەبێ ستایشی دووربینی سوڵتانە کۆنەکانی میسر بکرێ کە هەرەمەکانیان بە تایبەتی هەرەمی گەورە، ئەوەندە مەحکەم و مەزن دروست کردووە کە هەر کەس بیەوێ وێرانی بکا دەبێ پەنجا ساڵ زەحمەت بکێشێ تا بتوانێ وێرانی بکا. پاشان مووسا لە نفی پرسی: ئایا تۆ دەزانی تەلارسازی هەرەمی گەورە کێ بووە؟

نف گوتی: من ناوی ئەو نازانم، بەڵام تا رادەیەك یەقینم هەیە کە ناوی ئەو، لە ناوەوەی هەرەم، لە نوختەیەکدا نووسراوە، چونکە زۆر دوورە تەلارسازێك، تەلارێك بەو مەزنییە دروست بکا ناوی خۆی لە گۆشەیەکی هەرەمدا بە جێ نەهێشتبێ.

مووسا گوتی: ئەگەر فیرعەون کاری وێرانکردنی هەرەم بە تەلارسازێکی دیکە بسپێرێ تۆ چ دەکەی؟

نف گوتی: من دەتوانم چ بکەم؟ ئایا لەم وڵاتەدا کەس دەتوانێ بەرهەڵستی ئیرادەی پاشا بکا و کاتێك ئەو نەخشەی بۆ کارێك دانا، بتوانێ بەربەستی لە بەئەنجام گەیشتنی ئەم کارە بکا؟

مووسا گوتی: ئەی نف، من وام وێنا دەکرد کە تۆ کاریگەریت بەسەر فیرعەونەوە هەیە و هەرچی تۆ بیڵێی ئەو قبووڵی دەکا.

نف گوتی: کاریگەری قسەی من لەسەر فیرعەون، پەیوەستە بە کاروباری تەلارسازی ئەویش بەو مەرجەی کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئیرادەی پاشای میسر نالێك نەبێ. بۆ نموونە کاتێك ئەو فەرمان دەدا پەرستگایەکی بەردین دروست بکرێ، من دەتوانم پێی بڵێم کە پەرستگا بەرزتر یا نزم تر دروست بکا. یان کاتێك کە بڕیار دەدا ئەمبارێکی دانەوێڵە دروست بکا، من دەتوانم بەو بڵێم کە ئەمبارەکە فراوان تر یان بچووکتر لەوەی کە خۆی لەبەرچاوی گرتووە، بنیات بنێ. بەڵام ناتوانم بەڕاشکاوی بە جیاواز لە ئیرادەی وی کاربکەم. کاتێك کە ئەو بڕیاری ئەوە بێ پەرستگا یان ئەمباری دانەوێڵە دروست بکا ناتوانم پێی بڵێم لە دروستکردنی ئەوانە دەست هەڵبگرە. فیرعەون هەر بەو شێوەیە کە چاوی بەوە هەڵنایە تەلارێکی گەورەتر و بەرزتر لە تەلارە بەردییەکانی خۆی ببینێ، ئاواش ناتوانێ تەحەمولی ئەوە بکا، کە کەسێك، بە پێچەوانەی بڕیاری ئەو شتێك بڵێ، چونکە کاتێك لەگەڵ بڕیارەکەی ئەودا نالێك بێ، بەلای ئەوەوە مانای وایە کە ئەو کەسە، لەو باڵاترە و فیرعەون ئامادە نییە دەسەڵاتێك ببینێ، کە لە دەسەڵاتی خۆی بالاتر بێ و لەم رووەوە نابێ ئەو سەرکۆنە بکرێ.

مووسا پرسی: لە بەرچی نابێ لەم رووەوە ئەو سەرکۆنە بکرێ؟

نف وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی کە هەر کەسێك جا لە هەر پلەیەك و هەر رشتەیەکدا بێ ناتوانێ چاوی بە کەسانی لە خۆی باڵاتر هەڵبێ و ئەگەر کەسێك پەیدا ببێ کە بتوانێ لە پلەو رشتەی خۆیدا، کەسێکی لە خۆی باڵاتر ببینێ، دەبێ بگوترێ کە ئەو کەسە گیانلەبەرێکی ئاوارتەیە.



مووسا گوتی: من پێم وانییە ئەوەی کە گوتت رێسایەکی گشتی بێ، چونکە من کاتێك کە لای مامۆستایانم دەمخوێند، باڵاتری ئەوانم لە بەرامبەر خۆمدا دەسەلماند و دەرهەقی ئەوان ئێرەیشم نەدەبرد. ئێستا کە هاتوومەتە ناو سوپاوە واهەست دەکەم کە ئەفسەرانی پلە خواروو، باڵاتریی ئەفسەرانی پلە سەروو، دەرهەقی خۆیان دەسەلمێنن و ئێرەیی بەوان نابەن.

نف گوتی: مەبەستی من ئەوەبوو کە بڵێم، هەر کەسێك کە لە هەر پلەیەك و رشتەیەکدا، کە کەسی یەکەمە، ناتوانێ کەسی تر لە خۆی باڵاتر ببینێ و ئەمە رێسایەکی گشتییە.

تۆ لەو رووەوە ئێرەیت بە مامۆستایانی خۆت نەدەبرد و دانت پێدا دەنا کە ئەوان لە تۆ باڵاترن، کە لە قۆناغی خوێندندا، کەسی پلە یەك نەبووی. ئەفسەرانی پلە خواروو لە سوپای میسریشدا لەم رووەوە ئێرەیی بەئەفسەرانی پلە سەروو نابەن و باڵاتری ئەوان بە سەرخۆیاندا دەسەلمێنن، کە دەزانن ئەوان کەسی یەکەم نین، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ،کەسێك پەیدا ببێ و بڵێ کە لەستی کف، فەرماندەی سوپای میسر، کە دەبێ بڕواتە کۆش، باڵاترم، یاخود خۆی بە هاوشانی ئەو بزانێ، ستی کف ناتوانێ بوونی وی تەحەمول بکا.

پاشان نف بابەتی ئاخاوتنەکەیانی گۆڕی و گوتی: وێڕای ئەوەش کە من لە پایتەخت دوور بووم، بیستم کە پاشا تۆی خستۆتە نێو سوپاوە و فەرماندەییەکی گەورەی بە تۆ سپاردووە. ئایا تۆ لەوەی کە چوویە نێو سوپاوە خۆشحاڵی یان نا؟

مووسا گوتی: لەیەك رووەوە خۆشحاڵم ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر فیرعەون منی نەخستبایە نێو سوپاوە لە وانە بوو سەرم لە لەشم جیا ببێتەوە.

نف پرسی: ئایا دەتەوێ بڵێی کە ئەو فەرمانی کوشتنی تۆی دەردەکرد؟

مووسا گوتی: بەڵێ!

نف گوتی: من لە خۆتم گوێ لێبوو کە دەتگوت فیرعەون پێش ئەوەی کە دایکت ماڵاوایی لە ژیان بکا، بەڵێنی پێداوە کە هەرگیز نەکەوێتە سەر باری کوشتنی تۆ یاخود نەتخاتە ژێر ئازار و تەنگەتاوییەوە.

مووسا گوتی: بەڵێنێك کە فیرعەون بە دایکمی دا بەڵێنێکی مەرجداربوو، مانای کاتێك نایەتە سەر باری کوشتنی من بەو مەرجەی کە من کارێك نەکەم کەمستەهەقی کوشتن بم.

نف پرسی: بۆچی تۆ کارێکت کردبوو کە شایانی کوشتن بێت؟

مووسا گوتی: بە لێڕوانینی من، کارێکی کە کردم مستەهەقی کوشتن نییە، بەڵام لەوانەیە فیرعەون بە گوناهێکی گەورە و شایان بە کوشتنی دەزانێ.

نف پرسی: بۆچی تۆ چت کردبوو؟

مووسا گوتی: لەگەڵ یەکێك لە کوڕانی فیرعەون کە جنێوی بە دایکم و خۆشم دا زۆرانبازیم کرد.

نف پرسی: ئایا ئەوت کوشت؟

مووسا گوتی: من نەمدەویست کە ئەو بکوژم هەر بۆیە بە دار چوومە شەڕی ئەو نەك بە شمشێر، زەربەی دارەکەم دەستێکی ئەوی لە کارخست و فیرعەون بەرقدا چوو و بۆ ئەوەی کە من لە پایتەخت تەنانەت لە میسر، دوور بخاتەوە، فەرمانی دا کە بچمە ناو سوپاوە.

نف گوتی: من بە نەبینینی تۆ غەمبار دەبم و ئومێدەوارم کە بە زوویی تۆ لە پایتەخت ببینمەوە

مووسا وەڵامیدایەوە: تۆ بە زوویی من لە پایتەخت نابینییەوە، چونکە گوتویەتی کە دەبێ ماوەی سێ ساڵ لە کۆش بەسەر ببەم.

نف بە حەپەساوی گوتی: ئایا فیرعەون فەرمانی دا کە تۆ ماوەی سێ ساڵ لە میسر دوور بکەویەوە؟

مووسا گوتی: بەڵێ! بە قسەی ئەو، لەو رووەوە دەبێ سێ ساڵ لە میسر دووربم تا پاش گەڕانەوە، ئاقڵ بوو بم.

نف گوتی: بە داخەوە من لە وانەیە ئیدی تۆ نەبینمەوە.

مووسا گوتی: ئایا پێشبینی دەکەی کە من لە جەنگدا بکوژرێم؟

نف گوتی: نەخێر، تۆ بە شێوەی بنەبڕ بە پلەی ئەفسەری چوویە ناو سوپاوە و ئەفسەرەکان بە دەگمەن لە جەنگدا دەکوژرێن. بەڵام من ئومێدەوار نیم کە تا سێ ساڵی دیکە زیندوو دەمێنم و کاتی گەڕانەوەت بتوانم تۆببینم.

مووسا گوتی: من تۆ ئەوەندە بە بەساڵداچوو نابینم تا ئومێدەوار نەبی تا سێ ساڵی دیکە بژی. تەمەن درێژیی، لە هەمموو حاڵەتێکیدا بە لاوییەوە پەیوەست نییە و چەند زۆر لە لاوان دەمرن و بە ساڵداچووان زیندوو دەمێننەوە.



نف گوتی: کاتێك بە ساڵداچووان هەندێك نیشانەیان لە خۆیاندا بەدی کرد، دەبێ بزانن کە پاشماوەی ساڵانی تەمەنی ئەوان درێژە ناکێشێ و ئایا تۆ هۆشیارکردنەوەکانی ((هوم ستی)) مامۆستای ناسراوی ((خانەی ژیان)) ت بیستووە؟ [٣٦]

مووسا گوتی: ناوی ئەو پزیشکەم، کە مامۆستای ((خانەی ژیان)) بوو، بیستووە، بەڵام نازانم کە هۆشیارکردنەوەکانی ئەو چیبوون.

نف وەڵامیدایەوە: هوم ستی هۆشیاری بە بە ساڵداچوواندا و گوتی کاتێك کە دیقەتتان دا گوێکانی ئێوە بەرەوگرانی چوون و جومگەکانتان ئازاری لێ پەیدا بوو و کاتێك دەتانەوێ بەرێدا برۆن هەست دەکەن کە ئەژنۆکانتان سستن و تەحەمولی قورسایی لەشی ئێوە بە باشی ناکەن، ئەوە بزانن کە پاشماوەی ساڵانی تەمەنتان درێژەناکێشێ؟[٣٧]

ئەمڕۆ گوێکانی من گران بوون و جومگەکانی هەر دوو دەست و هەر دوو قاچیشم ئازاریان هەیە. کاتێك بەرێگادا دەڕۆم هەست دەکەم ئەژنۆکانم سستن، بۆیە ئومێدەوار نیم تا سێ ساڵی دیکە زیندوو بمێنم و کاتێك کە تۆ لە کۆش دەگەڕێییەوە بتوانم تۆ ببینم.

مووسا گوتی: من پزیشك نیم، بەڵام وا وێنا دەکەم کە ژێرییەکی ساغم هەیە و ژیری ساغی من پێم دەڵێ کە باشترین پێوەر بۆ دیاریکردنی وەزعی حاڵی ئینسان رەنگی روخسارەو، رەنگی روخساری تۆش وانیشان دەدا کە ساڵانێکی درێژ دەمێنی و ئەگەر ماوەی مانەوەی من لە کۆش دە ساڵ درێژە بکێشێ، پاش گەڕانەوەم، تۆ دەبینمەوە. من وا وێنا ناکەم ئەی نف کە تۆ بە نەبینینی من زۆر غەمبار ببی، چونکە تۆ پیاوی کارکردنی و لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەرقاڵی کارکردن دەبی و کارەکەت بە جۆرێك تۆ سەرگەرم دەکا، کە نەبینینی من فەرامۆش دەکەی.

نف گوتی: لەوانەیە کارکردن بە جۆرێکی کاتیی مایەی ئەوەبێ کە من نەبینینی تۆ فەرامۆش بکەم. بەڵام مەحاڵە تۆ فەرامۆش ببی و هەر کاتێك کاری من تەواو ببێ تۆم دێتەوە بیر. بەڵام تۆ من لە یاد دەکەی، چونکە تۆ لاوی و پێداویستی لاویی ئەوەیە کە پیران فەرامۆش بکەن، ئەویش چی، لاوێك کە بەرەو جەنگ دەڕوا و لە شەڕەکاندا بەشداری

(٣٦) ((خانەی ژیان)) زانستگای ناسراوی پزیشکیی میسری بوو و لە دنیای کۆندا بە تەنیا قوتابخانەی بەرزی پزیشکیی دەمێردرا. ((و.ف)).

(٣٧) ئەمڕۆ تەوای ئەو نیشانانە شیانی چارەسەرکردنن و نابێ مایەی ترس بن و هەر پزیشکێك، تەنانەت ئەوانەش کە تەنیا پزیشکیی گشتی دەزانن، ئەم نەخۆشیانە چارەسەر دەکەن و نیشانەکانی ناهێڵن.(( و.ف)).

دەکا و سەرەڕای شەڕ، لە کۆش بەسەر هاتی دیکەش چاوەڕێی تۆ دەکەن کە یەکێك لەوانە ڕاوی گیانلەبەرانی گەورەیە.

مووسا گوتی: ئەی نف، تەنانەت لە کاتی شەڕ و ڕاوشکاری گیانلەبەرانی گەورەشدا من تۆم هەر لە بیر دەبێ، چونکە پاش دایکم، من لە پایتەخت دوو دۆستم هەبوو، یەکێکیان سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی و ئەوی دیکەیان تۆ. سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی هەر بەو جۆرە کە بیستت سەریان بڕی و من خۆم، سەرو لاشەکەیم مۆمیا کردو بە خاکم سپارد. ئەمڕۆ جگە لە تۆ، دۆستێکم لە پایتەخت نییە و چونکە تۆ دۆستی تاك و تەنیای منی، من تۆ فەرامۆش ناکەم.

نف گوتی: حەز دەکەم خزمەتێك کە لە دەستم دێ بۆت ئەنجام بدەم ئایا تۆ، ئێستا پێویستیت بە هیچ شتێك نییە؟

مووسا گوتی: بۆ نا، من پێویستیم بە گالیسکەئاژۆیەك هەیە و دەبێ غولامێك بکڕم تا ببێتە ئاژۆی گالیسکەکەم و تۆ ئەی نف پێم بڵێ کە من چ جۆرە غولامێك بکڕم؟

نف گوتی: غولامێك لە خەڵکی سەحرانشین بکڕە.

مووسا پرسی: بۆچی غولامی خەڵکی سەحرانشین بکڕم؟

نف وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی خەڵکی سەحرانشین، خەڵکی سەرسەخت و پڕ توانان و دەتوانن دەروەستی کاری دوورودرێژ و دژوار بێن بێ ئەوەی بە هۆی شەکەتیی و ماندوویی لە پەل و پۆ بکەون و ئەگەر تۆ حەز بکەی یەکێکت لەوانە بۆ دەکڕم.

لەو دەمەدا تاریکی شەو داهاتبوو. مووسا و نف، چونکە سەرگەرمی ئاخاوتن بوون سەرنجیان بەلای هاتنی تاریکییەوە نەبوو.

ماوەی چەند دەقیقەیەك لە نێوان ئەواندا بێدەنگی باڵی کێشا بوو و مووسا گوتی: نف، من دەمەوێ پرسیارێك لە تۆ بکەم و چاوەڕوانم کە بەڕاستی وەڵامی من بدەیەوە و بزانە کە من منداڵ نیم و ئەمڕۆ من پیاوێکم.

نف گوتی: بەڵێنت دەدەمێ کە بەڕاستی وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە.

مووسا پرسی: من لە تۆ دەپرسم کە ئایا ئاتوون خوای تاك و تەنیا و نەبینراو هەیە و ئایا تۆ، لە دڵی خۆتدا باوەڕت پێی هەیە، یاخود تۆ ئەهلی ڕیاکاریی و بۆ ڕەزامەندی ئەم و ئەو و بە دەسهێنانی متمانە و ڕێزی ئەوان خۆت وا پیشان دەدەی کە باوەڕت بە خوای یەکتا و نەبینراو هەیە؟



نف گوتی: من چۆن لەم سەردەمەدا دەتوانم بۆ ڕەزامەندی ئەم و ئەو، خۆم واپیشان بدەم کە باوەڕم بە خوای یەکتاو نەبینراو هەیە؟ ئایا ئێستا سەردەمێکە کە کەس بتوانێ بۆ بەدەس هێنانی متمانە و ڕێزی کەسانیتر خۆی وا پیشان بدا کە باوەڕی بە خوای یەکتاو نەبینراو هەیە؟ مەگەر تۆ خۆت نەتدی کە سەری پیاوێکی وەك کاهینی گەورەی دەرباری پاشایەتی میسریان لە لەشی جیاکردەوە لەبەر ئەوەی کە باوەڕی بە ئاتوون هەبوو؟ چۆن لەو زەمانەدا دەکرێ پیاوێك، تەنیا بۆ ئەوەی کە متمانە و ڕێزی کەسانیتر بۆ لای خۆی ڕابکێشی، خۆی وەك باوەڕدارێك بە خوای یەکتا و نەبینراو بناسێنێ؟

من ئەگەر لەم شارەشدا کە پایتەختیش نییە، لای چەند کەسێك بڵێم کە من باوەڕم بە ئاتوون هەیە، من دەکوژن چ جای ئەوەی دەگاتە پایتەخت کە لەوێ دەمارگیری خەڵك زیاترە. ئەگەر ببیستن کە من باوەڕم بە ئاتوون هەیە، پارچە پارچەم دەکەن. لەم سەردەمەدا باوەڕ بوون بە ئاتوون، قازانجێکی مادی تێدا نییە تاکو کەسێك بۆ قازانج وەرگرتن، خۆی بە باوەڕدار بە خوای تاك و بێ هاوتا پیشان بدات. لەسەر ئەم بنەمایە لەم سەردەمەدا ئەگەر کەسێك بڵێ کە باوەڕی بە ئاتوون هەیە باوەڕی لە ڕووی نیازپاکییەوەیە نەك ڕیاکاری.

مووسا پرسی: بەو پێیە تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە خوای یەکتا و نەبینراو هەیە.

نف وەڵامیدایەوە: لەمبارەیەوە هیچ گومانم نییە.

مووسا گوتی: ئایا ئەم خوای یەکتا و نەبینراوە هەمیشە و لە هەموو جێیەکدا هەیە؟

نف گوتی: بەڵێ، خۆر لە هەموو جێیەکدا هەیە.

مووسا گوتی: بەڵام من ئێستا لێرە خۆر نابینم.

نف گوتی: لەبەر ئەوەی کە خۆر لە پشت زەوییەوەیە و لێرە شەوە، بەڵام ئەگەر بت توانیبایە بە هێڵێکی ڕاست بۆ ئاسمان بەرز ببییەوە خۆرت دەبینی.

مووسا پرسی: ئایا تۆ دەتوانی بەڵگەیەکی شیاو بۆ قبووڵ کردن، پیشانی من بدەی کە بەڵگە بێ بۆ بوونی ئاتوون؟

نف وەڵامیدایەوە: من پیاوێکم تەلارسازم و خانوو دروست دەکەم و پاش ئەوەی کە خانوویەك دروستکرا، کاتی شەو، لەوێ چرا هەڵ دەکەن. من پاش ئەوەی دەچمە ناو ماڵ بە بینینی ڕووناکی چرا، چێژ وەردەگرم و ئەو چرایە بە جوانی دەبینم، بەڵام تێدەگەم ئەو

چرایە کە خاوەنی ئەو ڕووناکییە جوانەیە، شەخسێك دروستی کردووە و ئەگەر ئەو نەبووایە، ئەو چرایە نەدەبوو و ئەو ڕووناکییە نەدەهاتە ئاراوە کە کاتی شەو، ناوماڵ ڕووناك بکاتەوە.

ئاتوون مانای خۆر ئەویش وەکو ڕووناکی ئەو چرایەیە، کە من بە بینینی خۆشحاڵ دەبم و چێژی لێوەردەگرم. من هەر جارە کە ئاتوون، مانای خۆر دەبینم بە خۆم دەڵێم کە ئاتوونی ڕاستەقینە ئەوەیە کە خۆری دروست کردووە و چرایەکی هێناوەتە ئاراوە کە ڕووناکییەکەی ئەم جیهانە ڕووناك و گەرم دەکاتەوە. هەربەو شێوەیە کە گومانم لە بوونی خۆم نییە، لە بوونی ئاتوون مانای خوای یەکتا و نەبینراویش گومانم نییە.

مووسا گوتی: تۆ کە باوەڕت بە ئاتوون هەیە چۆن لەوتێدەگەی و ئایا باوەڕت وایە کە ئەوباش بێ؟

نف پرسی: مەبەست لە باش چییە، چونکە باشیی خاوەنی چەمکێکی فراوانە.

مووسا پرسی: ئایا ئاتوون بێ ئازارە؟

نف گوتی: کاتێك من دەمەوێ ئەمباری دانەوێڵە دروست بکەم مەبەستی من یا مەبەستی فیرعەون کە فەرمانی دروستکردنی ئەمباری دانەوێڵە دەردەکا، ئەمەیە کە بڕێك دانەوێڵە لە ناو ئەو ئەمبارەدا هەبێ تا لە ساڵێکدا کە ئاوی ڕووباری نیل کەمەو مەزراکان تێر ئاو نابن و دانەوێڵە بەرهەم نایە، خەڵکی میسر لە برسان تووشی هیلاکەت نەبن. بەڵام کاتێك کە من دەمەوێ ئەمباری دانەوێڵە دروست بکەم و بۆ دروستکردنی ئەمبار بناغە هەڵدەکەنم، ژمارەیەکی زۆر لە زیندەوەر و کرم کە لەو سەرزەوینەدا دەژین، لە ناو دەچن. دروستکردنی ئەمباری دانەوێڵە، لە لێڕوانینی ئەواندا کە بە هۆی دروستکردنی ئەمبارەوە لە ناو دەچن، کارێکە زاڵمانەیە و دروستکەری ئەمباری دانەوێڵە لە هەموو زاڵمان بەستەمکارتر دەزانن. ئێستا تۆ پێم بڵێ من کە ئەمباری دانەوێڵە دروست دەکەم تا میسریان لەوشکەساڵیدا لە برسان نەمرن بێ ئازارم یا ئازار دەر؟

مووسا گوتی: تۆ بێ ئازاری لە بەر ئەوەی کە مەبەستی تۆ خزمەتکردن بە میسریانە.

نف گوتی: وەزعی ئاتوون لە بەرامبەر ئەم جیهانەدا وەك وەزعی من لە بەرامبەر وەزعی ئەو زیندەوەر و گیانلەبەرانەی دیکە وایە کە لە کاتی دروستکردنی ئەمباری



دانەوێڵە لە ناو دەچێ. ئەوانەی کە لەم جیهانەدا وا وێنا دەکەن کە ئاتوون ستەمکارە، چونکە ژمارەیەك بە پیری دەمرێنێ و ژمارەیەك بە نەخۆشی و هەندێکیان گرفتاری گیانلەبەرانی دڕندە و گەزێنەر دەکا و ژمارەیەکی دیکەش بەرێ و شووێنی دیکە ڕەوانەی ڕۆژئاوا دەکا، خەڵك وا وێنا دەکەن کە ئاتوون ستەمکارە. لە حاڵێکدا کە تەواوی ئەوانە بۆ بەرژەوەندییەکی گەورەیە.

مووسا پرسی: ئەو بەرژەوەندییە گەورانە چین؟

نف گوتی: ئەی شازادە، هەرگیز لە هەوڵی ئەوەدا مەبە کە پەی بە بەرژەوەندییە گەورەکانی خوا ببەی. چونکە ڕێ بەوانە نابەی و هەر کەسێك کە هەوڵیداوە پەی بە بەرژەوەندییە گەورەکان ببا، دووچاری سەرگەردانی و دەربەدەری بووە و ئاکام لە بیابانەکاندا بە تەنیایی و برسێتی سەری ناوەتەوە.

مووسا گوتی: لەو سەردەمەدا کە ئاتوون پەرستیی، ئایینی ڕەسمی میسر بوو، ئایا کاهینانی ئەو سەردەمە نەیاندەزانی بەرژەوەندە گەورەکانی ئاتوون چییە؟

نف گوتی: نا، تەنانەت لەو سەردەمەشدا کاهینانی ڕەسمی، مەبەستیان ئەوە بوو کە قازانجی مادی بە دەس بهێنن و لە بیری ئەوەدا نەبوون کە بە دروستی ئاتوون بناسن.

مووسا بە سەرسوڕماوییەوە پرسی: ئایا کاهینانی ئایینی ئاتوون و ئەوانیش وەکو کاهینانی ئایینی ئەوڕۆکەی ئاموون، تەنیا لە بیری قازانجی خۆیان بوون؟

نف گوتی: ئا، تا ئەو ڕۆژەی کە لە جیهاندا کاهین هەیە لە بیری قازانجی مادیدا دەبن و فرە ئایینیی، لەوەزعی کاهیندا کاریگەری نییە و بۆیە لەو سەردەمەدا کە ئایینی ڕەسمی لە میسردا ئاتوون پەرستی بوو، بۆ ئیماندارانی واقیعی، دەبێ لە نێو خەڵکی ئاساییدا چاوبگێڕی نەك لە ناو کاهیناندا. بەڵام سەرباری ئەوەش کە کاهینان قازانج پەرستن پەیوەندییان بە ناسینی ئەو خوایەوە نییە کە دەیپەرستن. بۆیە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەواندا یەکجار کێشەیە و واباشترە کە مرۆڤ هەرگیز هەوڵی ئەوەنەدا کە بەربەرەکانی ئەوان بکا.

مووسا پرسی: بۆچی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەواندا دژوارە؟

نف گوتی: لەبەر ئەوەی ئەوان کەڵك لە باوەڕی ئایینیی خەڵك وەردەگرن و میسریان پێیان وایە کە کاهینان هەر بەڕاستی خزمەتکاری خواکانن و جگە لەوە کە کەرەسەی

رەزامەندی خواکان فەراهەم بکەن مەرامێکی دیکەیان نییە و نازانن کە مەرامی ئەوان کۆکردنەوەی ئەلقەی زێڕ و خاوەنداریێتی کەنیزەی جوان و موڵکی زۆرە.

کاتێك ئاخاوتنی نف گەیشتە ئێرە گوتی: ئەی مووسا، من لە دیداری تۆ تێر نابم و حەز دەکەم بەردەوام تۆ ببینم، بەلام کاری من، رێی ئەوەم لێ دەگرێ لەوە زیاتر ئەمشەو لەگەڵ تۆدا قسە بکەم و خواحافیزیت پێ دەڵێم و دەڕۆم. ئومێدوارم ئەوەندە زیندوو بمێنم کە بتوانم پاش ئەوەی کە تۆ لە کۆش دەگەڕێیتەوە بتبینمەوە.

پاش ئەو قسەیە، سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی میسر خواحافیزیی لە مووسا کرد و رۆیشت. مووساش رێگەی ماڵەکەی خۆی گرتە پێش و کاتێك کە دەڕۆیشت بۆ ئەوەی کە پشوو بدات بە خۆی گوت کە بەرەبەیانی رۆژێکی دیکە بۆ کڕینی غولامێك کە دەبێ ببێتە ئاژۆی گالیسکەکە دەچمە بازاڕی کۆیلە فرۆشان.

ڕۆژی پاشتر، کاتێك مووسا لە ماڵ هاتە دەرێ، سەرەڕای ئەوە کە هێشتا خۆر هەڵنە هاتبوو، مامەڵەچیانی شاری تانیس، بۆ کاسبی کردن خۆیان ئامادە کردبوو تا شتومەك بفرۆشن یا خود بیکڕن.



- ١٠ -

## بازاڕی کۆیلە فرۆشان

لە هەموو شارەکانی میسر، مامەڵەچیان، وەکو کاسبکارانی شاری تانیس، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستان و خۆیان بۆ کارکردن ئامادە دەکرد. دەشزانین کە هەموو شارەکانی میسر، لە لێواری شەتی نیل بوون و راستەوخۆ بە دەریاوە پەیوەست بوون.

ئەو سەردەمە، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی نزیك، بەسەردەمی بازرگانی دەژمێردرا. بازرگانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی نزیك، بە جۆرێك بەرفراوان بوو کە دەتوانرێ بگوترێ هەر کەسە شتێکی دەفرۆشت یا شتێکی دەکڕی.

کاروانگەلی گەورە، کە لە چینەوە دەکەوتنە رێ، پاش ئەوەی چەندین مانگ رێگایان دەپێوا، دەگەیشتنە لێواری دەریایەك کە ئەمڕۆ بە دەریای ناوەڕاست ناو دەبرێ یاخود راستەوخۆ لە رێگای وشکانییەوە خۆی دەگەیاندە میسر و کالاکانی خۆی دەدایە دەس مامەڵەچیانی میسر.

کەشتییەکان، پاش پەڕینەوە لە دەریای ناوەڕاست، لە ناوەڕاستی ستوونەکانی هرکول دەپەڕینەوە (گەرووی جەبەل تاریق ئەو سەردەمە بە ستوونەکانی هرکول دەناسرا) و بێ ئەوەی لە ئوقیانووسی تاریکستان، مانای ئوقیانووسی ئەتڵەسی ئێستا، ترسیان هەبێ، رێگای بەریتانیا و سوێد و نەرویژیان دەگرتە پێش.

دەستەیەکی دیکە لە کەشتییەکان، پاش پەڕینەوە لە دەریای ناوەڕاست و تێپەڕبوون لە دەرووەکانی دەردەنیل و بۆسفوور، داخڵی ناو دەریای رەش دەبوون. ئینجا لەو رووبارانەوە کە لە روسیای ئەمڕۆکەوە دەڕژانە دەریای رەشەوە، رێگەیان دەپێوا تا کالای خۆیان لە دانیشتوانی ناوچەیی بکڕن یان کالایان پێ بفرۆشن. مامەڵەچیان ئەوەندە سەرگەرمی بازرگانی و کڕین و

فرۆشتن بوون کە دەرفەتیان نەبوو ئەوەی کە ئەورۆ ئێمە پێی دەڵێین پارە، دروستی بکەن و هەر قەومە جۆرە ئامرازێکی بۆ نرخاندنی نرخی کاڵاکان هەبوو.

پارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ روسیایە، کەوڵی گرانبەهای گیانلەبەران بوو. پارەی دانیشتوانی فینیقیا، کە وڵاتێك بوو لە لێواری وڵاتانی ئەمڕۆی سووریا و لوبنان، مرواری بوو.

دانیشتوانی وڵاتی هاتی، مانای ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ تورکیایە، نرخی کاڵاکانیان بە ئاسن دەدا و ئاسن، بە هایەکی نێو نەتەوەیی هەبوو. وڵاتێك نەبوو کە پارەی ئاسن تێیدا برەوی نەبێ لە حاڵێکدا کە قەومی روسیا ئەڵقەی زێڕیان قبووڵ نەدەکرد. لە روسیاش بترازێ باقی میللەتانی دیکەی جیهان پارەی زێڕی میسری، کە بە شێوەی ئەڵقە بوو، قبووڵ دەکرد. لە میسر، سەرەڕای ئەڵقەی زێڕ، ئەڵقەی زیو و مسیش رەواجی هەبوو.

شاری تانیس، وەك هەموو وڵاتی میسر کە لە لێواری رووباری نیل هەڵکەوتبوو، بایەخێکی بازرگانی هەبوو. لەوێ هەموو جۆرە کاڵایەك دەکڕدرا و دەفرۆشرا و ئەوێ بازاڕێك بوو کە غولام و کەنیزەشی لێ دەفرۆشرا.

بازاڕی کۆیلە فرۆشیی شاری تانیس تا دەگەیشتە شەتی نیل، بڕێك مەودای هەبوو، هەروەکو بڵێی کۆیلەفرۆشان دەیانزانی کە لە نێوان ئەو بازاڕە و بازاڕەکانی دیکەدا دەبێ مەودایەك هەبێ بۆ ئەوەی ناڵەی غولامان و کەنیزان بەگوێی ئەو کەسانە نەگاتەوە. کە لە بازاڕەکانی شاردا دەهاتن و دەچوون.

بازاڕی کۆیلە فرۆشان لە شاری تانیس، حەوشەیەك بوو دیوارەکانی نزم بوون و بە سەرییەوە ئەنوایەك دەبینرا کە بۆ سێبەر دروستیان کردبوو. لە و بازاڕەدا، سێ جۆر کۆیلە دەفرۆشران: یەکێکیان ئەسیرانی جەنگ بوون، کە تەنیا بە پاشای میسرەوە پەیوەست بوو و بەفەرمانی ئەو پاشایە ئەوانیان دەبردە بازاڕی کۆیلە فرۆشان و بەهاکەشی بۆ رامسیسی دووەم دەگەڕایەوە. دووەمیان غولام و کەنیزان بوون، ئەوانەی کە لە وڵاتانی دیکەوە بۆ فرۆشتن دەیانهێنانە میسر. سێیەمیان میسریانی قەرزاربوون کە نەیاندەتوانی قەرزەکانیان بدەنەوە و خاوەن قەرزەکان ئەوانیان بە یەکێك لە کۆیلەفرۆشان دەفرۆشت.

لە سەرتاسەری میسری خواروو، قۆرخی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بۆ ئەندامانی چل خێزان بوو و هیچ کەسێك نەیدەتوانی کۆیلە فرۆشی بکا تەنیا ئەگەر لە ئەندامانی خێزانی ناوبراو یان لە خزمەتکاران و نۆکەرانی ئەوان بووایە.



نەریت وابوو کە پێش فرۆشتنی کۆیلەکان، غولام و کەنیز و منداڵانی ئەوانیان بەزنجیر دەبەستەوە. تەنانەت منداڵانی وردیشیان لە زنجیر، نەدەبەخشران. خواردنی کۆیلەکان لە هەموو ئەو ماوەیەی کە لای بازرگانی کۆیلەفرۆش بەسەریان دەبرد، بریتی بوو لە نان و ماسی سوێر، چونکە هەردووکیان لە ریزی هەرزانترین خواردەمەنییەکانی میسر دەژمێردران.

هەموو بەیانییەك خزمەتکارانی بازرگانی کۆیلە فرۆش، غولام و کەنیزەکانیان لە ئاوی نیل هەڵدەکێشا تاکو بە رواڵەت خاوێن بن و کڕیاران ئەوان بە پیس و چڵکن نەبینن. کاتێك کە خواردنی کۆیلەکان دەدرا، بەهێزەکان دەست درێژییان دەکردە سەر لاوازەکان و خواردنەکانیان لێ دەفڕاندن و دەیانخوارد. تەنانەت کاتێك کەماسیگرانی رووباری نیل لە رووی بەزەییەوە هەناوی ئەو ماسیانەی کەسکیان هەڵ دەدڕین، بۆ بەردەمی کۆیلەکان فڕێ دەدا، لێیان دەپاڕانەوە کە راستەوخۆ بیدەنە دەستی خۆیان تا کەسانی دیکە نەتوانن لێیان بفڕێنن و جاری وا بوو داخوازییەکەیان قبووڵ دەکرا.

خواردنی هەناوی ماسی ((ئەویش بە خاوی)) جاری واهەبوو کۆیلەکانی نەخۆش دەخست و دووچاری نەخۆشی گەدە دەبوون و لەبەر توندی ژانەسك خۆیان لوول دەدا و دەیان ناڵاند. باقی کۆیلەکانی دیکە بە بینینی دیمەنی نەخۆشی ئەوانە دەستیان بە گریان دەکرد و شیوەنیان دەکرد. بەڵام نەیاندەتوانی بۆ چارەسەری ئازاری ئەوان دەسپێشکەرییەك بکەن. کاتێك شیوەنی کۆیلەکان پەرەی دەستاند، خزمەتچیانی بازرگانی کۆیلە فرۆش بە دار و گۆپاڵ دەهاتن و بە چەپ و راستدا، کۆیلەکان و تەنانەت منداڵەکانیشیان دەکوتا و ئەوانەی کە دەگریان لە ترسی لێدانی دار و گۆپاڵ بێدەنگ دەبوون.

ئەمڕۆ، ئەم کردەوانە، لە بەرچاوی ئێمە لە بێ بەزەیی بوون خراپترە و دڕندایەتییە. بەڵام لەو سەردەمەدا لەبەرچاوی میسریان، بێ بەزەیی بوون نەبوو. میسرییان، هەستیان نەدەکرد کە دەرهەقی کۆیلان بێ بەزەیین و ئەگەر ئەو هەستەیان لەلا هەبووایە، ئاوا دەرهەق بە کۆیلان رەفتاریان نەدەکرد. لە لێروانینی ئەواندا کۆیلەکان بوونەوەرێك بوون جیا لە مرۆڤ و لە وانەیە وایان بیرکردبێتەوە کە ئەوانە هەستیان نییە و درك بە ئازار ناکەن و بە دەس برسێتییەوە ئازار ناچێژن.

شیمانەی ئەوە هەیە لێڕوانینی میسرییانی کۆن لەبەرامبەر کۆیلاندا، وەك لێڕوانینی دارتاشێك بۆ دار، یا ئاسنگەرێك بۆ ئاسن بوو بێ. دارتاش کە دار دەتاشێ و کونی دەکا تا

شتێك دروست بكا ئایا بێ بەزەییە؟ هەڵبەتە نا، هەروەها ئاسنگەر كە ئاسن دەخاتە كورەوە و سوری دەكاتەوە و پاشان دەیخاتە سەر دەزگا و بەچەكوچ لێی دەدا بێ بەزەییە؟

لەوانەیە میسرییەكان وایان وێنا كردبێ هەوەكو چۆن كەسێك كە دەمرێ و لە جوولاّن دەكەوێ، پیاوێكی ئازادیش، كە ناتوانێ قەرزەكانی بداتەوە و خاوەن قەرزەكەی، ئەو دەباتە بازاڕی كۆیلە فرۆشان و بەبارزگانێكی كۆیلانی دەفرۆشێ، لە هەستەكانی خۆی دەڕوتێتەوە و ئیدی نابێ ئەو بە مرۆڤێكی ئاسایی بزانرێ.

لە وانەیە لە نێو هەموو خەڵكی میسردا، تەنیا یەك كەس هەبووبێ كە وا بیری دەكردەوە نابێ كۆیلەكان داركاری بكرێن و برسی بكرێن، ئەویش مووسا بوو. ئەم بیرەش پاش ئەوەی كە پەی بە نهێنی لە دایكبوونی خۆی برد و زانی كە ئەو منداڵی یەكێك لە غولامانی ئیسرائیلییە كە لە میسر دانیشتوون، لەودا پەرەی ستاند.

كاتێك مووسا پێی نایە ناو بازاڕی كۆیلە فرۆشانەوە، مامەڵەچیان نە هەر تەنیا ئەویان ناسی و زانییان كە كوڕی فیرعەونە، بەڵكو زانییان كە ئەو هاتووە غولامێك بكڕێ تا ببێتە ئاژۆی گالیسكەكەی خۆی.

كاتێك مووسا چووە ناو بازاڕەكە، چاوی بەژنێكی لاو و دوو منداڵی ورد كەوت و بینی كە ئەو ژنە دەیەوێ خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی كە منداڵەكانی شتێكیان بۆ خواردن هەبێ و لە برسان نەمرن.

گەرچی كۆیلەكانی كە لە بازاڕی كۆیلاندا دەفرۆشران، هەروەك كە گوتمان ــ بۆ سێ چین دابەش دەبوون، بەڵام حاڵەتی دیكەش هەبوون، بۆ نموونە ژنێك كە مێردەكەی مردووە یان بەرەڵای كردووە، دەڕۆیشت و لە بازاڕی كۆیلەفرۆشاندا خۆی دەفرۆشت، تاسكی منداڵەكانی تێر بكا.

بازرگانانی كۆیلە فرۆش لە كاری خۆیاندا بە شێوەیەك كارامە بوون كە هەر كەسێك دەهاتە ناو بازاڕی كۆیلە فرۆشانەوە تێدەگەیشتن كەچی دەوێ. بۆ نموونە ئەگەر كاهینێك پێی دەنایە ناو بازاڕی كۆیلە فرۆشانەوە دەیگوت كە دەیەوێ كەنیزەیەك بكڕێ، بازرگانان تێدەگەیشتن كە ئایا كەنیزەی بۆ هاونشینی خۆی دەوێ یان وەك خزمەتگوزار دەیەوێ كەڵكی لێ وەربگرێ یاخود مەبەستی ئەوەیە كە كەنیزە لە سەر گۆڕی ژنە مردووەكەی سەرببڕێ و خوێنی لەسەر گۆڕی ژنەكەی بڕێژێ تا ژنەكەی لە دنیای رۆژئاوا بێ كەنیزە و خزمەتكار نەبێ. كۆیلە فرۆش لە سەلیقەی تەواوی كڕیارەكانی خۆیان كە كەنیزەیان دەكڕی، زانیارییان هەبوو و دەیانزانی هەر



كڕیارە چ جۆرە كەنیزەیەك پەسند دەكا. جا هەر كە كەنیزەیەكی پەسندكراویان لەگەڵ سەلیقەی ئەواندا دەدیتەوە، ئاگاداری كڕیاریان دەكرد كەبێت و كەنیزەكە بكڕێ.

كاتێك كڕیارێكی بەسەرو سیما دەهاتە ناوبازاڕ، مامەڵە چیان، بۆ ئەوەی كە بتوانن كەنیز یا غولامەكەی خۆیان بە گرانترین نرخ بە كڕیاری ناوبراو بفرۆشن، لەگەڵ یەكتریدا دەبوونە هاوپشك. بەو پێیە كە ئەوان بە سەریەكتریدا بازیان نەدەدا، نەفەرێكیان لە نێو خۆیاندا هەڵدەبژارد تا دان و سەندن لەگەڵ كڕیاردا بكا.

رۆژی پێشتر هتپ رە پاش دانوسەندن لەگەڵ مووسا چووبووە بازاڕی كۆیلەفرۆشان و ئاگاداری مامەڵەچیانی كرد بوو كە كوڕی فیرعەون بۆ كڕینی غولامێك كە جێگای پەسندی ئەو بێ، بەهەر نرخێكی كە ئێوە بیلێن، دەیكڕێ و فرۆشیاری غولامیش دەبێ هەقی ئەو بدات، لەبەر ئەوەی كە ئەو بە كوڕی فیرعەونی گوتووە كە دەبێ غولامێك بۆ ئاژۆتنی گالیسكەكەی خۆی بكڕێ.

مامەڵە چیان نەیاندەویست هەقی كارەكەی هتپ رە بدەن. بەڵام ئەو هەڕەشەی كرد كە ئەگەر هەقی كارەكەی ئەو نەدەن، كوڕی فیرعەون والێدەكا واز لە كڕینی غولام بهێنێ. مامەڵەچیانی كۆیلەفرۆش لە ترسی ئەوەی كە كڕیارێكی باش لەدەس بدەن، رازی بوون كە هەركات كوڕی فیرعەون لەو بازاڕە غولامێك بكڕێ، هەقی كاری هتپ رە بدەن.

رۆژی پاشتر، كاتێك كە بازاڕی كۆیلەفرۆشان كرایەوە، بازرگانان بە پێی نەریت، هەقی كاری هتپ رە، كە دەبووایە ئەوان بیدەن، خستە سەر نرخی غولام و ئەو قازانجەی كە دەبووایە لە نێو خۆیاندا دابەشی بكەن، ئەویشیان خستە سەری و ئینجا نرخی غولامەكەشیان زۆر زیاتر لە نرخی عادیلانەی خۆی دیاریكرد. یەكێكیانیان لە مامەڵەچیان كە ناوی (( گوتوفار )) بوو، هەڵبژارد تا هەر كاتێك كە مووسا هاتە ناو بازاڕەوە، دان و سەندنی لەگەڵدا بكا و لە بارەی نرخی غولامیشەوە بە تەواوی سەرپشكیان كرد تا ئەگەر هەستی كرد كە كوڕی فیرعەون داوای غولامێكی تایبەتی كرد و جگە لەو غولامە، هیچ غولامێكی دیكەی نەویست، هەر چەندێك كە دەتوانێ نرخی غولامەكە بەرێتە سەرێ.

كاتێك مووسا چووە ناو بازاڕی كۆیلەفرۆشانەوە، مامەڵەچیان بە بینینی قەڵافەت و سنگ و هەردووشان و جوانیی روخسار و قژی رەش و پڕی ئەو، سەریان سوڕما. یەكێك لەوان بە ئەسپایی بە یەكێكی دیكەی گوت: ئەگەر من بم توانیبایە ئەم لاوە بكەمە غولام ئەوم بە سەد ئەڵقەی زێڕ دەفرۆشت.

مووسا بەپێی نەریتی خۆی، کە ئەویش لە وەسیەتی دایکی مانای ئەنخاس ئاموونەوە بوو، بە قەڵافەتێکی ڕێك و سەری بەرزەوە هەنگاوی هەڵدەگرت و هەنگاوە ڕێك و پێکەکانی لە شکۆی ئەم لاوەی زیاتر دەکرد.

گوتوفار خۆی گەیاندە مووسا و لە بەرامبەر ئەودا سەری نایە سەر زەوی.

مووسا پێی گوت: سەرت لە سەر زەوی بەرز بکەرەوە تابت بینم و بزانم تۆ کێی؟

ئەو پیاوە سەری لە زەوی بەرزکردەوە و بە جۆرێك خۆی پیشاندا کە دەتگوت لەم دنیایەدا تەنیا بۆ ئەوە هاتۆتە بوون کە خزمەتکاری کوڕی فیرعەون بێ.

گوتوفار پاش ئەوە کە سەری لە سەر زەوی بەرز کردەوە گوتی:

ئەی سەروەری گەورە، من داوای مۆڵەتت لێ دەکەم کچانی جوان کە لەو بازاڕەدان پیشانی تۆ بدەم و مەحاڵە کەبیان بینی چەند دانەیان لێ پەسند نەکەی و سەلیقەی تۆ هەر چۆنێك بێ دڵخوازی خۆت دەبینییەوە.

مووسا گوتی: من بۆ کڕینی کەنیزە نەهاتووم، بەڵکو بۆیە هاتووم بۆ ئێرە تا غولامێك بکڕم.

گوتوفار گوتی: ئەی سەروەری گەورە، چ جۆرە غولامێکت دەوێ؟ ئایا غولامێکت دەوێ کە خزمەتگوزاریی ئاسایی ئەنجام بدا یا غولامێکت دەوێ کە ئەسپەکانی تۆ تیمار بکا یا غولامێك کە خواردنت بۆ ئامادە بکا؟ ئەگەر چێشت لێنەرت دەوێ، ئێمە دوو غولامی چێشت لێنەرمان هەیە کە لە سەرینی شارەزاییانەوە هەر خواردنێکی سادە دەگۆڕن بۆ خواردنێکی خواکان و، خواردنێك کە ئەوان دروستی دەکەن ئەوەندە بەتامە کە تۆ هەرگیز لە خواردنی ئەوان تێر ناخۆی.

مووسا وەڵامیدایەوە: من غولامێکم دەوێ کە گالیسکەکەی من لێبخوڕێ و دەمەوێ لەگەڵ خۆمدا بیبەمە کۆش. من غولامێکم دەوێ کە هاوتەمەنی خۆم یان ساڵێك گەورەتر بێ، بەڵام بە هێز و ساخ و خاوەن ددان. چونکە کەسانێك هەن کە هاوتەمەنی من بن، بەڵام بەهەر هۆکاریکەوە بێ، ددان لە دەمیاندا نەماوە. ئەگەر غولامێك کە دەبێ من بیکڕم سەرەڕای ئەو سیفەتانە، ئاژۆی گالیسکە بێ ئەوا باشتر و لە حاڵێکدا ئەگەر ئاژۆی گالیسکە نەبێ دەتوانین بۆ کاری لێخوڕین پەروەردەی بکەین و ئێستا پێم بڵێ ناوت چییە؟

پیاوە مامەڵەچییەکە گوتی: من ناوم (( گوتوفار ))ە.

مووسا وشەی گوتوفاری دووبارەکردەوە تا لە بیری نەچێتەوە. هەر کە ئەو ناوە لەدەمی مووسا هاتەدەرێ ئەو پیاوە مامەڵەچییە، کەوتە سەر زەوی و روخساری بە زەوییەوە نا و پاشان سەری هەڵبڕی و گوتی: نازانم چۆن سوپاسی خواکان بکەم کە بوونە هۆکاری ئەوەی ناوی من لە



دەمی تۆڕا بێتە دەرێ. تا ئەمڕۆ ناوی من نەفرەتبار بوو، بەڵام لە مڕۆ بەدواوە لەبەر ئەوەی ناوی من، لە دەمی کەسێکی وەك تۆوە هاتە دەرێ، بووە ناوێکی خاوەن برەو و پاکژ. ئەمڕۆ ئەگەر بیانەوێ ناوی من بە ناوی یەکێك لە خواکان بگۆڕن، قبووڵ ناکەم و ناوێك کە تۆ نرخت پێ بەخشی لە دەس خۆم نادەم.

مووسا گوتی: تۆ دەزانی من کێم و ئاگاداری ئەگەر غولامێك کە خۆم دەمەوێ بە من بفرۆشی، بێ چەند و چۆن بەهاکەیت دەدەمێ.

گوتوفار گوتی: من بۆ ئەوەی مایەی ڕەزامەندی تۆ بم، لە بەختکردنی گیانی خۆشم درێغی ناکەم. پاشان، پیاوی مامەڵەچی داوای لە مووساکرد کە بە دوایدا بکەوێتە رێ تا ئەو بباتە گۆشەیەکی بازاڕ و غولامەکان بەو نیشان بدا.

مووسا بە دوای گوتوفاردا ڕێگەی گرتە بەرو گوێی لێبوو کە ژمارەیەك لە کڕیارانی غولام یا کەنیزە لەگەڵ مامەڵەچیاندا سەرقاڵی درێژ دادڕین و هەوڵ دەدەن لە ڕێگای خەوش و خاڵی غولام و کەنیزەکانەوە، ئەوان بێنرخ پیشان بدەن. بەڵام مامەڵەچیان بەڵگە و بە هانەکانی کڕیارەکانیان قبووڵ نەدەکرد و لە بارەی ئیمتیازەکانی غولام و کەنیزەکانەوە زێدەڕۆییان دەکرد.

لە حاڵێکدا کە مامەڵەچیان و کڕیاران سەرگەرمی باس و خواسی لە بڕان نەهاتووی لە مەڕ نرخی غولام و کەنیزان بوون، کاروانی وشتران بە بازاڕادا تێدەپەڕی و ڕەوە ولاخ لە لایەکی دیکەی بازاڕەوە دەهاتە ژووری. پاش ئەوە کە بارەکان لەسەر پشتی ولاخەکان دادەگیران، گوێ درێژەکان لەوسەری بازاڕەکەوە دەچوونە دەرەوە.

لە حاڵێکدا کە گوتوفار، کوڕەلاوی بە نێو بازاڕدا تێدەپەڕاند دەیگوت: ئەی سەروەری گەورە، لەبەر ئەوەی کە تۆ گوتت غولامێکت دەوێ کە گالیسکەت بۆ لێبخوڕێ، دەڵێم کە تازە غولامێك بە دەستی ئێمە گەیشتووە کە خەڵکی وڵاتی هاتیە و لای سەرداری من شاراوە نییە کە پیاوانی هاتی هەموویان لە بارەی ئەسپەوە شارەزاییان هەیە و سواری دەزانن و باشترین گالیسکە ئاژۆی دنیا لەوڵاتی هاتی پەیدا دەبێ.

ئەم لاوە، لە وڵاتی خۆیدا خاوەن ناو و جێ و ڕێ بووە، بەڵام لەگەڵ پیاوێکی دەسەڵاتدار لەسەر ژنێك تووشی کێشە و بەرە دەبێ و بەو هۆیەوە ئەو دەبەنە بازاڕی کۆیلە فرۆشان و لەوێ دەیفرۆشن. ئەو پیاوێکی لاوە و ساڵێك یا لانی زۆر دوو ساڵ لە تۆ گەورەتر، بەڵام یەکجار بە هێزە و ددانە سپیەکانی لە ناو دەمیدا دەبریسکێنەوە. بەڵام کە گوتت نیازت وایە بڕۆیە وڵاتی کۆش دەتوانم غولامێك لە خەڵکی کۆش بە تۆ بفرۆشم. ئەو غولامە لاوێکە باڵای بەرز و بە هێز

و خاوەنی هەموو خەسڵەتێکی جێی مەبەستە. بەڵام لە ئەسپ شارەزایی نییە. تۆ دەبێ فەرمان بکەی کە ئەو لە ژێر پەروەردەی تایبەتیدا دابنێن.

مووسا بە گوتوفاری گوت: غولامی خەڵکی کۆش ناکڕم چونکە من دەمەوێ بڕۆم بۆ سەر زەوینی کۆش و ئاژۆی گالسیکەی من، هەرگیز لەگەڵ خەڵکی ئەوێ کە هاونیشتیمانی ئەون، شەڕناکا. لەبەر ئەوە تۆ دەبێ ئەو غولامەی خەڵکی وڵاتی هاتییە پیشانی من بدەی.

گوتوفار، مووسای گەیاندە بەشێکی دیکەی بازاڕ کە لەوێ هەراوهوریا نەدەگەیشتە بەر گوێ و کوڕەلاو بینی کە ئەو بەشە نیوە تاریکە. گوتوفار بە نەفەرێك لە خزمەتکارانی بازاڕی گوت کە بڕوا و غولامی هاتی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ.

ئەو پیاوە ڕۆیشت و مووسا، کە خەڵکی وڵاتی هاتی لە دەرباری پاشایەتی میسردا دیتبوو، خۆی ئامادەکردبوو کە پیاوێکی وەکو ئەوان ببینێ. پیاوانی هاتی، کە مووسا لە دەرباری پاشایەتی میسردا چاوی پێکەوتبوون، هەمو قەڵەو و سور و سپی دەهاتنە بەرچاو و ریشیان دەتاشی و بە دەنگێکی بەرز و ڕەق قسەیان دەکرد. پاش چەند ساتێك، کابرای خزمەتگوزاری بازاڕی کۆیلەفرۆشان، پیاوێکی کە بەزنجیر بەسترابۆوە، هێنا و بە گوتوفاری گوت: ئەمەیە کە تۆ دەتویست؟

مووسا چاوی بە پیاوێکی لاو کەوت کە ریش و قژی سەری درێژ بوو و پێڵووی چاوە بچووك و شینەکانی پێکیاندا دەدا، لە بەر ئەوەی لە ناکاو ئەویان لە تاریکییەوە هێنابووە بەر رووناکی، چاوەکانی نەیاندەتوانی تەحەمولی رووناکی بکەن. جلی ئەو پیاوە هەر وەك جلی ئەو پیاوانە بوو کە لە هاتی لە بەریان دەکرد. بەڵام پیس و پەرپووت دەهاتە بەرچاو. گوتوفار گوتی: ئەی سەروەری گەورە، ئەم لاوە کە دەیبینی زۆر بە هێزە و ماسوولکەکانی سنگ و بازووەکانی، بە توانایی وی نیشان دەدا. نەدەزانرا ئایا غولامی لاو و پەشۆکاو تێدەگا گوتوفار دەڵێ چی یان نا.

مووسا گوتی: ئەم پیاوە بە کەڵکی من نایە.

گوتوفار گوتی: ئەم پیاوە کە دەیبینی ئاژۆی گالیسکەیە و بە رادەیەك بە هێزە کە دەتوانێ گالیسکەیەك کە بە چوار ئەسپەوە بە ستراوەتەوە و ئەسپەکان گالیسکەکە رادەکێشن، چاودێری بکا.

مووسا گوتی: من چۆن دەتوانم ئەم پیاوە کە لە ئەنجامی کۆیلەتیدا بۆتە بوونەوەرێکی بێ توانا و ترسنۆك بکەمە ئاژۆی گالیسکەی خۆم و لەگەڵ خۆمدا بیبەمە مەیدانی جەنگ؟ من ئاژۆیەکم دەوێ کە سەرەڕای لاوی و بەهێزی، خاوەنی ئازایەتیش بێ. ئەگەر من بمویستیبایە بۆ



کەیفکردن سواری گالیسکە ببم لەوانە بوو ئەم پیاوە بکڕم، بەڵام من مەبەستم کەیفکردن نییە و من بۆ مەیدانی جەنگ دەچم.

گوتوفار گوتی: ئێستا کە ئەم پیاوەت ناوێ من غولامێکی دیکەت پێ نیشان دەدەم. دوای ئەوە پیاوێکی بەساڵداچوویان، کە خەڵکی وڵاتی هاتی بوو و قژی سەری سپی ببوو، هێناو پیشانی مووسایان دا. پیاوە بەساڵداچووەکە بە وردەکارییەوە قژی خۆی شانە کردبوو و لە چەند ددانێکیش زیاتر لە ناو دەمیدا نەمابوون. کوڕەلاو بینی کە ئەو جلێکی پاکژی لەبەردایە.

گوتوفار گوتی: ئایا حەز دەکەی ئەم کۆیلەیە بۆ لێخوڕینی خۆت بکڕی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ئەم پیاوە رواڵەتێکی باشی هەیە، بەڵام پیرە و بە کەڵکی لێخوڕینی گالیسکەی جەنگیی نایە. ئەو ددانی تەواوی نییە و ناتوانێ خواردنێك کە لە مەیدانی جەنگ دەدرێتە سەربازان، بخوا و لەسەر زەوینی کۆش توانای ئەوە نابێ خواردنێك فەراهەم بکرێ کە لەگەڵ ددانەکانی ئەودا بگونجێ.

بە فەرمانی گوتوفار پیاوە بە ساڵداچووەکەیان برد و پیاوێکی دیکەیان هێنا کە میسری بوو. گوتوفار گوتی: ئەی سەروەر، ئەم پیاوە قەرزار بوو و خاوەن قەرزەکەی ئەوی فرۆشتووە، ئەو لە ئەسپ و گالیسکە لێخوڕین شارەزایی نییە. پاش ئەوەی کە تۆ دەیکڕی دەبێ لە ژێر پەروەردەو راهێناندا دابنرێ تا ببێتە ئاژۆی گالیسکە.

مووسا ئەم میسرییەشی پەسند نەکرد. گوتوفار غولامێکی دیکەی هێنا کە خەڵکی وڵاتی لیبیا بوو. ئەو پیاوە لە شێت دەچوو کاتێك چاوی بە مووسا کەوت قاقا پێکەنی و مووسا پرسی: ئەم پیاوە بۆ پێدەکەنێ؟

بازرگانی کۆیلەفرۆش گوتی: ئەقڵی تەواو نییە و بە بێ هۆ لە قاقای پێکەنین دەدا.

مووسا گوتی: ئەمەشیان بە کەڵکی من نایە.

بە فەرمانی گوتوفار پیاوێکی دیکەیان هێنا. کاتێك کە مووسا چاوی پێکەوت، کەوتە بەر سەرنجی و گوتوفار گوتی: ئەم پیاوە خەڵکی یەکێك لە دورگەکانی یۆنانە و ئاژۆی کەشتی بوو. کەشتی باری ئەو، لە نزیك لێواری میسر نقوم بوو و جگە لەو پیاوە، هەموو ئاژۆیانی کەشتییەکە لە ناوچوون و مردن. چەند نەفەرێك لە میسرییان ئەم پیاوەیان دۆزییەوە و کە بینییان بیانییە ئەویان فرۆشت.

مووسا بینی ئەم پیاوە، لاوە و ماسوولکەی بەهێزی هەیە و قژێکی خورمایی درێژی هەیە بە گوتوفاری گوت: پێموایە ئەم پیاوە بتوانێ گالیسکەی من لێبخورێ، بەڵام ئایا زمانی میسری دەزانێ؟

گوتوفار گوتی: نا، ئەم پیاوە تازە هاتۆتە ناو میسرەوە و هێشتا زمانی ئێمە فێر نەبووەو ناتوانێ بەزمانی میسری قسە بکا.

مووسا گوتی: ئەی چۆن دەتوانم ئەو بکەمە ئاژۆی گالیسکەی خۆم و بیبەمە کۆش؟ کوڕەلاو ئەگەر لە بارەی کڕینی کۆیلەوە خاوەنی تاقیکردنەوە بووایە تێدەگەیشت کە بازرگانی کۆیلەفرۆش، سەرقاڵی گەرم کردنی بازاڕی خۆی دەبێ، ئەگەر نا گوتوفار دەیزانی کە هیچ کام لەو کۆیلانە بە کەڵکی مووسا نایەن.

ئەوە جاری یەکەم نەبوو کە لەو بازاڕەدا، غولامێك، بۆ ئاژۆتنی گالیسکە دەفرۆشرا و هەموو مامەڵەچیانی کۆیلەفرۆش، دەیانزانی غولامێك کە گالیسکەیەکی جەنگیی میسری لێبخورێ، دەبێ چ مەرجێکی تێدادەبێ. بەڵام گوتوفار لە رووی ئەنقەستەوە ئەو جۆرە کۆیلانەی پیشانی مووسا دەدا کە دەیزانی ئەو پەسندیان ناکا. ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە بە هۆی پیشاندانی کاڵای ناپەسند، کاتێك کە کاڵایەکی پەسنکراو رادەنێ، بتوانێ نرخەکەی بباتە سەرێ.

سەرەنجام کوڕە ئارامی لێ هەڵگیرا و بەتوندوتیژی گوتی: گوتوفار، من خوازیاری کۆیلەیەکی سەحرانشینم، مانای کۆیلەیەك لە دانیشتوانی لای رۆژهەڵاتی میسر و ئەو دەبێ لاو و بە هێز بێ و ئەگەر کۆیلەیەکی ئاوات هەیە پێم بفرۆشە و ئەگەر نا کۆیلانێك پیشانی من مەدە کە بە کەڵکی من نایەن.

گوتوفار لە گژبیرانەوە چوو و پاشان گوتی: ئەی شازادە، تۆ هەموو تەمەنی خۆت لە ناو کۆشکی پاشایەتی میسر بەسەر بردووە. بەڵام من لە زۆر گۆشەی دنیادا ژیانم بەسەر بردووەو خەڵك دەناسم.

مووسا پرسی: مەبەست لەم قسەیە چییە؟

گوتوفار گوتی: مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم ئەو دەشتەکییانە کە لە بیابانەکانی رۆژهەڵاتی میسر دەژین خەڵکانێکن بە رواڵەت بەردەوام بەڕووتەوە پێ دەکەنن. بەڵام لە ژێرەوە، چەقۆ بۆ ملت دەسون و لە یەکەمین دەرفەتدا یەك شمشێر یا چەقۆیەك بەورگتدا یا بە کەلەکەتدا یان بەسنگتدا یان بە پشتتدا دەکەن.



مووسا گوتی: من لەبەرامبەر کۆیلانی سەحرانشین مەترسێنە و پێم بڵێ کە ئایا کۆیلەیەکی سەحرانشینی لاو و تەندروستت هەیە پێم بفرۆشی؟

گوتوفار وەڵامیدایەوە: بەڵێ، من غولامێکی دەشتەکی (مانای بیابانی)م هەیە کە لە دانیشتوانی رۆژهەڵاتی میسرە و پیاوێکی بە هێزە.

مووسا گوتی: بیهێنە و پیشانم بدە.

گوتوفار رووی کردە دوو کەس لە خزمەتکارانی بازاڕی کویلەفرۆشان و گوتی بڕۆن ئەو بهێنن. بەڵام ئەو دوو کەسە دوو دڵی دایگرتن. مووسا بینی وەکو ئەوەی کە نایانەوێ بچن ئەو کۆیلەیە بێنن.

گوتوفار گوتی: مەگەر ئێوە نازانن کە ئەویان بەستۆتەوە و ناتوانێ ئازارتان پێ بگەیەنێ.

ئەو دوو کەسە چوون تا غولامی سەحرانشین بێنن و زۆری پێ نەچوو کە مووسا چاوی بەلاوێکی بەدەن داڕژاو کەوت کە دوو کەس لە دوو لاوە قۆڵیان گرتبوو و دەیان هێنا.

کاتێك کە کۆیلە لاوەکەیان دەهێنا گوتوفار گوتی: من تا ئەمڕۆ، پیاوێکی وەك ئەو غولامە سەحرانشینەم نەدیووە لە بەر ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر دارکاری دەکرێ تا ئێستا وارێك نەکەوتووە هاوار بکا یان بناڵێنێ.

کۆیلەی سەحرانشین نەیدەتوانی بە ئاسوودەیی بەڕێدا بڕوا، چونکە هەردوو قاچیان بە جۆرێك بە ستبووەوە کە تەنیا دەیتوانی هەنگاوی کورت هەڵ بێنێتەوە.

ئەویان هێنا و لە بەرامبەر مووسا رایانگرت. کوڕەلاو بینی کە هەردوو دەستی پیاوەکەیان بەستۆتەوە. غولامی سەحرانشین بالای کەمێك لە بالای مووسا کورت تر بوو، بەڵام سنگی پان و ناوشانی بەرین بوو. لە ملییەوە تا سەر گوێزنگی هەردوو پێی، شوێنەواری شین و مۆر و خەت خەتی لێدان و فەلاقەکاری دەهاتە بەرچاو و دیار بوو بێ بەزەییانە لێیان دابوو. بەڵام بەرجەستەیی ماسوولکەکانی لە ژێر پێستی خەت خەت بووی بەدەنییەوە، بە باشی دەبینرا.

ملی ئەو لاوە ئەستوور دەهاتە بەچاو. وەکو ئەوە بوو کە هەردوو شان و سنگی، لە یەك پارچە گۆشتی گەورەوە پێچرابێتەوە. مووسا تێدەگەیشت کەسێك کە خاوەنی ئەو ماسوولکانە و ئەو ملە ئەستوورە بێ، پیاوێکی یەکجار بە هێزە. چاوەکانی غولامەکە بچووك و رەش و قژی سەریشی رەش بوو. ئەو وەکو هەندێك لە سەحرانشینانی رۆژهەڵاتی میسر لووتێکی کورتی هەبوو.

غولامی سەحرانشین وێرای ئەوەش کە جل و بەرگی شکۆمەندی مووسای دیت، بەڵام کاری تێنەکرد و بە چاوە رەش و بچووکەکانی کە دوو ئەبرۆی رەش و پڕ، سێبەری بە سەردا کردبوون لە مووسای دەڕوانی.

مووسا، لە قەڵافەتی ئەو کۆیلەیەوە تێگەیشت کە نابێ تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتر بێ و ریشی، وەکو ریشی ئەو لاوانە بوو کە تازە، مووی لێ دەهات، کورت و لێك بڵاو بوو.

لەشی ئەو پیاوە لاوە لە ملییەوە تا خوارەوە مووی پێوە نەبوو. جلوبەرگی تەنیا پارچەیەك پەڕۆ بوو کە بە بەر کەمەرییەوە دەبینرا. غولام، پاش ئەوەی کە چەند ساتێك لە مووسای روانی، رووی خۆی بۆ لای بازرگانی کۆیلەفرۆش وەرگێرا و بە نەفرەت و سووکایەتییەوە گوتی: ئەگەر ئەو کوڕە هاتووە من بکڕێ پێی بڵێ لە کڕینی من پەشیمان دەبێتەوە.

گوتوفار بە توندییەوە گوتی: ئەی پیاوی سەرەڕۆ، ئەو کەسەی کە تۆ دەیبینی کوڕی پاشای میسرە و گەورەترین بەختەوەریی کە لە هەموو ژیانی خۆتدا لەوانەیە بە نسیبی تۆ بێ، ئەوەیە کە ئەو تۆ بکڕێ.

غولام قاقا پێکەنی و گوتی: من نەگبەتی ژیانی ئەمڕۆم بەلاوە پەسندترە لەو بەختەوەرییە کە لە پاش کڕینی ئەوەوە بە نسیبم دەبێ.

مووسا بە وردییەوە لەو پیاوە سەحرانشینە وردبۆوە و هەستی کرد کە ئەو کۆیلە سەحرا نشینە، لەو بارەیەوە توندوتیژ و بێ ئەدەبە کە لە هەموو تەمەنیدا جگە لە توندوتیژی و بێ ئەدەبی هیچی دیکەی نەدیوە و لەوانەیە ئەگەر میهرەبانی ببینێ، خووی وی بگۆڕێ و لە گوتوفاری پرسی: ئەو پیاوە لە رابردوودا چی دەکرد؟

گوتوفار گوتی: ئەی شازادە، لەبەر ئەوەی کە تۆ گوتت خوازیاری غولامێکی سەحرانشینم کە لاو و تەندروست و ئازابێ، من ئەو پیاوەم بۆ هەڵبژاردووی و لە رابردودا، ئەم غولامە نەیتوانیوە لەسەر هیچ کارێك بمێنێتەوە، چونکە کەرەسەی کاری دەشکاند و غولامەکانی دیکەی والێدەکرد یاخی بن. بۆیە ئەمڕۆ، هیچ کارێکی تایبەتی نازانێ، بەڵام لە قەرەبووی ئەوەدا ئازایەتی تێدایە و لە جیهاندا شتێك نییە کە بتوانێ ئەو پیاوە بترسێنێ و کاتێك پرسیارێکی لێدەکەن، ئەگەر حەزی لە وەڵامدانەوەی بوو، وەڵام دەداتەوە و ئەگەر نا هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو والێبکا وەڵامبداتەوە، دارکاری کردنی ئەو پیاوە کاریگەری نییە و هەر دەڵێی لە دار و بەرد دەدەن.

مووسا پرسی: تەمەنی چەندە؟



بازرگانی کۆیلەفرۆش گوتی: من یەکجار ئەو پرسیارەم لێکردووە وەڵامینەداومەوە و چونکە دەمزانی پێداگریی بێهودەیە، ئیدی لە مبارەیەوە پرسیارێکم لەو نەکردووە. بەڵام پێموایە بەلای زۆرەوە تەمەنی لە بیستساڵیدایە.

مووسا پرسی: ناوی چییە؟

گوتوفار گوتی: ناوی ((نوون))ە.

مووسا گوتی: نوون ناوێکی میسرییە.

گوتوفار گوتی: ئەم پیاوە میسری نییە، بەڵکو لەو خەڵکانەیە کە لە بیابان دەژین و بەشێکیان لەو دیوی دەلتای نیلەوە دەژین.

مووسا رووی خۆی وەرگێڕایە لای پیاوە لاوەکە و گوتی: ئەی ((نوون)) ئایا دەتوانی ئەو ئەسپانە لێبخوڕی کە بەگالیسکەوە بەستراونەوە؟

غولام، پاش بیستنی ئەم پرسیارە بێدەنگ بوو و پاشان گوتی: ئایا دەتەوێ کە من گالیسکەی کەسێکی وەك تۆ لێبخوڕم؟

رەنگی روخساری مووسا بە بیستنی ئەم قسەیە داگیرسا و گوتی: ئایا دەزانی لەم وڵاتەدا، هەندێك کەس، لە سۆنگایی سووکایەتی لەوەش بچووکتر کە بە کوڕێکی پاشایان کردووە، گیانی خۆیان لە دەس داوە؟

غولام گوتی: من باکم لە مردن نییە و دەزانم ئەگەر ئەمڕۆش نەمرم سبەینێ دەمرم و ئەگەر بەیانیش گیان نەسپێرم دوو سبەی هەر دەمرم. هەر بۆیە پێت دەڵێم کە ئەگەر نزیکی من بووایەی تفم لەسەر و چاوت دەکرد.

گوتوفار لە بەرامبەر ئەو جنێوە، کە لەوەی یەکەمیان بە ئازارتر بوو بەراستی بە قیندا چوو. بەڵام نەك بەو هۆیە کە ئەو غولامە سووکایەتی بە کوڕی فیرعەون کردووە، بەڵکو بەو هۆیە کە بەو جنێودانە، کڕیارێکی باش، کە هەر ساڵێ یەکجار هاوتای بە دەس ناکەوێ، لەو دەڕەوێنێتەوە. ئەوە بوو هاواری کرد کرێکارانی بازاڕ بە دار و گۆپاڵ بێن و غولامی سەرەڕۆ تەمبێ بکەن.

کوڕەلاو بە مامەڵەچی گوت: واز لە تەمبێ کردنی نوون بێنە و من نامەوێ ئەو سزا بدرێ.

گوتوفار گوتی: من ناتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم پیاوێکی ئاوا پەست سووکایەتی بە کوڕی پاشا بکاو جنێو بدا. من یەقینم کە تا ئەمڕۆ کەس سووکایەتی بە کوڕی پاشا نەکردووە.

مووسا گوتی: وانییه له رابردوودا دوو جار سووکایەتیان پێکردووم و ئەوانەی سووکایەتی یان بە من کردووە لە برایانی من بوون و بە هەر حاڵ کەمن سووکایەتیم پێکراوە نامەوێ، ئەو پیاوە سزا بدرێ. تۆ دەڵێی چی؟

گوتوفار بێدەنگ بوو. مووسا رووی کردە غولام و گوتی: ئەی نوون، من مەرامم ئەوەیە بۆ جەنگ بڕۆمە سەرزەوینی کۆش و فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکانی سوپا کە بەرەو کۆش دەچێ بە ئەستۆی منەوەیە و من پێویستیم بە ئاژۆیەك هەیە کە گالیسکەی من لێبخوڕێ و بتوانێ بجەنگێ، ئایا تۆ ئامادەی لەگەڵ مندا بێیە کۆش و ببیە ئاژۆی گالیسکەکەی من؟

نوون بە چاوە رەش و بچووکەکانی ماوەیەك لە مووسای روانی و بێدەنگ بوو. مووسا گوتی: من ئەو غولامە دەکڕم، دەستەکانی بکەنەوە.

گوتوفار  کە لە بازاڕی کۆیلەفرۆشاندا کاری رواڵەت بازی بوو، شادی و غەم و سەرسوڕمانی ئەو، لە کاتی مامەڵەدا هەرگیز واقیعییەتی نەبوو. ئەو بۆ فریودانی کڕیار ساتێك خۆی بە شادمان و دەمێکی تر غەمبار و کاتێك خۆی بە حەپەساو پیشان دەدا. لەو ساتەدا ئەو هەر بەراستی سەری سوڕما، چونکە وای وێنا نەدەکرد کە پاش ئەو سووکایەتییە کە نوون بە کوڕی پاشای کرد، مووسا ئەو پیاوە بێ ئەدەب و نیوە کێوییە بکڕێ و بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ئایا سەروەری من ئەم غولامە دەکڕێ؟

مووسا گوتی: بەڵێ! گوتوفار سەرنجی دا کە مووسا ئەو غولامەی دەوێ. لە یەك تروکەدا حەپەسانی لە بەین چوو و غەریزەی سەودابازی وی بێداربۆوە و گوتی ئایا دەزانی نرخی ئەم غولامە چەندە؟

مووسا گوتی: نرخی ئەو هەر چەندێك بێ من بە رێگەی (( ستی مووسا )) سەرۆکی تاپۆی موڵکەکان پارەکەی دەدەم و بڕۆ نرخی نوون لە ستی مووسا وەربگرە.

بازرگانی کۆیلەفرۆش گوتی: زۆر باشە و هەر لەم لەحزەیەوە کۆیلەماڵی سەروەری گەورەیە.

مووسا گوتی: پێم گوتی دەستەکانی بکەوە.

گوتوفار گوتی: لەبەر ئەوەی ئەم غولامە موڵکی تۆیە تۆ خۆت دەستەکانی بکەوە.

مووسا بە توندوتیژییەوە گوتی: پێت دەڵێم دەستەکانی بکەوە.

گوتوفار بەرەو لای غولامەکە رۆیشت تا دەستەکانی بکاتەوە، بەڵام هەر کە نزیکی نوون بۆوە ئەو پیاوە ئاوی ناو دەمی بەسەروچاوی گوتوفاردا کرد.



کوتوفار بە جۆرێك لەو جنێوە تێکڕا بوو کە چەقۆی هەڵکێشا و ویستی هێرش بەرێتە سەر غولام و بیکوژێ، بەڵام مووسا هاوای کرد: دەستت راگرە، چونکە ئەو  غولامە ماڵی منە ئەگەر تۆ ئەو بکوژی منیش تۆ دەکوژمەوە.

گوتوفار کاتێك ئەم قسەیەی گوێ لێبوو، ناچار بوو چەقۆکەی بخاتەوە جێگای خۆی و بە یەکێك لە خزمەتگوزارانی بازاڕی کۆیلەفرۆشانی گوت کە بڕوا دەستی نوون بکاتەوە. ئەو پیاوە لە غولامەکە نزیك بۆوە و دەستەکانی کردەوە.

هەر کە دەستەکانی نوون کرانەوە، سەرەڕای ئەوە کە قاچەکانی بەسترابوونەوە، وەك شێرێك کە بەرەو نێچیری خۆی هەڵمەت دەبا لە خۆی نووسا و بەرەو کوتوفار شاڵاوی هێنا و بە هەمان حاڵەوە هەردوو دەستی لە ملی بازرگانی کۆیلەفرۆش توونددۆ کرد.

گوتوفار لە ئاکامی زەربەی بە هێزی نوون کەوتە سەر زەوی. هاوار لە خزمەتگوزارانی بازاڕی کۆیلەفرۆشان بەرزبۆوە و لە ئاکامی هاواری ئەواندا، هەموو ئەو کەسانەی کە لەو بازاڕە سەر گەرمی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بوون روویان بەرەو ئەو جێیە وەرگێڕا.

پێش ئەوەی خزمەتگوزارانی بازاڕ خۆیان بگەیەننە گوتوفار  و لە دەستی نوون رزگاری بکەن، مووسا خۆی گەیاندە ئەو. نوون بە جۆرێك بەو دوو دەستە بە هێزەی گەرووی گوتوفاری رادەگوشی کە روخساری بازرگانی کۆیلەفرۆش رەش هەڵگەڕابوو.

مووسا لە نوون نزیك بۆوە و بە دەستێك بازووی ئەو و بە دەستەکەی تری گەرووی ئەوی گرت و بە شێوەیەك رایتەکاند کە هەناسە لە سنگی نووندا گیر بوو و هەر دوو دەستی لە دەوری ملی گوتوفار کرانەوە. ئینجا مووسا دەستی لە گەرووی نوون گیرکرد، بەڵام بازووی هێشتا هەر بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو و ئەوی بە جۆرێك راوەشاند کە نوون راست بۆوە و بەسەر پێوە راوەستا.

خزمەتگوزارانی بازاڕی کۆیلەفرۆشان بە شمشێر و نێزەو دارەوە هاتن بۆ ئەوەی غولامی سەرەڕۆ تەمبێ بکەن. بەڵام مووسا بەربەستی لە سزادانی نوون کردو گوتی: ئەم غولامە ماڵی منە کەس مافی ئەوەی نییە کە ئەو تەمبێ بکا و تەنیا من تەمبێی دەکەم.

خزمەتگوزارانی بازاڕی کۆیلەفرۆشان کە بینیان ناتوانن نوون سزا بدەن، گوتوفاریان، کە هێشتا رەنگی روخساری رەش هەڵگەڕا بوو، لە سەر زەوی بەرزکردەوە و بە سەر پێ یانەوە راگرت تا بتوانێ بە ئاسانی هەناسە بدات. لەو کاتەدا، کڕیاران و فرۆشیارانی بازاڕ و ژمارەیەك لە کارگەرانی ئەوێ، لە دەوروبەری مووسا و نوون ئاپۆرایەکیان پێکهێنابوو.

نوون، لە حاڵێکدا کە هەردوو قاچیان بە گوریس بە ستبۆوە، بەڵام نەشیدەتوانی بەڕێگادا بڕوا لە بەرامبەر مووسا راوەستا و بە چاو تێ بڕینەوە تەماشای مووسای دەکرد و مووساش هەروەکو رام کەرانی گیانلەبەرانی دڕندە چاوی لەو پیاوە هەڵنەدەگرت.

نوون پاش ئەوە کە لە مووسای روانی هەر بە هەمان شێوە کە بەرەو گوتوفار هورژمی برد، بەرەو مووسا خۆی هەڵدا و هەردوو دەستی خۆی ئاوەڵاکردەوە تا قوڕگی کوڕەلاو بگرێ و را بیگۆشێ و بیخنکێنێ، بەڵام مووسا لە نوون باڵا بەرزتر بوو، لە وەش بترازێ پێشبینی دەکرد کە ئەو پیاوە لەوانەیە پەلاماری بۆ بێنێ و پێش ئەوەی کە نوون بتوانێ خۆی بگەیەنێتە ئەو، مووسا دەستی راستی خۆی لە لای چەپەوە بەرەو راست راوەشاند و مستی ئەو، لە حاڵێکدا کە لە لای چەپەوە بەرەو لای راست دەهات، لە دەم و چاوی نوونیدا.

ئەو زەربەیە ئەوەندە بە هێز بوو کە هورژمی غولامی راگرت و چونکە مستی مووسا لە لووت و دەمی نوونی دابوو، خوێن لە لووت و دەمییەوە دەرچوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوە، کە لە رووی هێزو قینەوە وەك گیانلەبەرانی دڕندە دەچوو، دیسانەوە هورژمی هێنایەوە.

ئەمجارەیان مووسا دەستێکی ئەوی گرت و بە شێوەیەك بای دا کە نوون لە تین و تاوی ئازار ناچار بوو پشت لە مووسا بکا و دوای ئەوە مووسا ئەوی فڕیدایە ئەو لاوە و نوون بە سەردەمدا کەوت. تا چەند ساتێك، غولام لە جێی خۆی تەکانی نەدا و پاشان وەرسوڕایە  سەرپشت و رووی کەوتە ئاسمان و چاوەکانی لە مووسا بڕی. بەڵام لەوکاتەدا لە جیاتی رق، لە نیگای ئەو پیاوەدا، شوێنەواری رێز گرتن ئاشکرا بوو و بە زمانی حاڵ بە مووسای گوت تۆ لە رووی هێز و چاپووکییەوە لە من باڵاتری.

کەسانێك کە لە دەوروبەری مووسا و نوون بوون، بە یەکجار بۆ ستایش و ئافەرینی مووسا دەستیان بە هەڵهەلە لێدان کرد.

دابی میسریان وابوو کە کاتی هەڵهەلە کردن هاواریان دەکرد هو هو هو هو.... ئەوان بەو هۆیەوە ئافەرین و ستایشیان بۆ مووسا دەکرد کە بینیان ئەو لاوە بەبێ پەنا بردنە بەر شمشێر و چەقۆ، یان بێ یارمەتی خزمەتگوزارانی بازاڕی کۆیلەفرۆشان، لەگەڵ کۆیلەیەکی لاو و بە هێز و رق داگرتوو، کە وەك شێری ئەفەریقا ترسناکە، نەبەردی کرد و بە سەریدا زاڵ بوو.

رەگەزی مرۆڤ لە هەموو سەردەمانێکدا، بە چاوی رێزەوە تەماشای پیاوێکیان دەکرد کە لە زۆرانبازی پاڵەوانیدا بەسەر خەنیمەکەیدا زاڵ دەبوو. ئەمڕۆش رەگەزی مرۆڤ، بە چاوی رێزەوە



سەیری پاڵەوانانی وەرزش کار دەکەن. لە کاتێکدا کە لەم سەردەمەدا هێزی بەدەن وەکو کۆن لە ژیانی کەسەکاندا لە رووی دابینکردنی ژیان و بە دەسهێنانی پێگەوە، کاریگەری نییە.

هۆکاری ئەوەی کە لە رابردوو ئێستاشدا خەڵك رێزیان بۆ پاڵەوانان و قارەمانانی وەرزش هەبووە و هەیە، ئەوەیە کە پاڵەوانانی رابردوو و قارەمانی وەرزشکاری ئەمڕۆ، لە زۆرانبازیدا سەرکەوتوو نابێ، ئەگەر زەحمەتی نەکێشابێ. هێزی ئەو لەو ململانێیەدا، پاداشتی زەحمەتکێشانەکانییەتی. پاڵەوانێك کە زەحمەتی نەکێشابێ و کاری نەکردبێ، مەحاڵە بتوانێ لە ململانێدا سەرکەوتوو بێ و ئەگەر سەرکەوتوو بوو ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە لە رابردوودا زەحمەتی کێشاوە و رەنجی داوە و لە ئەنجامدا، لە مەیدانی زۆرانبازیدا پاداشتی زەحمەتی خۆی وەردەگرێ، پەیوەست بوون بەم و بەو و بەهرەمەندبوون لە پاڵپشتی ئەم و ئەو، کەس لە مەیدانی زۆرانبازی و پاڵەوانیدا سەرکەوتوو ناکا. لەو مەیدانەدا، ئەسڵ و رەچەڵەك، کەسایەتی باوك و دایك، هەبوونی سامان و پلە کاریگەری نییە و تەنیا یەك شت کاریگەری هەیە ئەویش زەحمەتکێشانی رابردووە بۆ بە دەسهێنانی هێز و فێربوونی هونەرەکانی پاڵەوانێتی.

خەڵکی کۆن لەم بنەمایە دەگەیشتن و خەڵکی ئەمڕۆش، کە بە ئۆتۆمبێل و فرۆکە رێگەی خۆیان تەی دەکەن، تێدەگەن و دەزانن کە کاتێك پاڵەوانێك، لە مەیدانی ئۆلۆمپیاد، سەرکەوتن بەدەس دەهێنێ ئەوە پاداشی زەحمەتی درێژ و رەنجی چەندین ساڵەی خۆی وەردەگرێ. پلەیەکی کە بە دەستی هێناوە، پلەیەك نییە کە بە پەنا بردن بۆ ئەم و ئەو و راسپاردەی فلان و فیسار و پابەند بوون  بە فیسار دەستە و یەکێتی، بە دەست هاتبێ. بە هەمان بەڵگە، ئەو شایانی بە دەسهێنانی ئەو پلەیەیە لە بەر ئەوەی لێهاتووە. بۆیە تەنانەت کە لەم سەردەمەدا کە ئیدی هێزی بەدەنی و هونەری پاڵەوانیی لە ژیانی مادی تاکەکاندا کاریگەری نییە، خەڵك قارەمانانی وەرزش ستایش دەکەن.

ئەو رۆژە کە مووسا چووە ناو بازاڕی کۆیلە فرۆشانەوە، سەرەڕای ئەوە کە هەمووان دەیانزانی کە ئەو کوڕی پاشایە، هیچ کەسێك هەڵهەلەی بۆ لێنەدا. بەڵام کاتێك بەبێ چەك و بێ پەنا بردن بۆ کەسانی دیکە بەسەر نووندا زاڵبوو، هەڵهەلەیان بۆ لێدا. چونکە، مووسا لێهاتوویی خۆی سەلماند.

سەرەڕای ئەوە کە هەمووان هەڵهەلەیان لێدا، کوڕەلاو ئازاری دەچێشت. چونکە هەستیکرد زۆرانبازی ئەو لەگەڵ ئەو غولامە، زۆرانبازییەکی ئاسایی ( وەکو زۆرانبازی براکەی خۆی ) نەبووە، لەبەر ئەوەی کاتێك کە ئەو زۆرانبازی لەگەڵ نووندا کرد دوو پێی ئەو بەسترابوونەوە و

غولامەکە لە جوولاّنەوەکانیدا سەربەست نەبوو و نەیدەتوانی بە ئازادی لەلایەکەوە بۆ لایەکەی دیکەی بچێ. لەوەش بترازێ، ئەو شەوی پێشوو نانی خوارد بوو لە حالێکدا کە کۆیلەی بەدبەخت بە برسێتی خەوتبوو چونکە مامەڵەچیان، شەوانە خواردن نادەنە کۆیلەکان و لە نێوان کەسێك کە شەو خواردنی خواردووە و بەسکی تێرەوە خەوتووە، جیاوازی هەیە لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا کە شەوی بەبرسێتی رۆژ کردۆتەوە و لە شەکەتی برسێتیدا نەیتوانیوە بخەوێ و هیلاکی لە لەشی خۆی دەربکا.

مووسا تەنانەت لە ناخی خۆیدا، لەوەی کە نوونی بە زەویدا داداوە و روخساری بریندار کردووە، غەمبار بوو. کاتێك نوون بەسەر روودا کەوت دووبارە روخساری بریندار بوو و خوێنی لێهات.

مووسا بە بینینی خوێنی ئەو غولامە بەڕادەیەك نیگەران بوو  کە لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان کارێکی کرد کە تا ئەو کاتە لە وڵاتی میسر، نەکەس دیتبووی و نەکەس بیستبووی. ئەویش ئەوە بوو جلی خۆی کە لە قوماشی کەتانی تەنکی میسری بوو، لە لەشی خۆی کردەوە و لە غولام نزیك بۆوە و لە پەنای ئەودا ئەژنوی دادا و بەو قوماشە کەتانە ناسکە، خوێنی روخساری سڕییەوە.

ئەوانەی کە لە دەوروبەری مووسا و نوون ئاپۆڕایان بەستبوو، بە جۆرێك بێدەنگ ببوون کە دەتگوت تەنانەت هەناسەش هەڵناکێشن. چونکە ئەوان شتێکیان دەبینی کە ئەقڵی ئەوان نەیدەتوانی باوەڕ بکا.

ئەوان تەماشایان دەکرد کە فیرعەون زادەیەك بە جلەکانی خۆی، خوێنی روخساری غولامێك، ئەویش چی! غولامێك کە هێرشی بۆ هێنا بوو و دەیویست کە بیکوژێ، پاك بکاتەوە و لەبەر تین و تاوی حەپەسانیان، هیچ کەس نەیدەتوانی شتێك بەوی دیکە بڵێ.

هەر ئاوا کە چەند دەقیقەیەك پێشتر کە هەڵهەلەیان بۆ مووسا لێدەدا و ستایشی ئەویان دەکرد بە بێدەنگی خۆیان رەفتاری ئەویان سەرکۆنە دەکرد. لەو ئاپۆڕایەدا کە وەکو بازنەیەك بە دەوری مووسا و نووندا راوەستا بوون، تەنانەت یەك نەفەریش، کە رەفتاری مووسا لە بەرامبەر ئەو کۆیلەیەدا بە راست لە قەڵەم بدا، بوونی نەبوو.

کەس نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکا کە رەفتاری مووسا لە بەرامبەر ئەو غولامە و پاك کردنەوەی خوێن لە روخساری وی، بە جلی کەتان، لە بەزەیی و لاوچاکییەوە سەرچاوەی گرتووە. هەمووان ئەو رەفتارەیان بە کارێکی ناپەسند دەزانی کە لەگەڵ شانی کوڕی فیرعەوندا نەدەهاتەوە



یەك و هەندێکیش وایان بیردەکردەوە کەسێك کە شێت نەبووبێ، وەکو دایکێك کە خوێن لە روخساری منداڵەکەی پاك دەکاتەوە، خوێنی لە روخساری ئەو غولامە پاك نەدەکردەوە.

پاش ئەوە کە خوێنی روخساری نوون پاك بۆوە، کورەلاو بە گوتوفاری گوت: هەر دوو پێی غولامی من بکەوە.

بازرگانی کۆیلەفرۆش گوتی: ئەی گەورە، لەو کارە وریابە!

مووسا گوتی: ئەو کۆیلەی منە و ئیدی غولامی تۆ نییە، من پێت دەڵێم پێکانی بکەوە.

گوتوفار بە یەکێك لە خزمەتکارانی بازاڕەکەی گوت کە بڕوا پێی غولامەکە بکاتەوە. ئەو، بە ترس و لەرزەوە لە غولامەکە، کە هەر وا لەسەر پشت لەسەر زەوی کەوتبوو، نزیك بۆوە چونکە دەترسا نوون یەك تەکان لە جێی خۆی راست بێتەوە و پەلاماری بدا. بەڵام نوون لەجێی خۆی نەجوولاّ و پاشان کە پێیەکانیشیان کردەوە دیسانەوە لە جێی خۆی هەڵنەستا.

مووسا کە تا ئەو دەمە لە جێی خۆی لە پەنا غولامەکە دانیشتبوو لە جێی خۆی هەستایە سەرپێ و بە نوونی گوت: هەستە سەرپێ و لەگەڵ من وەرە.

لەو دەمەدا ئەو کەسانەی سەیری ئەو دیمەنەیان دەکرد بینیان نوون بە رووی لاوەکە پێکەنی و لە جێی خۆی هەستایە سەر پێ و بە دوای مووسا دا ملی رێگای گرتە بەر.

مووسا ئەوی بردە ماڵەکەی خۆی و گوتی لەشی بشۆن و قژی سەری شانە بکەن و جلی نوێی لەبەر بکەن و پێڵاوی لە پێ بکەن.

ئینجا ئەوی بردە ژۆرێك و گوتی: نوون، تا ئەو رۆژەی من لەم شارە (مانای لە شاری تانیس)م، ئێرە ماڵی تۆ دەبێ. هەموو ئەو کاتانەی کە من کارم پێت نییە، تۆ دەتوانی ئەلێرە بحەسێیتەوە و رۆژی سێ جار خواردنت دەدەنێ، جارێك بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستی و جارێك نیوەڕۆ و سێیەمیان کاتی شەو. هەر جارەش ئەوەندەت دەدەنێ کە تۆ تێر بخۆی. هەر بە فەرمانی مووسا کەمەربەندێکی پان و ئەستووریشیان دا بە نوون تا پاش رۆیشتن بۆ کۆش بتوانێ چەکی خۆی پێوە هەڵبوواسێ.

کاتێك شەو داهات و خواردنیان دا بە  نوون و ئەو تێر بوو، بە مووسایان گوت وا باشترە کە دەرگای ژوورەکەی نوون قفڵ بدەن تا ئەو نەتوانێ رابکا یاخود کاتی شەو بیەوێ نیازێکی خراپ بنوێنێ. بەڵام مووسا رەزامەندی لەسەر ئەو پێشنیارە نەدا و دەرگای ژوورەکەی نوون ئاوەڵا مایەوە.

کاتێك بەیان ئەنگوت، مووسا لە ژوورەکەی خۆیەوە چووە ژوورەکەی نوون تا بزانێ غولامەکەی چ دەکا و ئەو بینی کە نوون خەوتووە و ڕۆشنایی مانگ ڕوخساری ڕووناك کردبۆوە.

ئەو ڕۆژە کە مووسا ویستی لە ماڵ بڕواتە دەرەوە، نوونی لەگەڵ خۆیدا برد تا بخرێتە ژێر پەروەردەوە و لە بارەی لێخوڕینی گالیسکەوە شارەزایی پەیدا بکا. کاتێك گەیشتنە مەیدانێك کە ئاخوڕگەی گەورەی ئەسپەکانی پاشای لێبوو، ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو لەگەڵ ژمارەیەك لە خاوەن پلەکان قسەی دەکرد، بەرەو لای مووسا هات و پێی گوت ئەی شازادە، بە غولامی خۆت، کە دوێنی کڕیوتە بڵێ کە بەرەو لای ئاخوڕگە بڕوا، چونکە من دەمەوێ لەگەڵ تۆدا قسە بکەم.

مووسا بە غولامی خۆی گوت کە بەرەو ئاخوڕگە بڕوا. نوون بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەك داوا بکا دوورکەوتەوە. ستی کف پاش ئەوەی کە غولامەکە دوورکەوتەوە گوتی: تۆ کوڕی پاشای و لە وەچەی خوایانی و من لادێییەکم و لە وەچەی لادێییانم. بەڵام بە ئازایەتی و جیدی بوونی خۆم توانیومە خۆم بگەیەنمە ئەم پلەیە کە ئەمڕۆ هەمە. بۆ پیاوێکی وەکو من، کە لادێی زادەم، جوان نییە پیاوێکی وەکو تۆ کە فیرعەون زادەی، دەرس دابدا. بەڵام لەبەر ئەوەی کە تۆ ڕەزامەندیت داوە کە هونەری لێخوڕینی گالیسکە و بەڕێوەبردنی سوپای گالیسکە سواران و جەنگ بە گالیسکە فێر ببی، حەتمەن ڕەزامەندی دەدەی کە من دەرسێك بە تۆ بڵێم.

مووسا پرسی: ئەو دەرسەی تۆ چییە؟

ستی کف گوتی: دوێنێ کاتێك کە تۆ لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان بووی من لەوێ ئامادە نەبووم، بەڵام ڕووداوەکانی کە دوێنێ لەوێ هاتوونە پێش، بیستەوە و زانیم کە تۆ بە چ هێز و بازوو و گورج و گۆڵییەوە غولامێکی ڕقداگرتووت ملکەچ کردووە. پاش ئەوەش کە بە سەریدا زاڵ بووی و بەزەویت داداوە، جلی خۆت داناوە تا بتوانی بە جلەکانی خۆت خوێنی ڕوخساری پاك بکەیەوە. تەواوی ئەو کەسانەی کە لەو بازاڕەدا بوون، لەو هەڵسوکەوتەی تۆ واقیان وڕما بوو، هەندێکیان وایان وێنا دەکرد کە تۆ شێت بووی.

مووسا پرسی: مەبەستی تۆ لەم پێشەکییە چییە؟

ستی کف گوتی: تۆ بە پیشاندانی خۆشەویستی بەرامبەر بەو غولامە، توانیت شێرێکی کە هاوشێوەکانی لە بێشەکانی باشووری سەرزەوینی کۆش هەیە، ڕام بکەی. لێرە بەدواوە ئەم گیانلەبەرە دڕندەیە دەرهەقی تۆ وەکو مەڕێکی لێهاتووە و من بینیم هەر کە تۆ پێت گوت بەرەو ئاخوڕگە بڕوا، بێ چەند و چوون، فەرمانی تۆی جێبەجێکرد و بەرەو ئاخوڕگە ڕۆیشت. بەڵام وا



وێنا نەکەی کە لەمەیدانی جەنگیشدا لەگەڵ سەربازانی دوژمنیشدا دەتوانی بە هەمان شێوە ڕەفتار بکەی.

مووسا گوتی: دیسان مەبەستی تۆ تێنەگەیشتم.

ستی کف گوتی: مەبەستم ئەوەیە کە پێت بڵێم پاش ئەوەی کە ئێمە پێ دەنێینە سەرزەوینی کۆش و دەستمان بە شەڕ کرد، وا وێنا نەکەی کە بە هۆی پیشاندانی خۆشەویستی لە بەرامبەر سەربازانی دوژمن، بتوانی ئەوان وەك غولامی خۆت، ڕام بکەی. مەیدانی نەبەرد جێیەکە کە میهرەبانی و پاککردنەوی خوێن لە ڕوخسار، کاریگەرییەکی نییە. لەوێ، تۆ هەر کە دەستت بە دوژمن ڕاگەیشت دەبێ بیکوژی ئەگەرنا، ئەو تۆ دەکوژێ. چونکە مەیدانی جەنگ، کۆشتارگایەکە و لەوێ نەرم و نیانی کاریگەری نییە.

ستی کف درێژەی بە قسەکانیدا: لە ڕۆژێکەوە کە جەنگ هاتۆتە ئاراوە، بەردەوام کوشتارگە بووە و پاش ئەوەش، تا ئەو ڕۆژە کە جەنگ بوونی هەیە هەر کوشتارگە دەبێ. لە جیهاندا ڕۆژێك دانایە کە جەنگ لە بەین بچێ و تا ڕۆژێك کە تیرەی بنیادەم هەیە، جەنگیش هەر دەمێنێ !

ئینجا ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو گوتی: مرۆڤ یان نابێ بەرەو جەنگ بچێ یان ئەگەر هاتوو بەرەو جەنگ چوو دەبێ بە باشی بجەنگێ، چونکە کەسێك بە باشی نە جەنگێ لە مەیداندا شکست دەهێنێ و کەسێك کە لە مەیدانی جەنگ شکست بهێنێ لەبەر چاوی پاشا دەکەوێ و ئیدی کاری جەنگیی بەو ناسپێرێ و لەوەو پاش دەبێ خۆی و منداڵەکانی بە برسێتی بمێننەوە.

لەم وڵاتەدا دوو چین هەیە، یەکێکیان چینی سەرەوە و ئەوی دیکەیان چینی خوارەوە. دیارە کەسێکی وەك تۆ کە لە منداڵییەوە ژیانت لە کۆشکی پاشایەتیدا بە سەر بردووە، لەم ڕێسایە بە دەری، بەڵام کەسانی دیکە تەنیا دوو چینن و لە وڵاتی میسردا، ئەگەر کەسێك نەتوانێ لە چینی سەرەوە بژی، دەبێ لە چینی خوارەوە ژیان بەسەر بەرێ. جا ئەو یان دەبێ کۆیلە بێ یان وەرزێر بێ کە ئەویش لەم وڵاتەدا جیاوازییەکی لەگەڵ کۆیلەتیدا نییە.

لە چینی سەرەوە سێ دەستە دەژین: یەکەم کاهینان، دووەم بەڕێوەبەران و سێیەم سەربازان. کاهین و بەڕێوەبەر دەبێ بتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ. ئەگەر مرۆڤ توانای خوێندنەوە و نووسینی هەبێ باشترین کار، بۆ ئەو، ئەوەیە کە ببێتە کاهین، چونکە دەتوانێ هەر چەندێك کە بیەوێ کەڵك لە تەرخانکراوەکانی پەرستگاکان وەربگرێ و هیچ کەسێکیش داوای حساب لەوناکا، لەبەر ئەوەی خۆی بە نوێنەری خوایان لە سەر زەوی دەزانێ. خەڵك باوەڕیان وایە کە هەر چەندە ئەو کەڵك وەربگرێ بۆ خواکان دەگەڕێتەوە.

ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی ببێتە کاهین، دەبێ ببێتە بەرێوەبەر. کاری بەرێوەبەریش کارێکی باشە و داهاتێکی زۆریشی هەیە، چونکە بەرێوەبەر دەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ و کەسانێك کە خوێندەوارییان هەیە، هەموو خەڵك پێویستی پێیانە.

پاشا، لە هەمووان زیاتر، پێویستی بە کەسانێکە کە توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەیە و ئەوان بە پلەی سەرپەشتیار و باجگر، بۆ بەشە جیاجیاکانی وڵات دەنێرێ و هەر سەرپەشتیار و باجگرێك لە بوواری راسپێرییەکەی خۆیدا فیرعەونێك هەندێك لەوانە وەکو (ستی مووسا) سەرۆکی باجی تاپۆی موڵکایەتی، دەبن بە خاوەن کاروباری گەورە و هەرچی بیانەوێ دەبێتە ماڵی ئەوان.

من چونکە نەمدەزانی بخوێنمەوە و بنووسم، لە هەمانکاتدا حەزیشم دەکرد ببم بە بەشێك لە چینی سەرەوە، پیشەی سەربازیم گرتە بەر و کەسێك کە دەیەوێ لەم پیشەیەدا کە من هەمە بچێتە پێشەوە، نابێ تەوەزەل بێ، ئەگەرنا لەم پیشەیەدا ناگاتە شوێنێك؟ لە کاری دوێنێی تۆ لە ناو بازاڕی کۆیلەفرۆشان کە بەر گوێی من کەوتەوە، وا دەردەکەوێ کە تۆ پیاوێکی تەوەزەل نیت، چونکە ئەگەر تەوەزەل بای نەتدەتوانی بەسەر ئەو غولامەدا کە وەك گیانلەبەرێکی دڕندە بوو، زاڵ ببی و ئارامی بکەیەوە. بەڵام تۆ لە بەشی گالیسکە ئاژۆیاندا تازەکاری و دەبێ پەی بە نهێنییەکانی گالیسکە لێخوڕین ببەی. بە منیان گوت کە دوو رۆژ پێش لە میوان خانەیەك کە ئەفسەران و سەبازان لەوێ کۆ دەبنەوە، تۆیان لەگەڵ هتپ رە فەرماندەی پێشووی بەشی گالیسکە جەنگییەکان، کە ئێستا لە ژێر دەستی تۆدا کاردەکا، دیتوە. لە قسەکانی ئەو لەگەڵ تۆدا زانیویانە کە گفتوگۆکانتان گەرم بوون.

من بە دووری نازانم هتپ رە ئامادەبێ هەموو ئەو شتانەی کە لە گالیسکە لێخوڕین و جەنگ بەگالیسکە دەیزانێ فێری تۆی بکا، لەوانەشە لەمبارەیەوە مامەڵەیەکی لەگەڵ تۆدا کردبێ چونکە هتپ رە پیاوێکە حسابی بەرژەوەندی خۆی دەکا. هتپ رە لە کاروباری پەیوەند بە گالیسکە لێخوڕین و جەنگ بە گالیسکە شارەزایە، بەڵام دیارنییە تەماعی ئەو سنوورێکی دیاریکراوی هەبێ.

مووسا گوتی: ئەو پەیمانیداوە کە لێخوڕین و جەنگ بە گالیسکە فێری من بکاو منیش پەیمانم داوە کە هەقی زەحمەتی ئەو بدەم.

ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانە کراو گوتی: زۆر باشە، ئێستا کە ئاخاوتنی من تەواو بوو، بە ئەنجامەکەی دەگەین و ئاخاوتنی من بۆ گەیشتن بەو ئەنجامە بوو.



مووسا پرسی: ئەنجامی ئاخاوتنی تۆ چی بوو؟

ستی کف وەڵامیدایەوە: ئەی شازادە، ئایا حەز دەکەی کە بەڕاستی بجەنگی و بەڕاستی فەرماندە بی و لە مەیدانی نەبەردا کەسانێتر رابەری بکەی؟

مووسا گوتی: فیرعەون هەر بۆ ئەوە منی خستۆتە ناو سوپاوە و فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکانی بە من سپاردوە.

ستی کف گوتی: من دەزانم کە پاشا بەو هۆیەوە فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکانی بە تۆ سپاردووە کە تۆ لە پایتەخت و تەنانەت لە میسر، دووربخاتەوە و مەبەستی ئەوە نەبووە کە تۆ بجەنگی.

مووسا پرسی: ئایا تۆ پێت وانییە کە من بتوانم بجەنگم؟

ستی کف گوتی: من گومانم نییە کە تۆ ئازایەتیت تێدایە و ئەگەر ئازایەتیت تێدا نەبووایە، دوێنێ نەتدەتوانی لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان بەبێ چەك، پیاوێکی دڕندە و بە هێز لە پەل و پۆ بخەی و رامی بکەی. بەڵام پاش ئەوە کە ئەوت بەزەوی داداوە کارێکی سەرسام هێنەرت کردووە کە لەگەڵ پیاوێکی جەنگییدا ناساز بووە. تۆ جلی خۆت داناوە و روخساری ئەو پیاوەت پاك کردۆتەوە و لە مەیدانی جەنگدا، ناتوانی ئەو کارە بکەی. ئەگەر تۆ جلی خۆت دابنێیی بۆ ئەوەی خوێنی روخساری دوژمن پاك بکەیەوە تۆ دەکوژن.

لە مەیدانی جەنگدا، سەرباز، سەرەڕای بوونی ئازایەتی، دەبێ بێ بەزەیی بێ. تۆ، دەرهەق بە کەسانێك کە لە پەل و پۆ دەکەون، دەبێ گالیسکەکەی خۆت بەسەر رووی ئەواندا لێبخوڕی و تێپەڕی، ئەگەر نا ناتوانی پێشبکەوی. جەنگ و بەزەیی پێکەوە لەیەك جێدا کۆ نابنەوە. سەربازێك کە لە مەیدانی جەنگ خاوەنی بەزەیی بێ، سەری بە جێگایەك ناگا.

دوای ئەوە ستی کف گوتی: لەوە زیاتر من قسەت لەگەڵ ناکەم، چونکە دەزانم هاتووی تا غولامی خۆت فێری لێخوڕینی گالیسکە بکەی و ئەگەر زیاتر لەگەڵ تۆدا قسە بکەم، لە کاری خۆت دوا دەکەوی و منیش دەبێ بڕۆم و کارەکانی خۆم بەسەر بکەمەوە.

-١١-

## بەرەو باشوور

دە هەزار سەربازی پیادە، لە سەربازانی سوپای ڕەوانەکراوی میسر لە ((کەرنەك)) کە کەوتۆتە سەرووی میسرەوە. کۆ ببوونەوە.

سوپای میسر بەسەریەکەی سەد نەفەریدا دابەش دەبوو و هەر یەکەیەکی سەد نەفەریش بە ناوی (هوست)ەوە دەناسرا.

ژمارەی ئەو سەربازانەی کە لە ناو یەك هوستدا خزمەتیان دەکرد، جاری وابوو دەگەیشتە دووسەد هەتا سێ سەد سەربازیش. بەڵام لە سەد سەربازیش کەمتر نەدەبوو و هەر هوستێك یەك فەرماندەی هەبوو و فەرماندەی ((هوست))ەکانیش لە ژێر فەرمانی فەرماندەی گشتی سوپادا بوون.

لەبەر ئەوەی لە نێوان میسری سەروو و میسری خواروو، مەودایەکی درێژ هەبوو، وا ڕێك دەکەوت ڕەشپێستانی سەرزەوینی کۆش، یان جەنگاوەرانی دانیشتووی لیبیا، هێرشیان دەبردە سەر میسری سەروو. دەبووایە سوپایەك لەوێ بێ تابتوانێ هێرشی ڕەشپێستانی کۆش یان جەنگاوەرانی لیبیا بەربەست بکا. ئەوە بوو لە میسری سەروو موڵکدارانێك هەبوون کە زەوی و زاری بەرفراوانیان هەبوو و ئەوانە بۆ جڵەوگیریی لە هێرشی ڕەشپێستانی کۆش یا جەنگاوەرانی لیبیا. خۆیان سوپایان ڕێکدەخست.

لەبەر ئەوەی فیرعەون دەیزانی ئەوانە پاسی سنوور دەکەن، نارەزایەتی لەوە نەدەگرت کە سوپایان ڕێکدەخست. بەڵام چاودێری دەکردن نەوەکو ڕۆژێك بکەونە سەرباری ئەوەی هێرش بۆ سەر خودی میسر بهێنن. بەڵام موڵکدارانی گەورەی میسری سەروو، لە دەمێکدا دەسپێشکەرییان بۆ ڕێکخستنی سوپا دەکرد کە خۆیان لەبەردەم مەترسی ڕەشپێستان یا جەنگاوەرانی لیبیا بدیبایە. جگە لەو حاڵەتانە لە پێکەوەنانی سوپا خۆیان دەبووارد.



لەوەدەمەدا کە فیرعەون دەیویست سوپایەك بۆ شەڕ بۆ کۆش ڕەوانە بکا، هیچ کام لە موڵکدارانی میسری سەروو لە بەردەم مەترسیدا نەبوون تاکو سوپا پێکەوە بنێن.

لەو دەهەزار سەربازەی کە لە ((کەرنەك)) کۆببوونەوە، سێ هەزار و پێنج سەد نەفەر لەوانە سەربازی بەکرێگیراوی بیانی بوون کە هاتبوونە ناو سوپای میسرەوە.

ئەمڕۆ خەڵك لە هەموو وڵاتاندا سوپای میللی دەبینن و سەربازانی سوپا، ڕۆڵەکانی هەمان ئەو وڵاتانەن. ناونیشانی سەربازی بەکرێگیراوی بیانی سەرسووڕمان لەلای خەڵکەکە پێکدەهێنێ، بەڵام لە کۆندا نەهەر تەنیا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا سەربازانی کرێگرتەی بیانی هەبوون، بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژئاواشدا سەربازانی کرێگرتەی بیانی دەچوونە ناو سوپا خۆجێییەکان و خزمەتیان دەکرد.

فیرعەون بە دوو هۆکار سەربازانی کرێگرتەی بیانی، کە کاریان ئەوە بوو هەر کەسێك مووچەیان بداتێ شەڕی بۆ بکەن، دێنایە ناو سوپای خۆیەوە. یەکەمیان لە هەندێك لەوەرزەکانی ساڵدا فیرعەون نەیدەتوانی وەرزێرانی میسری بۆ سەربازی بەکرێ بگرێ، چونکە ئەگەر ئەوانی بەکرێ بگرتبایە و هێنابانی بۆ ناو سوپا، زەوی دانەدەچێنرا و بەروبووم ڕەنێو نەدەهات. چاندنی دانەوێڵە لە میسر بۆ خەڵکی میسر ڕوویەکی ژیانداری هەبوو، بە تایبەتی لەو ساڵانەدا کە ئاوی ڕووباری نیل زۆر بوو. لەو ساڵانەدا فیرعەون تەنانەت یەك جووتیاریشی بۆ خزمەتی سەربازی بە کرێ نەدەگرت.

ئاوی شەتی نیل ئاستێکی جێگیری نەبوو، هەندێك ساڵ کەم دەبوو هەندێك ساڵ زۆر دەبوو. سوڵتانەکانی میسر لەو ساڵانەدا کە ئاوی شەتی نیل زۆر بوو تا ئەو جێیەی کە دەرەتان هەبوو بەوربوومی زۆرتریان لە زەوی ڕەنێو دەهێنا و ئەوەی کە زیاد دەبوو لە ئەمباردا هەڵدەگیراو بۆ ئەوەی لەو ساڵانەی کە ئاوی شەتی نیل کەم دەبوو و دانەوێڵە کەمتر ڕەنێو دەهات، خەڵك دوو چاری کەمبوونی ئازوقە نەبن. لەو کاتەدا کە ئاوی ڕووباری نیل زۆر بوو، فیرعەون ڕێگەی نەدەدا کە بۆ لە شکرکێشی بۆ سەرزەوینی کۆش، جووتیاران بۆ خزمەتی سەربازی بەکرێ بگیرێن.

هۆکاری دووەم کە ڕێگر بوو لەوەی کە فیرعەون کەڵکی زۆر لە جووتیارانی میسری بۆ خزمەتی سەربازی وەربگرێ ئەوە بوو کە جووتیاری میسری، پاش ئەوەی کە دەچووە خزمەتی سەربازییەوە و لە شەڕدا بەشداری دەکرد، دەسکەوتی شەڕ (هەر چەندە کەمیش) ی بەدەس دەکەوت، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ نەدەگەڕایەوە ناو کێڵگەکەی ئەو ژیانی سەربازیی لە

بەرامبەر ژیانی جووتیاریی پێ پەسەندتر بوو. چونکە ژیانی سەربازیی لە بەرامبەر ژیانی جووتیاریی، لە لێڕوانینی جووتیاری میسریدا، باڵاتریی هەبوو. ژیانی سەربازیی زەحمەتی کەمتر و داهاتیشی زیاتر بوو. هەندێك لە وەرزێرانیش پاش چوونیان بۆ نێو سوپا وەکو ستی کف پلەی باڵایان بەدەس دەهێنا. ئەو مەسەلەیەش، جووتیارانی، کە چوو بوونە ناو سوپا هان دەدا کە ئیدی نەگەڕێنەوە بۆ ناو کێڵگەکانیان.

لە سەرینی ئەم دوو هۆیەوە فیرعەون هەندێك کات سەربازانی کرێگرتەی بیانی بە کرێ دەگرت و دەیهێنانە ناو سوپا. لەو دەمەدا کە دەیویست سوپا بەرێتە سەر کۆش سێ هەزار و پێنج سەد کەس لە ناو سوپای رەوانەکراوی میسر بە فەرماندەیی ستی کف خزمەتیان دەکرد کە هەزار کەسیان خەڵکی وڵاتی هاتی بوون.

چەند هەفتە پێش ئەوەی سوپای رەوانەکراوی میسر بەرەو میسری سەروو بکەوێتە رێ و بگاتە کەرنەك، ستی کف فەرماندەی ئەو سوپایە چەند کەس لە ئەفسەرانی خۆی بۆ میسری سەروو نارد بوو تاکو ئازوقە بۆ سوپای رەوانەکراو فەراهەم بکەن.

ستی کف دەیزانی کە سوپای ئەو، کاتێك کە بەرەو سەرزەوینی کۆش دەڕوا، پێویستی بە هەڵگرتنی ئامرازەکانی ئاو نییە، چونکە بەردەوام بە درێژایی رووباری نیل دەجووڵێتەوە و لە هەموو جێگایەکدا ئاو لە بەردەستی سەربازەکانی دایە. بەڵام ئەو سوپایە پێویستی بە ئامرازەکانی گوازتنەوەی ئاویی، واتە بەلەم هەبوو ئەویش نەك لە جۆری ئەو بەلەمانەی نیلی خواروو (( باکووری میسر)) چونکە لە نیلی خواروو تاڤگەی لێ نییە، بەلەم یان کەشتی ناو شەت دەتوانێ بەبێ بەربەست لە شەتی نیل تێبپەڕێ. بەڵام لە نیلی سەروو کە دەکەوێتە باشووری میسر. تاڤگەی زۆری لێیە.

تاڤگە لەسەر رێگای سوپای رەوانەکراو، لە مەودای دە فرسەخی کەرنەك هەڵکەوتووە. پاش ئەوەی کە لە کەرنەکەوە کەوتنە رێ و دە رۆژ رێگایان تەی کرد، دەگەنە یەکەمین تاڤگە. پاش گەیشتن بەوێ دەبێ بەلەمەکان لە شەتی نیل بێننە دەرێ و بە وشکانیدا برۆن و لە سەرووی تاڤگەوە بچنە ناو شەتەوە و دووبارە لە رێگەی شەتەوە درێژە بە سەفەری خۆیان بدەن تا دەگەنە تاڤگەی دووەم. لە وێشەوە دیسانەوە بەلەمەکان لە شەتی نیل بێننە دەرێ و بە وشکانیدا تێپەڕن و لە سەرووی تاڤگەی دووەمەوە بچنەوە ناو شەتی نیل و جا ئاوا بەو پێوانەیە حسابی بۆ بکە...



کەوابوو ئەو بەلەمانەی بۆ هەڵگرتنی سەربازان و ئازوقەو وڵاخەکانی سوپا و گالیسکەکان و چەك و چۆڵە هەڵدەبژێردرا، دەبێ هەم سووك و هەم بەرین بێ تا پاش گەیشتن بە تاڤگەکان بتوانن لە رێگای وشکانییەوە بگەیەنە سەرووی تاڤگەکان.

ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو سەرباری ئەو مەسەلانە، دەبووایە دەیان مەسەلەی دیکە، کە پەیوەست بە سوپای رەوانەکراو بۆ سەرزەوینی کۆش بوو، چارەسەر بکا.

ستی کف بە باشی دەیزانی پاش ئەوەی کە سوپای ئەو دەچێتە ناو کۆش و دەس دەکا بە داگیرکردنی، لە سەرتاسەری میسر دەگوترێ فیرعەون کە خۆشەویستی هەموو خوایانە سەرکەوتنی بە دەسهێناوە. بەڵام ئەگەر ئەو سوپایە شکست بهێنێ، ئیدی فیرعەون بەرپرسی تێکشکانی سوپا نەبوو. بەڵکو دەیانگوت کابرایەکی لادێیی گێل بە ناوی ستی کف، خیانەتی لە فیرعەون کردووە و سوپای ئەوی لە کۆش نابووت کردووە!

لە سوپای میسر هەموو شتێك بۆ هاوکاری گالیسکە جەنگییەکان ئامادە کرا بوو. میسرییەکان لە گالیسکەی جەنگیی بێ زانیاری بوون و هونەری فێربوونی گالیسکە لە هاتییەکانەوە فێربوون. لەبەر ئەوەی قەومێکی زەحمەتکێش بوون، پاش ئەوە کە هونەری دروستکردنی گالیسکە فێربوون، توانیان لە دار، گالیسکەی قورستر و خاوەن چەرخی گەورەتر و مەحکەم تر دروست بکەن.

یەکەمین جار کە قەومی هاتی (دانیشتوانی ئێستای وڵاتی تورکیا) گالیسکەکانی خۆیان لە دژی میسرییان بەکارهێنا، لە ماوەیەکی کەمدا بە جۆرێك شیرازەی سوپای میسریان لێك دابڕی لە هەموو سوپای میسر کە لە مەیدانی شەڕدا بوو یەك هوستی رێکوپێك و رێکخراو نەمابوو.

میسرییەکان ئەو وەختە تێگەیشتن کە ئەگەر بیانەوێ لە بەرامبەر قەومی هاتی بەرهەڵستی بکەن، دەبێ گالیسکەیان هەبێ. پاشان دەستیان کرد بە دروستکردنی گالیسکەو وردە وردە لە هونەری دروستکردنی گالیسکەدا بوونە کارامە و توانییان گالیسکەی وەها دروست بکەن کە لە گالیسکەی هاتی باشتر بێ.

لەوەو پاش سوپای میسر لە هەموو شەڕەکاندا گالیسکەی بەکاردەهێنا. سەربازی پیادەی میسری لە مەیدانی جەنگدا بۆ کۆمەککردنی گالیسکەکان بەکاردەهات. گالیسکەکان لە پێشەوەی پیادەڕەو دەجووڵان و هێزی بەرهەڵستکاری دوژمنیان تێکدەشکاندو لە پشت ئەوانەوە هێزەکانی پیادەڕەو پێشڕەوی دەکرد و زەوی و زاری داگیر دەکرد.

هەر گالیسکەیەکی میسری لە پێشەوەی گالیسکەکە، داسێکی تیژی هەبوو، ئەم داسە لە بەردەم جوولانەوەی ئەسپەکانی میلەکێش[٣٨] و ئەسپەکانی تەنیشتدا بەربەستییەکی پێك نەدەهێنا.

کاتێك گالیسکەی میسری، لەگەڵ جوولانی چوارنالی چوارئەسپەکاندا دەجوولایەوە، داسەکەی دەبوو بە چەکێکی ترسناك و لە دنیای کۆندا هیچ شتێك نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئەودا خۆی رابگرێ. ئەوانەی کە لە گالیسکە نزیك دەبوونەوە تا ئەسپەکان لە پەل و پۆ بخەن گیرۆدەی داسی ترسناکی وی دەبوون و دەکوژران.

ئەوانەی کە دەیانویست ئەسپەکانی گالیسکەیەك لە کار بخەن، دەبووایە لە یەکێك لە لاکانییەوە لێی نزیك بووبانەوە. چونکە ئەگەر لە پێشەوەڕا لێی نزیك بووبانەوە گیرۆدەی داسی مەرگ هێنەری وی دەبوونەوە و لە بەین دەچوون. بەڵام گالیسکەی میسری لە مەیدانی جەنگ بە جۆرێك دەجوولان کە ماوەیان بە سەربازانی دوژمن نەدەدا کە لە یەکێك لە دوو لاکانەوە نزیکی گالیسکەکە ببنەوە و ئەسپەکان لەپەل و پۆ بخەن.

ئەمڕۆ ئێمە دەزانین کە لە سوپای میسر، گالیسکەی جەنگی پاش سەدەی پازدەی پێش زایین هاتە ناو میسرەوە.

گالیسکەی جەنگیی کە سەرەتا لە وڵاتی هاتیدا هاتە ئاراوە و ئینجا گەیشتە میسرو لەوێوە چووە ناو وڵاتانی دیکە لەوانە یۆنان و رۆم، تا ماوەیەکی درێژ پاش سەردەمی رامسیسی دووەم یەکێك لە کاریگەرترین چەکەکانی جەنگ بوو و تا رۆژێك کە چەکی ئاگرین نەهاتە نێو مەیدانی جەنگەوە، گالیسکە بەهای خۆی هەبوو.

مووسا ئەو رۆژەی کە لە تانیسەوە لەگەڵ سوپای رەوانەکراوی میسر بەرێکەوت تا بەرەو سەر زەوینی کۆش بڕوا، فەرماندەی دوو هەزار و چوار سەد گالیسکە بوو، هەزار و چوارسەد ئەسپی یەدەگی هەبوو و پاش کۆتایی هاتنی سەفەر بۆ بارکێشانەوە لە رووباری نیل کەڵکیان لەو ئەسپانە وەردەگرت تا لە کاتی خۆیدا بە گالیسکەیان ببەستنەوە.

مووسا گەلێك جار بە هۆی کەشتی شەتییەوە لە رووباری نیلدا سەفەری کردبوو. سەفەر کردن بەسەر ئاوی شەتەوە بۆ وی شتێکی تازە نەبوو.

(٣٨) ئەسپەکانی میلەکێش ئەو دوو ئەسپەی کە بە میلی گالیسکەوە دەبەسترێنەوە و دوو ئەسپی تریش کە لە تەنیشت ئەواندان و بەوانەوە بەستراونەتەوە بە ئەسپەکانی تەنیشت ناودەبران. ((و.ف))



ئەویش وەکو هەموو میسرییەکان رووباری نیلی، کە بە ناوی ((دایکی میسر)) یا ((دایکی شیردەری میسر)) دەناسرا، بە رووبارێکی پیرۆز دەزانی و ئاگادار بوو کە ئەگەر شەتی نیل نەبێ، نەمرۆڤ دەتوانێ لەوێدا بژی و نەگیانلەبەران.

مووسا تەنانەت سەفەری بۆ باشووری میسر کرد بوو، لەبەر ئەوەی بۆ سەردانی ئەو دامەزراوانە کە نف، تەلارسازی پاشایەتی لە میسری سەروو سەرقاڵی دروست کردنیان بوو، چوو بووە (( کەرنەك )) و ماوەیەك لەوێ مابووە، لەبەر ئەوە لێوارەکانی باشووری رووباری نیلی دەناسی. بەڵام لەو دەمەدا، کە بە کەشتی و لەگەڵ سوپای رەوانەکراوی میسری بۆ باشووری میسر دەڕۆیشت، هەستی دەکرد کە چێژ لەو سەفەرەی دەکا. لە حاڵێکدا کە دەیزانی فیرعەون ئەوی دوورخستۆتەوە و دەیبینی کە دەبێ هەموو یادگارەکانی سەردەمانی منداڵی خۆی لە میسری سەروو لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ و رێگای باشوور بگرێتە بەر.

مووسا ئومێدی بەوە نەبوو پاش سێ ساڵی تر بتوانێ بگەرێتەوە بۆ میسری سەروو و جارێکی دیکە پایتەختی رامسیسی دووەم ببینێتەوە. چونکە ئەو بۆ وڵاتێکی تر دەڕۆیشت کە دەبێ لەوێ شەڕ بکا و لە مەیدانی شەڕدا گیانی ئەفسەرو سەرباز  وەکو یەك دەکەوێتە بەر هەڕەشەی مەترسی، لەوانە بوو ئەو بکوژرێ و تەرمەکەی لە سەر زەوینی کۆش بە جێ بمێنێ و برزێ و مۆمیا نەکرێ.

گەرچی مووسا باوەڕی بە خوای نەبینراو پەیدا کرد بوو، و ئەو وەکو میسرییان باوەڕی بەوە نەبوو کە مردوو، ژیانی نەمری بە دەس بێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە ئەو میسری بوو و لەوڕۆژەوەش کە خۆی ناسی و میسریانی لە دەوروبەری خۆی بینی و بەپێی نەریتەکانی میسریان پەروەردەکراو گەیشتە قۆناغی پێگەیشتوویی باوەڕی قەومی میسر کاری لەسەر ئەو دانابوو. بیری دەکردەوە کە ئەگەر تەرمی مرۆڤ مۆمیا بکرێ، باشترە لەوە کە برزێ و لە بەین بچێ. لەو دەمەدا کە بەرەو باشوور دەچوو، ئەگەری ئەوەی دادەنا کە لەوانەیە لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێ و وەزعێك بێتە پێشەوە کە سەربازەکانی نەتوانن تەرمەکەی لە مەیدانی شەڕ رزگار بکەن و لەوحاڵەدا تەرمەکەی ئەو لە مەیداندا بەجێ دەمێنێ و دەڕزێ.

ئا بەو وەسفەوە، لەو کاتەدا کە لەگەڵ سوپای رەوانەکراو بەرەو باشووری میسر دەڕۆیشت، خۆشحاڵ بوو و هەستی بە شادمانی دەکرد و دیقەتی گرتبوو، ئەوەی، کە ئەو شادمان دەکا ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار کارێك بەو سپێردراوە کە ژیانی  ئەوی رێکخستووە و لە وەش زیاتر خاوەنی بەر پرسیارییە.

مووسا پاش ئەوە کە گەیشتە قۆناغی پیاوەتی و ئازاد بوو، هیچ کارێکی دیاریکراوی بە ئەستۆوە نەبوو. ئەو بە کوڕی فیرعەون دەژمێردرا و هەر شتێك کە دەیویست بۆیان فەراهەم دەکرد بێ ئەوەی کە ناچار بێ کارێك بکا.

مووسا چێژی زۆری لە گەڕان نەدەکرد. چونکە گەڕان کاتێك چێژ دەبەخشێ کە مرۆڤ لەو ڕێگایەوە شەکەتی کاری خۆی بڕەوێنێتەوە. کەسێك کە کاری نەبێ ماندوو نابێ تا چێژ لە گەڕان بکا. هەروەها جگە لەمەش گەڕان کاتێك خۆشی بەخشە کە مرۆڤ هەموو ڕۆژێك بۆ گەڕان دەرنەچێ و هەر کات هەموو ڕۆژێك بۆ گەڕان بڕوا بە هەرەیەکی لە گەڕان وەگیر ناکەوێ. مووسا کە لە نێو کۆشکی پاشایەتی پایتەخت بوو کارێکی نەبوو، ئەو هەموو ڕۆژێك دەچووە گەڕان.

لە واقیعدا ئەو ئەرکەی کە فیرعەون بە مووسای سپارد، مووسای لە بێکاری ڕزگار کرد. مووسا کاتێك کە لەگەڵ سوپای ڕەوانەکراودا کەوتە ڕێ، دەیزانی کە خاوەنی کارو لێپرسراوییە و هەموو ڕۆژێك کە خۆر لە ئاسۆوە تیشکی داویشت و بەیان دەنگوت، ئەو دەیزانی چ بکا و ناچار نەبوو وەکو پێشان لە بەر تینی بێکاری هەموو کاتی خۆی بە گەڕان بەسەر ببا.

شتێکی دیکە کە مایەی خۆشحاڵی کوڕەلاو بوو، ئەوە بوو کە تێدەگەیشت کە ئەگەر ئەفسەران و سەربازانی سوپا بزانن کە ئەو کوڕی فیرعەون نییە، بەڵکو لە ڕەچەڵەکی ئەو کۆیلانەیە کە ئیسرائیلین و لە سەر زەوینی کۆش دەژین، هیچ لەو کەم نابێتەوە.

گەرچی لە ناو سوپای ڕەوانەکراودا هەمووان مووسایان بە کوڕی فیرعەون دەزانی و یەقینیان هەبوو کە ئەو لە ڕەچەڵەکی پاشای میسرە. بەڵام ئەگەر بیان زانیبایە کە ئەو کوڕی فیرعەون نییە، بە چاوی سووکایەتییەوە لەویان نەدەڕوانی، چونکە دەیانزانی کە پیاوێکی جەربەزەیە و لە ناو سوپادا، جەربەزەیی لە بنەوان و ڕەچەڵەك بەهای زیاتری هەیە. ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانە کراوی میسر و ئەفسەرانی تر بە ڕێگەی هتپ رە فەرماندەی پێشووی گالیسکەکانی جەنگییەوە، زانیبوویان کە مووسا بە چ ئازایەتیەك بە بێ چەك پیاوێکی وەکو نوونی لە پەل و پۆ خستبوو و ئەوی ملکەچی خۆی کردبوو.

ڕۆژێك پێش ئەوەی سوپای ڕەوانەکراوی میسر لە تانیسەوە دەس بە جووڵان بکا و ڕێگای باشوور بگرێتەبەر، دوو هەزار و چوارسەد گالیسکەی جەنگی کە بەسەر بیست و چوار هوستدا دابەشدەبوون، لە شاری تانیس بۆ نمایشکردن دەرچوون و لە کاتی نمایشدا، مووسا سواری گالیسکەی خۆی ببوو و نوونیش، غولام و ئاژۆی ئەو، گالیسکەکەی لێدەخوڕی.



هەر یەك هوست مانای هەر سەد گالیسکە ڕەنگێکی تایبەتی هەبوو و بە بۆنەی ئەو نمایشەوە ئەسپەکانیان ڕازاندبۆوە. ئاژۆی گالیسکەکان شریتگەلی درێژ و ڕەنگاوڕەنگیان بەسەرەوە بوو بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە گالیسکەکان بە خێراییەکی زۆرەوە دەجووڵێن، دیمەنێکی شکۆمەند پەیدا بکەن. مەیدانی نمایش، بریتی بوو لە زەوییەکی تەختان و بەربەرین کە لە ڕۆژئاوای ڕووباری نیل هەڵکەوتبوو. گالیسکەکان دەبووایە بە خێراییەکی زۆرەوە ئەو مەیدانە تەی بکەن و خۆیان بگەیەننە لێواری ڕووباری نیل.

ئەو ڕۆژە مووسا بە بۆنەی ئەوەی کە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بوو، دەبووایە لە پێشی پێشەوەی گالیسکەکانەوە بجووڵابایەوە.

پێش ئەوەی گالیسکەکان دەست بکەن بە جووڵانەوە، هەموو خەڵکی شاری تانیس لە دوولای ئەو مەیدانەوە کە گالیسکەکانی لێوە دەچوونە ناو نمایشەوە، کۆببوونەوە تا دیمەنی سەرنجڕاکێشی نمایشی گالیسکەکان تەماشا بکەن.

فەرمانی جووڵانەوەی گالیسکەکان دەبووایە لە لایەن کوڕی فیرعەونەوە دەرچووبایە و هەر کە مووسا، کە قەڵغانێکی درەوشاوەی بە دەستەوە بوو، بە قەڵغانەکەی ئاماژەی کرد، دەنگی مۆسیقا بەرز بۆوە و نوون ئاژۆی گالیسکەی مووسا چوار ئەسپی گالیسکەکەی تاودا.

جووڵانەوەی دوو هەزار و چوارسەد ئەسپی گالیسکەی جەنگی کە بەو پەڕی خێرایی ئەسپەکانەوە دەجووڵانەوە، ئەوەندە سەرنجڕاکێش و شکۆدار بوو کە نە هەر تەنیا پیاوانی تەماشاچی لە تین و تاوی جۆشوخرۆشیان هاواریان دەکرد، بەڵکو ژنانیش هاتبوونە خرۆشان و هاواریان دەکێشا و منداڵانیش دەنگی خۆیان لەگەڵ دەنگی پیاوان و ژناندا تێکەڵاو دەکرد.

گالیسکەکان تا لێواری ڕووباری نیل ڕۆیشتن و گەڕانەوە. بەڵام لە کاتی گەڕانەوەی گالیسکەکان ئیدی کەس ئەوانی نەدەدی و ئاژۆیانی گالیسکە ڕەش و سپییەکان نەدەکەوتنە بەرچاو. چونکە لە کاتی ڕۆیشتنی بەرەو ڕووبار، تەپ و تۆز بە جۆرێك لە زەوی هەستا و بە هەوادا بڵاوبۆوە کە لە کاتی گەڕانەوەی گالیسکەکاندا تەماشاکاران ئەوانیان نەدەبینی و جار و بار ڕەنگی سپی یا سوور یا ئاسمانی یا زەردی گالیسکەیەك، لە ناوەڕاستی تەپ و تۆزەکەدا بریسکەی دەداو پاش ساتێك لە چاو ون دەبوو.

لە نێو ئەو ژنانەدا کە لە لێواری ڕێگای گالیسکەکان ڕاوەستابوون، هەندێکیان ژن یا خوشك یا دایکی گالیسکە ئاژۆکان بوون و نەیاندەزانی کە ئایا پاش ئەوەی کە مێرد یا برا یا کوڕەکەیان کە دەڕواتە کۆش، چاویان پێیان دەکەوێتەوە یا نا.

یەك رۆژ دوای ئەو نمایشە، بە فەرمانی ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، سەربازانی پیادە و گالیسکەکان، گوازتیانەوە بۆ ناو کەشتییەکانی شەت و کەشتییەکان بە هێزی بازووی سەولْ لێدەران رێگای باشووری میسریان گرتە بەر.

ستی کف لە ناو سوپای خۆیدا زیپك و زاکونێکی پۆلاّیینی دامەزراند بوو. ئەگەر سەربازێك لەگەلْ سەولْ لێدەراندا، هەلّەیەکی بکردبایە، بە زوویی سزا دەدرا. سزای سەرپێچی ئاسایی، دارکاریی بوو. سەرپێچیکار لە ناو کەشتیدا رووە و ئاسمان لەسەرپشت درێژ دەکرا و هەر دوو دەست و هەر دوو قاچیان بە توندی دەبەستەوە و ئینجا دارکارییان دەکرد. لێدانی دار بە ئەندازەیەك توند و قایم بوو کە لە بەرگەگرتن بەدەربوو، پاش پازدە یان لانی زۆر تا بیست لێدان، سەرپێچیکار لە نالّە دەکەوت.

مووسا لەو تەمبێ کردنە بێ بەزەییە سەری سوڕدەما. بەلاّم هتپ رە پێی دەگوت: ئەگەر هەموو سەربازان و گالیسکە ئاژۆکان و سەولْ لێدەرانی کە لە نێو ئەم کەشتییانە دان وەکو تۆ شازادە بان و لە منداڵییەوە مامۆستایان پەروەردەیان کردبان و لە نێو کۆشکی پاشایەتیدا گەورە بووبان و داب و نەریت فێر بووبان، ئاتاجی بەوە نەدەکرد کە لە نێو هۆبەی سەربازانی پیادە و هۆبەی گالیسکە ئاژۆکان و هۆبەی سەولْ لێدەران، زیپك و زاکون بەر قەراربێ. چونکە هەم سەربازی پیادە و هەم ئاژۆیانی گالیسکە و هەم سەولْ لێدەران دەیانزانی کە چی بکەن و چی نەکەن. بەلاّم کەسانێکی کە لە نێو ئەم سوپایەدان پیاوانێکن کە دیار نییە باوك و دایکیان کێیە و لە کوێ گەورە بوون.

ئەوانیش هەر وەکو من، هەرگیز لای مامۆستا دەرزیان نەخوێندوە. هیچ کەسێك تەنانەت یەکجاریش رێ و رەسم و نەریتی فێری ئەوان نەکردووە و بە هیچ قانوونێکەوە پابەند نین، هەر کەسێك کە بتوانن بیکوژن دەیکوژن و هەر گوندێك بتوانن تالاّنی بکەن، دەیکەن و هەر ژنێك دەستیان پێ رابگا دەسدرێژی دەکەنە سەر. ئەوان بە روالّەت خوایانی میسری دەپەرستن. بەلاّم لە ناوەوەیاندا هیچ ئاینێکیان نییە و ئایینی ئەوان خواردن و خواردنەوە و تێرکردنی باقی غەریزەکانی دیکەیانە. ئەم جۆرە کەسانە ناتوانرێ ملکەچ بکرێن و رێك بخرێن تەنیا بە ترساندن نەبێ.

ئامۆژگارییەکانی ((ئۆزیس)) و ((ئۆزیریس)) و ((ست)) و ((رە)) و باقی خواکانی میسری تەنانەت ((ئاموون)) بە گوێی ئەمانەدا ناچێ. بەلاّم زمانی دارکاری تێدەگەن. تۆش ئەگەر وەکو ستی کف فەرماندەی سوپا بای، سەرپێچیکارانت بە هەمان سەختی تەمبێ دەکرد بۆ



ئەوەی ببنە پەند بۆ کەسانی دیکەو بزانن کە ئەگەر سەرپێچی بکەن بە هەمان شێوە تەمبێ دەکرێن.

لە نێو ئەو کەشتییانەدا کە سوپای رەوانەکراوی بەرەو باشوور دەبرد، سەربازان و گالیسکە ئاژۆکان ئازاد بوون کە قسە بکەن و پێبکەنن. بەلاّم نەدەبووایە جگانێ (قومار بە ئێسقانی مەچەکی مەڕ) بکەن. ئەگەر چەند سەربازێك لە کاتی یاری قوماردا غافلْ گیربووبان هەر دوو دەستیان دەبەسترایەوە و پاشان بە مەچەکی دەستیانەوە بەڕیکی کەشتییەوە هەلْدەواسران.

ماوەی سزادان رۆژێك لە بەرەبەیانەوە تا شەو بوو. کاتێك مەحکوومەکەیان لەڕیکی کەشتییەکە دێنایە دەرەوە و دەستەکانیان دەکردەوە، جاری وا بوو تا ماوەی چەندین رۆژ نەیدەتوانی دەستەکانی بجوولێنێ. هۆکاری سەختگیریی فەرماندەی سوپا دەرهەقی قوماربازیی ئەوە بوو کە بە پێی تاقیکردنەوە دەیزانی کە قوماربازیی لە نێو سەربازاندا کێشە و بەرەی ترسناك بەدوو خۆیدا دەهێنێ و لە وانەیە زیپکوزاکونی سوپا بە تەواوی لە بەین بچێ. بۆ ئەوەی کێشەوبەرە روونەدا قومارباززییان قەدەغە کردبوو.

هەر کە کەشتییەکان دەگەیشتنە شارێك یان شارۆکەیەك، دەبووایە بۆ حەسانەوەی سەرباز و گالیسکە ئاژۆ و سەولْ لێدەرەکان، رابووەستن. لە سەر فەرمانی ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، ژمارەیەك لە سەربازانی بە هێز رادەسپێردران تا ئەو ساتەی کە سوپای رەوانەکراوی میسر لەو ناوچەیە رادەوەستێ، لەو شارە یان ئەو شارۆکەیە، چاودێری رەفتاری سەربازان لەگەلْ دانیشتووی هەرێمەکە بکا و ببینێ ئایا سەربازان نرخی ئەو شتانە کە دەیکڕن بە ئەلْقەی مس و زیو دەدەن یان نا. ئەگەر سەربازێك لە دانی نرخی شتێك کە خواردوویەتی یان کڕیویەتی سەرپێچی کرد، سەربازانی ناوبراو، کە وەزیفەی پۆلیسی رێکوپێکی ناو سوپای ئەمڕۆیان بە جێدەهێنا، سەربازەکەیان ناچار دەکرد بە های ئەو شتانەی کە خواردوویەتی یان کڕیویەتی بدا. ئەگەر نا ئەو سەربازەش حوکم دەدرا و بە دوو دەست بەڕیکی کەشتییەوە هەلْدەواسرا.

مووسا کە لە کۆشکی پاشایەتی میسردا چاوی بە دنیا کرابۆوە و گەورە ببوو، تا ئەو ساتە بە بیری نەدەهات کە لەوانەیە کەسێك شتێك لە کەسێکی دیکە بکڕێ و نرخی نەدا یان شتێك کە مالّی کەسێکی ترە و ئەو کەسە بۆ فرۆشتن ئەو شتەی داناوە، بیخوا و لە دانی نرخەکەی سەر پێچی بکا. بەلاّم لەو سەفەرەدا، بینی کەسانێك هەن کە کاتێك شتێك دەکڕن یان دەخۆن نایانەوێ نرخەکەی بدەن. ئەو تێدەگەیشت کە وەزیفەی فەرماندەیەکی سوپا ئەوەنییە کە سوپای خۆی بباتە مەیدانی جەنگ و سەربازەکانی لە شەڕدا بە شداریی پێبکا. بەلْکو ئەو

وەزیفەیەشی هەیە کە ڕێگە نەدا سەربازان مافی خەڵکی تر پێشێل بکەن. هەر چەندێك کەشتییەکان، بە درێژایی باشوور، زۆر تر دەچوونە پێش، مووسا لەگەڵ نهێنییەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری سوپا ئاشناتر دەبوو.

بینیمان کە مووسا لە قۆناغێکی کە دەیخوێند، هونەرەکانی بەکارهێنانی چەك فێر بوو. بەڵام لەو قۆناغەدا هونەرەکانی بەڕێوەبردنی سوپایان فێری ئەونەکردبوو لەبەر ئەوەی تەمەنی مووسا پێویستی بەوە نەدەکرد کە ئەو هونەرە فێر ببێ.

مووسا لەو سەفەرەدا کە شەو و ڕۆژ هاوڕێی ژیانی ئەفسەر و سەربازان بوو، تێبینی کرد کە بەڕێوەبردنی سوپایەك تەنیا بە ترساندنی سەربازەوە بەند نییە، بەڵکو بە ئازادکردنی ئەوانیشەوە پەیوەستە. فەرماندەی سوپا دەبێ سەربازان ئازاد بکا کە جگە لەو کارانەی ئەنجامدانیان لە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانە، هەرچی دەیانەوێ بیکەن.

مووسا دەیبینی کاتێك کە سوپا دەگاتە شارێك، ستی کف سەربازان ئازاد دەکا کە بیرە بخۆنەوە یا خود لە ناو شاردا بە جۆرێك کە سەرگەرم بکەن، بەڵام بەو مەرجەی کە بیرە یا هەر شتێکی دیکە کە دەیکڕن نرخەکەی بە مس یا بەزیو بدەن و کاتێك کە دەبووایە لە شار یان شارۆکەکە دەرەتان هەیە، خۆیان بگەڕێنەوە بچنە ناو کەشتییەوە و خۆیان نەکەنە قوربانی دواکەوتنیان.

مووسا هەر چەندە کەیف کردن و سەرگەرمییەکانی ئەفسەر و سەربازانی میسری پەسند نەدەکرد و ڕەزامەندی لەسەر نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تاقیکردنەوە تێگەیشت ئەگەر فەرماندەی گشتی سوپا بدرێتە دەست ئەو، نەدەبووایە سەربازان لەو کارانەی، کە دەیانویست لە کاتی بێکاریدا بیکەن، ڕێگریی بکا. هەروەکو کە ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو بیرە ناخواتەوە و بە توندی نەفرەتی بۆ سەرگەرمییە قێزەون و پڕوپوچەکان هەبوو، بەڵام سەربازانی ئازاد کردبوو هەر چەندێك کە دەیانەوێ بخۆنەوە و بە هەر شێوەیەك کە دەیانەوێ خۆیان سەرگەرم بکەن.

تاقیکردنەوەیەکی دیکە، کە مووسا لەو سەفەرەدا فێری بوو و ڕازێکی دیکەی لە ڕازەکانی بەڕێوەبردنی سوپا درك کرد، ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەوەشدا کە ستی کف لە سزادانی سەربازانی سەرپێچی کەردا بێ بەزەییە، سەربازان ئەویان خۆش دەوێ. چونکە دەزانن کە ستی کف هەرگیز لە خۆڕا سەربازێکی بێ گوناه سزانادا و لە نێوان سەربازاندا جیاوازی ناکا و هەموو



سەربازێك دەیزانی کە هەرکات ئەگەر سەرپێچی نەکا سزا نادرێ و فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو، بێ گوناهێك لە جیاتی گوناهبارێك سزا نادا.

مووسا وردە وردە دیقەتی دا کە ژێر فەرمانیی سەرباز بۆ فەرماندەکەی خۆی تەنیا لە ترسەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو لە خۆشەویستیشەوە دێ و فەرماندە دەبێ کارێك بکا کە سەرباز لەهەمانکاتدا کە لەو دەترسێ ئەوی خۆش بووێ.

ڕاکێشانی خۆشەویستیی سەرباز دژوار نییە، بە هەمان ڕادە ئەگەر فەرماندە هەڵاواردن بە کارنەهێنێ و زەحمەتی زیادە بەسەر سەربازدا نەسەپێنێ و ئەگەر سەرباز کارێکی شایستەی ئەنجام دا ستایشی بکا، خۆشەویستیی فەرماندە لە ناو ویژدانی سەربازدا جێگا دەگرێ و لەوەو پاش سەرباز تەنیا لەڕووی ترسەوە ژێر فەرمانیی بۆ فەرماندە ناکا، بەڵکو لەو ڕووەوە ژێر فەرمانیی بۆ دەکا کە ئەوی خۆش دەوێ.

کاتێك کە مووسا ئاخاوتنی سەربازانی گوێ لێ دەبوو، سەرنجی دەدا کە ئەوان ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو بە پیاوێکی ئازا دەزانن. یەکێك لەو هۆکارانەی کە نفووزی ئەو پیاوە لە نێو سەربازاندا دروست دەکا ئەوەیە کە هەمووان دەزانن ستی کف ترسنۆك نییە.

مووسا گوێی لێ دەبوو کە سەربازان وەختێك ناوی ئەفسەرێکی دیکە دەبەن و سووکایەتی و گاڵتەی پێدەکەن، لەبەر ئەوەیە کە ئەو بە ترسنۆك دەزانن. ئەوان دەیگێڕنەوە کە چۆن لە فڵانە شەڕەدا خۆی حەشاردابوو تا لە ریزی پێشەوە نەبێ، یان لە فیسارە شەڕەدا ڕایکردووە.

مووسا تێگەیشت ئەو فەرماندەیەی کە دەیەوێ لای سەربازانی خۆی ڕێزی هەبێ، نابێ بترسێ. ئەگەر سەربازەکان هەست بکەن فەرماندەکەیان ترسنۆکە، ژێر فەرمانیی وی نابن و بەردەوام سووکایەتی و گاڵتەی پێدەکەن. مووسا بە خۆی گوت: من پاش ئەوەی کە چووینە کۆش و دەستمان بە شەڕ کرد دەبێ بە شێوەیەك ڕەفتار بکەم کە سەربازەکانم من بە ئازاترین ئەفسەری ئەم سوپایە بزانن و دەبێ سەرمەشقی ئازایەتی لە منەوە فێربن.

ڕۆژێك کەشتییەکانی کە سوپای ڕەوانەکراوی میسریان هەڵگرتبوو، گەیشتە شاری ((ئوم ئەکەد)) کە وەك هەموو شارەکانی دیکەی میسر، لە لێواری ڕووباری نیل هەڵکەوتووە و ئێستا ئەم شارە بوونی نییە. شاری ئوم ئەکەد لەو دەمەدا بەشارێکی گەورە نەدەژمێردرا، بەڵام خاوەنی پەرستگایەکی گەورە بوو کە پەیوەست بە ((مووت)) خوای زۆر بوونی بەروبوومی کشتوکاڵ بوو.

له میسری خواروو، خواکانی میسری که ئالیهه بوون، پەرستگایان نەبوو. چونکه کاهینانی میسر، که له میسری خواروو نفووزیان هەبوو، نەیاندەهێشت که پەرستگا له میسری خواروو بۆ ئیلاهەکانی میسر دروست بکرێ. له ئەنجامدا دروستکردنی پەرستگا بۆ ئیلاهەکانی میسری له میسری خواروو به جێمابوو. بەڵام له میسری سەروو، هێشتا رەوشی کۆن له باودا بوو. کاهینانی میسری داژدارییان له ئیلاهەکانی ئەو وڵاتە دەکرد و هانیان دەدا که پاشایان بۆ ئیلاهەکان واتا خوایانی مێینەی میسری پەرستگا دروست بکەن.

پەرستگای ئوم ئەکەد، له میسری سەروو ناسراو بوو. ئەگەر ساڵێك ئاوی رووباری نیل، له وەرزی پایزدا به ئەندازەیەکی پێویست هەڵنەستابایه و لێوارەکانی رووبارەکەی دانەپۆشیبا، جووتیارانی میسری دەچوونه پەرستگای مووت و داوایان له ئیلاهەی زۆربوونی بەروبووم دەکرد که ئاوی روبار زۆر بکا و وارێك دەکەوت که داخوازیی جووتیارانی میسری قبووڵ دەبوو و ئاوی رووباری نیل فراوان دەبوو چونکه له ئەفریقای ناوەڕاست که وەرزی باران بارینی ئەوان پایزانه، بارانێکی دوورو درێژ دەباری و ئاوی نیل هەڵدەستا و بەرز دەبۆوە.

لەو ساڵانەشدا که ئاوی رووباری نیل هەڵدەستا و لێوارەکانی رووبارەکەی دادەگرت، دیسان جووتیارانی میسری سەروو دەچوون بۆ پەرستگای مووت، خوای زۆر بوونی بەروبووم، تا سوپاسی خۆیان بۆ ئەو ئالیهەیه که بەرەکەتی به مەزراکانی ئەوان داوە، پێشکەش بکەن. چونکه ئاوی شەتی نیل، که لێوارەکانی دادەگرت نەهەر تەنیا زەوییەکانی به باشی شێدار دەکرد و بۆ کێڵان ئامادەی دەکردن، بەڵکو چینێك لیتەشی لەسەر زەوی بەجێ دەهێشت که بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی میسر باشترین بەهێزکەری خاکی کشتوکاڵی بوو. هەر که ئاویش دەکشایەوە جووتیارانی میسری به گەرم و گوڕییەوە سەرقاڵی کارکردن دەبوون و زەوییەکانیان دەکێڵاو تۆویان دەوەشاند و چێنراوەکانیان به زوویی سەوز دەبوو.

ئەو کاهینانەی که له پەرستگای (( مووت )) خزمەتیان دەکرد، دەیانزانی که بازاڕی ئەوان هەرگیز له برەو ناکەوێ. چونکه رووباری نیل چ ئاوی زۆر بووایه و چ کەم، جووتیاران جارێك بۆ داواکردنی ئاو و جارێك بۆ سوپاسگوزاریی خۆیان له لوتفی ئالیهەیی مووت، دەهاتنه پەرستگا قوربانییەکیان دەدا و پێیان وابوو که قوربانی ئەوان له لایەن مووتەوە[٣٩] قبووڵ کراوە و ئەوان لەوە غافڵ بوون کەهەرچییەك بیدەن دەچێتە گیرفانی کاهینەکانەوە.

(٣٩) مووت وشەیەکی میسرییه له سەر کێشی ( جووت ) ی کوردی و نابێ لەگەڵ وشەی عەرەبی (مووت) که مانای مردنه، لێك بدرێتەوە. (و)



له تایبەتمەندییەکانی پەرستگای مووت، ئالیهەی زۆربوونی بەروبوومی کشتوکاڵ، سەمای ئایینیی ئەوێ بوو. بۆ ئەو مەبەسته بەردەوام ژمارەیەك ژن و پیاو لەو پەرستگایە ئامادە دەبوون و کاری ئەوان ئەنجام دانی جووڵانەوەی جوان و هاوئاهەنگ بوو.

کاتێك کەشتییەکانی سوپای رەوانەکراو گەیشتنه شاری ((ئوم ئەکەد))، خۆر، نزیکی سوێگەی ئاوابوون بوو. لەو وەختەدا ئەو کوڕ و کچانەی که له پەرستگای مووت بوون به ئەنجام دانی جووڵانەوەی به کۆمەڵ و جوان و هاوئاهەنگ لەو پەرستگایە هاتنه دەرەوە و خۆیان گەیاندە لێواری شەتی نیل. له حاڵێکدا که سروودیان دەخوێند داوایان له سەربازانی سوپای میسر دەکرد که بچنه ناو پەرستگاو قوربانی بدەن. چەندکەسیش له کاهینانی پەرستگا بۆ پێشوازی له سوپای رەوانەکراوی میسر هاتبوون و ئەفسەرانیان بانگکرد که بێنه ناو پەرستگای مووت و قوربانی بدەن !

ئەفسەر و سەربازان له کەشتییەکان هاتنه خوارەوە و مووسا، له لێواری شەتی نیل لەسەر زەوی دانیشت و له بەر ئەوەی هەوا تاریك بوو، مەشخەڵدانیان داگیرساند و پاش ئەوە که دنیا به رووناکی مەشخەڵدانەکان رووناك بوو، دووبارە لاوان دەستیان به جووڵانەوەی هاوئاهەنگ کردەوە.

له دەوروبەری پەرستگای مووت، ئەوەندەیان مەشخەڵدان داگیرساندبوو که دەتگوت تیشکی رۆژ پەرستگای رووناك کردۆتەوە. مووسا تا ئەو مێژووە هیچ کام له پەرستگاکانی میسری هێندە به رووناکی نەدیتبوو.

مووسا له ئاخاوتنەکانی ئەفسەرانەوە تێگەیشت که جووڵانەوەکانی به کۆمەڵی ئەوان پاژێکه له پەرستنکارییەکانی کارگەرانی پەرستگای مووت. چونکه ئەوان باوەڕیان وایه که ئالیهەی زۆربوونی بەروبوومی کشتوکاڵ، جووڵانەوەی هاوئاهەنگی ئایینییان له لاخۆشەویستەو به بینینی خۆشحاڵ دەبن و ئاوی نیل زیاد دەکا و بەروبوومی کشتوکاڵی فراوان دەکا.

مووسا له حاڵێکدا که له گۆشەیەکدا دانیشتبوو خواردنی خۆی دەخوارد، مەراسیمی ئایینی لاوانی تەماشا دەکرد و گوێی لەو سروودە دەبوو که دەیانخوێند و له ئاهەنگی سروودەکە چێژی وەردەگرت و بیری دەکردەوە که تا ئەو رۆژە ئاهەنگی ئاوا به جۆش و هەست هەژێن و گیانپەروەری گوێ لێ نەبووە.

سروودی ئەو لاوانه که جۆرە لاواندنەوەیەك بوو، جاری وا بوو دەگەیشتە لوتکە و جاری وابوو نزم دەبۆوە. کوڕەلاو له کاتی بیستنی ئەو سروودە، حاڵەتێکی نامۆی هەبوو. وەك ئەوە

وابوو کە دەنگی نیو ملیۆن میسری کە لە هەزارەها ساڵ پێش ئەو مێژووەوە ماڵ ئاواییان لە ژیان کردبوو، بە هەموو ئێش و ئازارەکانی خۆیانەوە لە دنیای ئەولا نیشتەجێ بوون، دەبیست و دەتگوت ئاهوناڵینەکانی ئەوان دەبیستێ.

ئەمە جاری یەکەم نەبوو کە کوڕەلاو ئاهەنگی مۆسیقای گوێ لێ بێ. پێش ئەو شەوە زۆر جاران ئاهەنگی مۆسیقای گوێ لێ دەبوو. بەڵام لەو شەوەدا بۆ یەکەمین جار بەو ئەندازەیە کەوتبووە ژێر کاریگەریی مۆسیقا و دوو شت ئەوی خستبووە ژێر ئەو کاریگەرییەوە: یەکەمیان جوانیی و خرۆشینەریی ئاهەنگی سروودەکە و ئەو پەڕی باڵایی و نزمی سروودەکە، دووەمیان ئەوە بوو کە هیچ کام لەو لاوانە کە ژمارەشیان زۆر بوو لە کاتی خوێندنەوەیدا هەڵەیان نەدەکرد. دیار بوو کە ماوەیەك پەروەردەکراون و پرۆڤەیان کردووە، ئەگەرنا کەسانێك کە پەروەردە نەکراون ناتوانن ئاوابێ هەڵە کردن ئاهەنگێکی ورد و خرۆشێنەر و جوانی سروودێك بخوێنن.

مووسا کاتێك کە گوێی لەو سرووده رادەگرت، جاری وا بوو وەکو ئەوەبوو کە بە ئاسماندا دەفڕێ و زەمانێکیش وەك ئەوە دەچوو کە ژیانی خەڵکی میسر لە هەزارەها ساڵی داهاتوودا دەبینێ و ساتێکیش وای وێنا دەکرد کە لە یەکەمین ڕۆژی پەیدابوونی جیهانەوە زیندوو بووەو بە چاوی خۆی پەیدابوونی جیهانی بینیووە.

مووسا تێدەگەیشت کە ئەفسەرانی سوپای ڕەوانەکراویش هاتوونەتە خرۆشان، بە هەمان بۆنەوە بیرە دەخۆنەوە و زیاتر بە بیستنی ئەو سرووده خرۆشێنەر و جووڵانەوە هاو ئاهەنگەی ئەم گروپە لە بەرتیشکی مەشخەڵەکان، چێژ وەردەگرن.

بە کۆتایی هاتنی بەرنامەی ئایینی کارگەرانی پەرستگای مووت، ئەوان بە هەمان شێواز کە هاتبوون بۆ جێگای خۆیان گەڕانەوە و ئەفسەر و سەربازانی سەرمەست، سەرقاڵی خواردنەوە بوون.

لە نێو ئەفسەراندا تەنیا کەسێك کە بیرەی نەدەخواردەوە مووسا بوو و لە کاتی نان خواردندا هەر کاتێك هەستی بە تینوێتی دەکرد قومێك ئاوی دەخواردەوە.

ئەفسەران لەمووسایان دەپرسی کە لە بەرچی بیرە ناخواتەوە و ئایا خەرجکردنی ئەڵقەیەکی مس یا زیو وەك هەقی نرخی بیرە، لەلایەن پیاوێکی دەوڵەمەندی وەك مووساوە، کە کوڕی فیرعەونە کارێکی ئەستەمە.

مووسا لە قسەکانی ئەوان تووڕە نەدەبوو و ئەوی نەدەخستە ژێرباری سووکایەتییەوە، چونکە بە هۆی تیکەڵاوبوونی لەگەڵ ئەفسەر و سەربازاندا دیقەتی دابوو کە گاڵتە و گەپ لە



ناو سوپادا شتێکی ئاسایە و هەموان لەگەڵ یەکتردا گاڵتە و گەپ دەکەن و ئەوەی کە دەیڵێن تەنیا بۆ خاتری گاڵتە و گەپە و مەرامی سووکایەتییان نییە.

مووسا لە وەڵامدا گوتی: من بیرە ناخۆمەوە لەبەر ئەوەی کە خواردنەوەی بیرە دەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ لە حاڵی سروشتی خۆی بچێتە دەرەوە، من نامەوێ لە حاڵەتی سروشتی خۆم بچمە دەرەوە. سەرەڕای ئەوەش کە من بیرە ناخۆمەوە دەتوانم دڵنیایتان بدەمێ کە من لە ئێوە زیاتر چێژم لە بیستنی ئەو سرووده وەرگرت کە خوێندرا.

ئەو شەوە مووسا دیقەتی دا کە هتپ ڕە، فەرماندەی پێشووی گالیسکە جەنگییەکان، کە دەیگوت سەرباز شتێکی بەرچاو لە مەیدانی جەنگەوە بۆ ماڵەکەی خۆی ناباتەوە، قسەیەکی ڕاستی کردووە، چونکە سەرباری ئەوەی کە ئەفسەر و سەربازان هێمان نەگەیشتوونەتە مەیدانی جەنگ و دەسکەوتێکیان بە دەس نەهێنابوو، مووچەکەی خۆیان لە بەرامبەر نرخی بیرەدا خەرج دەکرد و هەر وەکو پێشوو هەر کات بە دەسکەوتی شەڕەوە لە کۆش ڕا دەگەڕانەوە زیاتر بیرەیان دەخواردەوە.

زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی بیرە، وردە وردە ئەفسەر و سەربازانی مەست دەکرد و لەوەو پاش وەزعێك دەهاتە پێش کە لەلێڕوانینی لاوێکی وەك مووسا، نەفرەتهێن بوو. مووسا کە نەیدەتوانی ئەم دیمەنانە ببینێ، لە جێی خۆی هەستا و بەرەو لای کەشتی چوو تا لەوێ بحەسێتەوە و لە ڕێگا دەیبینی کە هەندێك لەو ئەفسەرو سەربازانەی بە هۆی زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی مەی و زۆر خۆریی، تووشی دڵ تێکچوون هاتبوون.

ئەنجامی بادەنۆشیی ئەو شەوە ئەوەبوو کە سپێدەی ڕۆژی دواتر جووڵانەوەی سوپا سەعاتێك وەدواکەوت. لەبەر ئەوەی کە سەرمەستبوونی ئەوان بەربەستی ئەوەبوو کە ئەفسەر و سەربازان وەکو ڕۆژەکانی دیکە زوو لە خەو هەڵبستن. بەڵام لە هۆبەی گالیسکە جەنگییەکان، هەموو ئەفسەران و سەربازان لە دەمی خۆیدا لە خەو هەستان.

لەبەر ئەوەی کە مووسا فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بوو -بەو شێوەیە کە گوتمان — شەوی پێشوو بیرەی نەخواردەوە و بەیانی زوو لە خەو هەستا، لە پێشاندا هتپ ڕەی لە خەو هەستاند و ئینجا فەرمانی بەو و غولام و ئاژۆی گالیسکەکەی خۆی، نوون کرد کە هەموو ئەفسەرانی گالیسکە جەنگییەکان کە خەوتوون، خەبەر بکەنەوە. پاش بێداربوونەوەی ئەوان فەرمانی دا کە ئەفسەران، سەربازان لە خەو بێدار بکەنەوە.

ئەو کەشتییانەی کە هەڵگری گالیسکە جەنگییەکان و ئاژۆیانی ئەوان بوون، لە کاتی خۆیدا بۆ جووڵان ئامادە بوون. بەڵام کەشتییەکانی دیکە بوون بە قوربانی بە دواکەوتنی خۆیان. ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، کە لە کاروبارەکانی پەیوەست بەزیپك وزاکونەوە سەختگیر بوو، فەرمانی دەرکرد کە فەرماندەی بەرپرسی هەر بەشێك کە بە هۆی مەستییەوە لە خەو خەبەری نەبۆتەوە دارکاری بکەن.

ستی کف، ساتێك پێش ئەوە کە کەشتییەکان بجووڵێن، ئەفسەرێکی ناردە لای مووسا و داوای لێکرد کە بۆ گوت و بێژ بچێتە ناو کەشتییەکەی ئەو.

کەشتی ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، لە هەمو کەشتییەکانی دیکە گەورەتر بوو و باڵکۆنێکی فەرماندەیی بەرزی هەبوو. کاتێك کە ستی کف لە سەرەوەی ئەم باڵکونە رادەوەستا، دەیتوانی هەموو کەشتییەکانی کە سوپایان هەڵگرتبوو لە نێو شەتی نیلدا ببینێ.

مووسا چووە ناو کەشتی سوپای رەوانەکراو، بینی کە ستی کف لە باڵکۆنی کەشتییەکە دانیشتووە و چەند ساتێك پاش ئەوە کە مووسا چووە ناو کەشتییەکە، سوپا کەوتە رێ.

ستی کف، پیاوێك بوو لە یەکێك لە شەڕەکاندا یەکێك لە میرانی گەورەی وڵاتی هاتی دەسگیر کرد و بەزنجیر بە گالیسکەکەی خۆیەوە بەستەوە و ناچاریکرد کە بە دوا ئەسپەکانی گالیسکەکەیدا رابکا. ئەو پیاوە تا توانی رایکرد و کاتێك توانای راکردنی نەما، لە سەر زەوی کەوت تا گیانی لە دەستدا.

ستی کف، پیاوێك بوو کاتێك شەڕی لەگەڵ فینیقیا کرد، سولڵتانی ئەو وڵاتەی دەستگیر کرد و بە دەستی خۆی بە چەقۆ ورگی هەڵ دڕی. ستی کف، پیاوێك بوو لە رەچەڵەکێکی لادێیی و بە هۆی خەسڵەتی نەژادی و پەروەردەی لادێییەوە، بڕوا و باوەڕی بە خوایانی میسریی هەبوو. ئەو، مووسای بە کوڕی فیرعەون دەزانی و باوەڕی وابوو کە خوێنی خوایان لە دەمارەکانی ئەو کوڕەلاوەدا دێ و دەچێ. بەڵام ستی کف پیاوێکی سەرباز بوو و وەکو هەموو سەربازانی میسری، کارەکەی وای دەخواست بکوژێ و بکوژرێ. کەسانێك کە کاریان کوشتن و کوژران بوو، وەکو کەسانی تر باوەڕیان بە خوایانی میسری نەبوو، چونکە جەنگی هەمیشەیی باوەڕی ئەوانی بە خوایانی میسری سست دەکرد.

ستی کف، لە سەرەتادا، لەبەر ئەوەی پیاوێکی لادێیی بوو، باوەڕێکی پتەوی بە خوایانی میسری بوو. بەڵام پاش ئەوەی بووە سەرباز و ماوەیەك لە تەمەنی خۆی لە سەربازیی و جەنگدا بەسەر برد، تەلاری باوەڕی بە خوایانی میسری، لەرزۆك ببوو. ئەو لە مەیدانەکانی



جەنگدا بە دەستی خۆی ئەوەندەی خەڵك کوشتبوو کە نەیدەتوانی بیر بکاتەوە کە تەنیا خوایانی میسری خاوەنی دەسەڵاتی مردنن و تاکەکانی مرۆڤ دەمرێنن.

ئەو، هێندەی لەمیرانی وڵاتانی دیکە لە پەل و پۆ خستبوو یان کوشتبوو، کە ئیدی هیچ میرێك لە روانینی ئەودا قورسایی و ئەهمییەتی نەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەوە کە لە ناخیدا، کوڕی فیرعەونی وەکو کوڕانی دیکە سەیر دەکرد و ئامادە نەبوو کە ئەو لە لاوانی دیکەبە باڵاتر بزانێ، کاتێك کە بینی مووسا پێی نایە ناو باڵکۆنی کەشتی و دەیەوێ بەرەو سەرەوە بێ، بۆ حورمەتی ئەو کوڕەلاوە هەستایە پێ.

لەو کاتەدا ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر، لەبەر حورمەتی فیرعەون لە جێی خۆی هەڵنەستا، بەڵکو ئەوەی وایلێکرد کە لە جێی خۆی هەڵبستێ لێهاتوویی و لێوەشاوەیی مووسا بوو.

شەوی پێشوو تەنانەت ستی کف خۆشی، بیرەی خواردبۆوە. لەبەر ئەوەی ئەویش بە ئەفسەرێکی میسری دەژمێردرا و نەیدەتوانی خۆشگوزەرانی لە خۆی حەرام بکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زێدەنۆشی نەکردبوو، سپێدە کاتێك کە لە خەو هەستا داهێزرا بوو. چونکە مەحاڵە کەسێك کە شەو مەی بخواتەوە و بەرەبەیانی رۆژی دواتر پاش بێدار بوونەوە گیرۆدەی لەش داهێزران، کە بە خومار دەناسرێ، نەبێ و ئەو داهێزرانە، تا دەمی رۆژئاوای ئەو رۆژە بە تەواوی لە بەین ناچێ.

ستی کف وێرای ئەوەش کە پیاوێکی بە ساڵداچوو و فەرماندەی سوپا بوو، شەوی پێشوو نەیتوانی پێش بە هەواوهەوەسی خۆی بگرێ و مەی خواردەوە و تاکو درەنگانیك ئەو بێدار مابوو. بەڵام دەیزانی مووسا سەرەڕای ئەوەش کە لاو بوو، شەوی پێشوو، بیرەی نەخواردەوە. ئەو خواردنی خۆی بە تەنیایی خوارد و لە حاڵێکدا کە ئەفسەر و لاوەکانی تر سەرگەرمی خواردن و خواردنەوە بوون، بۆ حەسانەوە چووە ناو کەشتییەکەی خۆی. لە حاڵێکدا کە ئەو لە هەمووان دەوڵەمەند تر بوو و دەیتوانی شەو تا درەنگان بمێنێتەوە و سەدەها سکە خەرج بکا.

ستی کف لە ویژدانی خۆیدا دانی بەوەدا نا سەرەڕای ئەوە کە ئەو پیاوێکی جەربەزەیە و لە شەڕ و شۆڕی زۆردا بەشداری کردووە و دیمەنی ترسناکی دیووە، کە مووسا تەنانەت یەکێك لەوانەشی نەدیوە، لەو کوڕەلاوەدا، کە کەوتۆتە بەر رقی فیرعەون و لە پایتەخت لە میسر دوور خراوەتەوە، شتێك هەیە کە لەودانییەو ئەویش ئیرادەیە. فەرماندەی گشتی سوپا بیری دەکردەوە

که لەو قۆناغەی تەمەندا که قۆناغی هەوەسکارییە، ئەوەندەی ئیرادە تێدایە و دەتوانێ جڵەوی ئارەزووی خۆی بگرێ، ئەی باشە کاتێك کە دەگاتە تەمەنی ئەو چۆن ئیرادەیەکی دەبێ.

ستی کف بە خۆی دەگوت فیرعەون بەو هۆیەوە ئەو کوڕەلاوەی بۆ فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان هەڵبژاردووە کە ئەو دەربکا و کارێکی پێ بسپێرێ کە لە عۆدەی نەیەت. بێ ئاگا لەوەی کە پیاوێکی بۆ بەرێوەبردنی هۆبەی گالیسکەکانی جەنگ هەڵبژاردووە کە لێهاتوویی لە ئەفسەرانی کارکردە و بە ساڵداچوو زیاترە و گەرچی هێشتا تاقیکردنەوەی جەنگیی بە دەس نەهێناوە، بەڵام لاوێك کە خاوەنی ئیرادەیەکی ئاوا بێ، بتوانێ لە بە هاری لاوی و جوانیدا خۆی لە خواردن و خواردنەوە و شەوبێداری بێبەش بکا، دەتوانێ هەموو کارێك راپەڕێنێ.

ستی کف رووی کردە مووسا و گوتی: ئەی کوڕی فیرعەون، تۆ لە نەژادی خوایانی و خوێنی خوایان لە دەمارەکانی تۆدایە و کەسانێك کە خاوەنی خوێنی خوایانن، لە کەسانی ئاسایی زیاتر حەز بە کەیف کردن و خۆشگوزەرانی دەکەن. چونکە هەموو کەرەسەیەکی خۆشی بۆ ئەوان لە بەر دەسدایە و ئەوان نابێ بەشێکی زۆری تەمەنیان بۆ دابینکردنی کەرەسەکانی خۆشگوزرانی تەرخان بکەن تا بتوانن لە بەشێکی کەمی تەمەنیاندا خۆشگوزەرانی بکەن و رابووێرن.

ئەو سەربازانەی کە دوێنی شەو بیرەیان دەخواردەوە، دەبێ ماوەیەك زەحمەت بکێشن و گیانی خۆیان لە مەیدانی جەنگدا بخەنە مەترسییەوە تاکو بتوانن بڕێك ئەڵقەی مس و زیو بە دەس بێنن و بۆ کڕینی بیرە خەرجی بکەن. ئەوان لە سێ وەرزی ساڵدا ( ساڵی میسری کۆن سێ وەرز بووە ) زەحمەت دەکێشن و گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە ناتوانن ئەوەی بە دەستی دەهێنن بە ئەندازەی نیو وەرز خۆشگوزەرانی بکەن. بەڵام تۆ، لەبەر ئەوەی کوڕی فیرعەونی و خوێنی خوایان لە بەدەنتدایە، دەتوانی لە تەواوی وەرزەکانی ساڵدا خوشگوزەرانی بکەی و رابووێری. بەڵام دوێنێ شەو بینیم بیرەت نەخواردەوە و کەیفت نەکرد.

من لەو ژنانەی کە ئامادەن لە بەرامبەر یەك ئەڵقەی زیودا وەختی خۆیان لەگەڵ پیاوێکدا بە سەر بەرن، نەفرەت دەکەم و هەرگیز لەگەڵ ئەم جۆرە ژنانەدا تێکەڵاوی ناکەم. لەوانەیە بە بۆنەی ئەوەی کە پێم ناوەتە تەمەنی پیرەییەوە نەفرەتم لەوانە هەبێ، بەڵام ناتوانم ئەفسەر و سەربازانی سوپایەك کە من فەرماندەی بم، لە تێکەڵاوبوون لە گەڵ ئەوانەدا قەدەغە بکەم. چونکە ئەگەر تۆ فەرماندەی سوپا بی و بەو ئەفسەر و سەربازانەی ئەو سوپایە بڵێی کە وەختی خۆیان بە پێی ئارەزووەکانی تۆ بگوزەرێنن، وەکو ئەوە وایە کە بەیەکجار هەموان تووشی



شێتی بکەی. ئەفسەر و سەربازی سوپا وەها پەروەردە بووە کە کاتی بێکاری ئەگەر بڕێك مسی هەبێ دەبێ بیرە بخواتەوە و هەر کات کە کەسێك زیوی هەبێ بەدوا سەرگەرمییەکانی خۆی دەکەوێ.

من بەو جۆرەی کە بە تۆم گوت لە شەو بێداری و سەرگەرمیی پڕوپووچ نەفرەت دەکەمەوە، بەڵام بیرە دەخۆمەوە، بەڵام لەو کارەدا سنوورێکم بۆ خۆم دەسنیشانکردووە و لەوە زیاتر ناخۆمەوە و دوێنێ شەویش لەو رادەیە زیاترم نەخواردەوە. هەر بۆیە مەست نەبووم و ئەمڕۆ بەیانی توانیم لە هەمانکاتی ئاسایی رۆژانی تردا لە خەو هەڵبستم. بەڵام شەوی پێشوو دیقەتم دابوو کە تۆ تەنانەت یەك قوم بیرەت نەخواردەوە. لە حاڵێکدا کە هاوپیشەکانت حەزیان دەکرد لە خواردن و خواردنەوەدا هاوڕێی ئەوان بی، بەڵام تۆ ئەوانت بەجێهێشت و گەڕایتەوە ناو کەشتییەکەی خۆت.

مووسا گوتی: جارەهای جار وارێك کەوتووە کە من لە جێگایەك بووبم کە هەموویان بیرەیان خواردۆتەوە، بەڵام من لە خواردنەوەیە خۆم بوواردووە.

ستی کف پرسی: ئەی کوڕی پاشا، تۆ چۆن سەرەڕای ئەوە کە لاوی، لە خواردنەوەی بیرە خۆت دەبووێری؟ من لە میسر جگە لە تۆ، پیاوێکی لاو ناناسم کە لە خواردنەوە خۆی ببووێرێ و ئایا ئەم خۆ بوواردنە فیترییە یا خود هۆکاری دیکەی هەیە؟

مووسا گوتی: من بەو هۆیەوە بیرە ناخۆمەوە دەبینم کەسانێك کە بیرە دەخۆنەوە حاڵیان دەگۆڕێ و جۆرە قسەیەك دەکەن کە ئەگەر بیرە نەخۆنەوە ئەو جۆرە قسانە بەسەر زمانیاندا نایە و کارێك دەکەن کەپێش خواردنەوەی بیرە لەوانەوە روو نادا. من چونکە نامەوێ ئەم جۆرە قسانە بکەم کە لە کاتێکدا جڵەوی ئەقڵم لە دەستی خۆمدایە و ئەو قسانە ناکەم و کارێك بکەم کە پیاوی ئاقڵ نابێ بیانکا، بۆیە ناخۆمەوە.

ستی کف گوتی: پیاوی ئاوا هەم جڵەوی ئەقڵ و هەم جڵەوی مس و زیو و زێڕی خۆی لە دەستی خۆیدایە، بەڵام ئایا ژیانی ئەو بە خۆشی تێدەپەڕێ؟

مووسا گوتی: ئەی ستی کف ئایا تۆ خۆشی ژیان لەوەدا دەبینی کە مرۆڤ مەی بخواتەوە؟

ستی کف گوتی: لە زەمانی لاویدا بەڵێ.

مووسا گوتی: من خۆشی ژیان لە خواردنەوەدا نابینم و باوەڕم وایە کە مرۆڤ دەتوانێ ژیان بە خۆشی بەرێتە سەر بێ ئەوەی بیرە بخواتەوە. خۆشیی لە ژیاندا مەسەلەیەکی لاوەکییە و بنەمایەکی سەرەکی نییە و هەر کەسە خۆشی ژیان لە شتیکدا دەبینێ. هەندێك کەس خۆشی

لەوەدا دەبینێ کە ببێتە خزمەتکاری پەرستگایەك و تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی ئەو پەرستگایە تەرخان بکا. ئەوانە بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیان ئاتاجیان بەمەی خواردنەوە نییە و هەر هێندە خۆیان لە نێو پەرستگادا ببینن بەسە. دەستەیەکی دیکە لە خەڵك کە مامەڵەچین، خۆشی لەوەدا دەبینن کە تادەتوانن مس و زیووزێڕ کۆبکەنەوە بێ ئەوەی کە یەك ئەڵقە لە وانە بۆ کڕینی بیرە یا شتێکی دیکە خەرج بکەن. ئەوان هەر چەندە مس و زێڕ و زیوی زیاتر یان هەبێ خۆیان بەختەوەر تر دەبینن و زیاتر چێژ لە ژیان وەردەگرن، خۆشی دەستەیەکی دیکە لە خەڵك لەوەدایە کە دڵنیاییان هەبێ پاش مردن بێ گۆڕ نەمێننەوە و تەرمەکەیان مۆمیا بکرێ و لە گۆڕێکدا جێگایەك بگرێ. ئەوانە بە هیچ کام لەو شتانە کە لەم دنیایەدا، بۆ کەسانی تر مایەی خۆشییە، باکیان نییەو بەختەوەری ئەوانە لەوەدا دەبێ کە خۆیان بە خاوەنی گۆڕێك ببنین و دڵنیا بن کە پاش مردن تەرمەکەیان مۆمیا دەکرێ. ئەفسەر و سەربازانی میسری بەو هۆیەوە خۆشی ژیان لە خواردنەوەی بیرەدا دەبینن کە بەو شێوەیە پەروەردە بوون و لە ئاکامی ئەم پەروەردەیەدا خۆیان وەها دەرسداوە کە جگە لە خواردن و خواردنەوە و سەرگەرمی بێ بایەخ و هیچ و پووچ خۆشییەکی دیکە بوونی نییە. ئەگەر ئەفسەر و سەربازی میسری، وەك مامەڵەچیانی میسری پەروەردە بووبان، خۆشی ژیانیان لەوەدا دەبینی کە هەرچی زۆرتر مس و زیو و زێڕ کۆبکەنەوە.

ستی کف ناچاربوو قسەکانی کورەلاو بسەلمێنێ و گوتی: ئەی کوڕی پاشا، من ئەمڕۆ لە گەڵ تۆدا زۆر قسەم کرد و لەوە زیاتر ئیدی قسە ناکەم و مەبەستم ئەوە بوو کە پێت بڵێم تۆ لە لای من بە هایەکی زیاترت پەیدا کرد جگە لە بەهای شازادەیی. چونکە دوێنی شەو من تێگەیشتم کە تۆ خاوەن ئیرادەی و دەتوانی جڵەوی هەڵچوونی هەستی لاوێتی خۆت بگری. ئەم ئیرادەیە، لە لاوێکدا کە کوڕی فیرعەونە و سەرباری ئەوە کە بە هێز و جوانە، زیاتر شایانی ستایش کردنە. ئینجا ستی کف گوتی: چیتر لەگەڵ تۆدا قسە ناکەم و بە تۆ دەڵێم بگەڕێوە بۆ کەشتییەکەی خۆت. مووسا لە باڵکۆنی فەرماندەیی کەشتی هاتە خوارێ و بەرەو کەشتییەکەی خۆی ڕۆیشت.

چەند ڕۆژێك پاش ئەم گوتوبێژە لە حاڵێکدا کە کاروانی کەشتییەکان بە درێژایی ڕووباری نیل بەرەو باشوور دەڕۆیشت، ڕووداوێك بۆ مووسا هاتە پێش. لە ڕۆژێکی کە نوون، غولامی مووسا لە خزمەتی ئەودا دەس بەکاربووبوو قسەی نەدەکرد مەگەر لە کاتی پێویستدا، مانای کاتێك کە مووسا قسەی لەگەڵ ئەو بکردبایە و شتێکی لێ بپرسیبایە. ئەگەر مووسا



فەرمانێکی بۆ ئەو دەرکردبایە کە دەبووایە ئەنجام بدرابا، غولام بێ ئەوەی یەك تاکە قسەش بکا ئەو فەرمانەی جێبەجێ دەکرد و لێوی نەدەکردەوە. مەگەر کاتێك کە مووسا شتێکی لەو بپرسیبایە کە دەبووایە وەڵامبداتەوە. بێدەنگی نوون، مووسای نیگەران کرد بوو. کاتێك کە لە ناکاو سەیرێکی غولامەکەی دەکرد هەستی دەکرد کە ئەو پیاوە بە نیگایەکی تایبەت سەیری ئەو دەکا کە مووسا ئەو نیگایەی بە کینە لێك دەدایەوە.

ڕۆژێك کە مووسا جارێکی دیکە ئەو نیگا تایبەتەی لە نێو کەشتیدا دی و ئەمەی بە کینە لێکدایەوە رووی کردە نوون و گوتی: بۆچی دەرهەقی من ناحەزیت هەیە، ئایا من بەرامبەر بە تۆ بێ بەزەیی بووم؟ نوون وەڵامیدایەوە: نا.

مووسا پرسیاری کرد: ئایا من تۆم بە زنجیر بە ستۆتەوە؟

نوون وەڵامیدایەوە: نا.

مووسا گوتی: ئایا من جل و بەرگ و پێڵاوم نەدایەی؟

نوون گوتی: با

مووسا پرسی: ئایا ئەو خواردنەی کە تۆ دەیخۆی هەمان ئەو خواردنە نییەکە من دەیخۆم، ئایا لەو ڕۆژەوە کە بەرێ کەوتووین وا ڕێککەوتووە کە تۆ خواردنێك بخۆی وەکو خواردنەکەی من نەبێ ؟ نوون گوتی: نا.

مووسا گوتی: ئایا لە بیرتە بازرگانی کۆیلەفرۆش بۆ ئەوەی تێرت بکا چ خواردنێکی دەدا بە تۆ؟ ئایا لە هەمان ئەو خواردنە نەفرەتبارە هێندەی دەدایەی کە تۆ تێری پێ بخۆی؟ نوون گوتی: ئەوەم لە بیرە.

مووسا گوتی: کاتێك کە من تۆم کڕی بینیم کە تۆ نەخشێکی مار، کە لە گەچ دروستیان کردووە بە خوای خۆت دەزانی و ئایا لەو ڕۆژەوە تا ئێستا وا ڕێککەوتووە کە من پێت بڵێم واز لە پەرستنی مار، کە خوای دانیشتوانی کەنعانە، بهێنە و خوایانی میسری بپەرستە؟

نوون گوتی: نا.

مووسا گوتی: ئێستا من و تۆ بەرەو سەرزەوینی کۆش دەڕۆین و پاش ئەوە کە دەگەینە ئەوێ دەچینە ناو مەیدانی شەڕەوە و من و تۆ لە مەیدانی نەبەرددا لە ناو گالیسکە لە پەنای یەکەوە دەبین و ئەگەر قەرار بێ بکوژرێین ئەوا بەیەکەوە دەکوژرێین.

نوون رستەی (( ئەگەر قەرار بێ بکوژرێین ))

دووبارەکردەوە بێ ئەوەی شتێکی لە خۆوە بۆ زیاد بکا و سەرنجێك دەرببڕێ، مووسا لە قسەی ئەو پیاوە تێك را بوو و ئیدی هیچی نەگوت.

رۆژی پاشتر هتپ رە فەرماندەی پێشووی گالیسکە جەنگییەکان هاتە لای مووسا و گوتی: هاتوم بۆ لات پێت بڵێم چەند کەس لە ئەفسەران لە وانەش یەکێکیان بۆ خۆم لە بارەی ئەو غولامەوە کە بە ناوی نوون بانگی دەکەی. قسەمان کردووە.

مووسا پرسی: لە بارەی ئەو چ قسەیەکتان کردووە؟

هتپ رە گوتی: ئێمە گوتمان کەوا باشترە تۆ چەقۆیەك بە سنگی ئەو غولامەدا بکەی بە جۆرێك کە نووکی چەقۆکە لە پشتی نوون را بێتە دەرێ و پاشان تەرمەکەی فڕێ بدەیە ناو شەتی نیلەوە، ئێمە بیریکی دیکەشمان کردووە ئەویش ئەوە بوو کە گوتمان لە وانەیە تۆ نەتەوێ ئەم کارە بکەی و لەو حاڵەدا ئێمە ئامادەین لە جیاتی تۆ ئەم کارە بکەین.

مووسا گوتی: چی بووە تا ئێوە ئەو بیرە بکەنەوە؟

هتپ رە گوتی: لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەزانین هەر وەکو چۆن ئاوی شەتی نیل دەڕوا و ناتوانرێ نکووڵی لە رۆیشتنی ئاوی نیل بکرێ، ئەو غولامەش تۆ دەکوژێ و پێش ئەوەی کە ئەو تۆ بکوژێ، دەبێ تۆ ئەو بکوژی.

مووسا قسەی هتپ رەی بە درۆ نەخستەوە. لەبەر ئەوەی رۆژی رابردوو هەمان بیریش لای ئەو سەری هەڵدابوو کە ئەو پیاوە لەبەر ئەوەی کە کینەی بەرامبەر ئەو هەیە (هەڵبەتە ئەو مەسەلەیە شێوەی ئەنجامگیریی مووسا بوو) لە وانەیە ئەو بکوژێ.

کوڕەلاو بە هتپ رەی گوت: ئەگەر ئەو غولامە بکوژرێ من ئاژۆی گالیسکەم نابێ.

هتپ رە گوتی: من باوەڕم وایە ئەگەر تۆ بە ستی کف فەرماندەی سوپا بڵێی من پێویستیم بە پیاوێکی بە هێز و لاو و ئازا هەیە ئەو باشترین سەربازی پیادەی خۆی دەخاتە ژێر دەستی تۆ و ئەو کاتە منیش ئەو دەخەمە ژێر پەروەردە و بە هەمان شێوە کە نوون، غولامەکەی تۆم کردە ئاژۆ، ئەویش بەوشێوەیە دەکەمە ئاژۆ.

مووسا پرسی: بۆ ئەوەی ئەو سەربازە پیادەیە بکەین  بە ئاژۆ، دەبێ من چەند هەقی زەحمەتی تۆ بدەم؟

هتپ رە گوتی: ئەم قسەیەی تۆ جنێوێك بوو. من چاوەڕوان نەبووم تۆ ئەو قسەیە بە من بڵێی. چونکە تا ئەمڕۆ زۆرت داوەتە من و من سەگ نیم کە هەر جارێك لە تۆ نزیك ببمەوە تۆ ناچار ببی پارچە نانێك یا کوتە گۆشتێك بۆ من فڕێ بدەی؟



مووسا گوتی: نا هتپ رە، تۆ سەگ نی. من ئەگەر شتێکم گوتووە کە هۆی دڵتەنگی تۆ بێ، داوای لێبووردن دەکەم.

هتپ رە گوتی: ئەی شازادە من بڕیارم داوە کە خزمەتکاری تۆ بم و هەر بۆیە کەوتمە سەر ئەو بیرەی ئەو غولامە بکوژم. جا ئایا من دەبێ بیکوژم؟

مووسا گوتی: نا من حەز ناکەم کە تۆ ئەو بکوژی.

هتپ رە گوتی: ئەگەر تۆ ئەو نەکوژی ئەوا ئەو تۆ دەکوژێ.

مووسا گوتی: من ئاگاداری خۆم دەبم تا بە دەستی نوون نەکوژرێم.

هتپ رە گوتی: مەگەر دەکرێ تۆ شەو و رۆژ ئاگاداری خۆت بی؟ مرۆڤ  ئەگەر دوژمنێکی هەبێ کە ماوەی سەد هەنگاو لەو دوور بێ ناتوانێ شەو و رۆژ ئاگاداری خۆی بێ و خۆی لە مەترسی ئەو دوژمنە بپارێزێ. لە وانەیە وەختێك ئەو دوژمنە بتوانێ خۆی بگەیەنێتە مرۆڤ و لە ناوی ببا، لەو حاڵەتەدا تۆ چۆن دەتوانی لە بەرامبەر دوژمنێك کە ئەو شەو و رۆژ لەگەڵ تۆدایەو لە پەنای تۆیە، خۆت بپارێزی.

مووسا لە دڵی خۆیدا ئەم قسەیەی قبووڵ دەکرد و پێش ئەوە کە هتپ رە بڵێ کە ئەو ناتوانێ شەو و رۆژ لە بەرامبەر مەترسی نوون خۆی بپارێزێ. کورەلاو دەیزانی ئەو چاودێری کردنە کاریگەر نییە.

مووسا بەو هۆیەوە بە هتپ رەی گوت کە ئەو چاودێری خۆی دەکا تاکو قەناعەتی پێ بکا ئەگینا دەیزانی کە لەبەر ئەوەی غولامەکەی شەو و رۆژ لەگەڵ ئەودا دەژی، ئەو ناتوانێ بەردەوام چاودێری خۆی بکا و نوون ئەگەر بیەوێ ئەو بکوژێ دەرفەتی ئەوەی دەست دەکەوێ.

مووسا یەقینی لانەبوو کە ئەو غولامە ئەو دەکوژێ چونکە چاکەی لەگەڵدا کردبوو، ئەوی لە ژێرچنگی مامەڵەچیانی کۆیلەفرۆش رزگار کرد بوو. سەرەڕای ئەوەی کە دەیتوانی هەمان رۆژ لە بازاڕی کۆیلەفرۆشاندا نوون بکوژێ، ئەوی نەکوشت و برینداری نەکرد و تەنیا بە هێزی بازوو ئەوی لە پەل و پۆ خست تا لە مەترسی وی پارێزراو بێ. ئەو بیری دەکردەوە کە تەنانەت گیانلەبەرێکی دڕندەش ئەگەر چاکەی  لەگەڵدا بکرێ دەستەمۆ دەبێ، تا دەگاتە مرۆڤێك کە هەر چەندە دڕندەش بێ دیسانەوە خاوەنی هەستێکی ئینسانییە و دەتوانێ لە نێوان خۆشەویستی و زۆرداریدا جیاوازی دابنێ.

کوڕەلاو بە خۆی گوت: ئەم پیاوە نیوە دڕندە بوو و خووی بەوەوە گرتبوو کە ئازار لە دەستی خەڵکی ببینێ و ئەوەندە ئازاری ئەویان دابوو کە ئیدی لێدانی دار، کاری لەو نەدەکرد

و نەیدەهێنایە سەر رێ. ئەگەر ئەو پیاوە ئازاری نەدیبایە و نەکەوتبایە ژێر ئازارەوە، دەگۆڕا بۆ کەسێکی دیکە. ئەوەی ئەوی کردبووە پیاوێکی دڕندە و بێ بەزەیی، بەدڕەفتاریی کەسانی دیکە بوو. بەڵام من لەگەڵ ئەودا رەفتاری جوانم کرد و دەیکەم و خواردنی باشی دەدەمێ و لە سەپاندنی کاری سەخت بەسەر ئەودا خۆم دەبوێرم ئەو پیاوە ئەگەر هەستێکی مرۆڤانەی تێدا نەبێ و تەنانەت ئەگەر خاوەن هەستێکی دڕندانە بێ، ئەم بابەتە تێدەگا و کینەی ئەو لە بەرامبەر من، کە کینەی ئەو بەرامبەر یەکەیەکەی تاکەکانی بەشەرە، بۆ خۆشەویستی و ئەمەگناسی دەگۆڕێ.

هتپ رە کاتێك دیقەتی دا کە مووسا حەز ناکا غولامی خۆی بکوژێ پێداگرییەکەی بە سوود نەزانی. ئینجا مووسا بەیەك ئاماژەی تایبەتی کە هێماکەی لە کۆشکی پاشایەتی میسردا فێر ببوو و تەنیا سوڵتانەکانی میسر و شازادەکان دەیتوانی بەو شێوەیە ئاماژە بکەن،

هتپ رەی لە لای خۆیەوە مەرەخەس کرد.

سەفەری سوپای رەوانەکراوی میسر لە شەتی نیل بە کوتا هات و کەشتییە سەربازهەڵگرەکان و گالیسکە جەنگییەکان گەیشتنە ((ئابیدۆس)). ئەوێ جێگەیەك بوو کە سوپای رەوانەکراوی میسر دەبووایە پێ بنێتە وشکانییەوە و لەوە و بە دوا سەفەری وشکانی ئەو سوپایە دەستی پێ دەکرد.

کاتێك سوپا لە کەشتییەکان هاتە خوارەوە و ستی کف پشکنینی سەربازی لە سەربازانی پیادە و گالیسکە جەنگییەکان و ئەسپەکان و وڵاخەکان کرد، مووسا بە بینینی ئەو هەموو سەرباز و گالیسکە و ئەسپ و وڵاخە سەری سوڕما و بە خۆی گوت: کاتێك ئەم سوپایە ئەوەندە بەرفراوان بێ، ئەی بەرفراوانی سوپایەك کە هەژماریان سەد و پەنجا هەزار نەفەرییە کە من لە مێژوودا خوێندومەتەوە چەندەیە.

ئەفسەران و سەربازان زۆر حەزیان دەکرد کە رۆژێك یا دوو رۆژ لە (( ئابیدۆس )) رابوەستن و بحەسێنەوە تا ماندوویی رێگا لە لەشیان دەربکەن. بەڵام ستی کف فەرمانی دا کە دەبێ بەزوویی سوپا بەرەو سەرزەوینی کۆش بەرێ بکەوێ.

فەرماندەی سوپای رەوانەکراو دەیزانی کە ئەگەر رەزامەندیی لەسەر ئەوە بدا کە ئەفسەر و سەربازان لە ئابیدۆس رابووەستن، ئەگەرێکی نزیك بەحاڵەتی یەقین هەیە کە لە نێوان ئەوان و دانیشتوانی نێوخۆیی ئەوێ شەڕ دروست ببێ و لەبەر ئەوەش کە هەردوو دەستە، میسرین ئەوا شەڕی ناوبراو، شەڕێکی براکوژی دەبێ.



ستی کف دەیزانی ئەو جێیەی کە سوپا لە کەشتی لێوەی هاتۆتە خوارەوە و پێی ناوەتە وشکانی، میسری سەرووە و زۆربەی ئەفسەر و سەربازانیش خەڵکی میسری خواروون و لە نێوان دانیشتوانی میسری سەروو و میسری خوارووڕا کێ بەرکێ و ئێرەیی هەیە و دانیشتوانی میسری سەروو، باوەڕیان وایە کە ئەوان لە دانیشتوانی میسری خواروو باڵاترن. هەروەها بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، ئەم کێبەرکێ و ئێرەییە پاش ئەوە کە سەرەکان گەرم بوون، دەگۆڕێ بۆ دوژمنایەتی و شمشێرو چەقۆکان و نێزەکان دەکەونە کار و جا بۆ ئەوەی ئەم واقیعە نەیەتە پێشەوە فەرمانی جووڵانی سوپای دەرکرد.

هەموو سەرباز و ئەفسەرانی سوپا خەڵکی میسری خواروو نەبوون. لە نێو ئەواندا، سەربازانی کرێگرتەی بیانی وەکو سەربازانی هاتی، سەربازانی بابلی و سەربازانی دورگەکانی دەریای ئیجەش هەبوون. بەڵام، ئەوانیش بە بۆنەی ئەوەی کە لەگەڵ سەربازانی میسری خواروو تێکەڵاو ببوون کەوتبوونە ژێر کاریگەری لێڕوانینی ئەوانەوە، خەڵکی میسری سەروویان بە دوژمنی خۆیان دەزانی و ئەوانیان قەتڵ و عام دەکرد.

ستی کف بۆ ئەوەی کە سوپای خۆی لە ((ئابیدۆس)) دوربخاتەوە، ماوەی رۆژ و نیوێك سەربازانی خۆی بێپسانەوە ناچار بەرێکردن کرد. ئینجا مۆڵەتی راوەستان و حەسانەوەی دایە سەربازان و دەستە دەستە لە ئوردوودا جێگەیان گرت و ئەو سەربازانەی کە لە نێو یەك یەکەی نەژادیدا بوون لە یەك جێگەدا، پشوویاندا.

مووسا ماوەیەك پێش خۆرئاوا بوون لە نێو ئۆردوودا دەستی بە گەڕان کرد تا دەستەی جۆراوجۆری سەربازان تەماشا بکا. چونکە تا ئەو دەمە بە بۆنەی سەفەری ئاوییەوە رێك نەکەوتبوو کە مووسا دەستە جۆربەجۆرەکانی سەربازانی سوپای رەوانەکراو لە یەك ئوردوودا ببینێ.

کوڕەلاو یەکەمجار بە تەنیشت سەربازانی دورگەکانی دەریای ئیجەدا تێپەڕی.[٤٠]

سەربازانی دورگەکانی دەریای ئیجە قژی زێڕین و ریشێکی بە هەمان رەنگیان هەبوو و هەمووان کاسکێتی پەڕداری رەنگاورەنگیان لەسەر بوو. بەڵام لە هەمووان زیاتر ئەوەی جێگای

(٤٠) دەریای ئیجە، دەریایەکە لە رۆژهەڵاتی دەریای رۆم ((ناوەڕاست)) هەڵکەتووە و دورگەکانی ئەوێ لە کۆنەوە ناسرابوون.(و.ف).

سەرنجی مووسا بوو، قەڵغانەکانی ئەوان بوو کە پانایی هەر کام لە قەڵغانەکانییان نزیکەی سێ گەز بوو.(٤١)

سەربازانی دورگەکانی دەریای ئیجە کاتێك کە مووسایان دی، لێی نزیك بوونەوە تا شمشێر و چەقۆی ئاسنینی ئەو تەماشا بکەن. لەبەر ئەوەی شمشێر و چەقۆی ئاسن و بە جۆرێکی گشتی هەر چەشنە چەکێکی ئاسنین، لەو سەردەمەدا گرانبەها بوو و تەنیا دەست ڕۆیشتووان دەیانتوانی چەکی ئاسنین بکڕن.

مووسا لەلای سەربازانی دورگەکانی دەریای ئیجەوە تێپەڕی و چووە بە شێکی ئوردوو کە لە وێدا سەربازانی بابلی پشوویان دەدا.

سەربازانی بابلی بە دەنگێکی کە لە قولاَیی گەروویانەوە دەردەچوو، قسەیان دەکرد. ئەوان کراسی درێژی ئاوریشمییان لەبەردا بوو. مووسا کراسی پەشمینی ئەوانی کە بە درێژایی کراسەکەدا خەتی بە ڕەنگی سوورو زەرد و ڕەشی تێدا بوو، دەگرت و هەستی دەکرد کە وەکو کەتانی میسری ناسکە.

مووسا زمانی بابلی نەدەزانی. بەڵام مانای هەندێك لە وشەکانی تێدەگەیشت. بەڵام کاتێك چووە ناو جەرگەی سەربازانی هاتی، نەیتوانی یەك وشە لەوەی کە ئەوان دەیانگوت حاڵی ببێ.

سەربازانی هاتی چاویان سەوز بوو و چەکمەکانی پێیان بە ئەندازەیەك درێژبوون کە تا سەر ئەژنۆیان دەهات. ئەوان کاتێك مووسایان دی نەیانزانی کە ئەو کوڕی پاشای میسرە، بەڵام لە نیشانەی جلەکانییەوە زانیان کە لە ئەفسەرانی بەرجەستەیە و دەورەیان لێدا تا تەماشای نیشانەکانی جلەکانی بکەن. مووسا دەیزانی کە سەربازانی هاتی سەربازی سەرسەختن، بەڵام لەوەدەمەدا کە دەوری مووسایان دابوو بە کۆمەڵە منداڵێك دەچوون کە سەرقاڵی تەماشاکردنی شتێکی جوانن و یاری پێ دەکەن.

مووسا بە چاوی ستایشکردنەوە تەماشای کەوانی سەربازانی هاتی دەکرد چونکە ئەو کەوانانە بە وردەکارییەوە دروست کرابوون.

سەربازانی هاتی ویستیان پێکێکی گچکەی خواردنەوە بە مووسا بنۆشن، بەڵام جگە لە ئاو شتێکی دیکەی نەدەخواردەوە، لە قبووڵ کردنی ئەو خواردنەوەیە خۆی بوارد و لە جیاتی ئەوە بڕێك هەنجیری وشکی، کە سەربازانی هاتی لەگەڵ خۆیاندا هەڵیان گرتبوو، پێشکەشی ئەو کرد،

(٤١) بەر لە سیستەمی مەتری یەکەیەکی پێوانە کردنی درێژی بووە، لە ئانیشکەوە بۆ نووکی پەنجەی ناوەڕاستی دەست (و.ك).



خوارد. دوای ئەوە شەو داهات و مووسا بەرەو ئەو جێگایە کە گالیسکەکەی خۆی لێبوو و دەبووایە لەوێ پشوو بدا، ڕۆیشت.

کاتێك مووسا گەیشتە ئەو جێگایە بینی وا نوون ئاژۆی گالیسکەکەی ئامادەی خەوتن بووە.

مووسا پێی گوت: شەو چەند جارێك لە خەو هەستە ئالیك بدە بە ئەسپەکانی گالیسکەکە، نوون وەك وەڵامێکی باشە سەری خۆی لەقاند. ئینجا شەیپوورەکانی سوپا وەدەنگ هاتن تا بە سەرباز و گالیسکە ئاژۆکان بڵێ کە کاتی خەوتن هاتووە.

مووسا پارچە فەرشێکی، کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، لە سەر زەوی لە پەنا گالیسکەکە ڕاخست و لە سەری پاڵ کەوت تا بخەوێ. بەڵام هەر چەندی کردی تا خەوی لێ بکەوێ، خەو نەچووە چاوەکانی.

نیوە شەو هتپ رە کە بۆ سەردان بە ناو بەشی گالیسکەکانی جەنگییدا دەگەڕا گەیشتە مووسا و تەماشای کرد ئەو بە خەبەرە.

هتپ رە لە مووسای پرسی: بۆچی تا ئێستا هەر بە خەبەری؟

مووسا گوتی: ناتوانم بخەوم.

هتپ رە گوتی: ئایا ژاوە ژاوی ئوردوو ناهێڵێ خەوت لێ بکەوێ؟

مووسا وەڵامیدایەوە: پێموایە هەناسە هەڵکێشانی خەوتووەکان و پرخە پرخی هەندێکیان و دەنگی سمکۆڵی ئەسپەکان کە بەردەوام سمیان لە زەوی دەکوتن و دەنگە دەنگی ئێشکگران کە بۆ ئەوەی خەویان لێ نەکەوێ و یەکتر بە بێداری بهێڵنەوە، بانگی یەکتر دەکەن و دەنگی زنجیری گالیسکەکان کە لە ملاو ئەولاوە دێتە بەر گوێ ناهێڵن خەوم لێ بکەوێ.

هتپ رە گوتی: تۆ دەبێ خوو بەو جۆرە دەنگانەوە بگری و نابێ هیچ کام لەو دەنگانە و هەموو ئەو دەنگانەش ببنە ڕێگری ئەوە کە خەوت لێ بکەوێ، چونکە نووستنی سەرباز لە کاتی شەودا، پێویستییەکە کە شیاوی وەپاش خستن نییە. ئەگەر تۆ شەو نەخەوی بە ڕۆژ ناتوانی گالیسکە لێبخوڕی و کاتێك گەیشتیتە مەیدانی جەنگ ناتوانی شەڕ بکەی.

هتپ رە پاش ئەو ڕاسپاردەیە ڕۆیشت. دوای ئەوە مووسا، بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك خەوی لێکەوت. پاش ئەوە کە چاوی کردەوە نوونی غولامی خۆی، لە پەنا گالیسکەکەیەوە بینی.

مووسا بیری کردەوە کە ئەگەر نوون مەبەستی کوشتنی ئەو بێ، پاش ئەوە کە خەوی لێکەوت بە ئاسانی دەتوانێ ئەو بکوژێ. پاش ئەوە دیسانەوە دووچاری بێ خەوی بۆوە و لە بەر ئەوەی خەو نەدەچوو چاوەکانییەوە، چاوی لە ئەستێرەکانەوە بڕی و کەوتە تەماشاکردنی ئەستێرەکان.

مووسا دەیزانی هەر دەستەیەك لە ئەستێرەکان کە لە بەشێکی ئاسماندا جێگەیان گرتووە، ناوێکی تایبەتییان هەیە و ئەستێرەناسانی بابلی و میسری بۆ هەرکامیان، شێوەیەکیان گریمانە کردووە. بەڵام ناوی ئەو شێوەیە لە هەندێك لە دەستەی ئەستێرەکان ناوێکی بێ ناودێرە، چونکە ئەو ئەستێرانە بەوشێوەیە نین کە ناو دەبرێ. بەو هۆیەوە ئەستێرەناسان، بە خەیاڵ ئەم شێوەیە و شێوەکانی دیکەیان بۆ ئەستێرەکان گریمانە کردووە کە بتوانن بە ئاسانی جێگەی ئەوان لە ئاسمان بدۆزنەوە.

ئەو دەیزانی ئەستێرەیەك لە ئاسماندا نییە کە بە چاو ببینرێ و ئەستێرەناسانی بابلی و میسری، ناوێکیان بۆ دانەنابێ. بە هەر حاڵ هەندێك لە ئەستێرەکان خاوەن ناوێکی تایبەتین و هەندێکی دیکەش ناوێکی گشتی. ناوی ئەوان، ناوی گرووپێك لە ئەستێرەکانە کە ئەو ئەستێرانەش پاژێکن لەو گرووپەدا دێنە ژماردن.

لە حاڵێکدا کە مووسا سەیری ئەستێرەکانی دەکرد، سەرنجی دا کە کەم ڕەنگبوون و لە هەمانکاتدا شەبپوورەکانی سوپا وەدەنگهاتن و سەربازانیان لە خەو هەستاند، چونکە بەیان ئەنگوتبوو.

پاش ئەوە کە سوپا کەوتە ڕێ، لە لێواری ڕۆژئاوای ڕووباری نیل (( وەك ڕۆژی پێشوو ))ەوە کەوتە جووڵان. جوڵانەوەی سوپای ڕەوانەکراوی میسری، لەگەڵ دەورەیەکدا کە کاتی هەستانی ڕووباری نیل بوو، نزیك بوو. لەو ڕۆژەدا، ئاوی شەتی نیل لە ڕۆژی پێشوو زیاتر بەرز ببۆوە و لێوارەکانی داگرتن و سەرەڕای ئەوە کە لە نێوان ڕێگای سوپاو ڕووباری نیل مەودایەکی زۆر هەبوو، ئاو لە لێواری تەختی نیلەوە بەرەو سەرە ڕێگای سوپا گەیشت و لە هەندێك جێگادا کردبیە قوڕ و بە شێوەیەك کە چەرخی گالیسکەکان لە ناو قوڕدا چەقین.

ئاژۆیانی گالیسکەکان داوای بە هاناچوونیان لە سەربازانی پیادەکرد کە گوشار لە گالیسکەکان و چەرخەکان بکەن تا چەرخەکان لە نێو قوڕ بێنە دەرێ. بەڵام سەربازان حەزیان نەدەکرد هاوکاری گالیسکە ئاژۆکان بکەن و یارمەتی نەدانی ئەوان بۆ گالیسکە ئاژۆکان لە وەڕا سەرچاوەی گرتبوو کە ئێرەییان بە سواریی ئەوان دەبرد.



گالیسکە ئاژۆکان بەردەوام لە ناو گالیسکەدا بوون و هەرگیز بەپێ ڕێگەیان نەدەبڕی، لە حاڵێکدا کە سەربازانی پیادە بە بەر هەتاوی گەرم دا و بە بێ سواری دەبووایە ڕێگای خۆیان تەی بکەن.

لەو کاتەدا هەلێك کەوتبووە دەس سەربازانی پیادە تا تۆڵەسەندنەوەیەکی منداڵانە لە گالیسکە ئاژۆکان بکەنەوە. بۆیە بۆ دەرهێنانی چەرخی گالیسکەکان لە ناو قوڕەکەدا، هاوکارییان نەدەکرد. ڕێگای گالیسکەکانیش بە جۆرێك بوو کە گالیسکەکان نەیاندەتوانی لەو ڕێگا قوڕە خۆیان لابدەن ئەگینا ئەوان بەرەو لای ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن و لە جێگایەکەوە تێدەپەڕین کە نەکەوێتە سەرە ڕێی هەستانی ڕووباری نیل.

گالیسکەی مووساش وەکو گالیسکەکانی دیکە لە ناو قوڕدا چەقی بوو. بەڵام کوڕەڵاو جلەکانی لەبەر خۆی دانا و لە کراسێکی کەتان بەو لاوەی لەبەر خۆیدا نەهێشت و لە گالیسکەکە ڕۆهات و بە نوونی گوت: تۆ هەیها لە ئەسپەکان بکە و من لە پاشەوەڕا پاڵی پێوە دەنێم تا چەرخەکان لە نێو قوڕدا بێنە دەرێ.

نوون هەیهای لە ئەسپەکان کردو مووسا لە پاشەوەڕا گوشاری برد و بە پاڵستۆی هێزی بازوو و سنگی مووسا کە پێکانی بۆ داچەقاندبوو، گالیسکە لەجێی خۆی هەڵکەندرا و لە نێو قوڕەکە هاتە دەرێ. هەموو ئەوانەی ئەو دیمەنەیان دەبینی واقیان وڕمابوو.. چونکە کەس وێنای نەدەکرد کەسێکی وەك مووسا کە کوڕی فیرعەون بوو، پاڵستۆ بدا تا چەرخەکانی گالیسکە لە نێو قوڕدا بینێتە دەرێ.

مووسا کاتێك چەرخەکانی گالیسکەکەی خۆی لە نێو قوڕەکە هێنایە دەرێ، بەرەو گالیسکەیەکی دیکە ڕۆیشت و بە ئاژۆی گالیسکەکەشی گوت هەیها لە ئەسپەکانی بکا تا ئەویش لە دواوەڕا پاڵی پێوەبنێ. ئاژۆ، هەیهای لە ئەسپەکان کرد و مووسا لە دواوەڕا پاڵستۆی دا و چەرخی گالیسکەکە لە نێو قوڕ هاتە دەرێ. ئینجا مووسا بەرەو گالیسکەی سێیەم چوو تا چەرخەکانی ئەویش لە نێو قوڕ بێنێتە دەرێ. کاتێك سەربازانی پیادە بینییان کوڕی فیرعەون کە خوێنی خوایان لە بەدەنیدا دەگەڕێ و بۆ دەرهێنانی گالیسکە لە نێو قوڕدا بەو جۆرە زەحمەت دەکێشێ، بەسەر خۆیاندا شکانەوە و کینەی خۆیان بەرامبەر بە گالیسکە ئاژۆکان لە بیر چۆوە و هاوکارییان کرد تا گالیسکەکان لە قوڕ دەرباز بکەن.

گالیسکەکان لە ناوقوڕ دەربازبوون و لەو ناوچەیە کە بە هۆی هەستانی نیلەوە ببوو بە دەریاچە، چوونە دەرەوە. بەڵام دیسانەوە لە سەر ڕێگای گالیسکەکان ئاو هەبوو. سەرباری

ئەوەش مێش و مەگەز کە هەموو ساڵێك، لە کاتی هەستانی رووباری نیلدا لە بیر دەچوونەوە، سەربازان و بە تایبەتی مووسایان ئازار دەدا.

سەربازەکان وەکو مووسا نەبوون کە لە کۆشکی پاشایەتیدا گەورە بووبن، پەلامار و چزووی مێش و مەگەزان، ئەوانی زۆر نارەحەت نەدەکرد. بەڵام مووسا نەیدەتوانی هێرش و پێوەدانی مێش و مەگەزان تەحەمول بکا و بە دەست پێوەدانی ئەوانەوە زۆر ئازاری دەچێشت.

کاتێك کە سەربازانی سوپای رەوانەکراو، بە هاوشانی رووباری نیل، بەڵام بە پێچەوانەی ئاراستەی رێژەوی ئاو، رێگایان تەی دەکرد، حەزیان دەکرد کە وەك ئەو غولامانە بن کە لە نێو بەلەمەکان لەشەتی نیلدا سەوڵیان لێدەدا و ریگایان دەپێوا. چونکە سەرەڕای ئەوە کە سوپای میسر بە وشکانیدا تێدەپەڕی، ژمارەیەك لە غولامان بەشێك لە ئەسپاب و شمەکی سوپایان بە هۆی بەلەمەوە رەتدەکرد و پێ بەپێی سوپای رەوانەکراو دەجووڵانەوە. بەڵام هێشتا بۆ یەکەمین تاڤگەی رووباری نیل بڕێك مەودایان مابوو.

دەزانین کە رووبای نیل لە بەشەکانی سەرەوە، واتە لە باشوور، چەندین تاڤگەی هەبوو کە هەندێك لەوانە ئەمڕۆش هەر هەن. هەندێکی دیکەیان بە هۆی گۆڕانکارییەکانی کە ئاوی هەر رووبارێك لە رۆگەی خۆیدا دەیهێنێتە ئاراوە، لە نێو چوون.

ئەو غولامانەی کە بە هۆی سەوڵەوە بەلەمەکانیان لێدەخوڕی، لەو کاتەدا بە بەراورد لەگەڵ سەربازانی پیادە کە بە وشکانیدا رێگایان دەبڕی، بەختەوەر بوون. چونکە زەحمەتی رێگا بڕینیان بە پێ نەدەچێشت و لەوەش بترازێ ئەنوایەکیان هەبوو و هەتاو لە سەر و لەشی ئەوانی نەدەدا. بەڵام کاتێك دەگەیشتنە نزیکی یەکەمین تاڤگە، ناچاربوون سەرەتا بارەکانی ناو بەلەمەکان بگوازنەوە سەر وشکانی. ئینجا هەر خۆیان بەلەمەکانیش لە ناوشەت بێننە دەرەوە و لە سەر پێلووسکەی دارین لەسەر وشکانی پاڵیان پێوە بنێن تا دەگەیشتنە سەرووی تاڤگەکە و ئینجا بەلەمەکانیان دەخستەوە ناو شەت و بارەکانیش بخەنەوە ناو بەلەمەکان.

لەوکاتەدا بە تاڵکردنی باری بەلەمەکان و گوزاتنەوەیان بۆ سەر وشکانی و ئینجا بردنی بەلەمەکان تا سەرووی تاڤگەکە و بارکرنەوەی بەلەمەکان کارێکی یەکجار سەخت بوو. لەوکاتەدا غولامان حەزیان دەکرد کە خۆزگە وەکو سەربازانی پیادە، بەبەر هەتاودا رێگایان دەکوتا و ئەو زەحمەتەیان نەدەکێشا.

ئاراستەی رێگای سوپای رەوانەکراوی میسر، کە مووسا لەگەڵیدا رێگای دەپێوا، رۆگەی رووباری نیل بوو. مانای ئەو ناوچەیەی کە رووباری نیل سەرەتا لەوێوە تێدەپەڕی. لەبەر ئەوەی



تەنانەت لە زەمانی مووسا، رووباری نیل بە روبارێکی کۆن دەژمێردرا، بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای خۆیدا زۆر بچووك ببۆوە.

ئێمە دەزانین کە هەموو ئاودڕگەکان لە ئاکامی تیژیی رێژەنیی ئاو دروستبوون و ئەمڕۆ ئێمە لە ئەمریکا و ئەورووپا و ئاسیا بە سەر جادەکانی ئۆتۆمبێلدا دەڕۆین سەیری هەر دوولای خۆمان دەکەین دەبینین پانایی ئەو شیوە، کە ئێمە لێیەوە دەڕۆین یەك کیلۆمەتر یان دوو کیلۆمەترە. لە حاڵێکدا کە پانایی ئەو رووبارە کە بە لێواری جادەی ئۆتۆمبێلدا لەو شیوەوە تێدەپەڕێ رەنگە دە مەتر بێ.

دەبێ ئێمە سەرنج لەوە بدەین کە ئەو رووبارە بچووکە ئەوەندە بەربەرین و پڕ ئاو بووە کە هەموو پانایی ئەو شیوە کیلۆمەتریە یان دوو کیلۆمەترییەی پڕ دەکرد، ئەو شیوە قووڵ و بەرینە ئاوی هەمان رووبار دروستی کردووە.

هیچ رووبارێك لەسەر گۆی زەوی نییە کە لەو رێسایە بەدەربێ. هەموو رووبارەکان سەرەتا، پڕ ئاو و فراوان و بە لێشاو بووە. ئاوی رووبارەکان ئەوەندە بە خوڕ و تەوژم بوون کە بەردەگرانیتەکانی بە درێژایی یەك، دوو، سێ، چوار تا دە کیلۆمەتر و تانانەت زیاتریش و بە قوڵایی دەیان و بگرە سەدان مەتری لە بەر یەك بردووەو رێگای خۆی کردۆتەوەو رۆیشتووە. بەڵام ئەمڕۆ پانایی هەندێك لەم رووبارانە رەنگە یەك لە سەدی یان یەك لە هەزاری یان یەك لە دە هەزاری پانایی هەمان ئەو رووبارانەی کۆن نییە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ئیتر لەسەر گۆی زەوی بارانە لافاوییەکانی رابردوو کە تۆفانی نوح چیرۆکێکی ئەو بارانانەیە، نابارێ.

لە داستانی تۆفانی نوح، بارانی چل شەو و رۆژییان باسکردووە. لە حاڵێکدا کە ئەمڕۆ زانایانی زەویناسی دەڵێن ئەو سەردەمەی کە لە سەر زەوی بە جۆرێکی هەمیشەیی بارانی لافاوی تێدا دەباری، پێنج سەد ملیۆن ساڵ درێژەی کێشاوە.

بە کورتی مووسا لەگەڵ سوپای میسردا بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕی کە لە کۆندا شەتی نیل هەموو ئەو ناوچەیەی داگیرکردبوو، بەڵام لە سەردەمی مووسادا تەنیا بەشێکی بچووکی ئەو ناوچەیە رۆگەی رووبارەکەی پێکدەهێنا. جاری وا بوو سوپای میسر بە تەختاندا تێدەپەڕی کە پانایی تا بیست میلی ئەمڕۆ دەبوو و زەمانێك ئاراستەی رێگایان دەگەیشتە ناوچەیەکی بەردەڵان و شاخاوی و لەوێ جاری وابوو ناچار دەبوون ئەسپەکان لە گالیسکەکان بکەنەوە تا لە نێو ئەو بەردەڵانانەدا نەمرن یا بریندار نەبن و بۆ ئەوەی کە گالیسکە جەنگییەکان بۆ ناو شیوێکی رکی بەردەڵان بەرنەبنەوە و تێکنەشکێن، گوریسیان لە پشتی گالیسکەکانەوە

دەبەست و ژمارەیەك لە ئاژۆ و سەربازان ئەو گوریسەیان دەگرت و گالیسکەکە بە ئەسپایی دەهاتە سەرێ.

لەو جێگایانە کە تەختانی بوو، سوپای ڕەوانەکراوی میسر لەبەرەبەیانەوە تا خۆرئاوا بوون، سی و پێنج میل ڕێگای دەبڕی. بەڵام لە ناوچە شاخاوی و بەردەڵانەکاندا جووڵانەوەی سوپا زۆر هێواش دەبۆوە.

لەو نوختانەدا مووسا لە کاتی بەرەبەیان و خۆرئاوا لە تەماشاکردنی ئەو بەردانە چێژی وەردەگرت. چونکە کاتێك کە یەکەمین تیشکی خۆر لە بەردەکانی دەدا و ئاخرین تیشکی خۆر، بەردەکانی رووناك دەکردەوە، هەندێك لە بەردەکان بە ڕەنگی سەوز و زەرد یا ئەرخەوانی دەدرەوشایەوە. مووسا کە هەرگیز بەو ناوچەیەدا ( بێجگە لە سواریی کەشتی شەتی نیل ) تێنەپەڕی بوو، بە سەرسوڕمان و چێژەوە لەو ڕەنگە درەوشاوانەی دەڕوانی.

نێوان ناوچەی ( کەرنەك) و یەکەمین تاڤگەی شەتی نیل، بە پێوەری ئەمڕۆ دوو سەد میل مەودای هەبوو. ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو بێ ئەوەی کە ماوەی پشوودان بە سەربازەکانی بدا هەموو ڕۆژێك ئەوانی ناچار بە تەی کردنی ڕێگا دەکرد.

لەو ناوچانەدا کە بەردەڵان نەبوون و قوڕ، تێپەڕبوونی گالیسکەکانی دژوار نەدەکرد، گالیسکەکانی مووسا بە لێواری نیلدا تێدەپەڕین و کوڕەلاو دەیبینی کە جووتیاران لە سۆنگایی هەستانی رووباری نیل خۆیان بۆ تۆوکردن ئامادە دەکرد. لە هەندێك نوختەدا، جووتیاران بێ ئەوەی کە چاوەڕێ بن تا ئاوی نیل کە زەوی و زاری کشتوکاڵی ئەوانی داگرتبوو، بەتەواوی وشك ببێتەوە زەوی و زاریان دەکێڵاو کاری خۆیان وەپێش دەخست تا هەر کە ئاوی نیل کشایەوە، تۆو بکەن.

کاتێك سوپای ڕەوانەکراوی میسر بە لێواری ئاوابییەکان و داچینراوەکاندا تێدەپەڕی منداڵان بۆ تەماشاکردنی سوپا دەهاتن و پیاوان و ژنان بە هۆی سەرقاڵییان بە کاری کشتوکاڵەوە نەیاندەتوانی بێن و تەماشای سوپا بکەن.

ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو، دەربارەی ئەو سەربازانەی کە بە هۆی برینداربوون یا هۆکاری دیکە لە ڕێگا ڕۆیشتن بەجێدەمان، بەزەیی هاتنەوەی نەبوو و ئەوانی لە لێواری ڕێگا بەجێ دەهێشت، تا هەر جۆرێك کە خۆیان دەتوانن وابکەن بۆ ئەوەی کە پاشان، خۆیان بگەیەننەوە سوپا یاخود بگەڕێنەوە. تەنانەت ئەو سەربازانەی لە کاتی ڕۆیشتندا لە



بەردەڵانەکانەوە هەڵدەدێران و قاچیان دەشکا بە فەرمانی ستی کف، کە لە ڕێگای ئەفسەرانی سوپاوە جێبەجێ دەکرا، بەجێ دەهێڵران.

مووسا ئەو کارەی بە کارێکی بێ بەزەیی دەزانی، بەڵام دەیزانی ستی کف ناتوانێ سەربازی نەخۆش و بریندار لەگەڵ خۆیدا ببات، چونکە ئەو سەربازانە دەبوونە بار بە سەرسوپاوە و دەبوونە بەربەستی ئەوە کە سوپا بە خێرایی بەڕێگادا ڕێ بکا.

سەربازانی پیادە لە سپێدەوە تا دەمی ڕۆژئاوا بە بەرهەتاودا ڕێگایان تەی دەکرد و بەردەوام ئارەقیان لێ دەچۆڕایەوە. هەموو ڕۆژێك ڕەنگی روخسار و ئەو شوێنانەی لەشیان کە جلی پێوە نەبوو، ڕەشتر دادەگەڕا.

بە هۆی ئارەقکردنەوەی زۆر لەبەر هەوای گەرم، پێویستی سەربازانی میسری بە خوێ بە ڕادەیەك زۆر بوو کە گۆشتی سوێرکراو و ماسی سوێریان بە ئیشتیاوە دەخوارد. خواردنی ئەسڵی ئەوان لە گۆشتی سوێرکراو و ماسی پێکدەهات و کاتێك کە تینوویان دەبوو ئازادبوون لەوە کە هەر چەندێك ئاودەخۆنەوە، بخۆنەوە و شەتی نیل لەبەردەستیان بوو و ئاوێکی زۆری لەبەر دەڕۆیشت.

مووسا دیقەتی گرت سەربازانی کرێگرتەی بیانی کە لە ناو سوپای ڕەوانەکراودان، نە نەخۆش دەکەون و نە بریندار دەبن، چونکە لە کاتی ڕێکردندا لە سەربازانی میسری تاقیکردنەوەیان زیاترە و دەزانن لە ناوچە بەردەڵانەکاندا چۆن بەڕێدا بڕۆن و نەکەونە خوارەوە یاخود هەڵنەدێرێن و بریندار نەبن و بە شێوەیەك خواردن بخۆن کە نەخۆش نەکەون. بەڵام لەویژدانی ئەواندا وەکو سەربازانی میسری جگە لە دوو بیر هیچی دیکە یان نەبوو: یەکەمیان بیری بە دەست هێنانی زێڕ و مس، دووەمیان خۆشگوزەرانی لە کاتی بێکاریدا.

مووسا هەر کاتێك کە لە منزڵگا گوێی لە ئاخاوتنی سەربازان رادەگرت دەیبیست کە زۆربەی قسەوباسی ئەوان لەسەر بنەمای پێویستی بە دەسهێنانی زێڕ و مس دەگەڕێ، یا خۆشییەکانی بەهرەمەندبوونیان لە کاتی لاویدا بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. لەبەر ئەوەی لەو ڕووەوە جیاوازییەك لە نێوان سەربازانی میسری و سەربازانی کرێگرتەی بیانی کە لە نێو سوپای ڕەوانەکراودا خزمەتیان دەکرد نەبوو، مووسا بە خۆی دەگوت وا دەردەکەوێ کە ئیدی بە دەسهێنانی زێڕ و مس و خۆشگوزەرانی پاژێکە لە سروشتی هەر سەربازێك و هیچ سەربازێك نییە کە ئەم دوو بیرەی نەبێ.

هەر کاتێکی شەو، کە مووسا لە منزڵگا خەبەری دەبۆوە و چاوێکی لە جێگای پشوودانی ستی کف کە خێوەتێکی گەورە بوو، دەکرد، دەیبینی کە چرا ڕۆشنە و ئەو بەخەبەرە و یەکێك یان چەند نەفەرێك لە خێوەتەکەن و وا دەردەکەوت کە کار دەکەن.

مووسا کە یەکەم جار ستی کفی بینی، ئەو پیاوەی نەکەوتە بەر دڵ، بەڵام هەر چەند ڕۆژانێك تێدەپەڕین، زیاتر بەهای بۆ ستی کف دادەنا، چونکە هەستی دەکرد کە ئەو پیاوێکی زەحمەتکێش و لێوە شاوەیە.

مووسا دیقەتی دا ستی کف سەرەڕای ئەوە کە فەرماندەی سوپایە، لە هەر کام لە ئەفسەر و سەربازەکان زیاتر زەحمەت دەکێشێ. ئەفسەر و سەرباز هەر کە ڕێکردن تەواو دە بوو و دە گەیشتنە منزڵگا ژەمەخواردنی خۆیان دەخوارد و ئینجا لێی دەخەوتن تا ئەو کاتەی شەبیوورەکانی سوپا لە دەمی بەرەبەیاندا ئەوانی لە خەو بێدار دەکردەوە. بەڵام ستی کف کە لە بەرەبەیانەوە تا خۆرئاوا بوون، بێ پسانەوە، چاودێری ڕێکردنی سوپا دەکا، پاش ئەوە کە دەگەیشتە منزڵگا ناخەوێ و تا بەرەبەیان هەر بێدار دەمێنێتەوە و کار دەکا.

مووسا دیقەتی دابوو کە هیچ مەسەلەیەکی پەیوەست بە کاروباری بەرێوەبەردنی سوپاو ڕێکردنی سوپا نییە کەلای ستی کف بە پەنهانی مابێتەوە و لە بەرچاوی ئەو نەبێ. مووسا دەیبینی کە فەرماندەی گشتی سوپای ڕەوانەکراو، بەردەوام ئاگادارە کە ئەسپەکانی گالیسکە جەنگییەکان چەند ئالێك بخۆن و سەربازان جیرەی بڕیاردراوی خۆیان بەرێکوپێکی وەربگرن و هەموو شەوێك بە ئاسوودەیی بخەون و هەموو سپێدەیەك بەر لە جووڵانی سوپا و هەر ئێوارەیەك، پێش پشوودانی سەربازان، لە هەر بەشێکدا ئامادەیی و نا ئامادەیی سەربازان بە سەر بکرێتەوە.

مووسا سەرەڕای ئەوە کە دەیزانی ستی کف لە نەفەرێك بەولاوە زیاتر نییە، هەستی دەکرد وەك بڵێی ئەو پیاوە هەزار نەفەرە و چاودێر و ئاگاداری یەك بەیەکی ئەفسەران و سەربازانە و لەوانەش خودی ئەو (مانای مووسا) شە.

مووسا دەیبینی کەستی کف سەرەڕای ئەوە کە خوێندنی نەخوێندووە و وەکو هتپ رە وایە، نەخشەکانی جەنگ تاوتوێ دەکا و کوڕەڵاو لەو مەسەلەیە سەری سوڕنەدەما، چونکە لە پایتەختی میسر بینیبووی کە هەندێك کەس لە تەلارسازان وێڕای ئەوە کە خوێندەوارییان نەبوو، دەتوانن نەخشەکانی تەلارەکان هەڵبسەنگێنن و لە نێوان ئەواندا کەسانێك هەن کە دەتوانن نیگار بۆ ئەو نەخشانە بکێشن.



-١٢-

# لە ماڵی پزیشکێکی گۆشەنشیندا

کاتێك سوپای میسر گەیشتە نزیکی یەکەمین تاڤگە، ستی کف پەیامێکی بۆ مووسا ڕەوانکرد کە بچێ بۆ دیدەنی وی.

لەو ڕۆژەوە کە مووسا لە شەتی نیل چووە ناو کەشتی فەرماندەی گشتی سوپا و ستی کف ڕێز و بەهای بۆ ئەو دانا، مووسا ئیدی قسەی لەگەڵ ستی کف نەکردبوو. گەرچی مووسا هەموو ڕۆژێك لە دوورەوە ستی کفی دەبینی و فەرماندەی گشتی سوپا هەر کاتێك کە ئەوی دەبینی لە دوورەوە ئاماژەیەکی دەکرد کە نیشانەی خۆشەویستی بوو بۆ ئەو، بەڵام وانەهاتبووە پێشەوە کە مووسا وەکو ئەو ڕۆژە کە بۆ کەشتی ستی کف چوو بوو، ماوەیەك لەگەڵ ئەودا گوت و بێژ بکا.

ئەو ڕۆژە، دەمێك کە فەرماندەی سوپا پەیامی بۆ مووسا ناردبوو کە بچێ ئەو ببینێ، مووسا خۆشحاڵ بوو، چونکە — بەوجۆرە کە گوتمان- ئەو وردە وردە ڕێزی بۆ فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو، دادەناو ئیدی ئاخاوتن لەگەڵ ئەودا، بەرنامەی یەك ئاهەنگی ڕێکردنی مووسای کەمێك دەگۆڕی. ئەوەبوو بەنوونی گالیسکە ئاژۆی خۆی گوت، گالیسکەکەی بەرەو گالیسکەی فەرماندەی گشتی سوپا لێبخوڕێ. لەبەر ئەوەی کە زەوییەکە تەختتان بوو، نوون چوار ئەسپی گالیسکەکەی دەنگداو بەزوویی لە گالیسکەی فەرماندەی گشتی سوپای ڕەوانەکراو نزیك بۆوە.

کاتێك کە ستی کف بینی مووسا وا بەرەو لای ئەو دێ، بە گالیسکە ئاژۆی خۆی گوت کە بەرەو لای مووسا بڕوا، مانای پێشوازی لەو بکا، چونکە مووسای بە کوڕی فیرعەون دەزانی و وای بیردەکردەوە کە ڕێز گرتنی کوڕی پاشای میسر، پێویستە.

کاتێك دوو گالیسکەکە بە جۆرێك لە پەنای یەکەوە ڕاوەستان بە شێوەیەك کە ستی کف و مووسا بتوانن بە ئاسوودەیی بەیەکەوە قسە بکەن، ستی کف گوتی: ئەی شازادەی میسر سڵاو.

مووسا وەڵامیدایەوە: سڵاو ئەی فەرماندەی گشتی سوپا.

ستی کف پرسی: ئایا لە سەفەری جەنگیی خۆت رازی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نە هەر رازیم، بەڵکو خۆشحاڵیشم کە بەشداریم لەو سەفەرەدا کردووە. بەشداربوونم لەو سەفەرە جەنگییەدا، ژیانی یەك هەوای منی لە پایتەخت گۆڕی و لەگەڵیشیدا کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەکم بەدەسهێنا کە ئەگەر لەو سەفەرەدا بەشداریم نەکردایە ئەو تاقیکردنەوانەم بەدەس نەدەهێنا.

ستی کف گوتی: حەزم دەکرد پاشا لێرە بووایە و کوڕەکەی خۆی بدیبایە و تەماشای بکردبایە کە کوڕەکەی بۆتە سەربازێکی واقیعی میسری چونکە وەکو سەربازێك تەپوتۆزاوییە و روخساری لەبەر هەتاو رەش هەڵگەڕاوە. پاشان گوتی: باوکت لێرە نییە تا بە بینینی تۆ کە بوویە سەربازێکی واقیعی، خۆشحاڵ بووایە، بەڵام من چێژ لە دیدەنی تۆ دەکەم، هەموو شتێکی تۆ وەکو سەربازێکی پیشەیی وایە تەنیا ریشت نەبێ.

مووسا پرسی: ئەی ستی کف، چۆن ریشی من وەك سەربازێکی پیشەیی نییە؟

فەرماندەی گشتی سوپای رەوانەکراو: سەرباز و ئەفسەرانی سوپا لەکاتی رێکردندا هەلیان دەس ناکەوێ یاخود سەلیقەیان نییە ریشی خۆیان بتاشن، بەڵام دەبینم تۆ ریشت تاشراوە ئایا تۆ هەمو رۆژێك تراش دەکەی؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی ستی کف! فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، ئاماژەیەکی بەرەولای نوون کە جڵەوی ئەسپەکانی گالیسکەکەی مووسای لە نێودەست دابوو، کرد و گوتی: ئایا ئەو پیاوە کە گالیسکە ئاژۆی تۆیە ریشت بۆ دەتاشێ؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من هەموو رۆژێك بۆ خۆم ئەو کارە جێبەجێ دەکەم.

ستی کف گوتی: ئەو پیاوە ئەگەر بتوانێ گالیسکەی تۆ بەباشی لێبخورێ دەشتووانی ریشت بۆ بتاشێ ئایا ئەو پیاوە دەتوانێ گالیسکەی تۆ لێبخورێ؟

مووسا گوتی: بەڵێ نوون گالیسکەی من بەباشی لێدەخورێ.

ئینجا ستی کف بابەتی ئاخاوتنی خۆیانی گۆڕی و گوتی: لەبەر ئەوەی کە تۆ فەرماندەی گالیسکەی جەنگیی، تەئکید لە گالیسکە ئاژۆکان بکەوە کە رۆژی سێ جار تەوەری چەرخەکان، کە چەرخی گالیسکەکانی بە دەوردا دەسوڕێتەوە، چەور بکەن و هەروەها رۆژی چەند جار، ئەگەر دە جاریش بێ باشترە لەوە کە نۆجار بێ، ئاو بەچەرخەکانی گالیسکەکاندا بکەن.



ئەگەر ئەو مازەیەی کە بەدەوری چەرخەکانی گالیسکەکەی تۆ و ئەوانی دیکە، کە لە نێوان چەرخەکە و زەوی دایە لە ئاسن بووایە، من پێم نەدەگوتی رۆژی دە جار ئاوی پێدابکە، بەڵام لە میسر، هێشتا مازەی چەرخی گالیسکەکانی ئێمە لە برۆنزە، لەحاڵێکدا لە وڵاتی هاتی مازەی چەرخەکانی هەموو گالیسکەکان لە ئاسن دروستکراوە.

ئەو چەرخانەی کە مازەی ئاسنی هەبێ، عەیبدار نابێ، بەڵام چەرخی گالیسکەکانی ئێمە لەبەر ئەوەی مازەکانی لە برۆنزە زوو لەق دەبێ و پێویستە هەر رۆژێك، چەندین جار ئاو بە چەرخەکاندا بکرێن تا داری چەرخەکان هەڵ بئاوسێ و مازەی برۆنزیی، بە مەحکەمی بێڵێتەوە و چەرخی گالیسکەکان بە هۆی لەدەس دانی مازە، تێکنەشکێ. تەنانەت خواکانیش، ناتوانن چەرخێکی گالیسکە، کە چەمبەرەکەی ئاسنە و بەباشی دروستیان کردووە، تێك بشکێنن، بەڵام چەمبەری برۆنزیی گالیسکەکانی میسر، جاری وا هەیە لەوکاتەدا کە گالیسکە سوار پێویستی زۆر گەورەی بە گالیسکەی خۆی هەیە تێکدەشکێ و هەرکە چەمبەری برۆنزیش تێکشکا گالیسکە لە کار دەوەستێ.

ستی کف کەزانی کوڕەلاو بە دیقەت و سەرنجێکی زۆرەوە گوێ لە قسەکانی ئەو دەگرێ زیاتر درێژەی پێدا و گوتی: تۆ هەروەکو پارێزگاری لە چوار دەست و پێی ئەسپەکانی خۆت دەکەی دەبێ ئاوایش چاودێری چەمبەرە برۆنزییەکانی گالیسکەی خۆت بی. گەرچی دەڵێن خواکان کاتی مردنی مرۆڤیان دیاری کردووە و هەر کەس لەوکاتەدا کە بۆی دیاریکراوە ماڵئاوایی لە ژیان دەکا، بەڵام من بە تاقیکردنەوە فێر بووم کە ئەگەر مرۆڤ خۆپارێزیی و دووربینی بکا و لە رووی ئەنقەستەوە خۆی دووچاری مەترسی نەکاتەوە، تەمەنی درێژتر دەبێ. بەڵام لەوەی کە ئەمرۆ، تۆم زەحمەت دا و داوام لێکردی کە ببینی بەو هۆیەوەیە کە ئەمشەو ئێمە دەچینە ماڵی پیاوێك کە ماڵەکەی پێش یەکەمین تاڤگەی شەتی نیل کەوتووە و من وابیر دەکەمەوە کە ئەگەر کوڕی پاشا پێی نەخاتە ناو ماڵی ئەو پیاوەوە، دەبێتە مایەی سەرشکانەوە بۆ ئەو.

مووسا پرسی: چۆن بۆ ئەو پیاوە دەبێتە مایەی سەرشکانەوە؟

ستی کف گوتی: تۆ کوڕی فیرعەونی و خوێنی خوایان لە بەدەنی تۆدایە، بەڵام لەم کاتەدا تۆ یەکێکی لە ئەفسەرانی من و ئەگەر تۆ نەچییە ماڵی ئەو پیاوە، ئەو وا وێنا دەکا کە من بە ئەنقەست ئەوم لەوشانازییە بێبەش کردووە. ئێستا پێم بڵێ ئەو شانازییەی پێ دەدەی و لەگەڵ ئێمەدا دێیە ماڵەکەی؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی ستی کف، بەڵام ئەو پیاوە کێیە؟

فەرماندەی سوپای رەوانەکراو وەڵامیدایەوە: پزیشکێکە!

مووسا گوتی: بێگومان ئەو پزیشکە لە ناو ئاواییەکدا دەژی.

ستی کف وەڵامیدایەوە: نا، ئەو بە داوێنی گردێکەوە، پێش یەکەمین تاڤگە، ماڵێکی دروستکردووە و لەو ماڵە دا دەژی؟

مووسا پرسی: ئەو پیاوە چۆن بە تەنیایی لەو خانووەدا دەژی؟

فەرماندەی سوپای رەوانەکراو گوتی: ئەو بە تەنیا نییە، بەڵکو لەگەڵ ژن و کچەکەی خۆی دەژی و گەورەترین پزیشکی میسرە.

مووسا گوتی: چۆن گەورەترین پزیشکی میسر، لە نوختەیەکی ئاوا دووردا دەژی؟

ستی کف گوتی: ئەم پزیشکە پایە بەرزە سەرەتا لە (( کەرنەك)) دەژیا و لە هەموو دنیاوە، نەخۆشان دەهاتنە کەرنەك تا خۆیان پیشانی ئەو پزیشکە بدەن و بە دەستی ئەو چارەسەر بکرێن. بەڵام باوکی ئەو پزیشکە دەستی لە ئایینی باوباپیرانی هەڵگرت و بووە پەیڕەوی ئایینی باتڵ و ناوی کوڕەکەی خۆی نا (( ئاتوون مووسا )).

مووسا پرسی: ئایا ناوی ئەو پزیشکە ئێستاش هەر ئاتوون مووسایە؟

فەرماندەی سوپای رەوانەکراو گوتی: بەڵێ ئێستاش هەر ناوی (( ئاتوون مووسا )) یە و لەو کەسانە دەژمێردرێ کە لە رابردوودا ئایینی خوای درۆزنیان قبووڵ کرد. بەڵام من دەس لە ئایینی خۆم هەڵناگرم و بە ئاموون هاتوومەتە دنیا و هەر بە ئاموونیش ماڵئاوایی لەو دنیایە دەکەم.

مووسا گوتی: من دەزانم تۆ دوژمنایەتیت لەگەڵ ئەوانەدا هەیە کە پەیڕەوی ئایینی ئاتوونن!

ستی کف گوتی: گەرچی من پەیڕەوی ئایینی ئاموونم، بەڵام دوژمنایەتیم لەگەڵ ئاتوون دانییەو شەڕەکانی دنیا بەجۆرێك منیان سەرقاڵ کردووە دەرفەتی ئەوەم نییە خۆم بە جەنگی خوایانەوە سەرقاڵ بکەم.

مووسا گوتی: بەو تەرزە، ئەو پزیشکە کە تۆ دەڵێی، لە سۆنگایی ئەوە کە پەیڕەوی ئایینی ئاتوونە، ناچار بووە خۆی لە شارەکان دوورە پەرێز بگرێ و لەوناچەیە دووربکەوێتەوە و لە نزیك یەکەمین تاڤگە بژی.

ستی کف گوتی: بەڵام لەو نوختە دوورە دەستەشدا لێ نەگەڕان ئاسوودە دابنیشێ و رۆژێك چەند کەس لە کاهینان هاتنە لای ئەو و پێ یان گوت کە دەبێ ئەو دوو کار جێبەجێ بکا،



یەکەم ناوی خۆی دەبێ بگۆڕێ و ناوی ئاموون مووسا لە خۆی بنێ، دووەمیان جێگای گۆری باوکی بەکاهینان پیشان بدا تا کاهینان گۆڕەکەی هەڵبدەنەوە و لاشەی مۆمیا کراوی باوکی لە گۆڕەکەی بێنە دەرێ و بیسوتێنن بۆ ئەوەی باوکی لەو دنیای دیکەدا ژیانی نەمریی وەدەست نەکەوێ.

مووسا پرسی: ئەو چی پێ گوتن؟

ستی کف گوتی: ئەو بە کاهینەکان پێکەنی و بە یەکێکیانی گوت تۆ تووشی نەخۆشی گەدە بووی و سێ رۆژی دیکە، ژانی گەدەت تاو دەستێنێ و تۆ دەبێ خۆت نەشتەرگەری بکەی و ئەگەر خۆت نەشتەرگەی بکەی و خۆت نەشتەرگەری نەکەی هەر دەمری. ئێستا بیر بکەوە چ پزیشکێك دەبێ تۆ نەشتەریی بکا. ئەو پیاوە گوتی: من پزیشکێکی لە تۆ کارزان تر ناناسم و دەبێ تۆ خۆت نەشتەرییەکە بۆ من بکەی.

پاش ئەوە پزیشك بە کاهینێکی دیکەی گوت: تۆ دووچاری ژانە سەری هەمیشەیی هاتووی. لە پایتەختی میسر و شاری کەرنەك، پزیشکان، بۆ ئەوەی ژانە سەری هەمیشەیی چارەسەر بکەن، کاسەی سەری نەخۆش کون دەکەن بۆ ئەوەی ئەو هەڵمەی کە لە ناو کاسەی سەری نەخۆش دایە و هۆکاری ژانە سەری هەمیشەییە، بێتە دەرێ. لە وانەشە گوێت لێ بووبێ نیوەی ئەو کەسانەی کە کاسەی سەریان کون دەکرێ گیانیان لە دەس دەدەن و هیچ پزیشکێك، کاتێك کە دەیەوێ کاسەی سەری نەخۆشێك کون بکا، ناتوانێ بەڵێنی ئەوەبدا کە ئایا نەخۆش، پاش کاری نەشتەرگەری زیندوو دەمێنێ یان نا. بەڵام من بێ ئەوەی کاسەی سەرت کون بکەم چارەسەری تۆ دەکەم و ئەگەر تۆ بە تەمای ئەوەبی من بکوژی، تووشی چەند پزیشکێك دەبی کاسەی سەرت کون دەکەن و گیانت دەکەوێتە مەترسییەوە. بەو پێیە کاهینانی ناچار کرد کە وازی لێ بهێنن و ئەو بە حاڵی خۆیەوە بەجێ بێڵێن.

ئێستا بیست ساڵە ئەو پزیشکە گەورەیە کە هاوتای وی لە میسردا نییە، لەو نوختە دوورە دەستەدا دەژی و کەس کارێکی بە سەر کاری ئەو دانییە. بەڵام خەڵکی جیهان لە زانستی ئەو بێبەش بوون.

پاشان ستی کف بابەتی ئاخاوتنەکەی گۆری و گوتی: ئەمشەو پێش ئەوەی کە بچینە ماڵی ئەو پزیشکە، جلەکانی خۆت بگۆڕە و بەرگێك لەبەر بکە کە لە ئاستی پلەی لاوێکی وەکو تۆ کە کوڕی فیرعەونی، بێت و ئێمەش جلەکانی خۆمان کە چینێك تەپۆتۆزی لە سەر نیشتووە دەگۆڕین و خۆمان و دەشۆین و جلێکی دیکە لەبەر خۆمان دەکەین.

کاتێك کە مووسا لە فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو جیا بۆوە و بۆ جێگاکەی خۆی گەڕایەوە لە قسەکانی ستی کف لە بارەی ئەو پزیشکەوە کە دەیگوت ناوی ئاتوون مووسایە سەری سوڕما. ئەو، هەرگیز گوێی لە ستی کف نەبوو بوو ئەوەندە ستایشی هیچ کەسێك بکا. فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو تەنانەت کاتێك لە بارەی فیرعەونەوە قسەی دەکرد بەو شێوەیە پاشای میسری شکۆدار نەدەکرد.

کاتی عەسر، بە فەرمانی ستی کف، سوپای ڕەوانەکراوی میسر، لە پەنا ڕووبای نیل بارخانەی لێ بەرپا کرد و ئوردووی دامەزراند. هێشتا تاڤگەی ڕووباری نیل (تاڤگەی یەکەم) نەدەبینرا، بەڵام دەنگی تاڤگەکە دەکەوتە بەرگوێ.

مووسا پاش ئەوە کە لە کاری گالیسکەی جەنگیی دەس بەتاڵ بوو، جلە تەپوتۆزاوییەکانی لەبەر خۆی دانا و لە لێواری ڕووباری نیل، لەشی خۆی شۆرد و پاشان فەرمانی بە نوون کرد ئەو سندوقەی بۆ بێنێ کە جلەکانی وی تێدایە. نوون ئەو سندوقەی هێناو کوڕەلاو دەستێك جلی کەتانی گرانبەها، لە جۆری ئەو جلانەی کە لە پایتەخت لە بەری دەکرد، کردە بەر خۆی و پاشان گەردانەیەکی گرانبەهای لە ملی خۆی کرد و دەستبەندی لە دەستی خۆی کرد و گەردانەی لە ملی خۆی کرد. هەر کەسێك ئەو گەردانە و دەستبەندەی دەبینی، دەیزانی کە خاوەنی ئەمانە کوڕی پاشای میسرە. سەربازانی ئوردوگا، بە حەپەساوییەوە لە مووسایان دەڕوانی و ستایشی جوانیی ئەویان دەکرد، پاش ئەوە کە مووسا جلی خۆی گۆڕی، گالیسکەی فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو گەیشتە جێ و ئەو گالیسکەیە یەکێك لە ئەفسەرانی بەرزی سوپا کە ناوی (( سوکر مووسا )) بوو لێی دەخوری.[٤٢]

مووسا سواری گالیسکە بوو و جگە لە سوکر مووسا ئاژۆی گالیسکەکە و ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو و مووسا، کەسی دیکە لەو گالیسکەیەدا نەبوو، مووسا وای وێنا دەکرد ژمارەیەك لە ئەفسەران هاوڕێی ستی کف دەبن، بەڵام دەرکەوت جگە لە سوکر مووسا کەسی دیکەی لەگەڵدا نابێ.

گالیسکە بە خێرایی کەوتە ڕێ و هەرچی زیاتر ڕێگەی دەپێوا دەنگی تاڤگە پتر ڕوون دەبۆوە تا وای لێهات تاڤگەکە لە دوورەوە دەرکەوت. مووسا تەماشای کرد لەو جێیە کە

(٤٢) ئێمە وامان وێنا دەکرد کە ناوی مووسا ناوێکی تایبەتی تاکە کەسێك بووە ئێستا کە لەم بەسەرهاتەدا کە (( هاوار د فاست )) ی ئەمریکی لە مێژوو وەریگرتووە، دەبینین کە ناوی مووسا لە میسری کۆندا، بە یەکێك لە ناوە بەربڵاوەکان هاتووە. (و.ف)



تاڤگەیە، شەتی نیل لەیەك ڕێڕەوی چیاییەوە تێدەپەڕێ و پاشان هەڵدەڕژێتەخوارەوە و ئاو، پاش هەڵڕژانی، بە جۆرێك کەف دەکا کە دەڵێی لە بن تاڤگەکە دەریایەك کەفی سپی دەکوڵێ، بەڵام کاتێك ماڵی پزیشکی گۆشەنشین لە داوێنی گردەکەوە وەدەرکەوت، مووسا لە تەماشاکردنی تاڤگەکە ڕووی وەرگێڕا و سەیری ماڵەکەی دەکرد، چونکە دیقەتی دا کە تا ئەو ڕۆژە ماڵێکی بەو جوانییە نەدیتبوو.

ئەو ماڵە بە شێوەی شەش لابوو و نەخشەی بیناکەی بە نەخشەیەکی جوان و بێ هاوتا، نەدەژمێردرا، بەڵام بە ئەندازەیەك هاوئاهەنگی تێدابوو، کە چاوی مووسا لە تەماشا کردنی تێر نەدەبوو. ئەو خانووە جیاواز لەو خانووانەی کە لە شارەکانی میسردا دروست دەکران، دیواری دەوری حەوشەی نەبوو و هەروەها دوو خانووی دیکەش لە پەنا خانووە ئەسڵییەکەوە هەبوون، بەڵام لەمەودایەکی دوور دەکەوتنە بەرچاو. مووسا زانی ئەوە یەکێکیان بۆ غولام و کەنیزانە و ئەوەی دیکەیان پشتیرە بۆ بەخێوکردنی ماڵات.

خانووی غولام و کەنیزان و پشتیریان لە جێگایەکی دوور بنیات نابوو تاکو خزمەتکاران و ماڵاتی ئەوێ دانیشتوانی ماڵەکە نارەحەت نەکەن. لە بەرامبەر ئەو خانووە، باخێك هەبوو کە بە پلیکانەیەك کۆتایی دەهات، کاتێك لە پلیکانەکان دەچوونە خوارەوە دەگەیشتنە جێیەك کە لێواری ڕووباری نیل بوو.

کاتێك گالیسکە گەیشتە ئەو بەشە، مانای گەیشتە پلیکانەکان، چەند غولامێك کە لەوێ ئامادە بوون جڵەوی ئەسپەکانی گالیسکەکەیان گرت و سەرنشینەکانی گالیسکەکە هاتنە خوارێ و لە پلیکانەکانەوە چوونە سەرێ.

لە سەرووی پلیکانەکانەوە، پیاوێکی میسری، نەبالابەرز و نەکورت و کەمێك قەڵەو، بە جۆرێك بە گەرمی و خۆشەویستییەوە بە خێرهاتنی ستی کفی کرد دەتگوت ساڵانێکە چاوەڕێی هاتنی ئەو دەکا.

سەرەڕای ئەو پیاوە، ژنێك کە دیار بوو ژنی ئەو پیاوەیە و کچێکی گەنج لە نێو باخەکەدا دەبینران.

(( ئاتوون مووسا )) کە خاوەن ماڵ بوو، باوەشی بەستی کفدا کرد و ماچی کرد و پاشان ژنەکەی بە ناوی (( ستپ ئاتوون )) و کچەکەی بە ناوی (( مریت ئاتوون )) ناساند و لە کاتی ناساندنی کچەکەیدا گوتی کە ئەو مایەی دڵنەوایی ساڵانی کۆتایی ژیانی منە.

مووسا دیقەتی دا کە نە تەنیا ناوی ئەو پیاوە ئاتوونە، بەڵکو ناوی ژنەکەی و کچەکەشی هەر ئاتوونە و ئەگەرێکی بە هێز هەیە ژنەکەی و کچەکەشی وەکو ئەو پیاوە خوای ئاتوون دەپەرستن.

چاوی ئاتوون مووسا، مانای خانە خوێ، کە یەك راست بە کوڕەلاوکەوت، بە بینینی ئەو تێك رابوو و ستی کف ئەو تێك رابوونەی ئەوی دی و مووسا خۆشی دیقەتی دا کە پزیشکی گۆشەنشین بەبینینی ئەو زەندەقی چووە.

هۆکاری زەندەق چوونی ئەو پیاوە لە مووسا، ئەوە بوو کە کاتێك نیشانەکانی ئەوی بینی دیقەتی گرت کە ئەو فیرعەون زادەیە و بینینی فیرعەون زادەیەك بۆ پیاوێك کە بە ناوی ئاتوونەوە دەناسرێ یەکجار مەترسی هەبوو.

فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر، بۆ ئەوەی پزیشك لەزەندەق چوون دەربێنێ گوتی: ئەی دۆستی خۆشەویست، مەشڵەژێ و وابیرمەکەوە کە من ویستوومە ببمە مایەی زەحمەت دانی تۆ، من ئاگاداری تۆم کرد کە لەگەڵ ((سوکر مووسا)) مانای ئەم پیاوە باڵابەرز و تیکسمڕاوە کە یەکێکە لە ئەفسەرانی پێشکەوتووی من دێینە لات.

کاتێك کە من ئەو پەیامەم بۆ تۆ نارد، دیقەتی ئەوەم نەبوو کە کوڕی پاشا لە ناو سوپای من دایە و تێگەیشتم کە ئەگەر ئەو نەهێنمە ماڵەکەی تۆ، ئەوا تۆ دڵت لە من دەرەنجێ کە تۆم لەو شانازییە بێبەشکردووە. ئەوە بوو داوام لێکرد کە لەگەڵ من و سوکر مووسادا بێتە ماڵەکەی تۆ و لەوانەیە تۆش بزانی کەمن پیاوێك نیم لە ناسینی پیاواندا هەڵە بکەم.

سەرەڕای ئەوە کە ستی کف ویستی خانەخوێی خۆی دڵنیا بکاتەوەو پزیشکی گۆشەنشین دڵنیایی پەیدانەکرد.

ئەو دەیزانی کە فیرعەون دوژمنی ئەو کەسانەیە کە بۆ ئاتوون، خوای پێشووی میسر، دڵسۆزییان هەیە یا ئایینی ئەو دەپەرستن. پاشای میسر، ئەگەر دەرهەقی کەسێك بەدگومان بووایە و تێبگەیشتبایە کە ئەو دڵسۆزی خوای ئاتوونە، ئەوا دەیکوشت چ جای ئەوە کە ئایینی ئاتوون بپەرستێ.

ستی کف هاتە سەر ئەوە کە زیاتر روونکردنەوە بدات تا ئەو زەندەق چوونە لە دەروونی پزیشکی گۆشەنشین بڕەوێنێتەوە و گوتی: من دەزانم کە تۆ لە بارەی کوڕانی پاشاوە شتێ زۆرت بیستووە و پێتوایە کە ئەم لاوە هەروەکو یەکێکی دیکە لەو شازادانەیە، لە حاڵێکدا کە وانییە و ئەو زۆر لە شازادەکانی دیکە جیاوازە.



ئەو، بە هۆکارێکەوە کە نازانم و ناشمەوێ بیزانم، چونکە کاروباری دەرباری پاشایەتی بە منەوە پەیوەست نییە، پاشا رقی لێداگرتووە و هەر بۆیە پاشا ئەوی لە پایتەختی خۆی، تەنانەت لە وڵاتی میسر دەرکردووە و فەرمانی داوە کە دەبێ ماوەی سێ ساڵ لە پایتەخت دووربکەوێتەوە.

بەشداری ئەو لاوە لە سوپای مندا بە هۆی تووڕەیی پاشایە و کاتێك کە من بیستم شازادەیەکی میسری لە سوپای مندا بەشداری دەکا و من دەبێ ئەو لەگەڵ خۆم ببمە کۆش، دوو دڵ بووم کە ئایا قبووڵ بکەم یا نا؟

من چەند رۆژێك بە جۆرێکی ناراستەوخۆ، ئەوم لە ژێر چاودێری دانا، ئینجا تێگەیشتم کە دەتوانم ئەو لەگەڵ خۆمدا بەرم. ئەم لاوە کە تۆ دەیبینی تەنیا بەیەك غولامەوە ئەویش گالیسکە ئاژۆی خۆیەتی، سەفەر دەکا و بە ئەندازەیەك لێبووردەیە کە کاتێك چەرخەکانی گالیسکەکانی ئێمە لە ناو قوڕدا چەقی بوون، ئەو لە گالیسکەکەی خۆی دابەزی و پاڵەستۆی دا تا چەرخی گالیسکەکان لە قوڕ بێنە دەرێ.

تۆ ئەی ئاتوون مووسا، دەزانی کاتێك کە شازادەکانی میسر، دەچنە سەفەر ژمارەیەك ژنی گەنج و ژمارەیەك غولام و نووسەر و مۆسیقا ژەن و کاهین لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و دەگەنە هەر جێیەك بەزم و رەزمی بادەنۆشی و رابواردنی لێ دادەمەزرێنن.

بەڵام ئەم کوڕەلاوە، تەنیا بەیەك غولامەوە سەفەر دەکا، تەنانەت بیرە ناخواتەوە و لەو رۆژەوە کە هاتۆتە ناو سوپای ئێمە تا ئەمڕۆ، لە هیچ کەسێك تووڕە نەبووە و کەسێکی سزا نەداوە و تەواوی گالیسکە ئاژۆیانی سەربازان لەو رازین.

ئەو زانیاری ئەوەی نەبوو کە دەبێ بێتە ماڵەکەی تۆ. من بۆ خۆم تکام لێکرد کە بێتە ماڵەکەت تا تۆ شانازی پێشوازیکردنی شازادەی میسرت پێ ببڕێ و ناوی ئەویش هەر مووسایە. پاش ئەوەی روونکردنەوەکانی فەرماندەی سوپای رەوانەکراو تەواو بوون، ئاتوون مووسا و ژنەکەی و کچەکەی بە چاوێکەوە سەیری مووسایان کرد کە ئاماژەی رێزگرتنی ئەو بوو. پاشان خاوەن ماڵ گوتی: لەو رۆژەوە کە من خۆم ناسیوە، رێك نەکەوتووە کە شازادەیەکی میسری بێتە ماڵەکەمان و هاتنی ئەو بۆ ماڵەکەمان شانازییەکە لە سەرووی ئەوەیە کە وێنا بکرێ و من ناتوانم بڵێم کە ئەو رووداوە تا چ رادەیەك ئێمەی سەرفرازکردووە و من لە ناخی دڵەوە بە خێر هاتنت دەکەم.

ئەم وشانە بە جۆرێك گوتران كە لە ناو دڵی مووسادا شوێنەوارێكی باشیان دانا و پاشان ژن و كچی پزیشك بەرەو رووی مووسا زەردەخەنەیان كرد و ئاتوون مووسا غولامەكانی خۆی بانگكرد تا كەرەسەكانی پێشوازیكردن لە میوانەكان ئامادە بكەن.

لەبەر ئەوەی هێشتا خۆر ئاوانەبوو بوو، خانەخوێ میوانەكانی خۆی بەرەو ساباتێك كە لە نێو باخدا بوو، برد تا لە بن سێبەرەكەیدا بن و چەند غولامێك ئاوی گوڵاویان هێنا تا بە گوڵاو دەست و دەم و چاو و پێی میوانەكان بشۆن و چەند كەس لە كۆیلەكان كورسی و مێزی بچووكیان هێنا، كورسییەكان و مێزە بچووكەكان لە برۆنز بوون.

پاش ئەوە كە میوانەكان لەسەر كورسییەكان دانیشتن، لە بەرامبەر هەر یەكێكاندا مێزیان دانا. پاشان بۆ ئەوەی كە تینوێتی میوانەكان بشكێ، خواردنەوەی فێنك لەگەڵ ترێ و هەنجیر لەسەر مێزەكە دانرا و پاش ئەوە كە خانەخوێ دیقەتی دا كە شازادەی میسر بیرە ناخواتەوە، فەرمانی دا شەربەتی بۆ بێنن.

قاپەكانی كە بیرە و شەربەتی تێدابوو، گەورە بوون و بەرزكردنەوەی ئەو قاپانە و بە لێو نانیانەوە گرفتێك بوو، جا بۆ ئەوەی میوانان ناچار نەبن قاپی گەورە و قورس بۆ لێویان بەرز بكەنەوە لە هەر قاپێكدا كە خواردنەوەی تێدا بوو قامیشێكیان دانا بوو و میوانان بە ڕێگەی ئەو قامیشەوە دەیانخواردەوە و تینوێتی خۆیان دەشكاند.

كاتێك كە مووسا قومێك شەربەتی نۆشی، چێژی لە تام و گوڵاوی شەربەتەكە كردو سەرنجی دا تا ئەو رۆژە شەربەتێكی ئاوا بە تامی نەخواردۆتەوە. ئەو دەیزانی شەربەتی ناوبراو لە میوە وەرگیراوە، بەڵام نەیدەزانی بۆ ئامادەكردنی ئەو شەربەتە، كەڵكیان لە گوشراوی كام میوەیە وەرگرتووە.

پاش ئەوە كە میوانان كەمێك بیرە و شەربەتیان خواردەوە، چەندین قاپ، خواردنی گەرمیان لە سەرمێز دانا و لەگەڵ خواردنی گەرم، نانی گەرمیشیان هێنا. مووسا تێگەیشت كە ئەوان بە لەسەرخۆییەوە نان ئامادە دەكەن، تا میوانەكان نانی گەرم بخۆن.

هەموو خواردنەكان بەتام بوون و هەندێكیان لەبەر زمانی كوڕەلاو تازە بوون و مووسا نەیتوانی هەندێك لەو مادانە بناسێ كە خواردنەكەی لێ ئامادەكراوە.

مووسا بە هۆی لاوی و بەدەنی داڕژاوییەوە خاوەنی ئیشتیایەكی باش بوو و ئەو رۆژە، بە ئارەزووییەكی زۆرەوە ئەو خواردنانەی كە دەیان خستە سەرمێزەكەی، دەخوارد. ئەو لە كاتی خواردندا دیقەتی دا سەرەڕای ئەوە كە لە دنیادا، جێگەیەك نییە، ئەوەندەی كۆشكی پاشایەتی



میسر لە پایتەخت، شكۆدار بێ، لەوێ خواردنێك وەكو خواردنەكانی ماڵی ئەو پزیشكە گۆشەنشینە ناخورێ، بۆ نموونە، مووسا لە كۆشكی پاشایەتی میسر، هەرگیز نانی گەرمی نەخواردبوو و بەردەوام نانی ساردی لەگەڵ خواردنەكەی خۆیدا دەخوارد. لە كۆشكی پاشایەتی میسردا نەریت وانەبوو كە شەربەت بە قامیش بخۆنەوە، بەڵكو لە قاپێكی گەورە وە دەیانكردە ناو قاپی بچووكەوە و پاشان دەیانخواردەوە.

ئەو خواردەمەنیانەی كە لە كۆشكی پاشایەتی میسردا دەخورا، ناسكی و تامی خواردنەكانی ماڵی پزیشكی گوشەنشینیان نەبوو. لە كۆشكی پاشایەتی میسردا، مەڕ و گوێرەكەیان دەكردە بریانی و ماسی و مراوی بە برێكی زۆر دەخورا. بەڵام ئەو خواردەمەنییە ناسك و بە تامانەی كە لەو دەمەدا مووسا دەیخوارد، شتێكی دیكە بوو.

كوڕەلاو هەستی دەكرد ئەو خواردنانەی كە لە كۆشكی پاشایەتیدا دەیخوارد، وەكو چەكوچی نەخشكاری ئەو كرێكارانە بوو كە بەردەكانیان تەنیا بۆ ئەوە دەنەخشاند كە لە نێو تەلاردا جێگا بگرێ و دەیانتوانی بەرد، تەنیا بە شێوەی شەش لا یا شەش پالۆو دەربهێنن و جگەلەمە، لە كاری بەرد نەخشاندندا، كارێكی دیكەیان لە دەس نەدەهات. بەڵام ئەو خواردەمەنیانەی كە لەماڵی پزیشكی گۆشەنشیندا ئامادە دەكرا، هەر لە كاری نەخشاندنی ئەو وەستا گەورانە دەچوو كە كە كۆتەڵی خوایانی میسری یا كۆتەڵی فیرعەونیان دەنەخشاند و بە شێوەیەكی ئەوەندە دیقەت و ناسكەوە بەردیان دەتاشی كە هەر كەسێك ئەو كۆتەڵەی بدیبایە فیرعەونی دەناسی.

مووسا دەیزانی ئەو غولامانەی كە ئەو خواردنانە ئامادە دەكەن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو غولامانەی كە لە كۆشكی پاشایەتی پایتەختی میسردا سەرقاڵی ئامادەكردنی خواردنن، وەك وەستاكانی گەورەی بەرد نەخشاندن وان بە بەروارد لەگەڵ كرێكارانی ئاسایی كاری بەرد تاشیدا.

مووسا سەرباری ئەوە كە هەرگیز چێشت لێنەریی نەكردبوو، دەیزانی كە غولامەكانی ئەو پزیشكە كە خواردنی بۆ ئامادە دەكەن، لە كاری خۆیان كارامەن و كاری ئەوان هونەرێكە و لە گەڵ كاری چێشت لێنانی كۆشكی پاشایەتی میسردا جیاوازییان هەیە. جگە لەمە كە وەختی خواردن دەستی پێدەكرد، مووسا بینی كە ژن و كچە گەنجەكەی پزیشك، ئەوانیش دانیشتن و دەستیانكرد بە نان خواردن.

ئەو نەریتە لەبەر چاوی مووسا تازە بوو، چونکە لە میسری خواروو مانای لە باکووری میسر کە مووسا سەرەتای لاوی لەوێ بەسەر بردبوو، ژنان لەگەڵ پیاوان نانیان نەدەخوارد، بەڵام لە میسری سەروو، ژن و پیاو پێکەوە نانیان دەخوارد.

مووسا بە جۆرێك سەرقاڵی نان خواردن بوو کە لە ئاخاوتندا بەشداری نەدەکرد. بەڵام ستی کف و ئاتوون مووسا وێرای نان خواردن قسەیان دەکرد. مووسا گوێی لێبوو کە فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، رووداوە سیاسی و سەربازییەکانی پێنج ساڵی رابردووی بۆ خانە خوێ دەگێڕایەوە.

ئەو دەیزانی کە رووداوی سیاسی و سەربازی و هەموو هەواڵەکانی دیکەی میسر ناگاتە ماڵی پزیشکی گۆشەنشین مەگەر کاتێك کە میوان لە باکووری میسرەوە بێتە ئێرە و واقیعەکانی وڵات بۆ ئاتوون مووسا بگێڕێتەوە.

یەکێك لەو رووداوانە کە فەرماندەی سوپای رەوانەکراو بۆ ئاتوون مووسای گێڕایەوە جەنگی رابردووی نێوان سوپای میسر و سوپای هاتی بوو. ستی کف دەیگوت کە فیرعەون بە دوو مەرام دەسپێشکەری بۆ ئەو جەنگە کرد: یەکەم بۆ دەسبەسەرداگرتنی مەعدەنی مس لەکەنعان و دووەمیان بۆ دەسبەسەرداگرتنی ئاسن لە لوبنان. چونکە فیرعەون دەیزانی ئەگەر قەومی هاتی دەستی بەسەر مەعدەنەکانی ئاسن لە لوبنان رانەگا، ناتوانێ رووپۆشی چەرخی گالیسکەکانی خۆی لە ئاسن دروست بکا و لە ئاسن، داس بەرامبەر گالیسکەکان دروست بکا و سەربازانی خۆی بە شمشێری ئاسنەوە رەوانەی مەیدانی شەڕ بکا.

پاشان فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، سەری داوی بابەتەکەی گەیاندە جەنگی ئایندەی کۆش و گوتی:

فیرعەون من بە سوپایەکەوە رەوانەی کۆش دەکا تا دانیشتوانی کۆش بەتوندی سزا بدەم و ئەوان بزانن کە ئیدی نابێ دەستدرێژی بکەن.

خانە خوێ گوتی: نابێ بە هۆی ئەوەوە کە ژمارەیەك لەوان چوونەتە ناو خاکی میسرەوە، دانیشتوانی کۆش قەتڵ و عام بکرێن.

ستی کف گوتی: ئەوان دوای ئەوەی هاتوونەتە ناو خاکی میسرەوە هەندێك خەڵکیان کوشتووە و هەندێك گوندیان سووتاندوە.

ئاتوون مووسا گوتی: هەتا ئەگەر ئەم کارەشیان کردبێ، نابێ دانیشتوانی کۆش قەتڵ و عام بکرێن. چونکە ئەو کارە، کاری ژمارەیەك لە گەنجەکانی ئەوانە و کەسانی دیکە



گوناهێکیان نییە و نابی بۆ کاری مشتێك لاو، قەومێك لەبەین ببرێ و جەنگی سوپای فیرعەون لەگەڵ دانیشتوانی کۆش کارێکی دژ بەویژدانە.

ستی کف پێکەنی گوتی: ئەگەر من بمویستبایە بە ویژدانەوە جەنگ بکەم، ئێستا، هەروەك پێشوو، لادێنشینێك دەبووم و لە یەکێك لە مەزراکانی میسری خواروودا، کشتوکاڵم دەکرد نەك فەرماندەی سوپاکانی میسر.

ئاتوون مووسا گوتی: من دەزانم بۆچی فیرعەون سوپایەك بۆ کۆش رەوان دەکا. ئەو زێڕی دەوێ و دەزانێ کە دانیشتوانی کۆش زێڕیان هەیە. بۆیە سوپای خۆی رەوانەی ئەوێ دەکا تا بەپلەی یەکەم زێڕ و بەپلەی دووەم عاج، لەوێوە بێنن.

چەندین ساڵ پێش، ژمارەیەك لە خەڵکی لیبیا کە لە رۆژئاوای میسر دادەنیشتن، هێرشیان هێنایە سەر میسر و ژمارەیەکیان کوشت و ماڵی خەڵکیان بەتاڵان برد و هەندێك لە ئاواییەکانیان ئاگر تێبەردا. بەڵام فیرعەون بۆ سزادانی ئەوان، سوپایەکی نەنارده سەر لیبیا، لەبەر ئەوەی کە دەیزانی دانیشتوانی لیبیا هەژارن و زێڕیان نییە.

ستی کف گوتی: من سەربازێکم و وەزیفەی خۆم ئەنجام دەدەم. وەزیفەی من بریتییە لە پیادەکردنی فەرمانی پاشا و کاتێك ئەو فەرمان بکا کە بڕۆم سەرزەوینی کۆش خەڵتانی خوێن و ئاگر بکەم، من گوێ رایەڵیی لە فەرمانی ئەو دەکەم.

پزیشك پرسی: ئایە وشەی ((مکا)) ت بەر گوێ کەوتوە؟

ستی کف وەڵامیدایەوە: بەڵێ، ئەم وشەیەم گوێ لێبووە، بەڵام نازانم مانای چییە.

پزیشك گوتی: هەزاران ساڵە ئێمەی میسری، بانگەشەی ئەوە دەکەین کە ((مکا))هی ئێمەیە و تەنیا ئێمەی میسری خاوەنی ((مکا))ین و میللەتانی دیکە لەو بەهرەیە بێبەشن. لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەنی مکاین، مانای وا وێنا دەکەین کە خاوەنی مکاین، خۆمان بە شەریفترین و ئازاترین نەتەوەکانی جیهان دەزانین و باوەڕمان وایە کە هیچ نەتەوەیەك لە رووی شەرەف و زانستەوە بە ئێمە ناگاتەوە.

لەوەش بەولاوە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان وایە کە خاوەنی ((مکا))ین ئایینی خۆمان لە تەواوی ئایینەکانی دیکە باڵاتر دەبینین و باوەڕمان وایە کە خواکانی ئێمە لە خواکانی تەواوی میللەتانی دیکەی جیهان باڵاترن و خوایانی ئێمە لە سەر هەقن و خوایانی میللەتانی دیکە، بە خوایانی درۆزن دەژمێردرێن. بەڵام ئەو کارانەی کە ئێمە دەیکەین جیاوازییەکی لەگەڵ کارەکانی نەتەوەکانی دیکەدا نییە کە ئێمە بە دڕندەیان دەزانین.

مووسا کاتێك ئەم قسەیەی گوێ لێبوو سەرێکی بەرزکردەوە و چاوێکی لە ستی کف و سوکر مووسا کرد و چاوەڕێی ئەوەبوو کە ئەوان تووڕەبن، بەڵام هەردووکیان دەستیان بە پێکەنین کرد.

سوکر مووسا بە خانەخوێی گوت: تۆ لە بارەی قارەمانییەوە هیچت نەگوت لە حاڵێکدا کە قارەمانییش لە سیفەتە بەرجەستەکانی میسرییانە و دەبێ ئەوەش وەك پاژێك لە ((مکا )) حساب بکرێ.

ئاتوون مووسا گوتی: من ئەو جۆرە قارەمانییە کە جێگای سەرنجی تۆیە، بە پاژێك لە مکا حساب ناکەم. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە قارەمانییە کە تۆ مەبەستتە، مرۆڤ کوژییە و جیاوازییەکی لەگەڵ جەللادیدا نییە.

ئەمجارەیان مووسا یەقینی پەیدا کرد کە سوکر مووسا و فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو تووڕە دەبن و بەرامبەر بە خانەخوێ ناڕەزایەتی دەردەبڕن کە بۆچی سووکایەتییان پێدەکا. بەڵام ئەم دوانە تووڕەنەبوون، بەڵکو پێکەنین و سوکر مووسا پرسی: چ جۆرە قارەمانییەك جێگای سەرنجی تۆیە و تۆ بەخەسڵەتێکی پەسندی دەزانی؟

ئاتوون مووسا گوتی: جۆرە قارەمانییەك کە هۆکاری زیندووکردنەوەی خەڵك بێ نەك ئەوان قەتڵ و عام بکا.

سوکر مووسا گوتی: من تا ئێستا نەم بیستووە کە قارەمانی هۆکاری زیندووکردنەوەی خەڵك بێ، مەگەر ئەوەی کە بڵێم پیاوێکی قارەمان، لە مەیدانی جەنگدا مەترسی لە خۆی دوور بخاتەوە و لە ئاکامدا بەزیندوویی بمێنێ.

خانە خوێ گوتی: مەبەستی من قارەمانیی مەیدانی جەنگ نییە. چونکە ئەم جۆرە قارەمانییە کەس زیندوو ناکاتەوە، بەڵکو مەبەستم قارەمانێتی پزیشکانە کە بەربەستی لە مردنی خەڵك بکا. ئەگەر ئازایەتی پزیشکان نەبێ خەڵك لەبەر نەخۆشی دەمرن و ئەوان، بەقارەمانێتی خۆیان، خەڵك لە مردن ڕزگار دەکەن.

سوکر مووسا پێکەنی و بە ئاماژە بە مووسای گوت: من یەقینم هەیە کە ئەو ئەم تیۆرییە قبووڵ ناکا و، تیۆری ئەو لە بارەی قارەمانییەوە هەمان تیۆری منە.

مووسا کە تا ئەو وەختە لێوی لێك نەکردبۆوە گوتی: نا، نا.

ئەم وەڵامە نەرێتییە، بۆ سوکر مووسا ناساز نەهاتە پێش یا بەسەر خۆی نە هێنا و بەوەڵامی نەرێتییانەی مووسا پێکەنی.



ستی کف کە ڕەنگە هەر بۆ ئەوەی شوێنەواری ناڕەزایی کوڕەلاو لەگەڵ سوکر مووسا نەهێڵێ، ڕوویکردە خانە خوێ و گوتی: تۆ بە ئێمەت نەگوت مانای مکا چییە و ئەوەی کە تۆ گوتت بە مانای مکا نەبوو.

خانەخوێ گوتی: مانای مکا بریتییە لەو شتانە کە بۆ بەرژەوەندی قەومێك بێ و هەر کاتێك خوایان بیانەوێ قەومێك بەرەو لە ناوچوون بەرن، مکا لەو قەومە دەستێننەوە، مانای ئەو شتانەی کە بۆ بەرژەوەندی ئەو قەومە بێ لێی دەستێننەوە و ئەو قەومە دەست بۆ کاروبارێك دەبا کە لە بەرژەوەندی ویدا نییە.

سەر وەختێك کە مووسا لە کۆشکی پاشایەتیدا دەژیا بیستبووی کە لە میسری سەروو (باشووری میسر) گەورە پیاوان خاوەنی باوەڕێکی تایبەتین و هەندێك لەوان ئاتوون دەپەرستن.

کاتێك مووسا لەگەڵ ئاموون تپ، یا نفی تەلارسازی پاشایەتی لە بارەی خوای نەبینراوەوە قسەی دەکرد، دەنگی خۆی نزم دەکردەوە تاجگە لە ئاخێوەرەکەی خۆی، کەسێکی دیکە گوێی لە قسەکانی نەبێ. بەڵام ئەو شەوە، لەوماڵەدا پزیشکی گۆشەنشین، بە ئاشکرایی قسەی دەکرد. لە حاڵێکدا کە دەیبینی شازادەیەکی میسری لەوێ ئامادەیە و فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراوی فیرعەون و یەکێك لە ئەفسەرانی پێشکەوتووی ئەو سوپایەش لەوێ ئامادەیە.

گەرچی لەوشەوەدا، تا ئەو وەختە، خانە خوێ ئاتوونی بەسەر زماندا نەهێنا، بەڵام ئەوەی گوتی ڕوویەکی ناکۆکی لەگەڵ ڕامسیسی دووەم، فیرعەونی میسردا هەبوو. مووسا سەری سوڕما ئەو پیاوە چۆن جەسارەت دەکا بە جۆرێکی ئاشکرا شتێك بڵێ کەرووی دژایەتی بۆ فیرعەونی میسر هەبێ.

ستی کف ڕووی کردە خانە خوێ وگوتی: لەسەر ئەو قەرارە بێ تۆ باوەڕت وایە کە خوایان بڕیاریان داوە کە ئێمە لە بەین بەرن.

پزیشکی گۆشەنشین وەڵامیدایەوە: من گوتم هەر کاتێك کە خوایان بیانەوێ قەومێك لە ناو بەرن مکا لەو قەومە دەستێننەوە.

ستی کف گوتی: قسەکەی تۆ ئەو مانایە دەدا بە دەستەوە کە ئێمە ئەمڕۆ مکامان نییە و لە ئەنجامدا خوایان بڕیاریان داوە کە ئێمە لە ناوبەرن.

خانە خوێ گوتی: ئاوا گریمانەی بکە.

ستی کف گوتی: کاتێك خوایان مکایان لە ئێمە سەندەوە ئێمە چۆن لە ناو دەچین؟

پزیشکی گۆشەنشین گوتی: لەوکاتەدا ئێمە بە دەستی خۆمان خۆمان لە ناو دەبەین.

ستی کف پرسی: چۆن بەدەستی خۆمان خۆمان لە ناو دەبەین.

خانە خویٚ گوتی: ئێمە لە ئاکامی ئەوەی کە بەرژەوەندی خۆمان دیاری ناکەین، خۆمان لە بەین دەبەین و یەکێك لە بوارەکانی دیاری نەکردنی بەرژەوەندی میسر ئەوەیە کە فیرعەون سوپایەکی بەرفەرمان کردووە کە بڕواتە کۆش و خەڵکی ئەویٚ قەتلٚ و عام بکا. ئایا فیرعەون و راوێژکارانی ئەو، کە لە میسری خواروون، لە بارەی هەلومەرجی کۆش و دانیشتوانی ئەویٚ زانیارییان هەیە؟

سوکر مووسا گوتی: من لە بارەی کۆش زانیاریم نییە، لەبەر ئەوەی هەرگیز لە کۆش نەبووم و ئێستا دەرۆم بۆ ئەوەی لە بارەی ئەویٚ زانیاری پەیدا بکەم.

ئاتوون مووسا گوتی: تۆ بەو هۆیەوە لە بارەی کۆش زانیاریت نییە کە بەردەوام لە میسری خواروو ژیاوی و ئەگەر لە میسری سەروو ژیابای، لە بارەی کۆش زانیاری تەواوت دەبوو.

هۆکاری ئەوەی کە تۆ و ئەفسەرانی دیکە هەروەها پیاوانی دەوڵەتیی میسر، لە میسری خواروو نیشتەجێبون، ئەوەیە کە فیرعەون نیشتەجێبوونی لە میسری خواروو بەسەر نیشتەجێبوون لە میسری سەروودا پەسن دا.

سوڵتانەکانی رابردووی میسر هەموویان لە میسری سەروو دەژیان و پایتەختی ئەوان تبس بوو. بەڵام فیرعەون، تبسی بەجیٚ هێشت و لە میسری خواروو، پایتەختێکی بە ناوی خۆیەوە، مانای بە ناوی (( رامسیس )) بۆ خۆی دروست کرد. لەو کاتە بەدواوە میسری سەروو لە بەرچاوان کەوت و ئیدی پیاوانی دەوڵەتیی و سوپای میسر، لە میسری سەروو، نەژیان و هەموویان وەك فیرعەون بەرەو باکوور رۆیشتن و لە میسری خواروو نیشتەجێبوون.

مووسا ویستی لە خانە خویٚ بپرسیٚ بۆچی فیرعەون تبسی بەجیٚ هێشت و لە میسری خواروو دانیشت. بەڵام دیقەتی دا ئەم پرسیارە لە لایەن ئەوەوە کە هەموان ئەو بە کوڕی فیرعەون دەزانن پرسیارێکی زیادە دەبیٚ. چونکە سروشتییە کە دەبیٚ کوڕی فیرعەون بزانیٚ بۆچی باوکی، تبس، کە پایتەختی کۆنی میسر بوو، لە میسری سەروو، بەجیٚ هێشت و لە میسری خواروو نیشتەجێبوو. بەڵام خانە خویٚ، ئەم بابەتە کە جێگای پرسیاری مووسا بوو هێنایە پێشەوە و گوتی: فیرعەون بە دوو هۆ پایتەختی خۆی، لە تبس بۆ باکووری میسر و شاری رامسیس گواستەوە. یەکەم ئەوە بوو کە ئەو زۆر هۆگری تەلاری بەردین بوو و لە باکووری میسر کەرەسەی بیناسازی، مانای بەرد هەیە. دووەم لە باکووری میسر، کرێکاری



خۆرایی بۆ بیناکاری هەیە و فیرعەون دەتوانیٚ بۆ بیناکردنی تەلاری بەردین، کەڵك لە کرێکارانی ئەویٚ وەربگریٚ.

سوکر مووسا پرسی: ئایا مەبەست لە کرێکارانی خۆرایی غولامەکانن؟

خانەخۆی گوتی: بەڵیٚ، ئەو غولامانە دەڵێم کە لە کۆش (کۆشین) کە لە باکووری میسر هەڵکەوتووە و لە دەوروبەری ((دەلتا)) دەژین و فیرعەون ئەوان ناچار دەکا کە هەموو تەمەنی خۆیان کار بۆ ئەو بکەن.

مووسا گوێکانی خۆی هەڵخست بۆ ئەوەی لە بارەی غولامانی سەرزەوینی کۆش کە دەکەوێتە ناوچەی دەلتاوە بابەتی دیکە ببیستیٚ، بەڵام خانەخویٚ ئیدی لە بارەی ئەوانەوە قسەی نەکرد و بابەتی قسەکردنی بردە سەرزەوینی کۆش لە باشووری میسر و گوتی: لە بەر ئەوەی فیرعەون و کەسانی تر کە لە میسری خواروو دەژین لە وەزعی کۆش ئاگادارنین، وا وێنا دەکەن کە کۆش بریتییە لە یەك پارچە خاکی دیاریکراو کە لە باشووری میسر هەڵکەوتووە. لە حاڵێکدا کە سەر زەوینی کۆش بریتییە لە تەواوی سەر زەوییەکانی ئەفریقیا کە لە باشووری میسر هەڵکەوتووە.

ستی کف، حەوت ساڵ پێش، ژمارەیەك لە دانیشتوانی کۆشی لە نزیك تاڤگەی شەشەمی رووباری نیل شکاند و ئەوانەی لەو جەنگەدا شکان بەتەواوی لەبەین چوون. بەڵام جگە لەوانەی کە لە ناوچوون، لە سەر زەوینی کۆش، نەتەوەی زۆر هەن، گەرچی هەموویان رەشن، بەڵام لە نێوان ئەواندا هیچ پەیوەستییەك نییە و هەموو ئەوانە، لە رێگای پەروەردەکردنی ماڵات یا کشتوکاڵەوە ژیانی خۆیان دابین دەکەن و هیچ یەکێك لەوانە نەتەوەی تالانکەر نین. ئێستا سوپای فیرعەون، کە حەوت ساڵ پێش ئەوە ژمارەیەکی لە دانیشتوانی کۆش لە نزیك تاڤگەی شەشەم قەتلٚ و عام کرد، دەیەویٚ بڕواتە کۆش و ئەمجارەیان ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی ئەویٚ قەتلٚ و عام بکا بەبیانووی ئەوەی کە بۆچی چەند گەنجێکی رەشپێست، کە دیارنییە سەر بەکام تیرەو قەومن هاتوونەتە ناو میسر و دەست درێژییان کردووە.

ستی کف پرسی: تۆ چۆن لەم بابەتە ئاگادار بووی؟

خانەخویٚ گوتی: گوێکانی من شت دەبیستن و لێرە شتگەلێکی گویٚ لیٚ دەبیٚ کە بەر گوێی دانیشتوانی میسری خواروو ناکەویٚ. لەوەش بەولاوە، لەوجێگایانەوە کە ئێوە وێنای ناکەن ناوی ئاتوون مووسایان بیستووە و من دەناسن. ئەگەر بڵێم لە نوختەیەك کە سەد رۆژ ریٚ لە میسرەوە دوورە، ناوی منیان بیستووە ئایا باوەڕ دەکەن؟...و ئەگەر بڵێم لەجێگایەکەوە کە

بیست و پێنج ڕۆژ تا سی ڕۆژ ڕێوە، بۆ چارەسەرکردن، نەخۆش دەهێنن بۆ ئێرە ئایە قبوولٚتانە؟ مووسا ڕوو بە خانە خوێ گوتی: ئایا تۆ گوتت لە جێگایەکەوە کە سەد ڕۆژ ڕێ لـە میسرەوە دوورە ناوی تۆیان بیستووە؟

پزیشکی گۆشەنشین گوتی: بەڵێ.

مووسا گوتی: من پێم وانە بـوو لـە جیهانـدا جێگایـەك هـەبێ کـە بـۆ ئـەوەی بگەیـە ئـەو جێگایە دەبێ سەد ڕۆژ ڕێگا ببڕی.

ستی کف فەرماندەی سـوپای ڕەوانـەکراو لـە جیـاتی خانـەخوێ وەڵامـی کـوڕەلاوی دایـەوە گوتی: جێگای ئاوا هەیە و ئێمە هەر لە هەمان ئەم سەفەرەدا، دەبێ بە هەمان ئەندازە، ڕێگـا ببڕین تا بە منزڵی خۆمان دەگەین و لەوێش کە بە منزڵ گەیشتین دووبارە سـەر زەوینـی فـراوان لە دەوروبەری باشووری ئێمەدا هەیە.

مووسا نارەحەت بوو، چونکە تێگەیشت کـە بـێ هەڵـسەنگاندن قسەیەکی بەسـەر زمانـدا هاتووە. خانەخوێ کە نارەحەتی مووسای بینی بابەتی ئاخاوتنەکەی گـۆڕی و ڕوو بـە کـوڕەلاو گوتی: ئەی کوڕی پاشا، من حەزدەکەم لێ ڕوانینی تۆ لە بارەی ئەم سـەر زەوینـە پاشـکەوتووە کە میسری سەرووە بزانم.

مووسا گوتی: ئێرە سـەرزەوینێکی پاشـکەوتوو نییـە و مـن بیابانـەکانی ئێـرە و هـەروەها ناوچە شاخاوییەکان و بەردەڵانەکانی ئەم ناوچەیەشم خۆش دەوێ.

خانەخوێ گوتی: من تاقیم کردۆتەوە، کە خەڵکان، یـا بیابانـەکانیان خـۆش دەوێ یـا خـود نەفرەتیان لێی دێتەوە. هێشتا کەسێکم نەدیوە لەمەڕ بیابانەکان سەرنجێکی بێلایەنانەی هەبێ، بەڵام چیاکان و بەردەکانی ئێمە، لە هەندێك لـە سـەعاتەکانی ڕۆژ دا، وەك کـاتی دەرکـەوتنی خۆر یا لە کاتی ئاوابوونیدا دیمەنی ئەو تۆیان دەبێ، کـە پـێم وانییـە لـە هـیچ جێیـەکی دنیـادا هاوتای هەبێ.

مووسا گوتی: من هەموو ڕۆژێـك کـاتی دەرکـەوتن و ئـاوابوونی خـۆر، دیمەنـە قەشـەنگ و ڕەنگاو ڕەنگەکانی چیاکان و بەردەڵانەکان دەبینم.

پزیـشکی گۆشەنـشین گـوتی: ئەگـەر ئێـوە کاتێـك کـە خۆرئـاوا دەبـێ، چـاو لـە چـیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرە بکەن و تیشکدانەوەی ڕووناکی ئـاخرین تیـشکی خـۆر، کـە لـە خۆرئـاواوە بـۆ خۆرهەڵات پەخش دەبێ و دەدرەوشێتەوە، ببینن، تێبینـی دەکـەن کـە ئەوەنـدە جوانـە نـاتوانی چاوی لێ هەڵبگری. هەر ڕۆژێك دیمەنی ئەو لەگـەڵ دیمـەنی ڕۆژی پێـشوودا جیـاوازی هەیـە بـە



جۆرێك کە دوو ڕۆژی بە دوای یەکدا دیمەنەکانیان وەکو یەك نییە. ئێمە بە منداڵـە وردەکانمـان دەڵێین، ڕەنگی جوان کە لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەڵات دەدرەوشێتەوە و بەسەر چیاکاندا نەخش دەبەستێ، ئەوە باڵا پۆشـێکە کـە هـەموو ڕۆژێـك لەسـەرەتای شـەودا، ئالیهـەی مـردن بەسـەر چیاکانیدا دەپۆشێ بۆ ئەوەی کـە بـەردەکان، پـاش ئـاوابوونی خـۆر، بـە سـەرمای شـەو، ئـازار نەچێژن.

پاش ئەم قسەیە پزیشکی گۆشەنشین ڕووی قسەکانی کردە کچەکەی و گوتی: مرێت ئاتوون، ئایا وانییە؟

کچەلاوەکە بە دەنگێکی نـازەنین و ناسـکەوە گـوتی: ئاوایـە و کاتێـك مـن بـچووك بـووم و حیکایەتیان بۆ من دەکرد کە هەموو ڕۆژێك، پێش ئەوە کە خۆر بە تەواوی ئاوا ببێ، ئالیهـەی مردن دێت و چیاکان بەباڵا پۆش دادەپۆشێ بۆ ئەوەی لە کـاتی شـەودا سـەرمایان نـەبێ. بـەڵام هەرگیز کەسێك بەمنی نەگوت چۆن بەرد سەرمای دەبێ، چونکە بەرد گیانی لە بەردا نییـە تـا بە سەرما ئازار بچێژێ. تەنانەت باوکی من کە هەموو شتێك دەزانێ ئەم مەسـەلەیەی بـە مـن نەگوت! کچەلاوەکە لە کاتی دواین قسەدا زەردەخەنەیەکی کرد تا پیشانی بدات کـە مەبەسـتی ئەوەیە گاڵتە لەگەڵ باوکیدا بکا.

خانـە خـوێ ڕوویکـردە مووسـا و گـوتی: سـەرەڕای ئـەوە کـە تـۆ دەڵێـی بیابانـەکان و بەردەڵانەکانی ئێرەم خۆش دەوێ، من وابیر دەکەمەوە کە هەموو شتێکی ئێرە لەبەر چـاوی تـۆ سەیر خۆی دەنوێنێ، هەر بەو شێوەیەی کە ئەگەر من بچمە (فیرعەون) هـەموو شـتێکی ئـەوێ لەبەر چاوی من سـەیر خـۆی دەنوێنـێ، ئایـا هـەر بـەو شـێوە کـە باسـی دەکـەن ((فیرعـەون)) جێگایەکی بەرز و شایان بە دیدەنی هەیە؟[٤٣]

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە من لەوێ ژیاوم ناتوانم بڵێم ئایـا مـاڵێکی بـەرزە یان نا.

(٤٣) لە سەرەتای ئەم داستانەدا گوتمان کە وشەی ((فیرعەون)) بە مانای ((ماڵی گەورە)) بوو نەك بە مانای ناونیشان بۆ سوڵتانەکانی میسر. ماڵی گەورەی ڕامسیسی دووەم لە پایتەختی میسر، بە فیرعەون دەناسرا و وردە وردە ناونیشانی ماڵی گەورە بوو بە ناونیشانی سوڵتانەکانی میسر، بەڵام پێش ((ڕامسیسی دووەم)) هیچ کام لە سوڵتانەکانی میسر ناونیشانی فیرعەونیان نەبووە و ئەگەر ((هاوارد فاست)) لەم بە سەرهاتەدا سوڵتانە کۆنەکانی میسر بە ناوی فیرعەون ناو دەبا بۆ ئەوەیە کە خوێنەران، بابەتەکە بە ئاسانی تێبگەن و ئەگەرنا پێش ڕامسیسی دووەم ناونیشانی فیرعەون کە مانا ئەسڵییەکەی ماڵی گەورەیە بوونی نەبووە. (و.ف)

کچەلاو لە مووسای پرسی: ئایا ئەو ماڵە پڕە لە بەختەوەری یان ناو ئایا مرۆڤ لەو ماڵەدا هەست بە کامەرانی دەکا یان نا؟

مووسا بە وشەگەلێکی پوختکراو وەڵامیدایەوە: من پێم وانییە لەدنیادا جێگایەك هەبێ کە بتوانرێ بگوترێ پڕ لە بەختەوەرییە، بەڵام ئەو ماڵە کە من لەوێدا ژیام و گەورە بووم ماڵێکە زۆر گەورەیە و لەوانەیە لە دنیادا ماڵێك نەبێ لەوێ گەورەتر بێ، بەڵام لەو ماڵە فراوانەدا خورافە و ئێرەیی و کینە خواردنەوە فەرمانڕەوایە.

ستی کف گوتی: کۆشکی پاشایەتی میسر هەمیشە ئاوابووە و پاش ئەوەش هەر ئاوا دەبێ.

خانە خوێ گوتی: بەڵام من تاڕادەیەکی نزیك یەقینم هەیە کە ئەو کۆشکە گەورە دەبێ جوان بێ.

مووسا لە خانە خوێی پرسی: بە چ بەڵگەیەك بەو دڵنیاییەوە، کۆشکی گەورەی فیرعەون بە جوان دەزانی؟ پزیشك گوتی: لەبەر ئەوەی بیناسازی فیرعەون تەلارسازێکە کە دوازدە ساڵ پێش ئێستا، ئەم خانووەی بۆ من دروست کرد.

مووسا گوتی: ئاه! ئایا بیناسازی ئەم خانووە، تەلارسازی کۆشکی فیرعەونە؟

خانەخوێ گوتی: بەڵێ، دوازدە ساڵ پێش ئێستا ئەم تەلارسازە، لەگەڵ چەند تەلارسازێکی دیکە هاتە ئێرە کەلەم نوختەیەدا، مانای لە سەرووی تاڤگەی یەکەمی شەتی نیل، بەنداوێك دروست بکا و بەمنی گوت ئەو بەردانەی کە بۆ بنیاتنانی ئەو بەنداوە پێویستە لەو بەردانە زیاتر دەبێ کە لە بنیاتنانی هەرەمی گەورەی میسر بەکاربراوە. بەڵام دەتوانرێ ئەو بەردانە بەکاربهێنرێن و بەنداو بنیات بنرێ بۆ ئەوەی لە پشت دیواری بەنداوەکە، دەریایەکی "نێوخۆیی" لەمیسر بێتە ئاراو لەکاتی وشکە ساڵێدا پاشەکەوتی ئاوی وڵاتی میسر بێ.

ئەو تەلارسازە نەخشەی بەنداوی بەمن نیشان دا و من تێگەیشتم کە پاش دروستکردنی ئەو بەنداوە، هەرگیز هەستانە نائاساییو گەورەکان هەڕەشە لەئاواییەکانی هەردوو بەری شەتی نیل ناکا. هەروەها، هەرگیز کاتێك کە ئاوی نیل کەم دەبێ کێڵگەکانی میسر لەبەر بێ ئاوی وشك نابێ. بەنداوێك کە ئەو تەلارسازە دەیویست دروستی بکا، لە بەنداوێك دەچوو کە سوڵتانە کۆنەکانی میسر دروستیان کردبوو و پاشان وێران ببوو. ئەمرۆ، کاهینانی ئێمە دەڵێن کە ئەو بەنداوە کۆنە بەو هۆیەوە وێران بوو کەدایەنی ئێمە، شەتی نیل، و خوایانی میسری تووڕە بوون و بەنداوەکەیان وێران کرد.



مووسا پرسی: ئایا ئەم بەنداوە کە دوازدە ساڵ پێش ئێستا دەبوایە لێرە دروست بکرێ بنیاتنرا؟

خانە خوێ گوتی: هەر کە تەلارساز دەستی بەکارکردن کرد و بە تەمابوو ڕێڕەوێکی دیکە بۆ شەتی نیل هەڵبکەنێ تا ئاوی رووبار بخاتە سەر ئەو ڕێڕەوە و بتوانێ بەنداو لە نێو رۆگەی وشکی رووباردا دروست بکا، ژمارەیەك لە کاهینان لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرباز هاتن و فەرمانی تازەی پاشایان بەتەلارساز راگەیاند. ئەو لەو فەرمانەدا دەیگوت لەسەر داخوازی کاهینان، واز لە بنیاتنانی ئەو بەنداوە بهێنن لەبەر ئەوەی کاهینان دەڵێن ئەگەر بێتوو بەنداو دروست بکرێ، لەبەر ئەوەی کە دەبێتە دەستێوەردان لەکاری دایەنی ئێمە و دەبێتە هۆکاری تووڕەبوونی دایەنی ئێمە و هەروەها خواکانیش، وڵاتی میسر، یەکپارچە نابووت دەبێ!.

ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو گوتی:

فیرعەون چاکی کرد کە وازی لە دورستکردنی بەنداو هێنا، چونکە نابێ دەستێوەردان لە کاروباری دایەنی ئێمە، شەتی نیلدا، بکرێ.

خانەخوێ گوتی: لەوکاتەدا ئێمە، مانای من و خێزانەکەم، لەخانوویەکدا دەژیاین کە لە خشتی کاڵ دروست کرابوو. تەلارساز کە بەفەرمانی فیرعەون ناچار بوو واز لەکاری بنیاتنانی بەنداوەکە بهێنێ، رازی بوو کە ماڵێك بۆ من بینا بکا و نەخشەی خانووەکەی کێشاو سەپەرشتی بیناکەی وە ئەستۆ گرت و خانوویەك کە ئەو بۆمنی بیناکرد هەمان ئەو خانووەیە کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین. دوازدە ساڵ پێش ئێستا ئەگەر میسر نەبوو بەخاوەنی یەك بەنداوی گەورە، ئێمە بووینە خاوەنی ئەم خانووە.

مووسا گوتی: ئەمە جوانترین ماڵێکە کە من لەسەرەتای تەمەنمەوە تا ئەمرۆ بینیوومە. ئایا ئەو تەلارسازە کە دوازدە ساڵ پێش ئێستا ئەم خانووەی دروست کرد ناوی ((نف)) نەبوو؟

خانەخوێ وەك ئەوە بوو کە چاوەڕێی ئەوەنەبوو مووسا ناوی نف بزانێ و پاش ئەوە کە تێگەیشت مووسا ئەو تەلارسازە دەناسێ، وەخرۆشانهاتبوو.

دوای ئەوە ئەو و مووسا لە بارەی نف ئاخاوتنیان کرد و مووسا گوتی کەنف لە کۆشکی پاشایەتی میسر ژووری تایبەتی کارکردنی خۆی هەبوو و ئێستاش هەیەتی و جگە لەوکاتانەی کە بەسەفەر دەڕوا، لەو ژوورەدا سەرگەرمی کارکردنە و چەند کەسێك لە تەلارسازان لە ژێر دەستی ئەودا کاردەکەن و بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئەو نەخشە دەکێشن.

کاتێك کە خانەخوێ و مووسا لە بارەی سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی قسەیان دەکرد، ئەوانی تر بێدەنگ بوون و بەشدارییان لە ئاخاوتنی ئەواندا نەدەکرد.

چونکە دەیانزانی دەخالەت کردن لەو ئاخاوتنەدا کارێکی باش نییە.

پاش ماوەیەك کە ئەو دوو نەفەرە لە بارەی نفی تەلارساز قسەیان دەکرد، بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشا. مووسا لەگێژبیرانەوە چوو و لە بارەی نفەوە بیری دەکردەوە، بەڵام نەك لە بارەی تەلارسازیی ئەو، بەڵکو لە بارەی ئەو باوەڕە کە تەلارسازی گەورەی میسر بە ئاتوونی هەبوو.

مووسا لەبیری نەدەچۆوە کە رۆژێك لەکاتی ئاخاوتنی لەگەڵ نف گوێی لەو پیاوە بوو کە دەیگوت ئاتوون هەقیقەتە. مووسا بە سەرسوڕماوی لەوی پرسی بوو، چۆن ئاتوون هەقیقەتە مەگەر تۆ باوەڕت بە بوونی ئاتوون نییە؟ نف گوتی ئاتوون تەنیا ناوێکە و ئێمە ناوی هەقیقەتمان ناوە ئاتوون و لە وانەیە کەسانیتر ناوێکی تری بۆ دابنێن و خوای واقیعی هەمان ئەو هەقیقەتەیە.

لەو رۆژەدا مووسا تێگەیشت کە چۆنایەتی واقیعی خوا بریتییە لە ((هەقیقەت)) و لەبەر ئەوەی کە هەقیقەت یەکێکە و دوو هەقیقەت بوونی نییە، کەوابێ خواش یەکێکە، جا ناوی ئەو بنێن ئاتوون یا هەر ناوێکی تر و لەبەر ئەوەی کە هەقیقەت یەکێکە، کەوا بوو خوای هەمووتاکەکانی بەشەر، لەهەر کوێیەك بن هەر یەکێکە.

خانەخوێ کە دیقەتی دا بێدەنگی درێژەی کێشاوە و هەمووان لەو بێدەنگییە نارەحەت بوون، بۆ ئەوەی بابەتێك بۆ ئاخاوتن بێنێتە نێوانەوە و بێدەنگی لە بەین بچێ، رووی کردە مووسا و پرسی: بۆچی ناوی تۆ مووسایە، مانای تۆ ناوێکت هەیە کە ناتەواوە و نیوەی ناوێك پێکدەهێنی؟

ئەم پرسیارە رشتەی بیرکردنەوەی مووسای پساند و گوتی: ئەم ناوە لەلایەن ((ئەمخاس ئاموون))ەوە لە من نراوە و ئەو بەو هۆیەوە ناوێکی ناتەواوی لە من ناوە کە دەیویست ئەم ناوە تەواو و کامڵ بکا، بەڵام رامسیسی دووەم کە ناوی خۆی نابوو فیرعەون نەیهێشت ناوی من تەواو و کامڵ بکرێ.

ئەم گوتەیە کەش و هەوای دانیشتنەکەی سارد کرد و هەمووان بێدەنگ بوون. تەنانەت خانەخوێ کە پرسیاری کردبوو بۆ ئەوەی بابەتێك بێنێتە ئاراوە و بێدەنگییەکە بڕەوێنێتەوە بێدەنگ بوو.



پاش چەند ساتێك، ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو گوتی: ئەی کوڕی پاشا، ئێمە کەلێرە ئامادەین، دڵنیایمان بەرامبەر بەیەکتر هەیە و دەزانین کە ئەو قسانەی لێرە دەکرێن بەگوێی کەسانی دیکە ناگاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك قسە هەن نابێ بێنەسەر زمان و ئومێدەوارم کە تۆ لەو گوتەیەی من دڵت نەرەنجێ.

دوای ئەوەی ئاخاوتنی ئەوان حاڵێکی ناسازگاری بە خۆی پەیدا کردبوو، خانەخوێ جارێکی دیکە بابەتی ئاخاوتنی گۆڕی و لە مووسای پرسی: ئایا تۆ لە نیوەکەی تری ناوەکەی خۆت ئاگاداریت هەیە؟

مووسا گوتی: دایکم دەیویست کە نیوەی تری ناوەکەم دابنێ، بەڵام لەوکارەدا سەرکەوتوونەبوو، بەڵام هەر ئەو نیوە ناوە بۆ من بەسە و من بەو نیوە ناوە راهاتووم.

((ستپ ئاتوون)) ژنی خانەخوێ کە تا ئەو کاتە تەنانەت یەك و شەشی بەسەر زماندا نەهاتبوو، هاتە قسە و گوتی: ئێمە تەنیا لە بارەی هەندێك مەسەلانەوە قسە دەکەین کە پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە و ئاگامان لێ نییە کە ئەم لاوانە (( بە ئاماژە بۆ مووساو کچەکەی خۆی)) لە بیستنی قسەکانی ئێمە ماندوو بوون و واباشترە ئەم دوو نەفەرە لە ئێمە دووربکەونەوە بۆ ئەوەی بتوانن قسەو باسێك پێکەوە بکەن کە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبێ.

پاشان روو بە مووسا گوتی: ئەمشەو مانگ بەسەر چیاکان و شەتی نیلدا دەدرەوشێتەوە و لەشەوانی مانگەشەودا ئێرە یەکجار بەسەفا دەبێ و کچەکەی من رێنوێنی تۆ دەکا تاماڵو باخ پیشانی تۆ بدا.

مووسا هەستایە سەرپێ و لەگەڵ کچە لاوی خانەخوێ دوورکەوتەوە.

مرێت ئاتوون کچەلاوی خانەخوێ، مووسای بە پەنا باخدا برد و ئەوی بە بانێژەیەکدا بردە خوارێ. مووسا، شەتی نیلی بینی و تەماشای کرد کە لە نێوان ئەو شەتە و ئەو جێیە کە رێرەوی ئەو و کچی خانەخوێیە، پلیکانەی لێ نییە.

مانگ، هەموو جێگایەکی، لەوانە شەتی نیلی، رووناك دەکردەوە و مووسا کاتێك سەیری رووباری دەکرد و جارێك بەرد و بەردەڵانەکانی ئەم لاو ئەو لای رووبارەکەی تەماشا دەکرد.

کچی خانە خوێ، مووسای لەگەڵ خۆی برد و لە رووباری نیل ماوەیەك دوورکەوتەوە.

لەناکاو دیمەنێك کە ستوونەکانی رەش بوون، کەوتە بەرچاوی مووسا، مووسا کە ئەو ستوونانەی بینی دیقەتی دا کە ئەوێ پەرستگایە.

کاتێك گەیشتنە پەرستگاکە مووسا بینی کە هەموو ستوونەکانی لەبەردی رەشە و گۆراییی پەرستگاکەش لەبەردی سپییە، بەڵام پەرستگای ناوبراو نوای نەبوو، نوای پەرستگاکە ئاسمان بوو.

مووسا لە ناوەڕاستی پەرستگای بێ نوا و لە راستیدا لە ناوەڕاستی ستوونەکان راوەستاو چاوی لە دەوروبەری بڕی.

ئاسمان یەك پەڵە هەوری پێوە نەبوو. مانگ، زەوی و چیا و رووباری نیل و ستوون و سەرەوەی پەرستگاکەی بەباشی رووناك دەکردەوە. لە دوورەوە دەنگی مراوی و هاژەی تاڤگە بەر گوێ دەکەوت. کوڕەلاو لەوێ بەتەئسیری هەوای شنە و رووناکی مانگەوە حاڵێکی لێهاتبوو کە تیکەڵاوێك لە سەرحاڵیو نیگەرانی بوو. مووسا لەوکاتەدا نەیدەتوانی حاڵی خۆی بۆ کەسانی تر وەسف بکا و بڵێ هەست بە چی دەکا، ئەو هەم خۆشحاڵ بوو هەم غەمگین.

خۆشحاڵ بوو کە خۆی لە جێگایەك دەبینی کە لە میسری خواروودا هاوتای نەبوو و لە هەڵمژینی هەوای دەوروبەر و بینینی رووناکی مانگ و دیمەنەکانی دەوروپشت و بیستنی هاژەی تاڤگە و دەنگی مراویان، چێژی وەردەگرت.

لەهەمان حاڵدا، غەمبار بوو و بیری دەکردەوە کە هەزارەها ساڵ پێش ئەوشەوە، لەهەمان ناوچە کە ئەو لێی راوەستاوە، میسری گەلێك دەژیان کە وەکو ئەو لە کاتی شەودا رووناکی مانگیان دەدیو هاژەی تاڤگە و مراوییان گوێ لێ دەبوو، بەڵام نەخۆیان ماون و نەشوێنەوارێك لە گۆڕەکەیان ماوە.

مووسا بە جورێك سەرگەرمی بیرکردنەوە بوو کە کاتێك کچی خانە خوێ لێوی قسەکردنی کردەوە، راچەنی.

مرێت ئاتوون گوتی: من بەر لەوەی تۆ بۆ جێگای دیکە ببەم، هێنامییە ئێرە، چونکە ئێرە جوانترین جێگایەکە کە ئێمە لەو ناوچەیە هەمانە. ئێرە بەپێی خواستی دایکم دروستکرا چونکە دایکم کە ژنێکی ئایندارە دەیویست لێرە پەرستگا هەبێ تا بتوانی کاری خواپەرستی تێدابکا. دایکم ئاینی رابردوو دەپەرستێ کە پێموایە جیاوازی لەگەڵ ئاینی ئەو کەسانەدا هەیە کە ئەمڕۆ لە میسری خواروو لە ناوچەی دەلتا دەژین.

من بیستومە خوایانی ئێوە کە لەمیسری خواروو و ناوچەی دەلتادا دەژین خوایانی ئێمەیان شکاندووە، بەڵام ئێمە کەلێرە دەژین نەمانویست خوایانی "تێکشکاو" لێرە دەربکەین، چونکە وامان دەزانی کە ئەگەر ئەوان دەربکەین جێگایەك نییە ئەوان بۆی بچن.



ئێمە دەمانزانی خوایانی ئێمە کە بەدەستی خوایانی ئێوە شکستیان هێنا، لەرابردوودا، زۆر خزمەتی میسریان کردووە و مایەی سەرکەوتن و شانازی میسرییان بوون و بیرمان کردەوە کە ئەگەر بۆ خاتری خزمەتەکانی رابردووی خوایانیش بێ، دەبێ ئاگامان لێ یان بێ.

مووسا پرسی: ئەم پەرستگایە بۆچی نوای نییە و ئەم ستوونانە ئاوا بەرزکراونەوە بێ ئەوەی نوایان بخرێتە سەر؟

کچە لاو گوتی: لەبەر ئەوەی لە سەردەمانی رابردوودا پەرستگاکانی میسری سەروو نوای نەبووە.

مووسا گوتی: ئەی مرێت ئاتوون، ئایا تۆش خوایانی کۆن دەپەرستی؟

کچەلاو کە تائەو کاتە لە مووسای نەڕوانیبوو، چاوەکانی تێبڕین و چەند ساتێك لەوی روانیو ئینجا گوتی نازانم ئایا دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە یان نا؟

مووسا پرسی: بۆچی دردۆنگی و نازانی وەڵامی پرسیارەکەم بدەیەوە یان نا؟

مرێت ئاتوون گوتی: چونکە تۆ کەسێکی ئاسایی نیو ئەگەر فەرماندەی سوپای رەوانەکراو تۆی نەناساندبا من لەگەردانەی تۆو باقی نیشانەکانی دیکەی کە هەتە تێدەگەیشتم کە تۆ شازادەیەکی و گەرچی من تا ئێستا شازادەیەکی میسریم نەدیووە، بەڵام نیشانەکانی دەناسم.

مووسا گوتی: ئایا لە سۆنگایی ئەوەیە تۆ نازانی کە دەبێ وەڵامی پرسیاری من بدەیەوە یان نا؟

کچە لاو گوتی: بەڵێ، چونکە ئێمە دانیشتوانی میسری سەروو زۆر ستەممان لەدەستی رامسیسی دووەم پاشای میسر کە تۆ کوڕی ئەوی، دیتووە.

مووسا تێگەیشت ئەو کچە لاوە، هەروەکو باوکی، زمانێکی راشکاوانەی هەیە و هەرچی لە دڵیدایە دەیڵێ پرسی: ئەو ستەمانە چیبوون؟

مرێت ئاتوون گوتی: سوپای رامسیسی دووەم هاتە میسری سەروو بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئێرە کە خوایانێکیان دەپەرست جیا لە خوایانی میسری خواروو بوون، خەڵکی ئێرەی قەتڵو عام کرد و بە جۆرێکی ئەوەندە بێ بەزەییانە خەڵکیان کوشت کەلە کۆڵانەکانی شاری کەرنەك، لە میسری سەروو، خوێنی کوژراوان گەیشتە گوێزینگی پێی ئەو سەربازانەی رامسیسی دووەم کە خەڵکیان دەکوشت.

سەربازانی رامسیسی دووەم هەر کەسێکی وەبەر دەستیان کەوت کوشتیان و ئەوان نەلە کوشتنی پیاوان و ژنانی بەساڵدا چوو دەستیان پاراست ونە لە کوشتنی منداڵانی شیرە خۆرە.

قەتلۆ عامی ئەوان لەم سنوورە، رووی سەربازانی هاتی، کە بەبێ بەزەیی ستەمکار ناسراون، سپی کردەوە. رۆژێك کە سەربازانی رامسیسی دووەم لە میسری سەرووگەڕانەوە، ئێرە بووە ناوچەیەکی چۆڵ لە دانیشتووان و لەم سنوورەدا بنیادەمێك نەدەدۆزرایەوە.

پێش ئەوەی سەربازانی رامسیسی دووەم هێرش بێننە سەر ئێرە، لە میسری سەروو، بەدرێژایی رووباری نیل، سەدان گوندی ئاوەدان هەبوون و پاش ئەوەی کەسەربازان لێرە رۆیشتن، هەموو ئەو گوندانە وێران بوون. چونکە دانیشتوانی ئەم گوندانە قەتڵ و عامکران و ئیدی کەس نەما پارێزگاری و نۆژەنکاری خانووەکان بکا و بە تێپەربوونی زەمان ماڵەکان وێران بوون.

سەربازانی رامسیسی دووەم ئەوەندە بێ بەزەیی بوون کە سەرەڕای ئەوە کە رامسیسی دووەم بۆ بنیاتنانی تەلاری بەردین و دەرهێنانی کانزای خۆی پێویستی بەکرێکاری خۆڕایی بوو، خەڵکی ئەم ناوەیان بەزیندوویی نەهێشت تا لە تەلارسازی و کانزاکاریدا سەرقاڵی کارکردن بن، ئێستا تۆ ئەی مووسا لە من دەپرسی کە من کام دەستە لە خوایان دەپەرستم تاکو بیانوویەکت وەدەست بکەوێ و بمکوژی؟

مووسا گوتی: من ئەو مەبەستەم نەبوو و نەمویست پرسیارێك لە تۆ بکەم تاپاش وەرگرتنەوەی وەڵامەکەی تۆ بکوژم. من هەرگیز کەسێکم بەتاوانی ئەوە کە خوایەکی جیاواز لە خواکەی من دەپەرستێ، نەکوشتووە.

کچە لاوەکە سەیرێکی مووسای کرد و پاشان سەری خۆی بۆ جێگایەکی دیکە وەرگێڕا.

مووسا گوتی: ئەی مرێت ئاتوون ئایا تۆ رقت لە من دەبێتەوە؟

کچە لاو گوتی: نا، من رقم لە تۆ نابێتەوە. تۆ میوانی ئێمەی و دەبێ تا ئەو کاتە کە تۆ لە ماڵی ئێمەی تۆ بەئازیز بزانین، بەڵام من لەگەڵ هیچ یەکێك لە میوانانی کە هاتوونەتە ماڵی ئێمە ئاوا قسەم نەکردووە تۆ یەکەمین میوانی کەمن بەو شێوەیە لەگەڵتدا قسەم کرد.

کچەلاو گوتی: کاتێك تۆ لەگەڵ باوکم و میوانەکانی دیکە قسەت دەکرد بیستم کە گوتت رامسیسی دووەم لە بارەی دایکت و تۆوە نامیهرەبان بووە و ئەم مەسەلەیە منی حاڵی کرد کە دەتوانم لەگەڵ تۆدا قسەیەك بکەم کە لەگەڵ میوانەکانی دیکەدا نەمکردووە.

مووسا پرسی: ئەی باشە بۆ لەوە دردۆنگ بووی کە ناوی خوایانی خۆت بە من بڵێی، مانای ئاشکرای بکەی کام دەستە لەخوایان دەپەرستی؟



مرێت ئاتوون گوتی: رامسیسی دووەم لەگەڵ دایکت زەماوەندی گرتووە و تۆ لەو زەماوەندەوە هاتوویە دنیاوە لەبەر ئەوە خوێنی رامسیسی دووەم لە دەمارەکانی تۆدا دێت و دەچێ. من وام بیرکردەوە کەلە وانەیە تۆش وەکو باوکت بی خەڵك قەتلۆ عام بکەی.

مووسا گوتی: رامسیسی دووەم باوکی من نییە!

کچە لاو پرسی: مەگەر دایکی تۆ هاوسەری رامسیس دووەم نەبوو؟

مووسا وەڵامینەدایەوە، بەڵام بەهێواشی سەری داگرت.

مرێت ئاتوون گوتی: ئەی رامسیسی دووەم لەگەڵ دایکت زەماوەندی نەگرت؟

مووسا ئەمجارە وەڵامیدایەوە و گوتی: بەڵێ.

مرێت ئاتوون گوتی: کەوابێ تۆ لەرەچەڵەکی رامسیسی دووەمی و خوێنی ئەو لە دەمارەکانی تۆدایە.

مووسا گوتی: نا ... نا من کوڕی فیرعەون نیم.

کچە لاو گوتی: ئەمرۆ خودی ستی کف گوتی کە تۆ کوڕی فیرعەونی.

مووسا وەڵامیدایەوە: ئەم قسەیە مەکە و من کوڕی فیرعەون نیم و ئەمرۆکە گومانم نییە کە فیرعەون قەستی گیانی دایکمی نەدەکرد تالەوە گەیشت کە دایکی من ئاتوون دەپەرستێو مەرامی ئەوەیە من بەناوی ئاتوون مووسا لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنێ.

کچەلاو بەبێدەنگی، بەڵام بەدیقەتێکی زۆرەوە گوێی لە قسەکانی ئەو دەگرت و مووسا گوتی: لە کۆشکی پاشایەتیدا کاهینێك هەبوو کە بەسەر هەموو کاهینانی کۆشکی پاشایەتی پلەی سەرۆکایەتی هەبوو. ئەو منی بە هەڵگری رازە نهێنییەکانی خۆی دەزانی و بەمنی گوت کە ئاتوون دەپەرستێ و کاتێك کە فیرعەون تێگەیشت کە سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی ئاتوون دەپەرستێ، فەرمانی کرد سەریان بڕی و سەرەکەیان بەغولامێکدا بۆ من نارد تا هۆشداری بداتە من و حاڵیم بکا کە ئەگەر منیش خوای نەبینراو بپەرستم، بەهەمان شێوە سەرم لە لەشم جیادەکاتەوە.

تۆ وات وێنا کرد کە من هاتوومە ئێرە تاببمە جاسووس بەسەر تۆ و باوکت و دایکت، هەر بۆیە لە تۆم پرسیوە کە کام خوا دەپەرستی تا تۆش بڵێی من ئاتوون دەپەرستم و ئینجا منیش تۆ و باوکت و دایکت بکوژم، بەڵام ئەی مرێت ئاتوون بزانە کە تۆ دەتوانی من بکوژی نەك من تۆ بکوژم.

مرێت ئاتوون پرسی: چۆن من دەتوانم تۆ بکوژم؟

مووسا گوتی: ئەگەر تۆ ئێستا بچێتە لای ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراوی میسر و قسەکانی کە من لێرە لە بارەی خۆم و دایکم و سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی گوتم، بۆ ئەو بگێڕیەوە و بڵێی کە دایکم دەیویست من بە ناوی ئاتوون مووسا لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنێ. ستی کف بەزوویی من دەستگیر دەکا و سەرەڕای ئەوەش کە ئەو خۆی گوتی کە من کوڕی فیرعەونم، زنجیربەست، من بۆ پایتەخت دەگێڕێتەوە و هەر کە گەیشتمە پایتەخت فیرعەون سەرم لە لەشم جیا دەکاتەوە.

کچە لاو گوتی: مووسا، تۆ بە هۆی چییەوە ئەو قسانەت لای من کرد و ئەو نهێنییە گەورەیەت بۆ من درکاند؟

مووسا گوتی: من بەو هۆیەوە ئەو قسەیەم بە تۆ گوت کە کاتێك ئەمرۆ من تۆم بینی هەستم کرد کە دەتوانم لێت دڵنیا بم و دڵنیاشم کە ئەو قسانە ناگێڕیەوە.

مرێت ئاتوون گوتی: لەبەر ئەوەی من بوومە هۆکاری ئەوەی کە تۆ رازی دڵت ئاشکرا بکەی، زۆر بەداخەوەم.

مووسا گوتی: مرێت ئاتوون، لەمبارەیەوە غەمبار مەبە چونکە من خۆم دەمویست رازی خۆم بە تۆ بڵێم و بزانی کە من کوڕی فیرعەون نیم.

مرێت ئاتوون بێدەنگ بوو. مووسا مەودایەك لەو دووركەوتەوە و پاشان گوتی: مرێت ئاتوون من بە دیداری تۆ دووچاری هەستێکی نائاشنا بووم و لەمبارەیەوە زۆر خۆشحاڵم.

مرێت ئاتوون گوتی: ئەی مووسا، منیش لە دیداری تۆ یەکجار خۆشحاڵم.

پاش ئەوەی ماوەیەك ئەم دوو لاوە خامۆش مابوون و هیچ کامیان بێدەنگییان نەدەشکاند مرێت ئاتوون گوتی: بالێرە بڕۆین.

مووسا گوێ رایەڵی نواند و ئەم دووانە لە پەرستگای بێ نوا چوونە دەرەوە و خۆیان گەیاندە نوختەیەك کەلەوێ رووباری نیلیان لە ژێر پێی خۆیاندا دەدی و لەوێ لە پەنای یەکەوە راوەستان. پاشان ماوەیەك کەبە بێدەنگیی تێپەری، مووسا لێوی قسەکردنی کردەوە و گوتی: ئەی مرێت ئاتوون لەو ساتەوە کە من پێم نایە ناو ماڵی ئێوە و چاوم بەتۆ کەوت هەستم کرد شتێك من بەرەو تۆ رادەکێشێ و دڵم دەخوازێ دیسانەوە تۆ ببینم.

مرێت ئاتوون وەڵامیدایەوە: ئەی مووسا منیش پاش ئەوەی کە تۆم دی هەستم کرد کەشتێك من بەرەو تۆ رادەکێشێ ئەم واقیعە زۆر سەرسامهێنەرە.

مووسا پرسی: لە چ روویەکەوە سەرسامهێنەرە؟



کچەلاوەکە گوتی: لە ئەفسانەکاندا گوتوویانە کاتێك پیاوێك و ژنێکی لاو یەکترییان بینی، لە یەکەمین نیگاوە خوازیاری یەکتری بوون. بەڵام من وێنام نەدەکرد ئەم مەسەلەیە واقعییەتی هەبێ و وام بیر دەکردەوە کە بۆ سەرگەرم کردنی خەڵك بە شێوازی داستان بێژیی ئەو قسانە دەکەن لەبەر ئەوە لە میسر، زۆربەی هاوسەرگرییەکان بە جۆرێك بە رێوە دەڕوا کە ژن و پیاو پێش زماوەند یەکتری نابینن تا بەوە رادەگا کە خوازیاری یەکتری بن.

باوك و دایکی منیش بەر لە زەماوەند یەکتریان نەدیتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەوە کەبەیەکتری گەیشتن بەختەوەر بوون. من نازانم ئایا باوك و دایکی من دەتوانن تێبگەن ئەمشەو ئێمە دووچاری چ حاڵەتێك بووین.

مووسا گوتی: تۆ راست دەکەی باوك و دایکی تۆ ناتوانن تێبگەن کە ئەمشەو ئێمە دووچاری چ حاڵەتێك بووین، پاشان دوای ماوەیەك راوەستان گوتی: تۆ هێشتا لە بارەی خۆتەوە لەگەڵ مندا قسەت نەکردووە، بەڵام بەجۆرێك تۆ دەناسم کە هەر بڵێی، تۆ خودی منی.

مرێت ئاتوون گوتی: ئەی مووسا، تۆش لە بارەی خۆتەوە قسەت بۆ من نەکردووە، بەڵام من ئێستا تۆ وەها دەناسم هەر دەڵێی لە یەکەمین رۆژی بوونتەوە، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ تۆدابووم.

مووسا بەیەکجار شپرزە بوو وبەوەحشەتەوە گوتی: مرێت ئاتوون، ئایا تۆیان بۆ پیاوێك داناوە؟

مرێت ئاتوون گوتی: نا نا پاشان بەسەرسوڕمانەوە پرسی: ئەی مووسا، چۆن وێنای ئەوەت کرد کە ژنێکی وەکو منیان بۆ پیاوێك دانابێ؟ بۆ دەکرێ لەوڵاتی میسر، پیاوێك ئامادە بێ لەگەڵ کچێکدا زەماوەند بکا کە ناوی مرێت ئاتوون بێ، هەر کەسێك لە میسر ناوی ئاتوونی گوێ لێ بێ هەڵ دێ تابەوە را دەگا لەگەڵ ژنێکدا زەماوەند بکا کە خاوەنی ئەم ناوە بێ.

مووسا گوتی: بەڵام من ئەم ناوەم یەکجار خۆش دەوێ و بەباشترین ناوی دەزانم.

مرێت ئاتوون گوتی: ئەی مووسا، ئایا کەس و کاری تۆ رازی دەبن تۆ لەگەڵ ژنێکدا زەماوەند بکەی کە ناوی مرێت ئاتوون بێ؟

مووسا گوتی: کەس و کاری من نەماون تاکو بتوانن لە زەماوەندی من لەگەڵ تۆدا نا ڕەزایی بکەن، چونکە نەدایکم زیندووە و نە باوکم، بۆیە هیچ کەسێك لەلایەنی منەوە، بەزەماوەندی من لەگەڵ تۆدا نا ڕەزایەتی ناکا. پاش ئەم قسەیە مووسا پرسی: مرێت ئاتوون، ئایا تۆ رازی ببیە هاوسەری من؟ مرێت ئاتوون بەشەرمەوە گوتی: بەڵێ، من رازیم کەببمە

هاوسەری تۆ، پاشان بەزەردەخەنەوە لە ژێر لێوانەوە گوتی: لەم ساتە بەدواوە ئێمە دەزگیرانی یەکترین.

مووسا گوتی: بەومەرجەی کە باوکت بەزەماوەندی ئێمە رازی بێ.

مریت ئاتوون گوتی: باوکم بەرادەیەك منی خۆش دەوێ کە هەرچی من بمەوێ ئەو لەسەری رازی دەبێ، لەوەش بەولاوە، ئایا باوکم دەتوانێ گریمانەی ئەوە بکا مێردێکی لە تۆ باشتر کە خاوەنی گەوهەرێکی پاکی، بۆ من پەیدا ببێ؟

مووسا بەکەسەرەوە گوتی: ئەی مرێت ئاتوون، من خاوەنی گەوهەرێکی پاك نیم. دوای ئەوە ویستی بەکچەلاو بلێ کە ئەو لە نەژادی خوایان نییە، بەڵکو لەنەژادی غولامانی نەتەوەی ئیسرائیلن کەلە میسر کۆیلەتی دەکەن، بەڵام جڵەوی قسەکەی خۆی گرت.

کچە لاو گوتی: ئەی مووسا، هیچ کەسێك ناتوانێ بزانێ کە ئایا گەوهەرێکی پاکی هەیە یانا، بەڵام کەسانی تر، پاش ئەوەی کە ئەویان دی، پەی بەو مەسەلەیە دەبەن و من کە تۆم دی تێگەیشتم خاوەنی گەوهەرێکی پاکی، چونکە کەسێك خاوەنی گەوهەرێکی پاك نەبێ، بەو شێوەیە  جوان نابێ. من یەقینم هەیە کە تۆ، جوانترین لاوی میسری و لەم وڵاتەدا، پیاوێکی گەنج کە لە رووی بەرزیی باڵاو رێکوپێکی  ئەندام و جوانیی و سەر و سیماوە بەتۆ بگاتەوە، بوونی نییە.

تۆ سەرەڕای جوانیی، مەعدەنێکی پاکت هەیەو پاکی تۆ، وەکو ئەو ملوانکە زێڕە کە بەملتەوە هەڵتواسیوە و وەکو ئەو یاقوتانەیە کە بەدەستبەندی تۆوە دەبینرێ، دەدرەوشێتەوە.

مووسا گوتی: ئایا تۆ پاش ئەوەی من هاتمە ناو ماڵەکەی ئێوەوە دیقەتت دا کە من خاوەنی گەوهەرێکی پاکم؟

مریت ئاتوون گوتی: بەڵێ ئەی مووسا.

مووسا پرسی: ئەی باشە بۆچی بەرامبەر بە من بەدگومان بووی و پێتوابوو کە من بۆ جاسووسی هاتوومەتە ئێرە تا بزانم ئایینی تۆ چییە و پاش ئەوەی کەزانیم ئاتوون دەپەرستی تۆو باوکت و دایکت لەناو بەرم؟

مرێت ئاتوون لەوەڵامدا گوتی: ئەی مووسا، من کاتێك کە تۆم بینی تێگەیشتم کە خاوەنی مەعدەنێکی پاکی، بەڵام لەهاتنی تۆ ترسام.

مووسا پرسی: بۆچی لە هاتنی من ترسای؟



مرێت ئاتوون گوتی: هاتنی تۆ بۆ ئێرە بە ئەندازەیەك چاوەڕوان نەکراو و سەیر بوو کە وەك ئەوە دەچوو لە سپێدەیەکدا خۆر لەخۆرئاواوە هەڵ بێ و من کاتێك بینیم شازادەیەکی میسری بەتەواوی نیشانەکانی کوڕی فیرعەونەوە بەسواری گالیسکەوە لەگەڵ  دوو کەسی دیکە دێتە ئێرە، کە دەشێ بگوترێ لە جیهانێکی دیکە دایە. من نەمتوانی تێبگەم کە ئەو کەسە بۆچی پێ دەنێتە ناو ماڵەکەی ئێمەوە.

هەر کەسێکی دیکەش لە جێگای من بووایە، لە هاتنی تۆ بۆ ئێرە، ئەویش بەوسادەییەوە، تووشی وەحشەت دەهات و هەروەکو چۆن کە باوکم چاوی بە تۆ کەوت تووشی وەحشەت بوو. دوژمنایەتی فیرعەون لەگەڵ ئاتوون پەرستاندا بەرادەیەکە کە هاتنی کوڕەلاوی ئەو بۆ ناوماڵێك کە ئاتوون پەرستن، وەحشەت دەهێنێتە ئارا.

پاشان مرێت ئاتوون لە بارەی سەردەمی منداڵی مووساوە پرسیاری کرد و لە بارەی دایکی شازادەخانم ئەنخاس ئاموونەوە پرسیاری لێکرد[٤٤].

مووسا بۆی گێرایەوە کە دایکی، ئەوی لە هەمووان زیاتر خۆشدەویست وپاشان کە گەورە بوو لەگەڵ ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی دۆستایەتی گرت و پاشان لەگەڵ نف، تەلارسازی کۆشكو لەناوچەی ئاورێژگەی رووباری نیل سەفەری کردووە و شتگەلێکی دیوە کە تا ئەوکاتە چاوی پێیان نەکەوتووە.

مووسا چۆنیەتی زۆرانبازی خۆی لەگەڵ رامسیس ئوم — ستی کوڕی فیرعەون گێڕایەوە و گوتی چۆن بەدار لەدەستی داوە و دەستی ئەوی لەکار خستووە و پاشان گوتی فیرعەون رقی لێ داگرتووە و پاشای میسر، بۆ ئەوەی ئەو لەپایتەخت و وڵاتی میسر دووربخاتەوە، فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکانی لە سوپای میسردا بەوسپاردووە تاکو بەرەو باشوور بڕوا و لەوێ سەرگەرمی نەبەرد بێ و بۆ میسر نەگەڕێتەوە.

هەر چەندێك کە مووسا قسەی دەکرد، کچە لاو وای پیشان دەدا کەدیسانەوە حەز دەکا گوێی لە قسەکانی بێ. ئەم دوولاوە هیچ هەستیان بە تێپەربوونی وەخت نەدەکرد تا ئەو دەمە

(٤٤) زانایانی یەهود لەوانەش "ئاسش" ئەو زانایەی کە هەژدە کتێبی لەبارەی رابردووی نەتەوەی یەهودو حەزرەتی مووساوە نووسیوە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەرچی لەم کتێبەی دانراوی ((هاوارد فاست)) نووسراوە ئەوە دەقی مێژووە، بەڵام  لەبارەی هەندێك لەناوەکانی کتێبەکە، لەگەڵ هاوارد فاست جیاوازییان هەیە و یەکێك لەم بوارانە، ناوی دایکی رواڵەتی مووسا، شازادەخانم ئەنخاس ئاموونە و یەهودییەکان دەڵێن کە ئەو شازادەخانمە بەناوی ((بتیە) یان (( بەسیە)) ناسراوە.(و.ف)

که بینیان وا مانگ گەیشتووەتە جێگایەکی دیکەی ئاسمان، کچە لاو گوتی: نیوێک لە شەو تێپەری کرد.

مووسا چاوێکی لە ئاسمان بڕی و گوتی: پاش چەند سەعاتێکی دیکە، ڕۆژ گزنگ دەدا، ئینجا پرسی: ئێستا چ بکەین؟

مرێت ئاتوون گوتی: برۆ لە بارەی منەوە لەگەڵ باوکم قسە بکە.

مووسا پرسی: ئایا تۆ منت دەوێ؟

کچەلاو گوتی: بەڵێ، من خوازیاری تۆم و دەزانم کە مێردێکی لە تۆ باشتر بۆ من پەیدا نابێ. مووسا پرسی: من چ کاتێك دەتوانم لەگەڵ باوکتدا قسە بکەم؟

مرێت ئاتوون: تۆ هەر ئێستا دەتوانی لەگەڵ باوکم قسە بکەی.

مووسا گوتی: ئێستا باوکت خەوتووە...

کچە لاو گوتی: نا ئەی مووسا، تا کاتێك من نەگەڕێمەوە و میوانەکەی ئەو، مانای تۆ، نەحەسێتەوە ئەو ناخەوێ. چۆن دەکرێ باوکم کە هێشتا تۆی نەخەواندووە، خۆی بخەوێ. لەوەش بەولاوە، من دەزانم باوکم لەگەڵ ستی کف، فەرماندەی سوپای میسر قسە دەکا لەحاڵێکدا کە ئەم دووانە، لە ڕووی مەعنەوییەوە، جیاوازییان هەیە.

مووسا پرسی: چۆن جیاوازییان لەنێواندا هەیە؟

کچە لاو گوتی: باوکم پیاوێکی یەکجار بەبەزەییە، کاتێك کە بە ڕێگادا دەڕوا ئەگەر مێرووییەك لەسەر زەوی ببینی، پێی خۆی هەڵدەگرێ تا مێرووەکە پان نەکاتەوە، بەڵام ستی کف پیاوێکە هەزار کەس دەکوژێ بێ ئەوەی بەکوشتنی ئەوان دووچاری کەمترین نیگەرانی ببێ.

مووسا پرسیی: چۆن ئەم دووکەسە کەلەرووی روحییەوە، بەو ئەندازەیە لە یەکتری جیاوازن دەتوانن ماوەیەکی درێژ لەگەڵ یەکتریدا قسە بکەن؟

مرێت ئاتوون گوتی: باوکم پیاوێکە ئارام و دان بەخۆدا گرتووە، دان بەخۆدا گرتوویی ئەو لە پیشەکەیەوە کە پزیشکییە، سەرچاوەی گرتووە. باوکی من هێندەی خەڵکی ئازار چەشتوو دیوەو ئەوەندەی گوێ لە ناڵینی ئەوان بووە کە ئیدی لە بەرامبەر هیچ ئازارێکدا، جڵەوی دان بەخۆداگرتنی خۆی لەدەس نادا و بەهێمنی و سەلیقەوە گوێ لەقسەی کەسانیتر ڕادەگرێ.

پاش ئەوە کچەلاو بابەتی ئاخاوتنی گۆڕی و گوتی:

خۆزگە تۆ بتتوانیبایە لێرە بمێنییەوە.



مووسا گوتی: من بەیانی لێرە دەڕۆم، بەڵام حەتمەن دەگەڕێمەوە و هیچ شتێك ناتوانێ بەربەستیی لە گەڕانەوەی من بکا، چونکە من ئیرادەم لەسەر ئەوەیە کە بگەڕێمەوە و خۆم بەتۆ بگەیەنمەوە.

ئینجا کوڕەلاو ئەڵقەی ئەنگوستیلەیەکی زێڕ کە لە شێوەی سیمی بادراو دروست کرابوو، لە پەنجەی خۆی هێنایە دەرێ و گوتی: مرێت ئاتوون ئەم ئەنگوستیلەیە لە پەنجەی تاکە ژنێکدا بوو کە من خۆشم دەویست. مانای ئەم ئەنگوستیلەیە لەناو پەنجەی دایکم دابوو. لەبەر ئەوەی تۆ، دوای ئەو، تاکە ژنێکی کە من خوازیاری بم، ئەم ئەنگوستیلەیە دەدەمە تۆ کە بیکەیە پەنجەتەوە.

مرێت ئاتوون ئەنگوستیلەکەی لە دەستی مووسا وەرگرت و ماچی کردو گوتی: ئەی مووسا، من سوپاست دەکەم کە تۆ ئەنگوستیلەیەکی ئاوا کەبەلاتەوە یەکجار گرانبەهایە دەدەی بەمن و من بەوپەری ئارەزووەوە ئەم ئەنگوستیلەیە دەکەمە پەنجەی خۆم و ئێستا بڕۆ لەگەڵ باوکم گوتوبێژ بکە و ئینجابخەوە. چونکە پێویستە پشووبدەی تاکو سبەی کە بەتەمای بەرێکەوتنی هیلاك نەبی.

کچەلاو بەرێکەوت تاکو بڕوا و مووسا ویستی لەگەڵ ئەودا پێکەوە بڕۆن، بەڵام مرێت ئاتوون گوتی: با من بە تەنیا بڕۆم بۆ ئەوەی باوکم، من و تۆ بەجیا ببینێ، مووسا پێداگریی نەکردو کچەلاو دوورکەوتەوە و مووسا تا چەند ساتێك پاش ڕۆیشتنی مرێت ئاتوون لەهەمان جێ ڕاوەستا بوو و لە گژبیرانەوە چووبوو، بیری دەکردەوە کە ئەو لەوشەوەدا، وەك ئەوەیە کە بۆتە پیاوێکی دیکە.

تا ئەوشەوە، مووسا دنیای بەجۆرێکی دیکە دەدی و لەوشەوەدا، دەتگوت شێوەی دنیا لە بەرچاوی گۆڕاوە.

تا ئەو شەوە ئەو نەیدەزانی چ شتێك دەبێتە هۆکاری ئەوە کە ژن و پیاو ئارەزوویان بەلای یەکدا بچن و بەرەو یەکتری کێش بن. لەوشەوەدا تێگەیشت هێزی ڕاکێشانێك کە لەنێوان ژن و پیاودا پەیدا دەبێ، چ جۆرە چۆنایەتییەکی هەیە.

مووسا، پاش ماوەیەك بیرکردنەوە، لەسەر ڕاسپاردەی کچەلاو کەوتەرێ تاکو خۆی بگەیەنێتە ماڵ و لەگەڵ خانەخوێدا لەبارەی کچەلاوەکەوە ئاخاوتن بکا.

کاتێك گەیشتە نزیکی ماڵەکە دەنگی ئاخاوتنی گوێ لێبوو و زانی کە ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو لەگەڵ ئاتوون مووسا سەرگەرمی ئاخاوتنە.

ئاخاوتنی ئەوان بەجۆرێك گەرم بوو تەنانەت وێرا بەهەڵچوون بوو. كوڕەلاو نەیویست بە ئامادەبوونی خۆی ئاخاوتنی ئەوان بپچڕینێ و دەیزانی بڕینی قسەی دوو كەس كە بەهۆگرییەوە بەیەكەوە قسە دەكەن لە ئەدەب دوور دەبێ.

ستی كف گوتی: من لە بارەی ئەو مەسەلانەوە كە شارەزایم تێدانییە بیروبۆچوون دەرنابڕم، تۆ ئەگەر لە من بپرسی كەتیرەی چەرخەكانی گالیسكەی جەنگی دەبێ چەند بێ و درێژی میلی گالیسكەی جەنگی دەبێ بەچ ئەندازەیەك بگرن و درێژی داسی گالیسكەی جەنگیی چەند دابنێن‌و لە چ وەختێكدا دەبێ گالیسكەی جەنگیی بخرێتە كار و نێزە لە چ كاتێكدا بەكارببرێ، من دەتوانم وەڵامی راست بدەمەوە، بەڵام لە شتانی دیكە سەرم دەرناچێ.

خانە خوێ گوتی: ئەی دۆستی دێرین و ئازیز، من جاری وا هەیە حەز دەكەم كەخۆزگە تۆ پزیشك بای.

ستی كف پرسی: بۆچی ئەم ئارەزووەت هەیە؟

خانە خوێ گوتی: لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ پزیشك بای پیاوێكی زۆر باشتر و بالآتر دەبووی لەمن.

ستی كف گوتی: بە چیڕا دەتوانرێ لەوە بگەین كە من باشتر و بالآتر دەبووم لە تۆ؟

پزیشك وەڵامیدایەوە: من خۆم دەناسم و دەزانم كە سنووری من تاكوێیە. تۆش كە دۆستی دێرینی منی، بەباشی دەناسم و لە سنووری تۆش ئاگاداریم هەیە، بەداخەوە لەم قۆناغە كورتەی تەمەندا، كاتێك دۆستێكی باش بۆ مرۆڤ دەرەخسێ، هەروەكو تۆ كە بۆ من رەخسای، مرۆڤ ناتوانی تێر ئەو ببینێ و تەنیا بۆ كاتێك ئەو دەبینێ.

بەڵام بەوهۆیەوە گوتم ئەگەر تۆ پزیشك بای لە من باشتر و بالآتر دەبووی، كە تۆ پیاوێكی ئازا و هۆشیار و سەر راست و راستگۆ و راشكاوی، سەرەڕای ئەوە كە ولآتانی جۆر بەجۆرت لە ژێر سمی ولآخەكانی خۆتدا دیوە و لە جەنگەكاندا سەركەوتوو بووی، پایە پەرست نی. كەسێك كە خاوەنی ئەم خەسڵەتانەیە ئەگەر بیخوێندبایە، لە رووی مەعنەوییەوە دەگەیشتە پایەی بەرز.

ستی كف پێكەنی و گوتی: مەبەستت لەم قسەیە چییە؟

ئاتوون مووسا گوتی: مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە كە تۆ، باوەڕت بەخورافە نەهێنا، بەڵكو باوەڕت بەهەقیقەت هێنا و سوودی باوەڕبوون بە هەقیقەت ئەوەیە كە خودی مرۆڤ بەرەو پێگەیشتوویی دەڕوا، بەڵام باوەڕبوون بەخورافە مایەی ئەوەیە كە مرۆڤ هەمیشە لە حاڵی داڕمان دابێت.



ستی كف گوتی: من تێناگەم چۆن باوەڕێك لەوانەیە خودی مرۆڤ لە حاڵی داڕماندا بهێڵێتەوە؟

ئاتوون مووسا وەڵامیدایەوە: من ئێستا نموونەیەكت بۆ باس دەكەم بۆ ئەوەی تێبگەی چۆن باوەڕ بوون بەخوڕافە مرۆڤ لەحاڵی داڕماندا دەهێڵێتەوە و باوەڕبوونیش بە هەقیقەت هۆكاری پێشكەوتنی ئادەمیزاد دەبێ.

من سەرەڕای ئەوە كە باوكم پزیشك بوو باپیریشم پیشەی پزیشكیی هەبوو، ناتوانم دیاری بكەم كە زانستی پزیشكی لە چ مێژوویەكدا لە میسر خوێندراوە و لەوانەیە یەكەمین جار كەلەم ولآتەدا زانستی پزیشكیی خوێندراوە سێ یا چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا بووبێ. بەڵام خورافات لەناو زانستی پزیشكیدا هەبوو، دەیانگوت ئەو دەنگەی كە ئێمە هەمیشە لەناو سنگی خۆماندا گوێمان لێدەبێ و دەزانین كە لە دڵەوە هەڵدەستێ، دەنگی ئاموونە.

لەبەر ئەوەی دەنگی ناوەوەی سنگیان بە دەنگی خوای ئاموون دەزانی هیچ كەس نەدەكەوتە سەروكاری ئەوە لە دڵ بكۆڵێتەوە و تێبگا ئەو پارچە گۆشتە كە بەردەوام لە ناوسینگی ئێمەدا دەجولێتەوە لە رووی پزیشكییەوە چ كارێكی هەیە.

تۆ بیر بكەوە كە ئەگەر سێ یا چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا، كە زانستی پزیشكیی لە میسر سەریهەڵدا، خورافات نەهاتبایە ناو ئەم زانستەوە و پزیشكانی میسر لە بارەی دڵ لێكۆڵینەوەیان بكردبایە، ئەمرۆ میسرییان و تیرەی بەشەر لە بارەی پەی بردن بەڕازەكانی ژیان چ سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست دەهێنا. بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگی دڵیان بەدەنگی ئاموون دەزانی، ماوەی سێ یا چوار هەزار ساڵ، لێكۆڵینەوە لە بارەی دڵ راوەستا و تەنیا لەسەردەمی پاشایەتی پاشایەك كە ئێوە لە میسری خواروو، ئەو بەپاشای نەفرەت لێكراو دەزانن مانای (ئاموون تپ)ی چوارەم كە پاشان ئاتوونی پەرست و ناوی خۆی نا ((ئاخن ئاتوون))، لێكۆڵینەوەی لە بارەی دڵ دەستپێكرد. چونكە ئەو پاشایە گوتی نابێ خورافات دەخالەت لە زانستی پزیشكییدا بكا. من كە پزیشكم ئەمرۆ دەزانم كە دەنگی دڵ ئاموون نییە بەڵكو، هی ئەوەیە كە دڵ بەیەك ترومپا دادەنرێ. ستی كف بە حەپەسانەوە پرسی: چۆن دڵ یەك ترومپایە؟

خانەخوێ گوتی: وەك چۆن كە ترومپا، ئاو لە رووباری نیلەوە دەخاتە سەر جۆگاكانی ئاودێری، دڵیش هەر وەك ترومپایەك خوێن دەخاتە ناو دەمارەكانەوە. بەڵام من نازانم چی روودەدات تا ببێتە هۆی ئەوە كە دڵ لەپاڵ پێوەنان رابووەستێ، بەڵام ئەگەر پێشكەوتنی زانستی پزیشكی، بەهۆی كاریگەری دزەكردنی خورافات بۆ ناو ئەو زانستە ماوەی سێ یان چوار هەزار

ساڵ رانەوەستابا، ئەمرۆ من کە پزیشکم دەمزانی کە بۆچی دڵ لە جوولاْن دەوەستێ و لە ئەنجامدا مرۆڤ دەمرێ. چونکە هۆکاری راوەستانی دڵم دەزانی، ئەو هۆکارەمان نەدەهێشت تا دڵ رانەوەستێ و مرۆڤ نەمرێ.

لەوماوە کورتەدا کە لێکۆڵینەوە دەربارەی دڵ دەستی پێکردووە، من تەنیا بەبیستنی دەنگی دڵ دەتوانم پەی بەبەشێك لە نەخۆشییەکان ببەم.

من گوێ بەسنگی نەخۆشەوە دەنێم و گوێ لە دەنگی دڵی ئەو رادەگرم و لە دەنگی دڵی ئەوەوە پەی بە نەخۆشییەکەی دەبەم.

ستی کف گوتی: لە بیرمە کە تۆ گوێی خۆت بەسنگی منەوە نا پاشان چەند راسپاردەیەکت دامێ.

ئاتوون مووسا گوتی: بەڵێ من بەتۆم گوت کە لە هەر چەشنە هەڵچوونێك دوور بکەوەوە و خۆت ماندوو مەکە و تووڕە مەبە و لە خرۆشانە توندەکانی جەنگ خۆت بەدوور بگرە.

ستی کف گوتی: چۆن دەکرێ من کە سەربازێکم نەچمە مەیدانی جەنگ و بەشداری لەشەڕدا نەکەم؟ پاش ئەوە کە بەشداریم لەشەڕدا کرد ناچار تووشی هەڵچوون و خرۆشانێك کەلەشەڕەوە سەرچاوە دەگرێ، دەبم.

ئاتوون مووسا وەڵامیدایەوە: ئەم خرۆشانە بۆ تۆ زیان بەخشە و تۆ دەبێ لەوانە دوور بکەویەوە.

ستی کف گوتی: ئەی پزیشکی ئازیز، تۆ وێڕای ئەوەش کە بەمنت گوت خرۆشانەکانی مەیدانی جەنگ لەوانەیە من لەبەین بەرێ، من ناتوانم لەبەشداری کردنی شەڕ خۆم ببوێرم و بۆ مردنیش من ئامادەم.

لەوکاتەوە کە تۆ بەمنت گوت کە دەبێ لەهەر ماندووبوون و خرۆشانێك خۆم بەدور بگرم، من گۆڕی خۆم کڕیوە و وەستای مۆمیاکردنی لاشەکەی خۆشم دیاریکردووە.

لەوکاتەدا ستی کف لە ئاتوون مووسای پرسی: بەراست ئەی پزیشکی ئازیز، پێم بڵێ ئایا تۆ باوەڕت بە ژیانی پاش مردن هەیە و وابیر دەکەیەوە کەپاش مردن زیندوو دەبینەوە و ئاتاجیمان بەخواردن و خانوو و پۆشاك هەبێ؟

کاتێك فەرماندەی سوپای رەوانەکراو ئەم پرسیارەی لەخانە خوێ کرد، مووسا گوێکانی خۆی بۆ تیژکرد، لەوکاتەدا ئەو لاوە لە ستی کف زیاتر تامەزرۆ بوو گوێی لێ بێ خانەخوێ چ وەڵامێك دەداتەوە.



مووساش وەکو میسریان باوەڕی بەژیانی پاش مردن هەبوو، بەڵام نەك بەو شێوەیە کە پەیڕەوانی ئاموون باوەڕیان پێ بوو. مووسا، پاش ئەوە کە خوای نەبینراوی ناسی، باوەڕی هێنا کە مرۆڤ پاش مردن دەمێنێتەوە، بەڵام نەك بەو بەدەنەی ئەم جیهانەوە باوەکو لاشەکەشیان مۆمیاکردبێ، بەڵکو روحی ئینسان پاش مردن دەمێنێتەوە و مووسا دەیویست تێبگا ئەو پزیشکە چ وەڵامێك دەداتەوە.

ئاتوون مووسا چەند ساتێك بێدەنگ ما و پاشان گوتی: هیچ کەسێك نازانێ ئایا مرۆڤ پاش مردن ژیانێکی دیکەی دەبێ یانا، هەر بۆیە تا رۆژێك کە ئێمە زیندووین دەبێ بۆ پاراستنی ئەو ژیانەمان کۆشش بکەین. من کە پزیشکم، بە پێی توانای خۆم، کۆشش دەکەم لەرێگای زانستەوە ئامرازێك بەدەس بێنم بۆ ئەوەی کە بتوانم ژیانی نەخۆشەکانم درێژ بکەمەوە، مانای ببمە بەربەستی مردنی ئەوان.

هەر کاتێك یەکێك لە نەخۆشەکانی من، کە من گوێم لە دەنگی دڵی راگرتتووە، ماڵئاوایی لە ژیان دەکا، کاتێك کە دەیانەوێ لاشەکەی مۆمیا بکەن، من دەچمە لای مۆمیا کەر و داوای لێدەکەم لەکاتی کردنەوەی لاشەی مردووەکە ئامادە بم تا بتوانم دڵی ببینم و تەماشا بکەم کە دڵی ئەو چ تایبەتمەندییەکی هەیە.

لەوەش بترازێ، هەرکاتێك لەو سنوورە یەکێك لە دانیشتوانی لیبیا یان کۆش کۆچی دوایی دەکا، لاشەکەی دەدەنە دەست من تا هەڵیدڕم و تۆ دەزانی کە دانیشتوانی لیبیا و کۆش لاشەی مردوان مۆمیا ناکەن بەڵکو لە ژێر خاك دەینێژن تا برزێت و لەبەین بچێ.

من ئەو لاشانە هەڵدەدڕم و تەواوی ئەندامەکانی لەشی مردووەکە سەیر دەکەم، ئەندامانی لەشی دەپشکنم تا بزانم کە هەر نەخۆشییە لە هەر یەك لە ئەندامانی مرۆڤ، چ تەئسیرێك دێنێتە ئاراوە و مەبەستم ئەوەیە کە یەکەمیان تێبگەم پێشگیریی چۆن دەکرێ لەسەر هەڵدانی نەخۆشی، لەناو بەدەنی مرۆڤدا بکرێ و دووەمیان پاش ئەوە کە نەخۆشی سەریهەڵدا، چۆن چارەسەر بکرێ.

ستی کف گوتی: من لەبەر ئەوەی سەربازم دەزانم کە ئەگەر جموجۆڵ و ماندووبوون و خرۆشەکانیش من لەبەین نەبەن، لەوانەیە بە زەربەی نێزە یان زەربەی شمشێر من بکوژن یان ئەوەتا لە ژێرسمی ئەسپان و چەرخەکانی گالیسکە جەنگییەکانی هاتیدا بفلیقێمەوە و هەر بەو هۆیەشە کارراستایی خۆم لەدەس نەداوە و گۆڕی خۆم کڕیوە... پاشان گوتی: ئەی دۆستی ئازیز، ئایا ئەم شەو بەتەمانی بخەوی؟

خانەخوێ گوتی: زۆر باشە برۆ پشوو بدە و ژووری تۆ، هەمان ئەو ژوورەیە کەرۆژی پێشوو هاتییە ئێرە و لە وێ خەوتی، هەر لەوێ بخەوە.

ستی کف کە تا ئەوکاتە دانیشتبوو هەستایەسەر پێ و کەوتە  رێ و پێش ئەوەی دوور بکەوێتەوە لە خانەخوێی پرسیی: ئایا تۆ ناخەوی؟

خانە خوێ وەڵامیدایەوە: من ماندوونیم و چاوەڕێ دەبم تا میوانی لاوم دێت.

ستی کف رۆیشت و پاش رۆیشتنی ئەو، خانەخوێ هەستا و چوو تا لەبانیژەی ماڵەکەی خۆی نزیك بۆوە و بەسەیرکردنی رووباری نیلەوە سەرگەرم بوو.

لەوکاتەدا مووسا کەوتەڕێ تا لە خانەخوێ نزیك ببێتەوە. ئاتوون مووسا لەدەنگی پێی ئەو لاوەوە تێگەیشت کە ئەو نزیك دەبێتەوە و بێ ئەوەی کە رووی خۆی بەرەو لای ئەو وەربگێڕێ گوتی: ئەی میوانی ئازیز ئەم شەو شەوێکی خۆش بوو و هیوادارم لەتۆش بەخۆشی گوزەرابێت.

مووسا گوتی: من ئەمشەو ئەرکێکم خستە سەر تۆ و لە وەش زیاتر، نەمهێشت بخەوی.

لەو دەمەدا پزیشك  رووی خۆی بەرەو لای کوڕەلاو وەرگێڕاو گوتی: هیچ میوانێك ئەرکی پێشوازی خۆی بەسەر خانە خوێدا ناسەپێنێ و هەموو خانەخوێیەك چێژ لە میوانداری میوانەکەی وەردەگرێ و یەکێك لەباشترین خۆشییەکانی ئێمە لەو دنیایەدا، پێشوازی کردنە لە میوانەو کاتێك دەرگای ماڵەکەمان بەرەو  رووی میوان دەکەینەوە، وەك ئەوە وایە دەرگای کامەرانییمان بە رووی خۆماندا کردبێتەوە.

مووسا کەلە خانەخوێ نزیك ببۆوە تاکو خوازبینی کچەکەی لێبکا دەترسا کە نەتوانێ مەبەستی خۆی دەرببڕێ، بۆیە بێ پێشەکی گوتی: من کچەکەی تۆم دەوێ و ئەوم خۆش دەوێ... من ئەوەندە ئەوم خۆشدەوێ کە وەك ئەوە وایە لە رۆژی بوونمەوە تا ئەمڕۆ هەمیشە ئەوم خۆش ویستووە، ئایا تێدەگەی چی دەڵێم؟

لەبەر ئەوەی مووسا بێ پێشەکی قسەی کرد و گوتەکانی خۆی بەخێرایی دەگوتن لە ترسی ئەوەی لەشەرمی زۆر نەتوانێ مەبەستی خۆی بەیان بکا، ئاتوون مووسا دووچاری خراپ تێگەیشتنێك هات و وای وێنا کرد لەبەر ئەوەی ئەو شەوە، مووسا و کچەکەی ماوەیەك پێکەوەو بەتەنیابوون، پێشهاتێك  روویداوە بۆیە بەئاوازێك وێرا بەنەفرەت و کەسەر گوتی: ئاه! ئایا ئەوە بوو پاداشتی تۆ بۆ خانەخوێ کە سوکایەتی بە کچەکەی بکەی؟

کاتێك مووسا، کە لاوێکی راستگۆ و پاك بوو، ئەم قسەیەی لە باوکی کچەکە گوێ لێبوو تێگەیشت کە ئەو دەیەوێ چ بڵێ و خوێن لە ژێر پێستی روخساریدا کۆبۆوە و ئەگەر شەو



نەبووایە ئاتوون مووسا دەیبینی کە  روخساری کوڕەلاو ئەرخوانی بووە و مووسا گوتی: نا، نا من سووکایەتیم بەونەکردووە و من هاتووم خوازبێنی ئەو لە تۆ بکەم.

ئاتوون مووسا تێگەیشت بەهەڵەدا چووە و دووچاری خراپ تێگەیشتن بووە، گوتی: ئەی میوانی ئازیز، من داوای لێبووردنت لێدەکەم کە قسەکەی تۆ بەجۆرێکی دیکە تێگەیشتم.

کاتێك مووسا تێگەیشت کە ئاتوون مووسا لە مەبەستی ئەو حاڵی نەبووە، ئارام بۆوە و ئاتوون مووسا گوتی: لەو خراپ تێگەیشتنە کە  روویدا سەرسام مەبە، چونکە هاتنی تۆ بۆ ئەم ماڵە،  رووداوێکی نائاساییە و هەرگیز  رووی نەداوە کە شازادەیەکی میسری کە هەموو تەمەنی خۆی لە کۆشکەکانی پاشایەتی میسری خواروو بەسەر بردبێ بێتە ئێرە.

من دەزانم لەکۆشکەکانی پاشایەتی میسری خواروو وەزعی ژیان جۆرێکە کە شازادەکانی میسری لە وێ ئازادی تەواویان بۆ هەرکارێك هەیە. لەوکۆشکانەدا نەریت و ئەخلاق، بەوشێوەیە کە لە میسری خواروو، مانای لێرە،  رەچاودەکرێ، لەوێ رەچاو ناکرێ و لەبەر ئەوەی کەتۆ شازادەیەکی میسری و هەمووتەمەنی خۆت لە پایتەخت بەسەر بردووە، من بیرم کردەوە لەوانەیە لەم ماڵەشدا رووداوێك هاتۆتە پێشەوە کەبەجۆرێکی باو لەپایتەختی میسردا روودەدا.

مووسا گوتی: من گەرچی لە کۆشکی پاشایەتی پایتەختی میسر گەورە بووم، بەڵام لەگەڵ ئەو شازادانە کەلە وێدا گەورە دەبن جیاوازیم هەیە. پاشان درێژەی بەقسەکانی داو گوتی: ئەوەی کە تۆ  دەیڵێی مەسەلەیەکە دەکەوێتە پەراوێزی بابەتەکەی ئێمە و بابەتی ئەسڵیی ئەوەیە کە من کچەکەی تۆم دەوێ و ئەوم خۆش دەوێ هەر  بۆیە خوازبینی مریت ئاتوون لە تۆ دەکەم.

پزیشك گوتی: چیبوو کە تۆ لە ماوەی چەند سەعاتێکدا کە لەوماڵەدای ئاوا هۆگری کچەکەی من بووی؟ چونکە خۆشەویستییەکی زۆر، لەماوەیەکی ئاواکەمدا نایەتە ئاراو دەبێ ماوەیێك بگوزەرێ تاکو پیاوێك ئەوەندە هۆگری ژنێك بێ کە نەتوانێ وازی لێبێنێ.

مووسا گوتی: لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێ  کە من تاکو ئەمڕۆ هیچ ژنێکم خۆش نەویستووە و مریت ئاتوون یەکەمین ژنێکە کە جێگای  هۆگری و خۆشەویستی من بێ.

پزیشك پرسی: ئەی کوڕەلاو، چەند ساڵ لە تەمەنی تۆ تێدەپەرێ؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ئێستا هەژدە ساڵ و نیو لە تەمەنی من تێدەپەرێ و نیو ساڵی دیکە من دەبم بە نۆزدە ساڵ.

پزیشك  گوتی: بەو جۆرە کە من بیستوومە لە دەرباری پاشایەتی میسر، بۆ شازادەکان کاتێك کە منداڵن دەزگیرانیان بۆ دیاری دەکەن و تۆش دەبی دەزگیرانێکت هەبێ.

مووسا گوتی: من دەزگیرانم نییە. چونکە دایکم شازادەخانم ئەنخاس ئاموون کاتێك کە من منداڵ بووم نەیویست دەزگیرانم بۆ دیاری بکا.

پزیشك گوتی: بۆچی دایکت نەیویست دەزگیرانت بۆ دیاری بکا؟

مووسا بێدەنگ بوو. لەبەر ئەوەی بێدەنگی ئەو درێژەی کێشا پزیشك گوتی: تۆ ئامادە نی پێم بڵێی بۆچی دایکت، بەپێچەوانەی دەرباری پاشایەتی میسر، کاتێك کە منداڵ بووی نەیویست دەزگیران بۆ تۆ دیاری بکات. بەڵام چاوت لەوەیە کە من قسەکەی تۆ لەوەی کە پەیوەندی تۆ بە کچەکەی منەوە پەیوەندییەکی کاتی نییە، قبووڵ بکەم.

کوڕەلاو گوتی: دیاری نەکردنی دەزگیران لەلایەن دایکمەوە بۆ من، هۆیەکی تایبەتی هەبوو.

پزیشك پرسی: ئەو هۆیە چ بوو؟

مووسا گوتی: من ناتوانم ئەمشەو ئەو هۆیەت پێ بڵێم، چونکە شەو رابردووە و تۆ ماندووی و دەبێ بخەوی. ئەگەر من بمەوێ ئەو هۆیە بە تۆ بڵێم تادەمی خۆرهەڵاتن دەبێ قسە بکەم و من بەشێك لەوانەم بۆ مریت ئاتوون گێراوەتەوە و ئەو بەتۆی دەڵێ.

پزیشك گوتی: میوانی ئازیز، مرۆڤ دەتوانێ شەوێك خۆی لەخەوتن ببوێرێ، بەتایبەتی ئەگەر شازادەیەك بێ. چونکە شازادەیەك جووتیارێکی میسری نییە کەناچار بێ بەرەبەیان لەخەوهەڵبستێ و بچێتە ناو سەوزایی تاکو سەرگەرمی کارکردن بێ بۆ سەردارەکەی. تۆ دەتوانی لە جیاتی ئەم شەو سبەی بخەوی و ئەگەر سبەی نەتتوانی بخەوی، ئەوا سبەی شەو پشوو دەدەی.

منیش دەتوانم سبەی یا سبەی شەو پشوو بدەم. بۆیە وەرە دانیشە و پێم بڵێ بۆچی کە منداڵ بووی دەزگیرانیان بۆ دیاری نەکردی.

مووسا دانیشت و دەستی بەقسەکردن کرد و بەسەرهاتی خۆی هەرلە هیجرەتی نەتەوەی ئیسرائیل بۆ سەرزەوینی کۆش لە ناوچەی دەڵتای میسر، دەستپێکرد و گوتی کە باوك و دایکی وەك هەموو تاکەکانی نەتەوەی ئیسرائیل کە لەسەر زەوینی کۆشدا دەژیان و ئێستاش دەژین، کۆیلە بوون و بەساوایی ئەویان لەنێو سەبەتەیەکدا کە کونەکانیان ئاخنیوە، داناوە و بە رووباری نیلیان داداوە. ئەنخاس ئاموون ئەوی لە ئاو گرتۆتەوە و چونکە نەزۆك بوو و نەیدەتوانی منداڵی ببێ بە شێوەیەك کارەکە رێکدەخات کە هەمووان وابزنن کە ئەو، مانای مووسا، منداڵی شازادەخانم ئەنخاس ئاموونە و ئەو لەپشتی فیرعەونە.

مووسا بەدرێژی قسەی دەکرد و نوختە بەنوختە هەموو رووداوەکانی پەیوەست بە ژیانی خۆی و دایکی رواڵەتی خۆی، بۆ گێرایەوە و شرۆڤەیکرد چۆن لە کۆشکی پاشایەتی میسردا هەموو



شازادەکانی میسر ئێرەییان پێ بردووە و چونکە لە بارەی هاتنە بوونی ئەوەوە شتگەلیان بیستبوو کەڵکیان لە هەر دەرفەتێك وەردەگرت  کە تانەی لێ بدەن و سووکایەتی پێ بکەن.

کاتێك بە سەرهاتی مووسا تەواوبوو، رۆژ ببۆوە و خۆر هەڵدەهات. کوڕەلاو لە ئارامی خۆی سەرسام ببوو، چونکە ئەو یەقین بوو کە باوکی مریت ئاتوون پاش ئەوەی بەسەرهاتی ئەوی بیست و زانی کە ئەو کوڕی فیرعەون نییە، خوازبێنییەکەی رەتدەکاتەوە و لەبەر ئەوەی کە ئەو یەقینی پەیدا کرد بوو کە خوازبێنی ئەو لەلایەن ئاتوون مووساوە رەت دەکرێتەوە، چاوەڕێ بوو خۆی بەشڵەژاو و نائومێد ببینێ لەحاڵێکدا کە هەستی دەکرد ئارامە.

ئاتوون مووسا کە تا چەند دەقیقە پاش ئاخاوتنی مووسا بێدەنگ ببوو، پاش ئەوە گوتی: ئەوەی تۆ بەمنت گوت نهێنییەکی گەورەیە و ئەم نهێنییە لەلایەن منەوە نادرکێنرێ و من تەنانەت بەمرێت ئاتوونی کچیشمی نالێم.

ئێمەی پزیشکان راهاتووین نهێنی پارێزبین. هەر پزیشکێك، لەهەر گۆشەیەکی میسردا خاوەنی کۆمەڵە نهێنییەکە کە هەرگیز لە دەمی نایەتە دەرەوە و هیچ کاتێك بەسەر قەڵەمەکەشیدا نایە و نهێنییەکانی لەگەڵ خۆیدا دەباتە دنیای ئەولا.

بەهەر حاڵ، کچی من هی تۆ دەبێ و تۆ پاش گەڕانەوە لە کۆش دەتوانی لەگەڵ کچەکەی من زەماوەند بگری.

مووسا بەسەرسامییەوە پرسی: ئایا دەتوانم  پاش گەڕانەوە لە کۆش، لەگەڵ مریت ئاتوون زەماوەند بگرم.؟

پزیشك وەڵامیدایەوە: بەڵێ.

مووسا گوتی: بەڵام گەڕانەوەی من لە کۆش درێژە دەکێشێ ئەی من بەتۆم نەگوت کە فیرعەون تەنیا بۆ ئەوەی کەلە میسر دوورم بخاتەوە من رەوانەی کۆش دەکا و حوکمی کردووە کە من تاکو سێ ساڵ، نەگەڕێمەوە بۆ میسر.

پزیشك گوتی: مەگەر سێ ساڵ ماوەیەکی درێژە، گریمانەکێ تۆ تاکو سێ ساڵی دیکە نەگەڕاییەوە، پاش ئەوە کە دێییەوە لەگەڵ مرێت ئاتوون زەماوەند دەگری.

مووسا گوتی: ئەی ئاتوون مووسا ئایا دەزانی سێ ساڵ چەند ماوەیەکی درێژە و ئایا دەزانی کە من پاش رابووردنی سێ ساڵی دیکە  پیر دەبم.

پزیشك گوتی: لاوان وا وێنا دەکەن سێ ساڵ ماوەیەکی درێژە، لەحاڵێکدا کە بەزوویی تێدەپەڕێ و بۆ کەسانی بە ساڵداچوو ماوەی سێ ساڵ ماوەیەکی کەمە، بەڵام ئەوەی کە گوتت پیر

دەبی، ئەمەیان لەتەرزی بیرکردنەوەی سەردەمی لاوییەوە هاتووە. تۆ کە ئەمرۆ هەژدە ساڵ و نیو لە تەمەنت رادەبووریٚ، پاش سێ ساڵ، دەبی بەبیستو یەك ساڵو نیو، ئەو کاتە سەرەتای لاوی تۆ دەبێ و ئەوکاتە تۆ زۆر لەمڕۆ زیاتر تاقیکردنەوەت دەبێ و ئەگەر ئەوکاتە جۆری لێڕوانینت بۆ کچەکەی من وەکو ئەمرۆ بوو و هەر ئاوا ئەوت خۆشویست، وەرە تا من کچەکەمت بدەمێ.

مووسا پرسی: ئەی بۆچی ئێستا کچەکەتم نادەیەی؟

پزیشك وەڵامیدایەوە: تۆ ئێستا دەتەوێ بڕۆیە کۆش، مانای بۆ جێگایەك بڕۆی کە لەوێ جەنگ بەرپا دەبێ، ئەویش نەك شەڕێك و دوو شەڕ، بەڵکو جەنگێك بەرپا دەبێ کەماوەکەی دیاری نییە و تۆ چۆن دەتوانی کچی من لەگەڵ خۆت ببەیە ئەوێ؟

ئایا لە نێو ئەو هەموو ئەفسەر و سەربازە کە بەرە و کۆش دەڕۆن یەك کەس دەبینی ژنەکەی لەگەڵ خۆی بباتە مەیدانی جەنگ؟.

ئەوان دەزانن کە ناتوانن ژن و منداڵانی خۆیان ببنە مەیدانی جەنگ، بۆیە ئەوانیان لە میسر بەجێهێشتووە و بێ ژن بەرەو مەیدانی جەنگ دەڕۆن.

ئەگەر تۆ دانیشتووی میسر بووایەی، دەمتوانی لەم کاتەدا کچەکەمت بدەمێ تا لەگەڵ ئەو، ئەلێرە، یا جێگایەکی دیکە بژی، بەڵام فیرعەون حوکمی کردووە کە تۆ ماوەی سێ ساڵ لە میسر دووربی و هەرکاتێك تۆ بتەوێ لە میسر بمێنییەوە، ستی کف، فەرماندەی سوپا، لێناگەرێ و تۆ لەگەڵ خۆیدا دەبا و ئەگەر بەرهەڵستیشی بکەی، ئەو بێ رەچاو کردنی پلەو پایەی تۆ، ناچارت دەکا لەگەڵی برۆی، بۆیە تاکە رێگا، کە لەهەمان حاڵدا رێگایەکی ئەخلاقیشە، ئەوەیە کە تۆ، پاش سێ ساڵ، بگەرێییەوە و ئەگەر وەکو ئەمرۆ خوازیاری کچەکەم بووی، دەتوانی زەماوەندی لەگەڵ بگری.

مووسا گوتی: بهێڵە پێش ئەوەی کە سوپا بکەوێتە جووڵان من مرێت ئاتوون ببینم.

پزیشکی گوتی: واباشترە تۆ کچەکەی من نەبینی، چونکە ستی کف دەتبینێ و وا وێنا دەکا کەمن دوێنێ شەو، نەخشەیەکم داناوە و جێبەجی کردووە بۆ ئەوەی کە تۆ خوازیاری کچەکەم بی.

بەو پێە، مووسا، بێ ئەوەی کە مرێت ئاتوون ببینێ، ماڵئاوایی لەخانە خوێی خۆی کردو لەگەڵ سوپای میسر، رێگای باشووری گرتە پێش.



## -١٣-
# رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای قەومی کۆش

دوای ئەوەی ماوەی دە ڕۆژ مووسا، هەر لە سپێدەوە تاکو ئێوارە، لە ژێر تیشکی هەتاوی سوتێنەری خۆردا، ڕێی کرد و بەردەوام لە ژێر پەلاماری زیندەوەراندا بوو و ناچار بوو رۆژی بیست جار چەرخی گالیسکەکەی خۆی، کە لە نێو قوڕدا دەچەقی، بێنێتە دەرێ و شەو تا بەیانی پێوەدانی مێشوولە تەحەمول بکا، وردە وەردە ماڵی پزیشکی گۆشەنشین، لە ناو مۆژەی[٤٥] ئەودا بە شێوەیەکی تەمو مژاوی لێهات.

رۆژان، مووسا، بەجۆرێك گیرۆدەی زەحمەتی ڕێ کردن هاتبوو، کە هەلی وەگیر نەدەکەوت لە بیری مرێت ئاتوون دا بێ، بەڵام شەو، کە ئۆردوو بەرپا دەبوو و مووسا دەیویست بحەسێتەوە، دەکەوتە بیری مرێت ئاتوون. ئیدی خەیاڵی ئەو کچەلاوە مووسای بەجێ نەدەهێشت تا ئەو دەمەی لەبەر شەکەتی و ماندوویی خەو دەیبردەوە و هەرکە مێشوولە ئەویان بیدار دەکردەوە دووبارە دەکەوتەوە بیری مرێت ئاتوون.

سوپای رەوانەکراوی میسر، هەرچی زیاتر بەرەو باشوور دەرۆیشت، لیتەی رووباری نیل، کەلە سەرەتادا قوڕ بوو سەختتر دەبوو تا وای لێ دەهات دەبوو بەتۆز. لەوەوپاش، مووساو ئەفسەران و سەربازانی سوپا، تاڕادەیەکی زۆر لە شەڕی میشولان ئاسوودە دەبوون لە جیاتی ئەوە ئینجا گیرۆدەی تەپ تۆز هاتن.

تۆزێك کە لە ئاکامی لیتەی خەست بۆوەی رووباری نیل بوو، ئەوەندە نەرم و ورد بوو کە دەچووە ناو چاو و لە رێگای دەم و لوتەوە دەچووە ناوسنگەوە و تەواوی ئەفسەر و سەربازان و لە وانەش مووسا، بەردەوام دەکۆکین و ئاو لە چاوی هەموویانەوە دەهات. تۆزی بەردەوام، ورەی ئەفسەر و

(٤٥) مۆژە: مێشك.

سەربازانی هێنابووە خوارەوە، چونکە هەموو کەسێك وای وێنا دەکرد کەدەبێ تا دوایی ژیانی هەوای پڕ لە تەپو تۆز هەڵبمژێ و هەرگیز ساتێك نایەتەوە بتوانێ هەوایەکی بێ تەپ و تۆز هەڵبمژێ.

سوپای ڕەوانەکراو، لە تاڤگەی دووەم تێپەری و گەیشتە تاڤگەی سێیەم. لەوێ ڕووباری نیل کە لە میسری خواروو وەکو ڕووبارێکی ئارام دەهاتە بەرچاو، وەك هەژدیهایەك خۆی دەنواند و بەجۆرێك لە ناوەڕاستی دوو چیادا بەخێرایی تێدەپەڕی کە مووسا بیری دەکردەوە تەنانەت هەرەمی گەورەی میسریش ناتوانێ لەوێ، لە بەرامبەر گوشاری ئاوی شەتی نیلدا خۆی ڕابگرێ.

هاژەی ڕێژەوی ئاو، لە تاڤگەی سێیەم ئەوەندە بەهێز بوو کە مرۆڤی دەخستە بیری دەنگی وێران بوونی دنیا. ئەو بەخۆی دەگوت ئەگەر ڕۆژێك دنیا وێران ببێ، دەنگێکی ئاوا لەوێران بوونی دنیا دێتە ئاراوە. بەر لە گەیشتنی بەهەر یەکێك لەم تاڤگانە، کەسانێك کە لە نێو بەلەمەکانی شەت دا، بوون، دەبووایە چەندین جار بەلەمەکان بۆ سەر وشکانی بگوازنەوە و بەوشکانیدا پاڵیان پێوە بنێن تا دەگەنە سەرووی تاڤگەکە و لەوێ بیان خەنەوە ناو ڕووبار. لەبەر ئەوەش کە سەرنشینانی بەلەمەکان، لە ناوچە شاخاوییەکان بە تەنیایی لە عۆدەی ئەوکارە نەدەهاتن، ستی کف فەرمانی دەدا کە سەربازان، یاریدەی سەرنشینانی بەلەمەکان ((کە هەموویان کۆیلە بوون)) بدەن. لە سۆنگایی ئەوەوە سەربازان بەگەیشتنیان بۆ تاڤگەکان زۆرنارازی بوون و جنێویان بەتاڤگەکان دەدا، بەڵام چاریان نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ کەیاریدەی سەرنشینانی بەلەمەکان بدەن.

پاش ئەوەی لە چەندین تاڤگە تێپەڕین، هەوا بەجۆرێك گەرم بوو کە ئیدی سوپای ڕەوانەکراو نەیتوانی بە ڕۆژ ڕێ کردنی خۆی بکا. ستی کف فەرمانی دەرکرد کە سوپا بەشەو ڕێ بکا و بەرۆژ پشوو بدا.

مووسا کاتێك لەکۆشکی پاشایەتی میسر، لای مامۆستایان دەیخوێند، مێژووی خوێندبوو و ڕاڤەی جەنگەکانی بیستبوو یاخوێندبۆوە. جەنگ بەلێڕوانینی مووسا، وەك مەیدانی ئەزموونی تێکۆشان خۆی دەنواند کەلەوێدا، هەرکێ زیاتر هێز و هونەری هەبێ زیاتر شانازی بە دەست دەهێنێ. بەڵام ئەوبیری نەدەکردەوە کە جەنگ، پێویستی بە تەحەمول کردنی ئەو زەحمەتو ناهەموارییانەش هەیە و دەبێ ڕێگای درێژ بپێوێ و ئازاری گەرما و پێوەدانی مێشوولە و زیندەروەرو ماندوویی تەحەمول بکا.



مووسا دەیبینی لە ناوچە بیابانییەکاندا، کە شەتی نیل لە سەحراوە تێدەپەڕێ، سەحرا ئەوەندە وشك و بەیارە کە ئەگەر لە تخوبەکانی نیل دوور بکەونەوە، دەچنە ناو سەحرایەکەوە کە سەرتاسەری ساڵ گیایەك لەوێ سەوز نابێ.

لەو ناوچانەدا کە ڕووباری نیل بەشوێنە شاخاوییەکاندا تێدەپەڕێ، جاری وابوو ڕێگا، بەجۆرێك دژوار دەبوو کە سوپا، لە سپێدەوە تا خۆرئاوا بوون، نەیدەتوانی تەنانەت سی میل ڕێ بکا، چونکە لەکاتی ڕێکردندا ناچاربوون هەموو گالیسکەکان و کەرەسە و ئەسپابی سوپا بگوازنەوەو گواستنەوەی گالیسکەکان و کەرەسە و ئەسپابی سوپا لە سەرزەوینێکی شاخاوی ناهەموار درێژەی دەکێشا.

ڕۆژێك کە سوپای ڕەوانەکراوی میسر کەوتەڕێ، چل کاهین وێرای سوپا بوون. بەڵام کاهینانی بۆرین، لە ئاخرین پەرستگای باشووری میسر (کە بۆ ئاموون دروست کرابوو). ڕاوەستان. لەوەو پاش، سوپای ڕەوانەکراوی میسر، بێ کاهین ڕێی دەکرد و سەربازانی میسر، بێ کاهین تا رادەیەك وەك منداڵێك وابوون کە دایك و باوکیان لە دەست دابێ،

سەربازانی میسر لەو ڕێکردنە درێژ و فەلاکەتبارەدا، ئازاریان دەچێشت، بەڵام نەك بە ئەندازەی سەربازانی کرێگرتەی بیانی کە لە ناو سوپای ڕەوانەکراوی میسردا خزمەتیان دەکرد، چونکە سەربازانی میسری لە نیشتیمانی خۆیاندا ڕێ یان دەکرد، بەڵام سەربازانی کرێگرتەی بیانی دوور لە نیشتیمان، ژیانیان دەبرد سەر.

تا ڕۆژێك کە سەربازانی کرێگرتەی بیانی، بە نوختە ئاوەدانەکانی میسردا تێدەپەڕین، خۆیان لە نزیك نیشتیماندا دەبینی. ئەم بابەتە ئەوانی ئومێدەوار دەکرد، بەڵام پاش ئەوە کە لە سنوورەکانی ناوچە ئاوەدانەکانی میسر تێپەڕین و چوونە ناو سەرزەوینێکەوە کە ئاوەدانی تێدا نەبوو و تەنانەت گیا لەوێدا سەوز نەدەبوو، خۆیان دوور لە نیشتیمان دەبینی و کەسەر ئەوانی داگرتبوو. کاتی شەو لە منزڵگادا، هەر دەستەیە، بەیادی نیشتیمانی خۆی گۆرانیان دەگوت. گۆرانی هەندێکیان غەمهێنەر بوو و مووسای غەمگین دەکرد.

سەربازانی هاتی هەموو شەوێك گۆرانییەکی غەمهێنەریان دووبارەدەکردەوە و مووسا کە زمانی قەومی هاتی نەدەزانی تێنەدەگەیشت ئەوان لە گۆرانییەکەیاندا دەڵێن چی.

شەوێك، کاتێك کە سەربازانی هاتی سەرقاڵی گۆرانی خۆیان بوون، خۆی گەیاندە یەکێکیان و بە زمانی میسری لێی پرسی: مانای ئەم گۆرانییەم بۆ ڕاڤە بکە.

ئەو سەربازە هاتییە مانای گۆرانییە میللییەکەی خۆیانی بەم ناوەڕۆکە بۆ مووسا لێك دایەوە ((ئەی مانگی بەرز کە ئەستێرەیەك بەدوای تۆوەیە، من هەموو شەوێك تۆ دەبینم، بزانە کە من ڕێیەکی دوورم لە پێشە، بەڵام دڵم بەدوای منەوەیە)).

لەوەو بەدواوە هەر کاتێك کە سەربازانی هاتی ئەم گۆرانییەیان دەگوت، مووسا یەکجار غەمبار دەبوو، چونکە ئەوەی دەبیبیست کە سەربازانی کرێگرتە، زمانی حاڵی ئەو دەخوێنن و ئەویش ڕێگایەکی دووری لە پێشە و نازانێ ئایا جارێکی دیکە دۆستانی خۆی دەبینێتەوە یانا.

نوون، غولام و گالیسکە ئاژۆی وی، کە پیاوێکی کەم دوو بوو، بە کاریگەریی شەکەتی سەفەر، کەم دووتر بوو و جاری واهەبوو لە بەیانییەوە تا ئێوارە، تەنانەت لێوی بەیەك تاکە قسەش نەدەکرایەوە. ئەو لە وشەی بەڵێ یان نا زیاتر، لە دەمی نەدەهاتە دەرێ. هەرکاتێك نیگای ئەو لەگەڵ نیگای مووسا تێك هەڵدەنگوتن، مووسا هەستی دەکرد کە ئەو غولامە حەز دەکا ئەو بکوژێ.

یەکێك لە دەرکەوتە نوێکانی ڕێ کردنی مووسا و ئەفسەر و سەربازانی سوپا ئەوە بوو کە بینییان شەتی نیل گەرچی جاروبارێك پێچێکی دەدا، بەڵام نەك بەو ڕادەیە کە ڕێگاکە زۆر دوور بخاتەوە، بەڵام لەوەو پاش پێچەکانی ڕووباری نیل بەڕادەیەك گەورە بوون کە سەربازان، ڕێگایەك کە دەبووایە بەیەك ڕۆژ تەی بکەن، لە ماوەی چەند ڕۆژدا دەیان بڕی.

ستی کف، فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو دەیزانی بە کاریگەری ئەو پێچانە، ڕێگای سوپا زۆر درێژ دەبێتەوە، بەڵام جگەلەوە کە بەلێواری شەتی نیلدا بڕوا چارەیەکی دیکەی نەبوو، چونکە ئەگەر بۆ کەڵك وەرگرتن لەڕێگای لابڕ[٤٦]، لێواری شەتی نیلی بەجێ دەهێشت و بەسەحرادا تێدەپەڕی، هەموو سەرباز و چوارپێیانی سوپا لە بێ ئاوی دەمردن، چونکە لەسەحراکانی هەردوو بەری شەتی نیل یەك دڵۆپە ئاو بەدەست نەدەکەوت. سەرەڕای ئەوەی ڕووبارێکی گەورەی وەکو شەتی نیل بەو سەحرایەدا تێدەپەڕێ، لە بەشێکی ئەو سەحرایانەدا، تەنانەت لە لێواری ڕووبار، دەوەنێکی سەوزیش بەرچاو نەدەکەوت. گیانلەبەرانی بیابانەکانی دەوروبەری شەتی نیل برییتی بوون لە مارمێلکە، سیسارکە کەچەڵ کە بەئاسماندا دەفڕین تا ئەگەر کەلاکێکیان دۆزییەوە بۆی دابێنە خوارێ‌و سکی خۆیان تێر بکەن.

بارودۆخی زەوی و زارەکان، لەسەر ڕێگای سوپای ڕەوانەکراو، گۆڕانی تێداوەدی هات و سەربازان جارێك بەبیاباندا ڕێگایان تەی کرد و جارێك بەناوچەیەکی شاخاوی دا و هەر جارێك کە

(٤٦) لابڕ: قەد بڕ.



دەچوونە ناو ناوچەیەکی شاخاوییەوە، بارودۆخی ڕێژەوی ئاوی ڕووباری نیل دەگۆڕا و ئەو شەتە، کەلە پێ دەشتدا ئارامە، وەکو ئۆقیانووسێك لە کاتی تۆفاندا، شەپۆلاوی دەبوو و کەفی پەیدا دەکرد و لە ناو گەرووە بەردەڵانەکاندا، دەنگی خوڕەی ئاو، بەجۆرێك ترسناك دەبوو کە وەك ئەوە وابوو دەیان هەورە برووسکەی توند لەیەك کاتدا بگرمێنێ.

نە لەو ناوچانەدا کە شەتی نیل بەپێدەشتەکاندا تێدەپەڕی ئاوەدانییەکی تێدابوو و نە لە ناوچە شاخاوییەکان داو نەبوونی ئاوەدانی، ئەفسەر و سەربازانی زۆر تەمبەڵ دەکرد. لەبەر ئەوەی کاتێك سوپای ڕەوانەکراو، بە نوختە ئاوەدانەکانی میسردا تێدەپەڕی، سەربازان کەڵکیان لەموچەی خۆیان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی جۆری خواردەمەنییەکانی خۆیان دەکرد و خواردنیان لەوەرزێران دەکڕی. بەڵام ئانێك کە داخڵی ناوچەیەکی چۆڵ لە ئاوەدانی بوون، خواردەمەنی سەربازان، تەنانەت ئەفسەرانیش، تەنیا لەو خواردنەدا قەتیس بوو کە سوپا دەیدانێ و ئەوانیش لەو خواردەمەنییە ماندوو ببوون و ئومێدەوار نەبوون کە تەنانەت ژەمێکی خواردەمەنی ئەوان گۆڕانی بەسەر دابێ.

ڕۆژان و هەفتە تێپەڕین تا سوپای ڕەوانەکراوی میسر گەیشتە تاڤگەی پێنجەم و لەوێش تێپەڕی و خۆی گەیاندە تاڤگەی شەشەم.

چوارپێیانی سوپا، ئەوانیش هەروەکو سەرباز و ئەفسەران ئازاریان دەچێشت، چونکە ئەو ئالیکەی کە دەدرایە ئەوان، بەئەندازەیەکی پێویست نەبوو، هەر ڕۆژێك لە ڕۆژی پێشووتر لاوازتر دەبوون.

کاتێك لە تاڤگەی شەشەمی شەتی نیل تێپەڕین، ڕووباری نیل، کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا، بە جۆش‌و خرۆش بوو، ئارام بوو. مووسا بینی کە ڕووباری نیل، لەوێ وەکو هەمان شەت لە میسری خواروو بە ئارامی دەجووڵا و لە هەندێك نوختەکانی، جووڵانەوەی ئاو، ئەوەندە هێواش بوو دەتگوت جووڵەی تێدا نییە.

لەو ناوچەیەدا مووسا کە پاش ماوەیەکی دوور و درێژ ئالیکی سەوزی نەدی بوو، لە لێوارەکانی ڕووبار، مێرگی بچووکی بەرچاوکەوت و جاری وابوو ڕەوە ئاسکی دەکەوتە بەرچاو کە پاش دیتنی سوپای ڕەوانەکراوی میسر هەڵدەهاتن.

ئەفسەر و سەربازانی سوپای ڕەوانەکراو بە جۆرێکی هەستپێکراو تێدەگەیشتن کە ئەوان داخڵی ناوچەیەك بوون کەبەرزایی ئەوێ لە بەرزایی میسر بەرزترە و دوو بەڵگەی هەستپێکراو ئەم مەسەلەیەی دەسەلماند: یەکەمیان ئەوەبوو کە سوپای ڕەوانەکراوی میسر، پاش ئەوە کە پێی نایە

ناوچە شاخاوییەکان و تاڤگەکانەوە، بەردەوام بەرەو هەوراز ڕێگەی دەپێوا. لەبەر ئەوە ئەو ناوچەیەی کە شەتی نیل لەوێدا ئارام دەبۆوە لەچاو وڵاتی میسر بەرز بوو.

بەڵگەی دووەم ئەوەبوو کە هەمووان هەستیان دەکرد کەلەکاتی ڕۆژدا، هەوا، وەکو ئەوکاتەی کە لە سەحراکانی میسرەوە تێدەپەڕین، گەرم نییە و لەکاتی شەودا، هەوا بەجۆرێك فێنك دەبێ کە مرۆ حەز دەکا باڵاپۆشەکەی لەخۆیەوە بپێچێ تابتوانێ بەئاسوودەیی بخەوێ.

لەوێ ستی کف فەرمانی دا کە مووسا بەخۆی و ژمارەیەك لە گالیسکەکانی خۆیەوە پێشڕەوی سوپا بێ. ئەم ڕاسپێرییە دەبووایە بە هتپ ڕە بدرابایە کە پێشتر فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بوو —وەکو گوتمان- پلەکەی ئەو بەمووسا سپێردرا و هتپ ڕە، ئەرکی ڕێنوێنی کردنی مووسای پێ سپێردرا و ڕاسپێردرا کە مووسا بەهونەری بەڕێوەبردن و جەنگ بەگالیسکەی جەنگیی ئاشنا بکا.

لەو سەفەرە دوور و درێژەدا مووسا لە ڕووی ڕێ پێیوان و بەڕێوەبردنی گالیسکەکانی جەنگییەوە — تاقیکردنەوەی زۆر فێر بوو. فەرماندەی گشتی سوپای ڕەوانەکراو، کە چاودێری هەمووان بوو، هیچ شتێك لەبەرچاوی ئەو نادیار نەدەما، تێگەیشت کە مووسا لە بەرامبەر سەختییەکانی ڕێکردن و بێ خەویدا، یەکێك لە بەتواناترین و بە ئارامترین ئەفسەرانی سوپایە.

مووسا نە هەر تەنیا لەسپێیدەوە تا ئێوارە، پێش هەموو ئەفسەران، لەبەر تیشکی هەتاوی سوتێنەردا بەسەر زەوییەکی بیابانی یان بەردەڵاندا، ڕێگای تەی دەکرد، بەڵکو پاش ئەوەکە دەگەیشتنە منزڵگا و سوپا، بۆ حەسانەوەش ئامادە دەبوو، مووسا لە تەواوی ئەفسەرانی هۆبەی گالیسکە جەنگییەکان درەنگتر دەخەوت، بۆ ئەوەی کە سەر لە هەموو جێگایەك بداو تێگەیشتبایە کە هەموو جێگایەك ڕێکو پێکە.

سبەینانیش بەبۆنەوەی ئەوە کە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بوو، لە هەمووان زووتر لەخەو هەڵدەستا تا بتوانێ، چاودێری لەخەو هەستانی ئەوانی دیکە بێ و گالیسکەکان بخەنە ڕێ.

هیچ کەس گوێی لە مووسا نەبوو سکاڵا لە دەس گەرما یا درێژی ڕێگا یا ماندووێتی بکا. هیچ کەسێك گوێی لەونەبوو کە لەبەر بێ خەوی، داد و سکاڵا بکا. نوونی گالیسکە ئاژۆی ئەویش هیچ قسەی نەدەکرد تاکو کەسێك سکاڵایەکی لەزاری ئەوەوە گوێ لێ بێ.

مووسا و نوونی گالیسکە ئاژۆی ئەو، هەردووکیان لاو و دارێژراو بوون، نوون لە ژیانی کۆیلەتی دا ئەوەندە ڕەنجی کێشابوو و تەحەمولی ئەشکەنجەی کردبوو کە ئەو ڕێپێوانە درێژو دژوارە، بۆ ئەو، وەکو گەڕانێکی سەیرانی و کەیف خۆشی، وابوو. بەڵام مووسا بەکەڵك



وەگرتنی لە بەدەنی داڕژاو و بەهێز و ئیرادەی بەتوانای، تەحەمولی سەختییەکانی دەکرد بێ ئەوەی کە لێوی سکاڵاکردن لێك بکاتەوە.

ڕۆژێك کەستی کف بانگی مووسای کرد تاکو بەو ڕابگەیەنێ کە ئەوی بە ناونیشانی فەرماندەی دەستە پێشەنگەکانی سوپای ڕەوانەکراو هەڵبژاردووە پرسی: ئایا ئەمرۆش هەروەکو ئەو ڕۆژەی کە ئێمە لە میسرەوە کەوتینە ڕێ، لە ژیانی سەربازی ڕازی؟

مووسا گوتی: بەڵێ، ڕازیم

ستی کف پرسی: ئایا درێژی ڕێگای سەفەر و ماندوویی و تەپوتۆزی ڕێگا و خواردنی خواردەمەنی یەك ڕەنگی سەفەر، تۆی شەکەت نەکردووە؟

مووسا گوتی: من یەقینم کە هەرکات ئەم سەفەرە یەك ساڵیش درێژە بکێشێ، من شەکەت ناکا.

ستی کف گوتی: ئەی مووسا، من خۆشحاڵم کە دەبینم تۆ زەحمەتی سەفەر و ڕێکردن، بێ ئەوەی لە پەلوپۆ بکەوی یان سکاڵا بکەی، تەحەمول دەکەی و لەسەربازیدا، تەنیا شمشێر بە دەستەوە گرتن و چوونەمەیدانی جەنگ، شایانی سەرنج لێدان نییە، بەڵکو تەحەمولی ڕێپێوانی درێژیش بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی کەسەکان، شایانی تێبینی کردنە.

مووسا لەو ئەرکە کە بەو سپێردرا خۆشحاڵ بوو و بڕێکیش بەشەرمدا کەوت و بەستی کفی گوت: من کارێکی وام نە کردووە کە شایانی ئەم ئەرك پێ سپاردنەبم.

ستی کف گوتی: سەر ڕاستی و لەخۆ بووردویی تۆ لەڕێکردندا، پیشانی دەدا کە شایانی ئەوەی ئەم ئەرکە بەتۆ بسپێردرێ و سبەینێ دەگەینە جێگایەك کە مێرگ و سەوزایی هەیە و لەوێ سێ ڕۆژ گیردەبین تاکو سەربازان، بەتایبەت وڵاخەکان ماندوویی لە لەشیان دەربچێو چوارپێیان لەناو مێرگوزاردا بەرەڵا بکەین تاکو بلەوەڕێن و لەو سێ ڕۆژی پشوودانەدا گالیسکە جەنگییەکان سەخبێر بکەینەوە.

کارەکانی دیکەی ئێمە لەو سێ ڕۆژەدا ئەوە دەبێ کە ئەنجوومەنێکی جەنگی پێك بهێنین و تۆش لەم ئەنجوومەنەدا ئامادە دەبی و بابەتەکانی دان و سەندنی ئێمە لەو ئەنجوومەنەدا پەیوەست دەبێ بە جەنگ لە سەرزەوینی کۆش، چونکە ئێستا ئێمە داخڵی سەرزەوینی کۆش بووین.

مووسا بەخۆی و ژمارەیەك لە گالیسکەی جەنگییەوە پێشکەوت. مووسا دەیزانی لەوسەعاتە بەدواوە، ئەو، وەکو چاو و گوێی سوپای ڕەوانەکراوی میسر وایە و پێویستە هەموو شتێك ببینێ و ببیستێ.

مووسا دەیزانی کە نە تەنیا هەردەبێ پەی بەمانای دەنگی بنیادەمان ببا، بەڵکو دەبێ تێبگا مانای دەنگی گیانلەبەرانیش چییە، چونکە خەڵکانی ئەسڵیی سەرزەوینی کۆش دەتوانن دەمەلاسکەی دەنگی باڵندان و گیانلبەرانی سەحرا بکەنەوە. بەهۆی دەنگی باڵندانەوە، یان دەنگی گیانلەبەرانی شیردەری سەحراوە، لەگەڵ یەکتریدا قسە دەکەن و ئەو، ئەگەر لەکاتی رۆژدا دەنگی رێوی یەك ببیستێ، دەبێ تێبگا کە ئەو دەنگە، دەنگی رێوی نییە، چونکە رێوی لە کاتی رۆژدا نالوورێنێ. ئەگەر لە شەودا، دەنگی سیسارکە کەچەڵێکی گوێ لێ بێ کە وەکو فیکەکێشان وایە، دەبێ بزانێ کەسیسارکە کەچەڵ لە کاتی شەودا دەنگی لێوە نایە.

مووسا دەیزانی کە ئەگەر لەدوورەوە گیانلەبەرێکی چوارپێی بینی کە بە هێواشی دەجووڵێتەوە دەبێ سەرنج بدات کە ئایا گیانلەبەرێکە یاخود مرۆڤێکە کە خۆی بەوشێوەیە لێکردووە تا بتوانێ خۆی لە سوپا نزیك بخاتەوە و، ژوشکە گەورەکان کە لەپێ دەشتەکانی کۆش دابەزۆری هەیە، دەبێ بەچاوی گومانەوە سەیری بکرێ، چونکە رەشپێستان دەتوانن بەجۆرێك خۆیان وەکو ژوشك لێبکەن کە لە دوورەوە لە نێوان ئەوان و ژوشکی واقیعیدا جیاوازی نەبێ. ئەو دەیزانی کە ئەگەر سوپا لەکاتی شەودا بەرێگادا بڕوا، بەرپرسیاریی فەرماندەی پێشەنگ، قورس تر دەبێ چونکە لە کاتی شەودا، ئەوانەی کە دەیانویست لە سوپا نزیك بکەونەوە، بەکەڵك وەرگرتن لە تاریکی، ئاسان تر نزیك دەبنەوە، بەڵام پاش ئەوەی سوپا لە تاقگەی شەشەم تێپەڕبوو، بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە کاتی رۆژ، هەوا فێنك ببوو، ئیدی سەربازانی میسری لەکاتی شەودا ڕێیان نەدەکرد و هەرکە خۆر لە سوێگەی خۆرئاوا نزیك دەبۆوە، رادەوەستان تا پشوو بدەن.

لەوسەعاتەوە کە مووسا بووە فەرماندەی پێشەنگی سوپا، تا نیوەرۆی رۆژی دواتر کە سوپای ڕەوانەکراو گەیشتە منزڵگا، رووداوێك نەهاتە پێش کەشایانی باس بێ.

کاتی نیوەڕۆ لەبەر ئەوەی کە سوپا گەیشتبووە منزڵگا و دەبووایە سوپا سێ رۆژ لەوێ رابووەستێ، مووسا کە لە پێشی پێشەوەی سوپا دەرۆیشت، گەڕایەوە و بەسوپاوە پەیوەست بوو چونکە هەر کاتێك کە سوپا لە نوختەیەکدا ئوردووی لێ خست، پێویستی بە پێشەنگ نامێنێ.

مووسا، کە هێشتا ئاژۆی گالیسکەکەی وی هەر نوون بوو، بەخۆی و گالیسکەکانی پێشەنگەوە گەڕایەوە و بە سوپاوە پەیوەست بوو. ئەو لە بەشی گالیسکە جەنگییەکان، وەکو ئەوانی دیکە، خۆی بۆ پشوودان ئامادەکرد.

ستی کف خۆی فەرماندە بوو و لەسەر فەرمانی ئەو، دوو دەستە ئێشکگر، لە دەرووبەری ئوردووگا سەرقاڵی پاسەوانی بوون و لە نێوان ئەو دوو دەستەیەدا، پێنج سەد پێ مەودا هەبوو.



ئێشکگران بە چواردەوری ئوردوگادا دامەزران و هەر کەسێك کە لەهەر لایەکەوە لە ئوردوگا نزیك دەبۆوە پاسەوانان چاویان لێبوو.

تا ئەو رۆژە لەکاتی بەرپاکردنی ئوردووگا، بۆ پارێزگاری لە ئوردووگا ئەوەندە دیقەتیان بەکار نەدەبرد، چونکە ستی کف هەستی بەمەترسی نەدەکرد، بەڵام لەو رۆژەدا، چونکە دەیزانی لەسەرزەوینی کۆش دایە، رەچاوکردنی قایمەکاریی زۆری، بەکارێکی پێویست دەزانی.

مووسا، کە ئامادەی پشوودان ببوو، لە ناکاو گوێی لە دەنگی شەیپووری پێشەنگان بوو، دەنگی شەیپوور نیشانی دەدا کە ئێشکگرانی پێشەوە دوژمنیان دیوە.

هێشتا ئەسپەکان لەگالیسکەی مووسا نەکرابوونەوە کە کوڕەلاو خۆی هەڵدایە ناو گالیسکە و بە نوونی گوت: بەرەو لای ستی کف برۆ. ئەم پیاوە ئەسپەکانی لێخوڕی و مووسا، کاتێك گەیشتە لای ستی کف، بینی کە فەرماندەی سوپای رەوانەکراو لەسەر گالیسکە راوەستاوە و بەدیقەتەوە، ئەو درێژاییە کە دوژمن لەوێڕا کەوتۆتە بەرچاو، تەماشا دەکا.

لە ئاکامی هۆشیارکردنەوەی ئێشکگرانی پێشەوە هەموو ئۆردووگا وەخرۆشانهاتبوو. ئەفسەران دەستەکانی خۆیان و یەکەکانی خۆیان کۆدەکردەوە و رێکیان دەخست تا بۆ شەڕ ئامادەبن و ئەسپەکان کە هەستیان دەکرد مەترسیی نزیك بۆتەوە حیلەیان دەکێشا.

ستی کف لەحاڵێکدا کە تەماشای بەرامبەری خۆی دەکرد گوتی: ئەمە سوپا نییە، بەڵکو ((باروبارگە))ی سوپایە. من لەڕابردوو دیتوومە کە جەنگاوەرانی کۆش، کاتێك دەکەونە جووڵان ((باروبارگە))ی خۆیان بەجودا وەڕێ دەخەن. نەریتی سوپای کۆش ئەوەیە کە باروبارگەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و هەر بەو جۆرە کە دەبینن پاسەوانانی (( باروبارگە)) لە پەنجاکەس زیاتر نین و بە جۆرێکی حەتمی سوپایەك کە خاوەنی ئەم (( باروبارگە))یە بێ، سوپایەکی گەورەیە.

پاش ئەم گوتەیە ستی کف لەسەر گالیسکەکەوە خۆی هەڵدایە سەر زەوی و بەچەند ڕستەیەکی خێراو کورت بەم شێوە فەرمانی دەرکرد: دەسبەجێ دووسەد گالیسکە ئامادە بکەن کە پەنجا گالیسکەی لەلای چەپ و پەنجای دیکەی لەلای راست بێ. سەد گالیسکەش لە ناوەڕاست ئامادەبێ. گالیسکەکانی ناو جەرگەی سوپا بە ریزێکی پێنج یەکەیی دەجووڵێن و من بۆ خۆم لەریزی پێشەوە دەبم و کاتێك دەستی راستم ڕاوەشاندا، دەبێ قۆڵی راست هێرش بەرێ و کاتێك دەستی چەپم راوەشاند دەبێ قۆڵی چەپ هێرش بەرێ. بۆ هێرش بردنی جەرگەی سوپاش کاسکێتی سەری خۆم بەسەرە نێزەیەکەوە بۆ سەرەوە بەرز دەکەمەوە کە هەمووان بیبینن و پاشان دەیخەمە سەرسەرم.

پاش ئەوە، فەرماندەی گشتی سوپای رەوانەکراو، ڕووی کردە سوکر مووساو گوتی پەنجا کەس لە کەوان بەدەستانی هاتی هەڵبژێرە کە بەکەوان و تیردانی پڕ لە تیرەوە لە پشتی ئێمەوەبن و ئەگەر بینییان لەلایەن دوژمنەوە بەرەو ئێمە تیرهاوێژی کرا، ئەوا بەتیرباران کردن ئەوان لە پەلوپۆ بخەن.

مووسا بە بیستنی فەرمانەکانی ستی کف خۆشی وەرگرت، چونکە تەماشای کرد ئەو پیاوە، بێ دوودڵی و دڕدۆنگی، فەرمانی دەرکردو نەخشەیەکی کە دەبووایە لەبەر چاوی دابنێ، بڕیاری لەسەرد. مووسا خۆشحاڵ بوو کە دەتوانێ لە پەنای ستی کفەوە بێت و بەرەو مەیدانی جەنگ بڕوا، چونکە مووسا، سوپای رەشپێستان، کە ستوونێکی درێژی هەبوو بینی و تەماشای کرد کە ئەوان دوو بەدوو دەجووڵێن و هەمووان نێزەیان پێیە و کڵاوەکانیان بە پەڕی زۆر رازاوەتەوە.

هەر رەشپێستەی جۆرە کەوڵێکی لەبەردابوو. مووسا لەدوورەوە ئەم کەوڵانەی بە دروستی نەدەدی، مانای نەیدەتوانی بە جۆرێك ببینێ کە تێبگا لەکام گیانلەبەرە، بەڵام پاش ئەوە کەڕەشەکان نزیك بوونەوە، مووسا بینی کە هەندێك لە کەوڵەکان پەڵە پەڵە یان هەیە و لەوەڕا دەردەکەوت کە کەوڵی پڵنگە.

هەر رەشپێستێك قەڵغانێکی سپی و یەك نێزەی درێژی پێ بوو و لە پشتی ستوونی دوونەفەرییەوە، رەشپێستان تەختێکی (دار بەست) یان هەڵگرتبوو، دەستەکانی تەختی (داربەست) بەسەر شانی رەشپێستانەوە بوو.

مووسا بینی لە سەر تەختی (داربەست) کەسێك دانیشتووە کە نابێ ئەو پیاوێك بێ، بەڵکو لەوانەیە ژن بێ و لەوانەشە منداڵێك بێ. لە پشت تەختی (داربەست)ەوە ژمارەیەکی دیکە لە رەشپێستان لە ریزێکی چوار نەفەریدا دەجووڵان و هەر کامیان شتێکی بەسەرەوە بوو.

ئەو نەیدەتوانی تێبگا ئەوەی رەشپێستان بەسەریانەوەیە چییە، بەڵام تێدەگەیشت کە چەکی شەڕ کردن نییە.

نزیکبوونەوەی رەشپێستان لە گالیسکە جەنگییەکانی میسر، لەگەڵ ئەوەی مووسا لە بارەی جەنگەوە لە ناو مۆژەی خۆیدا، وێنای دەکرد، یەکی نەدەگرتەوە.

ئەو وای وێنا دەکرد کاتێك سوپایەك، بۆ شەڕکردن لە سوپایەکی دیکە نزیك دەبێتەوە گالیسکە بە هێزەکانی سوپای هێرشبەر دەکەونە جووڵان یاخود سوارەکانی ئەوان ئەسپەکانی خۆیان دەنگ دەدەن و نێزەکانیان رادەوەشێنن و هات و هاوار بەرپادەکەن، بەڵام وەزعی رەشپێستان و جۆری بەڕێگادا هاتنی ئەوان، لەگەڵ ئەوەی مووسا لە بارەی سوپای هێرشبەردا وێنای دەکرد، لێك نەدەچوو. رەشپێستان کە چوار چوار لە پشت تەختی (داربەست)ەوە دەجووڵانەوە تەنانەت چەکیان پێ نەبوو.



کاتێك رەشپێستان نزیکتربوونەوە، مووسا بینی ئەو کەسەی کە لە سەر تەختی (داربەست) دانیشتووە نە ژنێکە و نە منداڵە، بەڵکو پیرەمێردێکە. پیرەمێرد چوار مەشقی لە سەر تەختی (داربەست) دانیشتووە و ملوانکە و دەستبەندی زێڕی هەیە.

لە دوولای تەختی (داربەست) دوو رەشپێست دەجووڵانەوە، ئەوانیش ملوانکە و دەست بەندی زێڕیان هەبوو و چەکدار نەبوون، بەڵکو تەنها دارێك لە نێو دەستیان دەبینرا. هەڵگرانی تەختی (داربەست) لەو رەشپێستانە بوون کە لە مووسا باڵابەرزتر و چوار شانەتر بوون. مووسا هەستیکرد کە هەڵگرتنی تەختی (داربەست) ئەوان نارەحەت ناکا و بێ گرفت ئەو تەختەیان هەڵدەگرت.

کاتێك کە رەشپێستان گەیشتنە جێگایەك کە لەگەڵ گالیسکەکانی جەنگ لە پەنجا پێ زیاتر مەودای نەبوو، ستی کف فەرمانی راوەستانی دەرکردو هەموو گالیسکەکان ( دوو سەد گالیسکە ) لە ناوەڕاست و هەر دوو قۆڵ راوەستان. پاش ئەوەی هاوارێك لە یەکێك لە رەشپێستان بەرز بۆوە رەشەکانیش راوەستان.

رەشپێستانی نێزە بەدەست کە دوو دوو لە پێش تەختی (داربەست)ەوە دەڕۆیشتن، دوو ریزیان پێکهێنا و لە لای راست و چەپی تەختی (داربەستەوە ) کەمێك لە پێشەوە راوەستان. لەو کاتەدا هەڵگرانی تەختی (داربەست) بە هێواشی تەختەکەیان لە سەر زەوی دانا و دوو پیاو، کە لە دوو لای تەختی (داربەستەوە) دەجووڵان، لە پیرەمێردەکە، کە بەسەر تەختی (داربەستەوە) بوو، نێزیك بوونەوە و شتێك کە لە تەنیشتییەوە دانرابوو هەڵیانگرت و لە سەر سەریان دانا و مووسا بینی کە تاجێکی زێڕ بوو. ( کە لە سەر پیرەمێردیان دانا ).

ئەو رەشپێستانە کە چوار چوار لە پشتی تەختی (داربەستەوە) دەهاتن ئەوەی کە لەسەر سەریان بوو لە سەر زەوی دانا و ئەوانیش ریزیان بەست و لەوێ راوەستان.

هێشتا مووسا نەیدەتوانی تێبگا مەبەستی رەشپێستان چییە، تا بینی ئەو دوو پیاوە کە لە دوو لای تەختی (داربەستەوە) بوون هەر دوو قۆڵی پیرەمێردەکەیان گرتبوو بە ئەسپایی بەرزیان کردەوە و یارمەتیاندا تا لە سەر تەختی (داربەست) بێتە دەرێ. ئەو بینی کە قژی سەری ئەو پیاوە بە ساڵدا چووە تێکچرژاوە و، بەزەحمەت هەنگاو هەڵدەگرێ.

سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی میسر، کە سەریان بڕی بە مووسای گوتبوو کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەساڵدا دەچن، دووچاری رۆماتیزم دەبن و ئەو ئازارە کە لەو نەخۆشییەوە سەر هەڵ دەدا، رێگا نادا ئەو نەخۆشانە بە جۆرێکی ئاسایی بەڕێدا بڕۆن. مووسا بە خۆی گوت لەوانەیە ئەو رەشپێستەش دووچاری روماتیزم بووبێ کە ئاوا بە ئەسپایی و بە زەحمەتەوە هەنگاو دەنێ، بەڵام

سەرەڕای ئەوە کە ئەو پیاوە بەساڵداچووە بە زەحمەتەوە هەنگاوی دەنا، بەئەسپایی لە گالیسکەکەی ستی کف نزیك دەبۆوە، مووسا بینی کە ئەو پیاوێکی خاوەن شکۆیە.

کاتێك پیرەمێرد گەیشتە جێگایەك کە لە چەند پێ یەك مەودا زیاتر لە گالیسکەی ستی کف دوورنەبوو، راوەستا و بەو دەمە بێ ددانەیەوە زەردەخەنەیەکی کرد و ماوەیەك قسەی کرد.

مووسا، کە زمانی رەشپێستانی نەدەزانی، تێنەگەیشت ئەو پیاوە چی گوت، بەڵام یەکێك لەو دوو پیاوە کە لە دوولای پیاوە بە ساڵداچووەکە راوەستابوون و مووسا بیری کردەوە کە لە وانەیە چل ساڵ لە تەمەنی هەر کامیان تێپەڕبووبێ، قسەکانی پیرەمێردی بۆ ستی کف بەرچڤە کرد. گەرچی ئەو پیاوە زمانی میسری بە شێوەزاری رەشپێستان دەردەبڕی، بەڵام مووسا سەرنجی دا کە دەتوانێ لە چاو خۆی وەرگێڕێکی باش بێ. ئەو پیاوە گوتی: ئەم پیاوە کە دەیبینی ((ئێرگەباین))ە، پاشای ولاتێکە کە ئێوەی میسری بە ناوی کۆش ناوی دەبەن. ((ئێرگەباین)) دەڵێ ئاشتی و ئاسوودەیی بە نسیبی تۆ بێت و سکی تۆ بە هۆی برسێتییەوە هەرگیز دووچاری رەنج و ئازار نەبێ و منیش کوڕی ئەو پیاوەم.

پێش ئەوەی کە بەرچڤەکار بڵێ کە ئەو کوڕی پاشای کۆشە، مووسا هەستی خەبەری دابوو کە ئەو، لەبەر ئەوەی ملوانکە و دەستبەندی زێڕی هەیە، دەبێ کوڕی ئەو پیرەمێردە بێ.

کاتێك کە بەرچڤەوان قسەکانی پاشای کۆشی بۆ ستی کف وەردەگێڕا، پیرەمێرد زەردەخەنەی دەنواند و وەکو ئەوەی کە لە بیستنی واژە میسرییەکان تام و چێژ وەردەگرێ.

مووسا هەستیکرد لە بەرامبەر ئەو رەشپێستەدا خۆشەویستی پەیداکردووە و بە خۆی دەگوت ئەگەر مریت ئاتوون لێرە بووایە، ئەویش لە بەرامبەر ئەو پیاوە بە ساڵداچووەدا خۆشەویستی پەیدادەکرد.

پاش ئەوەی بەرچڤەکردن تەواو بوو، ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراو بە ئاوازێکی رەقەوە کە بووە مایەی سەرسوڕمانی مووسا، گوتی: گوێم لێبوو کە ((ئێرگە باین)) بە خێرهاتنی بە من گوت، من ستی کف فەرماندەی سوپای میسر و ئامرازی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پاشای میسرم کە لە جیهاندا پاشایەك لەو باڵاتر نییە و لەو دادپەروەرتر لە جیهاندا دەس ناکەوێ و کاتێك کە تووڕە دەبێ، هیچ کەسێك لەو تووڕەتر نییە!

کاتێك بەرچڤەوان، گوتەکانی ستی کفی بۆ پاشای کۆش وەرگێڕا، پیرەمێرد بەردەوام زەردەخەنەی دەنواند و دوای ئەوە چەند شتێکی دیکەی گوت کە رەشپێستەکەی دیکە ( کە ئەویش هەر کوڕی پاشای کۆش بوو ) بەرچڤەی کرد. کاتێك ئەو دەستی بە بەرچڤە کرد، مووسا سەرنجی دا



کە ئەو کەمێك لە کوڕەکەی دیکە بچووکترە، مانای تەمەنی چل نابێ و کوڕی بچووکتر گوتی: من، سەرەڕای ئەوەی لە کەرنەك بووم و هەندێك جار لەگەڵ میسریاندا دان و سەندنم دەکرد، زمانی میسری وەکو براکەم نازانم و ناتوانم وەکو ئەو بەرچڤە بکەم، بەڵام هیوادارم کە بتوانم بڵێم باوکم چی دەڵێ: باوکم رایدەگەیەنێ کە ئەو رێزی بۆ پاشای گەورەی میسر هەیە، بەڵام ناونیشانەکانی پاشای میسر بە ئەندازەیەك گەورە و ترسهێنەرە کە ئەو ناتوانێ بەو ناونیشانانە قسە بکا و هەر بەو هۆیە پرسیار لە ئێوە کە فەرماندەی سوپای میسرن دەکا ئایا دەتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ ئێوەدا قسەبکا؟

ستی کف گوتی: من لە یەك حاڵەتدا ئامادەم لەگەڵ ئەودا قسە بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئەو بە ناونیشانی یەکێك لە خزمەتکارانی پاشای میسر لەگەڵ مندا قسە بکا نەك بە ناونیشانی پاشای کۆش!

فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر، بە جۆرێکی وا رەق ئەو قسەیەی بە سەر زماندا هات کە مووسا سەری سوڕما، چونکە تا ئەو دەمە نەیبینیبوو ستی کف ئاوا توندوتیژی دەربڕێ و وەکو ئەوە وابوو کە فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر، گۆڕاوە بۆ پیاوێکی دیکە.

کاتێك پیرەمێرد، بەرچڤەی قسەکانی ستی کفی گوێ لێبوو دەستی بە گوتوبێژێك کرد کە درێژەی کێشا. مووسا، مانای گوتوبێژی ئەو پیرەمێردە تێ نەدەگەیشت، بەڵام بە ئاوازی دەنگی ئەو و لە کاتی قسەکردندا چێژی وەردەگرت و تێدەگەیشت کە تەواوی رەشپێستان گوێیان لە گوتاری پاشای خۆیان راگرتووە.

پاش ئەوەی گوتاری درێژی پیرەمێرد کۆتایی هات، کوڕەکەی بەم شێوەیە بەرچڤەی کرد: باوکم دەڵێ کە ئەو بە ناونیشانی یەکێك لە خزمەتکارانی پاشای میسر لەگەڵ تۆدا قسە دەکا و لەبەر ئەوەی وا هەست دەکا کە ئێوە تووڕەبوون، پرسیار دەکا کە دەبێ چ بکا تاکو بە رقداچوونی ئێوە نەمێنێ و بۆ نەرم و نیانی و بەزەیی بگۆڕێ؟ ئەو ئامادەیە لە بەردەم ئێوەدا بکەوێتە سەر خاك، بەو مەرجەی کە تووڕەبوونی ئێوە لە بەین بچێ و نەکەونە سەرباری کوشتنی کوڕەکانی و دانیشتوانی ئەم ولاتە. من کە کوڕی ئەوم، ئەو بە ناوی ((پودیا)) بانگ دەکەم و پودیا بەزمانی خەڵکی ئەم ولاتە مانای ((باوك))، بەڵام ئەم وشەیە لەم ولاتەدا سەرەڕای مانای باوك مانای پاشاش دەدا، بەڵام باوکم دەڵێ کە ئەو لەوە پیرترو بێ تواناترە کە ناونیشانی (( پودیا )) بە مانای پاشا لەو بنرێ. بەڵکو ئەو خۆی (( پودیا )) بە مانای باوك دەزانێ.

باوکم دەزانێ کە هەندێك لە کەسانی ئەم وڵاتە دڕندە و خراپەکارن، بەڵام کام وڵات هەیە کە کەسانی دڕندە و خراپەکاری تێدانەبێ و کاری خراپەیان لێ نەوەشێتەوە؟

باوکم دەڵێ کاتێك من بیستم کە ژمارەیەك لە لاوانی ئەم وڵاتە چوونەتە ناو میسری سەروو و چەند نەفەرێکیان کوشتووە و هەندێك شتیان تاڵانکردووە، لە هەژمەتی غەمباریدا دڵم بریندار بوو و هەر کە ئەو لاوانە لە میسر گەڕانەوە، بە سەختی تەمبێکران و ئەوانەی کە گوناهیان کەمتر بوو لە وڵاتی کۆش دەرکرانە دەرەوە.

باوکم دەڵێ: من دەمزانی کە پاشای گەورەی میسر، لە کردەوەی بەدی ژمارەیەك لە لاوانی کۆش بەڕقدا دەچێ و دوور نییە  سوپایەك بۆ کۆش ڕەوانە بکا و هەر کە هەواڵم زانی کە سوپایەك هاتۆتە ناو میسری سەروو تاکو بێتە ناو کۆشەوە، بۆ پێشوازی لەو سوپایە بەڕێ کەوتم و سەرەڕای پیری و بێ توانایی، ڕێگایەکی درێژ و سەفەرێکی درێژم گرتە پێش تا خۆم بگەیەنمە سوپای پاشای گەورەی میسر. ئینجا شازادەی ڕەشپێست کە بەرچڤەوانی باوکی بوو ئاوا درێژەی بە قسەکانی دا:

باوکم دەڵێ ئەی فەرماندەی سوپای پاشای گەورەی میسر، ئەگەر ئێمە لەگەڵ یەکتری دا بجەنگین هیچ کاممان سوود لە جەنگ وەرناگرین و ئەو چەن کەسەی کە بەدەستی لاوانی شەڕانگێزی ئێمە لە میسری سەروو کوژراون، زیندوو نابنەوە، بەڵام ژمارەیەك لە پیاوانی ئێمە و سەربازانی پاشا دەکوژرێن.

ئێستا من، بە ناونیشانی خزمەتکاری پاشای گەورەی میسر هاتووم بە تۆ بڵێم دەس لە جەنگ هەڵبگرە و ئەم داخوازییەش لە ڕووی ترسانەوە ناخەمە ڕوو، بێگومان تۆ دەزانی کە لە ڕابردوودا لە نێوان سوپای پاشای میسرو لە نێوان ئێمەدا جەنگ هەڵایساوە و تۆ تاقیت کردۆتەوە کە ئێمە پیاوانی کۆش لە جەنگ ناترسین، بەڵام من لەوە دەترسم کە منداڵان هەتیو بن و کوڕەکانم کە من خۆشم دەوێن بکوژرێن وخانووەکان و مەزراکان لە بەین بچن و هەر بۆیە داوات لێدەکەم کە ئێمە دۆستانە لەگەڵ یەکتریدا بێینە ڕێ و دەسپێشکەری بە کوشتنی یەکتری نەکەین.

دەربڕینەکانی پاشای کۆش، زۆر کاری لە مووسا کردو یەقینی لا پەیدابوو کە ئەو پیاوە بە ساڵا چووە ڕاستی دەڵێ و لە نێو گشت میللەتانی دنیادا کۆمەڵە کەسانێك هەن کە شەڕانی بن و شەڕانگێزیی ئەوان نابێ لە ملی هەموو تاکەکانی قەومێك بئاڵێنرێ.

مووسا یەقینی هەبوو کە دەربڕینەکانی ئەو پیرەمێردە، هەر بەو شێوەیە کە کاری لەو کردووە، ئاواش کار لە ستی کف دەکا، بەڵام بەزوویی تێگەیشت کە ئەو بە هەڵەدا چووە.



ستی کف گوتی: ئەی ئیرگەباین، ئەگەر تۆ لە کردەوەکانی ژمارەیەك لە کەسانی شەڕانی قەومەکەی خۆت، کە دەس درێژییان کردۆتە سەر میسر و ژمارەیەکیان خەڵك کوشتووە، پەشیمانی، لە بەرچی بەزوویی ئەوانەت تەسلیمی سەربازانی پاشا نەکرد تاکو بە سزای کارەکەی خۆیان بگەن؟

مووسا، کە بە  وردی لە پاشای ڕەشپێستانی دەڕوانی سەرنجی دا کە شوێنەواری بیرکردنەوە و غەمباری لە قەڵافەتی ئەو پیاوەدا ئاشکرایە و پاشان لە حاڵێکدا کە جار جار لە فەرماندەی سوپای میسری دەڕوانی و جار جار سەیری ئەو بارانەی کە بارهەڵگرانی ڕەشپێست لە سەر زەوییان دانابوو، دەکرد، ماوەیەك لەگەڵ بەرچڤەواندا قسەی کرد و مووسا بینی کە پاش ماوەیەك قسەکردن پەنجەکانی خۆی دەجووڵاند و وادیاربوو کە شتەگەلێکی بە پەنجەکانی خۆی حساب دەکرد.

پاش ئەوە کە ئاخاوتنی درێژی پاشای کۆش کۆتایی هات، یەکێك لە دوو کوڕەکانی دەستیان کرد بە بەرچڤەکردنی ئاخاوتنی ئەو پیاوە و ئەوەی کە ئەو گوتی بەم شێوە بوو: ئەی فەرماندەی سوپای بە توانای پاشای  گەورەی میسر، بزانە کە ئەگەر ئێمە لە میسر بژیابایین و خەڵکی میسر بایین، دەبووایە خواکانی میسر بپەرستین. من دەیسەلمێنم کە دادپەروەری خوایانی میسر باشە، بەڵام ئێمە لە سەر زەوینی کۆش دەژین و ناچارین کە خوایانی کۆش بپەرستین. خوایانی ئێمە گوتوویانە کە نابێ ئێمە تاوانبارانی خۆمان بدەینە دەس بیانیان تاکو ئەوان سزایان بدەن. بەڵام بۆ ئەوەی پاشای گەورەی میسر، واز لەو بەڕقداچوونەی خۆی بهێنێ، ئێمە کۆمەڵە دیارییەکمان بۆ ئەو هێناوە.

ئێمە قەومێکی نەدارین و هەموو دارایی ئێمە بە ئەندازەی سامانی یەکێك لە شارەکانی میسر نییە، بەو حاڵەشەوە هەوڵمان داوە کۆمەڵە دیارییەك بۆ پاشای گەورەی میسر بهێنین کە شایستەی ئەو بێ و دوو هەزار کەس لە پیاوانی ئێمە ئەو دیارییانەیان تا ئێرە هەڵگرتووە.

ئێمە بۆ پاشای گەورەی میسر، دە هەزار سەنگ زێڕمان هێناوە و ئەم زێڕە، لە باشترین جۆری ئەو زێڕەیە کە لە کۆش دەست دەکەوێ.

ئیمە بۆ پاشای گەورەی میسر، بیست هەزار سەنگ زیومان هێناوە.

دیارییەکی تر کە ئێمە بۆ پاشای گەورەمان هێناوە، سەد عاج و ئەم عاجە، بەو جۆرەی کە فەرماندەی سوپای میسر دەزانێ، ئێمە لە فیلەکانی دارستانەوە بە دەستی دەهێنین.

لە وڵاتی ئێمە پەلەوەری زۆر هەن کە پەڕی جوانیان هەیە و ئێمە بۆ پاشای گەورەی میسر هەزار سەنگ پەڕی جوانی ڕەنگا و ڕەنگمان هێناوە.

یەکێکی دیکە لەو دیارییانە کە ئێمە بۆ پاشای گەورەی میسر هێناومانە پەنجا سەنگ ئەڵماسە و پێنج سەد سەنگ یاقووتە. بەشێکی دیکە لە دیارییەکانی ئێمە سەد هەزار سەنگ مسە. ئێمە بە ئەندازەی دوو هەزار پێوانە باشترین خوریمان لە مەڕی خۆمان بۆ پاشای گەورەی میسر بە دیاری هێناوە. بە شێکی دیکە لە دیارییەکانی ئێمە بریتییە لە پێنج سەد کەوڵی پڵنگ و هەزار کەوڵی ئاسك. ئێمە بۆ پاشای گەورەی میسر، پێنج هەزار سەنگ هەنگوین لە جۆری هەنگوینی کێویمان هێناوە کە یەکجار شیرین و بەتامە.

ئاخرین دیاری کە ئێمە بۆ پاشای گەورەی میسر هێناومانە بریتییە لە دە هەزار دانە مرواری لە هەموو رەنگێك و ئەم مرواریانە، بەشێکە لە گەنجینەی خوایانی ئێمە و کاهینانی ئێمە بەرپرسی پاراستنی ئەوانن.

ئەو مرواریانە کە پێشکەش بەپاشای گەورەی میسر دەکرێ لە هەموو رەنگێکە وبەچووکترینی ئەمانە، ئەوەندە بەنرخە کە دەتوانرێ لە میسر دە کەنیز یا شمشێرێکی ئاسن کە لە هاتی دروست دەکرێ، بکڕدرێ.

من بۆیە لە کۆتاییدا ناوی ئەم مرواریانەم هێنا کە بڵێم مرواریەکان بریتییە لە دیارییەك کە لە لەلایەن خوایانی ئێمەوە، لە رێگای کاهینانەوە، پێشکەش بە خوایانی میسر بکرێ و ئومێدەوارین کە خوایانی میسر پاش ئەم دیارییە، لە رقی خۆیان بێنە خوارەوە و بە هۆی ئەوەی کە چەند لاوێکی شەڕانی ئێمە زاتی دەسدرێژییان کردووە، لە ئێمە ببوورن.

ئاخاوتنی بەرچڤەوان تەواو بوو و ئەو کاتە مووسا سەرنجی دا کە پاشای کۆش، کاتێك پەنجەکانی خۆی دەجوولاند، حسابی ئەم دیارییانەی کردووە.

پاش کۆتایی هاتنی ئاخاوتنی بەرچڤەوان بێدەنگی باڵی کێشا بە سەریاندا. تەنانەت ستی کف کە لە بەرامبەر پاشای کۆش تووڕەیی و رقی نواند بوو، بێدەنگ بوو.

مووسا کە لە سەرەتای تەمەنییەوە خووی بەوە گرتبوو شتەگەلی گرانبەها ببینێ و ژمارەی گەورەی گوێ لێ بێ، کەچی لە بەهای لە رادەبەدەری ئەو دیارییانە کە پاشای کۆش دەیویست پێشکەش بە پاشای میسری بکا، سەری سوڕما. پێشکەشکردنی دیاریگەلی ئاوا گرانبەها، لە لایەن پاشای کۆشەوە بە پاشای میسر، بەڵگەی ئەوە بوو کە خەڵکی کۆش بە هەر نرخێك بووە خۆیان لە جەنگ لابدەن و لەگەڵ سوپای میسر، تووشی نەبەرد نەبن.



مووسا نەیدەتوانی تێبگا کە بۆچی خەڵکی کۆش یان پاشای ئەم وڵاتە نایانەوێ لەگەڵ سوپای میسردا بجەنگن، لە حاڵێکدا کە سوپای میسر لە پازدە هەزار سەرباز زیاتری نەبوو و خەڵکی کۆش دەیانتوانی کە ئەو پازدە هەزار کەسە لە وڵاتی خۆیان بکەنە دەرەوە.

کوڕەلاو بە خۆی دەگوت گریمان وا وێنا بکرێ کە خەڵکی ئەم سەرزەوینە ترسنۆکن و لە شەڕ دەترسن، بەڵام دەتوانن ژمارەیەکی زۆر سەرباز لە نەتەوەکانی دیکە بە کرێ بگرن و ئەوان رەوانەی مەیدانی جەنگ بکەن، چونکە پاشایەك و قەومێك ئەوەندە دەوڵەمەند بێ کە بتوانێ کۆمەڵە دیارییەکی ئاوا گەورە بدا بە پاشایەکی دیکە، دەتوانێ هەمان ئەو دیارییانە لە بەکرێگرتنی سەربازاندا خەرج بکا و یەك سوپای گەورە، رەنگە سەد هەزار سەرباز، ئامادە بکا و سوپای میسر لە بەین ببات.

پاش ئەوەی کە ماوەیەك بێدەنگیی بەرقەرار بوو، ستی کف فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر هاتە قسە و گوتی: ئەی ئێرگەباین ئایا تۆ وات وێنا کردووە کە بە رێگەی بەرتیل و دیاری، دەتوانی دادپەروەریی پاشای میسر لە رەوتی خۆی لارێ بکەی؟

تۆ وات وێنا کردووە کە ئەم دیاریانەی هێناوتە گران بەهایە، لە حاڵێکدا کە لە ناو هەر کام لە (ژووری) خەزێنەکانی پاشای میسردا، لە هەموو ئەو دیارییانە کە تۆ هێناوتە، سامان زیاتر هەیە و منیش کەسێك نیم بتوانرێم بە بەرتیل بکڕدرێم.

بەرچڤەوان ئاخاوتنی فەرماندەی سوپای بۆ پاشای بە ساڵ داچووی کۆش بەرچڤەکرد و شوێنەواری کەسەرێکی زۆر لە سەر روخساری پیرەمێرد وە دیارکەوت و پاشان گوتی: ئایا ئاشتی باشترین دادپەروەری نییە و ئایا واباشتر نییە کە خەڵك یەکترییان خۆش بووێ؟

ستی کف گوتی: بۆ من کە سەربازێکم نەخێر، ئەوەی لە روانگەی منەوە بایەخی هەیە و رێزی هەیە ئەوەیە کە دادپەروەریی پاشای میسر لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکەم و دادپەروەری ئەو وا پێویست دەکا کە قەومی کۆش بە سزا بگەن و بزانن کە دەبێ لە بەرامبەر پاشای میسردا، ملکەچ بن نەك سەرکێشی بکەن و دەسدرێژی بکەنە سەر میسر و میسرییان بکوژن. بەوپێیە، من ئەو شتانە کە هێناوتە بە ناونیشانی دیاری قبووڵ ناکەم، بەڵکو بە ناونیشانی دەسکەوتی جەنگ دەسگیردەکەم و لەم ساتە بە پاشەوە باوکت ئەسیری منە و هەر جۆرێك کە بمەوێ رەفتاری لەگەڵدا دەکەم.

بەرچڤەوان کە کوڕی پاشای کۆش بوو گوتی: ئەم کارە مەکە و باوکی ئێمە ئەسیرمەکە. ئەگەر تۆ حەز دەکەی من و براکەم دەبین بە ئەسیری تۆ، بەڵام باوکی ئێمە بە ساڵدا چووە و نەخۆشە و

ناتوانێ بەرگەی ئەسیری بگرێ و جگە لەوەش بە دڵێکی ئارخەیانەوە هاتۆتە ئێرە و تۆ نابێ کەسێك کە بە ئیرادەی خۆی هاتووە بۆ لای تۆ ئەسیری بکەی.

ستی کف گوتی: قسەکردن بەسە. لەو دەمەدا ئەو پیاوە کە بەرچڤەوان بوو دەستی بۆ نێزەکەی خۆی برد. بەڵام پێش ئەوەی بەکاری بهێنێ، سوکر مووسا ئەفسەری باڵابەرز و بە هێزی میسری بە شمشێری خۆی سکی ئەو پیاوەی هەڵدڕی و نێزەکەی لە دەستی کەوتە خوارێ.

کوڕەکەی دیکەی پاشا ویستی نێزەکەی بەکاربهێنێ، بەڵام ستی کف، بەچالاکییەکی زۆرەوە کە مووسا ئەوەی لەو بە دوور دەزانی، هورژمی برد و شمشێرەکەی لە ناو دڵی ئەو پیاوە دا بردە خوارێ.

ئەم دوو نەفەرە بەجۆرێك بەخێرایی کوژران کە مووسا بیری کردەوە کە ئەو بە هەڵەدا چووە، بەڵام کاتێك تەماشای کرد کە پاشای بەساڵداچووی کۆش لە پەنای تەرمی کوڕەکانی دانیشت و وەکو منداڵ دەستی بە گریان کرد، تێگەیشت ئەوەی کە بینی واقیعییەتی هەبووە و ئەم دوو پیاوە، کوژران.

سوکر مووسا لە پیرەمێرد نزیك کەوتەوە و بەیەك زەربە شمشێر سەری لە لەشی جیا کردەوە و سەری (( ئێرگەباین )) کەوتە سەر تەرمی یەکێك لە کوڕەکانی.

ئەم رووداوانە لە ماوەی چەند ساتێکدا، یەك بەدوای ئەوەی دیدا، روویاندا و ئەوەندە خێرا بوون کە ڕەشپێستانی نێزەدار نەیانتوانی کاردانەوەیەکی دەسبەجێ نیشان بدەن.

بەڵام پاش ئەوەی کە تێگەیشتن پاشای ئەوان و دوو کوڕەکەی کوژران، لە تووڕەییدا، هاوارایان لێ هەستا و دەستیان بە هێرش کرد. ستی کف فەرماندەی سوپای میسر، هەردوو دەستی خۆی لە دوو لاوە بە ناونیشانی هێرشکردنی گالیسکەکان، راوەشاند و پاش ئەوە گالیسکە جەنگییەکان کە هەر کامیان داسێکی تیژی پێوە مەحکەم کرابوو و ئەو داسە لە کاتی ڕێکردندا هەڵدەگیرا، کەوتنە رێ.

مووسا، تا ئەو رۆژە شەڕی گالیسکە جەنگییەکانی میسری نەدیتبوو و لەو رۆژەدا کوڕەلاو سەرنجی دا کە گالیسکە جەنگییەکان چ چەکێکی سامناکن. بە تایبەتی لە شەڕ لەگەڵ میللەتانی وەك ڕەشپێستەکانی کۆش کە ڕەوش و ڕێگای شەڕکردنیان بە گالیسکەی جەنگیی نەدەزانی.

مووسا سەرنجی دا کە ئەگەر ڕەشپێستەکان لە پەناییەکەوە راوەستابان و قەڵغانەکانی خۆیان بەیەکەوە چەسپ بکردبایە و لە پەنا قەڵغانەکانەوە لە دوو لاوە هێرشیان هێنابایە سەر گالیسکەکان تاکو ئەسپەکان بکوژن، گالیسکەکان رادەوەستان. بەڵام ڕەشپێستان لە شەڕدا ڕەوشی بە کۆمەڵیان



نەدەزانی و هەر ڕەشپێستێك بە تەنیایی بۆ خۆی شەڕی دەکرد. هەر بۆیە زۆربەیان دەکوژران و داسی هەندێك لە گالیسکەکان کاتێك لە جەنگاوەرێکی ڕەشپێستی دەدا دوو لەتی دەکرد.

جەنگ بە قەتڵ و عامی زۆربەی ڕەشپێستان کۆتایی هات. لەو رۆژەدا مووسا، بۆ یەکەمین جار، تێگەیشت کە جەنگ مانای مەرگ و نکوولی کردن لە ژیان و لە ژێر پێ نانی هەموو جۆرە دابێکی جوامێری و بەزەیی.

مووسا، لەو رۆژەدا تێگەیشت کە لە جەنگدا، هیچ کام لەو رێ و شوێنانە، کە لە ژیانی ئاسایی نێوان خەڵکیدا بەڕێوە دەچێ، ڕێزی لێ ناگیرێ و هەر کەس کە بتوانێ یەکێك لە نەفەرەکانی دوژمن بکوژێ، ئەوا دەیکوژێ و هەر چەندێك کە بتوانێ لە سامانی دوژمن تاڵان بکا، ئەوا بەتاڵانی دەبا.

بەو پێیە کاتێك جەنگ هەڵدەگیرسێ، ئومێدی بەزەیی و جوامێری دەبێ لە دڵدا دەربچێ و نابێ چاوەڕێی ئەوە بکرێ دوژمنێکی بە توانا، بە پێی نەریتێیکی جوامێرانە، لەگەڵ دوژمنێکی بێ توانا دا، ڕەفتار بکا.

مووسا، بیری دەکردەوە کە ئەگەر ئەو لە جیاتی ستی کف بووایە، پێشنیاری پاشای ڕەشپێستانی بۆ ئاشتی قبووڵ دەکرد، چونکە ئەو پیاوە، هەموو ئەو شتانەی کە سوپایەکی سەرکەوتوو پاش زاڵ بوون بەسەر دوژمندا دەیتوانی وەك دەسکەوتی جەنگ بە دەستی بهێنی، ئەو بە ناونیشانی دیاری هێنابووی تاکو تەسلیم ببێ. بەڵام فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو، پێشنیاری پاشای ڕەشپێستانی قبووڵ نەکرد و شەڕی بەسەر ئاشتیدا پەسن دا. لە حاڵێکدا ئەگەر مووسا فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو بووایە، ڕێگای جوامێریی دەگرتە بەر و داخوازی پاشای ڕەشپێستانی قبووڵ دەکرد و دیارییەکانی وەردەگرت و دەگەڕایەوە.

پاش ئەوە کە جەنگ بە قەتڵ و عامی ڕەشپێستان کۆتایی هات، ستی کف، هەموو ئەو شتانەی کە پاشای ڕەشپێستان هێنابووی خستە ژێر دەستی خۆیەوە تاکو بۆ فیرعەونی ڕەوانە بکا.

ئەفسەرانی سوپای میسر دەیانویست ئەو دیارییە گران بە هایانە لە نێوان ئەواندا دابەش بکرێ، بەڵام ستی کف رازی نەبوو و گوتی: ئایا ئێوە لەبەر ئەوەی کە زۆر لە پایتەختی میسرەوە دوورن وا وێنا دەکەن کە هەرچی بتانەوێ دەتوانن بیکەن و ماڵ و سامانێك کە بۆ پێشکەشکردنی پاشا هاتووە بیکەن بە هی خۆتان.

بۆ ئێوە نازانن کە بە جۆرێکی حەتمی فیرعەون ئاگادار دەبێ کە پاشای ڕەشپێستان ئەو دیارییانەی بۆ ئەو هێنابوو و ئەگەر ئێمە، تەنیا یەك سەنگ زێڕ یان زیو یان عاج یان یەك پەڕ هەڵبگرین، پاش گەڕانەوە بۆ میسر، بە تاوانی خیانەت لە بەرامبەر پاشا دەکوژرێین. هەموو ئەو

سەربازانەی کە لەم سوپایەدان پاش گەڕانەوە بۆ میسر چۆنیەتی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بۆ خەڵك و سەرباز و ئەفسەرانی دیکە کە لە میسرن، دەگێڕنەوە و بە جۆرێکی حەتمی فیرعەون دەزانێتەوە کە ئەو دیارییانەی کە بۆ ئەویان هێناوە ئێوە زەوتتان کردووە.

ئەفسەرانی سوپای ڕەوانەکراو، ناچار وازیان لە دابەشکردنی سامانی گرانبەها هێنا و ستی کف هەموو ئەمانەی بە ئەفسەر و سەربازاندا، بە هۆی ئامرازی گوازتنەوەی شەتییەوە بۆ میسر نارد.

ستی کف، فەرماندەی سوپا فەرمانی دەرکرد کە مردووەکانی ڕەشپێستان لە سەحرا بەجێ بهێڵن و سوپا بکەوێتە ڕێ.

لە ڕۆژێکی کە سوپا پاش جەنگ لەگەڵ ڕەشپێستاندا، بەڕێکەوت، بەڕێ و ڕەسمی جەنگی دەستی بە جووڵان کرد. چونکە فەرماندەی سوپا لە هێرشی کت و پڕی ڕەشپێستان ترسی هەبوو و دەیزانی کە ئەوان بە کوشتنی پاشای خۆیان زانیوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گالیسکە جەنگییەکانی میسر بە خێرایی کەوتنە جووڵان و بە جۆرێك جووڵانەوە کە ڕەشپێستان ئابڵۆقە بدەن، کەچی ژمارەیەك لە ڕەشەکان هەر توانیان رابکەن. ئەوان بە چاوی خۆیان کوژرانی پاشا و دوو کوڕەکەیان دیتبوو، بێگومان هەموو ڕەشپێستانیان لەم ڕووداوە ئاگادار دەکردەوە.

دیسپلینی جەنگیی سوپای میسر لەکاتی ڕێکردندا بەم شێوەیە بوو:

لە پێشەوەی سوپا، نێزە بە دەستان دەجووڵان، لە پشت ئەوانەوە کەوان بە دەستان و (قۆچەقانی بەدەستان ) دەجووڵان، پاش ئەوان گالیسکە جەنگییەکان دەهاتن، لە پشت گالیسکەکانەوە، سەربازانی پیادە دەجووڵان و لە پشتی سوپاوە ئەو غولامانە کە (باروبارگەی) سوپایان هەڵدەگرت، دەهاتن.

هەموو بەشەکانی سوپا لە حاڵەتی ئامادە کاریی جەنگییدا دەجووڵایەوە و لە وانەش داسە تیژەکانی گالیسکەکانیان لەپێشی میلەکانەوە دامەزراند بوو، چونکە دەیانزانی کە ئەگەر ڕەشەکان لە ناکاو هێرش بکەن، دەرفەتێك بۆ دامەزراندنی داسەکان، لە پێشی گالیسکەکاندا، بە دەستەوە نامێنێ. سەربازانی پیادە، جلی شەڕیان لەبەردا بوو، مانای زرێپۆشی لە برۆنزیان بەسەر جلی ئاساییەوە لە بەردابوو.

گەرچی سەرزەوینی کۆش، ڕۆژان زۆر گەرم نەبوو، کەچی ئەو جلە برۆنزییە، لە بەر تیشکی هەتاو، لە کاتی ڕێکردندا سەربازانی زۆر نارەحەت دەکرد و نەیاندەتوانی ئەو زرێپۆشە برۆنزییە لە خۆیان دوور بخەنەوە.



کاتێك کە سوپا بەڕێدا دەڕۆیشت، سەرباز و ئەفسەران بێدەنگ بوون و بێدەنگی ئەوان دوو هۆکاری هەبوو: یەکەمیان ئەوە بوو کە فەرماندەی سوپا فەرمانی دا بوو لە کاتی ڕێکردندا کەس گۆرانی نەڵێ لەبەر ئەوەی دەنگی گۆرانی بێژەکان بەرگوێی ئەو ڕەشانە دەگاتەوە کە لە ڕێکردنی سوپا ئاگادار نین و ئەوان وریا دەکاتەوە کە سوپای میسر لەو سنوورانەوە تێیدەپەڕێ.

دووەمیان هەمووان چاوەڕێی هێرشی لە ناکاوی ڕەشەکان بوون. ئەوان لە حاڵەتی چاوەڕێدا بوون و حاڵەتێکی دەروونی تایبەت بۆ ئەوان هاتبووە کایەوە کە حاڵی قسە کردنیان نەبوو.

ڕۆژانی پاشتر، بەهۆی ئەوەی کە یەکڕاست بەسەر بانوویەکەوە ڕێیان دەکرد، هەوا فێنك تر بوو و زەحمەتی سەربازانی پیادە کە برۆنزیان لە بەردابوو کەمتر بۆوە. زەوی، کە لە سەرەتادا وشك بوو، بەگیا و گوڵ داپۆشرابوو و جار هەبوو لە دوو لای ڕاست یان چەپی خەتی ڕێکردنی سوپادا چەند درەخت یان بێشەڵانێکی بچووك دەکەوتە بەرچاو.

شەوان هەوا ساردی دەکرد و فەرماندەی سوپا فەرمانی دابوو ئاگر هەڵنەکەن تاکو لە کاتی شەودا، سەرنجی ڕەشپێستان بۆ لای ئوردووگا کێش نەبێ.

قەدەغەکردنی کردنەوەی ئاگر، لە کاتی شەودا سەربازانی ئازار دەدا، تەنانەت مووسا کە بەدەنێکی داڕژاوی هەبوو، لە سەرمای شەو، نارەحەت دەبوو.

ڕۆژێك، مێگەلێك لە گیانلەبەرانی شاخدار وە دەرکەوتن و ئەفسەران داوایان لە ستی کف کرد مۆڵەتیان بدات بۆ خۆیان ڕاو بکەن تاکو ئاڵوگۆڕێك لە خواردنی ئەفسەر و سەربازاندا بکەن. بەڵام ستی کف مۆڵەتی ڕاوی پێ نەدان و گوتی: لەوانەیە لەودەمەدا کە ئێمە سەرقاڵی ڕاوکردنین ڕەشپێستان هێرش بکەنە سەرمان.

ڕۆژی پاشتر، مووسا کە هەروەکو پێشوو، فەرماندەی پێشەنگ بوو، شتێکی بینی کە بۆ کوڕەلاو زۆر تازە بوو.

ئەو بینی شێرێکی نێرە و یەکێکی مێ لەگەڵ دوو بێچوە شێر، لە مەودای تا ڕادەیەکی نزیك ڕاوەستان و تەماشای تێپەڕینی پێشەنگی سوپایان دەکرد.

مووسا بەزوویی وە دیارکەوتنی ئەو گیانلەبەرانەی بە فەرماندەی سوپا ڕاگەیاند، چونکە ئەو لە کاتی ڕێکردندا تەنانەت لە ڕاپۆرتدانی تایبەت بە وە دیارکەونتی گیانلەبەرانیش، خۆی نەدە بووارد.

کاتێك پێشەنگ تێپەڕی و سوپا گەیشتە شێرەکان، ئەوان هەروا تەماشای تێپەڕینی سوپایان دەکرد.

ئەفسەران جارێکی دیکە داوای مۆڵەتیان لە ستی کف کرد تا شێرەکان راو بکەن، فەرماندەی سوپا، دیسانەوە مۆڵەتی راوکردنی شێرەکانی نەدا و دەترسا کە شیرازەی رێکردنی سەربازیی سوپا لێکبترازێ و لە هەمانکاتدا کە ئەفسەران سەرقاڵی راوکردنن، دوژمن بگاتە سەریان.

مووسا بە بینینی دیمەنە سروشتییەکان کە بۆ ئەو شتێکی تازە بوو، چێژی وەردەگرت و هەر بەیانییەك کە لە خەو هەڵدەستا، پاش رووناك بوونەوەی هەوا، دەیبینی کە هەوری رەنگ سپی لە ئاسۆدا دەبینرێ و کاتێك چاوی لە باشوور دەبڕی لوتکەی چیا رەشەکانی دەبینی، بەڵام تێدەگەیشت کە لەگەڵ ئەو چیایانەدا مەودایەکی دووری هەیە.

فرەجۆری دیمەنە سروشتییەکان و پانایی دەشتەکان، بۆ شازادەی لاویان ئاشکرا دەکرد ئەوانەی کە لە میسر دەڵێن فیرعەون فەرمانڕەوای سەرتاسەری جیهانە کەسانێکی بێئاگان.

ئەگەر ئەوانە سەفەریان بۆ کۆش بکردبایە و ئەو دەشتە فراوانەیان بدیبایە، کە هەر چەندێك ئەو رێگایەیان دەپێوا بە کۆتاییەکەی ناگەن، ئەوا تێدەگەیشتن کە لە جیهاندا ناوچەگەلێك هەن کە لەوێدا فیرعەون هێز و دەسەڵاتی نییە.

گەرچی ستی کف وای پێشان دەدا کە هەر چەندە دنیا بەر فراوانبێ، دیسانەوە دانیشتوانی ئەوێ دەبێ ژێر فەرمانی فیرعەون بن. مووسا درکی بەوە دەکرد کە بە هۆی بەرفراوانی دنیاوە فیرعەون ناتوانێ بەسەر هەموو جێگەیەکدا زاڵبێ و ناوچەگەلێك هەن لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی فیرعەوندا دەمێنێتەوە.

مووسا دەیزانی کە پاش ئەوەی دەشتە بەرفراوانەکان تەی دەکەن، دەگەنە کێوەرەشەکان کە تەنیا لوتکەکانیان دەبینرێن و ئەوێ ئیدی سەرەتای سەرزەوین و ولاتێکی دیکەیە کە نازانرێ تا چ رادەیەك بەرفراوانە.



-١٤-

## جەنگی گەورەی سوپای میسر

رۆژێك، پاش ئەوەی سوپا بەرێکەوت، مووسا کە فەرماندەی پێشەنگ بوو، لە دوورەوە سوپای رەشپێستانی بینی و دەسبەجێ راپۆرتی بە فەرماندەی سوپا گەیاند کە دوژمن دەکەوێتە بەرچاو و رەشایی سوپا وا پیشان دەدا کە دەبێ دە هەزار کەس بن.

ستی کف فەرمانی بە پێشەنگی سوپا کرد کە پاشەکشە بکەن و بە بەشی بنەڕەتی سوپاوە پەیوەست بن و مووساش وای کرد.

ئەو جەنگە کە ئەو رۆژە مووسا، بینی سامناکترین جەنگێك بوو کە سەربازانی کاردیتووی میسر تا ئەو رۆژە دیتبوویان. لەبەر چاوی کوڕەلاو کە تا ئەو رۆژە جەنگی سوپای میسری لەگەڵ رەشپێستانی ئێرگەباین دا نەدی بوو، یەکجار ترسناك خۆی دەنواند.

پاش ئەو جەنگە، کوڕەلاو هاتە سەر ئەو نیازەی کە رووداوەکانی ئەو جەنگە لە روانینی خۆیدا ئاوێتە بکا، بەڵام نەیتوانی و ئەو کاتە گوتەی ئەفسەرانی خاوەن رابردووی سەلماند کە هیچ کەس ناتوانێ تەواوی رووداوەکانی جەنگێك ببینێ. تەنانەت فەرماندەی سوپا توانای بینینی تەواوی رووداوەکانی جەنگی نییە و ئەو تەنیا بەرێوەبەرێکە کە جەنگ بەرێوە دەبا و ئەگەر بەخت یاریدەی بدات دەتوانێ تا کۆتایی جەنگ کاروبار بە ئەستۆ بگرێ. بەدەر لەم حاڵەتە، دەسەڵاتی مەیدانی جەنگ لە دەستی دەردەچێ و دوژمنی ئەو، دەبێتە خاوەنی دەسەڵات.

تەنیا شتێکی کە ئەو رۆژە مووسا بە باشی بینی و تێگەیشت، ئەوە بوو کە لە مەیدانی جەنگدا دوو شت فەرمانڕەوایی دەکا: یەکێکیان ترس و ئەوەی تریان رق و کینە.

ئەو رۆژە مووسا تێگەیشت کە جەنگ بریتییە لە جۆرە شێتییەکی قانوونیی کە رەگەزی بنیادەم بە رەوا و هەقی دەزانێ، بەڵام بە قازانجی سەرکەوتوو و ئەوەی کە ژێرکەوت، دەبێ بە گوناهی ئەوەی کە بۆچی چووەتە مەیدانی جەنگ، بەسزا بگا.

کوڕەلاو ئەو رۆژە تێگەیشت کە مرۆڤ لە جەنگدا، لە هەموو گیانلەبەرێك دڕندەتر دەبێ و بە جۆرێك چێژ لە کوشتن و خوێن رژتن وەردەگرێ کە هیچ گیانلەبەرێکی دڕندە لە کاتی

برسێتیدا، کاتێك کە چنچوڕك و ددانەکانی لە بەدەنی نێچیرێك ڕۆ دەبا، بەو جۆرە چێژ لە خوێن ڕژتن ناکا.

مووسا ئەو ڕۆژە، پاش ئەوەی کە بە فەرمانی فەرماندەی سوپا، بە بەشی بنەڕەتی سوپا پەیوەست بوو، گوێی لێ بوو کە ستی کف بە خێرایی و بێباکییەوە فەرمانی پەیوەست بە جەنگی دەرکرد و وەزیفەی هەر دەستەیەکی دیاری کرد.

پاشان، ڕەشپێستان، کە مووسا ژمارەی ئەوانی بە سی هەزار جەنگاوەر زانی، نزیکبوونەوە و بەر لەوەی کە دەست بە شەڕبکەن، هاواری ئەوان بەرز بۆوە.

کاتێك ئەو هاوارە لە هەوادا دەنگیدایەوە، مووسا سەرەڕای ئەوە کە ترسنۆك نەبوو، ڕاچەنی، چونکە تا ئەو ڕۆژە نەیبیستبوو کە دەنگ و هەرایەکی ئاوا لە سی هەزار قوڕگی بەشەرەوە بێتە دەرەوە.

کاتێك ئەو دەنگە بەرز بۆوە، مووسا بێ ئاگا لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر ئەم دەنگە بەر باڵندەکانی ئاسمان بکەوێ، هەمووان لە هەوادا دەکوژرێن.

مووسا وای وێنا دەکرد کە لە شکۆی ئەو دەنگەوە تەنانەت لوتکەکانی چیا ڕەشەکانیش لە ڕزیون تا بەسەربازانی میسری ڕادەگا.

کوڕەلاو دەیزانی ئەو دەنگە لەرزێنەرە، لە کینەو تووڕەییەوە هەڵقوڵاوە. ئەو دەیزانی تا دڵان پڕاو پڕ لە کینە و ڕق نەبن، ئەو دەنگە لەو قوڕگانەوە دەرناچێ.

مووسا لە خۆی پرسی ئایا ستی کف فەرماندەی سوپا ئەویش لەو دەنگە ترساوە، بۆ ئەوەی کە بشبینێ ئایا ئەویش ترساوە یان نا، چاوێکی لە ستی کف کرد، بەڵام لە ڕوخساری ئەو پیاوەدا شتێکی نەبینی کە نیشانەی ترس بێ و لەوانەیە ئەو پیاوە پەیڕەوی لە یەکێك لە فەرمانە ئەسڵییەکانی ڕێوشوێنەکانی جەنگ بکا لەوەی کە وەزیفەی پیاوی جەنگاوەر ئەوەیە بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ ببێت.

زەمانێك کە مووسا لە کۆشکی پاشایەتی دەژیا و لەوێ دەرسی دەخوێند، هونەرەکانی جەنگ لە لای یەکێك لە سەردارانی سوپای میسر فێر بوو. مووسا لەو پیاوەی گوێ لێبوو بوو کە دەیگوت: پیاوی جەنگاوەر هەر چەندە قارەمان بێ لەوانەیە لە شەڕێکدا، دووچاری ترس ببێ، چونکە ئەوەی مایەی هاتنە ئارای ترس دەبێ، جاری وا هەیە جۆربە جۆرە.

بۆ نموونە پیاوێکی قارەمان، کە لە شمشێر و نێزە و تیر و گالیسکەی جەنگی ناترسێ، لەوانەیە بکەوێتە بەر پەلاماری ئەو مارانەوە کە لە لایەن دوژمنەوە فڕێ دەدرێن و لەبەر



ئەوەی مار بۆ ئەو شتێکی تازەیە، بترسێ. جا نابێ ئەو کەسە بخرێتە ژێر باری سەرکۆنەکردنەوە کە بۆچی ترساوە، بەڵام چارەی ئەو پیاوە جەنگاوەرە ئەوەیە کە بەسەر ترسدا زاڵ بێ و ڕێگا نەدا کە ئەو ترسەی لە بینینی مارەکان پەیدادەبێ، وا لە پەلوپۆی بخا کە هێزی بەرگریکردنی نەبێ.

هەروەها هەر بەو شێوەیە کاتێك دوژمن ئاگر فڕێ دەدا و ئەو ترسەی لە ئاکامی ئاگر فڕێ دانەوە پەیدا دەبێ، کە بۆ جەنگاوەران چەکێکی تازەو بێ پێشینەیە، لەوانە بە جۆرێك سەربازان بێنێتە لەرزە کە نەتوانن درێژە بە جەنگ بدەن، بەڵام ئەوان دەبێ بەسەر ترسی خۆیاندا زاڵ بن ئەمە کارێکە کە ئەگەر لە مەیدانی جەنگدا جێبەجێ نەکرێ، پیاوی جەنگاوەر لە پەلوپۆ دەخا.

مووسا لە دڵی خۆیدا گوتی: لەوانەیە ستی کفیش پەیڕەوی لەو ڕێنموونییە بکا، و سەرەڕای ئەوە کە دەترسێ، هەوڵ دەدا بەسەر ترساندا زاڵ ببێ.

مووسا، کاتێك کە ڕەشپێستان هاواریان دەکرد، چاوێکی لە نوون گالیسکە ئاژۆی خۆی کرد تا بزانێ ئایا دەترسێ یان نا ؟ بەڵام لە ڕوخساری ئەوغولامەدا، نە تەنیا هەر شوێنەواری ترس دیار نەبوو، بەڵکو ئەوەندە بێباك دەهاتە بەرچاو وەك بڵێی هاواری ڕەشپێستانی هەر گوێ لێ نییە. مووسا بە خۆی گوت: لەوانەیە لە نێو ئەفسەران و سەربازانی ئەم سوپایەدا، تەنیا کەسێك کە بەڕاستی نا ترسێ ئەم غولامە بێ.

نەخشەیەك کە فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو بۆ نەبەرد لەگەڵ ڕەشپێستاندا خستبووی واری جێبەجێکردنەوە بەم شێوەیە بوو:

دوو ریزی لە سەربازانی نێزە بە دەست ڕێکخست، کە یەك بەدوای ئەوی دیکەدا بوون. چونکە نێزە بەدەستان قەڵغانیان پێ بوو، پاش ئەوە کە لە پەنای یەکەوە ڕاوەستان دەتگوت دوو دیواریان پێکهێناوە.

لە پەنای نێزە بەدەستانەوە، کەوان بە دەستانی هاتی و قۆچەقانی بە دەستانی کەنعان ریز ببوون. لە تەنیشت ئەوانیشەوە بەشێك لە گالیسکەکان لە بەشێکی دیکەی شەڕگەدا جێگەیان گرت.

ستی کف گالیسکەکانی خۆی کرد بە سێ بەش و بەشێکیان لە قۆڵی ڕاستی شەڕگەو بەشێکی لە قۆڵی چەپ و بەشەکەی تری بە یەدەگ دانا.

گالیسکەکانی هەر دوو بەری شەڕگە دەبوایە لە دوو قۆڵەوە هێرش بکەنە سەر دوژمن و ئەوان لە نێو خۆیاندا بگرن و نابووتیان بکەن. هێزەکانی یەدەگیش راسپێردرابوون لە هەر نوختەیەکدا کە ریزی سەربازانی نێزە بەدەست و کەوان بە دەست و قۆچەقانی بە دەستان، درزی تێکەوت، بە هانای ئەوانەوە بچن و ئەو درزە پڕبکەنەوە و نەهێڵن رەشپێستان خۆیان بگەیەننە پشتی شەڕگەی سەربازانی میسر.

سەربازانی میسری دەنگیان لێ بەرز نەدەبۆوە و لە شەڕگەی میسردا کەس قسەی نەدەکرد. ئەگەر کەسێکیش قسەی دەکرد، دەنگەدەنگی سەربازانی رەشپێست ئەوەندە بە هێز و ترسناك بوو، کە ئاخاوتی ئەو بە گوێی کەس نەدەگەیشت.

مووسا لە ناو گالیسکەی خۆیدا بوو و(ڕم)ێکی بە دەستەوە بوو. (ڕم) بە چەکی گالیسکە سواران دەژمێردرا و لە مەودای دوور، هەر کاتێك کە مەودایەکیی گالیسکەکە دەکەوتە جوولان ئەو یان بەرە و دوژمن داویشت و لە مەودایێکی نزیکیشەوە دەیانتوانی نێزە یان شمشێر بەکاربەن.

داسی گالیسکەی مووسا ئەوەندە تیژ بوو هەر دەتگوت تیغی ریش تاشینە کە لە پایتەختی میسر، سەرتاشان بۆ ریش تاشینی کڕیاران، کەڵکیان لێ وەردەگرت و سەری کاهینانیان پێ دەتاشی.

سەربازانی رەشپێست پەڕی سپیان لەسەر نا بوو و نێزەی درێژیان پێ بوو. مووسا دەیبینی کە ئەوان نێزەکانی خۆیان لەسەر شانیان دانابوو و دەیزانی کە پاش ئەوە کە رەشپێستان نزیکبوونەوە، نێزەیان لە شانیان دادەگرت و بۆ کوشتنی سەربازانی میسر یاخود ئەسپی گالیسکەکان، کەڵکیان لە نووکی ئەوان وەردەگرت.

کاتێك رەشپێستان نزیکبوونەوە، مووسا بینی کە ئەوان روخسار و بە دەنی خۆشیان رەنگ کردووە و لەو دەمەدا، تێنەگەیشت کە بۆچی روخساری رەشەکان رەنگکراوە. بەڵام پاش تەواوبوونی جەنگ زانیاری وەرگرت کە ئەمە ((رەنگی جەنگیی)) رەشپێستانە و ئەوان، کاتێك کە دەیانەوێ بڕۆن بۆ جەنگ، روخساری خۆیان رەنگ دەکەن.

لە پێشەوەی رەشپێستان ژمارەیەك دەهۆڵ ژەن دەجوولان و بە ملی هەر کامیانەوە دەهۆڵ هەڵواسرابوو. مووسا دەیبینی کە هەردوو دەستی ئەوان بە سەر دەهۆڵەکەوە دەجوولێتەوە و دیارە کە ئەوان دەهۆڵ لێدەدەن، بەڵام بە هۆی هاواری سامناکی رەشپێستانەوە دەنگی دەهۆڵ بەرگوێ نەدەکەت.



جوولانەوەی رەشپێستان بە جۆرێك بوو کە مووسا سەرنجی دا کە ئەوان لە جێگەیەکی نزیك رووبار ( مانای رووباری نیل ) دەیانەوێ هێرش بهێننە سەر سوپای میسر و هەر کە مەودای رەشپێستان لەگەڵ سوپای میسر بوو بە سەد پێ، کەوان بە دەستانی هاتی دەستیان بە تیرهاوێژی کرد.

مووسا دەیزانی کەوانی سەربازانی کەوان بە دەستانی هاتی، ژێیەکی مەحکەمی هەیە و راکێشانی ژێی ئەو کەوانە پێویستی بە هێز هەیە و هەر تازە کارێك ناتوانێ ژێی کەوانی هاتی رابکێشێ. راکێشانی ئەو کەوانە پێویستی بە پەنجە و مەچەك و بازووی بە هێز هەیە و بۆ ئەوەش کە پەنجەو مەچەك و بازووی بەهێزی هەبێ دەبێ هەموو جێگایەکی بەدەن بە هێز بێ، چونکە کەسێك کە قاچەکانی لاواز بن، لە کاتی تیرهاوێژیدا ناتوانێ بە باشی کەڵك لە پەنجەو مەچەك و بازووی خۆی وەربگرێ.

دیقەت گرتنی تیرهاوێژیی کەوان بە دەستانی هاتی، بە جۆرێك جێگای سەرنج بوو کە کاتێك دەستیان بە تیر هاوێژی کرد، ریزی یەکەمی رەشپێستان کە دەهۆڵ ژەنان بوون کەوتنە سەر زەوی چونکە بوونە ئامانجی تیری تیرهاوێژان.

پاش دەهۆڵ ژەنان ژمارەیەکی دیکە لە رەشپێستان لە پەل و پۆ کەوتن. بەڵام کوژران یان بریندار بوونی ئەوانە، ئەوانی دیکەی رانەگرت و رەشپێستانی ترکە لە دواوەڕا دەهاتن بەسەر تەرمی کوژراوەکان و برینداراەکاندا تێدەپەڕین و بەگوڕتر دەهاتن تا خێراتر خۆیان بگەیەننە میسرییەکان و لە لێدانی تیری کەوان بە دەستانی ئەوان پارێزراو بن.

مووسا کە کردەوە جەنگییەکانی دەبینی، دەیبینی کە تەواوی کەوان بە دەستان و قۆچەقانی بە دەستانی میسری سەرقاڵی کارن و بەرێکوپێکی تیر و بەرد بەرەو رەشپێستان دەهاوێژن.

ریزی دووەمی رەشپێستان پاش ریزی یەکەم ئەوانیش لە پەلوپۆ کەوتن و ئینجا ئەو نەفەرانەی کە لە ریزی سێیەم بوون لە پەلوپۆ کەوتن و ئینجا نۆرەی کوژران و برینداربوونی ریزی چوارەمی سوپای رەشەکان هات. بەڵام سەرەڕای ئەوە کە سەربازانی رەشپێست، ریز لە دوای ریز، دەکوژران. هێرشی رەشپێستان بەرەو سوپای میسر نەدەپسایەوە. سەربازانی رەشپێست تەرمی هاوسەنگەرانی خۆیان پێماڵ دەکرد و بەسەر لاشەی کوژراو و برینداراەکاندا تێدەپەڕین تاکو خۆیان بگەیەننە سوپای میسر.

سەرباری ئەوەی کە سەربازانی ڕەشپێست قەڵغانیان هەبوو، کاتێك کە غاریان دەدا تاکو خۆیان بگەیەننە سوپای میسر، قەڵغانەکانیان لە بەرامبەر خۆیان ڕانە دەگرت تاکو لە تیرەکان و بەردەکانی سوپای میسر پارێزراوبن.

مووسا سەرنجی دا کە خۆلادانی ڕەشپێستان لە کەڵك وەرگرتن لە قەڵغانەکان بۆ ئەوەیە کە لە خێرایی جووڵانەوەی ئەوان کەم نەبێتەوە، چونکە ئەگەر قەڵغانەکانیان لە بەرامبەر خۆیان ڕابگرتبایە بە دوو هۆ خێرایی جووڵانەوەی ئەوان کەم دەبۆوە.

یەکەمیان ئەوەبوو کە بەردەمی خۆیان بە چاکی نەدەبینی و قاچیان لە کوژراوەکان هەڵدەنگوت و بەر دەبوونەوە.

دوووەمیان ئەوەبوو کە قەڵغانی گەورەی ئەوان لە بەرامبەر هەوادا دەبووە بەربەست و بەر هەڵستی پێکەدەهێنا و لە خێرایی ئەوان کەم دەبۆوە. بۆیە ڕەشپێستان خۆیان لە بەرامبەر تیر و بەرددا بێ پەنا دەکرد تاکو خێراتر ڕابکەن و خۆیان بگەیەننە سوپای میسر.

سوپای ڕەشپێستان، دەستیکرد بە هێرشکردن بۆ سەر سەربازانی پیادەی میسری کە لە پەنای یەکەوە ڕاوەستا بوون و قەڵغانەکانیان پێکەوە نووساند بوون.

دیار بوو کە سوپای ناوبراو، لە ناوبردنی سەربازانی پیادەی میسرییان، کە بەیاریدەی قەڵغانەکانیان، دیوارێکی بەشەرییان پێکهێنابوو. بە ئەرکی بنەڕەتی خۆیان دەزانی و وایان بیر دەکردەوە کە ئەگەر ئەو پەرژینە زیندووە لە بەین ببرێ، نابووتکردنی باقی بەشەکانی دیکەی سوپای میسر گرفتی نابێ.

ڕەشپێستان سەرەنجام گەیشتنە سوپای پیادەی میسر و تیری کەوان بە دەستان و بەردبارانی قۆچەقانی هاوێژان، نەیتوانی بەر بە پێشڕەوی ئەوان بگرێ. مووسا، سوپای ڕەشپێستانی وەکو **دەریایەکی جووڵاو دەبینی کە نەتوانرێ بەر بەپێشڕەوی کردنی بگیرێ.**

**کاتێك** ڕەشپێستان گەیشتنە سوپای پیادەی میسری، هاواری ئەوان بە جۆرێك ناساز بوو کە مووسا وای هەست دەکرد تیرێکیان بە هەردوو گوێیدا کردووە و هات و هاواری ئەوان وەك شتێکی تیژ دەچووە ناو گوێکانی مووساوە.

ژمارەیەك لە سەربازانی ڕەشپێست، کاتێك گەیشتنە سەر سەری ڕیزی پیادەی نێزەداران، کوژران و نێزەکانی میسریان لە لایەکی بەدەنی ئەوانەوە دەهاتە دەرێ.



لەو دەمەدا، تیرهاوێژان و قۆچەقانی بە دەستانی میسری، تیرهاوێژی و بەردبارانیان ڕاگرتبوو، چونکە ئەگەر درێژەیان بە تیرهاوێژی و بەردباران کردن بدابایە، سەربازانی میسریش لەگەڵیاندا دەکوژران.

لەبەر ئەوەی تیرهاوێژان و قۆچەقانی بە دەستانیش، پاش گەیشتنی ڕەشپێستان بۆ سەر سوپای میسر، کەوتنە بەرمەترسییەوە کەوانەکانیان بەشانیان و قۆچەقانییەکانیشیان بە دەوری کەمەریاندا بەست و شمشێریان بە دەستەوە گرت تاکو بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن.

ڕیزی سەربازانی پیادەی میسری، بەو قەڵغانانە کە پێکەوە نووسابوون، ئەوەندە مەحکەم دەهاتە بەرچاو، کە مووسا وای وێنا دەکرد کاتێك ڕەشپێستان بەر ئەو ڕیزە بکەون، وەکو کەسانێك کە خۆیان بە دیوارێکی برۆنزی دابدەن، ڕادەوەستن و سەربازانی ڕەشپێست ناتوانن ئەو ڕیزە تێك بدەن و تێکی بشکێنن. بەڵام کاتێك مووسا سەرنجی دا سەرەڕای بەرگری قارەمانانەی سەربازانی میسری، ڕیزی سەربازانی پیادە لە چەند نوختەیەکدا درزی تێکەوتووە و ڕەشپێستان خۆیان گەیاندۆتە پاشەوەی ئەو ڕیزانە.

کەسانی تریش وەکو مووسا بینییان کە ڕیزی سەربازانی پیادە درزی تێکەوتووە و تێگەیشتن کە ئەو بە شەش لە سوپای پیادە، کە هێشتا بەرگری و بەرهەڵستی دەکەن، ئەوانیش لە پەلوپۆ دەکەون.

نابووت بوونی سەربازانی پیادەی میسری بە جۆرێك بۆ هەمووان ئاشکرا بوو کە بێ ئەوەی لە لایەن فەرماندەی سوپای میسرەوە فەرمانی جووڵانی گالیسکەکان (بە ئاماژە و بەنیشانە) دەربچێ، گالیسکە جەنگییەکان دەستییان بە جووڵان کرد.

ڕەشپێستان بە جۆرێك هاواریان دەکرد کە مەحاڵ بو فەرماندەی سوپای میسر، یا ئەفسەرێکی تر، بتوانێ بە دەنگ، فەرمانێك بۆ سەربازان دەربکا و لەو کاتەدا بە ناچاری، هەر فەرمانێك دەبوایە بە ئاماژە و بە نیشانە دەربچێ.

بەڵام دەرچوونی فەرمان لە لایەن فەرماندەی سوپای میسرەوە، پێویست نەبوو، چونکە گالیسکەکان کە سەرنجیان دا سوپای پیادەی میسری بەزوویی لە بەین دەچێ، کەوتنە جووڵان.

مووسا، ویستی بەنوون، گالیسکە ئاژۆی خۆی بلێ کە ئەسپەکان لنگ بدا، بەڵام دەنگی ئەو، لە ناوەڕاستی ژاوە ژاوی مەیدانی جەنگ، بووە کاری مەحاڵ و بەگوێی نوون نە دەگەیشت. بەڵام نوون خۆی ئەسپەکانی ڕاپەڕاند و گالیسکەکە بە تاودانی چوار ئەسپی بە هێزەوە، کەوتە جووڵان.

کاتێك کە گالیسکەی مووسا کەوتە جووڵان، مووسا، ستی کفی فەرماندەی سوپای میسری بینی، کە رمێکی لە ناو دەست دایە و گالیسکەکەی بەرەو رەشپێستان دەڕوا.

مووسا بە گالیسکە ئاژۆی خۆی گوت کە جۆرێك گالیسکەکە لێبخورێ کە، فەرماندەی سوپا لێیەوە دوورنەبێ و تەواوی ماوەی شەڕ ئەو ببینێ. بەڵام دەنگی وی بە گوێی ئاژۆی خۆی نەگەیشت، چونکە ژاوەژاوی مەیدانی جەنگ بەجۆرێك توند بوو، کە نەیدەهێشت تەنانەت دوو نەفەری ناو یەك گالیسکەش دەنگیان بە گوێی یەکتری بگا.

کاتێك گالیسکە کەوتە جووڵان، مووسا دەیتوانی ناوچەیەکی بەربەرین ببینێ، بەڵام پاش ئەوە کە ماوەیەك لە جووڵانی گالیسکەکە تێپەڕ بوو ناوچەیەکی کە دەکەوتە بەرچاوی مووسا بچووکتر بۆوە و ئینجا لەوەش بچووکتر بۆوە.

لە ناکاو مووسا چاوی بە رەشپێستێك کەوت لە لای راستەوە لە ئەسپەکانی گالیسکەکە نزیك بۆوە و دەیویست نێزەکەی خۆی لە سکی ئەسپی تەنیشتی راست رۆبکا.

مووسا، رمی خۆی بەرەو ئەو پیاوە رەشپێستە هاویشت و ئەو رمە لە سنگی ئەو پیاوە چەقی و کەوتە سەر زەوی.

تاوێکی تر مووسا هەستیکرد کە لەلای چەپەوە شتێك لەو نزیك دەبێتەوە و قەڵغانەکەی کە بەدەستی چەپییەوە بوو لە بەرامبەر ئەو شتەدا راگرت و نێزەیەك لە قەڵغانەکەی ئەوی دا.

ئەگەر مووسا قەڵغانەکەی خۆی لەبەرامبەر ئەو شتەدا رانەگرتبا، بە زەربەی ئەو نێزەیە بەدەنی کون دەبوو و لەوانە بوو بکوژرێ، بەڵام چونکە بە قەڵغان پێشی بە نێزەکە گرت لە بەرکەوتنی ئەو نێزەیە پارێزراو بوو.

پاشان دووبارە رەشپێستێکی تر لەلای راستەوە وە دەرکەوت و ئەویش دەیویست ئەسپی تەنیشتی راستی گالیسکەکە بکوژێ، مووسا رمێکی تری بەرەو رووی ئەویش هاویشت و رمەکە، قەڵغانی ئەو پیاوەی کون کرد.

لە ناکاو مووسا سەرنجی دا، گالیسکەی ئەو چووەتە ناو سوپای رەشپێستانەوە، چونکە لەلای راست و چەپ و پێشەوەی گالیسکەوە، رەشپێستان دەکەوتنە بەرچاو.

نوون هەیهای لە ئەسپەکانی گالیسکەکە کرد و ئەسپەکان زیاتر بە هۆی خرۆشانی خۆیانەوە نەك بە هۆی هەیهای نوون کە لە مەیدانی جەنگدا نەدەبیسترا، خێراییان زیادی کرد و داسی گالیسکە وەك تیغی سەرتاشی، دەچووە نێو بە دەنی رەشپێستانەوە و ئەوانی دەخستە سەر زەوی و، سمی ئەسپەکان و چەرخی گالیسکەکان بە سەر ئەواندا تێدەپەڕین.



ئەگەر داسی گالیسکەکە نەبوایە، ئەو رەشپێستانەی کە لە پێشەوەڕا هێرشیان دەکردە سەر گالیسکەی مووسا، لە ساتەکانی یەکەمدا چوار ئەسپی گالیسکەکە دەکوژران و ئەویان رادەگرت. بەڵام ئەو داسە بەربەستی ئەوەبوو کە رەشپێستان بتوانن لە لای پێشەوەڕا ئەسپەکان بکوژن.

لە حاڵێکدا کە گالیسکەکە، دڕی بە ئاپۆڕای رەشپێستان دەدا و بەرەو پێش دەچوو، مووسا، رمەکانی خۆی بەرەو ئەو رەشانە دەهاویشت کە لەلای چەپ یان راستەوە لە گالیسکەکە نزیك دەبوونەوە و رەشپێستان هەژماریان ئەوەندە زۆر و زەوەندە بوو کە رمەکانی مووسا هەڵەی نەدەکرد.

مووسا لە گەرمە و جەنگەی رم هاوێژیدا، سەری سوڕما کە بۆچی رەشپێستان رم ناهاوێژن.

گەرچی ئەوان رمیان نەبوو، بەڵام دەیانتوانی نێزە درێژەکانی خۆیان وەکو رم بەرە و ئەسپەکانی گالیسکە بهاوێژن و وڵاخەکان بکوژن و ئەو گالیسکەیە لە جووڵان بخەن، بەڵام ئەم کارەیان نەدەکرد و دیار بوو کە سەرباری ئەوەی هاویشتنی رم لە لایەن گالیسکە سوارانی میسرییەوە دەبینن، ئەقڵیان بۆ ئەوە نەدەچوو کە دەتوانن وەك رم کەڵك لە نێزە وەربگرن.

سەرەڕای ئەوە کە رەشپێستان بێ ئەوەی ترسیان لە گیان لە دەسدان هەبێ، بەربەرەکانییان دەکرد، داسەتیژەکانی گالیسکە جەنگییەکانی میسر، ورەی ئەوانی هێنابووە لەرزین و، ترس و تۆقین بە جۆرێك بەسەر ئەواندا زاڵبوو کە دەیانویست را بکەن، بەڵام رێگەی هەڵاتنیان نەبوو، چونکە کەوتبوونە نێو ئابڵوقەی گالیسکە جەنگییەکانەوە.

گالیسکە جەنگییەکان بە جۆرێك جووڵان کە سوپای رەشپێستانی لە نێو خۆی گرتبوو و ئەوان لە هەر لایەکەوە کە دەیانویست هەڵبێن، رووبەرووی گالیسکەی جەنگی دەبوونەوە و بۆ ئەوەی گرفتاری داسی تیژی گالیسکەکان نەبن، خۆیان بە زەویدا دەدا (وەکو گوترا کە داسی گالیسکەکانیان لە پێشەوەی میلی گالیسکە کێشەکانەوە دامەزراند بوو و لە نێوان داس و زەویدا بە ئەندازەی سەر، لە نێوان میلە و زەوی، مەودا هەبوو) ئەوان کاتێك خۆیان بە زەویدا دەدا گیرۆدەی داسی تیژی گالیسکەکان نەدەبوون، بەڵام لە جیاتی ئەوە دەکەوتنە ژێر سمی ئەسپەکان و چەرخی گالیسکەکانەوە کە تەوقێکی برۆنزی هەبوو.

سمی ئەسپان، لەو سەردەمەدا، بۆ ئەو کەسانە کە ئەسپ بە سەریاندا دەڕۆیشت، ترسناك بوو و لەمڕۆ زیاتر مەترسی هەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا هێشتا ناڵ بۆ سمی ئەسپ نەببووە باو و کەوشیان لە سمی ئەسپەکان دەکرد، کە ئەویش کەوشێکی برۆنزی بوو بۆیە وەژێرکەوتنی سمی ئەسپان کە کەوشی برۆنزی پێوە بوو، بە سەختی مرۆڤی بریندار دەکرد. رەشپێستان پاش ئەوە دەکەوتنە ژێر

سمی ئەسپانەوە یان کە دەکەوتنە ژێر چەرخی گالیسکەکانەوە، نەیاندەتوانی راست ببنەوە و لە سەر زەوی مەیدانی جەنگدا بەجێدەمان و لێدانی زەڕبەکانی دوایی ئەوانی لە بەین دەبرد.

بەڵام وێڕای ئەوە کە رەشپێستان قەتڵ و عام دەبوون، لە نێو ئەواندا کەسانێك هەبوون کە سکی وڵاخەکانیان دەدڕی و گالیسکەکانیان را دەگرت یان لە دواوەڕا بە دوای گالیسکەدا رایان دەکرد تا هەر کەسێك کە لە وێدا بێ بیکوژن. جاری وا هەبوو رووی دەدا کە پاش لە پەلوپۆ کەوتنی ئەسپەکان، گالیسکەکەیان وەردەگێڕا و سەرنشینەکانیان دەکوشت، بەڵام ژمارەی ئەو جۆرە گالیسکانە کەم بوو و بەردەوام ئەو گالیسکانە گیرۆدەی رەشپێستان دەبوون و لە جووڵان دەکەوتن کە خێراییان کەم بوو.

هەر گالیسکەیەك کە خێرایی هەبوو، لەوانەش گالیسکەی مووسا لە چنگ رەشپێستان دەرباز دەبوو و تا ئەوان دەکەوتنە ئەوەی خۆیان لە گالیسکەکە نزیك بکەنەوە، گالیسکەکە لەوان تێپەڕدەبوو.

ئەو رۆژە، مووسا توانی لە مەیدانی جەنگدا پەی بەو ئامۆژگاریانە کە هتپ رە، فەماندەی پێشووی گالیسکە جەنگییەکان و مامۆستای وی بۆ ئەوی دادا بوو، ببات و تێبگا کە بۆچی ئەو جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە ئەسپی گالیسکەکان دەبێ بەهێز و ئاژۆی گالیسکەش دەبێ سەرکێش و لە کارزان بێ، چونکە ئەسپی لاواز و ئاژۆی ترسنۆك و نەزان، سەرنشینی گالیسکە بەرە و مردن دەبا.

ئەو رۆژە مووسا توانی پەی بە نرخی گالیسکە ئاژۆی خۆی ببا، چونکە نوون لە ناوەڕاستی ئەو جەنگە سامناکەدا، جگە لە لێخوڕینی ئەسپەکان هیچ بیرێکی نەبوو و بچووکترین شوێنەواری ترس لەودا بەدی نەکرا.

مووسا بەر لەو رۆژە، لە بارەی مرۆڤپەروەری و بەزەیی، زۆر شتی بیستبوو، بەڵام کاتێك ئەو جەنگەی بینی، سەرنجی دا ئەوەی لە بارەی مرۆڤپەروەری و بەزەیی گوتوویانە وەك ئاوی نێو بێژنگ وایە و هەردەڵێی بۆ ئەوە گوتراون کە شتێکیان گوتبێ نەك بۆ ئەوە کە کاری پێ بکەن.

کوڕەلاو سەری لە خۆی سوڕدەما و بەلایەوە سەیر بوو کە چۆن دەتوانێ رم بەرەو رەشپێستان بهاوێژێ و ئەوان لە پەلوپۆبخا، لە حاڵێکا کە دەزانێ ئەوان، وەکو ئەو مرۆڤن و بە هۆی زامی رم و شمشێر لە بەین دەچن و ئەگەر لە ناویش نەچن بەلای کەمەوە ئازار دەچێژن.



مووساش وەکو ئەوانی دیکە هاواری دەکرد و نەیدەتوانی جڵەوی هاواری خۆی بگرێ و دەوروبەری مەیدانی جەنگ بە جۆرێك ئەویان هێنابووە خرۆشان کە بێ ئاگا لە حاڵی خۆی لە جموجۆڵ دابوو.

ئەو رۆژە تێگەیشت کە جەنگ دەتوانێ چلۆنایەتی ئەخلاقی مرۆڤیش بگۆڕێ و پیاوێکی بە بەزەیی و مرۆڤپەروەر بۆ پیاوێکی بێ بەزەیی بگۆڕێ.

زەوی بە تەرمی کوژراوان و بریندارانی رەشپێست داپۆشرابوو. ئەسپی گالیسکەکان کە لە دەوروبەری مەیدانی جەنگدا بە خرۆشان هاتبوون، بە سەر مردووەکان و بریندارەکاندا تێدەپەڕین.

لە ناکاو مووسا سەرنجی دا کە ژێ و داری کەوانەکەی لە دەستی دەخلیسکێ و دیقەتی گرت کە کەوانەکەی خوێناوییە. ئەو چاوێکی لە خۆی کرد و بینی کە ئەویش خوێناوییە و ناوگۆڕایی گالیسکەکەش هەر خوێناوییە. پاشان سەرنجی دا ئەسپەکانیش هەر خوێناوین و کەفێکی سپی لە هەندێك جێگای لەشیانەوە هاتۆتە دەرێ.

ئەو سەرنجی دا برینداربووە، بەڵام هەستی بە ئازار نەدەکرد و تەنانەت هەستی بە تێپەڕبوونی کات نەدەکرد.

کاتێك کوڕەلاو چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا، بینی کە هەموو جێگایەك بە چاکی دەبینێ و تێگەیشت لەبەر ئەوەی خۆر گەیشتۆتە ناوەڕاستی ئاسمان هەموو جێگایەك بە چاکی دەبینرێت.

لە هەندێك نوختەدا دەستەگەلی چەند نەفەری رەشپێستان هەوڵیان دەدا بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵام چونکە بەرگری ئەوان تاکە کەسی و پەرت و بڵاو بوو دەرەقەت نەدەهاتن و گالیسکەی میسری کە بێ پسانەوە دەجووڵانەوە، ئەوانیان لە پەلو پۆ دەخست.

وەختی وابوو مووسا چاوی بە گالیسکەیەك دەکەوت کە یەکێك لە دوو ئەسپی (میلەکێش) ی ئەو گالیسکەیە لە پەلوپۆ دەکەوت یاخود یەکێك لە ئەسپەکانی (تەنیشت) دەکەوتە سەر زەوی.

ئەم رووداوە بەردەوام دەبووە هۆکاری راوەستانی گالیسکە و سێ ئەسپەکەی دیکە نەیان دەتوانی کە لاشەی ئەسپەکە و گالیسکەکەش رابکێشن. چارەسەر ئەوە بوو کە ئاژۆی گالیسکەکە بە زوویی هەوساری ئەسپە کوژراوەکە یان بریندارەکە لە گالیسکەکە بکاتەوە و ئەگەر ئەسپە کوژراوەکەی گالیسکەکە، لە ئەسپانی میلەکێش بێ دەبێ جڵەوی ئەو ئەسپە لە

ئەسپانی تەنیشتیش بکاتەوە تاکو لاشەی ئەسپەکە لە گالیسکەکە جیابێتەوە و سێ ئەسپەکەی دیکە بتوانن گالیسکەکە رابکێشن.

ئەگەر ئاژۆی گالیسکە بیتوانیبا بە گورج و گۆڵییەوە ئەسپی کوژراو لە گالیسکەکە جیابکاتەوە، گالیسکەکە دەکەوتە ڕێ، بەڵام ئەگەر لێکردنەوەی ئەو ئەسپە لە گالیسکەکە دوا بکەوتبایە و ڕەشپێستان لە دەوروبەری گالیسکەکە بوونایە، سەرنشینانی گالیسکەکە بە دەستی ڕەشەکان دەکوژران.

مووسا سەرنجی دا کە لە پەلوپۆ کەوتنی هەندێك لە ئەسپی گالیسکەکان، لە شەکەت بوونیانەوە هاتووە و لەبەر ئەوەی ئەسپەکان ماندوو بوون و کەفیان کردووە، ناتوانن بە خێرایەکی زۆر بجووڵێن و دەکەوتنە بەر ئامانجی ڕەشەکان و لە پەلوپۆ دەکەوتن.

گالیسکەکان بەردەوام لە جووڵاّن دابوون و ڕەشەکانیان دەکوشت و مووسا سەرنجی دا کە دەنگ و هەرای جەنگ کپ بۆتەوە. پاشان تێگەیشت هۆی کپبوونەوەی مەیدانی جەنگ ئەوەیە کە گالیسکەکەی ئەو لە مەیدانی جەنگ چۆتە دەرێ و گەیشتۆتە لێوارەکانی ئەو مەیدانە.

مووسا رووی لە گالیسکە ئاژۆکەی خۆی، نوون کرد تا پێی بڵێ کە بۆچی لە مەیدانی جەنگ چۆتە دەرێ و بینی کە نوون جڵەوی ئەسپەکانی بەرەڵاّ کردووە.

مووسا پرسی: بۆچی لە مەیدانی جەنگ چوویە دەرێ؟ لەو دەمەدا نوون خەندەیەکی ترسناکی کرد و گورزی برۆنزی خۆی کە لە نێو گالیسکەکەدا دانابوو بە دەستەوە گرت. ئەو گورزە برۆنزییە چەکی جەنگی نوون بوو. هەر کاتێك لە مەیدانی جەنگدا خۆی لە مەترسیدا بدیبایە، ئەو گورزەی بەکاردەهێنا. چونە دەرەوەی نوون لە مەیدانی جەنگ و پێکەنینی دڕندانەی ئەو لە وەڵاّمی مووسادا و پاشان دانەوینەوەی بۆ هەڵگرتنی گورزی برۆنزی، بە مووسایان سەلماند کە غولامەکەی نیازی خراپی هەیە و دەیەوێ ئەو بکوژێ.

ئەگەر لە یەکەمین ڕۆژی جووڵاّنەوەی سوپای ڕەوانەکراوی میسر بەرەو سەرزەوینی کۆش، هۆشی مووسا ئامادەی نیاز خراپی نوون نەبوایە، لەوانەیە سەرنجی لەوە نەگرتبایە کە بۆچی غولامەکەی، گالیسکەکەی لە مەیدانی جەنگ دەباتە دەرێ و بۆچی جڵەوی ئەسپەکانی بەرەڵاّ کردووە و لە وەڵاّمی ئەودا، بە تەرزێکی تۆقێنەر پێدەکەنێ و بۆچی دانەوییەوە تاکو گورزەکەی خۆی هەڵبگرێ.

بەڵام چونکە هۆشی ئەو، بۆ نیاز خراپیی غولامەکەی ئامادەبوو، هەر کە نوون دانەوییەوە تا گورزی برۆنزی هەڵبگرێ، مووسا شمشێری ئاسنینی خۆی لە کالان دەرکێشا و پێش ئەوەی



کە گورزی برۆنزی بەسەر سەری مووسادا بێتە خوارێ، شمشێری ئاسنینی مووسا، کە دەمەکەی وەك تیغی سەرتاشانی پایتەختی میسر بوو، هاتە خوارێ و سەرتاسەری نێوچاوانی ئەوی لە نێوان دوو ئەبرۆدا، دادڕی.

مووسا کە دەیزانی لە وانەیە دووبارە غولامەکەی هێرشی بۆ بێنێتەوە، ئامادەی بەرگری بوو. نوون جارێکی دیکەش دەستی خۆی، کە گورزی برۆنزی بەدەستەوە بوو، راوەشاند، بەڵام بێتوانایی بە سەریدا زاڵ بوو لە ناو گالیسکەکەدا هەنگاوێکی بۆ هەڵگرت و پاشان لە پشتەوەی گالیسکەکەوە بۆ دەرەوە  مانای بۆ سەر زەوی کەوتە خوارێ.

کاتێك نوون لەسەر گالیسکەکەوە کەوتە خوارێ، خوێن لە نێو چاوانییەوە دەڕژایە ناو چاوەکانی. مووسا پاش کەوتنە خوارەوەی نوون، جڵەوی ئەسپەکانی گرت و تەکانی دا و گالیسکەکەی وەڕێ خست.

هێشتا گالیسکەکە دوورنەکەوتبۆوە کە مووسا بینی وا ڕەشپێستێك، کە لە پەنای نوونەوە تێدەپەڕی بە هۆی ئەوە کە چاوی بە نوون کەوت، ڕاوەستا. مووسا کە لە دوورەوە لە سەربازی ڕەشپێستی دەڕوانی، لە وەزعی وییەوە تێگەیشت کە ئەو پیاوە دەیەوێ تێبگا ئایا نوون زیندووە یان مردووە، تاوەکو ئەگەر گیانی لەبەردا مابێ، بیکوژێ.

سەرەڕای ئەوەی کە نوون دەیویست مووسا بکوژێ، کاتێك دیقەتی دا کە پیاوە ڕەشپێستەکە مەرامی ئەوەیە نوون بکوژێ، دڕدۆنگ بوو.

پێش ئەوەی کە ڕەشپێستەکە خۆی بگەیەنێتە نوون، مووسا مەبەستی ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی جەنگ و خۆی بگەیەنێتە فەرماندەی گشتی سوپا، بەڵام کە بینی ڕەشپێستێك لە غولامەکەی ئەو نزیك بۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە غولامی ناوبراو ناپاك بوو، کەوتە بیری ئەوە کەڕەنگە ئەرکی ئەو بێ ڕێگا نەدا، کە غولامی ئەو بە دەستی ئەو ڕەشپێستە بکوژرێ.

ئەوەبوو ئەسپەکانی گێڕایەوە و بە خێرای خۆی گەیاندە نوون، پێش ئەوەی ئەو پیاوە ڕەشپێستە زەڕبەی خۆی بگەیەنێتە نوون، بە شمشێرە ئاسنینەکەی خۆی ئەوی لە پەلوپۆ خست. ئینجا جڵەوی ئەسپەکانی بە گالیسکەکەی خۆیەوە بەست و لە گالیسکەکەی هاتە خوارێ و خۆی گەیاندە نوون و تەماشای کرد، چاوەکانی نوون کراونەوە، بەڵام خوێن لێناگەڕێ ئەو ببینێ.

نوون، مووسای دی و ناسی و بە ئەسپایی گوتی: قانوونی میسر ئەوەیە هەر کاتێك غولامێك دەسدرێژی بکاتە سەر خاوەنەکەی، ئەوا دەبێ خاوەنەکەی دەستی ببڕێ و ئەگەر دەستی ئەو

غولامە چەکدار بێ، دەبێ سەری لە لەشی جیا بکاتەوە ئایا تۆ دەتەوێ سەرم لە لەشم جیا بکەیتەوە؟

مووسا وەلاّمیدایەوە: من مەبەستم نییە سەرت لە لەشت جیا بکەمەوە.

نوون گوتی: ئەگەر تۆ ئەم کارە نەکەی ستی کف فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو ئەم کارە دەکا.

مووسا گوتی: هیچ کەسێك تەنانەت ئەو ڕەشپێستەش چاوی لێ نەبوو کە تۆ بە گورز هێرشت هێناوەتە سەر سەری من تەنیا پاش ئەوەی کە تۆ کەوتییە سەر زەوی و گالیسکەکەی من دوورکەوتەوە، ئەم ڕەشپێستە لە تۆ نزیك بۆوە و ئەویش بەو جۆرە کە دەبینی کوژراوە. ئەگەر ئەو چاویشی لێ بوایە کە تۆ هێرشت بۆ من هێناوە، ناتوانێ بچێتە لای ستی کف و ئەم ڕووداوەی بۆ بگێڕێتەوە.

نوون نالاّندی و گوتی: ئەی شازادە، وا وێنا مەکە کە لەوە دەترسم سەرم لە لەشم جیابێتەوە.

مووسا گوتی: ئەی نوون من سەرم لە تۆ سوڕماوە کە بۆچی تۆ دەرهەق بە من کینەت لە دڵ دایە، لە حاڵێکدا کە من هەرگیز دەربارەی تۆ خراپەم نەکرد و و ئەگەر ئەو کاتەی کە من دەمویست تۆ بکڕم، تۆم تەمبێ کرد تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە تۆ هێرشت بۆ من هێنا و دەتویست کە من بکوژی و لەو کاتەشدا من نەمهێشت کە تۆ بکوژن.

نوون گوتی: ئەو کینەیەی من بەرامبەر تۆ هەمە کینەیەکە لە نێو خوێنم دایە.

مووسا پرسی: ئایا تۆ دەتەوێ بڵێی کە پاژێکە لە فیترەتی تۆ؟

غولامەکە گوتی: بەڵێ، چونکە تۆ شازادەیەکی میسری و من غولامێکم و تۆ خاوەنی منی و من کۆیلەی تۆم. پێموایە کە هەرکات هەموو ئەو خوێنە کە من لە لەشمدا هەمە بڕژێتە سەر زەوی، کینەی من لە بەین دەچێ، چونکە کینەیەکی کە لەمندا هەیە، لە ناو خوێنی مندایە.

مووسا گوتی: نوون، من لەو قسانەی تۆ کە لە نەزانییەوە هاتووە، نەفرەتم هەڵدەستێ. تۆ سەرەڕای ئەوە کە نەزانی، هۆشت هەیە، پیاوێکی خاوەن هۆش، نابێ بەبێ هۆ، کینە بەرامبەر بە کەسانی دیکە لە دڵدا هەڵبگری.

نوون پرسی: ئایا تۆ ناتەوێ من بکوژی؟

مووسا وەلاّمیدایەوە: ئایا ئەم هەموو خەڵکە، کە ئەمڕۆ لەم سەحرایەدا کوژراون بەس نییە تا پێویست بێ من تۆ بکوژم؟ ئەگەر ئەم هەموو خوێنە کە ئەمڕۆ لەم سەحرایەدا ڕژا، بڕژایە



ناو ڕووباری نیلەوە، ئاوی ئەو ڕووبارەی پەمەیی دەکرد. ئایا ئێمە لەگەڵ هیچ کام لەو کەسانە کە ئەمڕۆ لێرە کوژراون، دوژمنایەتیمان هەبوو؟

من ئەمڕۆ چی ڕمم هەبوو هاویشتومە و هەرچی تیری هەمبوو لە ڕەشپێستانم گرتووە. من نازانم هەر کام لە سەربازانی ئێمە چەند کەسیان لەوانە کوشتووە. بەلاّم دەزانم کە هیچ کام لەوانە گوناهیان نەبوو، بەڵکو ئێمە گوناهباربووین کە پاشای بە ساڵداچووی ئەوانمان ناپیاوانە کوشت و دوو کوڕەکەشیمان لە ناو برد.

ئەگەر ئەو شوێنە، کە لەوێدا پاشای ڕەشپێستانی لێ کوژرا، گیانی لەبەردا بوایە، دەیتوانی ئەو ڕووداوە لە بیرەوەری خۆیدا هەڵبگرێ، بە هۆی کوشتنی (( ئیرگەباین )) پاشای ڕەشپێستانەوە بۆ هەتا هەتایە نەفرەت و نەفرینی لە میسرییەکان دەکرد.

ئەو پیاوە بەساڵداچووە، بە دیاریگەلێکی گرانبەهاوە هاتبوو کە پۆزشی کەمتەرخەمیی ژمارەیەك لە لاوانی ڕەشپێستی شەڕانی، بێنێتەوە بەلاّم فەرماندەی سوپای ئێمە ئەوی کوشت.

ئایا ئەم هەموو دیارییانە قەرەبووی خوێنی چەند میسرییەکی نەکردەوە کە بە دەستی لاوانی شەڕانی ڕەشپێستەوە کوژراون ئایا هەر دەبێ پاشای ڕەشپێستەکان و دوو کوڕەکەی بکوژرێن تاکو خوێنی ئەو چەند نەفەرە قەرەبوو بکرێتەوە؟ بەهەر حاڵ، ئەی نوون تۆ بزانە کە من تۆ ناکوژم و سەرت لە لەشت جیا ناکەمەوە.

غولامە بە هێزەکە دەستیکرد بە گریان و وەك منداڵێکی بچووك دەگریا.

مووسا گوتی: من لەو ڕۆژەوە کە پێم ناوەتە قۆناغی ژیرییەوە، تا ئەمڕۆ خاوەنی یەك دۆست نەبووم و پاش ئەوەی کە تۆم کڕی، بە خۆمم گوت ئەم لاوە کە تا ڕادەیەك هاوتەمەنی منە، دەبێتە دۆستی من و ئەوەی لە ناو دڵی من دایە، من پێی دەڵێم و ئەوەش لە ناو دڵی ویدایە پێم دەڵێ.

من دەمویست تۆ کە غولامی منی، بکەم بە دۆستی خۆم، بەلاّم تۆ دەتویست کە من بکوژی...

غولاّمەکە لە حاڵێکدا کە دەگریا گوتی: من خۆم نازانم بۆچی دەمویست ئەو کارە بکەم و ئایا تۆ لە من دەبووری؟

مووسا گوتی: ئەی نوون ئایا تۆ ئامادەی لەگەڵ مندا ببی بە دۆست؟

نوون گوتی: من غولامی تۆم و یەك غولام نابێتە دۆستی خاوەنی خۆی.

مووسا گوتی: من حەز دەکەم کە تۆ دۆستی من بی تا من بتوانم ئەوەی لە ناو دڵم دایە پێت بڵێم و تۆش بتوانی ئەوەی لە دڵتدایە بە منی بڵێی.

نوون پرسی: ئایا ئامادەی لە من ببووری.

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵێ ئەی نوون، من لە تۆ دەبوورم.

لەو کاتەدا گریانی غولامەکە ڕاوەستا و گوتی: ئەی شازادە، دەستی خۆت بێنە پێشەوە. مووسا دەستی خۆی بەرەو غولامەکە درێژ کرد، غولامەکەش دەستی خۆی کە بریندار بوو درێژ کرد و برینەکەی خۆی بە یەکێك لە برینەکانی مووسادا هێنا و گوتی بەوپێیە خوێنی من و تۆ تێکەڵاو دەبێ و ئیتر لە نێوان من تۆدا کینە نایەتە ئاراوە.

لەوکاتەدا، مووسا سەری خۆی بەرزکردەوە و چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا.

لاشەی ئەو پیاوە ڕەشپێستە کە هاتبوو تا نوون بکوژێ، لەو دەوروبەرە دەبینراو گالیسکەکەش لە هەمان ئەو جێیە ڕاوەستا بوو کە مووسا ئەسپەکانی لێ ڕاگرتبوو.

گوتمان کاتێك کە مووسا ویستی لە گالیسکەکە بێتە خوارێ جڵەوی ئەسپەکانی بە گالیسکەکەوە بەستەوە تاوەکو نەڕۆن، بەڵام ئەگەر جڵەوی ئەسپەکانیشی نەبەستبایەوە دیسانەوە ئەسپەکان نەدەرۆیشتن، چونکە ئەوەندە شەکەت بوون کە توانای جووڵانیان نەبوو.

دوو ئەسپی میلەکێش لەبەر شەکەتی و ماندوویی سەریان بەسەر میلەی گالیسکەکەوە نابوو، دوو ئەسپی تەنیشتیش لەبەر ماندوویی سەریان دەگەیشتە سەر زەوی.

مووسا کە هەر لە بەرەبەیانییەوە پاروویەك نانی نەخواردبوو و یەك قوم ئاویشی نەخواردبۆوە، لەناکاو تووشی ڕشانەوە بوو و ئەم کودەتا دەروونییە تەنیا لە برسێتییەوە نەبوو، بەڵکو نەفرەت هاتنەوەی ئەو، کاریگەریی لەسەر ئەو کارە هەبوو.

تا ئەو کاتە، ئەو بە هۆی سەرقاڵ بوونی بە شەڕەوە، هەلی وەدەس نەکەوتبوو کە لە هەمبەر دیمەنەکانی شەڕدا، نەفرەتی هەڵبستێ و دڵی تێك هەڵبێ. لەودەمەدا بینینی ئەسپ و گالیسکەی خوێناوی، ئەوی لە بەرامبەر جەنگدا بەجۆرێك نەفرەت هەستاو دەکرد کە دوو چاری ڕشانەوە هات.

نوون گوتی: ئەی سەروەری گەورە، ئەم دڵ تێك هەڵاتنە بۆ تۆ باشە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەخۆشییەکەی تۆ لە ناو سکتدا بێتە دەرەوە.

پاش ئەوە کە مووسا ئارام بۆوە، پرسیاری لە نوون کرد: ئایا دەتوانێ بچێتە ناو گالیسکەکەوە. غولامەکە گوتی بەڵی.



مووسا گوتی: هەستە بچۆرە ناو گالیسکەکەوە تاوەکو بگەڕێینەوە و من سوار نابم و بە پیادەیی دەگەڕێمەوە.

نوون گوتی: کەوابوو منیش سوارنابم و بە پیادە دەگەڕێمەوە.

مووسا گوتی: تۆ یەکجار لاوازی ناتوانی بەرێگادا بڕۆی، سوار بەو لە ناو گالیسکەکە دانیشە یان پاڵبکەوە منیش جڵەوی ئەسپەکان دەگرم و دەگەڕێمەوە.

نوون کە بە راستی بێتاقەت بوو، نەیتوانی بەسەر پێیانەوە بکەوێتە ڕێ و خۆی کێشایە ناو گالیسکەکەوە و مووسا جڵەوی ئەسپەکانی گرت و کەوتە ڕێ.

دەمی عەسر هاتبوو و دەمی عەسران، کەسێك مەیدانی گەورەی جەنگ کە بەلاشەی کوژراوان داپۆشرا بێ و لاشەی چوار پێ یانی نەدیبێ ناتوانێ پەی بەوە ببا کە دەمەو عەسرانی جەنگ، چەندە غەم هێنەرە.

سیسارکەکەچەڵ بە ئاسماندا دەفڕین و چاوەرێ بوون کە سەرباز و ئەفسەرانی میسری مەیدانی جەنگ بەجێبێڵن تاکو ئەوان بتوانن دابوەرنە سەر لاشەکان و سگی خۆیان تێر بکەن.

جەنگ بەتەواوی کۆتایی هاتبوو. گالیسکەکان دەگەرانەوە و هەمووان بەرە و ئەو جێگایە دەچوون کە بەرەبەیان، لەوێوە دەستیان بە هێرش کردبوو. هەرگالیسکەیەك کە دەگەڕایەوە وەکو گالیسکەی مووسا بە خوێنی وشك سوور ببوو. ئەسپی گالیسکەکان بە هێواشی هەنگاویان دەنا چونکە ماندوو بوون.

بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە کە هێرشی گالیسکەکانی میسری دەستی پێکردبوو، تا ئەو کاتە، پشوویان نەدابوو، ئەسپ گیانلەبەرێکە زوو برسی و تینوو دەبێ و هەرکە برسی و تینوو بوو، گرفتاری ماندوویی دەبێ.

سەرنشینانی هیچ کام لە گالیسکەکان وێرای ئەوە کە دەیانزانی سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە خۆشحاڵییان دەرنەدەبری. کاتێك دوو گالیسکە دەگەیشتنە یەك لە لایەن ئاژۆیان و سەرنشینانی گالیسکەکانەوە هیچ شتێك نەدەگوترا و تەنانەت تاکە وشەیەکیشیان لەگەڵ یەکتردا نەدەگۆڕییەوە. چونکە کەسیان تاقەتی قسەکردنیان نەبوو. هەمووان وایان دەزانی کە سەرکەوتنی ئەو ڕۆژە لە شانازی بەدەربووە.

هەر ئەندازە کە مووسا لە ناوەڕاستی مەیدانی جەنگ نزیك تر دەبۆوە، دەیبینی ژمارەی کوژراوان زیاترە و ئەو گەیشتە جێگایەك کە لاشەی ڕەشپێستان کەڵەکە ببوو. لە هەندێك جێگادا خوێنی سەربازانی ڕەشپێست قوڕێکی وشکی پێکهێنابوو.

مووسا تێگەیشت کە لەو نوختانەدا ئەوەندە خوێن ڕژاوە کە بە هۆی گالیسکەکانەوە، زەوی بۆتە قوڕ و پاشان بە گەرمایی ڕۆژ قوڕەکە وشك ببۆوە، بەڵام جێگای چەرخی گالیسکەکان و کەوشی ئەسپەکان بە جێمابوو.

بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە، کاتێك مووسا چاوی بە سوپای ڕەشپێستان کەوت، بیری دەکردەوە کە دوو بەرامبەری سوپای ڕەوانەکراوی میسرە، مانای خاوەنی سی هەزار سەربازە. بەڵام کاتێك کۆمایی لاشەکانی بینی تێگەیشت کە ژمارەی سوپای ڕەشپێستان لە سی هەزار کەس زیاتر بووە. مووسا لە ڕووی مەزندەوە حسێبی کردبوو کە چل هەزار کوژراو لە سوپای ڕەشپێستان لە مەیدانی جەنگدا بە جێماوە.

ژمارەیەك لە سەربازانی سوپای میسری لە ناوەڕاستی لاشەکاندا، دەهاتن و دەچوون تاوەکو شتگەلێکی بە نرخ کە بە ڕەشپێستانەوە بێ، هەڵیبگرنەوە. هەندێك لە ڕەشپێستان گەردانە و هەندێکی تر دەستەبەندی زێڕیشیان پێوە بوو. ئەم شتە بە نرخانە دەبووە نسیبی سەربازانی میسری.

مووسا ئەم دیمەنەی بە چاوێکی ناڕەزامەندییەوە سەیر نەدەکرد، چونکە دەیزانی بە دەسهێنانی دەسکەوتی شەڕ، بەشێکە لە فیترەتی سەربازانی میسری و ئەوان بە ئومێدی بەدەسهێنانی دەسکەوتی جەنگی دەڕۆنە مەیدانی نەبەرد و گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە. بەڵام بینی سەربازانی میسری کە دەگەنە بریندارێك، پێش ئەوەی شتی گرانبەهای ئەو بریندارە بەردەست بخەن، بریندارە بەدبەختەکەیان دەکوشت ئینجا گەردانە یان دەستەبەند یان کەوڵی پڵنگی ئەویان هەڵدەگرت.

مووسا نەیدەتوانی جڵەوگیری لەو کارە کارەساتبارە بکا و بڵێ ڕەشپێستانی بریندار مەکوژن. بەربەستکردنی ئەو کارە بە ستی کف فەرماندەی گشتی سوپای ڕەوانەکراوەوە پەیوەست بوو و تەنیا ئەو دەیتوانی حوکم بکا کە دەس لە کوشتنی بریندارن هەڵبگرن. بەڵام مووسا دەیزانی کە ستی کف ئەم فەرمانە دەرناکا.

لە هەر نوختەیەکدا کە مووسا، چاوی بە کۆمای لاشەکانی ڕەشپێستان دەکەوت، بۆ ئەوەی چەرخی گالیسکەکان و کەوشی ئەسپەکان بەسەر لاشەی ئەواندا تێنەپەڕێ، دەورێکی دەکردەوە تاکو ڕێگایەك بۆ تێپەربون بدۆزێتەوە، بەڵام گالیسکە ئاژۆکان تێبینی ئەم کارەیان نەدەکرد و بەسەر لاشەی ئەواندا تێدەپەرین.



گالیسکە ئاژۆکان و سەرنشینانیان، چاویان لە مەیدانی جەنگدا ورد دەکردەوە تا بزانن کام کوژراو یان کام بریندار گەردانە یان دەستەبەندی زێڕ یاخود کەوڵی پڵنگی پێوەیە و هەرکە مردوویەك یان بریندارێکی دەوڵەمەندییان دەدۆزییەوە گالیسکەکەیان ڕا دەگرت و دەهاتنە خوارەوە هەرچی بیان ویستبایە هەڵیاندەگرت و پاشان سواری گالیسکەکەیان دەبوونەوە و دەڕۆیشتن. بەڵام چاویان لە زەوی هەڵ نەدەگرت تا کوژراو یان بریندارێکی دەوڵەمەندی دیکە بدۆزنەوە.

مووسا، گەیشتە جێگایەك کە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە سەربازانی پیادەی میسری، لەوێ ڕیزبەندییەکی بەشەرییان پێکهێنابوو و ڕەشپێستان، ئەو ڕیزبەندەیان شکاندبوو و لێکیان بڵاوکردبوو.

لەو جێیە مووسا چاوی بە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی کوژراوی پیادەی میسری کەوت. وێڕای ئەوە کە مووسا خۆی میسری بوو، بە بینینی ئەو کوژراوانە زۆر غەمبار نەبوو، گەرچی ژمارەی کوژراوانی میسری لە بەرامبەر ژمارەی کوژراوانی سوپای کۆش ژمارەیەکی کەم بوو، کەچی مووسا کەمێك سەبووری هات کە سەربازانی ڕەشپێستان هەر هەموویان هەر ئاوا بە هەوەنتە نەکوژراون.

پاش ماوەیەك کە مووسا لەو جێگایە تێپەری، تووشی سوکر مووسا ئەفسەری پایەبەرزی میسری بوو. سەرەڕای ئەوەی کە سەرتاپای مووسا، لە خوێنی وشکدا ئەرخەوانی ببوو، سوکر مووسا ئەوی ناسییەوە و بەرە و ڕووی هات و دەستی خستە دەستییەوە و پێی گوت:

خۆشحاڵم کە تۆ بە زیندوویی دەبینم. ستی کف فەرماندەی سوپا، چەند جار پرسیاری تۆی کرد و بەویان گوت کە تۆ سەرگەرمی شەڕکردنی. دوای ئەوە سوکر مووسا گوتی: ئێستا دەبێ بڕۆی بۆ لای ستی کف.

مووسا بە خوێن ساردییەوە گوتی: من حەزناکەم بچەمە لای فەرماندەی سوپا، چونکە تاقەتی گوتوبێژم لەگەڵ ئەودا نییە.

سوکر مووسا گوتی: ئێستا کە جەنگ کۆتایی هاتووە، دەزانم کە تۆ چ حاڵێکت بۆ دروست بووە.

هەموو ئەوانەی کە جاری یەکەم بەشداری جەنگ دەکەن، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و بینینی لاشەی کوژراوان و خوێنی وشك بوو، هەروەکو کە تۆ پەرێشانی، بێتاقەت دەبن.

بەڵام پاش بەشداری لە چەند جەنگ، حاڵەتی هەراسانی کە پاش جەنگ بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ، لە بەین دەچێ.

مووسا دیسان نەیدەویست بچێتە لای فەرماندەی گشتی سوپا، سوکر مووسا پێی گوت حەتمەن تۆ دەبێ بچی و ئەو ببینی، چونکە ئەو بە زوویی دەمرێ.

مووسا بە حەپەساوییەوە گوتی: ئایا ئەو لەشەڕدا برینداربووە؟

سوکر مووسا گوتی: نا، سەرەڕای ئەوەی ستی کف قارەمانانە شەڕی کرد، بریندار نەبوو، بەڵام لە ناکاو حاڵەتی تێك چوو و کەوتە ناو گالیسکەکەیەوە، یەکەم جار وایان وێنا کردووە کە بریندار بووە، بەڵام ئەو خۆی گوتی بریندار نەبووە، بەڵکو وەك ئەوەی کە لەناکاو دڵیان لەناو سنگیدا، هەڵ دڕیوە، وا بووە.

ئەویان لە مەیدانی جەنگدا بردە دەرێ و خێوەتێکیان بۆ هەڵدا و جێگای خەویان بۆ ئامادە کرد تاکو لەسەری پاڵ بکەوێ. ئەو چەند جار تەئکیدی کردەوە هەر کە تۆ لە مەیدانی جەنگ گەڕایتەوە بتبەینە لای. بەڵام هەر وەکو پێم گوتی ئەو بە زوویی ماڵئاوایی لە ژیان دەکا و واباشترە کە تۆ پەلە بکەی تاکو پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە ژیان بکا، تۆ بیبینی.

مووسا ڕووی کردە نوون و گوتی: لەبەر ئەوەی فەرماندەی سوپا داوای ئامادەبوونی منی کردووە، دەبێ من بڕۆم و تۆ لێرە بمێنەوە تاکو دەگەڕێمەوە یا بە دواتدا دەنێرم تا بتهێنن. ئینجا مووسا لەگەڵ سوکر مووسا بەرەو خێوەتی فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراوی میسر کەوتە ڕێ.

کاتێك گەیشتە ئەو خێوەتە بینی کە ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپا لە خێوەتەکەدان و ستی کفیان لە سەر جێگایەك پاڵ خستووە.

هەر کە مووسا چاوی بەو پیاوە کەوت کە لە سەر جێگاکە پاڵ کەوتبوو، ئەوی لەوە پیر تر هاتە بەرچاو کە هەبوو. بینی کە ڕوخساری ئەو، ڕەنگی ئەو کەسانەی لێنیشتووە کە لە حاڵەتی گیانەڵاو دان.

سەرەڕای ئەوەی کە ستی کف بێتوانا ببوو، کاتێك مووسای بینی دەستی ڕاوەشاند و گوتی: ڕۆڵە من حەزم دەکرد تۆ بەو شێوەیە ببینم کە ئێستا دەبینرێی و لێم نزیك ببەوە و دەستی خۆتم بدەیە چونکە، من، چاوەڕێی هاتنی تۆ بووم و بە خۆمم گوت تاکو ئەو نەبینم نابێ بڕۆم.



مووسا کاتێك ئاگادار بوو کە فەرماندەی گشتی سوپا، داوای ئامادەبوونی ئەوی کردووە، نەیدەویست چاوی پێ بکەوێ، چونکە مووسا، ئەوی بە بەرپرسیاری کوشتنی پاشای ڕەشپێستەکان و دوو کوڕەکەی و نزیکەی چل هەزار سەربازی ڕەشپێست دەزانی.

ئەو بیری دەکردەوە کە ئەگەر بچێتە لای ستی کف، چونکە نەفرەتی لەو پیاوە هەڵساوە، لەوانەیە نەتوانێ جڵەوی خۆی ڕابگرێ و شتێك بڵێ کە پەیوەندی ئەو لەگەڵ ستی کفدا بپچڕێنێ. بەڵام کاتێك چووە خێوەتی فەرماندەی سوپای ڕەوانەکراو و چاوی بە ڕوخساری ئەو پیرەمێردە کەوت، کە شوێنەواری مەرگ لە ڕوخساریدا وە دیارکەوتبوو، نەفرەتی خۆی لە بەرامبەر ئەودا فەرامۆشکرد و دووچاری غەمباری و بەزەیی هاتنەوە بوو. چونکە بینی دیمەنی مەرگ، کەسان، بە تایبەتی کەسانێك کە لاو بن، دەخاتە ژێر باری نیگەرانی و کینە و نەفرەتی ئەوان لە بەین دەچێ. گەرچی کەسانێك هەن کە ئەوەندەیان کینە هەیە کە بە بینینی دیمەنی مردنی دوژمنی خۆیان بەزەییان ناجووڵێ، بەڵام ئەوانە لاو نین و لە ڕوحی لاودا، بە تایبەتی لاوێکی وەکو مووسا، بەهرەی بەزەیی هەیە و جگە لەوەش ستی کف ناحەزی مووسا نەبوو تاکو کوڕەلاو بە بینینی دیمەنی مەرگی ئەو بەزەیی پێدا نەیەتەوە. مووسا تەنیا نەفرەتی لەوە دەهاتەوە کە بۆچی ئەو پیاوە دژ بە ڕێوڕەسمی لاوچاکییەوە، پاشای ڕەشپێستان و دوو کوڕەکەی ئەوی کوشت.

کاتێك مووسا چاوی بەو پیاوە کەوت، کە دەیزانی پیاوێکی قارەمانە و سەرکردەیەکی جەنگیی لێوەشاوەیە، تێگەیشت کە بە زوویی و لەوانەشە هەر ئەو ڕۆژە ماڵئاوایی لە ژیان بکا، و تێبینی ئەوەی کرد کە بەختەوەری و سەرکەوتن هەرگیز تا سەر پایەدار نییە.

ئەو دەیزانی ستی کف، بۆ ئەوەی کە خۆی بگەیەنێتە پلەی سەرکردایەتی سوپا، ماوەیەکی درێژ خزمەتی کردووەو زۆرەها سەفەری دوورودرێژی کردووە و پاشایانی ژێر کەوتووی بە گالیسکەی جەنگیی خۆیەوە بەستووە و ناچاری کردوون ئەوەندە غار بدەن تا گیانیان لە دەس دەدەن. هەندێك جار ئاشکراترین بنەمای لاوچاکیی خستۆتە ژێر پێ، بەڵام ئێستا کە لە ناو جێگای مەرگدا کەوتووە، هەموو ئەو سەرکەوتن و شانازییانە لە رووی پاراستنی گیانی ئەوەوە بە ئەندازەی یەك ئەڵقەی مس بە های نییە.

فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر، پاش ئەوەی کە دەستی مووسای گرت بەرەو لێوی خۆی بردو ماچی کرد و گوتی: رۆڵە، ئەمڕۆ، من کەتۆم وەکو کوڕی خۆم خۆش دەوێ، شانازی بە بوونی تۆوە دەکەم و ئەو هەواڵانەی کە ئەمڕۆ دەربارەی تۆ بە من

گەیشتووە ئاشکرای کرد کە تۆ یەکێك بووی لە بەرجەستەترین ئەفسەرانی قارەمانی سوپای ئێمە و بەشێك لە سەرکەوتنی ئەمڕۆی ئێمە، لە ئازایەتی تۆوە بووە.

مووسا بێدەنگ بوو و سەری بۆ خوارەوە داگرت. ستی کف گوتی: لەو ڕۆژەوە کە ئێرگەباین پاشای ڕەشپێستان، بە سزای کاری خۆی گەیشت، تۆ ئیدی نەهاتوویە لای من، ئایا لە جێبەجێکردنی دادپەروەری بەسەر ئەودا، ناڕازی بووی؟

مووسا بە هێواشییەوە گوتی: کارێك کە تۆ ئەو ڕۆژە لەگەڵ پاشای ڕەشپێستاندا کردت، جێبەجێکردنی دادپەروەری نەبوو. مووسا بەو هۆیەوە بە هێواشی قسەی کرد نەیدەویست قسەکەی بە گوێی ئەو ئەفسەرانە کە لە ناو خێوەتەکە بوون، بەڵام لە جێگاکەی ستی کفەوە دووربوون، بگات.

فەرماندەی سوپا تێگەیشت کە بۆچی مووسا بە هێواشی قسە دەکا، ڕووی کردە ئەو ئەفسەرانە کە لەوێ بوون و گوتی: ئێوە لەو خێوەتە بڕۆنە دەرێ و چەند ساتێك من لەگەڵ کوڕەکەم بە تەنیا بەجێبهێڵن و پاشان کە داوام کردن وەرنەوە.

ئەفسەرانی میسری لە خێوەتەکە چوونە دەر و ئینجا ستی کف لە مووسای پرسی: ڕۆڵە، بۆچی دەڵێی کارێك کە من دەرهەق بە ئێرگەباین کردم جێبەجێکردنی دادپەروەری نەبوو؟

مووسا کە بینی جگە لە خۆی و ستی کف، کەسی دیکە لە خێوەتەکەدا نەماوە و دەتوانێ بە ئازادی قسە بکا و سەرکۆنەکردنی ئەویان بۆ فەرماندەی گشتی سوپا گوێ لێ نابێ گوتی: ئێرگەباین پاشای ڕەشپێستان بە دەست و دیارییەکی گرانبەهاوە هاتبوو تاکو داوای لێبووردن بکا. دیارییەکانی ئەو ئەوەندە بەنرخ بوون، کە زۆر لە بەهای خوێنی چەند میسرییەك زیاتر بوو کە بەدەستی ڕەشپێستان کوژرابوون. تۆ دەرهەقی ئەو پیاوە توندوتیژیت نواند و دیارییەکانیت قبووڵ نەکرد و دوو کوڕەکەیت کوشت. کوشتنی پیاوێك کە بە دیاریگەلێکی گرانبەهاوە، هاتووە داوای لێبووردن بکا، جێبەجێکردنی دادپەروەری نییە.

ستی کف، کە نەیدەتوانی بە دەنگی بەرز قسە بکا گوتی: من نەمدەتوانی دیارییەکانی ئەو قبووڵ بکەم و لە بەرامبەر ئەوەدا لە ئێرگەباین ببوورم، چونکە من دەسەڵاتی لێبووردنم نییە و ئەو دەسەڵاتە هی پاشایە.



لەوەش بەو لاوە، پاشا فەرمانی بە من کرد بوو کە وڵاتی کۆشی بۆ داگیر بکەم، تاکو کۆش بە وڵاتی میسرەوە بلکێت. من نەمدەتوانی ئەم دیارییانە لە ئێرگەباین وەربگرم و سوپای میسر لە کۆش بگێڕمەوە. ئەگەر ئەم کارەم بکردبایە پاشا منی دەکوشت. کوڕەکەم ئەگەر تۆش لە جێگای من بوایەی هەمان کارت دەکرد.

مووسا گوتی: ئایا نەتدەتوانی بێ کوشتنی ئێرگەباین و دوو کوڕەکەی، وڵاتی کۆش بۆ فیرعەون داگیر بکەی؟

ستی کف گوتی: مەحاڵ بوو بێ کوشتنی پاشای ڕەشپێستان و دوو کوڕەکەی، من بتوانم ئەم وڵاتە بۆ پاشای میسر داگیر بکەم. ئەوان بەرهەڵستییان دەکرد و دەردەسەرییان بۆ سوپای میسر پێکدەهێنا.

مووسا گوتی: تۆ سەرباری ئەوەش کە پاشای ڕەشپێستان و دوو کوڕەکەشیت کوشت، دیسانەوە وەك بینیمان، ڕەشەکان سوپایەکیان کۆکردەوە و ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەدا شەڕیان کرد و کوشتنی ئێرگەباین و دوو کوڕەکەی ڕێگای لە جەنگی ئەمڕۆ نەگرت.

ستی کف گوتی: ئەمە ئاخرین بەرهەڵستی ڕەشپێستان بوو. من یەقینم کە ئەوانە پاش ئەمە، بەرهەڵستی ناکەن.

ئەگەر پاشای ڕەشپێستان و دوو کوڕەکەی بە زیندوویی بمابانەوە، ڕەشپێستان تا ماوەیەکی درێژ بەرگرییان دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە مردوون ئیتر لە لایەن ڕەشپێستانەوە بەرهەڵستییەکی توند ڕوونادا. پاش ئەوە فەرماندەی سوپا بابەتی ئاخاوتنەکەی گۆڕی و گوتی: ڕۆڵە، لە پەنای من دوورمەکەوە و هەر لێرەبە تا ئەو کاتەی کە دەمرم و مەرگی من نزیکە.

مووسا گوتی: من لە پەنای تۆ دوورناکەومەوە.

ستی کف گوتی: سەرەڕای ئەوەی لە یەکەمین ڕۆژەوە کە تۆ بە سوپای ئێمەوە پەیوەست بووی، من دەمزانی کە نابێ تۆ کوڕی پاشا بی، دیسان خۆشەویستی تۆ لە ناو دڵی من دا جێگای گرت، ئایا دەکرێ پێم بڵێی ناوی تەواوی تۆ چییە؟

مووسا گوتی: ناوی تەواوی من، ئاتوون مووسایە و ئەمە ناوێکە کە دایکم دەیویست بۆ منی هەڵبژێرێ.

ستی کف گوتی: ناوی تۆ وەك ناوی دۆستەکەی من، پزیشکی گۆشەنشین وایە کە پێش ئەوەی بێینە ناو وڵاتی کۆش، شەوێك میوانی بووین. ئایا تۆ رۆڵە، بەراستی باوەڕت بە ئاتوون هەیە و ئەو بە خوای گەورەی خۆت دەزانی؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی ستی کف من باوەڕم بە خوای نەبینراو هەیە.

فەرماندەی سوپا گوتی: ئێمەی سەربازانی میسری، بە هۆی ئەوەی کە بەردەوام لە حاڵی شەڕوشۆڕ داین و کەمتر دەڕۆینە پەرستگا، لە بارەی مەسەلە مەزهەبییەکانەوە، ئاگاداریمان کەمە بەڵام من بیستوومە کە ئاتوون خوایەکە کە شێوە و بەدەنی نییە.

مووسا گوتی: ئاوایە ئەو نە شێوەی هەیە و نە بەدەن.

ستی کف پرسی: چۆن دەتوانرێ خوایەك بپەرسترێ کە نەشێوەی هەیە و نە بەدەنی هەیە؟

مووسا گوتی: ئەم بابەتە، باسێکە لق و پۆپی زۆرە و من ئەگەر بمەوێ لەم ساتەدا بۆت راڤە بکەم کە بەچ بەڵگەگەلێك دەکرێ خوایەکی ئاوا بوونی هەبێ، تۆ ماندوو دەبی و من نامەوێ لەم ساتەدا کە تۆ نەخۆشی، ماندووت بکەم.

ستی کف گوتی: من لەسەر لێواری مەرگم و بە زوویی بەرەو دنیای رۆژئاوا کۆچ دەکەم، وێرای ئەوەش کە لە هەموو تەمەنمدا دەربارەی خوایانی میسری بێباك بووم، لەم ساتە وەختەدا کە دەمرم، بە دوورکەوتنەوەی خوایانی میسر، من غەمبار دەبم.

ستی کف زیاتر درێژەی دایە و گوتی: من رۆژێك کە لە میسرەوە کەوتینەڕێ دەمزانی کە تۆ لە وەچەی فیرعەون نی و ئایا دەکرێ پێم بڵێ باوکی تۆ کێیە؟

مووسا گوتی: ئەمەشیان داستانێکی دورو درێژە و وەزعی تۆ پێویستی بەوە نییە کە من دەس بە باسی ئەو داستانە بکەم.

ستی کف قسەی کوڕەلاوەکەی سەلماند و گوتی: من لە هەموو ژیانمدا سەربازبووم، سەرباز بۆ هەر جەنگێك بڕوا وابیر دەکاتەوە کە دەکوژرێ. کوژران لە مەیدانی جەنگ، لە بیروڕای مندا، رووداوێکی ئاسایی بووە و ئاساییە. بەڵام پێشبینی ئەوەم نەکرد کە لە مەیدانی جەنگدا بە مردنێك کە لە ئاکامی نەخۆشییەوە دەبێ بمرم. ئەم مەسەلەیە کە مەرگی من نزیکە، من بێتاقەت دەکا.



پاشان فەرماندەی سوپا گوتی: ئەی مووسا، دەنگی من لاوازە و من ناتوانم ئەو ئەفسەرانە کە چوونەتە دەرەوە بانگ بکەمەوە تاکو بگەڕێنەوە، تۆ ئەوان بانگ بکە با بێنەوە ژوورەوە.

مووسا، ئەو ئەفسەرانەی کە چووبوونە دەرەوە بانگ کردەوە و ئەوان هاتنە ژوورەوە و لە پەنا جێگاکەی ستی کف راوەستان. فەرماندەی سوپای میسر لە حاڵێکدا کە دەستی لە نێو دەستی مووسا دانا بو گوتی: ئەمڕۆ، ئێوە هەمووتان بینیتان ئەم کوڕەلاوە کە کوڕی پاشایە بە جۆرێك ئازایەتی پیشان داوە کە مایەی سەرسامی و ئافەرینی هەموو سەربازان و ئەفسەرانی کارکردە بوو. ئەو ئەمڕۆ پیشانیدا کە لێهاتوویی فەرماندەیی تێدایە و دەتوانێ بەشی گالیسکە جەنگییەکان بەڕێوەببات.

هەر بەو بۆنەیەوە من پێتان رادەگەیەنم کە ئەم لاوە شایستەیە ببێتە فەرماندەی گشتی سوپای رەوانەکراوی میسر لە سەرزەوینی کۆش. تەنیا ئەوەندە هەیە کە لەوانەیە لە رووی تاقیکردنەوەوە نەگاتە ئەفسەرە کۆنەکان، هەر چەندە لە رۆژی بەڕێ کەوتنمان لە میسرەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، دەرفەتی هەبووە تاقیکردنەوەی زۆر بە دەسبهێنێ.

لەو ساتەدا فەرماندەی سوپای رەوانەکراو لە بارەی خۆیەوە کەوتە قسەکردن و بەم شێوەیە رایگەیاند:

من لەوەی کەلێرە، دوور لە خوایانی میسر دەمرم، نیگەرانم. من دەزانم کە لێرە کەسێك نییە کە بتوانێ تەرمی من مۆمیا بکا تاکو تەرمەکەم نەڕزێ و لە بەین نەچێ. ئەگەر ئێوە بتانەوێ لاشەکەم بۆ مۆمیاکردن بۆ میسر بنێرنەوە تاکو لاشەکەم دەگاتەوە میسر، دەڕزێ و لە بەین دەچێ و مۆمیا کاران هەرگیز لاشەیەك مۆمیا ناکەن کە لەبەین چووە، چونکە دەزانن کە بێ ئەنجام دەبێ.

من پێشنیار دەکەم لاشەکەم بخەنە ناو سندوقێکی مەحکەمەوە و ئەویش بخەنە ناوسندوقێکی دیکەوە و سەرقاپی سندوقی دووەم بە وردەکارییەوە داخەن تاکو هەواو شێ نەچێتە ناو سندوقی یەکەمەوە و لاشەکەم بەزووی لە بەین نەچێ. پاشان لاشەکەم رەوانەی میسر بکەن و لەوێ لەو گۆڕەدا کە هەمە بنێژن. گەرچی لاشەکەم مۆمیا ناکرێ، بەڵام لانی کەم لە ناو گۆڕەکەی خۆمدا، دەنێژرێم.

دەستی فەرماندەی گشتی سوپا کە لە نێو دەستی مووسادا بوو شل بوو و پاشان، نیشانەکانی گیان سپاردن لە روخسارو چەناگەیدا ئاشکرا بوو ئینجا گیانی سپارد.

مووسا، له پەنا تەرمی ستی کف دوورکەوتەوە و خۆی گەیاندە نیل و بینی کە نوونی گالیسکە ئاژۆی خۆی، سەرقاڵی شوشتنی ئەسپەکانی گالیسکەکەیە و ئەسپەکان ئاو دەخۆنەوە. مووسا گوتی: فەرماندەی سوپا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

نوون گوتی: ئەو سەرکردەیەکی شایستە بوو.

مووسا گوتی: بەڵام من هەندێك لە کارەکانی ئەوم پەسند نەدەکرد.

نوون گوتی: من وا بیردەکەمەوە کە ئەگەر تۆ رۆژێك ببیتە فەرمانـدەی سوپا هەمان ئەو کارانە دەکەی کە پێشتر پەسندت نەدەکرد.

مووسا بە بیستنی ئەم وەڵامە سەری سوڕما، چونکە چاوەڕێ نەبوو ئەم قسەیە لە دەمی ئەو غولامە ببیستێ. ئەوەی غولامەکە گوتی بابەتێك بوو کە کەسانی وەکو ئەو، نەیان دەتوانی پەی پێ بەرن. قسەکەی ئەو غولامە ئەو مانایەی دەدا کە مرۆڤ تا ئەو کاتە کە خاوەنی پلەیەکی گەورە نییە، لەکار و کردەوەی کەسانێك، کە پلەی گەورەیان هەیە، سەری سوڕدەمێنێ. ئەو کارانە یان بە دوور لەئەقڵ وێنا دەکا یاخود لە روانینی ئەودا زۆردارانە دێنە بەرچاو، بەڵام کاتێك کەخۆی بەپلەیەکی گەورە دەگا، سەرنج دەدا کە ناچارە هەمان ئەو کارانە بکا کە خۆی پەسندیان ناکا ئەو کاتە، ئەو کار و کردەوانە لەڕوانینی ئەودا بەئەقڵانی و پێویست خۆیان دەنوێنن.

پاشی ئەم بیرە، مووسا چووە ناو ڕووباری نیلەوە تاکو لەشی خۆی بشوا.



**-١٥-**

# لە ڕێگا

فیرعەون گوتبووی دەبێ مووسا ماوەی سێ ساڵ لە میسر دوور بکەوێتەوە. بەڵام ئەو، ماوەی چوار ساڵ لە میسر دوورکەوتەوە و پاشی تێپەڕبوونی چوار ساڵ، ئەو، بۆ پایتەختی میسر کە لە ناوچەی دەلتادا "مانای ناوچەیەك کە لەوێ ڕووباری نیل دەڕژێتە ناو دەریاوە " هەڵکەوتووە، گەڕایەوە.

رۆژێك کە مووسا لە میسر وەدەرکەوت، یەك تاڵ مووی سپی لە قژی ئەو دانەبوو. ئەو رۆژەی کە پاش چوار ساڵ بۆ پایتەخت گەڕایەوە کۆمەڵە تاڵێکی سپی لە ناو قژە رەشەکەیدا دەبینران. بەڵام ئەو مووە سپییانە بە بەرئەنجامی پیری نەدەژمێردرا، چونکە کوڕێکی لاو لە زەرفی چوار ساڵدا پیرنابێ، بەڵکو تاقیکردنەوەکانی ژیان ببوونە هۆکاری ئەوەی کە تاڵە مووی سپی لە قژیدا وەدەربکەون.

لەبەر ئەوەی ساڵانی تەمەنی مووسا لە بیست ساڵ تێپەڕی بوو، باڵای بەرزتر و ناوشانی پانتربوو. ئەو بە تەواوی پێگەیشتوویی بەدەنی گەیشتبوو.

لە بارەی سەردەمی مانەوەی چوار ساڵەی مووسا لە سەرزەوینی کۆش، ئەفسانەی زۆر هاتبوونە ئارا. یەکێکیان ئەوەیە کە مووسا ماوەی چل ساڵی لەو سەرزەوینە بەسەر برد. لە حاڵێکدا کە دەقێکی راشکاوی مێژوو پیشانی دەدا کە مانەوەی مووسا لە سەرزەوینی کۆش لە چوار ساڵ تێپەڕی نەکردووە.

ئەفسانەیەکی دیکە ئەوەیە کە مووسا لە سەرزەوینی کۆش، لە شارێکدا دەژیا کە بەرزی دیوارەکانی دەگەیشتە هەور. بەڵام شارێکی ئاوا لە سەرزەوینی کۆش بوونی نەبووە. گەورەترین شاری ئەوێ بە ئێرگەباین ((بە ناوی پاشای کۆش)) دەناسرا، کە بەرزی دیوارە گڵێنەکانی لە شەش گەز تێپەڕی نەدەکرد. سوپای میسر لە ماوەی کەمتر لە چارەگە رۆژێکدا، ئەم شارەی خستە ژێر چنگی خۆیەوە. چونکە باشترین و هەڵکەوتووترین

جەنگاوەرانی سەر زەوینی کۆش کوژرا بوون و ئەوانەی کە بەرگرییان لەو شارە دەکرد ژمارەیەك لە لاوان و پیرەمێردان بوون کە بەزوویی لە پەلوپۆ کەوتن.

پاش مردنی ستی کف، مووسا، دەیتوانی فەرماندەیی سوپا بە ئەستۆ بگرێ و راسپاردەکانی ستی کف لە سەرەمەرگدا، وەك دامەزراندنی مووسا بە فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر، وابوو. بەڵام ئەو دەیزانی کە سوکر مووسا، کە پاش ستی کف، بە بەرجەستەترین ئەفسەری سوپای رەوانەکراوی میسر دەژمێردرا، خۆی بە شایستەی فەرماندەیی دەزانێ. هەرکات ئەو، فەرماندەیی سوپا بە ئەستۆوە بگرێ، دەبێتە بایسی دڵڕەنجانی سوکر مووسا و نالێکیی سەر هەڵ دەدا و ئەو نالێکییە لەوانەیە سوپای میسر پارچە پارچە بکا و لە ئاکامی پارچە پارچەیی و دووبەرەکایەتیدا ئەو سوپایە لە بەین دەچێ. ئەوە بوو مووسا، بە قازانجی سوکر مووسا، دەستی لە فەرماندەیی سوپای رەوانەکراو هەڵگرت. بەتایبەتیش ئەو کە پایە پەرست نەبوو و ئارەزووی فەرماندەیی سوپای رەوانەکراوی نەبوو.

سوپای میسر کاتێك بە فەرماندەیی سوکر مووسا پایتەختی وڵاتی کۆشی بەردەست کرد، خوایانی کۆشی لە ناوبرد، مانای کۆتەڵەکانی ئەوانی تێکشکان یان لە ناو رووباری نیلدا نقوومی کردن.

سەربازانی میسری ئەسپەکانی خۆیان لە ناو پەرستگاکانی کۆشدا بەستەوە و ژنانی کۆش کاتێك دەیانبینی کە پەرستگاکانی کۆش بوونەتە مۆڵگەی حەسانەوەی ئەسپانی میسر، دەگریان.

نوون، گالیسکە ئاژۆی مووسا، شەوێك لە خەونیدا بینی کە ئێرگەباین پاشای بە ساڵدا چووی رەشپێستانی کۆش، کە فەرماندەی سوپای میسر، ئەو و دوو کوڕەکەی وی کوشت، روو بە ژنانی کۆش دەیگوت: ئەی ژنانی کۆش، بگرین، چونکە هەموو پیاوەکانی ئێوە کوژران و لاشەکانی ئەوان لە بیابانەکاندا بوونە خۆراکی سیسارکەچەڵ و کەمتیاران. ئەی ژنانی کۆش، بگرین، چونکە ئێوە ئیتر خواتان نییە و هەموو خوایانی ئێوە لە ناوچوون و پەرستگاکانی ئێوە بوونە تەویلەی ئەسپەکانی سوپای میسر. ئەی ژنانی کۆش بگرین چونکە فیرعەونی میسر بە هۆی سوپای خۆیەوە هەموو سامانی ئێوەی زەوتکرد و ئەمڕۆ خەڵکی کۆش بوونە سواڵکەر و بۆ بڕێك خواردن دەبێ دەرۆزە بکەن.



نوون ئەم خەونەی بۆ مووسا گێڕایەوە، مووسا لە دڵی خۆیدا گوتی: لەبەر ئەوەی خوایانی کۆش ئەوەندە بێ توانا بوون کە سوکر مووسا فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر توانی ئەوان لە نێو بەرێ، ئەولا باشتر کە لە ناوچوون.

نوون پاش ئەوە کە خەونی خۆی بۆ مووسا گێڕایەوە، چاوەڕێ بوو کە ئەو شتێك بڵێ و لە بەر ئەوەی مووسا هیچی نەگوت لەوی پرسی: بۆچی قسە ناکەی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من بیر دەکەمەوە خوایانێك کە ئەوەندە بێ دەسەڵات بن کە مرۆڤێك بتوانێ ئەوان لە بەین ببا، ئەولا باشتر کە لە ناو چوون.

نوون پرسی: مەگەر نابێ مرۆڤ خوایان لە ناو بەرێ؟

مووسا گوتی: خوایەك، کە مرۆڤ بتوانێ لە ناوی بەرێ خوا نییە.

غولامی لاو کە شتێکی تازەی دەبیست گوتی: بەو پێیە بێ، هیچ کام لە خوایانی کۆش کە بە دەستی سوپای میسر لە ناو چوون، خوا نەبوون.

مووسا گوتی: نەخێر ئەی نوون، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خوا ئەوەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو لە بەین ببا.

نوون گوتی: تۆ چۆن پەیت بەم مەسەلەیە بردووە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من خوێندنەوە و نووسین فێربووم و توانیم کتێبە کۆنەکان بخوێنمەوە. لەوەش بترازێ پیاوانێك کە ئەقڵێکی بە هێزیان هەبوو، دۆستی من بوون و شتگەلێکیان فێری من کرد کە نەم دەزانی. پاشان خۆشم کەوتمە بیرکردنەوە و شتان فێربووم.

نوون بە سەرسامییەوە لە گەورەی خۆی دەڕوانی و لە قسەکانی ئەو سەرسامی دەنواند و پاشان گوتی: بەو پێیە بێ تۆشتانێك دەزانی کە من نایانزانم. مووسا گوتی: بەڵێ ئەی نوون ئایا تۆ لەوە دڵت ڕەنجا؟

نوون گوتی: نا، تۆ خاوەنی منی و من غولامی تۆم، غولامێك لەوە ناڕەنجێ کە بۆچی خاوەنەکەی لەو زیاتر دەزانێ.

مووسا گوتی: تۆش شتێك دەزانی کە من نایزانم یاخود بەئەندازەی تۆ نایزانم ئەویش لێخوڕینی گالیسکەیە و من ناتوانم وەك تۆ گالیسکە لێبخوڕم.

نوون گوتی: تۆ خۆت نەتویستووە کە وەکو من گالیسکە لێبخوڕی ئەگەر حەزت لە لێخوڕینی گالیسکە بوایە لە من باشتر گالیسکەت لێدەخوڕی.

کاتێك سوپای میسر پایتەختی کۆشی بەردەست کرد، بە فەرمانی فەرماندەی سوپا، هەموو ژنانی رەشپێستیان کۆکردەوە. سوکر مووسا ئەوانی دا بە ئەفسەران و سەربازانی میسر تاکو وەك خزمەتکار سوود لە وان وەربگرن و ئەگەر حەزیان کرد ئەوان بە ناونیشانی کەنیز بفرۆشن. ئەو هەزار کەسی هەڵبژارد کە وەك کەنیز، وێرای باقی دەسکەوتەکانی دیکە کە لەسەر زەوینی کۆش بە دەست هاتبوون، بۆ فیرعەون رەوانەی میسر بکا.

فەرماندەی سوپای میسر، ((ئیرگا)) کچی پاشای کۆشی بۆ ماڵی مووسا، کە وەکو کوڕی فیرعەون دەیانناسی، نارد.

ژنی ئێرگەباین پاشای کۆش، ساڵانێك، پێشتر مردبوو. پاش کوژرانی ئێرگەباین و دوو کوڕەکەی، ئیرگا، بەتەنیا پاشماوەی ئەم خێزانە دەژمێردرا.

مووسا نەیدەویست ئەو کچە لە ماڵەکەی ئەودا خزمەت بکا، بەڵام سوکر مووسا قەناعەتی پێکرد کە ئەگەر ئیرگا لە ماڵی خۆیدا قبووڵ نەکا، ئەو کچە بە زوویی وەك کەنیز لە بازاڕدا دەفرۆشرێ. بەو هۆیەوە مووسا رێگەی دا کە ئیرگا لە ماڵەکەی ئەودا بمێنێتەوە. زۆری نەبرد ئیرگا دەسەڵاتی بەسەر کاروباردا گرت و بەڕێوەبردنی ماڵەوەی بە ئەستۆ گرت. لەوەو پاش ئەو هەوڵی دەدا کە بەکارەکانی خۆی سەرنجی کوڕەلاو رابکێشێ. بەڵام مووسا نە تەنیا ئارەزوویەکی بەلای ئەوەوە نەبوو، بەڵکو قسەشی لەگەڵدا نەدەکرد، چونکە ئاخاوتن بەزمانی رەشپێستانی کۆش دژوار بوو.

زمانی رەشپێستانی کۆش، لە پیتە دەنگدارەکانی وەك: ( ئـ. ا، و، هیتر ) پێکدەهات. لە حاڵێکدا زمانی خەڵکی میسر زیاتر لە پیتە بێدەنگەکانی وەك: (ش، ل، ك، هیتر ) پێکدەهات.

زمانی رەشپێستانی کۆش لەسەر گوێی مووسا و باقی ئەفسەر و سەربازانی سوپای رەوانەکراو، بێجگە لە نوون، نامۆ بوو. ئەوان نەیاندەتوانی ئەو زمانە فێر بن و مووسا بە بۆنەی ئەوەی کە خوێندەواریی هەبوو و وشەکانی رەشپێستانی دەنووسی تاکو لە بیری نەچێتەوە، توانی وشە پێویستەکانی ئەو زمانە فێر ببێ، بەڵام حەزی نەدەکرد لەگەڵ ئیرگادا قسە بکا.

کاتێك ئیرگا سەرنجی دا مووسا روویەکی بەلای ئەودا نییە، تەنانەت وادەهاتە بەرچاو کە نەفرەتی بەرامبەر بەو هەیە، بڕیاری دا تۆڵەی باوکی و دوو براکەی و خۆی لە مووسا بکاتەوە.



مووسا لە کوشتنی باوك و براکانی ئیرگا، گوناهی نەبوو. ئەگەر ئەو فەرماندەی سوپای میسر بوایە، نەدەهاتە سەرباری کوشتنی ئەوان و شەڕکردن لەگەڵ قەومی کۆش، بەڵکو دیارییەکانی پاشای رەشپێستانی بۆ پاشای میسر دەنارد و سوپای رەوانەکراوی دەگەڕاندەوە. بەڵام ئیرگا، لە کاتی کوشتنی باوکی و دوو براکەی لەوێ ئامادە نەبوو، نەیدەتوانی لەوە بگا کە مووسا لە کوشتنی ئەواندا بێ گوناهە. چونکە دەشیزانی کە ئەو کوڕی فیرعەونی پاشای میسرە، ئەوی بە بەرپرسیاری کوشتنی باوکی و دوو براکەی دەزانی.

شەوێك، مووسا پاش ئەنجامدانی کاروباری ئاسایی رۆژانە و خواردنی نانی ئێوارە، خەوی لێکەوت، و کاریگەری خواردن و پێداویستی لاوێتی بوونە هۆی ئەوە کە زوو خەوی لێبکەوێ. وەختێك هەستیکرد شتێك بەربەدەنی ئەو دەکەوێ، لەگەڵ بەرکەوتنی ئەو شتە، ئەو تێگەیشت ئەو شتەی کە هەستی پێ دەکا ئەوە بەدەنی ئینسانێکە و بە خێرایی تەکانێکی دا تا لە جێی خۆی دەرپەڕێ و هەمان ئەو جووڵانەوەیە، ئەوی لە مردن رزگارکرد و نەشتەرەکەی ئیرگا چووە ناو شانییەوە.

ئەگەر مووسا بە چالاکییەوە بۆ هەستان لە جێی خۆی تەکانی نەدابایە، نەشتەری ئیرگا دەچووە ناو دڵیەوە و ئەوی دەکوشت، بەڵام لەبەر ئەوەی تەکانی دا تا لە جێی خۆی دەربپەڕێ، نەشتەری کچە رەشپێست چووە ناو شانییەوە.

کاردانەوەی مرۆڤ لە کات و ساتی جیا جیادا لە هەمبەر رووداوەکاندا، لە یەکتری جیاوازن و پیاوێکی جەنگاوەر کە لە مەیدانی نەبەرددا بریندار دەبێ، ناڵە ناڵ ناکا، بەڵام لە وانەیە کاتێك کە لە ماڵەکەی خۆیدا پاڵ کەوتووە، لە بەرامبەر چزووی زەرگەتەیەکدا هاوار بکا.

مووساش لە بەر زەربەی چاوەڕوان نەکراوی ئەو نەشتەرەدا هاواری کرد. نوون لە جێی خۆی دەرپەڕی و بەرەو ئەو شوێنە کە مووسا لەوێ خەوتبوو، غاری دا. کاتێك گەیشتە ئەوێ بینی مووسا لەگەڵ کچە رەشپێستەکە سەرقاڵی کێشمەکێشمە تا چەك داماڵی بکا.

ئیرگا پاش ئەوەی کە دیقەتی دا هەڵەی کردووە و زەربەی نەشتەرەکەی لە جیاتی ئەوەی بە سەر سنگی مووسادا رۆبچێتە خوارەوە و بیکوژێ، لە ناو شانی داوە. ئینجا هاتە سەر هەوڵی ئەوە کە زەربەیەکی دیکە لە مووسا بدا. مووساش هەوڵی دەدا ئەو چەك داماڵ بکا، بەڵام کچە رەشپێستی باڵا بەرز، ئەوەندە بە هێز بوو کە مووسا نەیدەتوانی ئەو لە چەك دابماڵێ، نوون لەپاشەوەڕا بە جۆرێك ئیرگای گرت کە هەر دوو قۆڵی لە جووڵە بکەوێ و مووسا بتوانێ نەشتەر لە دەستی ئەو ژنە بهێنێتە دەرێ.

کاتێك کچە ڕەشپێست لە چەك داماڵرا، هەوڵی دەدا بە پێلەقە و ددان خۆی ڕزگار بکا، بەڵام نوون ئەوی بەزەوی دادا و داوای لە مووسا کرد گوریسێك بهێنێ تاکو دەستەکانی ئیرگا ببەستێتەوە.

پاش ئەوەی دەستی کچە ڕەشپێست بەسترانەوە، نوون چرای هەڵکرد تاکو برینی سەرشانی مووسا بپێچێ و دەرکەوت بە هۆی تەکانی خێرای مووساوە، نەشتەرەکە ئێسقانی شانی نەشکاند بوو، بەڵکو تەنیا گۆشتەکەی بریندارکرد بوو.

نوون برینی سەرشانی مووسای پێچا و پاشان گوتی: ئەی سەروەری گەورە، ئایا لە بیرتە ڕۆژێك پێم گوتی دێو لە نێو گیانی ئەو ژنەدایە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵێ لە بیرم ماوە.

نوون گوتی: ئەم ژنە دەیویست ئەمشەو تۆ بکوژێ لەبەر ئەوە فەرمان بدە تاکو من سەری لە لەشی جیا بکەمەوە.

مووسا گوتی: من بۆ دیاریکردنی سزای ئەم ژنە دەبێ بیربکەمەوە.

نوون گوتی: بیرکردنەوەی تۆ لە بارەی ئەم ژنەوە بێهوودەیە و ئەم ژنە دەیویست تۆ بکوژێ. ئەو یەك زەربە نەشتەریشی لێداوی و شانتی بریندار کردووە، ئەگەر ئەومان لە پەلوپۆ نەخستبایە ئەوا تۆی دەکوشت. جا بهێڵە با من سەری لە لەشی جیا بکەمەوە.

مووسا گوتی: ئەی نوون، تۆ خۆت لە جێگەی ئەو دابنێ و تەماشا بکە بە چ چاوێکەوە سەیری من دەکەی.

نوون گوتی: ئەگەر من لە جیاتی ئەو بم دیسان تۆ بە شازادەیەکی میسری و کوڕی پاشا دەبینم.

مووسا گوتی: وا نییە. تۆ ئەگەر خۆت لە جێگای ئەو دا بنێی، من بە چاوی کەسێکەوە تەماشا دەکەی کە باوك و دوو برای ئەوم کوشتووە.

نوون گوتی: بەڵام من بە چاوی خۆم دیتم کە بکوژانی باوك و براکانی ئەم ژنە ستی کف و سوکر مووسا بوون.

مووسا گوتی: بەڵام ئەو، من بە بکوژی باوك و براکانی خۆی دەزانێ و مافی ئەوەی هەیە کە ئاوا بیر بکاتەوە، چونکە من بە کوڕی پاشای میسر دەزانێ. پاش ئەم قسەیە، مووسا، نەشتەری ژنە ڕەشەکە، کە لە سەر زەوی کەوتبوو هەڵگرت و گوریسی دەستی ئەو ژنەی بڕی و ژنە لە جێی خۆی هەستا و ماوەیەك چاوی لە مووسا بڕی.



مووسا بە پەنجەی دەست دەرگای چوونە دەرەوەی پیشانی ئەو دا، مانای بڕۆ دەرەوە. ئیرگا ماوەیەك دردۆنگ بوو، پاشان لە دەرگاکەوە چووە دەرەوە و پاش دەرچوونی ئەو، نوون گوتی: ئەگەر سوکر مووسا لەم ڕووداوە ئاگادار بێتەوە ئەم ژنە بە سزای خۆی دەگەیەنێ.

مووسا گوتی: نابێ فەرماندەی سوپا لەم ڕووداوە ئاگادار بێتوو لەمبارەیەوە من هیچ ناڵێم و تۆش ئەم ڕووداوە بۆ کەس باس مەکە.

پەیوندی نوون بەرامبەر مووسا باشتر دەبوو، بەڵام ناتوانین بڵێین کوڕەڵاوی خۆشدەویست، چونکە ئەو لێی دەترسا و خۆشەویستیی کاتێك دێتە ئاراوە کە ترس لە ئارادا نەبێ. غولامێك کە لە خاوەنی خۆی دەترسێ، مەحاڵە دەرهەقی ئەو، خۆشەویستیی هەبێ. ترسی نوون لە مووسا، ترسێکی فیترەتی بوو نەك ترسێکی ئەقڵانی. ئەگەر نوون پەیڕەوی لە ئەقڵ بکردبایە، نەدەبوایە لە خاوەنێکی میهرەبانی وەك مووسا بترسێ، بەڵام ترسی نوون لە مووسا لە ترسێکی فیترییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەم ترسانە فیترییە، لەو سەردەمەدا و لە چاخەکانی پاشتردا، تاکو ئەم دواییانەش لە هەر غولامێکدا، لە بەرامبەر خاوەنەکەی هەبوو. هۆکاری ترسی ناوبراو ئەوە بوو کە هەر غولامێك خاوەنەکەی خۆی بە جۆرێکی تر (جیا لە تیرەی بە شەر ) دەزانی.

غولامێك هەرگیز لە خۆی نە دەپرسی کە بۆچی خوایان منیان وەك خاوەنەکەم دروست نەکردووە. ئەو یەقینی هەبوو کە سروشتی خاوەنەکەی ئەو، سروشتێکی دیکەیە و ئەو نابێ سکاڵا بکا کە بۆچی خوایان، سروشتی خاوەنەکەی ئەویان بە جۆرێك خەڵق کردووەکە دەبێ ئەو خاوەن بێ و ئەمیش کۆیلە. بەڵام مووسا ئەو بیرەی دەکردەوە و جاری وا بوو لە خۆی دەپرسی: بۆچی دەبێ وەزعێك بێتە پێشەوە کە نەفەرێك وەك نوون غولام بێ و نەفەرێکی تریش، وەکو ئەم، خاوەنی ئەو غولامە بێ.

مووسا کە باوەڕی بە خوای نەبینراو هەبوو، دەستی خوای لەم کارەدا بە خاوەن کار نەدەزانی، بە خۆی دەگوت خوا تاکەکانی بنیادەمی بە جۆرێك دروست نەکردووە کە یەکێك غولام بێ و ئەوەی دیکەش خاوەن غولام، بەڵکو ئەم دیاردەیە، بە دەستی خودی تیرەی بەشەر، هاتۆتە ئاراوە.

* * *

نوون دەرهەق بەخاوەنی خۆی، مووسا، بەو بەڵگەیەی کە گوتمان، خۆشەویستی بۆ نەبوو، بەڵام ڕێزێکی زۆری بۆ ئەو هەبوو.

له وانەیە مووسا و نوون بەو هۆیەوە دەیانتوانی بەیەکەوە بژین کە هەر یەك لەوان، شتێکی هەبوو کە لەوی دیکەدا نەبوو.

مووسا چێژی لە سادەیی نوون وەردەگرت و نوون بە هۆی زانیاری و ژیری مووساوە ڕێزی بۆدادەنا. مووسا، نوونی بە هاونەژادی خۆی دەزانی و ئەو خۆی بە نەژادێکی بالاّتر لەو غولامە حسێب نەدەکرد. بەلاّم نوون یەقین بوو کە خاوەنەکەی ئەو لە نەژادێکە لەو بالاّترە ئەگەر نا ئەوەندە زانیاری و بەو ئەندازەیە ژیریی نەدەبوو.

ڕۆژێك لەسەر زەوینی کۆش، لە داوێنی چیایەکی بەرز بوون، نوون گوتی: ئەی سەروەری گەورە: ئەگەر بچینە سەر ئەو چیایە، ئایا لەسەر لوتکەی ئەو چیایەوە دەتوانین میسر ببینین یانا؟ مووسا گوتی: هەر ئێستا تاقی دەکەینەوە کە ئایا دەتوانرێ لەسەر ئەو لوتکەیەوە میسر ببینین یانا. پاشان دەستی غولامی خۆی گرت تا ئەو بۆ سەر ئەو چیایە بباتە سەرێ.

نوون کاتێك تێگەیشت کە مووسا بەڕاستی دەیەوێ ئەو بباتە سەر چیایەکە گوتی: واز لەو مەرامە بێنە.

مووسا پرسی: مەگەر تۆ نەتدەویست بچینە سەرەوەی ئەم چیایە و تێبگەی کە لەسەر لوتکەی ئەوێوە ئایا میسر دەبینرێ یانا؟

نوون ناچار بوو دان بەوەدا بنێ کە ئەم قسەیەی تەنیا بۆ ئەوە کرد تا بزانێ مووسا چ دەلّێ و ئەو حەزی لێ نەبووە بچێتە سەر چیاکە. مووسا لەم سادەییەی غولامی خۆی خۆشحالّ بوو.

مووسا، پیاوێك بوو باوەڕی بە خورافە نەبوو. لە حالّێکدا کە نوون لاوێکی خورافە پەرست بوو. ئەگەر بڕێك خوێ لە ناو دەستی ئەو بڕژابایە سەر زەوی دەلەرزی و وای وێنا دەکرد کە حەتمەن ڕووداوێکی جەرگبڕ ڕوودەدا. ئەو باوەڕی وابوو ئەگەر کاتێك خۆر گەیشتە ناوەڕاستی ئەو ڕۆژە و کەسێك دەستی چەپی خۆی بەرەو خۆر درێژ بکا، دووچاری جۆرە برینی ئەو تۆ دەبێ کە لە چارەسەر کردن نایەن.

غولامی ئەو، یەقینی هەبوو کە پیاوانی میسری، لەبەر ئەوەی ڕێورەسمی خەتەنەیان بۆ کراوە، پاش مردن لە لایەن مارێکی گەورەوە قووت دەدرێن. نوون بەجۆرێکی تەواو لە مار زۆر دەترسا. لەوانەیە هۆکاریشی ئەوە بووبێ کە لەو بیابانانەی کە بە نیشتیمانی نوون حسێب دەکرا، مارێکی لێ نەبوو ژەهراوی نەبێ. لەو بیابانانەدا، مار مایەی مەرگێکی کوشندە بوو. لە حالّێکدا کە لە میسر ماری ئاوی شەتی نیل ژەهرییان نەبوو و بە



کەسیانەوە نەدەدا. بەلاّم نوون لە ماری ئاوییش دەترسا و یەکەمین جار کە کاسکێتی مووسای بینی و تەماشای کرد کە لە پێشەوەی کاسکێتەکەی ئەو، مارێکی برۆنزیی داکوتراوە لە ترساندا خەریك بوو روحی لە بەردا نەمێنێ.[٤٧]

نوون باوەڕی وابوو کە دەبێ هەموو کەسێك دوو ناوی هەبێ: یەکێکیان ئەو ناوە ناسراوەیە کە هەمووان دەیزانن و ئەوەی دیکەیان ناوێکی نهێنی کە هیچ کەس نابێ ناوی نهێنی مرۆڤ بزانێ چونکە ئەگەر ناوی نهێنی مرۆڤ بزانرێ، ئەو کەسەی کە ئەو ناوە دەزانێ، بە سەر حالّی ئەودا زالّ دەبێ و هەر کات بیەوێ دەتوانێ ئەو کەسە بکوژێ.

نوون بەو جۆرە کە بۆ مووسای گێڕایەوە خوایەکی دەپەرست بە (بەعل) ناودەبرا کە نیوەی سەرەوەی بەدەنەکەی وەکو ژنێك وا بوو و نیوەکەی خوارەوەی وەکو گیانلەبەرێك بوو کە باڵیشی هەبوو.

کاتێك نوون خوای خۆی بۆ مووسا راڤە دەکرد گوتی: ئەو خوایە کە تۆ دەیپەرستی تارادەیەك لە (ئەبول هۆل)ی میسری دەچێ کە لە کۆندا یەکێك بوو، لە خوایانی میسر بەلاّم ئەمرۆ، کەس ئەو ناپەرستێ.

ڕووداوی پەلاماردانی ئێرگا، کچە لاوی ڕەشپێست بۆ سەر مووسا و برینداربوونی شانی نەلە لایەن مووسا و نە لە لایەن نوونەوە باس نەکرا. بەلاّم ئێرگا بۆ خۆی ئەم مەسەلەیەی بۆ کەسانی دیکە گێڕایەوە تاکو مووسا سەرکۆنە بکرێ.

پاش ئەو ڕووداوە، مووسا لەبەر چاوی کچە ڕەشپێستەکە وەك پیاوێکی ترسنۆك کەوتە بەرچاو لەبەر ئەوەی ئەوی نەکوشتبوو. جا بۆ ئەوەی کە هەمووان حالّی بکا کە کوڕەلاوی پاشای میسر ترسنۆکە، ئەو ڕووداوەی بۆ هەمووان گێڕایەوە تا بەر گوێی سوکر مووسا فەرماندەی سوپای میسر کەوتەوە.

سوکر مووسا بە حەپەساوی لە مووسای پرسی: ئایا ئەو ڕووداوە ڕاستە و ئێرگا بە نەشتەر هێرشی هێناوەتە سەرت و دەیویست تۆ بکوژێ و شانی تۆی بریندار کردووە؟

مووسا کە نەیدەتوانی درۆ بکا ڕاستی ڕووداوەکەی سەلماند.

سوکر مووسا گوتی: ئەو ژنە دەبێ بکوژرێ.

مووسا گوتی: من چاوپۆشیم لە کوشتنی ئەو ژنە کردووە و نامەوێ بکوژرێ.

فەرماندەی سوپا گوتی: ئەو ژنە ئەگەر لای تۆ خزمەت بکا تۆ دەکوژێ.

(٤٧) مار لە نیشانەکانی پاشایەتی هەندێك لە زنجیرەکانی فیرعەونەکانی میسر بووە . (و.ف).

مووسا گوتی: من حەز ناکەم ئەو ژنە لە خزمەتی من دابێ و تۆ دەتوانی ئەو لە خزمەتی کەسێکی دیکە دابنێی، بەڵام بە هۆی ئەوە کە هێرشی بۆ من هێناوە مەیکوژە.

سوکر مووسا بە  مووسای گوت کە ئیرگا ناکوژێ و پاشان ئەوی ڕەوانەی ماڵی هتپ ڕە کرد کە وەکو گوتمان ئەو کەسە پێشی مووسا فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بوو.

دوو ڕۆژ پاشی ئەوەی کە ئیرگا چووە ماڵی هتپ ڕە، ئەو پیاوە شەڕابی نۆشی و مەست بوو و لە کاتی مەستیدا داوای لە ئیرگا کرد کە زێدەکار و تەواوکەری خۆشییەکەی ئەو بێ و کچە ڕەشپێست، پێشنیاری هتپ رەی قبوڵ نەکرد و ئەو پیاوە بەڕقدا چوو و نەشتەرەکەی بە کەلەکەی ئیرگادا کرد و لەوێ ئیرگای کوشت.

سەرەڕای ئەوە کە هتپ رە ئەفسەری پلە بەرزی سوپای میسر بوو، پاش ئەوەی کە ئیرگای کوشت، بۆ شاردنەوەی تەرمەکەی تووشی وەحشەت هات. بەڵام نەك لە ترسی سوکر مووسا، چونکە دەیزانی کە فەرماندەی سوپای میسر ڕەخنەی لێ ناگرێ کە بۆچی ئیرگای کوشتووە، بەڵکو لە ڕەشپێستان دەترسا و ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەگەر ڕەشپێستان تێبگەن کە ئەو ئیرگای کوشتووە، بیکوژنەوە. ئەوەبوو سەربازانی میسری ڕاسپارد کەلاشەی ئیرگا لە کاتی شەودا بنێژن و ئەوانیش لاشەکەیان لەدەمی شەودا شاردەوە.

ڕۆژانی داهاتوو، ڕەشپێستان ئاگاداربوون کە کچی پاشای ئەوان بە دەستی یەکێك لە ئەفسەرانی میسری کوژراوە و بۆ ئەوەی تۆڵەی ئیرگا بکەنەوە پەلاماری ئەفسەرانی میسریان دەداو دەیانکووشتن. سوکر مووسا بۆ ئەوەی ڕەشپێستان بەجۆرێك تەمبێ بکا کە ئیدی جورئەتی ئەوەیان نەبێ هێرش بکەنە سەر ئەفسەرانی میسری، لەیەك ڕۆژدا، نزیکەی هەزار کەسی لە پیاوانی ڕەشپێست قەتڵ و عام کرد. هتپ ڕە کە لە ئاکامی کوشتنی ئیرگا بەرپرسی ئەو کوشت و کوشتارە کارەساتبارە بوو، مووسای بە بەر پرسیار ناودەبردو دەیگوت: ئەگەر مووسا لە ماڵی خۆیەوە ئیرگای نەناردبایە بۆ ماڵی من، منیش لە کاتی مەستیدا بەڕقدا نەدەچووم و ئەو ڕووداوە ڕووی نەدەدا تەنانەت هتپ ڕە دەیگوت: ئەو بە ئەنقەست ئیرگای بۆ ماڵی من ناردووە تاکو من ئیرگا بکوژم.

نوون غولامی مووسا کە ئاگاداری ڕووداوەکە بوو و دەیزانی کە مووسا بە ئەنقەست ئەوی بۆ ماڵی هتپ ڕە نەناردووە، بەڵکو فەرماندەی سوپای میسر ئەو ژنە ڕەشپێستەی بۆ ماڵی هتپ رە ناردووە، بە بیستنی قسەکانی فەرماندەی پێشووی گالیسکە جەنگییەکان نیگەران دەبوو، بەڵام ئەو خۆی نەیدەتوانی وەڵامێکی ئەو بداتەوە.



ڕۆژێك کە هتپ ڕە سەرگەرمی ئاخاوتن بوو، بێ ئەوەی ئاگادار بێ کە نوون ئاژۆی گالیسکەی مووسا گوێی لەقسەکانی ئەو دەبێ، گوتی: ئەگەر مووسا لە بەین بچێ هەمووان خەیاڵیان ئاسوودە دەبێ.

نوون پاشی بیستنی ئەم قسەیە گوێکانی تیژکردن و یەکێك لە گوێگرەکان لە هتپ رەی پرسی: بۆچی ئەگەر مووسا بمرێ هەمووان خەیاڵیان ئاسوودە دەبێ؟

هتپ رە گوتی: مووسا پیاوێکی نەگونجاوە و لەگەڵ هیچ کەسێکدا تێکەڵاو نابێ و لە شادییەکاندا بەشداری ناکا.

ئەو نە لەگەڵ کەسدا تێکەڵاو دەبێ و نە حەزی لە قسەکردن و پێکەنین و گاڵتە هەیە. ئەو ئەوەندە خۆی بە گەورە دەزانێ کەوا وێنا دەکا ئەو خوابێ و ئێمەش بەندەی ئەو.

لەوەش بترازێ، پاشا حەز ناکا مووسا لە کۆش بگەڕێتەوە بۆ میسر. دوو ڕۆژ پێشتر پەیك لە میسرەوە هات و نامەیەکی بۆ فەرماندەی سوپا هێناوە و لەو نووسراوەدا پاشا گوتوویەتی وا باشترە کە مووسا لە کۆش نەگەڕێتەوە.

گوێگران بێدەنگبوون چونکە زانییان قسەکەی هتپ رە ماناگەلێکی تایبەتییان هەیەو ئەوان ناتوانن ئەو قسەیە بسەلمێنن یاخود بەدرۆی بخەنەوە. چونکە ئەگەر ئەو قسەیە بسەلمێنن وەکو ئەوە وایە کە ئەوان بیسەلمێنن کە دەبێ کوڕی پاشای میسر بکوژرێ و ئەگەر بە درۆشی بخەنەوە، ئەوا دژ بە ئارەزوو و ئیرادەی فیرعەون قسەیان کردووە.

نوون ئارامی گرت تاکۆتایی قسەکەی هتپ رەی گوێ لێ بێ. بەڵام ئەو پیاوە ئیتر لە بارەی مووساوە قسەی نەکرد و نوون هەمان ڕۆژ لە یەکەمین دەرفەتدا کە مووسای بە تە نیایی دی، گوتی: ئەی سەروەری گەورە، من دەبێ بابەتێکی گرنگ بە تۆ بڵێم.

مووسا پرسی: ئەو بابەتە چییە؟ نوون گوتی: ئەوەی دەمەوێ بیڵێم قسەکانی هتپ رەیە دەربارەی تۆ.

مووسا گوتی: من دەزانم هتپ رە لە ئە نجامی پەشیمان بوونەوەی لە کوشتنی ئیرگا وای بلاوکردۆتەوە کە گوایا من ئەو ژنەم بەرەڵا کردووە و  ناردوومەتە ماڵی ئەو، بۆیە منیش لە کوشتنی ئەودا بەرپرسیارێتم هەیە.

نوون گوتی: ئەی سەروەر، من دەمەوێ بابەتێکی دیکە بە تۆ ڕابگەیەنم کە لەو بابەتە گرنگترە، ئەویش ئەوەیە کە هتپ رە گوتی ئەگەر تۆ بمری هەمووان خەیاڵیان ئاسوودە دەبێ.

مووسا گوتی: نوون، ئەم قسەیە مەکە و من ناتوانم باوەڕ بەم قسەیە بکەم.

نوون گوتی: ئایا تۆ بەو هۆیەوە من بە درۆزن دەزانی کە من غولامم؟

مووسا گوتی: من نەمویست بە تۆ بلێم کە تۆ درۆ دەکەی، بەڵام ئەوانەی کە ئەم بابەتەیان بە تۆ گوتووە لەوانەیە درۆیان کردبێ.

نوون گوتی: هیچ کەسێك ئەم بابەتەی بە من نەگوتووە، من خۆم بەگوێی خۆم ئەوەم گوێ لێبوو؟

مووسا پرسی: تۆ چیت گوێ لێ بوو؟

نوون گوتی: هتپ رە، وەك من تێگەیشتم مەست بوو، قسەی بۆ چەند کەسێك دەکرد و دەیگوت لەلایەن پاشاوە پەیکێك هاتووە و نووسراوێکی بۆ سوکر مووسا فەرماندەی سوپا هێناوە و لەوێدا نووسراوە، واباشترە کە مووسا لەسەرزەوینی کۆش نەگەڕێتەوە، بەڵام هتپ رە پێش ئەوەی لە بارەی هاتنی پەیك و نووسراوی پاشاوە قسە بکا، لە بارەی تۆ قسەی دەکرد و دەیگوت ئەگەر تۆ بمری هەمووان خەیاڵیان ئاسوودە دەبێ و ئاوازی قسەکردنی هتپ رە بە جۆرێك بوو کە نیشانی دەدا دەیەوێ بڵێ هەر کەس کە تۆ بکوژێ سەرنجی پاشا بۆ خۆی ڕادەکێشێ و پاشای میسر پارە و ماڵی دەداتێ و پلەیەکی گەورە بەوکەسە دەدا.

مووسا گوتی: ئەقڵ ئەوە قبووڵ ناکا هتپ رە لەبەر دەم چەند کەسێکدا ئەو قسەیەی کرد بێ.

نوون گوتی: پێم گوتی ئەو سەرخۆش بوو و بە هۆی سەرخۆشییەوە نەیدەتوانی جڵەوی زمانی خۆی بگرێ.

مووسا پرسی: مەبەستی تۆ لەم قسەیە چییە؟

نوون وەڵامیدایەوە: مەبەستی من لەم قسەیە ئەوەیە کە هتپ رە دەیەوێ تۆ بکوژێ تاکو سەرنجی پاشا بۆ خۆی رابکێشێ و زێڕ و پلەو پایە لە پاشا وەربگرێ و تۆ دەبێ هتپ رە بکوژی تاکو تۆ بە دەستی ئەو نە کوژرێی.

مووسا گوتی: ئەی نوون، بۆچی دەکرێ نەفەرێك ئاوا بە ئاسانی بکوژرێ؟

نوون گوتی: مەگەر هتپ رە بە ئاسانی ئیرگای نەکوشت؟ تۆش هتپ رە بکوژە و بواری مەدەیە زیندوو بمێنێ و ئەو تۆ بکوژێ.

مووسا گوتی: ئەی نوون، من حەز ناکەم تۆ لە بارەی ئەفسەرێکی میسری ئەم قسانە بە من بڵێی.



نوون ئیدی لە بارەی ئەم بابەتەوە هیچی بە کوڕەڵاو نەگوت، بەڵام بڕیاریدا کە بۆ خۆی چارەسەری ڕووداوەکە، بەر لە ڕوودانی بکا، چونکە ئەو هۆگری مووسا بوو و سەرەڕای ئەوەش کە گوتمان خۆشەویستی بەرامبەر ئەو نەبوو، ژیانی ئەو بە ژیانی مووساوە بە سترابۆوە.

ئەم لاوە سەرەڕای سادەیی خۆی، تێدەگەیشت کە هەر کاتێك مووسا بکوژرێ، ئەو کە کۆیلەیە، دەبێتە غولامی یەکێکی دیکە و سەروەری نوێ، دیسانەوە ئەو برسی دەکاتەوە و لە داری دەبەستێتەوە و ناچاری دەکا کاری سەخت ئەنجام بدا.

ئەگەر نوون نەبوایە بە غولامی مووسا، نەیدەتوانی تەحەمولی برسێتی و لێدانی دار و کاری سەخت بکا، بەڵام ژیان لەگەڵ مووسا خووی ئەوی گۆڕی بوو. ئەو هەموو ڕۆژێك خواردنی باشی، هەر چەندێکی کە خۆی بیویستبایە، دەخوارد و هەموو شەوێك دەیتوانی لەسەر جێگایەکی نەرم بخەوێ بێ ئەوەی کارێکی پڕ زەحمەت ئەنجام بدا و ئەو دەیزانی کە ئیدی ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ژیانی رابردوو. بۆیە بڕیاریدا کە بۆ خۆی هتپ رە لە ناو بەرێ تا ئەو پیاوە بە تەماعی ماڵ و پلەو پایە (هەروەها لە رووی ئێرەیشەوە) سەروەری لاوی وی نەکوژێ.

نوون شەو و رۆژ هتپ رەی خستەژێر چاودێرییەوە تا بزانێ ئەو پیاوە چ کاتێك لە ماڵێ دێتە دەرێ و چ وەختێك دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ. لەبەر ئەوەی سەروەختی ئاشتی بوو، هتپ رە وەختی خۆی لە ماڵێ بە سەر دەبرد. لە مەیدانی جەنگ نەبوو تا نوون بتوانێ هەر کاتێك کە بیەوێ ئەو ببینێ.

پاش چەندین ڕۆژ کە گالیسکە ئاژۆی مووسا، شەو و رۆژ هتپ رەی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، سەرنجی دا کە ئەو، شەوانە درەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ و کاتێك کە دەگەڕێتەوە مەستە و جاری وایە لە زێدە مەستیدا لە کاتی ڕۆیشتندا، بە چەپ و راستدا بەلادا دەهات.

شەوێك کە نوون، خۆی لە هتپ رەی فەرماندەی پێشووی گالیسکە جەنگییەکان لە بۆسە نابوو، ئەو پیاوە وەکو شەوانی دیکە بە مەستی دەگەڕایەوە. نوون بینی لەبەر زێدە مەستی نا توانێ بە هاوسەنگی بەڕێگادا بڕوا.

کاتێك هتپ رە بە پەنای نووندا تێپەڕی، نوون گالیسکە ئاژۆی مووسا، بە ئەسپایی، لە پشت ئەوەوە کەوتە رێ و نەشتەری خۆی لە نێو دەستیدا ئامادەکردبوو، یەکراست خۆی

هەڵدا و لە پاشەوەرا بە دەستی چەپ، دەمو چەناگەی هتپ رەی گرت تاکو هاوار نەکا و بە هەمان ئەو حاڵەوە تیغی نەشتەرەکەی خۆی خستە سەرقوڕگی ئەو پیاوە و بە هەموو هێزی بازووییەوە گوشاری خستە سەرو رایکێشا و بەیەك زەربە گەروو و شادەمار و بەشێك لە ئێسقانی ملی ئەو پیاوەی بڕی و پاشان هتپ رەی بەرەڵا کرد، ئەو پیاوە کەوتە سەر زەوی و نوون رێگای خۆی گرتە پێش و رۆیشت و سپێدەی رۆژی دواتر لاشەی هتپ رەیان دۆزییەوە.

پاش ئەوەی لاشەی هتپ رەیان دۆزییەوە هەندێك لە ئەفسەران وایان وێنا کرد کە رەشپێستان ئەو پیاوەیان کوشتووە تاکو تۆڵە لە میسرییان بکەنەوە.

میسرییەکان هەر تەنیا لاوی رەشپێستیان نەکوشتبوو، یان ئەوانیان بە غولامی بە کێش نەکردبوو و ژنانی رەشپێستیان بۆ خۆیان زەوت نەکردبوو، بەڵکو خراپترین بێ ڕێزییان دەرهەق بە پەرستگاکانی کۆش دەکرد.

مووسا سەرەڕای ئەوە کە لە نوونی بیستبوو کە هتپ رە قەستی سەری ئەو دەکا، وێنای نەدەکرد کە بکوژی ئەو پیاوە نوون بێ.

ئەویش وەکو کەسانی دیکە بیری دەکردەوە کە هتپ رە یا بەدەستی رەشپێستان کوژراوە یان بۆتە قوربانی شەڕ و کێشەیەك کە جاروبار بە کاریگەریی سەر مەستییەوە لە نێوان سەربازان و ئەفسەرانی میسریدا روو دەدا.

ئەگەر مووسا فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر بوایە، خواردنەوەی شەرابی قەدەغە دەکرد. بەڵام سوکر مووسا ئەویش هەروەکو ستی کف فەرماندەی پێشووی سوپای رەوانەکراو باوەڕی وابوو کە ئەفسەر و سەربازی میسری دەبێ ئازاد بێ و دەبێ کات و ساتی خۆی بەو جۆرە کە خۆی دەیەوێ بگوزەرێنێ. لەو بەینەدا تەنیا کەسێك کە هەستی دەکرد هتپ رە نە بە دەستی رەشپێستان کوژراوە و نە بۆتە قوربانی کێشە و بەرەی بەرەنجامی سەرمەستی، سوکر مووسای فەرماندەی سوپای رەوانەکراو بوو.

ئەو لەبەر ئەوەی کە فەرماندەی سوپا بوو خۆی بە بەرپرس دەزانی کە لە بارودۆخی ئەفسەران و سەربازان ئاگادار بێ. ئەو بیستبووی کە هتپ رە گوتوویەتی ئەگەر مووسا بمرێ هەمووان خەیاڵیان ئاسوودە دەبێ. وای وێنا دەکرد مووسا، کە لە لایەن هتپ رە وە خۆی لە مەترسیدا دەبینیێ، ئەوی کوشتووە.

سوکر مووسا دەربارەی نوون بەدگومان نەبوو و تەنانەت یاد و ناوی ئەو غولامە هەر بە مۆژەشیدا نە دەهات و وای وێنا دەکرد کە خودی مووسا هتپ رەی کوشتووە. سوکر مووسا



بۆ ئەوەی دڵنیا بێ ئایا مووسا ئەو پیاوەی کوشتووە یان نا، بانگی مووسای کرد و گوتی: هتپ رە پیاوێك بوو بەد خوو و بەد مەست و لە ناو هەموو سوپادا نەفەرێك پەیدا نەدەبوو کە لێی رازی بێ و ئێستا کە مردووە، هەمووان پێیان خۆشە کە ئیدی چارەی ئەو نابینن و گوێیان لە جنێوەکانی ئەو نا بێتەوە.

مووسا گوتی: بەڵام من بە مردنی هتپ رە خۆشحاڵ نیم، چونکە تا لە ژیاندا بوو من رقم لێ نەدەبۆوە و کوشتنی ئەو بە رووداوێك دەزانم کە لەگەڵ دیسپلینی سوپادا تێك ناکەنەوە.

سوکر مووسا گوتی: ئایا تۆ ئاگادارنەبووی کە هتپ رە دەکوژرێ؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من چۆن دەمتوانی لە کوژرانی ئەو ئاگادار ببم و بزانم کە دەیانەوێ ئەو بکوژن؟

سوکر مووسا گوتی: چونکە ئەو لە بارەی تۆوە شتگەلێکی گوتبوو کە ئەوەندە خۆش نەبوون!

مووسا گوتی: من تاقیم کردۆتەوە، کە خەڵکانی رەمەکی نەریتیان وایە، کە پاش ملە بەد گۆیی بکەن و ئەم بەد گۆییەی ئەوان لە دوژمنایەتییەوە نییە، بەڵکو لە خووگرتنەوەیە. هتپ رەش ئەگەر لە پاش ملەی من شتێکی گوتووە، ئەوە لە خووگرتنەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو دوژمنایەتی لەگەڵ مندا نەبووە.

سوکر مووسا کاتێك بینی کە مووسا بەو جۆرە دەربارەی هتپ رە قسە دەکا، لە وەڵامی قسەکەی کورەلاودا گوتی: بە پێچەوانەوە، ئەو لەگەڵ تۆدا دوژمنایەتی هەبوو و لە پاش ملەی تۆ دەیگوت باشترە کە تۆ بمری. من وا وێنا دەکەم کە دوژمنایەتی ئەو لەگەڵ تۆدا لە وەڕاهاتبوو کە تۆ پایەکەی ئەوت داگیرکرد و لە جیاتی ئەو، بووی بە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان.

مووسا گوتی: ئەی سوکر مووسا، لای تۆ شاراوە نییە کە پایەی فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بۆ پیاوێکی وەك من، پایەیەکی گەورە نییە تا من ئارەزووی بە دەس هێنانیم کردبێ.

سوکر مووسا گوتی: من ئەم قسەیە دەسەلمێنم و بۆ پیاوێکی وەك تۆ کە کوڕی پاشای و لە نەژادی خوایانی، پایەی فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان پلەیەکی شایانی باس نییە.

مووسا گوتی: فیرعەون فەرمانی کرد کە من لە جیاتی هتپ رە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بم، من نەمدەتوانی ملکەچیی بۆ فەرمانی ئەو نەکەم.

سوکر مووسا گوتی: من لەبەر ئەوەی بیستبووم کە هتپ رە لە پاش ملەی تۆدا بەد گۆیی کردووە و گوتوویەتی وا باشترە زیندوو نەمێنی، من وام وێنا کردووە کە تۆ ئەوت کوشتووە.

مووسا گوتی: وێنای تۆ هەڵە بووە من کەسێك نیم لەبەر خاتری مشتێك قسەی بێ مانا یان شتگەلێکی لە مبابەتە بکەومە هەوڵی کوشتنی کەسێك.

سوکر مووسا گوتی: سەرباری مەسەلەی بەدگۆیی هتپ رە لە پاش ملەی تۆ، مەسەلەیەکی دیکەش بووە هۆکار تا وا بیر بکەمەوە کە تۆ ئەوت کوشتووە.

مووسا پرسی: ئەو مەسەلەیە چییە؟

سوکر مووسا گوتی: لێرە تەنیا یەك کەس دەیتوانی کە بێ ئەوەی لە سزادان بترسێ، هتپ رە بکوژێ ئەو پیاوەش تۆ بووی. هەر بۆیە من بیرم دەکردەوە تۆ کوشتووتە، چونکە هەتا ئەگەر من یەقینیش بم کە تۆ هتپ رەت کوشتووە ناتوانم سزای تۆ بدەم، چونکە تۆ کوڕی پاشای.

مووسا گوتی: ئەگەر من نیازم بوایە هتپ رە بکوژم داوام لەو دەکرد کە بە ئاشکرایی بێتە مەیدانی نەبەردمەوە، نەك ئەوەی لە کاتی شەودا، ئەو بکوژم. بە هەر حاڵ من هتپ رەم نە کوشتووە و دوژمنایەتیشم لەگەڵ ئەودا نەبووە تاکو هەوڵی کوشتنی بدەم.

سوکر مووسا گوتی: مادام تۆ دەڵێی من هتپ رەم نەکوشتووە من قسەکەی تۆ دەسەلمێنم. پاش ئەوە فەرماندەی سوپای میسر بابەتی ئاخاوتنی گۆڕی و گوتی: پاشا تازە نووسراوێکی بۆ ناردووم کە پەیوەستە بە تۆوە.

مووسا پرسی: فیرعەون لە بارەی منەوە چی گوتووە؟

سوکر مووسا گوتی: پاشا گوتوویەتی وا باشترە کەگەڕانەوەی تۆ بۆ میسر بە دوا بکەوێ. ئایا تۆ دەزانی کە بۆچی ئەو حەز ناکا تۆ کە کوڕی ئەوی بگەڕێیەوە بۆ میسر؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

سوکر مووسا پرسی: ئایا دەکرێ هۆیەکەی بە من بڵێی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: لە وانەیە رۆژێك دابێت کە من ئەو هۆیە ئاشکرا بکەم و هەمووان لەوە ئاگادار بن، بەڵام ئێستا ناتوانم ئەو هۆیە ئاشکرا بکەم.



سوکر مووسا گوتی: لەم بەشەیاندا تۆ سەربەستی و ناچارنی بە من بڵێی کە بۆچی باوکت نایەوێ تۆ بگەڕێیەوە بۆ میسر. پاشا لە نووسراوەکەی خۆیدا بابەتێکی دیکەشی باس کردووە.

مووسا پرسی: ئەو بابەتە چییە؟

سوکر مووسا گوتی: پاشا لەو دەسکەوتە جەنگییانە کە لێرەوە رەوانەی میسر کراون، ناڕازییە و دەڵێ کە چاوەڕێ بوو دەسکەوتی زیاتر لە کۆشەوە بگاتەوە میسر. ئەو وا وێنا دەکا کە بۆیە دەسکەوتی زۆرتر بە میسر نەگەیشتووە کە ئەفسەرانی سوپا دەسکەوتە جەنگییەکانیان زەوت کردووە، لە حاڵێکدا تۆ دەزانی کە لێرە، ئەفسەرانی سوپا لەوەی کە دەسکەوتی جەنگییان وەگیر نەکەوتووە نارازین و بە هەر حاڵ، پاشا زێڕی لە ئێمە دەوێ و دەڵێ دەبێ زێڕم بۆ بنێرن.

مووسا گوتی: ئێمە ناتوانین لێرە زێڕ دروست بکەین و بۆ فیرعەونی بنێرین.

سوکر مووسا گوتی: دروستکردنی زێڕ لە دەستی ئێمەدا نییە، بەڵام دەبێ زێر پەیدا بکەین و بۆ ئەوی بنێرین.

مووسا گوتی: من پێم وانییە کە ئیتر رەشپێستان زێڕیان هەبێ، چونکە هەرچی زێڕی کە هەیان بو لێیان ستێنرا.

سوکر مووسا گوتی: لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە کە هێشتا رەشپێستان بڕێکی زۆریان زێڕ هەیە کە شاردویانەتەوە و دەبێ ئەوان ناچار بکەین کە زێڕە شاراوەکانی خۆیان بدەنە ئێمە تا بۆ پاشای بنێرین.

مووسا گوتی: ئەی سوکر مووسا، تۆ فەرماندەی سوپای، وەرگرتنی بڕیار بەدەستی تۆیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیەت لەگەڵ مندا باسکرد وا دیارە کە دەتەوێ لێروانینی من بزانی، من دەڵێم کە ڕەشپێستان ئیتر زێڕیان نییە تا ئێمە لێیان بستێنین و بۆ فیرعەونی بنێرین.

من ئاگادارم کە نە هەر تەنیا هەرچی زێڕی لای ڕەشپێستان بوولێیان ستێنرا، بەڵکو هەر شتێکی دیکەش کەبەهاداربوو لێیان ستێنرا. ئەمڕۆ، ڕەشپێستان جگە لە قاپ و قاچاخی گڵێنە کە کەرەسەی ئامادەکردنی خواردنی ئەوانە شتێکی دیکەیان نییە و ئەم قاپ و قاچاخانە نە بۆ ئەفسەر و سەربازانی میسری سوودێکی هەیە و نە بۆ فیرعەون.

سوکر مووسا گوتی: پاشا لە نووسراوەکەی خۆیدا گوتوویەتی کە لە دوا دواییەکانی باشووری ولاٚتی کۆش، کە شەتی نیل لە وێوە سەرچاوە دەگرێ، شارێك هەیە کە گەورەترین و دەوڵەمەندترین شاری کۆشە و لەو شارەدا کۆمەڵە کۆتەڵێکی زێڕی خوایانی کۆش هەیە کە کێشی هەریەکەیان سەد سەنگی میسرییە. مووسا گوتی: ئەم قسەیە لە ئەفسانەیەك زیاتر هیچی دیکە نییە و لە جۆری ئەو ئەفسانانەیە کە دایکان بۆ منداڵەکانی خۆیانی دەگێڕنەوە تا خەویان لێ بکەوێ.

سوکر مووسا گوتی: من دەقی نووسراوەکەی پاشام کە تۆ کوڕی ئەوی، بۆ دووبارە کردییەوە، ئەو حەزدەکا کە ئێمە بچینە ئەو شارە و زێڕەکانی ئەوێ بەردەست بکەین و بۆی بنێرینە میسر.

مووسا گوتی: زۆر باشە، ئێستا کە فیرعەون فەرمانی کردووە زێڕەکانی ئەو شارە ئەفسانەییە بۆ ئەو بنێرینە میسر، تۆ سوپا بەڕێ بخە و خۆت بگەیەنە ئەو شارە و زێڕەکانی ئەوێ بەردەست بخە و بینێرە بۆ فیرعەون.

سوکر مووسا گوتی: شارێك کە دیوارەکانی لەزێڕ بێ و چەندین کۆتەڵی لەزێڕ هەبێ کە کێشی هەر کامیان سەد سەنگی میسری بێ، شایانی ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ گەیشتنی بەوێ ڕێگایەکی درێژ تەی بکا، بەلاٚم من پاشەوەی خۆم چ لێبکم؟

مووسا بە حەپەساوییەوە پرسی: مەبەست لە پاشەوە چییە؟

سوکر مووسا وەلاٚمیدایەوە: ئەگەر پاش ئەوەی کە من بۆ گەیشتن بەو شارە کەوتمە ڕێ ڕەشپێستان ڕێگای پەیوەندی منیان بە میسرەوە بڕی و پاشەوەی من ببەستن، سەرباز و ئەفسەرانی من تا ئاخرین کەس دەکوژرێن.

مووسا ئەو قسەیەی سەلماند و سەرنجی دا کە فەرماندەی سوپا قسەیەکی مەنتیقییانە دەکا و هەر کاتێك سوپا بەرەو شاری ئەفسانەیی بکەوێتە ڕێ لەوانەیە ڕەشپێستان ڕێگای گەڕانەوەی سوپای میسر ببڕن، گوتی: ئەی سوکر مووسا، ڕوانینی تۆ دروستە و نابێ سوپا بەرەو شارێك، کە دیار نییە لە کوێ هەڵکەوتووە، بەڕێ بخرێ.

سوکر مووسا گوتی: بەلاٚم فەرمانی پاشا دەبێ جێبەجێبکرێ و ئێمە ناچارین خۆمان بگەیەنینە ئەم شارە.

مووسا گوتی: وانییە و تۆ دەتوانی بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی فیرعەون ژمارەیەك لە سەربازانی خۆت بنێریتە ئەو شارە.



سوکر مووسا گوتی: ئافەرین، من دەبێ ژمارەیەك لە سەربازانی خۆم بەرە و ئەو شارە بنێرم، بەلاٚم ئەم سەربازانە دەبێ لە ژێر سەرکردایەتی فەرماندەیەکی یەکجار لێوەشاوەدا بن و لە سوپای ئێمەدا ئەفسەرێکی لێوەشاوەتر و قارەمان تر و بە مشوورتر لە تۆ نییە.

مووسا پرسی: ئایا بە تەمای کە من بەرە و شاری ئەفسانەیی بنێری؟

سوکر مووسا وەلاٚمیدایەوە: بەڵێ، چونکە تۆ لە شەڕا وەك شێری نێر وای، لە کاتی ڕێکردندا وەك مێروو بە ئیحتیات و شەوان بە جۆرێك چاودێری ئوردووگا دەکەی کە مشکیش ناتوانێ بێتە ناو ئوردووگاوە تا بە دوژمن رادەگا.

بەو پێ یە سوپایەك کە بکەوێتە ژێر فەرماندەیی تۆ، لە ڕێگا دووچاری مەترسی و لە کاتی شەودا گرفتاری شەوخوونی نابێ و هەرگیز دوژمن ناتوانێ غافڵگیری بکاو ئەگەر بکەویتە ژێر پەلامارەوە لەبەر ئەوەی قارەمانی، سوپای خۆت سەرکەوتوو دەکەی.

لەو کاتەدا مووسا تێگەیشت کە مەبەستی فەرماندەی سوپا ئەوەیە کە ئەو دووربخاتەوە و بۆ جێگایەکی بنێرێ کە گەڕانەوەی لەوێ مەحاڵ یان دوورە دەست بێ و گریمانەکێش ئەو بتوانێ بشگەڕێتەوە، سالاٚنێك درێژە دەکێشێ تاکو بگەڕێتەوە.

مووسا تێگەیشت کە دۆزینەوەی شاری ئەفسانەیی، بیانویەکە بۆ دوورخستنەوە و بەربەستکردنی ئەو لە گەڕانەوەی بۆ میسر. چونکە فیرعەون پیاوێکی گەمژە نییە کە نەزانێ شارێك بەو وەسفەوە بوونی نییە و ئەفسانەی شاری زێرین، سوکر مووسا خۆی دروستی کردووە تاکو فەرمانی فیرعەون جێبەجێ بکا. ئەوە بوو گوتی: من تا ئەم ساتە سەرنجم لە مەبەستی تۆ نەگرتبوو، بەلاٚم ئێستا تێدەگەم کە تۆ بۆچی دەتەوێ من بەرەو شاری زێرین بنێری و باوەڕ بکە مەسەلەی شاری زێرین تۆ دروستت کردووە.

سوکر مووسا گوتی: وانییە و تۆ لە هەر کام لە ئەفسەر و سەربازانی ئێمە بپرسی پێت دەڵێن کە شارێکی ئاوا هەیە.

سوکر مووسا ڕاستی دەگوت. لەو زەمانەدا کە خەڵك وەك ئەم سەردەمە، لە باری جوگرافیی جیهان ئاگادار نەبوون، هەر کەس باوەڕی وابوو کە لە جیهاندا شارێك هەیە لەوێدا، نەخۆشی و پیری نییە و خەڵك لەوێ تەمەنێکی نەمریان هەیە و لە بەختیارییەکی هەتا هەتایی بەهرەمەند دەبن. هیچ کەس لەو شارەدا، خەمی ژیانی نییە و هەرگیز مردن، دۆستان و خزمان لەیەکتری جیا ناکاتەوە. ناوی ئەو شارە لە زمانە جۆربەجۆرەکاندا جیاواز بوو، بەلاٚم شێوەی ژیان لە هەموویاندا وەکو یەك وابوو.

هەندێك لە میللەتان وەك میسرییەكان، ئەو شارەیان بە شاری زێڕین ناودەبرد و هەندێك قەومی تر بە ((ناوەندی ئاوی حەیات)) ناویان دەبرد و هەندێك بە جابلەق یان جابلەسا، بەڵام هەموو میللەتانی دنیا باوەڕیان وابوو كە لەو شارەدا هەمووان جوانن و پیاو ژن كە جوانی و لاوی هەتا هەتاییان هەیە، عیشقێكی هەتا هەتاییشیان هەیە.

لە كۆندا باوەڕ بە خوڕافات، ئەوەندە بە هێز بوو كە خەڵك، بەو جۆرەی كە هەندێك شتی خوڕافەیان بە واقیعی دەزانی، باوەڕیان بە بوونی خۆیان نەبوو و لە وانەیە دەربارەی بوونی خۆیان دوودڵیان دەكرد، بەڵام لە بارەی هەندێك شتی خەیاڵیی دوو دڵییان نەبوو. تەنانەت مووسا كە خۆی پیاوێك بوو خوێندەوار و خاوەن زانیاری بوو، وای وێنا دەكرد، كە ئەو شارە بوونی هەیە. بەڵام نەك بەو شێوەیە كە سوكر مووسا دەیگوت.

مووسا كە پیاوێكی تێگەیشتوو بوو نەیدەتوانی ئەوە قبوڵ بكا شاریك بوونی هەبێ كە دیواری زێڕ و كۆتەڵگەلێكی لە زێڕی نایاب هەبێ كە هەركامیان كێشی سەد سەنگی میسری بێ. بەڵام بیری دەكردەوە كە لە وانەیە شارێك هەبێ كە لەوێدا لە نێوان كۆیلان و ئەشرافاندا، جیاوازی نەبێ و لەوشارەدا هەمووان ئازادن و تەواوی كەسەكان خاوەنی كەرەسەی ژیانن و ئاو و هەوای ئەوەندە باشە كە كەس لەوێ نەخۆش ناكەوێ و ژن و پیاو لەو شارەدا، لە تەمەنی درێژ بەهرەمەندن و شتی تریش.

ئەوەبوو كاتێك كە سوكر مووسا گوتی كە هەموو ئەفسەران و سەربازان باوەڕیان وایە كە شاری زێڕین هەیە، قسەكەی فەرماندەی سوپای سەلماند و گوتی: پێویست ناكا من لە ئەفسەران و سەربازان بپرسم و دەزانم كە هەمووان دەڵێن ئەو شارە بوونی هەیە.

سوكر مووسا پرسی: مووسا، ئایا تۆ ئامادەی كە شاری زێڕین بۆ پاشا بدۆزیتەوە؟

مووسا گوتی: تۆ فەرماندەی سوپای و من ناچارم كە فەرمانی تۆ جێبەجێ بكەم لەبەر ئەوە من دەڕۆم. مووسا لەگەڵ گالیسكە ئاژۆی خۆی و ژمارەیەك سەربازی میسری، لە پایتەختی ولاتی كۆشەوە كەوتە ڕێ و ڕێگەی باشووری گرتە پێش تا خۆی بگەیەنێتە ((شاری زێڕین)). ئەقڵی ئەو قبوولی نەدەكرد كە شاری زێڕین بوونی هەبێ، بەڵام خەون و ئارەزووەكانی بەویان دەگوت كە ئەو شارە بوونی هەیە.

ئەمڕۆ كە سەدەی بیستەمی زایینییە، ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك، بە ئارەزووەوە دەژین و ئەگەر ئەو ئارەزووەیان لێ وەربگیرێتەوە ئومێدیان بە ژیان نامێنێ. لە سەردەمانی كۆندا



خەڵك زیاتر لەمڕۆ، دڵیان بە ئارەزوو خۆش دەبوو، چونكە خوڕافات زۆر زیاتر لەمڕۆ، بەسەر ئەقڵدا، تەنانەت بە سەر هەستەكانی خەڵكدا، فەرمانڕەوایی دەكرد.

مووسا سەرەڕای ئەوەی كە پیاوێكی خوێندەوار بوو و بە لە بەر چاوگرتنی ڕۆژگاری ئەو زەمانە بە پیاوێكی زانا دەژمێردرا، وەكو ئەوانیتر بیری دەكردەوە كە شاری زێڕین بوونی هەیە. مانای جێگایەك هەیە كە لەوێدا، مرۆڤ دووچاری غەم نابێ و تەمەنی بە خۆشی تێدەپەڕێ و هەر كەس هەرچی بیەوێ و خواستەكەی ئەو لە ڕووی ئەقڵەوە كە شایانی قبوڵ كردن بێ، بەو خواستەی خۆی دەگا.

كاتێك كە مووسا لە میسرەوە كەوتە ڕێ، فەرماندەی گالیسكە جەنگییەكان بوو. ئەو هەر چەندە بەردەوام لەگەڵ سوپادا ڕێی دەكرد، بەڵام لەگەڵ سەربازاندا تێكەڵاو نەدەبوو. لەبەر ئەوەی پلەی فەرماندەیی ئەو، لە نێوان ئەوو سەربازاندا مەوداو بەربەستێكی پێكدەهێنا. بەڵام پاش ئەوەی كە فەرمانی پێدرا، لەگەڵ ژمارەیەك سەربازدا بەرەو شاری زێڕین بڕوا، ناچار، شەو و ڕۆژ لەگەڵ سەربازاندا تێكەڵاو دەبوو.

ئەو لە ڕێگای شاری زێڕین یا (( شاری ئەفسانەیی )) بە سەرۆكایەتی ژمارەیەك سەربازی میسری، وەكو ئەفسەرێكی لێهاتبوو كە ئەمڕۆ بەناونیشانی سەردەستەیەك دەیناسین.

فەرماندەی سوپا لەگەڵ سەربازاندا تێكەڵاو نییە، بەڵام فەرماندەی یەك دەستە، لە ڕێ كردندا، شەو و ڕۆژ لەگەڵ سەربازانی تێكەڵاوە و بیەوێ و نەیەوێ باس و خواسەكانی ئەوانی گوێ لێ دەبێ و گاڵتەو گەپەكانیشیان بەرگوێی دەگاتەوە.

لەو ڕۆژەوە كە سوپا هاتۆتە ئارا سەربازان پێكەوە گاڵتەوگەپیان كردووە و تا ئەو ڕۆژەش سوپا هەیە، سەربازان پێكەوە گاڵتە و گەپ دەكەن. ئەم ڕێسایە لەتەواوی ولاتاندا باو بووە و لە باودا دەبێ.

مووسا وای بەلاوە پەسەندتر بوو كە گاڵتەوگەپی سەربازان نەبیستێ، بەڵام ناچار بوو كە هەرچی ئەوان دەیڵێن گوێبیستی ببێ و لە هەر جێیەك ئەوان بخەون ئەویش لەوێ بخەوێ.

تێكەڵاوبوون لەگەڵ سەربازانی عەوامی میسر، بۆ لاوێكی خوێندەواری وەك مووسا دژوار بوو، بەڵام ئەو دەبوایە ئەو تێكەڵاو بوونە ناسازگارە تەحەمول بكا.

کاتێك بەرەو شاری ئەفسانەیی کەوتنەڕێ، نوون گوتی: ئەی سەروەری گەورە، ئایا دەزانی ئەگەر ئێمە دیسانەوە بەرەو باشوور بڕۆین دەگەینە کۆتایی دنیاو لەوێ ئاگرێك هەیە کە پەنجا یا شەست بەرامبەری ئاگری ئێمە گەرمایی هەیە و هەمووان دەسووتێنێ!

مووسا ویستی بە ئاژۆی خۆی بڵێ کە دنیا، مانای زەوی، کۆتایی نییە بەڵکو خڕە، بەڵام لە باس کردنی ئەم مەسەلەیە خۆی بوارد، چونکە تێگەیشت کە ئاژۆکەی ئەوە قبووڵ ناکا کە زەوی خڕبێ چونکە ناتوانێ خڕ بوونی زەوی تێبگا.

پاش ئەوەی کە سێ ڕۆژ بەرە و باشوور و (بە درێژایی لێواری شەتی نیل) ڕێگایان تەی کرد، نوون لە خاوەنی خۆی پرسی: ماوەی سەفەری ئێمە چەند درێژە دەکێشێ؟

مووسا کە نەیدەزانی سەفەرەکەی چەند درێژە دەکێشێ، هەر بۆ ئەوەی کە وەڵامێکی نوونی دابێتەوە، وەڵامیدایەوە: ئێمە بە فەرمانی سوکر مووسا فەرماندەی سوپا ماوەی سەد ڕۆژ بەرەو باشوور دەڕۆین.

نوون پرسی: ئەگەر پاش سەد ڕۆژ ڕێگا تەی کردن، شاری زێڕینمان نەدۆزییەوە چ دەکەین؟

مووسا گوتی: لەو حاڵەدا دەگەڕێینەوە.

نوون پرسی: ئەی ئەگەر شاری زێڕینمان دۆزییەوە چۆن؟

مووسا گوتی: پاش دۆزینەوەی ئەم شارەش دیسانەوە دەگەڕێینەوە تا بە سوکر مووسا بڵێین کە شاری زێڕینمان دۆزییەوە.

نوون پرسی: ئایا پاش ئەوەی کە شاری زێڕینمان دۆزییەوە تاڵانی ناکەین؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نەخێر، چونکە سوکر مووسا فەرمانی بە ئێمەداوە ئەم شارە بدۆزینەوە و هەواڵی دۆزینەوەی بەو ڕابگەیەنین ئەو نەیگوتووە کە تاڵانی بکەین.

نوون گوتی: حەتمەن سوکر مووسا بە تەمایە تاڵانی شاری زێڕین خۆی بیکا تا ئێمە لە زێر بێبەش بین و هەرچی زێڕێك کە لەو شارەدا هەیە، خۆی بەردەستی بخا.

مووسا گوتی: لەوانەیە وابێ.

نوون گوتی: ئەی سەروەر، ئایا تۆ ڕازی دەبی کە تەواوی زێڕەکانی شاری زێڕین، سوکر مووسا هەڵیبگرێ و هیچی بە نسیبی تۆ نەبێ ؟



مووسا گوتی: من پێویستیم بەزێڕەکانی شاری زێڕین نییە و هەر چەندێك زێڕم بوێ لە پایتەختی میسر بۆ من ئامادەیە و هەروەکو کە بینیت من تا ئەمڕۆ هیچم لە زێڕەکانی کۆش هەڵنەگرتووە، چونکە پێویستیم پێ نییە.

جگە لەوەش سوکر مووسا پاش ئەوەی کە زێڕەکانی شاری زێڕین بەردەست دەخا ناتوانێ ئەو زێڕانە بۆ خۆی هەڵبگرێ، ئەو ناچارە هەرچی زێڕی بەردەستی دەخا بۆ فیرعەونی بنێرێ ئەگەر تەنیا بە ئەندازەی کێشی یەك لە دەی سەنگێك لە زێڕی شاری زێڕین بۆ خۆی هەڵبگرێ، سەری لە لەشی جیادەبێتەوە.

نوون گوتی: بەو شێوەیەی کە ئێمە بەرەو باشوور دەڕۆین دەگەینە جێگایەك کە ون دەبین.

مووسا گوتی: ئێمە هەرگیز ون نابین لەبەر ئەوەی بەردەوام بە درێژایی شەتی نیلدا دەجوولێین و ڕێنمای ئێمە ئەم شەتەیە.

قسەکانی مووسا، کەمێك نوونیان ئاسوودە کرد. ڕێ کردنی مووسا و هاوڕێکانی بە درێژایی شەتی نیل بەرەو باشوور سێ سوودی هەبوو: یەکەمیان کە هەرگیز ون نەدەبوون و شەتی نیل، ڕێنمایەك بوو کە ئەوانی بەرەو باشوور دەبرد و دەیانتوانی پاش دۆزینەوەی شاری زێڕین، دووبارە بە لێوارەکانی ئەو شەتەدا، بەرەو باکوور بگەڕێنەوە و خۆیان بگەیەننەوە میسر. سوودی دووەم لە بەشوێنداچوونی لێوارەکانی ڕووباری نیل ئەوە بوو کە هەرگیز لە ڕووی ئاو، دووچاری تەنگەتاوی نەدەبوون. سوودی سێیەم ئەوە بوو کە دەیانتوانی لە لێوارەکانی ڕووباردا، باڵندە و گیانلەبەرانی گیا خۆر ڕاوبکەن. لەبەر ئەوەی شەتی نیل، لەو ناوچەیەدا تاکە ڕووبار و سەرچاوەی ئاو بوو و هەموو باڵندە و گیانلەبەر و دڕندەکان ناچاربوون بۆ ئەوەی تینوێتی خۆیان بشکێنن، خۆیان بگەیەننە لێواری نیل سەربازانی میسری دەیانتوانی هەموو ڕۆژێك، ڕاو بکەن و کەڵك لە گۆشتی تازە وەربگرن

هەرچی ڕۆژان دەهاتن و تێدەپەڕین لە نێوان مووسا و نوون هۆگرییەکی زۆر تر دەهاتە ئاراوە. نوون کە لە ڕابردوودا ئامادە نەبوو تەنانەت چوار قسە لەگەڵ مووسادا بکا، ئاخاوتنی دورو درێژی لەگەڵ مووسادا دەکرد و هاتە سەرباری ئەوە کە کۆمەڵە وشەیەك لە زمانی خۆیان فێری مووسا بکا. مووسا سەرنجی دا ئەو زمانەی کە ئاژۆکەی فێری ئەوی دەکا زۆر لە زمانی میسری دەچێ و وا دیارە کە زمانی میسری و زمانی قەومی دەشتەکی، کە نوون لە وان بوو، لە ڕابردوودا ریشەیەکی هاوبەشیان هەبووە.

لە ساتەوەختێکی دیکەدا، گەیشتنە ناوچەیەکی شاخاوی و مووسا سەرنجی دا کە ئاژۆکەی بە ترس و تۆقانەوە سەیری لوتکەکانی چیاکانی دەوروبەر دەکا.

مووسا لەوی پرسی: مەگەر تۆ لە چیا دەترسی؟

نوون وەڵامیدایەوە: نا ئەی سەروەر، بەڵام من لە بەعل دەترسم!

مووسا پرسی: ترسانی تۆ لە بەعل چ پەیوەندییەکی بە لوتکەی چیاکانەوە هەیە؟

نوون وەڵامیدایەوە: بەعل و بێچووەکانی زۆربەی کات لە لوتکەی چیاکانن.

مووسا پێکەنی و گوتی: بەوپێیە بێ کاتێك کە تۆ بە ناوچە پێدەشتەکاندا دەڕۆی لە بەعل و منداڵەکانی نا ترسی؟

نوون گوتی: من لە دەشتیش لە بەعل و منداڵەکانی دەترسم، بەڵام نەك بەو رادەیە کە کاتێك بە ناوچەیەکی شاخاویدا تێدەپەڕم.

رۆژێك نوون لەبارەی نیشتیمانی خۆی لەگەڵ مووسا قسەی کرد و گوتی: زێدگای من دەشتێکی بەرفراوانە کە هەمووان بە ناوی ((کەنعان))ەوە ناوی دەبەین.

مووسا گوتی: من ئەم ناوەم زۆر بیستووە.

رۆژێکی دیکە نوون دەربارەی باوو باپیرانی خۆی قسەی کرد و گوتی: با پیرە گەورەی نەتەوەی ئێمە پیاوێك بوو بە ناوی ئیبراهیم ((بەو جۆرەی کە نوون ئەم ناوەی دەگوت: ئورام)) نوون گوتی: ئیبراهیم ((ئورام)) کاتێك ژیاوە کە لە وانەیە وڵاتی میسر بوونی نەبووە و با پیری ئێمە ئیبراهیم، ئەوەندە کۆنە کە هیچ کەس نازانێ لە چ زەمەنێکدا بووە.

مووسا کاتێك ناوی (ئورام)ی بیست گوتی: ئەم ناوە وەك ناوە میسرییەکان وایە.

نوون گوتی: میسرییەکان ناوەکانی خۆیان لە ئێمە وەرگرتووە و ئەمەش تەنیا هەر تایبەت بە ناو نییە و هەر چی شتێکی باش کە لە میسر هەیە لە ئێمەی کەنعانییەوە وەرگیراوە، بەو شێوەیەی کە  گوتم رۆژێك کە باپیرەمان ئیبراهیم هەبوو لە وانەیە وڵاتی میسر هەر نەبووبێ.

نوون لە بارەی باو باپیرانی خۆیەوە زۆری قسە کرد، بەڵام وەك هەموو ئەندامانی هۆزە دەشتەکییەکان نەیدەتوانی مێژوو لە مەزهەب جیا بکاتەوە و هەرچی دەیگوت روویەکی مەزهەبی هەبوو. ئەو ناوی هەرکام لە باپیرانی خۆی دەگوت دیار نەبوو کە ئایا یەکێك لە خوایان بووە یان یەکێك لە تاکەکانی بەشەر بووە.



نوون کە نەیدەتوانی مێژووی باپیرانی خۆی لە مەزهەب جیا بکاتەوە، نەیدەتوانی کە خورافە لە مێژوو و مەزهەب جیا بکاتەوە و هەر رووداوێك کە دەیهێنایە سەر زمانی وێرا بە خورافە بوو.

لە قسەکانی نوون، مووسا واتێگەیشت کە باپیرەی یەکەم و گەورەی قەومی دەشتەکی کەنعان، ئیبراهیم بە قەولی نوون (( ئورام)) بووە. ئەو سەرۆکی میللەت بووە و پاش ئەو، سەرۆکایەتی قەومی دەشتەکی کەنعان بۆ ئیسحاق کوڕی ئیبرهیم بووە و (نوون ناوی ئیسحاقی بە (( پترهانگ)) دەخوێندەوە). پاش ئیسحاق سەرۆکی قەومی دەشتەکی کەنعان بە یەعقوب گەیشتووە. نوون ئەم ناوەی بە ((یاکوب)) دەخوێندەوە و یەعقوب ناوێکی مەزن و ئاسمانیی هەبووە کە ئیسرائیل بوو. (نوون ئەم ناوەی بە ((یەس رایل)) دەخوێندەوە).

پاش ئەوە نوون بە سەرهاتێکی دیکەی دەربارەی با پیرانی خۆی بۆ مووسا گێڕایەوە کە کوڕەلاوی سەرمەست و سەرسام کرد و ئەو بە سەرهاتە، بە سەرهاتی کوڕی یەعقوب (یوسف) بوو. بەڵام نوون ناوی (یوسف)ی بە (یوسپ) دەخوێندەوە و مووسا تێگەیشت کە ئەم ناوەش ناوێکی میسرییە.

بە سەرهاتی یوسف کوڕی یەعقوب لە سەر زمانی نوون دورو درێژ بوو و ماوەی چەند رۆژ درێژەی کێشا و نوون گوتی کە یوسف لە رێگای بازرگانێکی کۆیلەفرۆش چووە ناو میسر و ئەو بازرگانە یوسفی بە بازرگانێکی میسر کە ناوی (پوتیفار) بوو فرۆشت. ژنێکی جوان دڵی بە یوسفدا چوو، بەڵام یوسف دڵی بەلای ئەوەوە نابێ، بۆیە ژنە یوسف تاوانبار دەکا کە یوسف بە تەمای ئەوە بووە لاقەی بکا. پاشان یوسف دەخەنە زیندانەوە و ئەو لاوە ماوەیەك لە زینداندا دەمێنێتەوە و پاش زیندان، ئازادکراو گەیشتە پلەی وەزیر لە میسر.

کاتێك بەسەرهاتی نوون، دەربارەی یوسف، تەواوبوو گوتی: ئیسرائیل، مانای یەعقوب، دوازدە کوڕی هەبوو. لە هەرکام لەو کوڕانەی ئەو، یەکێك لە دوازدە تیرەکەی ئیسرائیل لقیان لێ بۆوە.

مووسا گوتی: ئەی برای من، تۆ لە کام تیرەی ئیسرائیلی؟
تا ئەو رۆژە مووسا، غولامی خۆی بە ناونیشانی ئەی برای من بانگ نەکردبوو. نوون لەو ناونیشانە بە جۆرێك حەپەسا کە بە دەمێکی ئاوەڵاوە لە خاوەنی خۆی روانی و پاشان پرسی: ئەی سەروەر، چت گوت؟

مووسا پرسیاری خۆی دووبارە کردەوە و نوون گوتی: من تێگەیشتم کە تۆ لە من دەپرسی کە لەکام تیرە لە دوازدە تیرەکەی ئیسرائیلم و هۆکاری حەپەسانی من ئەوەیە کە تۆ منت بە ناونیشانی (( ئەی برای من )) بانگ کرد، لە حاڵێکدا کە من برای تۆ نیم، بەڵکو من غولامی تۆم و تۆ لە کوێ و من لە کوێ!

مووسا گوتی: تۆ برای منی، چونکە منیش وەك تۆ لە نەتەوەی ئیسرائیلم.

لەو کاتەدا نوون بۆ یەکەم جار، بە نیگایەکی دیکەوە لە قەڵافەتی مووسای روانی و بینی کە لە قەڵافەتی ئەودا، سیما و نیشانە گەلێك هەیە پیشانی دەدا کە ئەو لە نەژادی ئیسرائیلیانە و بە تایبەتی لووتی مووسا، شایەتی دەدا کە ئەو بە کوڕانی ئیسرائیل دەژمێردرێ.

پاش ئەوە پرسی: ئەی سەروەری گەورە، ئایا بە ڕاستی تۆ لە نەژادی ئیسرائیلی؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی برای من. بەڵام تۆ هێشتا بە منت نەگوت لە کام تیرە لە دوازدە تیرەکەی ئیسرائیلی؟

نوون وەڵامیدایەوە: من لە تیرەی ( لوی)م و ئایا دەکرێ پێم بڵێی تۆ لە کام تیرە لە دوازدە تیرەکەی ئیسرائیلی؟

مووسا گوتی: من لەو تیرەیەم کە دانیشووانی سەرزەوینی کۆش لە رۆژهەڵاتی دەلتای شەتی نیل لەو تیرەیەن.

مووسا و هاوڕێیانی کە ماوەیەك بوو بە درێژایی نیلی شیندا ریگایان تەی دەکرد ئەوێ یان لە پاش خۆیانەوە بە جێهێشت.[٤٨]

شەتی نیل کە هێشتا لە ناوچەی نیلی شیندا یەك رووباری گەورە بوو، بوو بە رووبارێکی چیایی و مووسا و هاوڕێکانی لە لێواری ئەو رووبارە هەر وەکو پێشان بەرەو باشوور دەرۆیشتن.

مووسا و هاوڕێیانی پێیان نابووە ناوچەیەکەوە کە گالیسکە بەوێدا تێ نەدەپەڕی و لێوارەکانی رووبار، کە لقی ئەسڵیی رووباری نیل خۆی بوو، ئەوەندە ناهەموار خۆی دەنواند

(٤٨) شەتی نیل چەندین هەزار سەرچاوەی هەیە کە پاش ئەوەی بەیەك دەگەن دوو رووباری گەورە پێکدەهێنن یەکێکیان بە ناوی نیلی شین ((بە بۆنەی رەنگی ئاوەکەوە)) و ئەوی تر بە ناوی نیلی سپی ناودەبرێ و ئەم دوو رووبارە لە نزیك (خەرتووم) پایتەختی ئێستای وڵاتی سودان بەیەك دەگەن و شەتی گەورەی نیل پێکدەهێنن. ((و.ف))



کە نەیان دەتوانی گالیسکە بەوێ دا رەت بکەن. ئەوە بوو گالیسکەکانیان لە ئەسپەکان کردەوە و سواری ئەسپەکان بوون و درێژەیان بە رێ کردنی خۆیاندا.

رێگای تێپەڕبوونی مووسا و هاوڕێیانی، دۆڵێك بوو کە لە لێواری رووباری نیلەوە تا دەگاتە لوتکەی چیاکانی دەوروبەر سەوز خۆی دەنواند. نوون، ئاژۆی گالیسکەکەی مووسا دەیگوت لە هیچ جێیەك زەویم ئەوەندە بە سەوزی نەدیوە.

رۆژان هەوا گەرم بوو، بەڵام نەك بەوڕادەیە کە نارەحەتیی دروست بکا. شەوانیش، بە جۆرێك سارد دەبوو، کە مووسا و هاوڕێیانی ئاگریان هەڵ دەکرد تا خۆیان گەرم بکەنەوە و بتوانن بخەون.

یەکێك لەو شتانەی کە هۆکاری سەرسوڕمانی مووسا و نوون و سەربازان بوو، ئەوەبوو کە گیانلەبەرانی ئەو سەر زەوینە، هێشتا دووچاری زۆرداریی تیرەی بەشەر نەببوون تاکو لە وان بترسن.

لە بەرەبەیانەوە تا شەو، رەوە مەیمون، بە دوای مووسا و هاوڕێیانییەوە بوون. کۆمەڵە خێزانێکی شێران، کاتێك تێپەڕبوونی سەربازانی میسرییان دەدی نە دەترسان و نە دەکەوتنە سەرباری ئەوەی پەلاماری ئەوان بدەن. تەنانەت، پڵنگەکان، کە بە سەر تاتە بەردەکانەوە دانیشتبوون، تێپەڕبوونی سەربازانی میسرییان دەدی بێ ئەوەی کە بترسن یان خەریکی ئەوەبن کە رابکەن.

هەر کاتێك گوێ درێژانی بارکێش، لە سووپای بچووکی مووسا، دەستیان بە زەڕین دەکرد و دەنگی ئەوان لە نێو دۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە، گیانلەبەرانی دیکەی وەك مەیمونەکان و بەورەکان بە دەنگی تایبەتی خۆیان وەڵامی ئەوانیان دەدایەوە.

لە هەندێك نوختەدا ئەوەندەی بزنە کێوی لێبوو کە کاتێك بە سەر بەردەکانی چیادا تێدە پەڕین، دەنگی تێپەڕینی ئەوان، دەنگی جووڵانەوەی گالیسکەکانی دێنایەوە بیر کە بە سەر بەردەڵانەکاندا دەرۆیشتن. یەك لەو گیانلەبەرە سەیرانە کە لەو ناوچەیەدا کەوتە بەرچاوی مووسا و کەسانیتر گیانلەبەرێك بوو وەك ئەسپ کە شاخێکی ئاسۆیی بەسەر نێو چاوانییەوە بوو و هاوڕێیانی مووسا ئەو گیانلەبەرانەیان ناونا ئەسپی شاخدار.

لەو سەر زەوینەدا کۆمەڵە باڵندەیەك بە پەڕی رەنگاو رەنگ و بریسکەدارەوە دەفڕین کە مووسا لە هیچ جێگایەك نەی دیبوون.

هەموو بەیانییەك، كاتێك گیانلەبەرانی گیا خۆر بۆ ئاو خواردنەوە دەهاتنە لێواری رووباری نیل، هاوڕێیانی مووسا چەند گیانلەبەرێكیان بە ئاسانی راو دەكرد و بە فەرمانی مووسا، ئەوان زیاد لە رادەی پێویست راویان نە دەكرد و هەمیشە گۆشتی تازەیان هەبوو.

سەرباری گۆشتی گیانلەبەرانی گیا خۆر، رووباری نیل ئەوەندەی ماسی هەبوو كە بۆ خواردنی سوپایەكی گەورە بەشی دەكرد تا دەگاتە سوپای بچووك و سەربازانی ژمارەكەمی مووسا.

شەوانە، كاتێك ئاگریان هەڵ دەكرد، سەگی كێوی لە ئاگر نزیك بوونەوە و هەر چەندە دەوەڕین، بەڵام دیار بوو كە حەزیان دەكرد هۆگری مووسا و هاوڕێیانی بن.

مووسا، كاتێك ئارەزووی سەگە كێوییەكانی بۆ بینینی ئاگر بینی، هەستی كرد كە تیرەی سەگ بەو هۆیەوە هۆگربوونی بەرامبەر ئاگر هەبووە، خووی بە مرۆڤەوە گرتووە و ماڵی بووە. ئەگەر ئەو و هاوڕێیانی ماوەیەك لەو سەر زەوینەدا بمابانەوە و هەر شەوێك ئاگریان هەڵكردبایە، دوور نە بوو سەگە كێوییەكانی، یان تولە سەگەكانی ئەوان ماڵی بكەن.

شەوێك وەحشەتی ئەسپەكان بووە هۆی ئەوەی كە مووسا و نوون و ئەوانی تر لە خەو راپەڕن و لەبەر رووناكی مانگ بینییان شێرێك چۆتە سەر پشتی ئەسپێك و بە زەوی داداوە.

مووسا بە چاپووكییەوە چەقۆیەكی بەرەو شێرەكە هاویشت و چەقۆكە لە پشتی شێرەكە چەقی. ئەوانی تریش كۆمەڵێك چەقۆیان بۆ شێرەكە هاویشت و لە ماوەیەكی كەمدا، شێرەكە، بە هۆی ئەو چەقۆیانە كە لە بەدەنیدا چەقی بوون، وەك ژوشكی لێهات و ئیدی نەیتوانی لە جێی خۆی بجوولێ. سەربازان لاشەی شێرەكەیان لە سەر ئەسپەكە دوورخستەوە، بەڵام ئەسپ مرد بوو.

مووسا و هاوڕێیانی، لە رووداوەكەی ئەو شەوەوە پەندیان وەرگرت و تێگەیشتن كە لە كاتی خەوتندا دەبێ ئەسپەكان لە جێگایەك رابگرن كە نەكەونە بەر پەلاماری شێرانەوە.

ئەو سەرزەوینەی كە بواری رۆیشتنی مووسا و هاوڕێیانی بوو، ئەوەندە گیانلەبەری گیاخۆری لێبوو كە شێران ناچار نەبوون، بۆ تێركردنی سگی خۆیان هێرش بەرنە سەر ئەسپانی سوپای بچووكی مووسا، بەڵام وا پێدەچوو شێوەی ئەسپەكان سەرنجی شێرانی راكێشابوو، چونكە تا ئەو كاتە ئەم جۆرە ئاژەڵەیان لەو ناوچەیەدا نەدیتبوو، وەك بڵێی وایان وێنا دەكرد كە ئەسپ خواردنێكی بە تامە و دەیانویست ئەو خواردنە تازە و بە تامە بخۆن.



رۆژێك لە كاتی رێ كردن دا، سمی ئەسپی رەنگ زەردی مووسا كە ناوی (كاری) بوو كەوتە كونێكەوە كە پاشان دەركەوت كونی مارە و لولاقی ئەسپەكە شكا. لەبەر ئەوەی هەمووان دەیانزانی ئیدی ئەو ئەسپە توانای رێكردنی نییە ناچاربوون ئەو گیانلەبەرە بەرەڵا بكەن، بەڵام هەر ئەوان دووركەوتبانەوە شێران هێرشیان دەبردە سەر ئەو ئاژەڵە و پارچە پارچەیان دەكرد. ئەوە بوو گوتیان دەبێ ئەو ئەسپە لە ناوببرێ تا شێرەكان پارچە پارچەی نەكەن.

مووسا نەیدەتوانی ئەو ئەسپە لە ناو ببا، چونكە بە جۆرێك خووی بەو ئەسپەوە گرتبوو كە ئەو گیانلەبەرەی وەك دۆستێكی دڵسۆز دەبینی. بۆیە یەكێك لە سەربازەكانی راسپارد كە ئەو ئەسپە لە ناو ببا. ئەو بە ئەندازەیەك نیگەران بوو، كە نەیتوانی دیمەنی لە ناوبردنی ئەسپەكەی ببینێ.

ئەو رۆژە، كە ئەسپەكەیان لە ناوبرد، نوون، غولامی مووسا، تەختەی هێڵەكانی خۆی بینی و هێڵەكانی سەرتەختەكەی ژمارد و بینی كە چل و نۆهێڵی لە سەر هەڵكەنراوە.

روونكردنەوەی ئەم كارە ئەوە بوو كە ئەو رۆژە نوون لە مووسای پرسی ماوەی سەفەری ئێمە چەند رۆژ درێژە دەكێشێ و مووسا وەڵامیدایەوە، سەد رۆژ، تەختەیەكی هێڵی ئامادە كرد و هەموو بەیانیان، پاش ئەوە كە لە خەو هەڵدەستان، پێش ئەوەی كە بكەوێتە رێ لە سەر رووی ئەو تەختەیە، هێڵێكی هەڵدەكەند تاكو حسابی ژمارەی ئەو رۆژانە كە لە سەفەرەكەیاندان، لە بەر دەستی دەرنەچێ. ئەو رۆژە، لە رێگای ژمارەی هێڵەكانەوە، زانی لەو رۆژەوە كە مووسا سەفەری تێدا دیاری كردووە، چل و نۆ رۆژ تێپەڕیوە.

ئینجا گەیشتنە جێگایەك كە رووباری نیل پێچێكی گەورەی دەدا و ئەوان پاش ئەوە كە ئەو پێچەیان تەی كرد دیسانەوە چوونەوە سەر خەتی باشوور.

چەند رۆژێكی تر، پێیان نایە ناوچەیەكەوە كە چیاكان، لە دوو لای ئەوێدا، بەرزتر خۆی دەنواند و رووباری نیل تەسك تر و لە ئەنجامیشدا قووڵ تر دەبوو و دیسانەوە بچووكترین شوێنەوارێكیان لە بوونی مرۆڤ بەدی نەكرد.

لە هەندێك نوختەدا، چیاكانی هەردوو بەری رووباری نیل، ئەوەندە بەرز دەبوونەوە، كە خۆر هەر لە بەیانییەوە تاكو ئێوارە لە سەرەڕێی سوپای بچووكی مووسای نەدەدا مەگەر كاتی نیوەڕۆیان، كە خۆر دەگەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان و هەر كە دوو سەعات لە نیوەڕۆ تێدەپەڕی، دنیا بە جۆرێكی لێدەهات كە وەكو بڵێی خۆر لەوێ ئاوا بووە.

هەموو سەربازانی سوپای بچووکی مووسا کە میسری بوون، داستانی پەیوەست بە رووباری نیلیان دەزانی. ئەم داستانە ئەوەبوو کە کەس لە سەرچاوەی رووباری نیل نەگەڕاوەتەوە و هەموو ئەو کەسانەی بۆ بینیی سەرچاوەی رووباری نیل رۆیشتوون، هەر لەوێ مردوون، چونکە سەرچاوەی نیل لە کۆتایی دنیادا هەڵکەوتووە. بەرزبوونەوەی چیاکان و تەسك بوونەوەی پانایی رووباری نیل پیشانی سەربازانی دەدا کە داخڵی وارێك بوون کە ئیتر گەیشتۆتە کۆتایی جیهان و سەرچاوەی رووباری نیل.

سەربازان ئەوەندەیان رێگا تەی کرد بوو کە هەندێکیان دەیانگوت گریمان ئێمە پاش ئەوەی دەگەینە شاری زێڕین، کە دەبێ کەوتبێتە سەرچاوەی رووباری نیل، زیندووش بمێنین، ئەوا ناتوانین دووبارە بگەڕێینەوە، مانای پێش ئەوە بگەینەوە میسر، لە ئاکامی درێژیی ماوەی سەفەری گەڕانەوە دەمرین.

رۆژێك، کە لە کاتی راوەستان بۆ پشوودانی شەوانە لە دەرەوە چیایەك، دەرکەوت کە لوتکەکەی دەگەیشتە هەورە رەنگ ئەرخەوانییەکانی ئاسمان و وەك بڵێی خەرمانەیەکی ئاگر، لوتکەی ئەو چیایەی گرتۆتە خۆی.

نوون بە پەنجەی دەست، لوتکەی ئەو چیایەی پیشانی مووسا دا و گوتی: ئەی سەروەر، تەماشا کە، ئەوێ کۆتایی دنیایە و ئەو ئاگرەی کە دەیبینی هەمان ئەو ئاگرەیە کە گوتم لە ئاگرەکانی ئێمە زۆر سوتێنەر ترە. لەبەر ئەوەی ئێمە گەیشتووینە کۆتایی دنیا دەبێ بگەڕێینەوە.

مووسا تووڕە بوو و گوتی: من ناتوانم کارێك کە پێم سپێردراوە بە جێ بێڵم و بگەڕێینەوە هەر لەبەر ئەوەی کە تۆ خوڕافەپەرستی، تۆ کە پیاوێکی خەیاڵ پەرستی وا وێنا دەکەی کە ئێرە کۆتایی دنیایە. لە حاڵێکدا کە دنیا کۆتایی نییە  بەو بەڵگەیەی کە خرە و ئێمە، هەر چەندێك رێگا ببڕین، هەرگیزناگەینە کۆتایی دنیا و ئەگەر لە سەر یەك هێڵ بڕۆین، دەگەینەوە هەمان خاڵی دەسپێکی خۆمان.

لەوەش بترازێ، ئەم کارە کە بە من سپێردراوە یەك راسپێری جەنگییە و دەبێ من ئەنجامی بدەم و ئەگەر ئەنجامی نەدەم دەکوژرێم. سوکر مووسا، فەرمانەدەی سوپا، فەرمانی بە من کردووە کە بەلای کەمەوە سەد رۆژ بە دەم لێواری رووباری نیلدا رێگا تەی بکەم بەڵکو بگەمە شاری زێڕین. من دەسەڵاتم هەیە لە سەد رۆژ زیاتر رێگا بڕۆم، بەڵام ناتوانم لە سەد رۆژ کەمتر رێگا ببڕم.



نوون گوتی: ئەی سەروەر، ئەگەر تۆ هەر ئەلێرەوە بگەڕێیتەوە، کێ دەزانێ کە تۆ لە سەد رۆژ کەمتر رێگات بڕیووە؟

مووسا گوتی: کاتێك من گەڕامەوە فەرماندەی سوپا لە من دەپرسێ چەند رۆژ رێگات بڕیوە من ناچارم کە راستی بەو بڵێم، چونکە من درۆ بەسەر زمانمدا نایە.

گریمان من بتوانم درۆ بکەم، فەرماندەی سوپا لە یەکە یەکەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ مندان دەپرسێ کە چەند رۆژ، بەرەو باشوور، رێگامان بڕیوە و دواجار پەی بە درۆکەی من دەباو سەرم لە لەشم جیادەبێتەوە. نوون گوتی: سوکر مووسا ناتوانێ سەری شازادەیەکی میسری لە لەشی جیا بکاتەوە. مووسا گوتی: من دەنێرێتەوە میسر و فیرعەون فەرمان دەردەکا سەرم لە لەشم جیا بکەنەوە. بەهەرحاڵ، من درێژە بە رێگای خۆم دەدەم و دیسان بەرەو باشوور دەڕۆم بەڵکو بتوانم بگەمە شاری زێڕین و فەرمانی فیرعەون و فەرماندەی سوپا لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکەم. ئەو شەوە هەورێکی رەش ئاسمانی داگرت و هەورە تریشقە چەخماخەی دا و هەور گرماندی و بارانێکی تووند دایکرد و بارانەکە ئەوەندە توند بوو کە ئاوی رووباری نیل لە ماوەیەکی کەمدا زیادی کردو رووبار هەستا.

دەنگدانەوەی هەورە بروسکە لەو ناوچە شاخاویەدا ئەوەندە ترسناك بوو کە نوون لە ترساندا دەستی کرد بەگریان، مووسا کە دەیزانی وەحشەتی ئەو لاوە ئیسرائیلییە لە خوڕافەپەرستی رایە بایەخێکی پێ نەدا تاکو باران بڕایەوە و ئاسمان لە هەوران ساف بوو و ئەستێرە درەوشانەوە. ئینجا مووسا لوتکەی ئەو چیایەی، کە کاتی عەسر، سوور خۆی دەنواند، پیشانی نوون داو گوتی: ئەگەر ئەوێ کۆتایی دنیا بوایە و ئاگر لەوێ هاتبایە دەرێ، تۆ لەم ساتەدا کەشەوە، ئاگرت لە کاتی ڕۆژ باشتر دەدی، بەڵام بەو جۆرە کە دەیبینی لە وێ ئاگر بوونی نییە و تۆ عەسری ئەمڕۆ بینیت، ئەوە هەوری ڕەنگ سوور بوو و ڕەنگی هەورەکانیش لە نوری هەتاوەوە هاتووە نەك لە ئاگری کۆتایی دنیا. تۆ دەبینی ئێمە بە بناری ئەو چیایەدا تێدەپەڕین و چیایەکە لە پشت خۆمانەوە دەبینین، لە حاڵێکدا هەر کاتێك ئەو چیایە کۆتایی دنیابێ، ئێمە ناتوانین لەوێ تێپەڕین.

پێشبینی مووسا ڕاست دەرچوو. بە بناری ئەو چیایە دا،کە ڕووباری نیلی پێدادەڕۆیشت، تێپەڕین و چیاکەیان لە پشت خۆیانەوە بە جێ هێشت. مووسا جارێکی دیکە چیاکەی پیشانی نووندا و گوتی: ئایا ئێستا باوەڕ دەکەی کە ئەم چیایە کۆتایی دنیا نییە؟

نوون باوەڕی کرد  کە ئەو چیایە کۆتایی دنیا نییە. بەڵام نەیتوانی بیرۆکەی کۆتایی دنیا لە خۆی دووربخاتەوە. ئەو یەقینی هەبوو کە جیهان سنوورێکی هەیە کە لەوێ، دنیا کۆتایی دێ و هەر ئەوێش ناوەندی ئاگرە. پاش ئەوە کە لەو چیایە تێپەڕین پێیان نایە ناوچەیەکەوە کە چیای لێ نەبوو و نیوە بیابان بوو، مانای زەوی و زاری ڕووباری نیل نە بەتەواوی بەیار بوو، نە بەتەواویش گیاو درەختی لێبوو.

لەو زەوی و زارانەوە چەند رووباری بچووك، بەو رووبارەوە پەیوەست دەبوون کە مووساو هاوڕێیانی لە لێواری ئەودا رێگایان تەی دەکرد. پیاوە لاوەکە کەوتە ئەو بیرە کە لە وانەیە بگاتە جێگایەك کە نەتوانێ لە نێوان ڕووباری ئەسڵیی نیل و ئەو ڕووبارانە دا جیاوازی بکا.

مووسا و هاوڕێیانی ماوەی سێ ڕۆژ لەو پێدەشتە نیوە بیابانەدا، کە رووباری نیلی پێدا دەڕۆیشت سەفەریان کرد. لە ڕۆژی سێیەمدا مارێکی ژەهراوی بە مووسایەوە دا. ئەو توانی بە شمشێرەکەی خۆی مارەکە بکوژێ، بەڵام لاشەی مارەکەیان ناسی و زانییان کە مارێکی ژەهراوییە.

مار بە بن پاژنەی پێی مووسایەوە دابوو کاتێك نوون تێگەیشت کە مارێکی ژەهراوی بە مووسایەوە داوە، نەشتەرەکەی خۆی هەڵکێشا و بە مووسای گوت: ئەی سەروەر، من دەمەوێ شوێنی چزووەکە ببڕم چونکە ئەگەر ئەو شوێنە نەبڕێت، دەمری.

مووسا ڕازی بوو کە نوون بە نەشتەرەکەی خۆی بەشێك لە گۆشتی پاژنە پێی ئەو ببڕێ. پاش ئەوەی بەشێك لە گۆشتی پاژنە پێی مووسا بڕدرا، نوون دەمی خۆی لە شوێنی برینەکە نزیك کردەوە و خوێنی مووسای مژی و سات بە دوای ساتدا ئەو شوێنە کە مژی بووی، لە دەمییەوە تفی دەکردەوە تاکو ژەهری مارەکە لە لەشی مووسا بێتە دەرێ.

کاریگەری ژەهر بە ڕادەیەك لە بەدەنی مووسادا بە هێز بوو، کە لە حاڵێکدا نوون برینی پاژنە پێی مووسای هەڵ دەمژی تا خوێنەکەی بێتە دەرێ، مووسا لە هۆش خۆی چوو بورایەوە.

لە ئاکامی ئەو ڕووداوە، رێکردنی سوپای بچووکی مووسا ڕاوەستا و سەربازان هەر لەو جێیەدا کە مووسا مار پێوەی دابوو، ڕاوەستان.

مووسا نەیدەزانی چی بەسەر ئەو دێ، چونکە هۆش و هەستی نەبوو. بەڵام ئەوانی تر دەیان بینی سەر تاپێی وی دەلەرزێ. لەو سەعاتە بە دواوە، تا ڕۆژی پاشتر لە هەمان جێ، مووسا لە حاڵی بورانەوەدا بوو و سەر تا پێی دەلەرزی و کاتێك عەسری ڕۆژی پاشتر چاوی



کردەوە و لەو کاتە دا هەڵ لەرزینی لەشی نەما، بەڵام لاوازبوونی گشتی هەرمابوو و ئەو پیاوە لاوە نەیتوانی بجوولێتەوە.

لە کاتێکدا کە مووسا هەڵ دەلەرزی و لە هۆش خۆی چوو بوو، نوون تەنانەت تاوێکیش هەدای نەدا. نوون هەوڵی دەدا کە مووسا فێنك بکاتەوە و پارچەدارێکی خستبووە نێوان هەردوو ددانییەوە تاکو مووسا لە کاتی هەڵ لەرزین و پێکدادانی ددانەکانیدا، زمانی خۆی نەبڕێ.

نوون جێگا خەوێکی دوور لە منزڵگای سەربازانی بۆ سەروەری خۆی ئامادەکربوو  تا ژاوە ژاوی ئەوان، مووسا نارەحەت نەکا. نوون سەرەڕای ئەوەی کە کۆیلە بوو، تێدەگەیشت کە مارانگاز پێویستی بە پشوودان هەیە و دەبێ لەشی ئاسوودە بێ تا وردە وردە کاریگەریی ژەهر لە بەدەنی ئەو بچێتە دەرێ.

پاش ئەوەی کە مووسا بە هۆش خۆی هاتەوە و چاوی کردەوە، گەرچی هەڵ لەرزینی لەشی نەمابوو، تووشی وڕێنە ببوو و بێ ئاگا لە خۆی، هەرچی لەناو دڵیدا دابوو بەسەر زمانیدا دەهات. مووسا تەواوی نهێنییەکانی پەیوەست بە لە دایکبوونی خۆی درکاند و نوون کە تیماری ئەوی دەکرد، لە زمانی مووساوە گوێی لێبوو کە ئەو کوڕی فیرعەون نییە، بەڵکو کوڕی یەکێك لە تاکەکانی نەتەوەی ئیسرائیلە کە لە سەر زەوینی کۆش کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەلتای نیل دەژیان و دەژین و دایکی، ئەوی بە ڕووباری نیلدا داداوە و شازادەخانمێکی میسری کە بە هاوسەری پاشا دەژمێردرا، ئەوی لە ئاو گرتۆتەوە و لە مردن ڕزگاری کردووە.

مووسا لە نێوان وڕێنەکانیدا هۆکاری ڕزگاربوونی خۆشی بە دەستی شازادەخانمی میسری گوت و درکاندی کە ئەو شازادەخانمە حەزی دەکرد کە لە فیرعەون کوڕێکی ببێ، بەڵام نەیدەبوو، چونکە نەزۆك بوو، هەر بەو هۆیە ئەوی لە ئاوی نیل گرتەوە و ماوەیەك لە کۆشکی پاشایەتی میسر دوورکەوتەوە تا بتوانێ وەزعی سکپڕیی خۆی بشارێتەوە و ئینجا ئەو، کە بە هەمووانی ڕاگەیاند کوڕەکەی ئەو کوڕی فیرعەونە، گەڕایەوە بۆ پایتەختی میسر.

ئەو ڕۆژە، نوون زانی مووساش وەکو ئەو غولام زادەیە کە ئەویش ئەو ڕۆژە، لە زمانی مووساوە بیستبووی کە ئەو لە نەژادی ئیسرائیلە، بەڵام نەیدەتوانی تێبگا چۆن کەسێك کە کوڕی پاشای میسرە لە نەژادی ئیسرائیلە. بەڵام ئەو ڕۆژە نهێنی لە دایکبوونی مووسای لە زمانی خۆیەوە زانی و مات بوو بوو.

سەرەڕای ئەوەی نوون پیاوێك نەبوو خاوەنی بیرکردنەوەیەکی بەرین بێ، ئەو ڕۆژە لە سەیر و سەمەرەیی ڕووداوەکانی ژیان دووچاری حەپەسان هات و پاشان دەستی کرد بە گریان چونکە وای وێنا دەکرد کە مووسا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

ئەو پیاوە بۆ چەند شتێك دەگریا، یەکەمیان ئەوە بوو کە دەیزانی مووسا برای نەژادیی ئەوە و فرمێسکی بۆ دەڕشت کە بۆچی دەبێ لەو ساتەدا کە نەژادی مووسای ناسیوە و زانی کە ئەو برای نەژادی وییە، ئەو لە دەسبدا. هۆکاری دووەمی فرمێسك هەڵڕژتنی وی ئەوە بوو کە تێدەگەیشت مووسا زۆر لەوە باشترە کە ئەو وێنای دەکرد.

مووسا لەبەر ئەوەی شازادەی میسر بوو و هەمووان ئەویان بە کوڕی فیرعەون دەزانی، دەیتوانی هەر کارێك کە ئارەزووی بکا، بیکاو سەرپێچییەکانی ئەو، بە توندی سزا بدا. بەڵام مووسا بواری ئەوەی نەدەدا و تەنانەت کاتێك کە ویستی مووسا بکوژێ، ئەو وازی لە کوشتنی وی هێنا کە مستەهەقی کوشتنیش بوو.

مووسا بە جۆرێك ڕەفتاری لەگەڵ ئەودا دەکرد وەك بڵێی لە ڕووی پلەوە، لەگەڵ ئەودا یەکسانە. هەمان ئەو خواردنەی کە خۆی دەیخوارد هەر لەوەشی دەرخواردی نوون دەدا و لە هەمان جێگا خەوی خۆی کە پشووی تێدا دەدا، ئەویشی دەخەواند.

سێیەمین هۆکاری گریانی نوون ئەوە بوو کە ئەو دەهاتەوە بیری کە هەرگیز پیاوێکی نەدیوە کە وەك مووسا خاوەنی سیفەتگەلی ناکۆك بە یەك بێ. مووسا سیفەتگەلی ناکۆك بە یەکی نەبوو، بەڵام نوون وای وێنا دەکرد کە خاوەنی سیفەتگەلی ناکۆك بە یەکە.

ئەو غولامە دەشتەکییە، کاتێك ئازایەتی مووسای دەبینی ولە هەلومەجێکی دیکەدا بەزەیی ئەوی دەبینی وای گومان دەکرد کە ئازایەتی و بە زەیی پێداهاتنەوە بەیەك ناکۆکن و کەسێك قارەمانێتی تێدا بێ، نابێ بە زەیی هاتنەوەی هەبێ.

نوون یەقینی هەبوو کە مووسا خاوەنی ژیرییەکی بەهێز و زانیارییەکی بەربڵاوە. بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕی بە خوڕافە نەبوو، ئەو غولامە ئەوی بەبێ ئەقڵ و نەزان دادەنا و وای وێنا دەکرد کە ئەگەر مووسا زانا بوایە وەکو ئەو، باوەڕی بە خوڕافە ( مانای ئەو شتانەی کە نوون ئەوانی بە بەشێك لە ڕاستییەکان دادەنا ) دەبوو.

نوون بێباکی خاوەنەکەی لە بەرامبەر خۆ ڕازاندنەوە و خۆدەرخستن و دووركەوتنەوە لە شانازی کردن وا لێك دەدایەوە کە لە ناشایستەیی ئەوەوە هاتووە.



ئەو غولامە نەیدەتوانی لەوە تێگا کە وەختێك ڕوحی مرۆڤێك گەورە بێ لە بارەی خۆ جوان کردن و خۆ دەرخستنەوە بێباك دەبێ و شانازی بە سەر کەسانی دیکەوە ناکا. بەڵام خۆپاراستنی لەبەرامبەر ژنان لە گۆشەنیگای ئەو غولامەدا بە کارێکی لە سەروو ئاسایی خۆی دەنواند، ئەو کۆیلە لاو و بەهێزە نەیدەتوانی تێبگا چۆن پیاوێکی لاو و بەهێزی وەك مووسا دەتوانێ خۆی لە ژن لابدا.

هۆکارێکی دیکە کە دەبووە هۆی ئەوەی ئەو غولامە بۆ خاوەنی خۆی بگری ئەوەبوو کە ئیدی وای بیر دەکردەوە، ئەو، وردە وردە لە بیری دەچۆوە کە غولامێکە، چونکە لە هەر ڕووێکەوە خۆی لەگەڵ مووسادا بە یەکسان دەبینی و ڕەفتاری پیاوە لاوەکە دەرهەق بەو، ڕەفتاری مەزنێك بەرامبەر بە کۆیلەیەك نەبوو، بەڵکو لە رەفتاری برایەك بەرامبەر بە برایەکی تر دەچوو.

نوون کە خووی ڕەنج کێشان و دارکاری کردنی لە دەس دابوو، نەیدەتوانی پاش مردنی مووسا کۆیلەتی بکا. چونکە ئەویان ئازاد نەدەکرد و پاش مەرگی مووسا، ئەو بە فیرعەونەوە پەیوەست دەبوو و دەبوایە ملکەچی یەکێك لە سەرکارانی ئەو بێت و لە بەرەبەیانەوە تا شەو، سەختترین کار بە ئەستۆ بگرێ و ئەگەر تەمەڵێش بکا، خۆی بۆ دارکاری ئامادە بکا. نوون دەیزانی کە پاش ئەوە، نە توانای ڕەنج کێشانی هەیە و نە بەرگەی دارکاری کردن.

ئاخرین هۆکار کە دەبووە بایسی ئەوەی کە ئەو غولامە بۆ مووسا بگریا ئەوە بوو کە دەیزانی ئەویش وەك خاوەنی خۆی هەر دەمرێ.

نوون کە باوەڕی بە خوڕافە هەبوو، وای وێنا دەکرد کە کاری مووسا، بۆ چوونە کۆتایی دنیا، پێچەوانەی ڕای خوای گەورەی ئەو بوو کە بە (بەعل) دەناسرا و بە سەرهاتەکانی کە بەسەر سەری مووسا هاتوون، لە نارەزایەتی (بەعل) بۆ سەفەری مووسا بۆ کۆتایی دنیا هاتووە.

ئەوە (بەعل) بوو کە سمی ئەسپی ڕەنگ زەردی مووسای خستە ناو کونی مارێکەوە و لوولاقی دەستی ئەسپەکەی شکا و ناچاربوون کە ئەو ئاژەڵە بکوژن تاکو نەبێتە خۆراکی ئاژەڵانی دڕندە.

ئەوە (بەعل) بوو کە ماری ژەهراوی والێکرد کە بە مووساوە بدا و لە پەلوپۆی بخاو بە هیلاکی بگەیەنێ و لەبەر ئەوەی ئەو ( مانای نوون ) هەوڵی چارەسەرکردنی مووسای داوە و بە دەوریدا هاتووە، ئەویش کەوتۆتە بەر تووڕەیی (بەعل) و ئەویش وەکو مووسا دەمرێ!

ئەم بیرە بە جۆرێك بە سەر ئەو لاوە خورافە پەرستەدا زاڵ بوو کە وای وێنا کرد کە (بەعل) بە ڕێگەی خوایەکەوە  کە ڕوحی مارەکانە، بەوییەوە داوە تاکو ئەویش وەکو مووسا بمرێ.

دەشتەکیان، مانای کەسانێك کە لە بیاباندا دەژین، بۆ هەندێك گیانلەبەران ڕوحێکیان دادەنا و ئەم ڕوحانەیان بە خوایان دەزانی، و نوون باوەڕی وابوو کە ڕوحی مارەکان خوایەکە ناوی ((نهوشتن)) و ئەو خوایە بەوییەوە داوە تاکو وەك مووسا ئەویش بمرێ!

سەرەڕای ئەوە کە پێی مارگەستووی مووسا بە جۆرێك هەڵئاوسا کە وەحشەتی دەهێنا و ڕەنگی ئەرخەوانی ببوو، مووسا نەمرد و ورێنەکەی کۆتایی هات و بە هۆش خۆی هاتەوە و هەستی بە تینوێتی کرد و داوای ئاوی لە نوون کرد. نوون ئاوی دایە مووسا و تێگەیشت کە دەستی ئەوەندە بێتوانا بووە کە ناتوانێ قاپی ئاوەکە ڕابگرێ و ئەو خۆی قاپەکەی بۆ ڕاگرت تا مووسا ئاوەکەی بخواتەوە.

سەربازان کە ئاگادار بوون مووسا هاتۆتەوە هۆش خۆی، هاتن لە هەواڵی بپرسن، ئەگەر کەسێك پەی بە ناخی سەربازان ببردبایە، تێدەگەیشت کە ئەوان لە بە هۆش هاتنەوەی مووسا ناڕازین. چونکە ئەوان ئومێدەوار بوون کە ئەو پیاوە لاوە بمرێ تاکو ئەوان بتوانن بگەڕێنەوە.

سەرەڕای ئەوەی سەربازان، وەکو تەواوی میسریان، باوەڕیان وابوو کە شاری زێڕین بوونی هەیە، تێگەیشتبوون کە ئەوان ناتوانن ئەو شارە بدۆزنەوە و درێژی سەفەر و ڕەنج کێشانی ڕێگا یەك بە دوای یەکدا، ئەوان بەرەو بە هیلاك چوون دەبا.

ئەوان هەموویان ئارەزووی گەڕانەوەیان هەبوو، بەڵام نەیاندەتوانی مەرامی خۆیان بدرکێنن. چونکە بە سەرباز دەژمێردران و دەیانزانی کە لە سوپای میسردا دیسپلین ڕێك و پتەوە و سەربازی سەرپێچیکەر سزا دەدرێ و ئەوان ڕاسپێردراون کە فەرمانی فەرماندەی خۆیان، مانای مووسا جێبەجێ بکەن.

سەربازان پاش ئەوە کە تێگەیشتن مووسا هەمووان دەناسێتەوە و دەتوانێ قسە بکا لە دەوری کۆبوونەوە و مووسا گوتی: نوون ئەی برای من، حاڵم چۆن بوو؟

نوون گوتی: ئەی سەرروەر، حاڵت زۆر خراپ بوو بە جۆرێك کە من نائومێد بووم و ماڵئاوایم لە تۆ کرد، بەڵام دەمزانی کە منیش دەمرم.

مووسا پرسی: لە بەرچی دەتزانی کە تۆش دەمری.

نوون وەڵامیدایەوە: من وا تێدەگەیشتم کە یەکەجار تۆ دەمری و پاشان دوای مردنی تۆ منیش دەمرم.



مووسا پرسی: لەبەرچی؟

نوون گوتی:  لەبەرئەوەی مار بە منیشیەوە داوە!

مووسا گوتی: ئەو مارە، دوای ئەوەی کە بە منییەوە دا، بە دەستی خۆم کوژرا و گیانی تێدا نەما تاکو بە تۆشەوە بدا.

نوون گوتی: ئەو مارە بە منیەوە نەدا.

مووسا گوتی: کە وابێ لەو دەمەدا لە نزیك ئێمەوە دوو ماری لێبووە یەکێکیان بە پاژنە پێی منیەوە داوە و ئەوەی تریان بە تۆیەوە داوە.

غولامی دەشتەکی گوتی: ئەی سەروەر، ئەو مارەی بە منیەوە دا ((نهۆشتن)) بوو، مانای ڕوحی مارەکان!

مووسا چەند ساتێك لە غولامی خۆی ڕوانی و گوتی: نوون، ڕوحی ماران مانای چییە؟ تۆ بۆ ئەوەندە سادە و نەزانی کە ئەم خەیالاٌنەت کردوونەتە بەشێك لە باوەڕەکانی خۆت. ئێستا جێگای پێوەدانی ڕوحی ماران بە من پیشان بدە.

نوون گوتی: نهۆشتن کە ڕوحی مارانە بە جۆرێك پێوەدەدا کە جێگای نامێنێتەوە. پاشان گوتی: (بەعل) بەردەوام لەگەڵ مرۆڤ دایە و هەرگیز ئێمە بە جێ ناهێڵێ و ڕێگا نادا کە ئازار بە ئێمە بگا مەگەر کاتێك ئێمە دژی ئارەزووی ئەو ڕەفتار بکەین کە لەو حاڵەتەدا ئێمە لە ناو دەبا.

مووسا گوتی: کاتێك مامەڵەچیانی کۆیلەفرۆش، تۆیان بە دارەوە دەبەستەوە ئەوەندەیان لێدەدای تا لە هەموو لەشتەوە خوێن دەهاتە دەرێ،( بەعل) لە کوێ بوو و بۆچی پارێزگاری لە تۆ نەدەکرد و بەربەستی لەوە نە دەکرد کە تۆ بە دارەوە ببەستنەوە؟

بۆچی ڕۆژگارێك، کە دەیانویست تۆ بە من بفرۆشن و من نرخی تۆم بە زێر ژمارد، (بەعل) لەوێ ئامادە نەبوو و پارێزگاری لە تۆ نەکرد و لەبەرچی بەربەستی لە فرۆشتنی تۆ نەکرد.

تۆ بۆ دەبێ ئەوەندە سادە بی کە بە ڕوحی مار یان خوای مار، بە ناوی نهۆشتن، باوەڕ بهێنی؟ مار گیانلەبەرێکی ئازاردەرە وەکو گیانلەبەرانی تر کە مرۆڤ ئازار دەدەن و جاری وا هەیە دەبنە هۆکاری کوشتن.

پەرستنی مار، مەترسیی ئەوە، وەك گیانلەبەرێکی ئازاردەر، لە ئێمە دوور ناخاتەوە و هەر چەندێك تۆ خوای مار یان نهۆشتن بپەرستی مارێکی ژەهراوی، هەر کە دەرفەتی هێنا

پێتەوە دەدا. تۆ هەر کات لەو پێوەدانە گیانت بە سەلامەتی دەرباز بکەی وەکو من دەبی و ناتوانی لە جێگای خۆت بجوولێییەوە.

هۆکاری ئەوەی کە هەندێك لە میللەتان دەستیان بە پەرستنی مار کرد، ترسیان لە پێوەدانی چزووی ئەو گیانلەبەرە ئازاردەرە نەبوو، بەڵکو هۆکاری تری بووە و ئەو هۆکارە پەیوەستە بەو لە یەکچوونە کە لە نێوان ئەم گیانلەبەرە و هەندێك لە ئەندامانی لەشی مرۆڤ دا هەیە. پاش ئەوە کە مرۆڤ پەی بەو لەیەکچوونە برد، دەستی کرد بە پەرستنی مار، بەڵام هەندێك قەومی سادەی وەك قەومی تۆ، ماریان دەپەرست و میللەتانی بەرجەستە بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئەم گیانلەبەرە ئازاردەرە بپەرستن. ئەگەر لە رابردووشدا دەیانپەرست ، ئەمڕۆ هیچ کەسێك لە نێو میللەتانی بەرجەستەدا ئەم گیانلەبەرە ناپەرستێ.

خووی مار ئەوەیە کە پێوەبدا هەروەها خووی شێر وایە کە تێك بشکێنێ و خووی ئاگریش وایە کە بسووتێنێ.

تۆ ئەگەر ئاگر بە خوای خۆت بزانی، دیسانەوە تۆ هەر دەسووتێنێ، چونکە خووی ئاگر سووتاندنە و ئەگەر مار بە خوای خۆت بزانی هەر پێتەوە دەدا، چونکە خووی مار پێوەدانە.

من سەرکۆنەی تۆ ناکەم کە بۆچی تاکو ئەمڕۆ گیانلەبەرانی ئازاردەر دەپەرستی و وا وێنا دەکەی کە مار خاوەنی خوایەکە بە ناوی نەهۆشتن کە ملکەچیی لە (بەعل) دەکا، بەڵام لێرەوە بە دواوە، ئەم جۆرە باوەڕە بێ بنەمایانە فڕێ بدە و قسەکەی من قەبووڵ بکە.

پاش ئەم قسانە مووسا، چونکە بە هۆی پێوەدانەوە ماندوو بوو، خەوی لێکەوت و پاش ئەوە کە لە خەو بێداربۆوە بە نوونی گوت: برسیمە و خواردنم بۆ بێنە.

نوون سەرەڕای ئەوەی کە دەشتەکی و سادە بوو، تێگەیشت کە برسی بوونی سەروەر بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو بەرە و چاك بوونەوە دەڕوا. ئەگەر ئەو چارەسەری وەرنەگرتبایە بە زیندوویی نەدەما و هەستی بە برسێتی نەدەکرد. بۆیە بە خێرایی ئاگری هەڵکرد و ماسی تازەی کە لە رووباری نیل گرتبوو، بۆ مووسا سوورکردەوە و ئەو ڕۆژە مووسا بە ئیشتیاوە نانی خوارد.

پاش ئەوەی مووسا تێری خوارد و ئاوی نۆشی، دووبارە دەربارەی (بەعل) لەگەڵ نوون دا کەوتەوە ئاخاوتن و مەبەستیشی ئەوە بوو کە مێشکی ئەو لاوە سادەیە ئامادە بکا تاکو بتوانێ لە بارەی خوای نەبینراو لەگەڵ ئەودا قسە بکا.



مووسا دەیزانی کە ئەگەر بێتوو یەکڕاست دەربارەی خوای نەبینراو لەگەڵ ئەو لاوە سادەیە دا قسە بکا، ئەو بە توندی خۆی دوور دەخاتەوە و دەڵێ خوای نەبینراو بوونی نییەو ناتوانێ بوونی هەبێ.

مووسا لە رابردوودا لە نفی سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتییەوە بیستبووی کە یەکێك لە مەحکەمترین ئەو شتانەی ژیانی تیرەی بەشەر، بریتییە لەو باوەڕەی کە لە نێو ویژدانی مرۆڤدا جێگای گرتووە و ناتوانرێ ئەو باوەڕە بە یەکجار بگۆڕدرێ.

مووسا دەیزانی کە ئەو لاوە سادەیە لە منداڵییەوە ناوی (بەعل) و نەهۆشتنی بیستووە و خووی پێوەگرتووە کە (بەعل) بە خوای خۆی بزانێ و وای دابنێ کە (بەعل) خاوەنی شێوە و بەدەنێکی تایبەتییە.

ئەو کە لە منداڵییەوە باوەڕی بە (بەعل) و نەهۆشتن پەیداکردووە و بینوویەتی کە ئەوان خاوەنی شێوە و ئەندامێکن، ناتوانێ ئەوە قەبووڵ بکا کە خوا بێ شێوەیە و ئەندامی نییە و نابینرێ و هەر کەسێك ئەو قسەیە بۆ ئەو بکا لە لێڕوانینی ئەودا بە شێت خۆی دەنوێنێ.

کەوابوو هەوەڵ جار دەبێ مێشکی نوون لە باوەڕگەلی خەیاڵاوی و خورافی پاك بکرێتەوە، پاش ئەوە کە ویژدانی لەو باوەڕانە پاك بۆوە و دەرکەوت کە ئامادەیی قبووڵ کردنی باوەڕێکی نوێی هەیە، لەگەڵ ئەودا دەربارەی خوای نەبینراو ئاخاوتن بکرێ.

یەکێك لەو بەڵگانەی کە مووسا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ خوڕافەدا (لە مێشکی نوون) لەبەر چاوی گرت، ئەوە بوو گوتی (بەعل) و نەهۆشتن و خوایانی دیکە، کە تۆ باوەڕت پێیانە خوایانی ولاتێکی ترن. ئێرە ولاتێکە نە میسرە و نە کۆش، بەڵکو ولاتێکە نزیکی سەرچاوەی ڕووباری نیل و خوایانێك کە تۆ باوەڕت پێیانە لێرە دەسەلاتیان نییە و کارێکیان لە دەس نایە. غولامی سادە بە ئاسانی ئەم بەڵگەیەی قەبووڵ کرد.

مووسا ئەوەندە بە پارێز دەربارەی خوای نەبینراو لەگەڵ غولامی خۆی نوون قسەی دەکرد تا مێشکی ئەو لاوە سادە و خوڕافە پەرستە ئامادە بوو و توانی پەی بە چەمکی خوای نەبینراو ببا و تێبگا کە خوای واقیعیی هەمان خوای نەبینراوە.

کاتێك نوون باوەڕی هێنا کە خوای واقیعیی هەمان خوای نەبینراوە، مووسا دووچاری گرفتێك بوو، ئەوە بوو کە نوون هەمیشە لە بارەی شێوە و وەسفەکانی خوای نەبینراو پرسیاری لە مووسا دەکرد و ئەو لاوە سادەیە وای وێنا دەکرد کە خوا، گەرچی نەبینراوە،

بەڵام بۆ مووسا، کە ئەو دەناسێ، نەبینراو نییە و مووسا کە خوای بینیوە دەتوانێ بڵێ کە ئەو چۆنە و چ شێوەیەکی هەیە.

بەڵام مووسا هەوڵیدەدا کە غولامی خۆی حاڵی بکا کە خوا بۆ هەمووان نەبینراوە و ئەویش خوای نەدیوە و ناتوانێ وەسفی ئەو بکا و ئەوانەی کە خوای نەبینراو دەپەرستن لە ڕووی ئەقڵەوە پەی بەو دەبەن نەك لە ڕێگای بینین و بیستنەوە.

یەکێك لەو شتانەی کە بۆ مووسا ئاشکرابوو، ئەوە بوو کە لە دەمی نوونەوە ناوی باوك و دایك و برا و خوشکی خۆی گوێ لێبوو.

نوون بۆ مووسای گێڕایەوە: من لە تیرەی لوی ( یەکێك لە دوازدە تیرەکەی ئیسرائیل )م، لەبەر ئەوەی تیرەی لوی تیرەیەکی بچووکە، لەو تیرەیەدا هەمووان یەکتر دەناسن و من دەزانم کە باوکی تۆ، کە تۆ دەڵێی تۆی بە ئاو داداوە، ناوی (( ئوم رام )) بوو.(٤٩)

مووسا لە غولامی خۆی پرسی: ئایا باوکی من ماوە یان نا؟

نوون گوتی: باوکت کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دایکت ماوە مانای تا ئەو کاتەی کە من لە ناو تیرەکەی خۆماندا بووم، لە ژیاندا بوو.

مووسا پرسی: دایکم ناوی چییە؟

نوون گوتی: دایکت بە ناوی ( جوش بد ) دەناسرا.

مووسا چەند جارێك ناوی دایکی خۆی ((جوش بد)) ((یوکا بد)) ی دووبارە کردەوە و ئینجا گوتەکەی سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی (ئەوەی کە بە تاوانی پەرستنی خوای نەبینراو سەریان بڕی) هاتەوە بیر کە بەوی گوت: ئەی مووسا، دایکت گەنج بوو لەوانەیە شازدە یان حەڤدە ساڵ زیاتر نەبوو. مووسا حسابی کرد، لەبەر ئەوەی لە کاتی لە دایکبوونی ئەودا تەمەنی شازدە یان حەڤدە ساڵ بووە، ئێستا ئەگەر لە ژیان دابێ، نزیکی چل ساڵ لە تەمەنی تێدەپەڕێ و چل ساڵ تەمەنێکی زۆر نییە و ئەگەر ئەو بە زیندوویی بمێنێ، دەتوانێ ئومێدەوار بێ کە ڕۆژێك دایکی ببینێ.

دوای ئەوە لە نوونی پرسی: ئایا تۆ بە چاوی خۆت دایکم ((جوش بد)) ت دیوە؟ چونکە من بیستم پاش ئەوە کە دایکمیان ناسی ئەویان دوورخستەوە و ئەم پڕۆپاگەندەیەم بە جۆرێك بیست کە وام بیر دەکردەوە دایکمیان کوشتووە.

(٤٩) ئەم وشەیە ئوم رام یا عمرام شێوەکەی گۆڕاوە و بە شێوەی (( عومران )) بە ئێمە گەیشتووە. (و.ف).



نوون گوتی: من خۆم دایکت، جوش بد، ژنی ئوم رام (عومران)م دیوە و جوش بد لە مێردی کۆچ کردووی دوو منداڵی دیکەی هەیە، یەکێکان کوڕ بە ناوی ئاروان ((هارون)) و ئەوەی تریان کچ بەناوی (( میریام )).

زانیارییەکی دیکە کە مووسا لە غولامی خۆی وەرگرت ئەوە بوو کە جوش بد، دایکی مووسا لە بنەماڵەیەك بوو کە بە ((سەفیر)) دەژمێردران، بەڵام ئوم رام (عمران) باوکی مووسا، ئامۆزای باوکی ئەوە ( باوکی نوون )ە و بۆیە ئەو و مووسا، نەك هەر تەنیا لە یەك تیرە لە دوازدە تیرەکەی ئیسرائیلن، بەڵکو خزمی یەکتریشن.

## -١٦-

# شاری زێڕین

ماوەی پێنج ڕۆژ درێژەی کێشا تا مووسا بە جۆرێك باش بوو کە توانی بکەوێتە ڕێ و فەرمانی جوولانی بەرەو باشوور دەرکرد. مووسا و نوون و سەربازانی ژمارەکەمی میسر، جارێکی دیکە، ڕێگای باشووریان بە درێژایی رووبارێك، کە نەیاندەزانی ئایا لقێکی ئەسڵییە یان یەکێکە لە لقە لاوەکییەکانی شەتی نیل، گرتە بەر.

تا ئەو دەمە ڕێکردنی ئەوان لە گەرووییەکدا، مانای دۆڵێك کە شەتی نیل بە وێدا ڕەت دەبوو، زۆر گرفتی نەبوو. گەرچی زەوی و زاری لێواری رووبار بەردەلان بوو، بەلام نەیاندەتوانی بە وێدا تێبپەڕن، بەلام پاش ئەوەی کە ماوەیەك بە وێدا تێپەرین، گەیشتنە جێگایەك کە ڕێ کردن بە لێواری رووباری نیلدا زۆر دژوار بوو. چونکە لە هەندێك نوختەدا ڕێگای تێپەڕین نەبوو و مووسا و نوون و سەربازان ناچاربوون سەر بکەونە سەرەوە و بە داوێنی چیادا تێپەڕ بن و بە تووڵە ڕێی باریکدا کە گیانلەبەران لە داوێنی چیادا دروستیان کردبوو، کەڵك وەربگرن.

تێپەڕبوونی ئەوان بە داوێنی چیاکانەوە بە بێ گوریس ترسناك بوو. ئەوان یەکتریان بە گوریس دەبەستەوە تا ئەگەر یەکێك لەوان هەڵدێرا، ئەوانی دیکە بتوانن بیپارێزن و نەهێڵن بکەوێتە خوارێ. بۆیە بە شاخدا هەڵگەڕان بە شێوەی ئەمڕۆ لە داهێنانەکانی ئەم سەردەمە نییە، بەڵکو مووسا و هاوڕێیانی لە پێشەنگانی ئەو ڕێیە بوون.

هەر جارێك کە لە کاتی سەرکەوتن بە چیادا دەیانتوانی رووباری نیل ببینن، تەماشایان دەکرد کە وەکو یەك شریتی درێژ و پێچاو پێچ بە ناوەڕاستی دۆڵێکدا تێدەپەڕێ و سەرەتاکەی دیار نییە.



ڕۆژێك نوون بە مووسای گوت کە فیرعەون و سوکر مووسای فەرماندەی سوپا، بە تۆیان گوتووە کە خۆت بگەیەنیە شاری زێڕین، بە چ ڕا دیارە کە ئەو ڕێگەیەی ئێمە پێیدا دەڕۆین دەگاتە شاری ئەفسانەیی؟

مووسا وەلامیدایەوە: تەکە ڕێگەیەك کە لەوانەیە ئێمە بە شاری زێڕین بگەیەنێ — ئەگەر ئەو شارە بوونی هەبێ — درێژبوونەوەی ڕووباری نیلە. هەمووان باوەڕیان وایە کە شاری زێڕین لە سەرەتای ڕووباری نیل هەڵکەوتووە و ئەگەر ئێمە نەمانتوانی ئەو شارە لە سەرەتای ڕووباری نیل بدۆزینەوە، ئەوا لە جێگایەکی دیکەدا نایدۆزینەوە.

نوون گوتی: منیش بیستبووم کە شارێکی زێڕین لە دنیادا بوونی هەیە، بەلام نەمبیستووە ئەو شارە لە سەروچاوەی رووباری نیل بێ.

مووسا گوتی: تۆ بەو هۆیەوە ئەوەت نەبیستووە، چونکە تۆ میسری نی و ئەگەر میسری بای قبوولت دەکرد کە شارێکی زێڕین لە سەروچاوەی رووباری نیل هەڵکەوتووە.

لەوەش بەولاوە، سوکر مووسا فەرماندەی سوپا بە منی گوتووە کە بە لێوارەکانی رووباری نیلدا بڕۆم و لەو لێوارانە دوور نەکەومەوە. من ناچارم فەرمانی ئەو، کە هەمان فەرمانی فیرعەونە، ئەنجام بدەم. ئەگەر لە لێواری ئەو رووبارە دوور بکەمەوە کەمتەرخەم دەبم و مستەهەقی سزادان دەبم.

نوون گوتی: فیرعەون لە کوێ دەزانێ کە ئێمە لە لێواری رووباری نیل دوورکەوتووینەوە و ڕێگایەکی دیکەمان گرتووە تاکو ئێمە سزا بدا.

مووسا گوتی: چونکە ئێمە ژمارەیەکمان سەرباز لەگەڵ دایە، ئەگەر لە لێواری نیل دووربکەوینەوە ئەوان لە ڕێ دەرچوونی ئێمە بە سوکر مووسا ڕادەگەیەنن و لە ئەنجامدا فیرعەون پێدەزانێتەوە کە ئێمە لە ڕێ دەرچووین و لە لێواری نیلەوە چووینەتە جێگایەکی دیکە.

ئەگەر ئەو ژمارە سەربازە لەگەڵ ئێمەدا نەبوونایە و ڕووداوەکانی ئەم سەفەرەیان بە سوکر مووساش نەگەیەندبایەوە، دیسانەوە من نەمدەتوانی درۆ بکەم و لە گەڕانەوەمدا، لە کاتی ڕاپۆرت داندا، ناچار بووم بڵێم کە ئێمە لە رووباری نیل دوورکەوتینەوە و ڕێگایەکی دیکەمان گرتە بەر.

ڕۆژێک کە مووسا و نوون و سەربازان لە سەر چیایەک بوون و تەماشای درێژبوونەوەی ڕووباری نیلیان دەکرد، لە دوورەوە چاویان بەدەریاچەیەک کەوت. ئەم دەریاچەیە لە ناوچەیەکی شاخاویدا بوو و هەمووان بینییان کە ڕووباری نیل لەو دەریاچەیەوە سەرچاوە دەگرێ.

مووسا گوتی: وا وێنا دەکەم پاش ئەم ڕێ پێوانە دوور و درێژە و تەحەمول کردنی ئەم دژوارییە بە مەرامی خۆمان گەیشتووین و ئێرە سەروچاوەی ڕووباری نیلە و ئەگەر شاری زێڕین بوونی هەبێ لەو جێیەیە.

بە هۆی سەختی ڕێ کردن لە ناوچەیەکی شاخاوی، سێ ڕۆژی دیکە ڕێگەیان بڕی تاکو گەیشتنە ئەو دەریاچەیە و بینییان دەریاچەیەکی فراوانە و ئاوێکی زولاڵی هەیە و لە باشووری ئەو دەریاچەیە، لە چیاوە تاڤگەیەک هەڵ دەڕژێ و وا دەردەکەوێ ئەو دەریاچەیە کە سەرەتای شەتی نیلە، لەو تاڤگەیەوە پەیدا دەبێ.

لە لێواری دەریاچەکە جۆرەها گیانلەبەری گیاخۆر کە هەندێک لەوانە شاخی درێژیان هەبوو، دەکەوتنە بەرچاو و مووسا، لەوێ فیلی گەورەی هاتنە بەرچاو کە عاجی درێژ و هەڵگەڕاوەیان هەبوو.

مووسا لە میسر شێوەی ئەو فیلە گەورانەی دیبوو، بەڵام تا ئەو ڕۆژە، خودی ئەوانی چاوپێ نەکەوتبوو.

دیمەنی ئەو دەریاچە گەورەیە و گیانلەبەرانی گیاخۆری دەوروبەری ئەو دەریاچەیە و چیا بەرزەکانی باکوور، مووسا و نوون و سەربازانی بە جۆرێک حەپەساو کرد بوو کە هیچ کەسێک قسەی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی کە هیچ کەس نەیتوانی هەستی خۆی بەیان بکا.

پاش ماوەیەک کە مووسا و هاوڕێیانی لە لێواری دەریاچە ڕاوەستابوون، بینییان چەند ڕەشپێستێک وەدەرکەوتن، بەڵام نەک وەک ڕەشپێستانی سەر زەوینی کۆش.

لە سەر زەوینی کۆش ڕەشپێستان باڵایان بەرز بوو. بەڵام لەوێ، ژن و پیاوی ڕەشپێست، کورتە باڵا دەهاتنە بەرچاو. ئەوان لە مووسا و نوون و ئەوانیتر نزیک بوونەوە و دەستیان بە قسەکرد، بەڵام مووسا و ئەوانی تر نەیان توانی تێبگەن کە ئەوان چ دەڵێن، چونکە زمانی ئەوان لە زمانی خەڵکی کۆش جیاواز بوو.



پاش ئەوەی ڕەشپێستان تێگەیشتن کە میسرییان زمانی ئەوان تێناگەن، بەرەو باشوور ئاماژەیان کرد و بە ئاماژە میسرییەکانییان حاڵی کرد کە لەگەڵ ئەواندا بڕۆن.

مووسا بە هاوڕێیانی گوت: با لەگەڵ ئەواندا بڕۆین بزانین بەرەو کوێمان دەبەن.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک ڕێیان بڕی، لە پشتی درەختەکانەوە گوندێک وەدەرکەوت. لە پێشەوەی گوندەکە پیرەمێردێکی ڕەشپێست لەبەر هەتاو چوار مەشقی لە سەر زەوی دانیشتبوو. لە پەنای ئەو قاپێک ئاو دەکەوتە بەر چاو. مووسا لە وەزعی ئەو پیرەمێردەوە تێگەیشت کە دەبێ سەرۆکی ئەو گوندە یان دەمڕاستی خەڵکی ئەو گوندە بێ و پیرەمێرد بە زمانی میسری پرسی: ئایا ئێوە خەڵکی میسرن.

مووسا، کە چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کەسێک لەوێ زمانی میسری بزانێ، بە حەپەساوی گوتی: بەڵێ، ئێمە لە میسرەوە دێین.

پیرەمێرد گوتی: کەسانێک کە لە وڵاتێکی ئاوا دوورەوە دێن، ماندوون و دەبێ دابنیشن تا ماندوێتیان دەحەسێتەوە. ئینجا پیرەمێرد مووسا و هاوڕێیانی بانگێشت کرد کە دابنیشن.

پاش ئەوەی کە مووسا و هاوڕێیانی دانیشتن، پیرەمێرد شتێکی بەوانی دەوروبەر گوت کە میسریان تێنەگەیشتن چ مانایەکی هەبوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ژمارەیەک ڕەشپێست بە قاپی دارین کە چەند جۆر میوەی ناوچەیی تێدابوو، ئەو قاپانەیان لە بەردەم میسریان دانا تا بیخۆن. مووسا بینی لە ناو هەندێک لە قاپەکاندا خواردنەوەی تێدایە و لە پیرەمێردی پرسی: ئەم خواردنەوەیە چییە؟

پیرەمێرد وەڵامیدایەوە: ئەمە جۆرە شەڕابێکە کە ئێمە لێرە لە گوێژ دروستی دەکەین، لێرە گوێژ زۆرە.

مووسا گوتی: من بە پێی نەریتی خۆم شەڕاب ناخۆمەوە. بەڵام هاوڕێیانی لەو خواردنەوەیان خواردەوە و بە لایانەوە خۆش بوو. پاش ئەوەی کە مووسا میوەیەکی بۆ دەمی برد و خواردی، بە دیقەتەوە لە ڕەشپێستانی ڕوانی و بینی هەموویان ڕووتن و جلوبەرگی ئەوان بریتییە لە یەک پارچە نافەک پۆش، کە لە ریشاڵی گیاو گۆڵ چنرابوو. پیاوەکان نێزەیان لە دەس دابوو، بەڵام هیچ کامیان شمشێریان پێ نەبوو بە تایبەتیش برۆنزی یاخود شمشێری ئاسنین و لەباتی ئەوە، هەمووان کەوانیان پێ بوو و کەوانەکانی ئەوان بەوردەکارییەوە دروست کرابوون.

ڕەشپێستان خەڵکانێك بوون میوان پەروەرو بە خوڵق خوو و بێ پسانەوەش پێدەکەنین. بینینی ریشی درێژی میسرییان، زۆر ببووە مایەی خۆشی ئەوان. مووسا و نوون و ئەوانیتر بە هۆی دژوارییەکانی سەفەری شاخاوی، ماوەیەك پێش ئەو ڕۆژە ریشی خۆیان نەتاشی بوو و هەموویان ریشی درێژیان هەبوو. منالآنی ڕەشپێست لە میسریان نزیك دەبوونەوە و ریشی ئەوانیان دەگرت و ڕایان دەوەشان و ژنان و پیاوان قاقا پێدەکەنین. بەڵام پێکەنینی ئەوان بە جۆرێك سادە بوو کە مایەی دڵگرانی کەس نە دەبوو و کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە سووکایەتی پێکراوە. پیاوانی ڕەشپێست لەو بارەیەوە سەریان لە ریشی میسریان حەپەسا بوو، کە هیچ کامیان موو بە روخساریانەوە نەبوو، ریشی درێژی میسریان، بە نیگای ئەوان شتێکی سەرسام هێنەر بوو.

جگە لە ریش، جل و بەرگی میسریان ئەویش هەر هۆکاری سەرسوورِمانی ڕەشپێستان بوو بە تایبەتی منداڵەکان لە ڕەنگ و جۆری جلوبەرگی ئەوان سەریان سوڕدەما و سات بە سات دەستیان لە داوێنی جلەکانی میسریان دەدا و ئەم دیو و ئەو دیویان پێ دەکرد تا پشتی جلەکان ببینن.

یەکێك لەو شتانەی کە هەستی لاپرسەنانەی هەموو پیاوانی ئەوێی دەبزواند، شمشێری ئاسنینی مووسا بوو. پیاوان، دەستیان لە شمشێرەکە دەدا و لەگەڵ چەقۆی برۆنزی خۆیاندا بەراوردیان دەکرد.

مووسا تێگەیشت ناوی ئەو پیرەمێردەی کە زمانی میسری دەزانی (( دوگانا )) یە و هەر بۆیە مووسا و نوون و ئەوانیتر ئەو گوندەیان بە دوگانا ناو دەبرد، لە حاڵێکدا کە ناوێکی تری هەبوو.

ئەو گوندە لە ژمارەیەك کوخ پێك دەهات و هەر کوخێك ماڵی خێزانێك بوو و بە دەوری ئەو کوخەدا حەسار نەبوو و مووسا سەرنجی دا کە کوخەکان دەرگایان نییە.

ئەم مەسەلەیە پیشانی دەدا، کە سەرەڕای فێنکی هەوای ئەوێ، کە پێویستی دروست کردنی دەرگای وەلاناوە، کەسێك لەو گوندە دا ترسی لە دز نییە و دەزانێ کە کەس دەس بۆ ماڵەکەی ئەو نابا.

مووسا پاش ئەوەی گەیشتە ئەو گوندە و تەماشای کرد کە ڕەشپێستان روو بە پێکەنینن، وای وێنا کرد کە هاتنی میسریان و لاپرسەنی و سەرسامی ڕەشپێستان،



هەموو ڕەشپێستانی دەم بە پێکەنین کردووە. بەڵام بە زوویی تێگەیشت کە پێکەنین پاژێکە لە خووی ڕەشپێستان و هەمووان، بەردەوام پێدەکەنن و هیچ کەس غەمبار نییە و جگە لەوەش کەس خەمی بەیانی لەبەر نییە.

مووسا کە بە پیاوێکی دەوڵەمەند دەژمێردرا، خەمی بەیانی نەبوو و دەیزانی کە ئەوەندە بە توانایە کە تاکو ئاخرین رۆژی تەمەنی خۆی دووچاری تەنگەتاوی نابێ. بەڵام تێگەیشتبوو کە لە میسر زۆربەی خەڵك، خەمی بەیانیان لە بەرە و خەمی بەیانی بەربەستی ئەوەیە کە لە خۆشی ئەمڕۆ بەهرەمەندبن و رۆژێك بە چالاکی بگوزەرێنن.

ژمارەیەکی زۆر لە میسریان لە خەمی دروستکردنی گۆڕی خۆیان دان و لە سەرتاپای تەمەنی خۆیاندا بە لێگرتنەوە و نانەسکی، ژیانی خۆیان دەبەنە سەر تا بتوانن گۆڕی خۆیان دروست بکەن تا پاش مردن بێ گۆڕ نەمێننەوە. ئەوانەش کە گۆڕی خۆیان دابین کردووە، ئەگەر لە خەمی ژیانی بەیانیدا نەبن ئەوا لە بیری مردنی بەیانی دان، چونکە بەباوەڕی ئەوان تەنیا دابینکردنی گۆڕ بەس نییە، بەڵکو دەبێ لەو گۆڕەدا کەرەسەکانی ژیانی پاش مردن کە گرنگ ترینی ئەوان زێڕ و زیوە، دابنرێ. مووسا دەیزانی کە میسریان باوەڕیان وایە لە دنیای پاش مردنیشدا ئاتاج بەزێڕو زیو دەبن.

بەڵام ڕەشپێستانی گوندی ((دوگانا)) نە لە خەمی ژیانی بەیانیدا بوون و نەخەمی بەیانی پاش مردنیان بوو. ئەوان دەیانزانی کە هەمیشە راو لە دارستانەکان و ماسی لە دەریاچە و گۆیژ لە لێرەوارەکان هەیە و هەرگیز برسی و تینوو نامێننەوە. ئەوان وەکو میسریانیش نەبوون، و باوەڕیان بە دنیای پاش مردن نە بوو کە بیری ئەو دنیا غەمباریان بکا.

پیاوە بە ساڵداچووەکە کە بە ((دوگانا)) دەناسرا، دەستی کرد بە ئاخاوتن و لە سەرەتای قسەکانیدا گوتی: تا مرۆڤ، لە رێگا دوورەکانەوە، نەیەتە ئەم وڵاتەوە، ناتوانێ تێبگا کە زمان لە نێوان مرۆڤەکاندا چەند بایەخی هەیە و هەر کات مرۆڤەکان لە یەکتری تێ نەگەن ژیان لە سەر ئەوان سەخت دەبێ و لە ئەنجامی ئەوەی کە ناتوانن پەی بە مەبەستی یەکتری ببەن، جیاوازیگەلێك دێتە ئاراوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە لێرە لەیەك کەس زیاتر کە ئەویش منم، کەسی تر زمانی میسری نازانێ، دەتوانین

لەگەڵ یەکتریدا قسە بکەین و میسریانێك کە هاتوونەتە ئێرە لە مەبەستی ئێمە تێبگەن و ئێمەش لە مەبەستی ئەوان تێبگەین. پاشان پیاوە بە ساڵداچووەکە دەربارەی خۆی قسەی کرد و گوتی: پرسیار لە من کرا ئایا من سەرۆکی ئەم قەومە یا پاشای ئەوانم یا خود نا؟

من نە سەرۆکی ئەم قەومەم و نە پاشای ئەوان، بەڵکو من پزیشکێکم و نەخۆشییەکانی خەڵکی چارەسەر دەکەم. سەرەڕای پزیشکی، من دەتوانم رووداوەکانی رابردووی کەسەکان باس بکەم و رووداوەکانی ئایندەی ئەوان پێشبینی بکەم و هەندێك لەواقیعەکانی زەمانی ئێستای ئەوان بڵێم.

مووسا لە پیاوە بە ساڵدا چووەکەی پرسی: تۆ چۆن رووداوەکانی رابردوو و ئایندە و هەندێك لە واقیعەکانی ئێستای خەڵك دەڵێی؟

پیرەمێرد قاپێکی مس کە لە تەنیشتی بوو، پیشانی مووسای دا و گوتی: من ئاو دەکەمە ناو ئەو قاپەوە و لە ئاوەکە دەڕوانم و بە سەرهاتی رابردووی کەسەکان لە ناو ئاوەکەدا دەبینم و بەو جۆرەی کە گوتم هەندێك لە واقیعەکانی زەمانی ئێستای ئەوانیش دەتوانم لە ناو ئاودا ببینم.

کاتێك ئاخاوتنی ئەو پیرەمێردە گەیشتە ئێرە، نوون لە خاوەنی خۆی پرسی: ئایا ئەو خوای ئەو قەومەیە کە بتوانێ رابردوو ئایندەی خەڵك پێشبینی بکا و هەندێك لە واقیعەکانی زەمانی ئێستاش بڵێ؟

مووسا بە غولامی خۆی گوت: بێدەنگ بە تاکو قسەکانی دوگانا تەواو دەبێ و پاش ئەوەی قسەکانی تەواو بوو ئێمە داوای روونکردنەوەی لێدەکەین و حەتمەن، ئەو روونکردنەوەمان دەداتێ.

پیرەمێرد گوتوبێژی مووسا و نوونی غولامی گوێ لێ نەبوو یاخود خۆی واپیشان دا کە گوێی لێ نەبووە. رووی کردە مووسا و گوتی: ئەی کوڕی پاشا، من، پیرۆزبایی لە هاتنی تۆ بۆ ئەم وڵاتە دەکەم و هەروەها هاتنی سەربازانت بۆ ناو ئەم وڵاتە پیرۆز دەکەم و پیرۆزبایی لە غولامی تۆ نوون دەکەم کە رێگایەکی درێژی بڕیوە و هاتۆتە ناو وڵاتی ئێمەوە.

مووسا گوتی: تۆ چۆن ناوی نوونت زانی خۆ من ناوی ئەوم بە تۆ نەگوتبوو؟



دوگانا گوتی: ماوەیەك پێش ئێستا، هەندێك لە سەر زەوینی کۆش (ئەو وڵاتەی کە ستی کف فەرماندەی سوپای میسری، ئێرگەباینی پاشای ئەوێی کوشت) هاتنە ئێرە، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە نێوان ئەم وڵاتە و سەرزەوینی کۆش رێگایەکی درێژە، هەندێك کات کەسانێك لە خەڵکی کۆش دێنە ئێرە و ماوەیەك لێرە دەمێننەوە ئینجا دەگەڕێنەوە.

ئەوانەی لە کۆشەوە هاتبوون دەربارەی تۆ و غولامی تۆ، نوون، قسەیان دەکرد و زۆر ستایشی تۆیان دەکرد و دەیانگوت ئەگەر تۆ فەرماندەی سوپای میسر بوایەی ئێرگەباین پاشای ئەوان و کوڕەکانی نەدەکوژران و تەواوی لاوانی کۆش، قەتڵ و عام نەدەکران.

ئەوان ناونیشانی تۆو و غولامی تۆیان دا و گوتیان کە ناوی تۆ مووسا مانای یەك ناوی ناتەواوە و ناوی غولامەکەت نوونە و ئەو لە دەشتەکییەکانە، بەڵام تۆ کوڕی پاشای میسری و هەمیشە ملوانکەیەکت لە مل دایە کە نیشانەی شازادەیی تۆیە.

ئەوانەی لە کۆشەوە هاتبوون دەربارەی تۆ قسەیان دەکرد و شتی تریشیان دەگوت.

مووسا پرسی: ئەوان دەیانگوت چی؟

پیاوە بە ساڵداچووەکە گوتی: ئەوەی ئەوان دەیانگوت لە سەربازانی میسرییەوە بیستبوویان، چونکە لە سەربازانی میسری بەولاوە کەسی دیکە ئەم مەسەلانەی بەوان نەدەگوت. ئەوان دەیانگوت سەرەڕای ئەوەی کە تۆ ئەی مووسا کوڕی پاشای، باوکت نەیویست تۆ لە میسر بمێنییەوە و فەرمانی بە تۆ کرد کە بە پلەی فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بچییە کۆش. ئەو نەیدەویست کە تۆ لە مەیدانی جەنگدا سەرکەوتووبی، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو کە تۆ لە میسر دووربخاتەوە و لە وانەیە مەبەستی ئەوەش بووبێ کە تۆ لە شەڕدا بکوژرێی.

بەڵام تۆ لە شەڕدا نەکوژرای و لە شەڕدا جۆرێك ئازایەتیت نواند کە سەرنج و ستایشی هەموو لێهاتووەکانی نێو سوپا بەرەو تۆ راکێش بوون.

ئەوان دەیانگوت کە ستی کف، فەرماندەی پێشووی سوپای میسر، کاتێك کە دەیویست ماڵئاوایی لە ژیان بکا تۆی بۆ جێنشینی خۆی دیاری کردبوو. بەڵام تۆ قبووڵت نە کرد و خۆت خستە لاوە تا پیاوێك بە ناوی سوکر مووسا ببێتە فەرماندەی

سوپای میسر، گوایا مەبەستی تۆ ئەوە بووە کە لە ناو سوپای میسردا نالێکیی نەیەتە ئاراوە.

مووسا بە سەرسامییەوە پرسی: ئایا ئەم هەواڵانە دانیشتوانی کۆش بە تۆیان راگەیاند؟

پیرەمێردی بە ساڵداچوو وەڵامیدایەوە: بەڵێ، ئەم بابەتانە ئەوان باسیان کرد، بەڵام ئەوانیش ئەم بابەتانەیان لە سەربازانی میسری لە کۆش گوێ لێببوو.

مووسا بە بیستنی قسەکانی دوگانا سەرسام بوو، چونکە تێگەیشت ئەم پیرەمێردە، سەرەڕای ئەوەی لە وڵاتێکدا دەژیا کە بە قسەی نوون کۆتایی دنیایە، پیاوێکی خاوەن هۆش و زانیارییە و جۆری قسەکانی وا پیشان دەدا کە خاوەنی ژیرییەکی بە هێزەو هەرچی بەسەر زمانی دادێ، کێشانەکراوە و وشەگەلێك بەکاردەهێنێ کە زۆر عەوامانە نییە. پاش ئەوە لەوی پرسی: چۆن بوو تۆ چوویە میسر و لەوێ زمانی میسری فێربووی؟

پیرەمێردی بەساڵداچوو گوتی: من نەچوومە ئەوێ، بەڵکو منیان بردە ئەوێ، چونکە من کۆیلە بووم.

مووسا پرسی: ئایا تۆ دەتوانی بە سەرهاتی رابردووی من بڵێی و رووداوەکانی ئایندەی ژیانی من پێش بینی بکەی ؟

دوگانا وەڵامیدایەوە: بەڵێ، بەڵام لە کاتی پێش بینیکردنی رووداوەکانی ئایندە، تەنانەت لە کاتی گوتنی هەندێك لە بە سەرهاتەکانی رابردوو، ناتوانرێ راستییەکان بێ پەردە بێنە سەر زمان، لە حاڵێکدا کە بەسەرهاتەکانی رابردوو تێپەڕبوون و ئەوەی تێپەڕیوە لە ژیانی مرۆڤدا کاریگەرییەکی نییە، چونکە هەندێك لە رووداوەکانی رابردوو بە جۆرێك لە بەر چاوی ئێمە خۆیان نواندووە کە ئێمە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە قبووڵمان کردووە، لە حاڵێکدا کە هەقیقەتی ئەو رووداوانە، بە جۆرێکی دیکە لەوە بووە کە ئێمە وێنامان کردووە.

بۆ نموونە پیاوێك برایەکی هەبووە کە مردووە و ئەو پیاوە وای وێنا کردووە کە براکەی بە مەرگی ئاسایی مردووە. بەڵام ئەگەر لای ئەو بیدرکێنی کە براکەیان کوشتووە و ئەو بە مەرگی ئاسایی نەمردووە، ئاسوودەیی دەروونی ئەو لە بەین دەچێ و ئیتر ناتوانێ ئارام بگرێ تاکو بکوژی براکەی ئاشکرا دەبێ و تۆڵەی براکەی لەو کەسە دەکاتەوە. بەڵام لەو کاتەدا کە ناتوانێ بکوژی براکەی ئاشکرا بکا ئەو کاتە تا ئەو رۆژەی زیندووە لە پەشۆکاویدا ژیان بە سەر دەبا. بەڵام ئەگەر کەسێك کە رووداوەکانی رابردووی بۆ باس دەکەن بەو نەڵێن کە براکەت کوژراوە، ئەو پیاوەی کە براکەی مردووە دووچاری پەشۆکاوی نابێ و تا کۆتایی تەمەنی بە ئاسوودەیی ژیان دەباتە سەر.

سەرسامیی مووسا زیاتر بوو. چونکە چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە لە دەمی ئەو پیرەمێردەوە کە دانیشتووی کۆتایی دنیا ( بە قسەی نوون ) یە قسەگەلێکی ئاقڵانەی گوێ لێ بێ.

پیرەمێرد گوتی: هەر بەو هۆیە، کاتێك کە من چاو لە ئاوەکە دەبڕم تا رووداوەکانی ئایندەی ژیانی کەسانێك کە لێرە دەژین پێشبینی بکەم، هەقیقەت بە رووپۆشێك لە خورافە دادەپۆشم تاکو بیسەر، لەوەی کە لە زاری منەوە دەیبیستێ تووشی وەحشەت نەبێ و توانای بیستنی هەقیقەتی هەبێ.

پیرەمێرد، پاش ماوەیەك دامان، بەم شێوەیە درێژەی بە قسەکانی خۆیدا: من ئەمڕۆ گەیشتوومە قۆناغێك لە تەمەنم کە لە ژن بێزارم، بەڵام دەبینم کە لاوان ئارەزوویان بۆ ژن هەیە و پیاو و ژنی گەنج خوازیاری یەکترین. ئەگەر من بە ژن و پیاوێکی گەنج کە خوازیاری یەکترین بڵێم کە لە ناخی هەرکامیان بەرامبەر بە وی دیکە چ دەگوزەرێ، ئەوان بە جۆرێك نەفرەتیان لە یەکتری دێتەوە کە ئیدی ئامادەنین بەیەکەوە بژین، ئەوەیە کە کاتێك ژن و پیاوێکی گەنج دێنە لای من و دەربارەی پەیوەندی خۆیان پرسیار لە من دەکەن، من ناچارم هەقیقەت بە پەردەیەك رووپۆش بکەم و شتگەلێك بەو ژنە و پیاوە بڵێم کە لەگەڵ راستیدا جیاوازی هەیە.

مووسا گوتی: تۆ یەکێك لە رووداوەکانی رابردوو بۆ من بگێڕەوە.

پیرەمێرد فەرمانی کرد قاپە مسەکە پڕ لە ئاو بکەن، رەشپێستێك ئەو قاپەی پڕ لە ئاو کرد. ئینجا پیرەمێردی رەشپێستی بە ساڵداچوو چاوێکی لە ئاوەکە بڕی و گوتی: کاتێك کە تۆ منداڵ بووی و لە کۆشکی پاشایەتی پایتەختی میسر دەژیای، لە ناو خاوەن پلەکانی ئەو کۆشکەدا پیاوێك هەبوو کە تۆی خوشدەویست.

مووسا پرسی: ئایا دەتوانی پێم بڵێی ئەو پیاوە کێ بوو؟

رەشپێستی بە ساڵداچوو سەیرێکی ئاوەکەی کرد و گوتی: ئەو پیاوێك بوو کە سەری دەتاشی و رۆنی لێدەدا و جلی کاهینانی میسری لەبەر دەکرد و هەموو کاهینانی کۆشکی پاشایەتی ژێر فەرمانی ئەویان دەکرد. ئەو سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بوو.

مووسا گوتی: پاشماوەکەی بڵێ.

پیرەمێردی رەشپێست گوتی: ئەو پیاوە تۆ و دایکتی زۆر خۆشدەویست و شتگەلێکی فێری تۆ کرد کە لە فێرکردنی کەسانی دیکە خۆی دەپاراست. تۆ لە زانستەکانی ئەو زۆر بەهرەمەند بووی و ئەوەی لەوت گوێ لێبوو لە ناو گوێ و روحی تۆدا جێگیر بوو.

مووسا پرسی: ئایا دەتوانی پێم بڵێی کە ئەو چی بە من دەگوت؟

پیرەمێردی رەشپێستی بەساڵداچوو وەڵامیدایەوە: ئەو لە بارەی خواوە لەگەڵ تۆدا قسەی دەکرد و دەیویست تۆ رازی بکا خوایەك بپەرستی جیا لە خوای پاشای میسر.

مووسا پرسی: پاشان چ بوو؟

پیرەمێردی رەشپێست وەڵامیدایەوە: لەو جێیەوە کە تۆ هەرگیز باوەڕت بە خوای فیرعەون نەبوو و لە دەروونەوە خوای خۆت دەپەرست، قسەکانی ئەو پیاوە زۆر کاری لە تۆ کرد و پاشان تۆ زۆر زیاتر رێزت لەو گرت.

مووسا پرسی: پاشان چ بوو؟

پیرەمێردی رەشپێستی بە ساڵداچوو گوتی: پاشان ئەوە بوو کە تۆ بەسەفەر چووی و پاش ئەوە کە گەڕایتەوە، غولامی ئەو پیاوە، کە گوتم سەرۆکی کاهینان بوو سەری براوی ئەوی لە پێش تۆ دانا.

مووسا پرسی: پاشان چ بوو؟

پیرەمێردی رەشپێستی بە ساڵداچوو گوتی: بە فەرمانی پاشای میسر، سەری ئەو پیاوەیان بڕی، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی ئەو سەرە سەرێکی جارزکەری هەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی شتگەلێکی لە ناودابوو پاشای میسری ناڕەحەت دەکرد. ئەو پاشایە دەترسا کە ئەو پیاوە کاهینە، کەسانی تریش وەك خۆی بکا بە پەیڕەوی خوایەکی جیاواز لە خوای رەسمی وڵاتی میسر .



مووسا گوتی: ئەی پیاوی باش، ئەوەی گوتت واقیعییەتی هەبوو و ئەو پیاوەیان بۆیە سەر بڕی و سەری ئەویان بە فەرمانی پاشا پێشانی من. دا بێگومان مەبەستیان ئەوە بووە کە من بترسێنن و تێم بگەیەنن کە هەرکات خوایەك بپەرستم کە لە خوای رەسمی وڵاتی میسر جیا بێ، دووچاری چارەنووسی ئەو پیاوە کاهینە دەبم.

پیرەمێرد قاپی ئاوەکەی خستە لاوە و بە مووسای گوت: ئەی شازادەی میسری، لە میسرەوە تا ئێرە رێگایەکی یەکجار درێژە. تەنانەت لە کۆشەوە تا ئێرە مەودایەکی دووری هەیە و تۆ بۆچی ئەم رێیە درێژەت تەی کردووە و هاتوویە ئێرە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من بە فەرمانی پاشای میسر رامسیسی دووەم، هاتوومە ئێرە، ئەو بۆ ئەوە منی ناردۆتە ئێرە تا شاری زێڕین بدۆزمەوە.

پیرەمێرد گوتی: بەو پێیە بێ پاشای میسر باوەڕی وایە کە شاری زێڕین بوونی هەیە.

مووسا گوتی: ئەگەر باوەڕێکی لە ناخەوەشی بە شاری زێڕین نەبێ، بەڕواڵەت خۆی وا پیشان دەدا کە باوەڕی بە بوونی ئەو شارە هەیە.

پیرەمێرد گوتی: ئەی پیاوی لاو، بۆچی پاشا بۆ دۆزینەوەی شاری زێڕین تۆی هەڵبژاردووە؟

مووسا گوتی: بۆ ئەوەی من ئەو شارە بدۆزمەوە یان نەگەڕێمەوە.

پیرەمێرد کە وای وێنا کرد شتێکی دیکەی گوێ لێ دەبێ، پرسی: چت گوت؟

مووسا وەڵامیدایەوە: پاشای میسر منی راسپاردووە کە شاری زێڕین بدۆزمەوە تا ئەگەر توانیم ئەو شارە بدۆزمەوە، ئەگەر نا لە رێگا لە ناوبچم و نەگەڕێمەوە میسر و ئەو هەرگیز من نەبینێتەوە.

دوگانا گوتی: بەو پێیە بێ پاشای میسر، نەفرەتی لە تۆ، کە کوڕی ئەوی، هەیە؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

پیرەمێرد پرسی: ئایا دەکرێ بپرسم بۆچی نەفرەتی لە تۆ دەبێتەوە؟

مووسا گوتی: لە وانەیە بترسێ و وابیر بکاتەوە کە من ئەو بکوژم.

پیرەمێرد گوتی: جا تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە ئەو بکوژی؟

مووسا گوتی: تا ئەم ساتە بڕیاری کوشتنی ئەوم نەداوە، بەڵام هەست دەکەم ئەو وا وێنا دەکا کە من مەبەستم کوشتنی ئەوە.

ڕەشپێستی بە ساڵداچوو گوتی: ئایا تۆ لە دۆزینەوەی شاری زێڕین سەرکەوتوو بووی؟

مووسا گوتی: نا، تەنانەت ئەو ڕۆژەی کە بۆ دۆزینەوەی ئەو شارەش کەوتمە ڕێ ئومێدم بەوە نەبوو کە بتوانم بیدۆزمەوە.

ڕەشپێست گوتی: کەوابوو تۆ وات وێنا دەکرد کە مەسەلەی شاری زێڕین درۆیە.

مووسا وەڵامیدایەوە: من مەسەلەی شاری زێڕینم بە درۆ نەدەزانی.

ڕەشپێست پرسی: ئەی لە بەرچی ئومێدەوار نەبووی ئەو شارە بدۆزیەوە؟

مووسا گوتی: من مەسەلەی شاری زێڕینم بە درۆ نەدەزانی، بەڵام ئەوم بە بەشێك لە خەونەکان دەزانی؟

پیرەمێرد پرسی: چۆن بە بەشێك لە خەونەکانت دەزانی؟

مووسا گوتی: جیاوازی هەیە لە نێوان درۆ و ئەو شتەدا کە سیمایەکی خەون و ئارەزووەکانی هەیە، ئەگەر مرۆڤ ئارەزوویەکی هەبێ، هەر چەندە هاتنە دیشی سەخت بێ، ناتوانرێ بە درۆ بزانرێ و منیش شاری زێڕینم بە ئارەزوویەکی مرۆڤ دەزانی کە هاتنەدی سەختە.

ڕەشپێستی بەساڵداچوو گوتی: بەڵام شاری زێڕین بوونی هەیە.

نوون غولامی مووسا بەتاسەوە پرسی: ئایا شاری زێڕین بە ڕاستی بوونی هەیە؟

پیاوە بە ساڵداچووەکە گوتی: بەڵێ ئەی نوون. نوون پرسی: ئایا تۆ زانیاریت لەسەر جێگاکەی هەیە ؟

ڕەشپێست گوتی: بەڵێ!

نوون وەخرۆشان هات و گوتی: کەوابوو هەرچی زووە ئەو شارە نیشانی ئێمە بدە.

پیاوە ڕەشپێستەکە، مووسا و نوونی لەوانی دیکە دوورخستەوە و وەڵامیدایەوە، من ئێستا جێگای ئەو شارە بە ئێوە نیشان دەدەم. ئینجا دەستی بەرەو ماڵەکانی گوندی دوگانا ڕاداشت و گوتی: ئەمە شاری زێڕینە. لەو دەمەدا هەموو کوخەکانی ئەو گوندە بەهۆی تیشکی هەتاوەوە بەسەر هەرزنی سەربانەکانەوە بە زێڕین خۆی دەنواند و بە ڕواڵەت وەك شارێك خۆی دەنواند کەلە زێڕ دروست کرابێ.

نوون کە پێی وابوو ئەو پیاوە ڕەشپێستە گاڵتە دەکا پێی گوت کە سەرەوەری ئەو لە هەوڵی شارێك دایە کە لە زێڕی ڕاستی دروستکرابێ نەك شارێك کە سەربانی کوخەکانی گیاوگۆڵی ڕەنگ زێڕینیان لەسەر دانابێ.



پیرەمێرد گوتی: شاری زێڕین، مانای شارێك زێڕی لێ بە دەس بکەوێ ئەم جێیەیە و پاشان بە مووسای گوت: ئایا تۆ حەز دەکەی کە زێڕت دەس بکەوێ؟

مووسا گوتی: من ئارەزووی بە دەسهێنانی زێڕ ناکەم چونکە پێویستیم پێ نییە.

پیرەمێردی ڕەشپێست پرسی: ئایا پاشای میسریش پێویستی بە زێڕ نییە؟

مووسا گوتی: پاشای میسر ئەوەندەی زێڕ هەیە کە ئەگەر برێکی لێ کەم ببێ یان بچێتە سەری کارێك لە سامانی ئەو ناکا.

پیرەمێردی بە ساڵداچوو گوتی: ئێرە شاری زێڕینە و ئەو شارەی کە ئێوە بە دوایدا دەگەڕێن هەمان ئەو جێیەیە.

مووسا چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا تابزانێ ئایا سەربازان ئاخاوتنی ئەویان لەگەڵ پیرەمێردی ڕەشپێست گوێ لێبووە یان نا، بەڵام مەودای نێوان ئەوان و سەربازان زۆر بوو ئەوان نەیاندەتوانی گوێیان لێبێ کە مووسا و پیرەمێردی ڕەشپێست و نوون چ دەڵێن.

پیرەمێرد گوتی: تۆ بۆ دۆزینەوەی شاری زێڕین ڕێگایەکی دوورت بڕیوە و خۆت گەیاندۆتە ئێرە، ئێستا کە شاری زێڕینت دۆزیوەتەوە بەرامبەر ئەو شارە بێبایەخی پیشان دەدەی.

مووسا گوتی: بۆ بە دەسهێنانی زێڕ لەو سەفەرەدا کە ئێمە گرتمانە بەر، خوێنێکی زۆر ڕژاوە و من نامەوێ کە لێرەش خوێن بڕژێ.

پیرەمێرد گوتی: بیستوومە لە کۆش ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان کوژراون.

مووسا گوتی: وایە ئەگەر بزانرێ کە ئێرە شاری زێڕینە، دانیشتوانی ئێرەش قەتڵ و عام دەکەن تا بتوانن زێڕەکانی ئەوان بە دەس بهێنن.

پیاوە ڕەشپێستەکە گوتی: بەڵام من دەزانم کە تۆ بۆ بە دەسهێنانی زێڕ دانیشتوانی ئێرە قەتڵ و عام ناکەی.

مووسا گوتی: من ئەم کارە ناکەم، بەڵام پاش گەڕانەوەی من، کەسێکی دیکە بە سوپایەکەوە دەنێرنە ئێرە و ئەو، دانیشتوانی ئەم وڵاتە قەتڵ و عام دەکا تا زێڕەکانی ئەوان بەردەس بخا.

نوون پرسی: لەبەر ئەوەی تۆ دەڵێی ئێرە شاری زێڕینە پێم بڵێ زێڕ لە کوێ بە دەس دەهێنن؟

پیرەمێرد وەڵامیدایەوە: لێرە، لە بیابان بە دەستی دەهێنین.

نوون پرسی: ئایا بیابانەکانی ئێرە بە زێڕ داپۆشراون؟

پیرەمێرد گوتی: نا، بەڵام لە بیابان، بەردی زێڕ بەردەست دەکەوێ و هەر کەس لێرە بەردێکی زێڕی لە بیابان بەردەست دەکەوێ دەیدا بە من.

نوون گوتی: بۆچی زێڕ دەدەن بە تۆ ئەی بۆچی بۆ خۆیانی هەڵناگرن؟

پیاوە رەشپێستەکە گوتی: نەریتی ئێرە وایە کە هەر کەسێك بەردێکی زێڕی بەردەست دەکەوێ دەیدا بە من، چونکە خۆی ناتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ، بەڵام من دەتوانم سوودی پێ بگەیەنم.

نوون پرسی: چۆن سوودبەو دەگەیەنی؟

پیاوە بەساڵداچووەکە گوتی: هەر ساڵی دووجار، من تێکڕای بەردە زێڕەکان کە خەڵك لێرە کۆی دەکەنەوە و دەیدەن بە من، بەڕێگەی ژمارەیەك لاوی بە هێز، دەیان نێرمە وڵاتی کۆش و لاوانی ئێمە لەوێ، زێڕ بە سەنعەتێك کە لە برۆنز دروستکراوە وەك چەقۆ، سەرەنێزە، قولاب وشتی دیکە دەگۆڕنەوە و بۆ ئێمەی دەهێننەوە.

نوون پرسی: ئەی باشە خۆتان ناتوانن لێرە برۆنز دروست بکەن؟

پیرەمێرد وەڵامێکی نەرێنی دایەوە و گوتی: ئێمە لێرە کانمان نییە تابتوانین لەگەڵ مسدا تێکەڵی بکەین و برۆنز دروست بکەین.

نوون گوتی: ئەگەر ئاوابێ کە ئێوە هەر ساڵی دووجار زێڕی خۆتان بۆ کۆش بنێرن تا لەوێ سەنعەتی برۆنزی پێ بهێنن ئەوا هەرگیز زێڕی زیادەتان نییە.

پیرەمێردی رەشپێست گوتی: ئاوایە و هەر بۆیە کەس هەوڵی ئەوە نادا بۆ بە دەسهێنانی زێڕ هێرش بکاتە سەر ئێمەو قەتڵ و عامان بکا. بەڵام لە وڵاتی کۆش دەستبەند دروست دەکەن و دەیکەنە دەستیان و گەردانە دروست دەکەن و بە ملیانەوە دەکەن. زێڕی ئەوان بەردەوام لەبەر چاوە بۆیە دەکەونە بەر هێرش و ئەوان قەتڵ و عام دەکەن تا هەرچی زێڕیان هەیە لێیان وە دەست بخەن.

نوون سەرەڕای ئەوەی لە رووی بیرو هۆشەوە زۆر بەرچاو نەبوو، ئەم گوتەیەی سەلماند و تێگەیشت کە نیشانە رواڵەتییەکانی سامانی خەڵکی کۆش بووە هۆکاری ئەوە کە پاشای میسر بیر لە بەردەست خستنی زێڕی ئەوان بکاتەوە. ئەگەر ئەوان زێڕی خۆیان نەکردبایە دەستبەند و گەردانە و خشڵی دیکە و بەرچاوی خەڵکی دیکەیان نەخستبایە، پاشای میسر



ئاگادار نەدەبوو کە ئەوان زێڕیان هەیە تاکو بۆ بە دەسهێنانی زێڕی ئەوان، قەتڵ و عامیان بکا.

مووسا پرسی: ئەی دوگانا، لە قسەکانتەوە دیارە کە تۆ پیاوێکی زانای و مرۆڤ تا ئەهلی زانست نەبێ ناتوانێ بەم ئاوایە قسە بکا و ناتوانێ مانا گەلی سەرنجراکێش بهێنێتە سەر زمان. ئایا تۆ لە زانایانی و ئەگەر لە زانایانی لە کوێ خوێندووتە؟

پیرەمێردی رەشپێست گوتی: ئەی کوڕی پاشا، بەتۆم گوت منیان بە کۆیلە گرت و بردیانمە میسر و لەوێ منیان بە پیاوێکی میسر فرۆشت. من بوومە غولامی ئەو پیاوە و بەزوویی تێگەیشتم کە ئەو پیاوە پزیشکە. هەموو رۆژێك نەخۆش و بریندارانی لە ماڵی خۆیدا دەدی ئینجا لەماڵ وە دەردەکەوت.

رۆژانی یەکەم نەمدەزانی ئەو پیاوە بۆ کوێ دەچێ، بەڵام پاشان تێگەیشتم کە خاوەنەکەم مامۆستای قوتابخانەی ((خانەی ژیان))ە و دەچێتە ئەوێ تا دەرسبێژی بکاو دەرس بە فێرخوازانی ئەو فێرگەیە بدا.

من رۆژان لە ماڵێ بۆ برینپێچانی بریندارانی هاوکاری خاوەنەکەم دەکرد و وردە وردە شێوازی برینپێچان فێربووم و ناوی دەرمان و هەتوانەکانی کە دەبوایە لەسەر برینەکان دابنرێن تاکو چاك ببنەوە، فێربووم.

خاوەنەکەم کاتێك سەرنجی دا کە من توانای فێربوونم هەیە، منی بەو برینانە شارەزا کرد کە ئێسکەکانیان شکابوو و من لە شکستە هەڵبەستنەوەدا تایبەتمەندیم پەیداکردو دەمتوانی ئێسکە دەرچووەکان بخەمەوە جێگای خۆی. پاش ئەوە خاوەنەکەم تابلۆی دایە دەستم و فێری کردم چۆن بە هۆی تیرەوە لە سەر رووکاری تابلۆ، کاری نووسین بکەم و من هەرچی کە ئەو دەیگوت فێر دەبوم و پاش ماوەیەك خوێندن و نووسین فێربووم.

لەوەو پاش، هۆگریی ئەوە بووم کە کتێبەکانی خاوەنەکەی خۆم بخوێنمەوە. هەر کە ئەو لە ماڵ دەچووە دەرێ تا بچێتە فێرگەی ((خانەی ژیان))، من بەرەو ئەو جێگایە کە کتێبەکانم لێ دادەنا دەچووم و لوولە نووسراوەکانی ئەوم دەکردەوە و بە خوێندنەوەی کتێبانەوە سەر قاڵ دەبووم.

من نەمدەویست خاوەنەکەم بزانێ کە من کتێبەکانی ئەو دەخوێنمەوە، بەڵام رۆژێك کە کتێبەکانی ئەوم دەخوێندەوە، منی غافڵگیر کرد و لەوە و پاش مۆڵەتم پێدرا کە کتێبەکانی ئەو بخوێنمەوە. من، لەو کتێبانەدا، شتگەلێکم خوێندەوە و فێربووم کە روانینی منیان

بەرامبەر ژیان دەبەرامبەر زیاد کرد. درکم بە نهێنییەکانی ئەندامە بنەڕەتییەکانی بەدەن کرد. تێگەیشتم بە چ بەڵگەیەك کەسێك لە کاتی لاویدا دەمرێ و کەسێکی دیکە دەگاتە تەمەنی پیری، چونکە ئەندامە بنەڕەتییەکانی پیاوی بەساڵداچوو ساغ بووە و ئەندامە بنەڕەتییەکانی پیاوە لاوەکەش نەخۆش بووە.

لە هەمان ئەو وڵاتە بوو کە لە میانی خوێندنەوەی کتێبەکانی خاوەنی خۆم مەسەلەی ((شاری زێڕین)) و ((دۆڵی زێڕین)) م بیست و زانیم کە هەر نەتەوەیەك کە لە جیهاندا دەژی باوەڕی وایە کە شارێك هەیە لەوێدا، هەمووان داران و هیچ کەسێك نییە شتێکی وای هەبێ کە ئەوی دیکە نەتوانێ هەمان ئەو شتە بە دەس بهێنێ.

لەو شارەدا، کەس درۆ ناکا و دزی ناکاو کەس، کەسێکی دیکە ناکوژێ، چونکە هۆکار گەلێك بۆ درۆکردن و دزیکردن و کوشتن لە ئارادانییە.

لەوکاتەدا نوون ئاخاوتنی پیرەمێردی رەشپێستی بڕی و پرسی: ئەی دوگانا، ئایا لەم شارەدا کەماڵی تۆیە و تۆ دەڵێی کە شاری زێڕینە، خەڵك درۆ دەکەن و دزی دەکەن و یەکتری دەکوژن؟

من کاتێك کە لە سەحرای کەنعان دەژیام، باسی قەومێکم گوێ لێبوو کە لە مرۆڤ کوژیدا ئەوەندە سەرەڕۆ بوون کە خەڵکیان دەکوشت تاکو خوێنەکەی لە بەر دەم بەرازەکانی خۆیاندا بڕێژن و بەراز بە خوێنی مرۆڤ قەڵەو بکەن. ئایا لە شاری ئێوەدا ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدرێن؟

پیاوە رەشپێستەکە وەڵامیدایەوە: ئەو میللەتانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن، میللەتانێکی نەزانن و قەومی زانا، مرۆڤ نا کوژێ تاکو بەرازی پێ قەڵەو بکا، چونکە دەزانێ کە نرخی مرۆڤی زیندوو لە بەراز بالاترە و دەتوانێ زۆر زیاتر لە بەرازێك، کەڵك لە مرۆڤ وەربگیرێ.

تۆ ئەی نوون کە مرۆڤێکی، دەتوانی لە تەمەنی خۆتدا هەزاران بەراز پەروەردە بکەی، بەڵام هەزاران بەراز ناتوانن مرۆڤێك پەروەردە بکەن.

نوون لە دڵەوە ئەم قسەیەی سەلماند، چونکە ئەو دەیتوانی ژمارەیەکی زۆر لە بەراز پەروەردە بکا و قەڵەو بکا، بەڵام هەزاران بەراز ناتوانن مرۆڤێك پەروەدە بکەن و گەورەی بکەن

پیاوە رەشپێستەکە گوتی: لەم شارەدا کە ماڵی منە هیچ کەسێك درۆ ناکا و کەس هەوڵی دزیکردن نادا.



خەڵك بەو هۆیەوە درۆناکەن کە هەرگیز لەم شارەدا، دایکان، کاتێك کە منداڵەکەنیان بچووکن، ئەفسانەیان بۆ ناگێڕنەوە تاکو ئەو منداڵە خوو بە بیستنی درۆوە بگرێ و پاشان خودی خۆی ئەو ئەفسانانە دووبارە بکاتەوە، مانای لە سەر درۆکردن را بێ.

مرۆڤ لە سەرەتادا، بەکاریگەری ئەفسانەگەلی درۆوە لە سەر زمانی دایك یان باوکەوە خوو بە درۆکردنەوە دەگرێ. پاش ئەوە کە گەیشتە تەمەنی پێگەیشتویی بۆ بەرژەوەندی خۆی، درۆ دەکا. ئەم بەرژەوەندەش تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە هەلومەرجی ژیانییەوە و بەو هۆیەوە درۆ دەکا کە زیانێك لە خۆی دووربخاتەوە یان قازانجێك بۆ خۆی رابکێشێ، بەڵام خەڵکی ئێرە لە بەر ئەوەی لە منداڵییەوە خوو بە درۆکردنەوە ناگرن، پاش ئەوە کە گەورەش بوون دیسانەوە درۆ ناکەن. چونکە هەلومەرجی ژیانی ئەوان بە جۆرێکە کە ئاتاجی بە درۆکردن نییە. لەم شارەدا هەرگیز دزی رووی نەداوە و لێرە کەس وە بیری نایە کەسێك شتێکی دزی بێ.

نوون گوتی: ئەی کوشتن چی؟ ئایا لەم شارە دا مرۆڤ دەکوژن؟

پیاوە رەشپێستەکە گوتی: جار هەیە لەم شارەدا رێك دەکەوێ کوشتنێك رووبدات، بەڵام ئەو کوشتنە لە هۆکاری ماددییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە لێرە کەسێك ئاتاج نییە تاکو لە رووی ئاتاجییەوە کوشتن رووبدات.

نوون پرسی: پاش ئەوە کە کوشتن روویدا ئێوە چی لە بکوژەکە دەکەن؟ ئایا بەو جۆرەی لە جێگاکانی دیکەدا باوە، بکوژەکە دەکوژنەوە؟

پیرەمێردی بەساڵداچوو گوتی: ئێمە هەرگیز بکوژ ناکوژینەوە، بەڵکو لە خۆمانی دوور دەخەینەوە.

نوون پرسی: بکوژ چۆن لە خۆتان دوور دەخەنەوە؟

پیرەمێردی بەساڵداچوو گوتی: ئێمە، ئەو کەسە لەم شارە دەردەکەین. ئەو ئیدی ناتوانێ لەم شارە و لەم ناوچەیەدا بژی. ئەم سزایە بۆ ئەو، زۆر لەوە سەخت ترە کە بکوژرێ، چونکە کەسێك کە لەم شارە دەرکرا ناتوانێ لە جێگای دیکە بژی.

نوون پرسی: لەبەرچی؟

پیرەمێرد وەڵامیدایەوە: لەبەر ئەوەی ئەو کەسە بە دابو نەریتی ئەم شارە پەروەردە بووە و راهاتووە کە بەردەوام راستی بڵێ و راستی ببیستێ و هەرگیز کەسێك تەماعی لە ماڵی ئەو

نەکردووە و هیچ کاتێك لە رووی ژیانەوە تووشی تەنگانە نەبووە، بەڵام لە جێگای دیکە بەو شێوەیە نییە و ئەو ناتوانێ لە ناو میللەتانی دیکەدا ژیان بە سەر بەرێ.

من نامەوێ بڵێم خاوەنی سیفەتگەلێکی بەرجەستەین و مەبەستم ئەوە نییە کە ستایشی خۆمان بکەم. بەڵکو واقیعییەتێك باس دەکەم و لەوانەیە ئەم واقیعییەتە لەوە راهاتبێ کە هێشتا ئێمە وەکو میسریان نەبووینە خاوەن شارستانێتی و ئەگەر قەومێکی شارستانی بووینایە درۆمان دەکرد و دزیمان دەکرد.

من لە میسر بووم و دەزانم کە چۆن لە ناو قەومێکی شارستانیدا ژمارەیەك درۆ دەکەن و کەسانێك لە ناو ئەو قەومەدا پەیدا دەبن کە کاری دزی ئەنجام دەدەن.

لە ناو قەومێکی شارستانی وەکو قەومی میسر، ژمارەیەکی زۆر دەوڵەمەند و کۆمەڵێکیش کۆیلەن و ئەوانەی کە کۆیلەن هیچیان نییە و ئارەزوو دەکەن وەکو دەوڵەمەندان ببنە خاوەن سامان. لێرە ئاوانییە و بەو جۆرەی کە گوتم هیچ کەسێك شتێکی نییە کە یەکێکی دیکە نەتوانێ هەمان ئەو شتەی هەبێ. ئەگەر مەبەستی ئێوە لە شاری زێڕین شارێك بێ کە لەوێدا دیواری خانووەکان لە زێڕ دروستکرا بێ، ئەوا شاری ئێمە شاری زێڕین نییە.

لەم شارەدا زێڕ هەیە، بەڵام نە بەو ئەندازەیەی کە بتوانرێ دیوارەکان لە زێڕدروست بکرێن، بەڵام ئەگەر مەبەست لە شاری زێڕین شارێك بێ کە لەوێدا خەڵك بە ئاسوودەیی و خۆشی بژین و لەوێدا کەس چاوی تەماع نەبڕێتە ماڵی کەسێکی دیکە و هیچ کەس درۆ نەکا و دەست بۆ دزی نەبا، ئێرە شاری زێڕینە.

نوون لە پیاوی بە ساڵداچووی پرسی: بێگومان دەبێ خوایانی ئێوە خوایانێکی باش بن و قەومی ئێوەش باشە، ئێوە کام گیانلەبەر دەپەرستن؟

پیرەمێردی رەشپێست گوتی: گەرچی تۆ میسری نی، بەڵام وەك میسرییان باوەڕت بە خوایان هەیە و باوەڕی میسرییان بە خوایان پاژێکە لە فیترەتی ئەوان. هەر میسرییەك، بە ناچار باوەڕی بە ژمارەیەك لە خوایان هەیە و کاتێك میسرییەك یەکێکی دیکە دەکوژێ دەڵێن یەکێك لە خوایان بکوژەکەی ناچارکردووە کە کوژاوەکە لە ناو ببات.

بەڵام ئێمە لێرە خوایانمان نییە و ئەوان ناپەرستین و تەنیا کاتێك کە دەمانەوێ بچینە راو، سەما دەکەین و بە سەمای خۆمان داوا لە گیانلەبەران دەکەین کە پاش ئەوەی ئەوانمان راو کردووە، کینە بەرامبەر بە ئێمە لە دڵ نە گرن و لە هەوڵی تۆڵە سەندنەوە لە ئێمە نەبن



و بزانن کە راوکردنی ئەوان بۆ ئێمە کارێکی پێویستییە و ئێمە ناچارین کە ئەوان راو بکەین تا سکی خۆمان لە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانە تێر بکەین.

کاتێکیش کە باران نابارێ، دیسانەوە سەما دەکەین. داوا لە ئاسمان دەکەین بەزەیی پێماندا بێتەوە و بارانمان بۆ ببارێنێ تاکو کێڵگەکانمان تێر ئاو بن. کەمتریش وا رێك دەکەوێ ئاسمان بەزەیی پێماندا نەیەتەوە و بارانمان بۆ نەبارێنێ.

مووسا پرسی: ئایا ئێوە کە باوەڕتان بە خوایانی میسری یان خوایانی تر نییە، هەستتان بەوە نەکردووە کە دەبێ باوەڕتان بە شتێك هەبێ؟ من وا بیردەکەمەوە کە دەبێ مرۆڤ باوەڕی بە شتێك هەبێ و ناتوانرێ کەسێك بدۆزرێتەوە کە باوەڕێکی نەبێ.

پیرەمێرد وەڵامیدایەوە: ئێمەش باوەڕمان بە شتێك هەیە، بەڵام باوەڕمان بە خوایان نییە؟

مووسا پرسی: ئێوە باوەڕتان بە چی هەیە؟

پیرەمێردی رەشپێست گوتی: ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە شتێك هەیە کە زەوی و ئەو ئاسمانەی بە سەرسەرمانەوەیە، دروستکردووە. هەمان ئەو شتە ئەو چیا بەرزانەی خوڵقاندووە و گیانلەبەران و مرۆڤی دروست کردووە. دیسانەوە هەمان شت، دار و درەختەکانی هێناوەتە ئاراوە. بە کاریگەری ئەوە ئاو لە رووباران رەوانە و لە دەریاچەکاندا کۆدەبێتەوە و لە تاڤگەکاندا هەڵ دەرژێتە خوارەوە. ئێمە باوەڕمان بەو شتە هەیە و ئەو بە خوڵقێنەری هەموو شتێك دەزانین و وەکو ئێوەی میسری لە مردن نا ترسین.

مووسا پرسی: باوەڕی ئێوە لە بارەی مردنەوە چییە؟

پیاوە بە ساڵداچووەکە گوتی: ئێمە باوەڕمان وایە مردن، لەگەڵ خەوتندا جیاوازی نییە جگە لەوەی کە مردن خەوێکی گرانە کە مرۆڤ تێیدا بێدار نابێتەوە.

مووسا پرسی: باوەڕی ئێوە لە بارەی دنیای پاش مردنەوە چییە؟

پیاوە بە ساڵداچووەکە گوتی: ئێمە جیاجیا لە میسرییان باوەڕمان بە دنیای پاش مردن نییە.

مووسا پرسی: ئایا ئێوە باوەڕتان بەوە نییە کە پاش مردن زیندوو دەبنەوە؟

پیاوە بە ساڵداچووەکە گوتی: ئایا ئەم هەموو گیانلەبەر و ماسی و زیندەوەرە پاش مردن زیندوو دەبنەوە، ئایا چ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەراندا هەیە تا ئێمە پاش مردن زیندوو بینەوە و ئەوان زیندوو نەبنەوە. لەبەر ئەوەی ئەمرۆ لەگەڵ تۆدا زۆر قسەم کرد و

دەزانم پێویستیت بە پشوودان هەیە، ئاخاوتنی خۆم دوایی پێ دەهێنم تاکو تۆ و هاوڕێیانت بحەسێنەوە.

پاش ئەوە پیرەمێردی ڕەشپێست، بە زمانی ناوچەیی خۆیان، لە گەڵ دەوروبەری خۆیدا قسەی کرد، ئینجا مووسا و نوون و سەربازانیان بەرەو چەند کوخێکی بە تاڵ برد و ئەوانیان تێگەیاند کە دەبێ لەو کوخانەدا پشوو بدەن.

بە زوویی هەموویان، تەنانەت سەربازان خەویان لێکەوت و ڕۆژی پاشتر لە خەوی خۆیان بێدار بوونەوە.

مانەوەی مووسا و هاوڕێیانی لە شاری (( دوگانا)) درێژەی کێشا و هۆکاری گیربوونی ئەوان لەوێ ئەوە بوو کە لە هەمووان بە خۆشی دەگوزەرا.

ئازوقە، لە ڕێگای ڕاووشکار و ڕاوی ماسییەوە ئەوەندە زۆر و جۆر بە جۆر بوو کە هەرگیز هەستیان بە تەنگە تاوی نە دەکرد و ئاو، ئەوەندە زوڵاڵ بوو کە هەرچی دەیانخوارد بەزوویی هەرس دەبوو.

شەوان، لە دوور یان نێزیکەوە دەنگێکی وەکو هەور دەکەوتە بەر گوێ و ئەم دەنگانە نەڕەی شێران بوو.

خەڵکی شار ئارەزوویان لە ڕاوی شێر نەبوو و بیریان دەکردەوە کە ئەگەر بڕۆنە ڕاوی شێر، زەحمەتێکی بێ هودەیان کێشاوە، لە جیاتی ئەوە گیانلەرانی شاخدار و گیاخۆریان ڕاو دەکرد. جاری واش هەبوو دەچوون بۆ ڕاوی فیل، چونکە گۆشتی کرکراگەیی شێران شایستەی خواردن نییە. هەر جارێك کە نوون پرسیاری لە مووسا دەکرد کە چ کاتێك لێرە دەڕۆین، مووسا دەیگوت سبەی، یان دەیگوت دوو سبەی، بەڵام کاتێك ڕۆژی دواتر دادەهات دووبارە مووسا نیازی خۆی حەواڵەی داهاتوو دەکردەوە.

یەکێك لەو شتانەی کە دەبووە هۆکاری بێگەردیی کەش و هەوای مووسا و سەربازانی میسری، هەوراوی بوونی دنیاکە بوو. جاری وابوو دنیا بە هەوری سپی دادەپۆشرا و باران دەباری و پاشان هەتاو دەردەکەوت. جارێك نیوێکی ئاسمان پڕ لە هەوری سپی دەبوو و نیوەکەی دیکەی شین خۆی دەنواند.

مووسا و سەربازانی میسری ئەو دیمەنانەیان لە میسر نەدیتبوو، چونکە لە میسر دنیا ساماڵ بوو، سەرەڕای زریانی لم، کە لە بیابانەوە هەڵیدەکرد، دنیا تاریك دەبوو بێ ئەوەی هەوری پێوەبێ.



جاری واش هەبوو هەوری چڕوپڕ دنیایان دادەگرت و هەوا گەرم و خنکێنەر خۆی دەنواند بێ ئەوەی باران بباری، بەڵام لەوێ هەرگیز هەوری ڕەش و خنکێنەر ئاسمانی دانەدەگرت. بەڵکو هەوری سپی و بارانی ورد دنیای دادەگرت. پاش باران، هەور لێك بڵاو دەبوون و بەرۆژ، خۆر دەدرەوشایەوە و بە شەو، ئەستێرە وەدەردەکەوتن.

سەرەڕای ئەوەی ئەوێ ناوچەیەکی شاخاوی و لێڕەوار بوو، هەوا، هەرگیز ئەوەندە سارد نەدەبوو کە مووسا و نوون و سەربازانی میسری ئازار بدا و ئەوەندەش گەرم نە دەبوو کە ئەوان نارەحەت بکا.

پاش ئەوەی چەند ڕۆژێك لە مانەی مووسا و هاوڕێیانی لەو ناوچەیە تێپەڕی، ئەوان بە سەرسوڕمانەوە، تێگەیشتن کە خەڵکی شاری (( دوگانا)) ساڵنامەیان نییە. ئەم مەسەلەیە لە ڕوانینی مووسا و میسریاندا سەیرێکی دیکە بوو، چونکە میسرییان، بە هۆی ساڵنامەوە دەژیان و دابی ئەوان وا بوو کە حسابی هەر سێ وەرزی ساڵ و لە هەر وەرزێکدا، حسابی ڕۆژەکان بە وردی ڕابگرن.

ژیان بە ساڵنامە بە جۆرێك ببوو بە هاوڕێی ژیانی میسرییان کە تەنانەت کارگوزرانی ماڵی مردوانیش کە تەرمەکانیان مۆمیا دەکرد، نەیانەدتوانی بێ ساڵنامە بژین تا بە جووتیاران و مامەڵەچیان و کاهینان و کارمەندانی دیوان ڕادەگا. چونکە کارگوزارانی ماڵی مردووانیش بە بێ حسابەکانی ساڵنامە، نەیاندەتوانی حساب ڕابگرن. نەیاندەزانی کە تەرم چەند ڕۆژ دەبێ لە ئاوی سوێر یان ئاوی دیکەدا بمێنێتەوەو وشك بوونەوەکەی دەبێ چەند ڕۆژ درێژە بکێشێ.

بەڵام لە شاری دوگانا، ساڵنامە بوونی نەبوو. خەڵك نە حسابی ڕۆژەکانیان ڕا دەگرت و نە حسابی وەرزەکانی ساڵ. هیچ کەس نەیدەزانی چەند ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە. لاوی و پیری لە ڕووی ڕواڵەتی قەڵافەت و سەر و سیماوە دەزانرا نەك لە ڕووی ساڵانی تەمەنەوە.

لەوێ هیچ کەس لە خەمی بەیانیدا نەبوو، چونکە دەیزانی پاش ئەوە کە سبەی داهات دەتوانێ وەکو ڕۆژی پێشوو بە ئاسوودەیی بژی.

لەوێ کەس لە بیری ئەوەدا نەبوو میرات بۆ منداڵەکانی بەجێ بهێڵێ تا ئەوان پاش مردنی ئەو بتوانن بە ئاسانییەوە ژیان بەرنە سەر، چونکە هەموو کەس دەیزانی پاش مردنی ئەویش، کوڕەکانی بە ئاسوودەیی دەژین و ئەگەر منداڵ بن، دوگانا کە سەرۆکی شارە، چاودێری ئەوان دەکا و ئەگەر گەورەبن، خۆیان دەتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن.

مووسا واقی وڕما بوو کە چۆن قەومێك دەتوانێ بێ ساڵنامە ژیان بەرێتە سەر و بێ بەروار رۆژگار بە سەر ببا.

لەو شارەدا کەس زانیاری لە سەر رووداوەکانی رابردوو نەبوو. بیرەوەرییەکانی هەر کەس لە چوارچێوەی ئەوەدا کە لە تەمەنی خۆیدا دیتبووی یان بیستبووی قەتیس بوو. تەنانەت دوگانا، سەرەڕای ئەوەی کە پیاوێکی خاوەن زانیاری و خوێندەوار بوو، ئاگاداری مێژووی قەومی خۆی نەبوو. نەیدەزانی کە هاونیشتمانانی ئەو لە چ مێژوویەکەوە لەوێ دەژین و چی بەسەر باپیرانی ئەوان هاتووە. هەر بەو شێوەیە کە باسیکرا دوگانایان بە کۆیلە بردبوو و بردبوویانە میسرو ئەو، پێش ئەوەی بچێتە میسر نەخوێندەوار بوو و نووسین و خوێندن لە میسر فێر بوو.

دوگاناش نەیدەزانی مێژووی قەومەکەی چۆنە و باپیرانی ئەو لە چ مێژوویەکەوە لەوێ دانیشتوون. سەرەڕای ئەوەی خوێندەواری هەبوو و دەیتوانی مێژووی قەومی خۆی تا ئەو رادەیە کە خۆی لە بیریەتی بنووسێتەوە، کەچی لە نووسینی ئەمە خۆی دەبوارد.

ئەگەر جاروبارێك نوون لە مانەوەی خاوەنەکەی لە شاری دوگانا سەری سوڕدەما، مووسا بیانووی راوی دەهێنایەوە و دەیگوت کە دوسبەی، خەڵکی شار دەیانەوێ بچنە راوی فیل و منیش لەگەڵ ئەواندا دەچم و پاش ئەوە کە فیلمان راوکرد لە وانەیە بکەومە سەر بیری سەفەرکردن. بەڵام راوی فیل تێدەپەڕی و دیسانەوە مووسا نەدەکەوتە سەر باری ئەوەی لەو وڵاتە بڕوا.

یەکێك لەو شتانەی ببووە هۆی ئەوەی کە مووسا لەو وڵاتە گیر ببێ، ئەوە بوو کە لەوێ باسێك لە سەرۆکایەتی و پاشایەتی نەبوو. گەرچی رەشپێستان گوێڕایەڵی ئەو پیرەمێردە بوون کە بە ناوی ( دوگانا )) دەناسرا و هەرچی ئەو دەیگوت ملکەچییان بۆ دەکرد، بەڵام گوێڕایەڵیی ئەوان وەك گوێڕایەڵیی کوڕێك لە باوکەکەی وابوو نەك گوێڕایەڵیی شوێنکەوتوویەك لە سەرۆکەکەی.

خەڵکی شاری دوگانا ئەو پیرەمێردەیان بە پلەی یەکەم بە پزیشك دەزانی و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان دەچوونە لای. ئەو رەشپێستە بە ساڵداچووەش، بۆ هەر نەخۆشییەك، دەرمانێکی هەبوو. مووسا، دەیبینی ئەو نەخۆشانەی کە دەرمان لەو پیرەمێردە وەردەگرن چاك دەبنەوە، مەگەر نەخۆشانی بە ساڵداچوو کە بەدەنیان بە جۆریك داتەپیوە کە ئیدی دەرمان کار لە بەدەنی ئەوان ناکاو بە سەر نەخۆشیدا زاڵ نابێ.



رۆژانی یەکەم کە مووسا چووە ناو ئەم شارەوە، وای وێنا کرد کە دوگانا دەسەڵاتداری شارە و هەموو کاروبارەکان بە دەستی ئەو بەڕێوە دەبرێن، بەڵام پاش چەندێك تێگەیشت کە لەو شارەدا ئەنجوومەنێکی حەوت کەسی هەیە و ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە حەوت ژنی بەساڵداچوون و کاروباری شار ئەوان بەڕێوەی دەبەن.

ئەو حەوت ژنەش کە دەستەی کارگێڕی شار بوون، وەکو کەسانی تر لە مێژووی ئەو شارە بێ ئاگابوون. نەیاندەزانی کە لە رابردوودا، چ رووداوگەلێك بۆ ئەو شارە هاتۆتە پێش.

دوگانا جارێك بە مووسای گوت، من وا هەست دەکەم کە تۆ لە مانەوەی ئێرە رازی و ئەگەر رازی نەبوایەی گیربوونی تۆ لەم شارە لە چەند رۆژێك زیاتر درێژەی نەدەکێشا. ئێستا کە لە مانەوەی خۆت لەم شارە رازی، ئایا وا باشتر نییە کە ژن بهێنی تاکو سەرگەرمییەکت هەبێ و بە هۆگربوونێکی زیاترەوە لێرە ژیان بە سەر بەری؟

من دەزانم کە میسرییان لێرە بێکار نەماونەتەوە و هەر یەکە ژن و هاوسەرێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و تەنیا تۆی کە بەردەوام خۆت لە ژنان دەبوێری، من لەم دوورە پەرێزی و خۆ بواردنەی تۆ سەرسامم و نازانم تۆ چۆن دەتوانی خۆت لە ژنان ببوێری.

ئەمڕۆکە من پیربووم و هیچ ئارەزوویەکم بەلای ژنانەوە نییە، بەڵام کاتێك کە لە تەمەنی تۆدا بووم و لاو بووم نەمدەتوانی خۆم لە ژنان لابدەم و هێزی خۆ بواردنم نەبوو و سێ هاوسەرم بۆ خۆم هەڵبژارد. لە مبارەیەوە من سەرسامم کە بۆچی تۆ لە بیری هاوسەرگرتندا نی و هاوسەرێك بۆ خۆت دیاری ناکەی. من گومانم نییە کە هێزێك لە تۆدا هەیە کە لە کەسانی دیکەدا نییە و تۆ بە پاڵپشتی ئەو هێزە دەتوانی خۆت لە ژنان ببوێری.

من لە میسر بووم و دەزانم کە شازادەکانی میسر، پتر لە کەسانی ئاسایی هۆگری ژنان بوون. هەندێکیان پاش ئەوە کە دەگەیشتنە تەمەنی پێگەیشتوویی هەمیشە سەدان کەنیزیان هەبوو و بەردەوامیش کەنیزەکانی خۆیان ئازاد دەکەن تاکو بتوانن کەنیزەی تازە بۆ خۆیان بکڕن.

ئەگەر تۆ ژن بهێنی و لەم وڵاتە بمێنییەوە، دەبی بە خاوەن منداڵی زۆر، چونکە ژنانی ئێرە بە زاووزوون. ئەگەر حەزت لە مانەوەی ئێرە بێ، سەرەڕای ئەوە کە دەبی بە خاوەن منداڵی زۆر، منیش زانستی خۆم فێری تۆ دەکەم و وەکو خۆم تۆ دەکەم بە پزیشك.

مووسا گوتی: ئەی دوگانا، فێربوونی زانستی پزیشکی پێویستی بەوەیە کە مرۆڤ لە تاقیکردنەوەی زانستیش بە هرەمەندبێ. تۆ بەو هۆیەوە زانستی پزیشکی فێربووی کە خاوەن

و ماموستاکەت لە میسر، پزیشکێك بوو کە لە ((خانەی ژیان)) وانەبێژی دەکرد و بێگومان تۆشی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ ((خانەی ژیان)).

پیرەمێرد گوتی: بەڵێ، ئەو منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ ((خانەی ژیان)) تا من لەوێ کاری نەشتەگەریی ببینم.

مووسا گوتی: لێرە قوتابخانەیەکی وەك ((خانەی ژیان)) نییە کە من بتوانم لەوێدا کاری نەشتەرگەری ببینم و تێبگەم کە دەبێ چۆن نەخۆشان بخەنە ژێرکاری نەشتەرگەرییەوە و بۆیە ئەوەی تۆ لە زانستی پزیشکی فێری منی دەکەی زانستێکە بێ کردەوە.

پیرەمێرد گوتی: وانییە و ناسینی خەسڵەتی گیاکانیش لە بەشە گرنگەکانی زانستی پزیشکییە. تۆ لێرە جۆرەها گیای دەرمانیی دەناسی و دەزانی کە هەر دەرمانە بۆ چارەسەری چ نەخۆشییەك بە سوودەو نەخۆشییەکانیش دیاری دەکەی.

سەرەنجام رۆژێك هات کە مووسا تێگەیشت دەبێ لەو وڵاتە بگەڕێتەوە و بەرەو وڵاتی کۆش بگەڕێتەوە و لەوێشەوە رێگای وڵاتی میسر بگرێتە بەر.

ئەو رۆژە، کە مووسا و نوون و سەربازانی میسری دەیانویست لە شاری دوگاناوە بگەڕێنەوە، خەڵکی ئەو شارە دەگریان، چونکە ژن و پیاوی ئەو شارە دڵیان بە مووسا و نوون و سەربازانی ژمارە کەمی میسری، پەیوەست ببوو.

دوگانا لە کاتی خواحافیزیدا، مووسای بە سنگی خۆیەوە نووساند و پێی گوت: من تۆم وەکو کوڕی خۆم خۆش دەوێ و دەزانم کە ئیتر تۆ نابینمەوە. نە تەمەنی من ئەوەندەی بە بەرەوە ماوە جارێکی تر رێگای میسر بگرمە بەر و تۆ لەوێ ببینمەوە، نە تۆ دیسانەوە ئەم رێگا درێژە تەی دەکەی و بەرەو ئێرە، کە سەرچاوەی رووباری نیلە، دێییەوە.

رۆژگار و زەمانە، ئاکام کەسانێك کە دڵیان بەیەکەوە پەیوەستە، لە یەکتری جیا دەکاتەوە و مردن یان سەفەر، مەودایەك لە نێوان ئەواندا دەهێنێتە ئارا.

پێش ئەوەی مووسا بکەوێتە رێ، رەشپێستی بە ساڵدا چوو پێچراوەیەك هاڕاوەی دایە مووسا و پێی گوت: ئەگەر لە کاتی گەڕانەوەدا مارێکی ژەهراوی، بە خۆت یان بەیەکێك لە هاوڕێیانتییەوەدا، کەمێك لەو هاڕاوەیە لە ئاودا بتوێنەوە و بێ پسانەوە پاش پێوەدان خۆت یان ئەوەی مار پێوەیداوە بیخواتەوە. ئەم هاڕاوەیە دەرمانی دژە ژەهرە و کاری ژەهری مار، پوچەڵ دەکاتەوە.



کاتێك مووسا و نوون و سەربازانی ژمارە کەمی میسری وەڕێ کەوتن، رەشپێستان ماوەی زیاتر لە یەك قۆناغ رێ بۆ ماڵئاوایی لەگەڵیاندا بوون و لە رێگا، جۆرە سرودێکیان دەگوت، ناوەڕۆکی سرودەکەش ئەوە بوو کە سپی پێستان ماوەیەك لە لای ئێمە نیشتەجێبوون، ئێستا دەڕۆن و ئێمە بەڕۆیشتنی ئەوان غەمبارین و ئەی خۆزگە نەدەڕۆیشتن و هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا دەژیان.

کاتێك رەشپێستان گەڕانەوە، مووسا و نوون و سەربازان، خۆیان بە تەنیا دیتەوە، ئەوانیش دووچاری خەمێکی گەورە بوون. ئەگەر مووسا دەسەڵاتی بە خۆی بوایە لەو وڵاتە بە ختەوەرە نەدەگەڕایەوە. بەڵام ئەو دەسەڵاتی نەبوو و دەبووایە سەربازانی میسری لە دوگاناوە بگەڕێنێتەوە و بیانگەیەنێتەوە بە سوکر مووسای فەرماندەی سوپای میسر.

ئینجا رێگای درێژی گەڕانەوەی مووسا لە سەروچاوەی ئاوی نیلەوە دەستیپێکرد. نوون هەموو بەیانییەك پێش ئەوەی بکەوێتە رێ، بە چەقۆکەی خۆی، یەك هێڵی بەسەر تەختەکەدا دەهێنا.

پاش چەندین مانگ رێکردن، رۆژێك دیوارەکانی شاری کۆش، وە دیارکەوتن. مووسا و نوون و سەربازان، ئاهێکی سەبوورییان بە سنگدا هێنا، لەبەر ئەوەی زانییان کە قۆناغی رێپێوانی ئەوان بە کۆتایی گەیشتووە.

مووسا پاش ئەوەی کە چووە ناو شاری کۆشەوە، ویستی راپۆرتی سەفەری خۆی بدا بە سوکر مووسا فەرماندەی سوپای رەوانەکراو. بەڵام بیستی کە ئەو پیاوە چووەتە پایتەخت و بە پێی رێنوێنی، دەبێ شەست رۆژی دیکە بگەڕێتەوە.

مووسا دەیزانی کە ماوەی سێ ساڵ لە پایتەختی میسر دوور بووە و تەواوی ئەو ماوەیەی لە جەنگ یان لە سەفەردا بەسەر بردووە. بیری دەکردەوە کە ئیدی بەر بەستێك لە بەردەمی ئەودا نییە و دەتوانێ بگەڕێتەوە میسر و جارێکی دیکە پزیشکی گۆشەنشین ببینێتەوە و لەگەڵ ئەو دا قسە بکا.

پاشای میسر گوتبووی دەبێ ئەو، ماوەی سێ ساڵ لە پایتەخت دوور بێ. ئەو، ماوەی سێ ساڵ زیاتر، لە پایتەخت دوورکەوتبۆوە. بەڵام نەیدەتوانی خۆی بگەیەنێتەوە مرێت ئاتوونی دەزگیرانی لە میسر و ناچار بوو ئارام بگرێ تا سوکر مووسا دەگەڕێتەوە. پاش ئەوەی کە راپۆرتی سەفەرەکەی خۆی دایە ئەو، دەتوانێ بەرە و میسر بکەوێتە رێ.

مووسا ماوەی شەست رۆژ لە پایتەختی کۆش مایەوە تا سوکر مووسا گەڕایەوە.

فەرماندەی سوپای رەوانەکراو، بە بینینی مووسا ماوەیەك سەری سوڕما، چونکە چاوەڕێ نەبوو ئەو بە زیندوویی ببینێتەوە، بۆیە لێی پرسی: ئەی مووسا، ئایا تۆ شاری زێڕینت دۆزییەوە یان نا؟

مووسا گوتی: پێش ئەوەی کە من لێرەوە بەڕێ بکەوم، تۆ دەتزانی شاری زێڕین بەو وەسفەوە، کە خەڵك دەیانگوت کە ماڵەکانی ئەوێ بە زێڕ دروست کراوە، بوونی نییە بەڵام ئەگەر مەبەست لە شاری زێڕین شارێك بێ کە خەڵکی ئەوێ بە خۆشی و کامەرانی بژین، دەبێ بڵێم کە ئەو شارەم لە سەروچاوەی رووباری نیلدا دۆزییەوە. لەوێدا ئێرەیی و کینە و خۆخوازی نەبوو و خەڵك بەکامەرانی دەژیان و تەنانەت ساڵنامەیان نەبوو و حسابی رۆژ و بەروارییان رانەدەگرت.

پاشان، مووسا مەسەلەی گەڕانەوەی خۆی بۆ میسر خستەڕوو و گوتی: پاشا فەرمانی دا کە من ماوەی سێ ساڵ لە میسر دووربم. ئێستا زیاتر لە سێ ساڵە کە من لە میسر دوورم. بۆیە ئیدی بۆ گەڕانەوەی من بۆ میسر بەربەستێك نییە.

سوکر مووسا دەیزانی کە فیرعەون سەرەڕای ئەوەی کە قەدەغەی کردووە مووسا تا ماوەی سێ ساڵ لە میسر دووربکەوێتەوە و، حەز ناکا ئەو لە میسر ببینێ، بەڵام دواین جار کە گەڕایەوە میسر، بینی کە فیرعەون پیر بووە، لە حاڵێکدا کە خۆی (سوکر مووسا ) هێشتا لاو بوو.

سوکر مووسا کە مووسای بە کوڕی فیرعەون دەزانی، بیری کردەوە پاش مردنی پاشای میسر، رامسیسی دووەم، مووسا لە سەر تەختی پاشایەتی دادەنیشێ و ئەو دەبێتە پاشای میسر. بەرژەوەندی ئەو لەوە دایە کە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ مووسادا هەبێ تاکو ئەگەر رۆژێك لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت، ناحەزیی خۆی بەرامبەر بەو نەیەتەوە یاد و ئەو لە ناو نەبا. ئەوە بوو بە مووسای گوت هەر کاتێك کە حەزی لێبوو بگەڕێتەوە بۆ میسر، دەتوانێ بگەڕێتەوە.

مووسا گوتی: من سبەی لێرەوە بەرەو میسر دەکەومە رێ. ئینجا دەربارەی هەلومەرجی میسر، پرسیاری لە سوکر مووسا کە تازە لە میسر گەڕابۆوە، کرد.

سوکر مووسا گوتی: هەلومەرجی میسر بە هەمان شێوەیە کە تۆ سێ ساڵ پێش دیتووتە. بەڵام خەڵك دەربارەی پێشکەوتنی کار لەو پەرستگایە نوێیە، کە نف سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی سەرقاڵی بنیاتنانییەتی، زۆر قسە دەکەن و من لە گەڕانەوەم لە میسر بە



پەنای ئەو پەرستگایە تێپەڕیم و پێشکەوتنی کارەکەم بینی و تۆش کاتێك گەڕایتەوە میسر ئەو پەرستگایە دەبینی و تەماشا دەکەی چۆن ئەو پەرستگایە لە بەرد دادەتاشن و قەرار وایە کە بەرامبەر پەرستگا، چوار کۆتەڵی رامسیسی دووەم بنیات بنێن. نف بنیاتنەری تەلار دەڵێ کە تا جیهان ماوە ئەو پەرستگایە و کۆتەڵەکانی پاشا بەرامبەر یەکتر دەمێننەوە.

هەواڵێکی دیکە کە دەکرێ تازەبێ، ئەوە بوو کە چەند ژنێکیان بۆ پاشا لە وڵاتێکەوە هێنابوو کە لەوێ قوماش لە ئاوریشم دروست دەکەن و ئەو ژنانە کورتە باڵاو رەنگ زەردن و چاویان بچووکە.

پاشا ئەو ژنانەی پەسند کردووە و من رۆژێك ئەو ژنانەم دیت و قسەم لەگەڵدا کردن، بەڵام نەمتوانی تێبگەم چ دەڵێن و ئەوان بەردەوام بزە دەیگرتن.(٥٠)

رۆژی پاشتر مووسا بۆ گەڕانەوە بۆ میسر، لەگەڵ غولامی خۆی، نوون، ئامادەی بەڕێ کەوتن بوو و خواحافیزیی لە سوکر مووسا و ئەفسەرانی سوپا کرد.

مووسا بەگوێرەی راوێژ و بەرژەوەند بینی خەڵکی ناوچەکە و میسرییەکان، سەفەرکردنی لە رێگای ئاو پێ پەسەندتر بوو وەك لە رێگای وشکانی، چونکە رووباری نیل بە درێژایی بەرەو باکوور دەڕۆیشت و دەڕوا و مووسا کە دەیویست بۆ میسر، مانای بۆ باکوور بڕوا، ئەگەر بە بەلەم بڕوا زووتر دەگەیشتەوە نیشتیمان.

مووسا دەیزانی کە دەبێ بەباری سووکەوە سەفەر بکا، چونکە لە رێگا کۆمەڵە تاڤگەیەکی لەسەر رێیە و پێش گەیشتن بە هەر تاڤگەیەك دەبێ بەلەمەکان بگوازنەوە وشکانی و پێلووسکە بخەنە ژێر بەلەم و بە تەنیشت تاڤگەدا تێی بپەڕێنن. پاش ئەوە کە لە ناوچەی هەڵپژانی ئاوی تاڤگە تێپەڕین، بەلەمەکە بخەنەوە ناو رووبار و ئەگەر باری ئەو و غولامەکەی گران بێ، گوازتنەوەی بەلەمەکە لە رووبار بۆ وشکانی و لە وشکانییەوە بۆ ناو رووبار زۆر دژوار دەبێ.

دانیشتوانی ناوچەکە پێشنیاریان بۆ مووسا کرد کە لە ناوچەی تاڤگەکاندا ئاژۆیەك ( لە دانیشتوانی ناوچەیی ئەو جێگایە ) بە کرێ بگرێ تاکو بەلەمەکە لەو ناوچە مەترسیدارانە لێبخوڕێ، چونکە شەتی نیل، لە نزیکی تاڤگەکان، وەزعێکی تایبەتی پەیدا دەکا. ئاژۆیانی

(٥٠) ئەو ژنانەی کە لێرە باسیان دەکرێ خەڵکی وڵاتی چین بوونە. "و.ف".

نەشارەزای وەکو ئەو و نوونی غولامی، نـاتوانن لـەو ناوچـانەدا بەلـەم لێبخـوڕن و تـا ئـەوان بەخۆیان رادەگەن، ڕێژەویی ئاوەکە بەلەم بەرەو تاڤگە دەباو هەردووکیان لە ناودەچن.

مووسا ئـەم راسپادەیەشـی قبـووڵ کـرد و پـاش ئـەوەی گەیـشتنە تاڤگـەکان، ئاژۆیـەکی شارەزای بە کرێ گرت تا لەو ناوچە مەترسیدارانە بەلەمەکەیان لێبخورێ.

مووسا کاتێك کە بەرەو میسر دەگەڕایەوە شادمان بوو و جاروبار شیعری دەخوێندەوە.

نوونیش کە دەیبینی سەردارەکەی خۆشحاڵە هەستی بەخۆشی دەکرد، چونکە ئەو غولامە دەشتەکییە بەشادمانی خاوەنەکەی خۆشحاڵ و بە غەمباری ئەو نیگەران دەبوو.

خۆشحاڵیی مووسا لەوەڕا هاتبوو کە دەیزانـی پـاش گەیـشتنەوەی بـە میـسر دەزگیرانـی خۆی مریێت ئاتوون دەبینێ و لەبەر ئەوەی ئیدی بەربەسـتێك لـە بـەردەم هاوسـەرگرتنی ئـەم دوانەدا نییە، لەگەڵ ئەو کچە لاوەدا زەماوەند دەگرێ.

لەو دەمەدا بیست و یەك ساڵ لە تەمەنی مووسا تێدەپەڕی و بەو جۆرەی کە گوتمـان، لـە رووی بەدەنییەوە لە رابردوو زیاتر گەشـەی کردبـوو. ئـەو بـە قۆنـاغی پێگەیـشتوویی هێـزی بەدەنیی گەیشتبوو.

مووسا بە جۆرێك لە گەڕانەوەی خۆی بۆ میسر خۆشحاڵ بوو، کە ئیـدی حـسابی رۆژانـی رانە دەگرت و نەیدەزانی چەند رۆژە لە شاری کۆشی پایتەختی وڵاتی کۆشەوە، کەوتۆتـە رێ. رۆژێك، لە کاتی هەڵهاتنی خۆر، چاوی بە ماڵە سپیەکەی پزیشکی گۆشەنشین، کە لە لێواری شەت هەڵکەوتبوو، کەوت و دڵی ئەو لاوە بە هێزە بە بینینی ئەو ماڵە بەخورپە کەوت.